ژیاننامەی

بدیع الزمان
سەعیدی نورسی



ئامادەکردنی
حبیب محمد سعید

سۆز
کتێبخانەی

التفسیر

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

ژیان نامەی

بدیع الزمان

سەعیدی نوورسیی

ژیاننامەی
بدیع الزمان
سەعیدی نوورسیی

حبیب محمد سعید

سۆز
کتێبخانەی

التفسیر

ناوی کتێب بەکوردی:	ژیان نامەی بدیع الزمان سەعیدی نوورسیی
ناوی ئامادەکـــار:	حبیب محمد سعید
چاپ و بڵاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/هەولێر
خـــــەت:	نـەوزاد کۆیـی
بـــــەرگ:	خەباب حبیب ، امین مخلص
نۆرە و ساڵی چـاپ:	٢٠١٢ز–دووەم ١٤٣٢ک
تـــیـــراژ:	٢٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی
کوردستان (٢٣١٠) ساڵی(٢٠٠٨) ز پێدراوە

نووسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەی و ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر نوتێلی شیرین پالاس

Mob: 00964 750 460 51 22
Tel: +964 750 25 18 138
tafseeroffice@yahoo.com

کتێبخانەی سۆز
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی - شەقامی صابوونکەران -
بازاڕی گۆیژە

پێشکەش

پێشکەش بێت :

* بەو موسڵمانە بەڕێزانەی، کە لە سەر ڕێبازی قورئان و سوننەت بناغەی ئیمان دائەڕێژن تا دینەکەیان بگەیەنن، بە مرۆڤایەتیی و، لە سەرگەردانیی قیامەت ڕزگاریان بێت ..

* بەو مرۆڤە وردانەی، کە بە ڕاستیی بە شوێن ڕێبازی بەختەوەریی ئادەمیزاددا ئەگەڕێن تا دەستیان بکەوێ و بە پاکیی شوێنی بکەون و لە سزای دۆزەخ ڕزگار بن ..

پێشەکی

ألحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيد المرسلين وعلى آله وصحبه أجمعين .

چەند ساڵێك لەمەوبەر و لە ساڵی ١٩٨٨ ز دا، کە بەرامبەرە لەگەڵ ١٤٠٩ ی کۆچییدا ، چمکێك لە ژیانی مامۆستا سەعیدی نوورسییمان ، بە زمانی کوردیی خستە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز ، بەو هیوایەی، کە شتێك لە رەنج و تـەقالا و هەوڵ و کۆشش و غیرەت و جیهاد و ، سزا و ئازاری ژیانی ئەو بەرێزە کۆڵنەدەرە شارەزا بن .. وا ئێستەش نیازمان وەهایە ـ بە پشتیوانیی خوای گەورە ـ جارێکی تر بەو باسەدا بچینەوە و ، هەندێ بابەتی بۆ زیاد بکەین ، بـەو هیوایـەی، کـە باسەکە رێك و پێكتر ببێ ، هەرچەندە ئێمە شیاوی ئەو کارە مەزنە نین ، بـەڵام وەك پێشیینە وتوویانە : (دیاریی شوان یا شنگە ، یا هاڵەکووك) داوا ئەکەین لە خوێنەری ئازیز چاوپۆشیی لە کەم وکورتییمان بکات و لـە دوعـای خێـر بـێ بەشمان نەکات ، چونکە هەرچەندە کار و هەڵس و کەوتمان ناتەواو و پر لەکە بـن، إنشاءالله لەگەڵ دینە پاکەکەماندا فێـڵ ناکـەین و ، خـوای گـەورەش هـەموو لایەکمان لە لادان و سەرگەردانیی بپارێزێ ..

لە راستییدا مامۆستا سەعیدی نوورسیی وەك زانایەکی پایەبـەرزی جیهـانی ئیسـلامییە و ، مایـەی فـەخر و شـانازییە بـۆ هـەموو موسـڵمانێك و ، بـە نووسینەکانی و مێژووی ژیانی پر فەر و بەرەکەت و ، بە ئیمان و بە تەقوای کەڵك بە هەموو موسڵمانێك ئەگەیەنن ، هەروەها زانایەکی ناوداری خاکی کوردانـە و، پێویستە ئێمەی کوردزوبان لە هەموو موسڵمانێکی تر زیاتر کەڵك لە مامۆستای ئازیز وەربگرین ، چونکە هەق وابوو ئێمە پێش هەموو گەلێکی تر رۆڵی گرنگـی ئەم بەرێزە، و خزمەتی ناوازەی شارەزا بـین و ، دوای ئـەوەش بـە گـەلانی تـری موسڵمان و گەلانی جیهانی بناسێنین ..

بەلاّم بە داخەوە گەلی کورد هێشتا ئەم پیاوەی نەناسیوە و ، مافی خۆی پێ نەداوە و ، وەك پێویستیش کەڵکی لە بەرهەمەکانی وەرنەگرتووە .. هەتا لەناو تورکیاش‌دا کوردەکان ئەوەندەی تورکەکان نەیان‌ناسیوە و شەیدای ڕێبازەکەی نەبوون، هەر ئەم خاڵە بۆتە هۆی ئەوەی، کە کوردستانی تورکیا لە ڕۆشنبیرییدا دوا بکەوێ و تێگەیشتنی دینییشی کەمتر بێ و ، درەنگ‌تریش واز لە شوێن کەوتنی مرۆڤە بێ کەڵکەکان بهێنێ ..

گەلی کوردی عێراقیش ، چەندین ساڵە پەیامەکانی نووری بە عەرەبیی و بە کوردیی پێشکەش کراون ، بەلاّم، چونکە لە پەراوێزی کاری ئیسلامییدا ژیاوە ، بە پێی پێویست کەڵکی لەو سەرچاوە زولاڵە وەرنەگرتووە و ، بگرە سڵی لێ کردۆتەوە و ، ترساوە ئەگەر دوای بیروبۆچوونی (بدیع الزمان) بکەوێت ، نەخشەی کاری ئیسلامی لێ تێك بچێت !!

بۆیە ئێمەش ، وێرای ناتەواویی و کەم وکوریی زۆرمان ، هاوار ئەکەینە دڵسۆزانی دینەکەمان و پێیان ئەڵێین :

مەردی خوا بن ئەمەیە ڕێباز .. ئەمەیە مایەی سەربەرزیی موسڵمانان ..

ئەمەیە ئەو نەخشەیەی، کە بەرزیی و بڵندیی بۆ دنیا و قیامەتی موسڵمانان ئەگێڕێتەوە

مەردی خوا بن ئیتر بەسیەتی کەم ئاسنی سارد بکوتن .. هەندێ کار و بۆچوون هەن بە کەڵکی شوێن کەوتن نایەن و ، هەتا دانیشن ڕانەکەتان دوور ئەکەوێتەوە .. نەخشەی کاری خزمەت‌کردنی قورئان و ئیمان بەم پیاوە مەردە سپێرراوە .. ئەویش پاڵەوانانە تەمەنی تەرخان کردووە بۆ ئەنجام‌دانی ئەو خزمەتە و، دەستی لە هەموو خۆشییەکی ژیان هەڵ گرتووە ، تا خوا ڕازیی بکات و ، خزمەتەکە بە ڕێك و پێك ترین شێوە پێشکەش بە مرۆڤەکان بکات ، بەو هیوایەی ئادەمیزادێك لە گڕ و بڵێسەی دۆزەخ ڕزگار بێت .. هەروەها قوتابیە دلێرەکانی بەوپەڕی غیرەتەوە

قۆڵيان لێ هەڵماڵيی و بوونە كۆمەكيی مامۆستای بەغيرەت و، شان بە شانی ئەو، بەبێ وچان و ، بەبێ سڵكردنەوە لە هيچ هەڕەشە و گوڕەشەيەكی ناحەزانی ئيمان، دەستيان دايە خزمەتی پەيامەكانی نوور ، تا ئيمان بە دانيشتوانی هەموو گوند و شارێكی ولاتەكەيان بگەيەنن .. دوای كۆچی دوايی مامۆستاش هەر بەو غيرەتەوە قۆڵيان لێ هەڵماڵيی تا ئەو هيدايەتە خواييە بە گەلە جۆر بەجۆرەكانی جيهان بگەيەنن .. لە هەموو ولاتێكدا خوای گەورە كەسانی لێ هاتوويشی گەياندووە تا پەيامەكان وەربگێرنە سەر زمانەكەيان، بەلام هێشتا وەك پێويست مامۆستا و پەيامەكانی نەناسراون و ، مرۆڤايەتيی كەلكی لەم قوتابخانە مەزنەی وەر نەگرتووە، بۆيە مرۆڤەكان سەرگەردان بوون و، گێژەڵەی ژيان و گوزەرانێكی تاڵ بوون و ، شوێن هەر ڕێبازێك ئەكەون ، لە ڕێبازی پێشوو زياتر مايەی نيگەرانيی و نارەحەتيية بۆيان .. چونكە ئەو ڕێبازانە دوور لە هيدايەتی قورئانەوە نەخشەيان بۆ كێشراوە، بەلام بۆ دڵخۆشيی موسڵمانان و ، پڕبوونی دڵيان لە متمانە بۆ شوێن كەوتنی قورئان ، پێغەمبەری خۆشەويستمان ﷺ بەڵێنی پێ داون، كە خوای گەورە بۆ هەموو چەرخ و سەردەمێك كەسانێكی لێهاتووی خاوەن تەقوای هەڵگری زانستی ڕاستەقينەی قورئان ئەنێرێت ، هەتا كاروباری دينی خوا نوێ بكەنەوە و ، ببنە چاوساغی خواناسان و لە شەوەزەنگی نەفاميی و ، قوڕ و ليتەی سەرگەردانيی دەربازيان بكەن ، كە فەرموويە :

« إن الله يبعثُ لهٰذهِ الأُمَّةِ على رأسِ كُلِّ مائةِ سنةٍ مَن يجدِّدُ لها أمر دينِها » .

رواه أبوداود والحاكم وصححه ، والبيهقي .

هيوادارم خوای گەورە تەوفيقی هەڵگرانی بانگەوازەكەی بدات ، تا بە ڕێك و پێكيی و بە پێی نەخشەی ئيمامە پايەدارەكان دينی خوا بلاو بكەنەوە ، بە ئاواتی ئەوەی ژيانێكی ئاسوودە بۆ مرۆڤ لەم دنيادا بەدیی بێت و ، دڵسۆزانی ڕێی خواناسييش سەربەرزی قيامەت بن . ئامين .

نووسەر

سلێمانی ـ ھامەيارە ٢٤ / ٨ / ١٤٢٧ ك ١٧ / ٩ / ٢٠٠٦ ز

بەشی یەکەم

لەدایک بوون و پێگەیشتنی

یەکەم : لە دایک بوونی

موسڵمانەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا یەکجار لاواز بوو بـوون، و لـە هـەموو بوارێکی ژیاندا خەریك بوو، بەجێ ئەمان و ، دوژمنانی دەرەوەش ، واتە گەلانی خۆرئاوا ، چاویان بریبووە خاك و ئاو و بەروبوومی ولاَتانیان و ، دەمێکیش بوو، لە هەلێك ئەگەران تا دەوڵەتی عوثمانیی بە لاواز ببینن و ، بە هەموویانەوە ئەو نەرەشێرە بخەن و ولاَتانی ژێر دەسەلاَتی بە سەر خۆیاندا دابەش بکەن ..

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا موسڵمانان هێز و پێزێکی ئەوتۆیان نەمابوو .. ناوچەکانیان لە خوێندن و نووسین بێ بەش بوون، و گـەلانی تـریش ڕۆژ بـە ڕۆژ بەرەو پێشەوە ئەچوون .. موسڵمانە دڵسۆزەکان ئەیانزانیی جیهانی ئیسلامیی روو بە رووی چ مەترسییەکی مێژوویی بۆتەوە ، بۆیە بەوپـەری دڵسـۆزییەوە چـاویان بریبووە ئاسمان و ، لە خوا پارانەوە تا رابەرێکی دڵسۆزی دەست و دەم پاکیان بۆ پێ بگەیەنێ ، تا بە بیری تیژی و هەستی پاکی جیهانی ئیسلامیی لە لافاویی بێ باوەریی و ئیلحاد و خوانەناسـیی رزگـار بکـات و لـە داو و تەڵەکـەی دوژمنـە سەرسەختەکان دەربازیان بکات ..

بەڵێ خوای بەسۆز و شەفەقەت هاتە هانای موسڵمانان و ، بۆ بەرزکردنــەوەی ئاڵای تەوحید دوعاکەی گیرا کردن .. ئەوەبوو لە دامێنی کێوە گەردن کەشەکانی کوردستانی تورکیادا [1] ، کە هەمیشە بە بەفر داپۆشراون و لووتیان لە ئاسمانی شین گیر کردووە ، لەگەڵ بەرەبەیاندا ، لـەناو بنەماڵەیـەکی کوردزوبـانی خوانـاس‌دا کۆرپەیەك هاتە دنیاوە

بـەڵێ ، ئـازیزان ! لـە گونـدی ((نـوورس)) ، کـە دێهـاتێکی پەخشـداریی ((ئیسپاریت)) ی سەر بە قەزای ((خیزان)) ی سەر بە پارێزگای ((بەدلیس)) ە، لە ساڵی (١٢٩٤) ك ، بەرامبـەر بـە (١٨٧٧) ز دا ، مامۆسـتا سـەعیدی نوورسیی هاتە دنیاوە [2]

ئەم کۆرپە ئازیزە لە خێزانێکی ژیان و گوزەران مام ناوەندییدا لە دایك بـوو ، کە خەریکی کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی ئاژەڵ بوون ..

باوکی ناوی میرزا بوو، و لەبەر تەقوا و خواناسیی نازناوی صۆفی میرزای لـێ نرا بوو .. بە کشتوکاڵ و ئاژەڵ داریی ماڵ و منداڵی بەخێو ئەکرد و ، بـە هـیچ شێوەیەك لە حەرام نزیك نەئەکەوتەوە ..

دایکیشی ناوی نووریە بوو، و ئەویش یەکجار خواناس بوو ، بە رادەیەك، کە هەتا دەستنوێژی نەبوایە شیری بە منداڵەکانی نەئەدا .. دیارە ئەمەش یەکێ بوو، لەو نیعمەتە زۆرانەی، کە خوا بە مامۆستا سەعیدی بەخشیی بوو .

---

[1] لە سەردەمی خەلافەتی دەوڵەتی عوثمانیی پایەداردا ناوچەی کوردەواریی، کە لە خۆرهەڵاتی تورکیادا بوو، بە ((کوردستان)) ناو ئەبرا ، کەچیی، کە دەوڵەتی عوثمانیی رووخا و سەردەمی کۆماریی هاتە بەرەوە ، وشەی کورد و کوردستان یاساغ بوون و ، کوردستان ناو نرا ((ویلایەتەکانی خۆرهەڵات)) .

[2] كليات رسائل النور ، المجلد التاسع ، سيرة ذاتية تأليف بديع الزمان سعيدالنورسي : ٣٥ ، سعيد النورسي ، رجل القدر في حياة أمة ، تأليف أورخان محمد علي : ٨ .

لە بنەرەتدا خێزانەکەیان لە ویلایەتی ئیسپارتەوە هاتووە ، کە پارێزگایەکە لە خۆرئاوای تورکیاوە و ، بە رەچەڵەکیش ئەگەڕێنەوە سەر ئال و بەیت .. لە سەری باوکیەوە بە سەردارمان ئیمام حەسەن و ، لە سەری دایکیشیەوە ئەگاتەوە بە سەردارمان ئیمام حوسەین خوا لێیان رازیی بێ .

کاتێك، کە ئەم کوڕپە خۆشەویستە هاتە دنیاوە ، دوو خوشکی هەبوون بە ناوی (درية) و (خانم) و ، برایەکیشی هەبوو بە ناوی (عبدالله) . پاشان دوای لەدایك بوونی ئەو (محمد) و (عبدالمجید) و (مرجان) یش لە دایك بوون .[٣]

کوڕپەی بەختەوەر بەرە بەرە گەورە ئەبوو و ، سەرنجی دەوروبەری ئەدا رەوشتی جوان و رێك و پێك لە خێزانی خواناسەوە فێر ئەبوو ، وەك رەوشتی هەموو منداڵێك زۆر حەزی لە پرسیارکردن بوو، بۆ شارەزابوونی هەر شتێ، کە بە جوانیی لێی تێ نەگات ، دایك و باوکیشی بە ئارامێکی زۆرەوە وەڵامی پرسیارەکانیان ئەدایەوە

شەوێکیان سەعید لە گوندەکەدا دەنگ و هەرایەکی زۆر بەرزی بەرگوێ کەوت .. دانیشتوان هەوڵیان ئەدا بە هەموو شێوەیەك گاڵە و هاوار بە دەف و تەنەکە لێدان بەرپا بکەن، ئەویش رای کرد بۆ لای دایکی تا بزانێ ئەم گاڵە و هاوارە بۆ چیی بەرپا ئەکرێت، دایکی دەستی بۆ مانگ راکێشا، کە گیرا بوو، و وتی : ئەژدیها مانگی قووت داوە و ، دانیشتوانیش ئەو هەرایە بۆ ترساندنی ئەژدیهاکە و رزگارکردنی مانگ بەرپا ئەکەن .

سەعیدە بچکۆل بەم وەڵامە دڵی ئاوی نەخواردەوە ، چونکە مانگ دیار بوو ، ئەگەرچیی بە کزییش بوایە ، بۆیە بە رەخنەوە دەری بریی، کە مانگ هێشتا

[٣] سيرة ذاتية : ٣٥ ـ ٣٦ ، رجل القدر : ٨

دیارە .. دایکیشی ناچار بوو بڵێ : ئەژدیهای ئاسمان وەك شوشـە روونـە و ئێمـە ئەتوانین مانگ لەناو سکیا ببینین ..

بەڵێ سەعید بێ دەنگ بوو، بەڵام قەناعەتی نەکرد و ، ئەمە هەر لە دڵیا بوو، تا رۆژێك هاتە بەرەوە و دەستی دایە وەرگرتنی زانست و ، تێ گەیشت، کە ئەوە راستییەکی زانستییە ، بەڵام کەوتۆتە دەست عەوام و کراوە بە باسێکی پڕوپووچ، وەك لە لەمعەی چواردەهەمدا باسی کردووە

هەر بە منداڵیی پێی خۆش بوو، لەگەڵ پیاواندا دابنیشـێ و گـوێ لـە وت و وێژیان بگرێت .[٤] بە تایبەتیی کۆری خوێندەوارانی گوندەکەی، کە لە شەوە دوور و درێژەکانی زستاندا لە ماڵی باوکیدا کۆ ئەبوونەوە، هەر بەو منداڵییـە هـەموو جارێك پرسیارێکی خنجیلانە بە بیریدا ئەهات ، کە دوایی خـۆی ئەیگێرایـەوە و ئەی وت :

(جارێکیان لە کاتی منداڵیمدا ، لە ئەندێشەی خۆمم پرسیی :

« کام لەم دوانەت بەلاوە باشترە ؟ بەسەربردنی تەمەنێکی پڕ بەختەوەریی، کە هەزار هەزار ساڵ بخایەنێ ، لەگەڵ دەسەڵات داریی و خۆشـیی دنیـادا بـەڵام بـە نەمان و نەبوون (العدم) کۆتایی پێ بێت .. یان بە هەمیشەیی بمێنیتەوە لەگەڵ ژیانێکی ئاسایی سەخت و پڕ لە مەینەتیدا ؟ » .

---

[٤] خوا پێداو بوو، وا تەمەنی منداڵیی و یاریکردن و خۆخلافاندنی نەبوو، بـەڵکو ڕاسـتەوخۆ پیاوانـە بـیری نەکردەوە، هەتا ئەوەبوو، لە تەمەنی منداڵییدا بڕوانامەی زانایەتیی وەرگرت و ، هاوشانیی گەورەترین زانای ئەکرد، وەك بڵێی کاری زۆر گەورە و گرنگ وا لە ئەستۆیدا و ، دەرەنگیەتی تا فریای ئەنجام دانی بکەوێت .. جا چونکە خەم و خەفەتی هیدایەتی جیهانی ئیسلامیی ، بگرە مرۆڤایەتیی بە تێکڕا، لەسەر شانی بوو ، پێویـست بـوو، بـەبێ وەستان و بەبێ خەریك بوون، بە کاری دنیاوە ، هەوڵ بدات ، چونکە هەتا شەپۆلی ئیلحاد زۆر و بە گوڕم ئەبوو ، پلەی ئیمانیی و تێ گەیشتنی ئەمیش لە زیادکردن دا بوو ..

سەیرم کرد حەز لە دووهەم ئەکات و بێزاریی لە یەکەم دەرئەبڕێت و ئـەڵێت :
((من (نەبوون) م ناوێت، بەڵکو مانەوەم ئەوێ با لە دۆزەخیشدا بێت)) !) .[٥]

هەر بەو منداڵییە بیری لە ژیان و مردن کردۆتەوە ، سەرنجی بوون، و نـەبوونی داوە، کە ئەو بابەتە گرفتی فەیلەسووفەکان بووە، لە هەمان کاتدا ئەوەشمان بۆ دەرئەکەوێ، کە حەزکردن لە مانەوەی هـەتا هـەتایی و ، ژیـان بەسـەربردن بـە نەمریی لە قووڵایی دڵ و دەروونی مرۆڤدا رەگی داکوتاوە و ، گرنگترین ئاوات و ئارەزووی دڵیەتی، بۆیە هەر بیروباوەڕێك بتوانێ ئەو گرێیەی بۆ بکاتـەوە ئـەوە شیاوی شوێن کەوتنە ..

بەڵێ ، مامۆستا هەر بە منداڵیی حەزی لە سەربەرزیی و جوامێریی بوو، و بە هیچ شێوەیەك چارەی ستەم و زوڵم و سەرشۆریی و ژێرچەپۆکیی نەئەویست ..

ئەم رەوشتە موسڵمانانە رۆژ بە رۆژ تیایـدا بـەهێز ئـەبوو ، بـە هـۆی ئـەو هێـزە مەعنەوییەوە، کە لە ئیسلامی بێ گەردی وەرئەگرت ، تا، کە بووە پیاوی ناو پیاوان ، بەڵکو سەرکردەی پیاوان ، ئەم رەوشتە لە هەموو هـەڵس و کەوتێکیـدا رەنگـی ئەدایەوە ، بە تایبەت کاتی بە یەك گەیشتنی بە کاربەدەست و لێ پرسراوان ..

---

[٥] کلیات الرسائل النور ، المجلد الرابع ، الشعاعات : ٢٧٧ ـ ٢٨٧ ، سیرة ذاتیة : ٤٠

دووهەم : خوێندن و پێگەیشتنی

مامۆستا نوورسیی، کە باسی دەرس خوێندنی خۆی ئەکات ، سوێند ئەخوات، کە یەکەم دەرسێك کاری کردبێتە سەر رۆحی و هەمیشە هەر لە یادی بوو بێت ئامۆژگارییەکانی دایکی خوا لێ خۆش بوویەتی، کە وەك تۆو لە قولایی فیترەتیا جێگیر بوون و ، لە ماوەی هەشتا ساڵی تەمەنیا لای هەشتا هەزار کەس دەرسی خوێندووە و ، لەلای یەقینە، کە هەموو ئەو دەرسانە لەسەر ئەو تۆوانە بینا کراون، بەو مانایە کە دەرس و ئامۆژگارییەکانی دایکی لە ساڵی یەکەمی تەمەنیا کاریگەریی تەواویان لە سەر رۆحی و فیترەتی هەبووە و ، تۆوی بنچینەیی ئەو حەقیقەتە مەزنانە بوون، کە دوایی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بۆی دەرئەکەوتن . [٦]

مەلا عەبدوڵلای برا گەورەی چەند ساڵێك لەوە و پێش لە دەرەوەی گوندی نوورس دەستی دابوویە زانستە شەرعییەکان و مەگەر لە رۆژانی جومعەدا بگەرایەتەوە ماڵەوە

سەعیدە بچکۆلیش لە ساڵی ١٨٨٥ ز دا سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی گوندی (طاغ) ، کە لە نوورسەوە نزیك بوو ، لەسەر دەستی مامۆستا موحەممەد ئەفەندیی دەست پێکرد .. هەر کە کاکە مەلای لە جومعەدا ئەگەرایەوە ماڵەوە لای ئەویش هەندێ دەرسی ئەخوێند .. بەڵام ئەوەبوو لەو حوجرەیە زۆر نەمایەوە، بەڵکو لەگەڵ قوتابییەكدا شەریان کرد و ئەویش خوێندنی بەجێ هێشت و گەرایەوە ماڵ و ، تەنها دەرسی حەفتانەی لای مەلا عەبدوڵلا ئەخوێند .. ئا لەم کاتەدا مامۆستا نوورسیی لە حاڵەتێکی رۆحیی وەهادا بووە، کە بە مەلا عەبدوڵلای برای زۆر دڵ خۆش ئەبێت و ، بە چاوی رێزەوە تەماشای ئەکات ، وا بە

---

[٦] اللمعات : ٣٠٩

هەوڵ و کۆششی خۆی پێشی هـاوەڵانی گوندەکـەی داوەتـەوە و ، بۆتـە خـاوەنی کۆمەڵە زانستێك و ، ئەوانیش خوێندن و نووسین نازانن، هەر ئەمەش بوو پـاڵی پێوە نا هەتا دەست بەرداری خوێندن نەبێت ..[٧]

دوای ماوەیەکی کەم چوو بۆ خوێندن بۆ گوندی (پیرمس) تا لە ژێر چاودێریی مامۆستا نوور موحەممەددا دەرس بخوێنێ . پاشان چوو بۆ (مراعی شیخان) و ، پاشانیش بۆ گوندی (نوورشین) و ، دواتریش بۆ گوندی (خیزان) ..

ئەوەبوو لە گوندی پیرمس قوتابیی لاسار وازیان لێ نەهێنا .. چوار قوتابیی لە دژی سەعیدە بچکۆل یەکیان گرت و شەریان پێ ئەفرۆشت . لە ئەنجامدا ناچار بوو لای مامۆستا نوور موحەممەد شکات بکات و بڵێت :

ـ مامۆستا گیان ! تکات لێ ئەکەم بەو چوار قوتابییـە بڵێـی، کـە بـە هـەر چواریان گەلە کۆمەم لێ نەکەن ، بەڵکو با دوو دوو بێن بە گژمدا

مامۆستا ئەم وتە ئازایانەی ئەم قوتابیە بچکۆلەی پێ خۆش بوو ، بۆیە پێـی وت :

ـ تۆ قوتابیی خۆمی ! لەبەر ئەمە رێگا نادەم هیچ کەس رێت پـێ بگرێـت . ئیتر لەو رۆژەوە (سەعیدە بچکۆل) ناو نرا بە (قوتابیی مامۆستا) .[٨]

دوای ماوەیەك رۆیشت بۆ نوورشین بۆ لای مەلا عەبدوڵلای برای .

جا هەر چەندە سەعیدە بچکۆل لە قوتابخانەی پیرمسدا زۆر نەمایەوە ، بـەڵام ئەم ماوە کەمە بەس بوو، تا سەرنجی مامۆستاکەی راکێشـێ و بەوپـەری رێـز و سەرسـورمانەوە سـەیری بکـا ، چـونکە لـە راسـتییدا لـە هـەموو لایەنێکـەوە

---

[٧] سيرة ذاتية : ٤٣

[٨] سيرة ذاتية : ٤٣ ـ ٤٤ ، رجل القدر : ١٠

قوتابييەكی ناوازە بوو .. لە رەوشتيا ، لە ئازايەتييا ، لە زيرەكيی و زانيندا بۆيە مامۆستاكەی بڕياری دا سەرێك لە دايك و باوكی ئەم منالّە ، كە لە هەموو شتێكدا سەير و جياوازە ، بدات و پرسياريان لیّ بكات ئەم منالّەيان چۆن پەروەردە كردووە و چۆن بەم شێوەيە پێيان گەياندووە ؟

ماوەی نێوان قوتابخانە و دێی « نوورس » پێويستيی بە شەش حەوت سەعات رێگا بڕين بوو، بە پیّ و بە ناو چيا سەختەكاندا ، بەلاّم سەعيدی بچووك بە رادەيەك كاری كردبووە سەر دلّی مامۆستا ، بڕياری دا ئەم هەموو ماندوێتييە بخاتە بەر خۆی و چەند پياوێكی گوندەكەی و ، بە پیّ خۆيان بگەيەننە « نوورس »

گەيشتنە بەرەوە و مالّی صۆفی ميرزايان دۆزييەوە، كە دايان لە دەرگا ، دايكی سەعيد هاتە دەرەوە و هەوالّی دانیّ، كە كاتی ئەوەيە باوكيشی لە كێلگەوە بگەرێتەوە، دوای ئەوە حەسيرێكی لە ژێر سێبەری دارێكی بەر مالّەكەياندا بۆ ميوانەكانی راخست، مامۆستا پرسيی :

ـ ئەم منالّەتان چۆن پیّ گەياندووە ؟

دايكی وەلاّمی دايەوە :

ـ كاتیّ سەعيد لە سكما بوو، هيچ كاتێكم بەبیّ دەست نوێژ بەسەر نەبردووە ، كاتێكيش هاتە دنياوە بەبیّ دەست نوێژ شيرم نەداوەتیّ .

دوای كەمیّ صۆفی ميرزا دەركەوت و دوو مانگا و دوو گاجووت لە بەريەوە ، بەرەو مالّ گەرايەوە مامۆستا نوور موحەممەد و هاوەلاّنی واقيان ور ما، كە دييان وا دەمی ئاژەلّەكان بەستراوە

باوکی سەعید بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانەکانی کرد و ئەوانیش بە دیتنی ئەو دیمەنە سەیرە خۆیان پێ نەگیرا ، پرسیاریان کرد، کە بۆچ دەمی ئاژەڵەکانی بەستووە ؟ پێی وتن :

ـ کێلگەکەم کەمێ دوورە ، جا ناچار ئەبم لە هات و چۆدا بەلای کێلگەی دراوسێکانا تێپەر ببم ، بۆیە دەمی ئەم ئاژەڵانە ئەبەستم تا لە گژ و گیا و رووەکی ئەو کێلگانە نەخۆن، چونکە نامەوێ پارووێەکی حەرام بێتە ماڵەکەمەوە .

مامۆستا نوور موحەممەد و هاورێیانی بە چاو و گوێی خۆیان شێوەی پەروەردە و پێگەیاندنی سەعیدیان بینی و بیست و ، تێ گەیشتن، کە سەعید لە نێو ئیمان و رەوشت بەرزیی و شەرمی خوادا گەورە بووە، و دایك و باوکێ بەو پلەیە خۆیان لە حەرام بپارێزن و مل کەچی فەرمانی شەریعەت بن شایانی ئەوەن خوای پەروەردگار رۆڵەی وا زیرەك و رەوشت بەرزیان پێ ببەخشێ .

میوانەکان ئەو شەوەیان بە خۆشیی بردە سەر و بۆ بەیانیی گەرانەوە دوا

یاسای قوتابخانەکانی ئەو رۆژەی کوردستان بە جۆرێك بوو، کە هەر زانایەك بروانامەی وەرگرتایە مافی ئەدرایێ قوتابخانە بکاتەوە ، جا ئەوەی کە قوتابخانەکەی دامەزراند بوو، ئەگەر دەسەلاتی بوایە ئەوا خەرجی قوتابییەکان لە ئەستۆیا ئەبوو، ئەگەر نا بە زەکات و دەست گرۆیی موسڵمانان کاروباری قوتابییان جێبەجێ ئەکرا ، بۆیە قوتابیانی قوتابخانە دینییەکان بە دێهاتەکانا بلاوەیان ئەکرد بۆ کۆکردنەوەی زەکات بەشی خەرج و مەسرەفیان، بەلام سەعیدی بچووك و تازە پێگەیشتوو ئامادە نەبوو زەکات و خێر و صەدەقە وەربگرێ ، بۆیە، کە هاوەڵە قوتابیەکانی بە دێهاتەکانا بلاوەیان کرد بۆ کۆکردنەوەی زەکات و صەدەقە ، ئەو نەچوو لەگەڵیانا ، ئەمە کارێکی جوانی کردە سەر دڵ و دەروونی دانیشتوان و بە چاوێکی رێزەوە سەیریان ئەکرد ، لەبەر ئەوە لە نێوان خۆیانا هەندێ پارەیان بۆ کۆ

کردەوە و پێشکەشیان کرد ، کەچیی ئەوەیشی هەر وەرنەگرت ، تا ناچار بوون بیدەن بە مەلا عەبدوڵڵای برای تا بۆی خەرج بکات .[٩]

[٩] ئەمە یاسای سەرانسەری ژیانی بوو، کە هیچ دیارییەکی بەبێ بەرامبەر لە کەس وەرنەئەگرت، مامۆستا لە مەکتووبی دووهەمدا هۆیە شەرعییەکانی ئەم کارەی بە شەش خاڵ روون کردۆتەوە، هەروەها مامۆستا لە شوێنێکی تردا باسی ئەو رەفتارە جوانەی ئەکات کە هەر لە منداڵییەوە دیاریی و پێشکەشیی وەرنەگرتووە ، هەرچەندە دەوڵەمەند نەبووە، و پێویستیشی بە یارمەتیی هەبووە .. خزمی و دۆستانیشی سەریان لەو کارەی سوڕ ئەما، سەرەنجام لە دوای ماوەیەکی زۆر حیکمەتی ئەو کارەی بۆ دەرکەوت ..
مامۆستا بڕیار ئەدا جلەکانی بەری و کەل و پەلە پێویستەکانی بفرۆشێت تا بە نرخەکەیان ئەو کتێبانەی خۆی بکڕێتەوە، کە براکانی نووسیویانەتەوە ، تا بە هیچ شێوەیەك کەڵك و قازانجی دنیایی تێکەڵ بە ئیخلاصی پەیامەکانی نوور نەبێت و ، سەرەنجام پەیامەکان تووشی زیان نەبن، ئەمە ئەکاتە پەند و ئامۆژگاریی بۆ قوتابیان تا ئەوانیش پەیامەکان بۆ هیچ کەڵك و قازانجێك بە کار نەهێنن
هۆیەکی تری گرنگیش بە لای مامۆستاوە ئەوەیە نەوەکو ئەو صەدەقە و کۆمەکییە بۆ ئەو کەسە حەڵاڵ نەبێت، کە پێی ئەدرێت ، چونکە ئەگەر خێرمەندەکە بە نیەتی پیاوچاکیی و صاڵحییەوە ئەو یارمەتییە بدات و ، ئەو کەسەش صالح نەبێت ئەوا بۆی حەرامە
هەروەها هۆیەکی زۆر وردیش باس ئەکات :
دۆستێکی بازرگانی سەردانی ئەکات و بایی سیی قرش چای بۆ ئەهێنێ ، بەڵام مامۆستا لێی وەرناگرێت .
ئەویش ئەپاڕێتەوە تا دەست بە ڕوویەوە نەنێت ، چونکە بە تایبەت لە ئەستەنبووڵەوە بۆ ئەوی هێناوە، مامۆستا ئەوسا وەری ئەگرێت ، بەڵام نرخەکەی بە دوو قات بە کاکی بازرگان ئەدات، ئەویش وەك دڵی لە خۆی دابێنێ ، لە حیکمەتی ئەو کارەی پرسیار ئەکات .
مامۆستاش بۆی ڕوون ئەکاتەوە تا ئەو دەرسەی کاکی بازرگان وەری ئەگرێت، کە لە نرخی ئەڵماس دایە ، دانەبەزێتە ئاستی پارچەی شووشە شکاو، واتە مامۆستا دەست لە کەڵکی خۆی هەڵ ئەگرێت ، تا براکەی کەڵکی دەرسە ئیمانییەکەی لە دەست دەر نەچێت .
ئەمەش دەری ئەخات، کە دەرسی ڕاستەقینە ئەو دەرسەیە، کە نەبەستڕێ بە بەرژەوەندییە دنیاییەکانەوە و ، ئەو کاتە ئەو دەرسەش لە نرخ و بەهای ئەڵماسدایە
بەڵام ئەو مامۆستایەی، کە لەسەر خێر و صەدەقە بژیت و ، هەردەم خەریکی ڕازیکردنی دڵی دەوڵەمەندەکان ئەبێت و ، ناچاریش ئەبێت لەبەر دەمیاندا خۆی زەلیل بکات و ، دەست لە پایەداریی و سەربەرزیی زانایان هەڵ

سێهەم : خەوی پیرۆز و مژدەی نازیز

ماوەیەك لە نوورشین ئەمێنێتەوە ، پاشان ئەچێت بۆ خیزان، دوای ئەوە واز لە خوێندن ئەهێنێت و ئەگەڕێتەوەماڵەوە لای دایك و باوكی تا زستانی سەخت و بەفر و باران بەسەر بچێت ..

لەو ماوەیەدا، كە لە ماڵەوە بوو خەوێكی بینیی، كە تا كۆتایی ژیانی هەر لە یادی بوو .

لە خەویدا دیتی وا قیامەت هەستاوە و ، هەموو دروست كراوان سەر لە نوێ گیانیان بە بەردا كراوەتەوە، خێرا ئەوە هات بە دڵیدا چۆن بە خزمەتی پێغەمبەری مەزن ﷺ بگات .. پاشان ئەوەی هاتەوە یاد، كە وا چاكە لە سەرەتای پردی سیراتدا بووەستێ و چاوەروان بكات ، چونكە هەموو كەسێكی بەسەردا تێ ئەپەرێ، بە پەلە خۆی گەیاندە ئەوێ .. ئەوەبوو هەموو پێغەمبەران بە لایدا تێ پەرین ئەویش بە خزمەتی یەك بە یەكیان گەیشت و ، دەستی ماچ كردن .. كە بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشت خۆی دا بەسەر هەردوو دەستیدا و ماچی كردن و ، داوای زانستی لێكرد .. پێغەمبەریش ﷺ مژدەی پێدا، كە زانستی قورئانی پێشكەش ئەكرێت ، بەو مەرجەی سوئال لە هیچ كەس نەكات، كە فەرمووی :

«سَيُوهَبُ لَكَ عِلْمُ القُرآنِ مَا لَمْ تَسْأَلْ أَحَداً» . [10]

بگرێت و ، دەست بداتە ڕپاییكردن، ئەو كاتە بەهای دەرسەكەی دانەبەزێتە ناستی پارچەی شووشەشكاو . (سەیری الملاحق ـ بارلا : ٥٧ بكە) .

[10] وشەی (سؤال) ی عەرەبیی دوو واتای هەیە : یەكەمیان : پرسیار و دووهەمیان : سواڵ كردن، مامۆستا بە درێژایی تەمەنی ئەم مەرجەی بە هەردوو واتاكەی بردە سەر، ئەوەبوو، كە لەگەڵ زانایان دا نەكەوتە گفتوگۆ هەرگیز پرسیاری نەنەكرد ، بەڵكو تەنها وەڵامی ئەوانی ئەدایەوە، چونكە ئەترسا مەرجەكەی و دڵی ئەوانیش

مامۆستاش لەو خەوەیدا بەڵێنی بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا، کە پرسیار لە هیچ زانایەك نەكات، مامۆستا دەربارەی زانستی زانایان روونی ئەكاتەوە و ئەڵێت: **"من ئینكاریی زانستی زانا بەرێزەكان ناكەم، ئیتر بۆ تاقیكردنەوەیان پێویست ناكات پرسیاریان لێبكرێت، بەڵام ئەگەر كەسێك گومان لە زانستی من ئەكات ئەوا هەر پرسیارێكی بوێت ئەتوانێ بیكات و ، منیش وەڵامی ئەدەمەوە"** (تأريخ الحياة) .

ئەم خەوە ورەی سەعیدە بچكۆلی بەرز كردەوە و تاسەمەندیی خوێندن لەلای سەری هەڵدایەوە، و بۆ ئەمە ماوەی لە باوكی خواست تا بچێت بۆ بەخشداریی ئەرواس ، تا لە خزمەتی مامۆستا مەلا موحەممەد ئەفەندییدا بخوێنێ .

كە چووە ئەوێ مامۆستا موحەممەد مامۆستا سەعیدی بە بچووك زانیی بۆیە خۆی دەرسی پێ نەوت ، بەڵكو دایە دەست یەكێ لە قوتابیەكانی و ، ئەمەش بەلای مامۆستا سەعیدەوە زۆر گران بوو، چونكە ئاستی زانستی ئەوەندە بەرز نەبوو سەعید كەڵكی لێ وەربگرێ .

ماوەیەكی كەمی لە ئەرواس بەسەر برد و ، پاشان بەرەو قوتابخانەی (میر حەسەن وەلیی) كەوتە رێ، لەوێش، كە دیتی وا بایەخ بە قوتابیی نوێ نادرێ ، وازی لە حەوت كتێبی دەرس خوێندن هێنا و دەستی دایە خوێندنی كتێبی هەشتەم، پاشان بۆ پشوودان بۆ ماوەی مانگێك سەردانی شارۆچكەی وسطان

بشكێنێ بە پرسیارێ، كە وەڵامەكەی نەزانن، دیارە بە واتای دووهەمیش هیچ شتێكی لە سەرانسەری ژیانیدا بێ بەرامبەر لە هیچ كەسێك وەرنەگرتووە و بە سەربەرزیی ژیاوە ..

(گواش) ی کرد .. پاشان لەگەڵ مەلا موحەممەدی هاوڕێی بەرەو (بایەزید) ڕۆیشتن، کە قەزایەکە سەر بە پارێزگای (ئاگری) و ئەکەوێتە سەر سنووری هەتا ئەو کاتە مامۆستا نوورسیی تەنها زانستی نەحو و صەرفی خوێند بوو ، کە گەیشتبووە (إظهار) ئیتر لە بایەزید خوێندنی راستەقینەی دەست پێ کرد ..

ئا لەم کاتەدا سەرەرای زیرەکییەکی بێ وێنە ، یان هێزێکی مەعنەویی حاڵەتێکی سەیر لە مامۆستا دەرکەوت ، کە لە سنووری ئامادەیی و لێهاتنی ئەو بەدەر بوو .. ئەوەبوو بە ساڵ دوو ساڵێك سەرەتای نەحو و صەرفی خوێند ، پاشان لە ماوەی سێ مانگدا نزیکەی پەنجا کتێبی خوێند و ، بە چاکییش لێیان تێ گەیشت و ، بروانامەشی لەسەریان وەرگرت کە سەرەتا بە (مەلا جامیی)[12] دەستی پێ کرد .. ئەمەش لەژێر چاودێریی مامۆستا مەلا موحەممەد جەلالیی .. لە هەر یەکێ لەو کتێبانە دەرس و دوو دەرسی ئەخوێند و ، هەندێکیش دە دەرس .. ئیتر کتێبێکی تەواو نەئەکرد و دەستی ئەدایە کتێبێکی تر . کاتێکیش، کە مامۆستاکەی پرسیاری لێ کرد بۆچ بەم شێوەیە دەرس ئەخوێنێ ، وەڵامی دایەوە، کە توانای نیە ئەم هەمووە کتێبانە بخوێنێ و لێیشیان تێ بگات ، چونکە ئەم کتێبانە وەك سندووقی گەوهەر وەهان و کلیلەکەی لای مامۆستاکانە ، جا

[11] سیرة ذاتیة : ٤٥ ، رجل القدر : ١٢

[12] مەلا جامیی ناوی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی جامییە موفەسسیرێکی بەرێزە و ، جام لە وڵاتی (ما وراء النهر) لە ساڵی (٨١٧) ی کۆچییدا لە دایك بووە و ، لە ساڵی ٨٩٨ ی کۆچیی لە هەرات کۆچی دوایی کردووە، نزیکەی(١٠٠) صەد کتێبی داناوە، مەبەست لە کتێبی (مەلا جامیی) ئەو کتێبەیەتی، کە دەربارەی نەحو نووسیویەتی، کە پێی شەرحی (کافیة) ی ئیبن حاجەبی کردووە و ، بریتییە لە کورتەیەکی جوانی هەموو شەرحەکانی کافیە و ، خۆیشی چەند شتێکی بۆ زیاد کردووە و ناویشی ناوە : (الفوائد الضیائیة) کە ئەمڕۆ ئەخوێنرێ . (کشف الظنون : ٢ / ١٣٧٢ ، والأعلام : ٣ / ٢٩٦) . (سیرة ذاتیة : ٤٦ ، رجل القدر : ٢٢) .

تکای لێکرد ئاگاداری بکەن، کە ئەم سندووقە چیی تیایە ، واتە باسی چیی ئەکات ، تا ئەو کتێبەی کە لەگەڵ تەبیعەتیا ئەگونجێ هەڵی بژێرێ ..

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەموو ڕۆژێك نزیکەی دوو صەد لاپەرە ، بگرە زیاتریش لە مەتنی کتێبە شەرعییەکانی ئەخوێند ، وەك (جمع الجوامع) [١٣] و (شرح المواقف) [١٤] و ، (إبن حجر) [١٥] لەگەڵ تێ گەیشتنی تەواو و بەبێ یارمەتیی هیچ کەسیش، خۆ لە هەر بوارێك دا و لە هەر زانستێك دا پرسیاری لێ بکرایە زۆر بە چاکیی وەڵامی ئەدایەوە .. ئەوەندە سەرگەرمی خوێندنەوە و دیراسە بوو، پەیوەندیی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتییدا پچرا

زۆر بە کەمیی قسەی ئەکرد .. زۆربەی کاتی لەسەر مەرقەدی شێخ ئەحمەدی خانیی [١٦] بەسەر ئەبرد ، بە تایبەت بە شەودا ، بە مەرجێ خەڵك بە ڕۆژدا ناوێرن بچنە ناویەوە

---

[١٣] جمع الجوامع في أصول الفقه : دانانی تاج الدين عبدالوهاب السبكي يە (٧٢٧ ـ ٧٧١ ك) كە كورتەيەكی بەناوبانگە و لە نزيكەی صەد سەرچاوە كۆی كردۆتەوە . شەرح و پەراوێزی زۆری لەسەرە و ، هی وايش هەيە بە شيعر هۆنيويەتەوە وەك (الطوخي) و (الغزي) و (السيوطي) كە ناوی ناوە (الكوكب الساطع) . (كشف الظنون : ٥٩٥ ، والأعلام : ٤ / ١٨) . (رجل القدر ٢٣ ، سيرة ذاتية : ٤٦)

[١٤] المواقف في علم الكلام : دانراوی (عضد الدين الإيجي) كە لە (٧٥٦ ك) دا كۆچی دوايی كردووە ، كتێبێكی پايەدارە و چەندين زانای پايەداريش وەك (جرجاني) و (كرماني) و (إبري) شەرحيان كردووە . (سيرة ذاتية : ٤٦ ، و رجل القدر : ٢٣) .

[١٥] مەبەست لە كتێبی (تحفة المحتاج في شرح المنهاج) ە كە دانراوی ئيبن حەجەری هەيثەميی مەككييە و شەرحی (منهاج الطالبين) ی ئيمام نەوەويی شافيعييە .. (سيرة ذاتية : ٤٦ ، رجل القدر : ٢٢)

[١٦] ئەحمەدی خانيی : لە (خان) ی سەر بە ويلايەتی هەكاريی باشووری خۆرهەڵاتی توركيا ، لە ساڵی ١٦٥٠ ز لە دايك بووە، لەو دێهاتانەی نزيك خۆی زانستە ئيسلامييەكانی خوێند ، تا بووە زانايەكی پايەدار .. چەندين دانراو و ديوانی هەيە و وەك نەوبەهار و مەم و زين، بە كورديی و فارسيی و عەرەبيی و توركيی شيعری داناوە، لە ساڵی ١٧٠٦ ز دا كۆچی دوايی كردووە و لە بايەزيد نێژراوە . (سيرة ذاتية : ٤٧) .

دوای ئەوە بریاری دا بچێت بۆ شاری بەغداد و سەردانی زانایانی بکات .. ئەوەبوو جل و بەرگی دەروێشانی لەبەر کرد و ، بە پێ شاخ و چەم و دۆڵی بە شەو و بە رۆژ ئەبری و ، بە وێنەی زاهیدان دەستی دایە وەرزشی رۆحیی ، تا ئەوەبوو لاشەی رۆژ بە رۆژ لاوازتر ئەبوو ، بە رادەیەك ئیتر بەرگەی ئەو وەرزشەی نەئەگرت، چونکە لە ماوەی سێ رۆژدا یەك پارچە نانی ئەخوارد ، بەو هیوایەی بگاتە حاڵەتی حەکیمەکان و زیرەکیی دەست گیر ببێ، بەم حاڵەوە بۆ ئەوەی تووشی حەرام و گومان لێ کراو نەبێت جاری وا ئەبوو گژ و گیای ئەخوارد ، هەتا گەیشتە بەدلیس .[17]

بەڵێ بە تەواوکردنی سێ مانگ خوێندن ، مامۆستا زانیاریی تەواو کرد و لای مامۆستا موحەممەد جەلالیی بروانامەی عالمیی وەرگرت .

ئەوەبوو دوای گەشتەکەی بەرەو بەغدا رێی گۆریی و لای دایە بەدلیس و ، چووەوە خزمەتی مامۆستای پێشووی موحەممەد ئەمین ئەفەندیی و لەوێ دوو رۆژ مایەوە و ئامادەی دەرسەکانی مامۆستا ئەبوو، جا کاتێ مامۆستاکەی داوای لێ کرد جل و بەرگی زانایان لەبەر بکات ، ئەم خۆی بە شیاو نەزانیی ، بۆیە وتی : من هێشتا باڵق نەبووم ، بۆیە خۆم بە شیاو نازانم جل و بەرگی زانایان لەبەر بکەم، من چۆن ئەبمە زانا هێشتا منداڵم ؟ [18]

هەروەها دوایی خۆی باسی جل و بەرگ لەبەرنەکردنی ئەکات، کە کاتێك تەمەنی چواردە ساڵان بووە ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە ، بەڵام هیچ مامۆستایەك لە خۆی رانەبینیوە مێزەرەی مەلایانەی لەسەر ببەستێ و جبەی

---

[17] سيرة ذاتية : ٤٧

[18] سيرة ذاتية : ٤٧ ـ ٤٨ ، رجل القدر : ١٣ ـ ١٤

لەبەر بکات ، وەك عادەتی تەواوکردنی زانست ، چونکە جبە و مێزەرەی زانایان لەگەڵ تەمەنی ئەودا نەئەگونجا

لە راستییدا ـ وەك خۆی باسی ئـەکات ـ زاناکـان بـوو بوونـە دوو دەسـتە : هەندێکیان مونافەسەیان ئەکرد و هەندێکیشیان تەسلیم بوو بوون ، بۆیە هیچیان خۆی بە مامۆستای لە قەڵەم نەئەدا تا ئیجازەی پێ بـدات ، سـەرەرای ئـەوەش ژمارەیەك لە گەورە ئەولیاکان دنیایان بەجێ هێشتبوو ، ئیتر هیچ کەس لە خۆی رانەئەبینی جبەی لەبەر بکات و مێزەرەشی لەسەر ببەستێ .[١٩]

دوای سەردانەکەی بەدلیس مامۆستا چـوو بـۆ شـاری شـیروان بـۆ لای مـەلا عبدوڵلای برای، کە لەوێ خەریکی خوێندن بوو، و چەند مانگێکیش بوو یەکتریان نەبینی بوو، لەوێ بە یەکتر شاد بوونەوە و ، پاشان کاکە مەلای لێی پرسیی :

ـ دوای دوایین بە یەك گەیشتنمان «شرح الشمسـیة» م[٢٠] تەواو کردووە ، ئەی تۆ ئێستا چیی ئەخوێنی ؟

ـ هەشتا کتێبم خوێندووە

ـ چیی ؟

ـ بەڵێ هەشتا کتێبم خوێندووە ، چونکە زیاد لە کتێبەکانی خوێنـدن کتێبـی تریشم خوێندووە

ـ کەواتە تاقییت ئەکەمەوە

ئامادەم بۆ تاقیی کردنەوە .. چیت پێ خۆشە بپرسە

---

[١٩] الملاحق : ملحق قسطموني : ١٤٠

[٢٠] شرح الشمسية کتێبێکە لە (منطق) دا

مەلا عەبدوڵڵا تاقییکردنەوەیەکی وردی مامۆستا نوورسیی کرد و ، کە گوێی لە وەڵامە راستەکانی بوو، بە تەواوەتیی سەرسام بوو .. ئەو برا بچکۆلەیەی، کە هەشت مانگ لەوەو بەر قوتابیی خۆی بوو ئێستا زانایەکی بەرزی لێ هاتووی تەواو ئاگاداری لێ دەرچووە، سەیر لەوەدا بوو، کە مەلا عەبدوڵڵا داوای لێکرد لەمەولا کاکی بکا بە قوتابیی خۆی .[21]

هەر لەو ماوەیەش‌دا بوو، کە گفت و گۆیەك لە نێوانیاندا رووی دا ، کە مامۆستا نوورسیی دوای پەنجا ساڵ ئەیگێڕێتەوە و ئەڵێت :

کاکی خوا لێ خۆش بووم یەکێك بوو، لە موریدە تایبەتییەکانی شێخی (ضیاء الدین ـ قدس سره) ،[22] کە یەکێکە لە ئەولیا پیاوچاکەکان، جا صۆفیانی تەریقەت خۆش ویستنی مورشیدەکەیان زیاد لە پێویست و موبالەغە کردن لە گومان باشییدا پێی ، بە شتێکی ئاسایی ئەزانن ، بەڵکو بەو زیادەڕەویی و موبالەغەیە رازین . لەبەر ئەوە رۆژێکیان کاکم پێی وتم :

ـ شێخی ضیاء الدین زانستێکی یەکجار فراوانی هەیە و، بە وێنەی قوطبی ئەعظەم ئاگاداری هەموو ئەو شتانەیە، کە لە بوونەوەردا روو ئەدەن !

---

[21] سیرة ذاتیة : ٤٨ ، رجل القدر : ١٤

[22] شێخی ضیاء الدین عبدالرحمن طاغ ، کە بە (سیدا) بەناو بانگە .. خەڵکی گوندی (نوورشین) ی نزیك مەڵبەندی پارێزگای (مووش) ی کوردستانی تورکیایە، لە جیهادی جەنگی جیهانیی یەکەم دا قۆڵێکی لە دەست داوە و ، سوڵتان رەشاد مەدالیایەك و قۆڵێکی دەست کردی خەڵات کردووە، پاشان لە جیهادی سەربەخۆیی وڵات دا، بۆ راونانی داگیرکەران ، بەشداریی کردووە، لە لاپەڕە (١٢٦) ی (أنوار الحقیقة) وە وەرگیراوە . ـ وەرگێڕ .

پاشان گەلێ نموونەی لەسەر پایە بڵندیی و کارە لەعادەت بەدەرەکانی ئەوی بۆ گێرامەوە ، هەر بۆ ئەوەی منیش هەڵ بنێ تا نیسبەت و پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستم ! بەڵام من پێم وت :

ـ برای بەرێزم ! تۆ زیاد لە پێویست ڕۆ ئەچی ! گەر ڕوو بە ڕووی شێخی ضیاء الدین خۆیشی ببمەوە ، ئەوا لە چەندەها مەسەلەدا بە بەڵگە ئەیبەزێنم و ، تۆش وەك من بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە خۆشت ناوێت ! چونکە تۆ ئەو (ضیاء الدین) ەت خۆش ئەوێ، کە لە زەینتا بە شێوەی قوطب ێکی ئەعظەم و زانا و ئاگادار بە هەموو شتێك لە گەردووندا خەیاڵت پیشانتی ئەدات، کەواتە تۆ بەم ناو نیشانە پەیوەندییت لەگەڵدا بەستووە و ، لەبەر ئەم سیفەتەش خۆشت ئەوێ، خۆ ئەگەر پەردە لە ڕووی لابدرێت و حەقیقەتی دەربکەوێ ، ئەوا ئەو خۆشەویستییەت بۆی نامێنێ ، یان کەم ئەبێتەوە !

بەڵام ، کاکە گیان من ئەو پیاوچاك و وەلییە موبارەکەم ، بە وێنەی خۆش ویستنەکەی تۆ ، یەکجار خۆش ئەوێ ، بگرە ئەوەندەی، کە شایانی بێ ڕێزی لێ ئەگرم و بە گەورەی ئەزانم ، چونکە ئەو :

بە پێی ڕێبازی ئەو حەقیقەتەی، کە لە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەرەوە ﷺ هیدایەتی وەرگرتووە ، ڕابەرێکی مەزنی ئیمان دارانە ، ئیتر پلەی ڕاستەقینەی هەرچییەك بێت، بۆیە من ئامادەم گیانم بکەمە قوربانیی لە پێناوی ئەو خزمەتە ئیمانییەدا، کە ئەو ئەیکات، خۆ ئەگەر پەردە لە ڕووی پایە و پلەی ڕاستەقینەی لا بدرێت ، ئەوا من پشتی لێ هەڵ ناکەم و ، وازی لێ ناهێنم و ، خۆش ویستنیشیم کەم ناکات ، بگرە زیاتر پەیوەندیی لەگەڵدا پتەو ئەکەم و ، خۆشەویستیی زیاتری بۆ ئەنوێنم و ، لە ڕادەبەدەریش ڕێزی لێ ئەگرم .

کەواتە ، کاکی بەرێزم ! من ضیاء الدینم بەو جۆرەی، کە هەیە و ، بە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی خۆش ئەوێ، بەڵام تۆ ئەو (ضیاء الدین) ەت خۆش ئـەوێت کە لە ئەندێشەتدایە ! [٢٣]

جا لەبەر ئەوەی کاکی خوا لێ خۆش بووم بە ڕاستیی زانایەکی بە ویژدان بوو ، بە بۆچوونەکەی من ڕازیی بوو، و وەری گرت و ، ڕێزیشی لێ نا .[٢٤]

شایانی باسە، کە مامۆستا نوورسیی لە ماوەی حەفتا ساڵدا سەرسامی ئەوە بووە، کە سەعیدی بچکۆلە و کەم تەمەن چۆن توانیویەتی وەڵامی پرسیاری ئـەو هەمووە زانا پایەدارانە بداتەوە ، بە مەرجێ ئەو خـاوەنی زانسـتێکی وەهـا زۆر نەبووە، تا لە ئەنجام دا لە یەکێ لە حیکمەتەکانی ئەو کارە تێ ئەگات، کە وەڵام دانەوەی ئەو بەرێزانە بۆتە هۆی ئەوە، کە دوایی پەیامەکانی نووری نووسین هـیچ زانایەك دەستی قەڵەم نەگرێ و دژی پەیامەکانی نوور شت نەنووسێت ، ئەمەش بە سۆزی خوای گەورە تا دوژمنە شارراوەکان و مولحیدەکان و نۆکـەرانیان ڕەخنـەی زانایان نەکەنە بیانوو بۆ سووك سەیرکردنی پەیامەکانیش و زانایانیش، هەتا ئەو زانایانەش، کە پەیامەکان ڕەخنەیان لەسـەریان هـەبوو ، ئـەوانیش بەرهەڵسـتی پەیامەکانیان نەکرد ، سوپاس بۆ خوا [٢٥]

---

[٢٣] چونکە تۆ داوای نرخێکی یەکجار زۆر بۆ خۆشەویستییەکەت ئەکەیت و ، وەها بیر ئەکەیتەوە، کە زیاتر لە صەد قاتی نرخی خۆت نرخ بۆ خۆشەویستییەکەت دابنرێت، بەڵام لە ڕاستییدا گەورەترین خۆشەویستیی بۆ پایە و پلەی ڕاستەقینەی ئەو هێشتا کەمە . ـ دانەر .

[٢٤] الملاحق : ١٣٣

[٢٥] الملاحق ، ملحق أميرداغ : ٢ / ٣٦١

چوارەم : چوون بۆ سەعرەد

مامۆستا دوو مانگ لای مەلا عەبدوڵڵای برای مایەوە و ، پاشان چوو بۆ قوتابخانەی مەلا فەتحوڵڵا ئەفەندیی لە سەعرەد، لەوێ مامۆستا پرسیاری لێ کرد:

- پار (سیوطي) ت [٢٦] ئەخوێند ، ئایا ئەمساڵ (مەلا جامیی) [٢٧] ئەخوێنی؟

- بەڵێ ، جامییشم تەواو کردووە

پرسیاری هەر کتێبێکی لێ ئەکرد مامۆستا نوورسیی وەڵامی ئەدایەوە، کە تەواوی کردووە .. مامۆستا فەتحوڵڵا سەرسام بوو، لەوەی کە، کەسێك لە ماوەیەکی وەها کەمدا چۆن ئەو هەمووە کتێبەی پێ ئەخوێنرێن ، بە رادەیەك، کە ئەو سەرسورمانەی بە گاڵتەوە دەربریی و پێی وت :

- پار شێت بوویت ، ئایا ئەمساڵیش هەر شێتی ؟

وەڵامی دایەوە : بۆ ئەوەی مرۆڤ تەکەببور و غرووری نەفسی تێك بشکێنێ ، جاری وا ئەبێ حەقیقەت لە کەسانی تر بشارێتەوە ، بەڵام لەبەردەم مامۆستاکەیدا، کە لە باوکی زیاتر رێزی لێ ئەگرێ ، ناچارە راستیی بڵێ، جا ئەگەر بفەرموون من ئامادەم لە هەموو ئەو کتێبانەدا، کە ناوت بردن تاقییم بکەیتەوە ..

مامۆستا فەتحوڵڵا دەستی بە پرسیار کرد .. لە هەر کتێبێکدا پرسیاری ئەکرد بە جوانیی و تێر و تەواویی وەڵامی ئەدایەوە

---

[٢٦] مەبەست لە کتێبی (البهجة المرضية في شرح ألفية إبن مالك) ە .

[٢٧] مەبەست لە کتێبی (الفوائد الضيائية) ی عەبدوڕڕەحمان جامییە .

شايانی باسە، کە مامۆستا عەليی سۆرانييش لەم کۆڕەدا ئامادە بوو .. ئەويش بڕياری دا لای مامۆستا سەعيد دەرس بخوێنێ ، بە مەرجێ ساڵی پار ئەو مامۆستای مامۆستا نوورسيی بوو .

پاشان مەلا فەتحوڵلا وتی :

ـ چاکە .. زيرەکييەکەت لە ڕادەبەدەرە ، بەڵام با بزانين هێزی لەبەرکردنت چۆنە ! ئايا ئەتوانيت ، بە دوو جار خوێندنەوە ، چەند دێڕێك لە کتێبی (مقامات الحريري) لەبەر بکەيت ؟

مامۆستا سەعيد کتێبەکەی وەرگرت و يەك جار لاپەڕەيەکی لێ خوێندەوە و ، لە بەری کرد و ، لەبەر بۆ مامۆستايشی وتەوە، مامۆستا خۆی پێ نەگيرا لە سەرسامييی دا وتی :

ـ يەك گرتنی زيرەکييەکی لە ڕادەبەدەر لەگەڵ لێهاتنێکی لە ڕادەبەدەر بۆ لەبەرکردن لە تاقە کەسێكدا لە هەموو شتێك دەگمەنترە

هەر لەوێ مەلا سەعيد دەستی بە لەبەر کردنی کتێبی « جمع الجوامع »[٢٨] کرد ، کە ڕۆژانە بە ڕێژەی سەعاتێك يان دوان ، بۆ ماوەی حەفتەيەك ئەی خوێندەوە .. کە مامۆستا فەتحوڵلا ئەمەی زانيی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسيی:

(قَدْ جَمَعَ فِي حِفظِهِ جَمْعَ الْجَوامِعِ جَمِيعَهُ فِي جُمُعَةٍ) .

مامۆستا فەتحوڵلا ستايشێکی زۆری مامۆستا نوورسيی کرد و بەو زانستە ناياب و زيرەکييە بێ وێنەيەی يەکجار سەرسام بوو .

---

[٢٨] جمع الجوامع : لە ئوصولی فيقهە و ، تاج الدين سەبوکيی شافيعيی ، کە لە ساڵی ٧٧١ ی کۆچييدا کۆچی دوايی کردووە ، دای ناوە، ئەڵێن : لە صەد کتێبی ئوصولی فيقە کۆی کردۆتەوە .. ڕاڤە و پەراوێزی زۆری هەيە .

كە دەنگ و باسی بڵاوەی كرد ، زانايان كۆ بوونەوە و كۆڕێكی فراوانيان گرت و مامۆستا فەتحوڵڵاش ئامادەی بوو .. مامۆستاكان هەوڵيان ئەدا بە پرسیاری قورس تەنگی پێ هەڵ بچنن، هەرچيی پرسياريان لێ ئەكرد وردی دەم و چاوی مەلا فەتحوڵڵای مامۆستای ئەبوويەوە و ، وەك سەيری كتێبێك بكات و بيخوێنێتەوە وەڵامی ئەدايەوە .. كە زاناكان ئەو ديمەنەيان بينيی شاهێدييان دا، كە ئەم گەنجە گەنجێكی ئاسايی نيە و ، ستايشی زيرەكيی و زانست و پايە و پلەيان كرد

كە دەنگ و باسی مەلای گەنج كەوتە دەم دانيشتوان ، بە وێنەی وەلييەكی پياوچاك رێزيان لێ ئەگرت ، ئەمەش بووە هۆی ئەوە، كە هەندێ زانا و قوتابيی زانستە شەرعييەكان حەسووديی پێ ببەن، جا، كە بە زانست و تاقيكردنەوە بۆيان نەبەزێنرا ، كەوتنە هەوڵی لێ دان و ئازار پێ گەياندنی، كە دانيشتوانی سەعرەد ئەوەيان بيست فريای مامۆستا نوورسيی كەوتن و رزگاريان كرد و خستيانە ژوورێكەوە تا دەستی هێرش كەرەكانی نەگاتێ، بەڵام مامۆستا ئەوەندە زانست خوازانی خۆش ئەويستن ، لە ژوورەكە هاتە دەرەوە و ، برياری دا ئەگەر قوتابييە نەيارەكانی كوشتوويانە بەرگرييان لێبكات ، تا نەفام و نەزانان ئەوە بە هەل نەزانن .. بۆ ئەمە رووی لە يەكێ لە قوتابييەكان كرد و وتی :

ـ ئێوە من بكوژن ، بەڵام شەرەف و پايە و پلەی زانست بپارێزن !

قوتابييەكان لە جێی خۆيان وشك وەستان و ، مامۆستاش گەرايەوە بێ ئەوەی يەكێ هەڵمەتی بداتێ .. بەم شێوە شيرينە ناكۆكييەكەی نەهێشت ..

لە لايەكی ترەوە هەواڵ گەيشتە پارێزگاری سەعرەد و ، ئەويش كۆمەڵێك چەك بە دەستی ناردنە لای مامۆستا تا پێی رابگەيەنن، كە ئەو دەست درێژييكەرانە لەسەر ئەو دەر ئەكات و ، داواشی لێكرد، كە سەردانی بكات .

بەلام مامۆستا بە سەرۆكی چەكدارەكانی راگەياند و وتی :

ـ ئێمە زانست خوازين .. ئەگونجیٚ ناكۆك ببين و پاشانيش رێك بكەوين و ئاشت ببينەوە، جا بە گونجاوی نازانين كەسێك، كە لەسەر مەسلەكمان نەبێت و ، لەسەر ئەوەی، كە لە نێوانـمان‌دا روو ئەدات دەست بخاتە كارمانەوە، هەڵەيش لە منەوە بووە، و تكا ئەكەم، كە عوزری نەهاتنم بە پارێزگار بگەيەنی ..

ئا لەو كاتەدا تەمەنی مامۆستا پـانزە سـالان بـوو، و لەبـەر ئـەوەی، كـە ئامادەيی خۆی دەربڕيی، كە هەر پرسيارێكيان پیٚ خۆشە لەویٚ بپرسـن و ، ئـەم پرسيار لە هيچ كەس ناكات ، خەڵكەكە نازناوی سەعيدی مەشهووريان لێنا

جارێكی تـر گەرايـەوە بـۆ بـەدليس و ، ئـەوەی بـەرگویٚ كـەوت، كـە لێـك نەگەيشتنێك كەوتۆتە نێوان مامۆستا موحەممەد ئەمين ئەفەنديی و مامۆستاكانی خيزان، ئەويش ئامۆژگاريی خەڵكەكەی كرد، كە با وريا بن و خۆيان لەو غەيبەتە بپارێزن، كە شياوی موسڵمانان نيە خەڵكەكە چوون لای مامۆسـتا موحەمـەد ئەمين ئەفەنديی شكاتيان لێكرد و ئەويش وتی :

ـ ئەو هێشتا منداڵە و شياوی ئەوە نيە دەم بخەيتە دەمی .

كە ئەم وتەيە گەيشتەوە لای مامۆستا نوورسيی ، هات بۆ كـۆڕی مامۆسـتا موحەممەد ئەمين و دەستی ماچ كرد و وتی :

ـ گەورەم .. تكا ئەكەم بفەرمووی و تاقييم بكەيتەوە .. مـن ئامـادەم ئـەوە بسەلمێنم، كە شياوم وت و وێژم لەگەڵدا بكەيت ..

مامۆستا ئەمين ئەفەنديی شانزە پرسياری يـەكجار قورسـی زانسـتە جـۆرا و جۆرەكانی ئامادە كردن هەتا لە مەلا سەعيديان بپرسێت، مەلا سـەعيديش بـە خێرايی وەلامی هەر هەموويانی دايەوە

دوای ئەوە مامۆستا نوورسيی چوو بۆ مزگەوتی (قريشـي) و ، لەوێ دەستی بە ئامۆژگاریی و رێنموونیی خەڵکیی کرد، دوای ماوەیەك دانیشتوانی شار بوونە دوو دەستە ، کە یەکێکیان پشتگیریی لە مامۆستا نوورسیی ئـەکرد و ، ئـەوی تریشیان لە مامۆستا ئەمین ئەفەندیی، لێرەدا پارێزگـاری شـار ترسـا ئـاژاوە و دووبەرەکیی بکەوێتە نێوان خەڵکەکەوە ، بۆیـە بریـاری دا مامۆسـتا نوورسـیی رەوانەی شیروان بکرێ .

لەو تەمەنەدا بایـەخی زۆری بـە خواپەرسـتیی و ئـەوراد ئـەدا ، بۆیـە هـەر ساردییەك لە خواپەرستییەکەیدا رووی بدایە هەستی پێ ئەکرد

خوای گەورە وەهای هێنایە پێش رۆژێکیان نوێژی فەجری لە کیس چوو .. هەر، کە ناحەزەکانی ئەوەیان زانیی ، هەستان لە شاردا پاگاندەیان بلاّو کـردەوە، کـە مەلا سەعید وازی لە نوێژ هێناوە

کە پرسیاری هۆی ئەوەیان لێکرد، کە بۆچ ئەو هەمووە خەڵکە بە جارێك باسی ئەو قسەیە ئەکات ، وتی : ئەگەر کارێك هیچ بنەمایەکی نەبێت بەو گورجییە لە ناو خەڵکدا بلاّوە ناکات .. هەڵەکە لـە منەوەیـە، ئـەوەتا دوو جـار سـزا درام لەسەری ، یەکەمیان : گلەیی خوای پاك و بێگەرد و ، ئەوی تریشیان : قسە وتنی خەڵك پێم .. بەلاّم هۆی بنەرەتیی ئەم کارە بریتییە لەوەی، کە ویردێکی شەریفم واز لێهێناوە، کە هەموو شەوێك لەسەر خوێندنی راهاتبووم، جا رۆحی خەڵکەکە هەستی بەم حەقیقەتە کرد ، بەلاّم بە تەواویی لێی نەگەیشتن و ، نەشـیان زانیـی هەڵەکە چییە ، ئیتر ناوێکی تریان لەو حەقیقەتە نا

دوای ماوەیەك مامۆستا چوو بۆ یەكێ لە شارۆچكەكانی شاری سەعرەد، كە پێی ئەوترا تیللۆ [٢٩]، ئەمەش لە ساڵی (١٨٩٤ ز ـ ١٣١١ ك) دا بوو .

لە تیللۆ دەستی دایە گۆشەگیریی و ئیعتیكاف .. كاتێك، كە شۆربایان بۆ ئەهێنا دەنكەكانی ناو شۆرباكەی دەرئەهێنان و ئەیدان بە مێروولەكان و ، خۆی نانەكەی بە ئاوی شۆرباكە تەر ئەكرد و ئەی خوارد، جا لە دادگای ئەسكی شەهردا، لە سییەكاندا پرسیاری هۆی ئەو كارەی لێ ئەكەن، مامۆستاش وەڵامیان ئەداتەوە، كە ئوممەتی مێروولە و هەروەها هەنگیش لە سایەی یاسای كۆمارییدا ئەژین ، جا لەبەر رێزنان لەو گیاندارە ژیرانە، كە ئەوەندە ژیانی خۆیان رێك كردووە دەنكەكانی ناو شۆرباكەی پێشكەش ئەكردن .

دواییش بۆی روون كردنەوە، كە خەلیفە راشیدەكان هەم خەلیفە و هەم سەرۆك كۆمار بوون و ، صددیقی ئەكبەریش خوا لێی رازیی بێ سەرۆك كۆماری دە مژدە پێ دراوەكە و هاوەڵانیش بوو ، بەڵام بە راستیی و بە پاكیی و بە سەربەستیی شەرعیی . [٣٠]

لە كاتی گۆشەگیریی و ئیعتیكافەكەیدا دەستی بە لەبەركردنی فەرهەنگی (القاموس المحیط) ی فەیرووز ئابادیی كرد هەتا گەیشتە بابی سین . [٣١]

---

[٢٩] تیللۆ : شارۆچكەیەكە هەتا ئێستاش بەردەوام زانای خواناس تیایا پێ ئەگات .. لە شاری سەعرەدەوە حەوت كیلۆمەتر دوورە .

[٣٠] الشعاعات : ٤٢٥

[٣١] سیرة ذاتیة : ٥١ ـ ٥٤ ، رجل القدر : ١٤ ـ ١٧

پێنجەم : دابڕان و بێ نازیی

مامۆستا نوورسیی باسی بێ نازیی خۆی ئەکات، کە ویستی خوای گەورە وەها بووە لە خێزانەکەی بپچڕێ و دوور بکەوێتەوە و ، لەگەڵ کەس و کاری دا نەژی ..

لەوە ئەچێ لە تەمەنی نۆ ساڵییدا دایکی کۆچی دوایی کردبێ و ، لە وت و وێژ و خۆشەویستیی دایکی بێ بەش بووبێت، هەروەها لە پانزە ساڵییەوە چاوی بە هیچ خوشکێکی نەکەوتووە ، چونکە ئەوانیش هەرسێکیان لەگەڵ دایکی کۆچیان کردووە بۆ جیهانی بەرزەخ ..

خوشکە گەورەکەی ناوی (درية) بووە ، کە دایکی عوبەید بووە و پێش جەنگی جیهانیی یەکەم کۆچی دوایی کردووە و، خوشکە ناوەنجییەکەشی (خانم) ی ناو بووە، کە زانایەکی بەرێز بووە و ، لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە سەفەری حەج و لە کاتی طەواف‌دا کۆچی دوایی کردووە و ، خوشکە بچووکەکەشی ناوی مەرجان بووە و لە هەموویان بچووك تر بووە .

لە نێو سێ براشی دەری ئەبرێ کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ چاوی بە دوانیان نەکەوتووە و لە خۆشیی و خۆشەویستیی ئەوانیش و خوشکەکانیشی بێ بەش بووە .

شایانی باسە، کە برا گەورەکەی، کە ناوی مەلا عەبدوڵلا بووە و ، باوکی (عبدالرحمن) ی قوتابیی مامۆستا نوورسیی و کوری مەعنەویی بووە، لە ساڵی (١٩١٤) ز دا کۆچی دوایی کردووە و ، موحەممەدی برایشی لە ساڵی (١٩٥١) ز دا و ، مامۆستا (عبدالمجيد) یش لە ساڵی ١٩٦٧ ز دا

هەروەها مامۆستا لەبەر ئەوەی، کە ژنی نەهێناوە و منداڵی نەبوون ، دیسان لە سۆز و خۆشەویستیی و گاڵتە و ڕووخۆشیی ئەوانیش بێ بەش بووە .

لە چوار لاوە بێ ناز کەوتووە ، کەچیی سوپاسی خوا ئەکات، کە لە سێ لایەنەوە ئەو چوار زامەی بۆ دەرمان کردووە :

يەكەم : لە بریی خۆشیی و لەزەتی ژیان لەگەڵ دایکیدا ، خوای گەورە هەزارەها دایکی مەعنەویی پێشکەش کردووە ، کە ئەمانە بە شێوەیەکی زۆر بەرز و نایاب کەڵکیان لە پەیامەکانی نوور وەرگرتووە و ئیمانی خۆیان پێ بەهێز کردووە

دووهەم : لە بریی ئەو خۆشیی و سۆزەی، کە لە دانیشتن و کۆربەستن لەگەڵ هەرسێ خوشکەکەیدا ، رەحمەتی خوایان لێبێ ، خوای بە سۆز و شەفەقەت هەزارەها ئافرەتی گەنجی لە شێوەی خوشکی دینییدا پێ بەخشیی ، تا کەڵك و قازانجێکی زۆری رۆحیی و مەعنەویی ، لە دوعاکانیان و لە خزمەتکردنی پەیامەکانی نوورەوە ، دەستگیر ببێ ..

سێهەم : لە بریی لە دەستچوونی ئەو کۆمەکییە ماددیی و مەعنەوییە و، ئەو سۆز و خۆشەویستیی و دڵ پێ سووتانەی، کە لە هەردوو برا رەحمەتییەکەوە ، مەلا عەبدوڵلا و موحەممەد ، پێی ئەگەیشتن ، خوای گەورە و بالا دەست صەدان هەزار برای راستەقینەی قوربانییدەری خزمەت گوزاری پەیامەکانی نووری پێ بەخشیی ، کە بەوپەڕی سۆز و ئیخلاص و لێبڕانەوە کۆمەکییان ئەکرد و ، ئامادە بوون دەست مایەی دنیایی و قیامەتیی خۆیان لەو پێناوەدا ببەخشن .

چوارەم : لە بریی بێ بەشبوونی لەو سۆز و خۆشەویستییەی، کە لە بوونی منداڵدا دەستگیر ئەبێ ، چونکە مامۆستا منداڵی نەبووە ، خوای گەورە صەدان هەزار منداڵی پاك و بێ تاوانی پێ بەخشیوە ، کە ئەوانە لە ئایندەدا کەڵك لە پەیامەکانی نوور وەرئەگرن .

بەم شێوەیە خوای پاك و بێ گەرد ئەو سۆز و بەزەییانەی گۆڕین بۆ صەدەها هەزار ئەوەندە [٣٢]

[٣٢] سيرة ذاتية : ٣٦ ـ ٣٧

دەربارەی ژن نەهێنانی مامۆستاش هەندێ دۆست و خۆشەویست پرسیار ئەکەن، کە چۆن ئەو سوننەتە پیرۆزەی پشت گوێ خستووە، جا مامۆستا خۆی چەند هۆیەك بۆ ئەو کارەی ئەخاتە بەردەم خوشك و برای موسڵمانی :

یەکەم : مامۆستا موسڵمانان ئاگادار ئەکات، کە نەخشەیەکی کافرانەی پیس بە دەستی کافر و مولحیدان دژی قورئان کێشراوە، و ئەوپەری مەترسیی بۆ موسڵمانان هەیە ، بۆیە بریاری داوە دەست لە دنیا بشوات و خۆی بۆ خزمەتی حەقیقەتەکانی قورئان یەك لایی بکاتەوە، بریاری دا ، نەك دەست لە خۆشیی و بەختەوەریی دنیا هەڵ بگرێت ، بەڵکو دەست لە خۆشیی و بەختەوەریی قیامەتیش هەڵ بگرێت ، تا بتوانێت بە شێوەیەکی رێك و پێك خزمەتی قورئان بکات، هەتا دەری ئەبرێت، کە ئەگەر دە حۆرییشی پێ بدەن ، لە پێناوی ئەنجام دانی ئەو خزمەتە پاك و بێگەردەدا ، ناچارە دەستیان لێ هەڵ بگرێت، چونکە ئەو رێکخراوە مولحیدانە بەوپەری بێ ویژدانییەوە هێرش ئەکەنە سەر ئیسلام، بۆ ئەمە پێویستە ئەوپەری هەوڵ و کۆشش بکرێت و ، لەو پێناوەدا موسڵمانان هەموو شتێك بکەنە قوربانیی و ، بەوپەری ئیخلاصەوە نیەتی کار بۆ خوا بهێنن.

دووهەم : ژن هێنان سوننەتێکە ، بەڵام لەم زەمانەدا زۆرێك لە زانایان بۆ دابین کردنی ژیان و گوزەرانی ماڵ و منداڵیان خۆیان تووشی چەند حەرامێك کردووە . جا بۆ خۆپاراستن لەو حەرامانە و ، بۆ ئەوەش بتوانێت فەرز و واجبەکان بەجێ بهێنێ ، بریاری دا واز لەو سوننەتە بهێنێ .

سێهەم : ئەو ئایەت و فەرموودانەی، کە موسڵمانان هەڵ ئەنێن بۆ ژن هێنان بە شێوەی واجب و هەمیشەیی نین ، بەڵکو سوننەت و موستەحەبن و ، پێویستە مەرجەکان بێنە دیی . ئەگینا لە مێژووی ئیسلام دا هەزاران پیاوچاك کەناریان

گرتووە و ، بە گۆشەگیریی خواپەرستییان کردووە ، هەتا بتوانن پلە ئیمانییەکان ببڕن و بگەنە کەمالات .

ماموستاش ئاوات ئەخوازێت، کە ئەوەندەی زەڕرەیەك لە فەرمایشتە راستگۆییەکەی صدیقی ئەکبەری خوا لێی رازیی بێت دەست بکەوێت ، کە ئاواتی خواستووە لاشەی ئەوەندە گەورە ببێت هەتا ببێتە پڕ بە پڕی جەهەننەم و جێی هیچ ئیماندارێکی تێدا نەبێتەوە

چوارەم : فەرمان نەدراوە، کە قوتابیان ژن نەهێنن ، بەلام قوتابیی پلە بەرزەکان پێویستە ئەوەندەش پابەندی دنیا نەبێت ، تا بتوانێت بگاتە ئیخلاصی تەواو و ، خزمەتی شیاو پێشکەش بکات، بەلام ئەگەر موسلمانێك ئافرەتی دامەزراو و کۆمەکیکەری دەست کەوت ئەوا جێی خۆیەتی ژن بهێنێ ، تا هاوسەرەکەشی یارمەتیی بدات، زۆر جاریش ئەبێت، کە هاوسەرەکەی پێشی بداتەوە ، چونکە ئافرەتان شەفەقەتیان زیاترە، ئەو کاتە ئەو ماڵە پیرۆزانە ئەبنە قوتابخانەی نووریی بۆ گەیاندنی ئیمان و پەروەردەکردن .[٣٣]

هەروەها هەندێك لە دۆستان لەوە سەرسامن، کە ماموستا نوورسیی ریشی نەهێلاوەتەوە، جا ئەو خۆشەویستانە وا چاکە پەلە نەکەن ، تاماموستا بە جوانیی تێیان بگەیەنێت .

دیارە هێشتنەوەی ریش سوننەتێکی پێغەمبەرە و وا چاکە هەموو موسلمانێك پەیرەویی بکات ، بەلام ماموستا نوورسیی هەر بە مندالیی ریشی نەهێلاوەتەوە و، پیاوانی دەوروبەریشی لە صەدا نەوەدیان ریشیان تاشیوە، دوژمنانیش زۆر جار هەلمەتیان ئەدا و ریشی هەندێك لە دۆستانیان ئەتاشیی ، ئیتر ماموستا لە

[٣٣] سیرة ذاتیة : ٤٩٣ ـ ٤٩٥ .

حیکمەتی ریش نەهێشتنەوەی خۆی تێگەیشت و ، دەری ئەبرێ، کە ئەگەر ریشی بهێلایەتەوە پەیامەکانی نوور تووشی زیانێکی زۆر ئەبوون، چونکە مامۆستا بمرگەی نەئەگرت و ئەمرد

هەندێ لە زانایان وتوویانە : ریش تاشین جائیز نیە ، مەبەستیان ئەوەیە دوای هێشتنەوەی نەتاشرێ ، چونکە ئەو کاتە تاشینی حەرامە ، بەلاَم نەهێشتنەوەی تەرکی سوننەتە، مامۆستا لە خوا داوا ئەکات، کە لە ماوەی بیست ساڵ دا چیی سزا و ئازاریان چەشتووە بیکاتە، کەفارەتی بەجێنەهێنانی ئەو سوننەتە پیرۆزە.[٣٤]

هەروەها خوشکی بەرێز شاهێدە یۆکسێل باس ئەکات :

لە کاتی مەحکەمەدا حاکم ئەم پرسیارانەی ئاراستەی مامۆستا کردن :

ـ کارت چیە ؟

ـ رزگارکردنی ئیمان ، چونکە ئیمانی براکانم ئاگری تێ بەر بووە

ـ بۆچی ریشت نەهێلاوەتەوە ؟

ـ بۆ ئەوەی ئێوە نەی تاشن .

ـ بۆچی وازت لە سوننەتی ژنهێنان هێناوە ؟

ـ ئەوانەی ئەم سوننەتەیان بەجێهێناوە ، وازیان لە فەرزەکان هێناوە [٣٥]

بچووکترین برای مامۆستا نوورسیی مامۆستا عەبدولمەجید بووە ، کە زۆرێك لە پەیامەکانی وەرگێراونەتە سەر زمانی عەرەبیی ، بەلاَم لەو کاتەدا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بلاَو کراونەتەوە . هەروەها پەیامە عەرەبییەکانیشی ،

---

[٣٤] الملاحق ـ ملحق أميرداغ : ١ / ٢٥٠

[٣٥] صونِ شاهيدلەر ٣ / ٤١٢ ، نقلاً عن سيرة ذاتية : ٤٩٦

وەك (إشارات الإعجاز) و (المثنوي العربي النوري) ، وەرگێڕاونەتە سەر زمانی توركیی، مامۆستای زمانی عەرەبیی بووە، و پاشان بۆتە موفتیی و ، پاشان بۆتە مامۆستای زانستە ئیسلامییەكان لە پەیانگای ئیمام و خەتیب و ، پەیانگای ئیسلامیی لە قۆنیا، لە تەمەنی هەشتا و سێ سالیی و ، لە سالی ١٩٦٧ ز دا كۆچی دوایی كردووە

عوبەیدی خوشكەزایشی یەكێ بووە لە قوتابییە لێهاتووەكانی و پێكەوە بەشداریی جەنگی جیهانیی یەكەمیان كردووە و ، لە نزیك مامۆستادا ، بەر لەوەی، كە مامۆستا نوورسیی بە دیل بگیرێ شەهید ئەبێت و ، مامۆستاش، كە بە دیل ئەگیرێت سێ مانگ رێگا دوور ئەخرێتەوە و ، بێ ئەوەش، كە شوێنی ناشتنی بزانێ خەوی پێوە ئەبینێ و، بۆیشی دەرئەكەوێ، كە پلەی شەهیدیی وەرگرتووە.[٣٦]

عەبدورڕەحمانی[٣٧] برازاشی، كە قوتابییەكی چابوك و بەغیرەت بووە و، خزمەتی كاری مامۆستای كردووە ، لە سالی ١٩٢٠ ز لێی دوور ئەكەوێتەوە .. بەمە هەندێ بێ ئاگایی و گومان و شتی پرو پووچی دنیا سەری لێ هەڵ ئەدەن و ، وای بە چاك ئەزانێ داوای كۆمەكیی لە مامەی بكات ، تا بەڵكو فریای بكەوێ و لەو نەخۆشییانە رزگاری بكات ، چونكە متمانەی بە خواناسیی مامەی زۆر بوو. ئەوەبوو قورئانی پیرۆز فریای كەوت و ، بە هیممەت و بەرەكەتی پەیامی حەشری،

---

[٣٦] كليات رسائل النور ، المكتوبات ، الجلد الثاني : ٧

[٣٧] عەبدورڕەحمان كوڕی مەلا عەبدوڵلای برا گەورەی مامۆستا بووە و ، لە سالی ١٩٠٣ دا لە گوندی نوورس لە دایك بووە و لە سالی ١٩٢٨ كۆچی دوایی ئەكات و لە گوندی (ذو الفضل) لە نزیك شاری ئەنقەرە ئەی نێژن . لە سالی ١٩١٨ وە هەتا سالی ١٩٢٢ لە خزمەتی مامۆستا نوورسییدا ئەبێت و ، بۆ بڵاوكردنەوەی نووسینەكانی یارمەتیی ئەدات .

سێ مانگ بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات ، گەیاندە دەستی، بە هۆی بەرەکەتی قورئانەوە پەیامەکە دەوری خۆی بینیی و لەو چلك و چەپەڵییە و لە بێ ئاگـایی رزگاری کرد ، بگرە پێی گەیشتە پلەیەك لە پلەی ویلایەت ئەچوو، کە ئەوەبوو ئەو نامەیەی، کە بۆ مامۆستا نوورسیی نووسیی بوو، سێ کەراماتی تیـا بـوو، کـە یەکێکیان ئەوەبوو هەواڵی کۆچی دوایی خۆی دەرخستبوو .[٣٨]

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد، کە مامۆستا نوورسیی لە هەردوو سەری دایکی و باوکیەوە ئەچێتەوە سەر ئال و بەیت .. بەڵێ شاهێدی زۆر ئەوەیان گێراوەتەوە، کە مامۆستا نوورسیی لە کۆڕە تایبەتییەکانیدا ئەوەی دەربریوە، کە نەسەبی لـە سەری باوکیەوە بە ئیمام حەسەن و لە سەری دایکیشیەوە بە ئیمام حوسەین خـوا لێیان رازیی بێ ئەگات ، بەڵام لەبەر لە دەست نەدانی ئیخلاص و ، لەبەر ئەوەش کە لەبەر چاوی خەڵکیدا نەبێتە خاوەنی پلەیەکی مەعنەویی ، لە پەیامەکانیدا ئەوەی راستەوخۆ دەرنەبریوە ، ئەگەرچیی ئاماژەی بۆ کردووە

بۆ نموونە : لە یەکێ لە کۆڕەکانیدا ئەڵێت : ((براکەم ! ئەو کەسەی کە نەسـەبی بە عەلیی سەردارمان خوا لێی رازیی بێ ئەگاتەوە ، منم ، چونکە هەر شتێکم دەست کەوتووە لە رێی ئەومەوە بۆم هاتووە ...)) (صۆن شاهێدلەر : ١ / ٢٤٠) .

هەروەها بۆ نموونە ئەڵێت : ((صاڵحی برام ! تۆ بـە راستیی سـەییدی ـ لـە ئـەهلی بەیتی ـ و ، نوورییەش هەروەها سەییدە و ، میـرزاش هـەر سـەییدە)). (صۆن شاهێدلەر : ٣ / ٢٠١)

[٣٨] المكتوبات : ٤٦١ ، كليات رسائل النور ، المجلد السابع ، الملاحق ـ بارلا : ٢٩

هەروەها بۆ نموونە ئەڵێت : ((من سەییدم ـ لە ئەهلی بەیتم ـ ، بەڵام ئاگادار بە ئەوە بۆ کەس باس نەکەیت .. دایکم حوسەینییە و ، باوکیشم حەسەنییی)). (صۆن شاهێدلەر : ٣ / ٢٣٨) .

سەرەرای ئەمانەش هەر یەکە لە لێکۆڵەران نەجمەددین شاهین ئەر و ، عەبدولقادر بادللیی و ، موحەممەد مەلا زاهید مەلا زوگوردیی دوای وردەکاریی و بە دوادا گەران گەیشتوونەتە ئەو رایە کە نەسەب و نەژادی مامۆستا نوورسیی بەم شێوەیە :

باوکی : ناوی صۆفی میرزای کوری عەلیی کوری خضری کوری میرزا خالیدی کوری میرزا رەشانە ، لە عەشرەتی ئیسپاریت .

دایکیشی : ناوی نووریەی کچی مەلا طاهیرە لە گوندی (بلکان) کە لە گوندی نوورس‌ەوە سێ سەعات دوورە و ، لە عەشرەتی (خاکیف) ە ، کە هەردوو عەشرەتەکەیان ئەچنەوە سەر هۆزە کوردەکانی هەکاریی ..

بەڵێ مامۆستا هیچ پلەیەکی مەعنەویی بۆ خۆی نەئەویست ، بەڵام چ خەڵك و چ کاربەدەستانیش بروایان وەها بوو، کە پلەی بەرزی لای خوا هەیە ..

ئەوەبوو خەبیرەکانی دادگای دەنیزلیی دەربارەی قوتابیانی نوور دەریان بریی بوو ، بە پێی بیروبۆچوونی هەندێکیان ، کە ئەگەر سەعید نوورسیی رای بگەیەنێ (مەهدیی) یە ، ئەوا هەر هەموو قوتابیانی بە سنگێکی فراوانەوە تەصدیقی ئەکەن، بەڵام مامۆستا ، بۆ لە دەست نەدانی ئیخلاص ، خۆی لەوە بە دوور ئەگرێت ، ئەگەرچیی دەری بریوە، کە مەهدیی ئاخرزەمان لە ئالی بەیتە و، خۆیشی بە کوری مەعنەویی ئیمام عەلیی لە قەڵەم داوە ، چونکە دەرسی حەقیقەتی لێوە وەرگرتووە و ، یەکێ لە ماناکانی ئالی موحەممەدیش ﷺ قوتابییە راستەقینەکانی نوور ئەگرێتەوە، ئیتر بەو بۆنەوە خۆی لە ئال و بەیت ئەژمێرێ ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم زەمانە زەمانەی کەسێتیی مەعنەوییە و ، لە رێبازی

پەيامەكانی نووريش‌دا بە هيچ شێوەيەك رێ بە حەزكردن لە ئەنانيەت و خۆخۆش ويستن و چاوگێران بۆ پايە و پلەی بەرز و ناوبانگ دەركردن نادرێ ، چونكە ئەوانە هەموويان دژی ئيخلاصن ..

شايانی باسە، كە مامۆستا ، وەك خۆی دەری ئەبرێ ، بە هيچ شێوەيەك لە خۆی رازيی نەبووە و ، هەوڵی پايە و پلەی نەداوە ، هەتا ئەگەر پلەی قيامەتيی بەرزيشی پێشكەش بكرێت ، لەبەر لەدەستنەدانی ئيخلاص بۆ خزمەتی پەيامەكان ، ناچارە دەستيان لێ هەڵ بگرێت ..

كە ئەمەی سەرەوە ئەدات بە گوێی خەبيرەكان‌دا بێ دەنگ ئەبن .[٣٩]

[٣٩] الملاحق : ٣١٦ ، سيرة ذاتية : ٣٦ ـ ٤٠

شەشەم : وت و ویژ لەگەڵ موصطفا پاشادا

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم رەحمەتی خوای لێبێ پلەی پاشایەتیی بە هەندێ لە سەرۆك عەشرەتە کوردەکان بەخشیی بوو، چونکە ئەوانە پیاوانی عەشرەتەکانیان بە دوایانەوە بوون، و چەکداری لێ هاتوو بوون بۆ بەرگریی لە وڵاتی ئیسلام، و پاراستنی سنووری تورکیا لە خۆرهەڵاتەوە تا سوپای رووس سنوور نەبەزێنێ و ، دانیشتوانیش لە هەڵمەتی چەکدارانەی ئەرمەنیەکان بپارێزن.
لە هەمان کات‌دا ئەو سەرۆکانە لە دەوڵەت یاخیی نەئەبوون ، بۆیە سوڵتان وای بە چاك ئەزانیی، کە ئەوانە بلاوێنێ و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکات .

بەلأم یەکێ لەو سەرۆك عەشرەتانە ، کە ناوی موصطەفا پاشای سەرۆك عەشرەتی میران بوو ، یەکجار زاڵم و مەغروور بوو ، بە رادەیەك، کە دانیشتوانی جەزیرەی ئیبن عومەر و دەوروبەری بە دەست زوڵم و ستەمیەوە گیریان خواردبوو .

شەوێکیان مەلا سەعید لە خەویدا بە خزمەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی ـ قدس سرە ـ گەیشت ، کە یەکجار خۆشی ئەویست، لە خەویدا فەرمانی بەسەردا دا :

ـ مەلا سەعید ! .. بچۆ بۆ لای موصطەفا پاشای سەرۆك عەشرەتی «میران» و فەرمانی بەسەردا بدە بۆ وەرگتنی هیدایەت و ، وازهێنان لە زوڵم و ، بەجێ هێنانی نوێژ .. ئامۆژگارییشی بکە تا فەرمان بە چاکە بکات، جا ئەگەر بە گوێی نەکردی بی کوژە

بەیانیی زوو مامۆستا خۆی ئامادەی سەفەر کرد و بەرەو (جەزیرە) کەوتە رێ، کە گەیشت موصطەفا پاشا لەوێ نەبوو، هەواڵی زانیی وا لەسەر کێلگەکەی لەسەر بانێکی نزیك، کە رۆیشت چووە چادرەکەیەوە و لەوێش نەبوو.. دانیشت و چاوەروان بوو، پاشا بگەرێتەوە

دوای کەمێك پاشا گەڕایەوە .. هەر هەموو بەرزە پێ لەبەر پاشا هەستان جگە لە مەلا بچکۆلە، پاشا چاوی لێ بوو وا مەلا سەعید لەبەری هەڵ نەسا

کە دانیشت ، پرسیاری لە یەکێ لە سەرۆك عەشرەتەکان کرد، کە فەتاح ئاغا بوو، ئەم مەلا گەنجە کێیە ؟ وتی : مەلا سەعیدی مەشهوورە، پاشا پیشی نەخواردەوە .. بەڵام هەر چۆن بوو، خۆی گرت و ، سەیری مامۆستای کرد و لێی پرسیی :

- بۆچیی هاتوویت بۆ ئێرە ؟

مامۆستاش بەوپەری دامەزراویی و متمانەوە وتی :

- هاتووم بانگت بکەم بۆسەر هیدایەت .. جا یا ئەوەتا دەست لە زوڵم هەڵ ئەگریی و ، دەست بە نوێژ ئەکەیت ، یان ئەت‌کوژم !

پاشا ئەوەندەی تر تووڕە بوو ، چونکە تا ئەو رۆژە کەس نەی وێراوە بەو شێوازە قسەی لەگەڵدا بکات، بە تووڕەییەوە پرسیی :

- ئەی ئەگەر وەهام نەکرد، کە تۆ ئەڵێیت ؟

بە هەمان متمانە و دامەزراوییەوە وتی :

- ئەت‌کوژم !

کوڕی پاشا ورتەی لێ نەئەهات .. کەس نەی ئەوێرا دوولێوە بکات .. هەر هەموو بیریان لەوە ئەکردەوە، کە تازە ئەم مەلا گەنجە تیاچوو و ، لە دەستی پاشا دەربازبوونی نیە .. پاشایش بڕوای نەئەکرد شتی وەهای پێ وترا بێ .. کێ ئەوێرێ؟ هەر چۆن بوو خۆی گرت .. بەڵام نەی توانی لە چادرەکەدا دابنیشێ .. ناچار چووە دەرەوە ، هەندێ ئەمسەر و ئەوسەری کرد و تووڕەییەکەی کەم بوویەوە، و گەڕایەوە ژوورەوە

پرسیارەکانی دووبارە کردنەوە :

- بۆچیی هاتوویت بۆ ئێرە ؟
- لە پێشەوە هۆی هاتنم بۆت باس کرد
پاشا دەستی بۆ شمشێرەکەی مامۆستا درێژ کرد کە بە کۆڵەکەی چادرەکەوە هەڵی واسیی بوو، و بە گاڵتە پێکردنێکەوە لێی پرسیی :
- گوایا بەم شمشێرە ژەنگاوییە ئەمکوژیی ؟
مامۆستا بە توندیی وەڵامی دایەوە :
- شمشێر نابرێت .. بەڵکو دەست ئەبرێت ..
موصطەفا پاشا جارێکی تر بەوپەری توورەییەوە لە چادرەکە چووە دەرەوە هێشتا دەستی لە هیچ زانایەکی دین نەوەشاند بوو، کەچیی وا مەلای گەنج خەریکە ناچاری بکات دەستی لێ بوەشێنێ و دەستی بە خوێنی سوور بکات .. ئەم مەلا گەنجەش مەلایەکی ئاسایی نەبوو ، بەڵکو مەلایەکی وەها بە ناوبانگ بوو، کە هەموو دنیا باسی زیرەکیی ئەوی ئەکرد و ، لەوانەشە زۆرێك لە پیاوانی دەوروبەری پاشا خۆشیان بوێت .. کەواتە کوشتنی مەلایەکی وەها ناودار زۆر ئەکەوێ لەسەری ..
لە دەرەوە نەخشەیەك بە دڵیدا هات ، بۆیە دوای کەمێك گەرایەوە بۆ ناو چادرەکە و ، بە مامۆستای وت :
- لە ناوچەی جەزیرەی ئیبن عومەردا زانای زۆرم هەن و ، پێش برکێیەك لە نێوانتاندا رێك ئەخەم ، جا ئەگەر توانیت بەسەریانا زاڵ ببی هەرچیی بڵێیت بە گوێت ئەکەم ، بەڵام ئەگەر ئەوەت لێ نەیەت ئەت خەمە رووبارەکەوە
هەر هەموو چاویان بریبە مەلا سەعیدی بچووك و چاوەروان بوون وەڵام بداتەوە..
مامۆستا هاتە وەڵام :

ـ وەك من مافی ئەوەم نیە ئەوە رابگەیەنم، كە بەسەر هەموو ئەو زانایانەدا زاڵ
ئەبم ، تۆش مافی ئەوەت نیە من بخەیتە رووبارەوە، بەڵكو ئەگەر توانیم پرسیاری
ئەو هەمووە زانایە وەڵام بدەمەوە ئەوا من داوای تفەنگێكی ماوزەرت لێ ئەكەم ،
هەت ئەگەر بەڵێنەكەی خۆتت بەسەر نەبرد بەو تفەنگە بت كوژم .

هەموو لە كێڵگەوە گەرانەوە بۆ ناو شار، كە ئەكەوتە سەر رووباری دیجلە و ،
پاشایش لە رێگا دوو لێوەی لەگەڵ مامۆستا نەكرد .. ناردی بە دوای زانایانی
شاردا و ، داوای لێكردن خۆیان ئامادەی پێشبڕكێ بكەن و ، گرانترین پرسیاریش
ئامادە بكەن و لە كاتی دیاریكراودا كۆببنەوە

پاشا زۆر پەلەی بوو، ئەو كوڕە بگیرێ و بە دەست مەلاكانی شار دەرسێكی
چاكی ئەو مەلا گەنجە دابدات، كە هەرگیز لە یادی نەكات، چونكە ئەگەر زاناكان
بی بەزێنن ، ئیتر ناوبانگی نامێنێت و ، پاشا ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆی سزای
بدات ..

مامۆستا بە بۆنەی ئەوەوە، كە لە سەفەردا زۆر ماندوو بوو بوو، داوای لە پاشا
كرد شوێنێكی بۆ تەرخان بكات بۆ خەوتن، هەركە راكشا چووە خەوێكی قووڵەوە
و هیچ باكی لە تاقیكردنەوە نەبوو، لەولاوە زاناكان خەریكی ئەم دیو و ئەو
دیوی پەرەی كتێبەكان بوون و ، هەوڵیان ئەدا گرانترین پرسیار بدۆزنەوە بەو
هیوایەی بی بەزێنن ..

دوای چەند سەعاتێك لە خەوی قووڵ ، مامۆستا چاوی كردەوە ، سەیری كرد وا
زانایان كۆڕیان بەستووە و ، پاشایش چاوەڕوانی ئەوە

مامۆستا چووە كۆڕی زانایان و سەلامی لێكردن ، پاشان دانیشت و ، دەست
كرا بە چا گێران .. بەڵام زاناكان وەها پەشۆكابوون ئاگایان لە چا خواردنەوە
نەبوو.. لە نێوان خۆیاندا بە چپەوە وت و وێژیان ئەكرد، بەڵام مەلا سەعید بەبێ

باك دەستی دایە چا خواردنەوە و ، چاوەروانی پرسیاری زانایان بوو .. کە سەیری کرد وا پەشۆکاون ، دەستی دایە پیالە چایی سیان چوارێکیان و ، هەر بۆ خۆشیی یەك لە دوای یەك خواردنیەوە

موصطەفا پاشا بە وردیی چاوی لە کۆری زانایان بوو .. سەرنجی دا وەك زاناکان پەشۆکاون ، مامۆستای گەنج هیچ باکی لە تاقیکردنەوە نیە .. ئەوەبوو رووی کردە زاناکان و پێی وتن :

ـ بەرێزان ! من خوێندەوار نیم ، بەلآم هەر لە ئێستەوە ئەزانم ئێوە لەبەر دەم مەلا سەعیددا ئەدۆرێن، چونکە سەرنجم دا ، ئێوە ئەوەندە پەشۆکاون بە بیر کردنەوە هەتا چا خواردنەوەتان لە یاد چووە ، کەچیی مەلا سەعید سێ چوار پیالە چایی ئێوەشی خواردەوە

زاناکان شلەژا بوون ، چونکە ئەترسان ئەم زانایە ، کە ناوبانگیان بیستووە ، پرسیاری وەها قورسیان لێبکات ئەوان نەتوانن وەلآمی بدەنەوە، بەلآم مامۆستا هێوری کردنەوە و پێی راگەیاندن، کە ئەو پرسیار لە هیچ کەسیان ناکات ، بەڵکو ئەو ئامادەیە ئەوان پرسیاری لێبکەن ..

مامۆستاکان هەستیان بە خۆشیی و ئارامییەکی زۆر کرد ، ئەوەبوو نزیکەی چل پرسیاری قورسیان کۆ کرنەوە تا لە مامۆستایان بکەن، ئەویش بە بێ وەستان و گورج و گۆڵیی وەلآمی دانەوە، بەلآم وەلآمی پرسیارێکی بە هەڵە دابوویەوە و، زاناکانیش هەستیان پێ نەکرد و ، رەزامەندییان لە وەلآمەکان دەربریی، کە ویستیان هەڵسن و کۆتایی بە کۆرەکەیان بهێنن ، مامۆستا وەلآمە راستەکەی هاتەوە یاد ، بۆیە وەستاندنی و پێی وتن :

ـ ببوورن بەرێزان ! لە وەلآمی فلآنە پرسیاردا سەهووم کردووە ، وەلآمی راستی بەو جۆرەیە

ئەوەندەی تر سەرسام بوون و دانیان بە زۆریی زانستیدا نا .. هەتا هەندێکیان داوایان لێکرد چەند دەرسێکیان پێ بلێت .

موصطفا پاشایش بەلێنەکەی خۆی بەسەر برد و تفەنگە ماوزەرەکەی پێشکەش کرد و ، دەستی بە نوێژ کرد

هێشتا مامۆستا نوورسیی لە جەزیرە بوو، موصطفا پاشا پێش برکێیەکی بە ئەسپ رێك خست و ، ژێر بە ژێریی ماینێکی سەرکەشی بۆ مەلا سەعید هێنا.. مامۆستای گەنج، کە تازە تەمەنی بوو بووە، شانزە سالان پەرییە سەر پشتی ماینەکە و ئەی ویست بە راست و بە چەپ دا هەلی بسوورێنێ ، کەچیی ماینەکە بە پێچەوانەوە هەنگاوی ئەنا چەند هەولی لەگەلیا دا کەلکی نەبوو.. ماینەکە بە سەرکەشیی رووی لە ناوچەیەك نا، کە مندالان یارییان تێدا ئەکرد .. لەوێ مندالی یەکێ لە ناودارانی جەزیرەی خستە ژێر .. مندالەکە لە ژێر پێی ماینەکەدا ئەگەوزایەوە خەلك هەلمەتیان دا مندالەکە رزگار بکەن ، کەچیی سەیریان کرد وا مندالەکە لە جوولە کەوتووە .. ویستیان مەلا سەعید بکوژن .. خەنجەریان بۆ دەرهێنا مەلا سەعیدی بچکۆلەش ئازایانە دەستی خستە سەر دەمانچەکەی و رووی تێ کردن و وتی :

ـ لە روانگەی راستییەوە ، خوای پاك و بێ گەرد ئەو مندالەی مراند ، بەلام بە روالەت ماینەکە کوشتوویەتی خۆ ئەگەر لە گۆشەی هۆکاریشەوە سەرنجی کارەکە بدرێ ، موصطفا کەچەل ، کە ماینەکەی بە من داوە ، کوشتوویەتی دەی با تەماشای مندالەکە بکەین .. ئەگەر مردبوو ، با جەنگ بکەین .. لە ماینەکە دابەزیی و باوەشی بە مندالەکەدا کرد کە دیتی وا لە جوولە کەوتووە، لە ئاوی ساردی هەل کێشا و ، خێرا لە ئاوەکەش دەری هێنا

منداڵەکە بە زەردەخەنەوە چاوی کردەوە و ، خەڵکەکەش لە ڕووداوەکە سەرسام بوو بوون ..

مامۆستا لە جەزیرە ماوەیەك مایەوە و ، پاشان لەگەڵ مەلا صالح دا ، کە یەکێ لە قوتابییەکانی بوو، بەرەو (بیرو) ڕۆیشتن، کە ناوچەی بەدووی عەرەب بوون .. ماوەیەکیش لەوێ مایەوە و ، هەتا ئەوەبوو بیستی موصطەفا پاشا لە بەڵێنەکەی پاشگەز بۆتەوە و ، دەستی داوەتەوە زوڵم و ستەم، هاتەوە بۆ لای و هەندێ ئامۆژگاریی کرد ، پاشان هەرەشەی لێکرد و پێی وت :

- جارێکی تر دەستت بە زوڵم و ستەم کردۆتەوە .. بە ناوی (حەق) ئەتکوژم.

نووسەری پاشا کەوتە بەین و هەڵوێستەکەی هێور کردەوە ، بەڵام مەلا سەعید هەر کۆڵی نەدا و ، بەردەوام هەرەشەی لە پاشا ئەکرد لەسەر زۆریی ستەمەکانی . پاشا لەسەر ئەو سووکایەتییانە یەکجار تووڕە بوو، و ویستی مامۆستا بکوژێت ، بەڵام پیاوماقووڵانی عەشرەتی میران نەیان هێشت .. پاشان عەبدولکەریمی کوری پاشا لە مامۆستا پارایەوە، کە گوێ بە کردەوەکانی باوکی نەدات ، چونکە قسە لە کەس وەرناگرێ و ، کابرایەکی بێ دینە . لێی پارایەوە کە تەشریف بەرێت بۆ شوێنێکی تر .. مامۆستاش بە گوێی کرد و ، بەرەو بیابانی (بیرو) ڕۆیشت هەرچەندە تووشی جەردە و ڕێ بر ئەهاتن ..

دوای چەند ڕۆژێك گەیشتە ماردین، لەوێش زانایان ویستیان بەرهەڵستیی بکەن و بی بەزێنن ، کەچیی نەیانتوانیی ، سەرەنجام بە مامۆستای خۆیان لە قەڵەمیان دا ، هەر چەندە ئەو لە تەمەنی منداڵەکانیاندا بوو .

لەو ماوەیەدا مامۆستا گەیشت بە دوو قوتابیی ، کە یەکێکیان لە قوتابیانی سەیید جەمالوددینی ئەفغانیی بوو و ، ئەوی تریشیان هەڵگری تەریقەتی

سنووسیی بوو .. بە هۆی ئەو دوو قوتابییەوە لە مەنهەجی ئەفغانیی و تەریقەتی سنووسیی شارەزا بوو ..[٤٠]

[٤٠] سيرة ذاتية : ٥٥ ـ ٥٨ ، رجل القدر : ١٧

حەوتەم : لە شاری بەدلیس دا

کە دەنگ و باسی زیرەکیی مامۆستا لە ماردین بلاّو بوویەوە ، نادر بەگی پارێزگار ئەوەی پێ خۆش نەبوو ، بەڵکو بریاری دا دەریبکات، ئەوەبوو بە کۆت و زنجیرەوە دایە دەست دوو جەندرمە تا رەوانەی بەدلیسی بکەن .

لە رێگای بەدلیس‌دا کاتی نوێژ هاتە بەرەوە .. مامۆستا داوای لە جەندرمەکان کرد کۆتەکانی لە دەست بکەنەوە هەتا نوێژەکەی بەجێ بهێنێ ، کەچیی بە گوێیان نەکرد .. مامۆستا زۆر بە ئاسانیی کۆتەکانی لە دەستی داکەند و خستنیە بەردەمیان .. هەردوو جەندرمەکە واقیان ورما و ، بە کەرامەتیان لە قەڵەم دا ، بۆیە بە تکا و پارانەوەوە پێیان وت :

ـ تا ئێستا ئێمە پاسەوانت بووین ، بەڵام لەمەو دوا خزمەت کارتین ..

هەر، کە پرسیار لە مامۆستا ئەکرا کە کۆتەکان چۆن کرانەوە ؟

ئەی وت : منیش نازانم ، تەنها کەرامەتی نوێژ بوو .

رۆژێکیان لە بەدلیس ئەوەی بەرگوێ کەوت، کە والیی و کۆمەڵێك لە فەرمان بەران خەریکی عارەق خواردنەوەن، کە ئەوەی بیست بە یەکجاریی هەڵ چوو و وتی: کەسێك، کە نوێنەری حکومەت بێت لە شارێکی موسڵمانی وەك بەدلیس‌دا نابێ کاری وەها بکات، خێرا چوو بۆ کۆری عەرەق خواردنەوەکە و ، یەکەم جار ئامۆژگارییەکی گەرم و گوری کردن و بە فەرموودەیەکی شەریف دەربارەی عەرەق ئامۆژگارییەکەی دەست پێ کرد ، پاشان دەستی دایە وتەی توند و تیژ و جەرگ بر و ، دەستیشی بەسەر دەمانچەکەیەوە بوو، چونکە ئەگونجا والیی ئاماژە بکات بۆ چەکدارانی تا دەستی لێ بکەنەوە، بەڵام والیی زۆر هێمن و خۆگر بوو، و دەمی نەکردەوە

کە مامۆستا ویستی کۆرەکە بەجێ بهێڵێ هاورێکەی والیی پێی وت :

ـ چیتان کرد ؟ ئەم قسانەتان هەقی سێدارەیان هەیە .

" **سێدارەم بە بیردا نەهاتووە ، بەڵکو وام دانا بوو، سزای ئەمە بەند کردن یان نەفیی کردن بێت .. بە هەر حاڵ ، ئەگەر لە پێناوی لابردنی کردەوەیەکی خراپدا بمرم زیانێکم نەکردووە !** "

دوای دوو سەعات لە گەرانەوەی لەو کۆرە والیی دوو پۆلیسی نارد بۆ لای تا بانگی بکەن .

مامۆستا چوو بۆ لای والیی و ، ئەویش بەوپەری رێز و پایەدارییەوە بە خێرهاتنی لێکرد و ، هەڵمەتی دا دەستی ماچ بکات و وتیشی :

ـ هەموو کەسێك مامۆستایەکی پێشەنگی هەیە ، تۆیش مامۆستای پێشەنگی منی .

عومەر پاشای والیی بەدلیس وەك وانەیەکی چاکی لە مامۆستا وەرگرت ، لە هەمان کاتدا زانست و زانایانی یەکجار خۆش ئەویستن ، بۆیە بە گەرمیی داوای لە مامۆستا نوورسیی کرد تا لە میوانخانەکەیدا بمێنێتەوە .. ئەوەندە تەکلیفی لێ کرد تا مامۆستا دوو ساڵ لەلای مایەوە .. شایانی باسە، کە عومەر پاشا خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە ئەبێت ..

عومەر پاشا شەش کچی ئەبن سیانی بچووك و سیانی گەورە و عازەب .. جا هەر چەندە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە یەك خانوودا پێکەوە ئەژیان ، مامۆستا هێشتا سێ کچە گەورەکەی جیا نەئەکردنەوە و نەی ئەناسین ، چونکە لێیان ورد نەئەبوویەوە، رۆژێکیان مامۆستایەك ئەبێتە میوانی مامۆستا نوورسیی و ، لە ماوەی دوو رۆژدا کچەکانی ئەناسێ و جیای ئەکردنەوە، ئەوانەی، کە لە دەور و بەری مامۆستادا ئەبن سەرسام ئەبن لەوەی، کە لە ماوەی دوو ساڵدا ئەو کچانەی نەناسیون و لێیان ئەپرسیی :

ـ بۆچ سەیرت نەکردوون ؟ ئەویش وەڵامی ئەدانەوە :

" پاراستنی پايەداريی زانست نەزەری حەرامی لێ قەدەغە كردووم !! " [٤١]

كە مامۆستا سەعيد لە بەدليس گەيشتە تەمەنی باڵغ بوون گەرم و گوڕيی سنووحات لە دڵ و دەروونيدا كەميان ئەكرد ، بۆيە وای بە چاك زانيی سەرگەرمی لەبەركردنی مەتنی كتێبە ئيسلامييە رەسەنەكان بێت لە هەموو زانست و بوارێك دا .. بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرگەرمی لەبەركردن بوو ، تا ئەوەبوو نەوەد كتێبی لە عەقيدە و نەحو و صەرف و مەنطيق و تەفسير و حەديث و فيقه و زانستی كەلام لەبەركردن و هەر سێ مانگ جارێك و رۆژانە سێ سەعات بە هەموويان‌دا ئەچوويەوە، ئەم لەبەر كردنەش هەروا كوێرانە نەبوو ، بەڵكو لەگەڵ قووڵترين تێگەيشتن‌دا بوو .. ئەوەبوو كتێبی (المرقاة) ی [٤٢] لەبەر كرد ، بەڵام بايەخی بە حاشيە و شەرحەكانی نەدا ، پاشان بەراوردی تێگەيشتنی خۆی لەگەڵ ئەو حاشيە و شەرحانەدا كرد ، سەيری كرد تەنها لە سێ وشەدا جياوازيی لەگەڵيانا هەبوو . ئەو زانايانەی، كە لێی ئاگادار بوون دەست خۆشييان لێكرد و، زۆريشيان بەلاوە سەير بوو . [٤٣]

لەو ماوەيەدا، كە مامۆستا لە بەدليس بوو، دەنگ و باسی ئەوە بڵاو بوويەوە كە مامۆستا موحەممەدی كوفرەويی [٤٤] دوعای خراپی لە مەلا سەعيد كردووە، كە مامۆستا ئەم هەواڵەی بيست خێرا چوو بۆ سەردانی مامۆستا كوفرەويی و ،

---

[٤١] الملاحق ـ ملحق أميرداغ : ١ / ٣١٢

[٤٢] مرقاة الوصول إلى علم الأصول : كتێبێكی مەزهەبی حەنەفييە و دانراوی موحەممەدی كوڕی فورامووزی خوسرەويی، كە لە ساڵی (٨٨٥) ی كۆچييدا وەفاتی كردووە

[٤٣] سيرة ذاتية : ٦٠ ـ ٦١

[٤٤] لە گوندی كوفرەی سەر بە سەعرەد لە دايك بووە و ، سەرەنجام نيشتەجێی بەدليس بووە و لە ساڵی ١٨٩٧ ز بەرامبەر بە ١٣١٣ ك هەر لەوێ وەفاتی كردووە

ئەویش زۆر بە گەرمیی پێشوازیی لێکرد و ، مامۆستا سەعید دوا دەرسی گەنجیی بە لاوە خوێند، کە بە دەرسێکی یەکجار پڕ فەر و بەرەکەتی ئەژمارد و ، دەریشی ئەبریی، کە مامۆستا کوفرەویی لە رادەبەدەر سۆز و شەفەقەتی لەگەڵیا نواندووە .

شەوێکیان مامۆستا نوورسیی لە خەویدا مامۆستا کوفرەویی ئەبینێ، کە پێی ئەڵێت : مەلا سەعید سەردانێکم بکە ، چونکە من کۆچ ئەکەم، هەر لە خەوەکەیدا خێرا ئەچێت بۆ سەردانی ئەبینێ وا کۆچەکەی مامۆستا لە ماڵەکەدا ئەفرێت .. کە لە خەو رائەچڵەکێ ئەبینێ وا سەعات حەوتی شەوە ، بە تەوقیتی خۆرئاوا بوون ، واتە نیوەشەوە .. مامۆستا دیسان ئەخەوێتەوە، کە رۆژ ئەبێتەوە دەنگی شیوەنی کەس و کاری مامۆستا ئەبیستێ ، کە ئەچێ بۆ هەواڵ زانین بۆی دەرئەکەوێ، کە لە سەعات حەوتی نیوەشەودا وەفاتی کردووە ، ئیتر بە خەفەت باریی ئەگەڕێتەوە و بەردەوام ﴿ إنا لله وإنا إليه راجعون ﴾ دووبارە ئەکاتەوە رەحمەتی خوای لێبێ . [٤٥]

---

[٤٥] سيرة ذاتية : ٦١

هەشتەم : لە شاری وان دا

لەو کاتەدا حەسەن پاشا والیی شاری وان بوو، و لەبەر ئەوەش، کە زانایەکی ناودار لە شارەکەیدا نەبوو ، مامۆستا نوورسیی بانگ کرد بۆ ئەویّ، مامۆستا بە گوێی کرد و ، ڕۆیشت بۆ ئەویّ بەلاّم، کە طاهر پاشا هەواڵی هاتنی مامۆستای بیست چوو بۆ لای و لێی پارایەوە، کە بچێتە لای ئەو .

طاهر پاشا خاوەنی کتێبخانەیەکی نایاب بوو، کە سەرەرای کتێبە ئیسلامییەکان پری بوو، لە کتێبە نوێیەکان ، وەك فیزیا و کیمیا و بیرکاریی .. لەویّ مامۆستا نوورسیی دەستی دایە خوێندنەوەی زانستە نوێکان، بۆ ماوەی پانزە ساڵ لەویّ جێگیر بوو، کە بە ناو عەشرەتەکان دا ئەسووڕایەوە، بە نیازی ئامۆژگاریی و ئیرشاد و ، دەرس وتن بە قوتابییان . مامۆستا پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ والیی و فەرمانبەرانی شارەکەدا هەبوو .. لەو ماوەیەدا بایەخی چاکی بە صوڵحی نێوان عەشرەتەکان ئەدا .. هەر ئەوەندە بی بیستایە، کە دوو لایەن ناکۆکن خێرا ڕووی لێیان ئەنا و ناکۆکیی نێوانیانی لا ئەبرد و ئاشتی ئەکردنەوە .. ئەوەبوو مامۆستا سەعید توانیی صوڵح بە شوکریی ئاغا و موصطەفا پاشای سەرۆك عەشرەتی میران بکات ، هەرچەندە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوثمانیی نەی توانیی ناکۆکیی نێوانیان لەناو بەرێت .. لە کاتی صوڵحەکەدا مامۆستا سەعید ڕووی لە موصطەفا پاشا کرد و پێی وت :

ـ تا ئێستاش هەر تەوبەت نەکردووە ؟

ـ « سیدا » من گوێ ڕایەڵی فەرمایشتی تۆم !

دوای ئەوە موصطەفا پاشا ماینێك و هەندێ پارەی دا بە مامۆستا ، کەچیی وەری نەگرت و وتیشی :

ـ گوایا نەتبیستووە من تا ئێستە پارەم لە هیچ کەس وەرنەگرتووە ؟ ئیتر چۆن لە زاڵمێکی وەکو تۆی وەرئەگرم ؟! وا دەرئەکەویٚ تەوبەکەتان شکاندووە ! لەسەر ئەوەش بە سەلامەتیی ناگەیتەوە جەزیرە .

هەروایش بوو ، موصطەفا پاشا هەر لە رێگادا ، بیٚ ئەوەی بگاتەوە ناوچەکەی خۆی ، مرد ، هەروەك ئەو دوعایەی، کە لێی کرد گیرا بوویێت ..

هەر لە شاری واندا مامۆستا گەیشتە قەناعەتی تەواو، کە پێویستە شێوازی تازە ، بۆ گەیاندنی ئیسلام بە بەرەی داهاتوو ، بەکار بهێنرێت ، چونکە زانستی کەلامی کۆن ناتوانیٚ بەرهەڵستی گومان و دوو دڵییەکانی چەرخی نویٚ بکات ، بۆیە پێویستە شان بە شانی زانستە شەرعییەکان موسڵمانان لە زانستە نوێکان شارەزا بن ..

لەو تەمەنە کەمەدا توانیی دەردی دواکەوتنی موسڵمانان دەست نیشان بکات و، سەرەنجام دوای سیی ساڵ لەوە خوای گەورە دەستی یارمەتیی بۆ بەندەی موخلیصی درێژ کرد و ، پەیامەکانی نووری نووسیی بۆ راست کردنەوەی عەقیدەی موسڵمانان و ، بانگ کردنی مرۆڤایەتیی بۆ سەر رێبازی سەرفرازیی .

بۆ ئەمە مامۆستا دەستی بە خوێندنەوەی زانستە نویٚ جۆر بە جۆرەکان کرد ، وەك مێژوو و ، جوغرافیا و ، بیرکاریی و ، جیۆلۆجیا و ، فیزیا و ، کیمیا و ، فەلەك و فەلسەفە .. ئەوەبوو لە ماوەیەکی کورتدا توانیی تەقە لە بنی ئەو زانستانە هەڵ بسێنیٚ ، بیٚ ئەوەی هیچ کەسێك یارمەتیی بدات ، یان لەلای هیچ کەس دەرس بخوێنیٚ ..

زانایان هەر یەکە لە زانستێکدا تا رادەیەك پسپۆر بوون ، بەڵام مامۆستا سەعید لە هەموو بوارەکاندا لە هەموو پسپۆرێك پسپۆرتر بوو ..

بۆ نموونە : لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا توانیی کتێبێك لە جوغرافیا لەبەر بکات و ، بۆ سبەینێ لە ماڵی والیی (طاهر پاشا) ، بەرامبەر بە مامۆستای پسپۆری جوغرافیا بوەستێ و لەو زانستەی خۆیدا بی بەزێنێ ..

بە هەمان شێوە بە لەبەرکردنی کتێبێکی زانستی کیمیا توانیی مامۆستای کیمیا ببەزێنێ ..

هەر لەو ماوەیەدا، کە لە وان ئەژیا گەیشتە ئەو قەناعەتە، کە پێویستە زانستە نوێکان تێکەڵ بە زانستە شەرعییەکان بکرێن ، هەتا قوتابییانی موسڵمانان چاوکراوە و پێشکەوتوو بن و ، پێویستە ئاسانکارییش بۆ رۆڵەی موسڵمانان بکرێت تا لە کاروانی گەلان دوا نەکەون .

ئیتر دەنگ و باسی زیرەکیی مامۆستا لە ناو زانایاندا وەها پەرەی سەند ، هەموان پێی سەرسام بوون و ، لە ئەنجامی ئەوەدا نازناوی « بدیع الزمان » یان لێنا

جا وەنەبێ مامۆستا نوورسیی لەسەر ئەو نازناوە رازیی بووبێ ، لە هەمان کات دا دەری ئەبرێ، کە ئەگەر خەڵکیی بە ناشیاویی نازناوی (بدیع الزمان) یان لێ نابێ ، ئەوا ئەو ناوە ناوی مەعنەویی پەیامەکانی نوورە، و دانەری پەیامەکان بە خواستن و سپاردەیی ئەو نازناوەی هەڵ گرتووە و ، وا ئەو سپاردەیە ئەگێرێتەوە بۆ خاوەنی راستەقینەیان، کە پەیامەکانن ..

لە شوێنێکی تری پەیامەکاندا دەری بریوە، کە پەنجا و پێنج ساڵ لەمەو بەر مامۆستا فەتحوڵلای [٤٦] مامۆستای لە سەعرەد سەعیدی کۆنی شوبهاندووە بە (بدیع الزمان الهمداني) و [٤٧] ، نازناوی (بدیع الزمان) ی پێ بەخشیوە . [٤٨]

---

[٤٦] لە پێشەوە باسی کرا و ، لە ساڵی ١٣١٧ ی کۆچیی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٠٠ ز وەفاتی کردووە ..

نۆهەم : هەواڵی کاریگەر و دڵ تەزێن

ڕۆژێك لە ڕۆژان طـاهر پاشا ڕۆژنامـەیەکی پیشانی مامۆستا (بدیع الزمـان) دا، کە هەواڵێکی دڵ تەزێنی تێدا بوو .. بۆی دەرکەوت، کە ئـەورووپا خـەریکی پیلان گێرانە دژی قورئانی پیرۆز.. ئەوەبوو ڕۆژنامـەکان وتەیەکی وەزیری (مستعمرات) ی بەریطانیی ولیەم گلادستۆنیان [٤٩] بلاّو کردبوویەوە کە وتبووی : «هەتا ئەم قورئانــە بــە دەســتی موســڵمانەکانەوە بێــت ، ئێمــە نــاتوانین بــە شێوەیەکی راستەقینە حوکمیان بکەین، کەواتە با هەوڵ بدەین دەستبەرداری بن

کە مامۆستا ئـەمەی بیست یەکجار تووڕە بوو، بۆیە بڕیاری دا نەخشەی ژیانی بگۆڕێت .. بڕیاری دا هەموو ژیانی تەرخان بکات بۆ خزمـەتی قورئان .. هەرچیی زانستیشی دەست خستووە بیخاتە خزمـەتی قورئانەوە تا پەی بە واتاکانی بەرێت و، راستییەکانیشی بسەلمێنێ ..

مامۆستا تێ گەیشت، کە کافران نایانەوێ قورئانی پـیرۆز بـوونی هـەبێت .. قورئانی پیرۆز بە چقڵی چاویان ئەزانن ..

تێگەیشت، کە کافران لێبراون بە هەوڵ و کۆششێکی بێ وچانەوە دژی قورئان تەرخان بکات و ، بە بەڵگەی زانسـتیانەی دەم کـورت کـەری چـەرخی نـوێ بـی

---

[٤٧] (بدیع الزمان) ی هەمـەدانیی : ناوی ئەحمەدی کوڕی حوسەین بووە .. لە نێوان ساڵانی (٣٥٨ ـ ٣٩٨) ی کۆچییدا ژیاوە . ئەویش لەوپەڕی زیرەکیی و ، توانای لەبەرکردن و ، زەین ڕۆشنیی و ، دەروون پاکییدا بووە .. تەنها چاوێکی بە چوار پێنج لاپەڕەی کتێبێکدا بخشاندایە لەبەری ئەکردن .

[٤٨] سیرة ذاتیة : ٦٢ ـ ٦٥ ، رجل القدر : ٢٥ ـ ٢٦

[٤٩] ولیەم گلادستۆن : (١٨٠٩ ـ ١٨٩٨ ز) پلەی وەزیریی چەند جارێك پێ دراوە .. چـوار جـاریش پلـەی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە

سەلمێنێ، کە فەرمایشتی خوایە و ، موسڵمانانیش بانگ بکاتەوە بۆ سەری و ، بی سەلمێنێ، کە قورئان خۆرێکی مەعنەوییە و ، هەرگیز کڵپەی کز نابێت و ، هیچ کەسێکیش ناتوانێ بیکوژێنێتەوە ، کە ئەی وت :

((**بۆ جیهان ئەی سەلمێنم، کە قورئان خۆرێکی مەعنەوییە و، هەرگیز کز نابێت و، ناشتوانرێ رووناکییەکەی بکوژێنرێتەوە** ..)).

ئەم هەواڵە زیاتر مامۆستای پاڵ پێوە نا تا هەوڵی دامەزراندنی زانکۆیەکی ئیسلامیی ، لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا ، واتە لە ناوچەی کوردستاندا ، بدات ، ئەویش بە ناوی زانکۆی زەهرا ، لە شێوەی زانکۆی ئەزهەری شەریف و دوو لقی هەبێ ، یەکێك لە بەدلیس و یەکێکیش لە دیاربەکر ، بۆ خزمەتی قورئان و شان بە شانی زانستە نوێکانیش بخوێنرێن ، چونکە پێویستە موسڵمانان لە دواکەوتن و نەخوێندەواریی رزگار بکرێن ..

جا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستەی مامۆستا سەعید بەرەو شاری ئەستەمبوڵی پایتەخت کەوتە رێ ، بەو هیوایە، کە زانکۆیەکی ئیسلامیی بە پێی یاسای نوێ دابمەزرێنێ .. بۆ ئەمە نامەیەکی لە لایەن بەرێز (یحیی نزهت پاشا) وە هێنا بوو بۆ کەسێکی نزیکی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ..

مامۆستا نزیکەی ساڵ و نیوێك لە ئەستەمبوڵ مایەوە بەو هیوایەی کارەکەی سەر بگرێ ، بەڵام بێ هوودە بوو، و بێ ئەنجام گەرایەوە بۆ شاری وان ..

لە ساڵی ١٩٠٦ زدا مامۆستا نوورسیی راستەوخۆ رووی لە حیکمەتی قورئان نا و ، دەستی دایە خزمەتی قورئان و ، دوای ساڵێکیش رووی لە ئەستەمبوڵ نا و، دەستی دایە جیهادی مەعنەویی .[٥٠]

---

[٥٠] سیرة ذاتیة : ٦٥ ـ ٦٦ ، رجل القدر : ٢٦

بەشی دووهەم

بۆ باوەشی ئەستەنبوڵ

یەکەم : وەڵامی هەموو پرسیارێک

دوای یانزە ساڵ لەو سەردانەی ئەستەنبوڵی ، واتە لە ساڵی ١٩٠٧ ز دا مامۆستا بۆ دووهەم جار سەردانی ئەستەنبوڵی کردەوە ، بەو هیوایەی، کە هەوڵ بدات ئاواتەکەی بێتە دیی، کە ئەویش دامەزراندنی زانکۆی زەهرا بوو، لە کوردستاندا .. ئەوەبوو لە (خان شکرچی) لە نزیك مزگەوتی (فاتح) ژوورێکی بە کرێ گرت و ، تیایا نیشتەجێ بوو .. ئەم خانە ئوتێلی ئەو سەردەمە بوو و ، بنکەی زۆرێك لە ئەدیبان بوو، و شوێنی بە یەك گەیشتنی بیریارە ناسراوەکان بوو بە وێنەی شاعیری بەناو بانگ (محمد عاکف) و ،[51] زمانەوانی ناسراو مامۆستا جەلال و ، زانای فەلەکیی مامۆستا (فطین)

کاتێك، کە بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە رێ دەربارەی زانستی کەلام چەند کتێبێکی نایابی دەست کەوت و بە وردیی خوێندنیەوە .. ئیتر، کە گەیشتە پایتەختی ئیسلام بانگی کردە زانایان و مامۆستایانی قوتابخانە ئیسلامییەکان و ماوەی دان با چ پرسیارێکیان پێ خۆشە لێی بکەن .

---

[51] موحەممەد عاکیف : شاعیرێکی مەزنی موسڵمانانی تورکیایە و ، سەرنووسەری گۆڤاری (الصراط المستقیم) و (سبیل الرشاد) بووە .. بۆ نوێنەری پەرلەمان لە ئەنقەرە هەڵ بژێرراوە که لە ساڵی ١٩٢٥ دا یاسای جل و بەرگ لە تورکیا شەبقە لەسەر کردنی فەرز کرد ، پێی ناڕازیی بوو و ، چوو بۆ میصر و لەوێ لە زانکۆی قاهیرە خەریکی وانە وتنەوە بوو .. کە نەخۆشیی زۆری بۆ هێنا گەڕایەوە تورکیا و ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ دا کۆچی دوایی کرد

ئەوەی، کە زیاتر سەرنجی مامۆستای راکێشا بوو ئەوەبوو چیی پرسیاری ئاراستە کرا وەڵامی هەر هەموویانی لە رێی ئەستەنبوڵدا خوێندبۆوە ، یان وەڵامەکەیان لە زەینیدا مابوویەوە .. هەتا ئەو پرسیارانەش، کە فەیلەسووفەکان ئاراستەیان کرد وەڵامەکەیان لە زەینیدا مابوویەوە .. ئەوەبوو دوای پەنجا ساڵ ئەوسا حیکمەتی ئەوەی بۆ دەرکەوت .. بۆی روون بۆوە، کە ئەو سەرکەوتنە و ئەو ناوبانگ دەرکردنە بۆ ئەوەبوو، تا زانایان و مامۆستایانی ئەستەنبوڵ هەر کاتێ پەیامەکانی نووریان بەرچاو کەوتن بەهایان بزانن و ، راستەوخۆ تەسلیمیان بن و، دژایەتییان نەکەن .

کاتێك لەو ئوتێلەدا نیشتەجێ بوو بوو، لەسەر دەرگای ژوورەکەی تابلۆیەکی هەڵواسیی کە لەسەری نوسیی بووی : (لێرەدا هەموو کێشەیەك چارەسەر ئەکرێت و ، وەڵامی هەموو پرسیارێکیش ئەدرێتەوە ، بێ ئەوەی پرسیار ئاراستەی هیچ کەس بکرێت) [٥٢]

ئەم نووسینە شتێکی سەیر و سەمەرە بوو، بە لای دانیشتوانی شارەوە و ، سەرنجی رائەکێشان ، بۆیە زۆرێك لە زانایان و قوتابیانی قوتابخانەکان دەستیان دایە سەردانی مامۆستا، کە پێیان خۆش بوو، ئەم گەنجە، کە تەحەددای پایتەختی ئیسلامی کردووە ببینن .. هەندێك بە راستگۆ و هەندێکیش بە پێچەوانەوە ئاماژەیان بۆ ئەکرد، بەڵام، کە چاویان پێ ئەکەوت و گوێیان لە وەڵامەکانی ئەگرت سەرسام ئەبوون و ، لایان ئەسەلما، کە پیاوی وەهایان نەدیوە ، چونکە وەڵامەکانی زۆر رێك و پێك بوون ..

---

[٥٢] مامۆستا بە درێژایی تەمەنی نەبینراوە پرسیار لە هیچ کەس بکات ، ئەویش بە بۆنەی ئەو فەرمانەوە، کە لە منداڵیدا لە خەویدا پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەریدا دابووی .

حەسەن فەهمیی باش ئۆغلۆ (کە لەوەو دوا بۆتە ئەندامی دەستەی راوێژکارانی کاروبـاری دینیـی لـە تورکیـا، کـە هاوبەرابـەری وەزارەتـی ئـەوقافی ولاتـە عەرەبییەکانە) ئەڵێت : کاتێك، کە لە سـەردەمی (مشـروطیـە) دا قوتـابیی قوتابخانەی فاتح بووم ، بیستمان، کە گەنجێك بە ناوی (بـديع الزمـان) هاتۆتـە ئەستەنبوڵ و ، لەسەر دەرگای ژوورەکەی ، لەو ئوتێلەدا، کە تیایـا ئەمێنێتـەوە تابلۆیەکی هەڵ واسیوە و لەسەری نووسیوە : (لێرەدا هەمووکێشەیەك چارەسـەر ئەکرێت و ، وەڵامی هەموو پرسیارێکیش ئەدرێتەوە ، بێ ئەوەی پرسیار ئاراستـەی هیچ کەسێك بکرێت) منیش ئەوەم بە دڵدا هات، کە خاوەنی وەهـا داوایـەك ئەبێ شێت بێت ، بەڵام زۆریی سـەنا و ستایش، کـە لـەو خـەڵك و قوتـابیی و زانایانەوە، کە سەریان لێ دابوو ئەم بیست ، بووە هۆی ئـەوەی زۆر حـەز بکـەم منیش سەردانی بکەم .. بریارم دا قورس‌ترین پرسیار لە وردترین مەسەلەدا هەڵ ببژێرم تا ئاراستەی بکەم .. ئـەو کاتـە منـیش بـە یـەکێ لـە قوتابییـە پـێش کەوتووەکانی قوتابخانە ئەژمێررام، ئەوەبوو ئێوارەیەکیان خۆم ئامادە کرد و ، لە زانستی (عەقائید) وردترین بابەتم هەڵ بژارد، کە بۆ وەڵام دانەوەیان پێویست بە چەند کتێبێك ئەکات .. بۆ رۆژی دووهەم چووم بۆ لای و ئەو پرسیارانەم ئاراستەی کرد . ئەوەبوو وەڵامەکانی لە عادەت بـەدەر و سـەیر و سەرسـورهێنەر بـوون ، هەروەك دوێنی لە گەڵم دا بوویێت و لە کتێبەکان ورد بێتەوە ، چونکە وەڵامەکانی زۆر تێر و تەواو بوون .. بەڵام بە تەواوەتیی دڵ متمانـە بـووم و بـە یـەقینییش زانییم، کە ئەو زانستەی ئەو وەك زانستی ئێمە بـە دەسـتی نـەهێناوە ، بـەڵکو زانستێکە خوا پێشکەشی کردووە، پاشان نەخشەیەکی بۆمان دەرهێنا و ، رادەی

گرنگیی و پێویستیی کردنەوەی قوتابخانەی زانستیی لە خۆرهەلاتی ولات دا ، کە ئەو کاتە کاروباریان لەلایەن (هێزەکانی حەمیدی)[٥٣] یەوە بەڕێوە ئەبرا ، لەسەری روونی کردەوە بۆمان، ئەوەبوو روونی کردەوە، کە ئەو جۆرە کاروبار بەڕێوە بردنە بۆ ئەو ناوچەیە بەس نیە و ، روونیشی کردەوە، کە پێویستە ئەم ناوچەیە لە رووی زانستەوە ، بە شێوازێکی قەناعەت کەر ، بە ئاگا بهێنرێت و ، ئەمیش تەنها لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستەدا هاتووە بۆ ئەستەنبوڵ، ئەشی وت:

"دین رۆشنایی دڵەکانە، بەلام زانستە نوێکان رووناکیی مێشکەکانن "

هەروەها نووسەری تورکیی (ماهیر ئیز) ئەڵێت :

کاتێك، کە (بدیع الزمان) هاتە ئەستەنبوڵ گەنج بوو، و بە جل و بەرگی کوردەوارییەوە هات و چۆی ئەکرد، کەسایەتییەکی خاوەن بەلاغەتی لێهاتوو، و وتارەرێکی زمان پاراو بوو، و دارای زیرەکییەکی لە عادەت بەدەر بوو، کە ناوچەی خۆرهەلاتی ولات هەڵی خستبوو .. داوای کرد زانایان بێن بۆ بەرابەرکێ و تەحەددای هەر هەموویانی کرد، چونکە لە خۆی را ئەبینیی)) .

هەروەها بەرێز (علي همت بركي) ، کە یەکێك بووە لە سەرۆکە پێشینەکانی مەحکەمەی تەمییز بیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی هاتنی (بدیع الزمان) بۆ ئەستەنبوڵ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

لەو کاتەدا، کە من لە کۆلیجی یاسا قوتابیی بووم دەنگ و باسێك بلاو بوویەوە کە کەسێك بە ناوی (بدیع الزمان) کە بەژن و بالایەکی سەیری هەیە لە

[٥٣] هێزەکانی حەمیدیی : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم وای بە چاك زانیی کەڵك لە سەرۆك عەشرەتەکانی ناوچەی کوردستانی تورکیا وەربگرێ ، بەوەی، کە هەر ناوچەیەکی بە سەرۆکێك سپارد تا چەکدار لە ناوچەکەدا کۆ بکەنەوە و ، ئیدارەی ناوچەکەیان پێ بەڕێوە ببەن و ، لە هەمان کات دا پارێزگاریی سنووری دەوڵەتی عوثمانیی لەگەڵ رووسیادا بکەن . جا ئەو هێزە چەکدارانە بە هێزەکانی حەمیدیی ناو ئەبران ..

خۆرهـەلاتی ولاتـەوە هـاتووە و ، هـەر پرسـیارێکی ئاراسـتە بکـرێ وەلامـی ئـەداتـەوە.. ئێمەش هەستمان بە حەسودییەك کـرد و چـووین بـۆ سـەردانی .. دانیشتبوو و ، بە بەڵگەی عەقلیی و مەنطیقیی فەلسەفەی سوفسطائیی ئەدایـە دواوە و پووچەڵی ئەکردەوە .. بە راستیی شیاوی نازناوی (بدیع الزمان) بـوو ، چونکە زانیارییەکانی لە فەلسەفەی ئیسلامیی (واتە لە زانستی کەلام) و ، لە زمانزانییدا سنووریان نەبوو .

هەروەها یەکێکی تر لەوانەی، کە ناوبانگی مامۆستایان بیست و سـەردانیان کرد زانایەکی بەرێزی پایەدار بوو بە ناوی (حەسەن ئەفەندیی) ، کە نەوەد ساڵی تەمەنی بە دەرس وتنەوە بەسەر بردبوو و ، جگە لە تاقە رۆژێك هـیچ کـات دوا نەکەوتبوو، کە ئەویش ئەو رۆژە بوو سـەردانی مامۆسـتای کردبـوو .. ئـەوەبوو قوتابییەکانی لە دواکەوتنی ئەو رۆژەی ئاگادار کرد چونکە لە خۆرهەلاتی ولاتەوە زانایەك بە ناوی (بدیع الزمان) هاتووە و ئەیەوێ سەردانی بکات .

مامۆستا حەسەن ئەفەندیی، کە بۆ رۆژی دووهەم گەڕایەوە لای قوتابییـەکانی تێی گەیاندن، کە کەسی وەهای نەدیوە و ، یەکێکە لەو کەسانەی، کە بە دەگمەن هەڵ ئەکەون .

مامۆستا لە چلەکاندا باسی هاتنی بۆ ئەستەنبوڵ ئەکات، کـە ئـەوەش ئـەی سەلمێنێ زانایانی ئەستەنبوڵ بە تەواویی دانیان بە زانیاریی زۆری مامۆستادا ناوە، کە ئەڵێت :

چل ساڵ لەمەو بەر ، واتە ساڵێك پێش جاردانی سەربەستیی ، هاتمە ئەستەنبوڵ و ، لەو کاتەدا فەرماندەی یابانیی هەندێ پرسیاری دینیـی ئاراسـتەی زاناکـانی ئیسلام کردبوو و ، زاناکانی ئەستەنبوڵیش ئەو پرسیارانەیان ئاراستەی من کرد و

، هەروەها چەندین پرسیاری تریشیان بەو بۆنەوە لێم پرسیی، لە ناو ئەو پرسیارانەش‌دا ئەو باسە هاتبوو، کە لە یەکێ لە فەرموودە شەریفەکان‌دا باس کراوە کە : (لە ئاخر زەمان‌دا کەسێکی سامناك پەیدا ئەبێ کە لە ناوچاوانیدا نووسراوە : ئەمە کافرە) . منیش وتم :

کەسێکی سەیر و سەمەرە کاری ئەم ئوممەتە ئەگرێتە دەست و ، خۆی شەپقە لەسەر ئەکات و ، خەڵکیش ناچاری لەسەر کردنی ئەکات .. دوای ئەم وەڵامەش لێمیان پرسیی :

ئایا ئەو کاتە هەر کەسێك لەسەری بکات کافر نابێت ؟ وتم :
کاتێك شەپقەکە لەسەر ئەکرێت (بەو کەسە) ئەڵێت : سەجدە نەبەیت ، بەڵام إن شاءالله ئەو ئیمانەی، کە وا لە سەردا ئەو شەپقەیە ناچاری سەجدە بردن ئەکات و، موسڵمانیشی ئەکات ...

پاشان چەندین پرسیاریان دەربارەی بەندی (ذوالقرنین) و (یأجوج و مأجوج) و، دەربارەی گیان لەبەرەکەی زەویی و ، دەججال و ، دابەزینی عیسا سەلامی لێبێ، منیش وەڵامم دانەوە ، هەتا بەشێك لەو وەڵامانە لە ناو هەندێ دانراوی کۆنم‌دا نووسراون .[٥٤]

---

[٥٤] الشعاعات : ٤١٨ ، مەبەست لە دانراوی کۆن پەیامی (محاكمات) یان (رجتة العلماء) ە ، کە لەو ماوەیەدا دایناوە و ، وەڵامی پرسیارە یابانییەکانیشی لە (مقالة) ی سێهەم دا تۆمار کردووە و ، لە تیشکی پێنجەمی کۆمەڵەی تیشکەکانیش‌دا چەند باسێك دەربارەی دەججال و سوفیانیی و نیشانەکانی تری قیامەت بە

دووهەم : چاوکەوتن بە سولتان عەبدولحەمیدی دووهەم

لەبەر ئـەوەی، کـە (بـدیع الزمـان) بـە وردیـی ئاگـاداری گیروگرفتـەکانی کوردستانی تورکیا بوو ، وای بە چاك زانیی سەردانێکی سولتان عەبدولحەمیـدی دووهەم بکات، تا بارودۆخی شپرزەی کوردستانی بۆ باس بکات، کە بـە دەسـت هەژاریی و نەخوێندەوارییەوە ئەناڵێنیێ لەو بارەوە ئەڵێت :

((لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەوڵـەت لـە حـاڵ و گـوزەرانی دانیشـتوانی ناوچـەی خۆرهەلاَت ، کە بە بەشێکی گرنگی ئومەتی عوثـمانیی ئەژمێررێن ، ئاگادارە ، منیش هیوادارم ماوەم بدرێت چەند رایەك و چەند داواکارییـەك ، کـە ئـەوانیش بەشێکی کاری پیرۆزی زانستیین ، بخەمە روو)) .

دوای ئەوە دەری ئەبرێ، کە چـەند قوتابخانەیـەك لـە خۆرهـەلاَتی ئـەنادۆڵدا کراونەتەوە ، بەلاَم تەنها ئەو قوتابیانە کەڵك لە زانست وەرئەگرن، کـە تـورکیی ئـەزانن، ئـیتر ئەوانـەی تـورکیی نـازانن ناچـارن روو لـە حوجرەکـان بکـەن، مامۆستاکانی قوتابخانەکانیش کوردیی نازانن ، بەمە نـەزانیی و دانەمـەزراویی پەرە ئەسێنن .. جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە مامۆستا وای بـە چـاك زانیـی دەوڵەت لە چەند شارێکدا وەك بەدلیس و وان و سەعرەد قوتابخانە بکاتەوە و ، لە هەر یەکێکیاندا پەنجا قوتابیی بە مەسـرەفی حکومـەت بخـوێنن بـەو مەرجـەی زانستە نوێکانیش شان بە شانی زانستە شەرعییەکان بخوێنرێن .

درێژە باس کراون ، لەگەڵ هێنانی ئەو فەرموودە شەریفانەی، کە دەربارەیان هاتوون .. (سیرة ذاتیة : ٦٧ ـ ٦٨ ، رجل القدر : ٢٧ ـ ٢٨) .

لەو کاتەدا کە مامۆستا لە ئەستەنبوڵ بوو، زانای بەناو بانگ (عبد الرشید إبراهیم) [٥٥] یش لە ئەستەنبوڵ بوو، هاواری هێنابویەوە لای سوڵتان عەبدولحەمید تا فریای موسڵمانانی چین بکەون و زانای پێویستیان بۆ بنێرن هەتا لە ناو نەبرێن .

جا سوڵتان خۆی ئاسا بایەخێکی چاکی بەم سکاڵایەی مامۆستا عبد الرشید دا و شیخ الإسلام جمال الدین ی بانگ کرد تا بە پێی توانا بچێت بە هانای موسڵمانانی چینەوە

مامۆستا نوورسییش لە کاتی چاو پێ کەوتنەکەیدا ، ئەو سکاڵایەی خستە روو تا بە هانای مامۆستا عبد الرشیدەوە بچن ، ئیتر نەی زانیی بوو، کە سوڵتان فەرمانی داوە بە کۆمەکیی کردنی ..

پاشان مامۆستا نوورسیی رەخنەی لە حکومەتی سوڵتان عەبدولحەمید گرت، کە ئازادیی تیا بە دیی ناکرێت ، بەڵکو (إستبداد) بەدیی ئەکرێت و ، دەریشی بریی (إستبداد) هیچ پەیوەندییەکی بە شەریعەتی پیرۆزەوە نیە .

---

[٥٥] عبدالرشید إبراهیم (١٨٥٠ ـ ١٩٩٤ ز) خەڵکیی ناوچەی سیبریایە ، واتە لە موسڵمانەکانی رووسیایە . بە منداڵی بە چاکیی شارەزای زانست ئەبێت و لە (١٨٧٠) سەردانی ئەستەنبوڵ و مەککە و مەدینە ئەکات و چەند ساڵێك لە حیجاز ئەمێنێتەوە ، تا زانست وەربگرێ ، چاویشی بە (شێخ شامل) ی موجاهیدی رووسیی ئەکەوێت، لە ساڵی (١٨٨١ ز) دا ئەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ و چاوی بە (جمال الدین) ی ئەفغانیی و ، نامق کمال و ، ئەحمەد وەفیق پاشا ئەکەوێ، پاشان ئەگەڕێتەوە رووسیا بۆ ئیرشادی موسڵمانان، لەوێ قوتابخانە دائەمەزرێنێ و ، دەست بە وتاردان ئەکات، حکومەت نەفی ئەکات ، ئەویش ئەچێت بۆ چین و کۆریا و هیند و یابان و دەربارەی ژیانی موسڵمانان کتێبی (جیهانی ئیسلامیی) ئەنووسێت، لە ساڵی ١٩٠٤ ز دا لەگەڵ (شیخ الإسلام) ی رووسیا مامۆستا مووسا جار الله (١٨٧٨ ـ ١٩٤٩) ، لەسەر چالاکیی دینییان لەلایەن حکومەتی رووسیاوە نەفیی ئەکرێن و ، ئەوانیش روو لە یابان ئەنێن و لەوێ کۆمەڵەی (ئاسیای گەورە) دائەمەزرێنن، پاشان مامۆستا (عبدالرشید) سەردانێکی چین ئەکات و حاڵی خراپی موسڵمانەکان ئەبینێ، کە چۆن ستەمیان لێ ئەکرێت .

مامۆستا نوورسیی وەك گەنجێکی خوێن گەرم و شارەزای شەریعەت مافی خۆیەتی، کە رەخنە بگرێت و داوای حوکمی شەریعەت بکات ، لە هەمان کاتدا ئەگەر سەرنجێکی بارودۆخ و زەمانە و دەوروبەری سولتان عەبدولحەمید و دەوڵەتی عوثمانیی بگرین بۆمان دەرئەکەوێ، کە سولتانی ئازیز لەوە زیاتر توانای نەبووە و، ئەوەش (إستبداد) نیە، کە سولتانی مەظلووم لەسەری بووە ، چونکە چەندین گێروگرفت یەخەیان بە دەوڵەتی عوثمانیی گرتبوو و ، چەندین دەوڵەتی مل هوری دوژمن بە ئیسلام و تەماع کاریش دەورەیان لێ دابوو .. ئەوەبوو سولتان لە حەفتاکانی صەدەی نۆزدەهەمدا ویستی دەستوور پیادە بکات و ، یاسای پەرلەمان دابمەزرێنێ ، کەچیی چونکە هاولاتیانی دەوڵەتی عوثمانیی بریتیی بوون لە چەندین نەتەوە و ، توخم و ، دین و ، زمان و ، مەزهەب ئەوا دەوڵەتە بێگانەکان بە ئاسانیی ئەیان توانیی دەست بخەنە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەوە و، هەڵنانی هەندێ توێژی ولاتەکە لە دژی دەوڵەت و ، لە ئەنجام دا ئاژاوە بەرپا ببێ، بۆیە یەکەم هەوڵی سولتان بۆ پیادەکردنی دەستوور سەری نەگرت ، چونکە ناحەزان ئەو کارەیان بە هەل زانیی و ، لە دژی دەوڵەتی عوثمانیی بە کاریان هێنا، ئەوەبوو بە پیلانی ئەندامە ناموسڵمانەکانی پەرلەمان دەوڵەتی عوثمانیی تووشیی جەنگی ساڵی ١٧٧٦ ز کرا لەگەڵ رووسیادا، سەرەنجام دەوڵەت تووشی قەرزاریی هات ئەمەش بە هۆی ئەوەوە، کە بارودۆخ بۆ ئەو جۆرە حوکمە هێشتا نەرەخسا بوو .. هەتا سولتان، کە دوای زیاتر لە سیی ساڵ هەوڵی دا بۆ جاری دووهەم کار بە دەستوور بکات ، ئەو کاتەش هێشتا بارودۆخ لە بار نەبوو ، دواتریش، کە کۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) هاتنە سەر کورسیی دەسەلات و دیکتاتۆریەتی حیزبییان دامەزراند و ، دوای ئەوانیش حوکمی تاکە کەسیی ئەتاتورك هاتە کایەوە نەیان توانیی حوکمی نیابیی جێبەجێ بکەن ..

هەر چەندە مامۆستا نوورسیی رەخنەی لە حکومەتی سولتان عەبدلحەمید ئەگرت ، بەلام دوایی بۆی دەرکەوت، کە (إستبداد) ی سولتان لە چاو (إستبداد) ی ئەوانەی دوای ئەو هاتن چەند کەم و لاواز بوو ..
مامۆستا موصطەفا صونگور باسی مامۆستا نوورسیی ئەگێرێتەوە و ئەڵێت : دوای ئەوەی، کە مامۆستا لە سەردەمی تاکە حیزب (سەردەمی موصطەفا کەمال و عیصمەت ئینۆنۆ) دا ئەوەی چەشت، کە چەشتی، لەگەڵ خۆی ئەدوا و ئەی وت : ئەی سەعید ! لە تۆڵەی ئەو نارەزاییەی، کە دەرهەق بە سولتانێکی بەسۆز و بەشەفەقەت دەرت ئەبریی کە گوایا (إستبداد) بە کار ئەهێنێ ، ئازاری ئەم (إستبداد) ە سامناکە بچێژە
هەروەها ئەگێرێتەوە و ئەی وت : رۆژێکیان مامۆستاکەمان (واتە مامۆستا نوورسیی) دەربارەی خوا لێ خۆش بوو، سولتان عەبدولحەمید وتی : سولتان عەبدولحەمید وەلیی و پیاوچاکە و ناوی ئەویشم خستۆتە ناو دوعا تایبەتییەکانمەوە، بۆیە هەموو بەیانییەك ئەپاڕێمەوە و ئەڵێم : **خوایە ! لە سولتان عەبدولحەمید خان و سولتان وەحیدەددین و خێزانی عوثمانیی حوکم بە دەست رازیی بێت**

هەروەها ئەی وت : (**سولتان عەبدولحەمید خەلیفەی شەصت ملیۆن موسڵمان بوو و ، من بە پیاوچاکێك لە پیاوچاکانی خوای لە قەڵەم ئەدەم**)
ئەمەش لە وەڵامی نووسەرێك‌دا، کە کتێبێکی دژی سولتان عەبدولحەمید نووسیی بوو .
مامۆستا نوورسیی لە سەرەتاوە، کە بانگەشە بۆ ئازادیی و سەربەستیی ئەکرا، دڵی پێ خۆش بوو، بەلام مەرجی بۆ دائەنا ، ئەو مەرجەش بریتیی بوو: لەوەی ئەو

ئازادییە لە سنووری شەرع دەرنەچێت ، ئەگینا (إستبداد) ی رەها تەنگ بەو ئازادییە هەڵ ئەچنێت و لە ناوی ئەبات .

وتمان : مامۆستا نوورسیی سوڵتان عەبدولحەمیدی بە وەلیی لە قەڵەم ئەدا ، چونکە لەو بارودۆخە ناهەموارەدا، کە دەوڵەتی عوثمانیی پیایا تێ پەریی سوڵتان مەردانە بەرەنگاری پیلانەکانی دوژمنان ئەبوویەوە و ، هەوڵی دا قەرزێکی زۆری دەوڵەتی دایەوە و ، چەندین قوتابخانەشی لە سەرانسەری ولآتدا کردەوە هەروەها عەشرەتە کۆچەرییەکانی پارێزگاکانی خۆرهەلآتی بە دروست کردنی هێزە چەکدارەکانی (الحميدية) بەرەو مەدەنیەت بردن و ، خۆیشی نوێژی جومعەی لە مزگەوت بە جێ ئەهێنا و ، هەمیشە لە کۆشکەکەیدا زانایەکی بەرێزی خواناسی شارەزای شەریعەتی دانا بوو، تا بە وێنەی رابەرێکی مەعنەویی ئامۆژگاریی بکات و ، ئەمیش پرس و رای پێبکات ، رەحمەتی خوای لێبێت .

کە مامۆستا داواکارییەکانی خستنە روو و رەخنەشی لە دەوڵەتی عوثمانیی و لە سوڵتان عەبدولحەمید گرت ، سیفەتی شێتییان دایە پاڵی و ، ناحەزان و حەسوودان کەوتنە تاوانبارکردنی تا ئەو رادەیە کە سوڵتان فەرمان بدات و بی خەنە خەستەخانەی شێتانەوە .

جا مامۆستا خۆی دەری ئەبرێ، کە بەزەیی بە ناوچەی کوردستاندا هاتۆتەوە و، بە نیازی خزمەتکردنی سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە، وەك ئەوە بگەیەنێ، کە ئەندامێکی دەوڵەت لاواز و نەخۆشە، کەچیی، کە دێتە ئەستەنبوڵ و سەرنجی ئەدا، ئەبینێ ئەو زیاتر نەخۆشە و ، نەخۆشییەکە لە دڵدایە و لەوێوە و تەشەنەی کردووە و ، ئەندامەکانیش تووش بوون ..

لەسەر ئەو رەخنانە (بديع الزمان) رەوانەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی دادگای عەسکەریی یەڵدز کرا .. لەوێ فەریق شاکر پاشای سەرۆکی دادگا ، کە گومانی

هەبوو (بدیع الزمان) سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی کوردیی جیاخواز بکات پرسیی :

ـ تۆ سەر بە چ عەشرەتێکی کوردییت ؟

مامۆستاش وەڵامی دایەوە :

ـ ئەی تۆ سەر بە چ عەشرەتێکی تەتارییت ؟ من کەسێکی عوثمانییم و ، کوردییەتەکەیشم لەو ناوەوە پەیدا بووە، کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی، کە تیایا لە دایك بووم و پێ گەیشتووم بەسەرمدا برییانە

ئەو رەخنانەی، کە لە دڵیا بوون چەند جارێکیش لە دادگادا دەری برین ، بە رادەیەك، کە ترسی خستە دڵی (مدعي عام) سروور ئەفەندییەوە و ، بە سەرسورمانەوە پرسیی، کە چۆن ئەوێرێ ئەو قسانە بکات ، چونکە سوڵتان توورە ئەبێت و سزای ئەدات ؟

مامۆستاش تێی گەیاند کە ئەو وتانەی لەبەردەمی سوڵتاندا وتوون، ئەمە ترسی خستە دڵی ئەندامانی دادگاوە ، هەتا ئیسماعیل پاشای پشکێنەری عەسکەریی گشتیی قوتابخانە عەسکەریەکان هاتە سەر ئەو رایە، کە (بدیع الزمان) تێك چووبێت ، بۆیە وای بە چاك زانیی بینێرنە خەستەخانە بۆ فەحص کردنی مێشکی، ئەوەبوو هەر لەو دادگایەدا پێنج لە دکتۆرەکان ، کە بریتیی بوون لە دکتۆرێکی تورکیی و ، یەکێکی رۆمیی و ، یەکێکی ئەرمەنیی و ، دوانی جوولەکە ، بریارێکی لەو جۆرەیان ئیمزا کرد

کە رەوانەی خەستەخانەی نەخۆشییە عەقلییەکان کرا لە ناوچەی تۆپ تاشیی، دوای چەند حەفتەیەك لە کۆشکی سوڵتانەوە دکتۆرێك ئەنێرنە لای تا دەربارەی حاڵەتیی عەقڵیی راپۆرتێکی بۆ بنووسێ، هەر، کە دکتۆر ئامادە بوو مامۆستا بەوپەری سەلیقەوە باسی خۆی و ناوچەی کوردستانی بۆ دکتۆر کرد و ، بە وێنەی

حەكيمێكی بێ وێنە گەوهەر لە دەمی ئەبارێی .. دكتۆر بە جارێ سەری لە ژيریی و زيرەكيی مامۆستا سور ئەما .. سەرنجی دا زيرەكيی ئەم پياوە لە چڵە پۆپەدايە.. لە بەردەميدا خۆی بە قوتابیی دا ئەنا و ئەويش بە مامۆستا سەرەنجام هاتە سەر ئەوە كە راپۆرت بۆ لايەنە رەسمييەكان بنووسێت و تيايا بنووسێت : ئەگەر ئەوەندەی گەرديلەيەك شێتيی لە لای (بديع الزمان) هەبێت ، كەواتە لە سەرانسەری دنيادا يەك ژير نيە

بەڵام كاربەدەستان و دايەرەی رۆژێن ئەم دەست و ئەو دەستيان بە راپۆرتەكە ئەكرد و ماوەيەكی زۆر دوا خرا ، بۆيە مامۆستا لەو خەستەخانەيەدا بۆ ماوەی هەشت مانگ مايەوە

ئەو راپۆرتەی كە ئەو دكتۆرە خاوەن ويژدانە بۆ مامۆستای نووسيی ترس و سەرسامیی لەلای كاربەستانی كۆشكی خەلافەت دروست كرد ، بۆيە بە پەلە فەرمانيان دەركرد كە مامۆستا لە خەستەخانەوە بگوێزنەوە بۆ بەنديخانە و ، لەگەڵ وەزيری ئەمن شەفيق پاشادا فەرمانێكی ئيدارييان نارد، كە بريتيی بوو لە برينەوەی مەبلەغی سيی ليرە زێر وەك مووچەيەكی مانگانە بۆ مامۆستا نوورسيی، لەگەڵ هەندێك بەخشين ، تا لە ئەستەنبوڵ دوور بخرێتەوە

كە لە خەستەخانە دەرچوو برديانە بەردەم ليژنەی پشكنينی عەسكەريی، كە ئەوەبوو لە نێوان مامۆستا و شەفيق پاشای وەزيری ئەمن و سەرۆكی ئەو ليژنەيەدا ئەم وت و وێژە رووی دا

شەفيق پاشا : سوڵتان سەلامت لێئەكات و ، فەرمانيشی داوە مووچەيەكی مانگانەت بۆ ببڕێتەوە، كە بريتيیە لە هەزار قيرش و ، كاتێكيش گەرايتەوە بۆ ناوچەكەت ئەم مووچەيە ئەبێتە سيی ليرە و ، مەبلەغی هەشتا ليرەی زێريشی بە شێوەی خەڵاتی سوڵتانیی بۆ ناردووی

بەدیعوززەمان: من سوالکەری مووچە نەبووم ئەگەرچیی بگاتە هەزار لیرەش، من لە پێناوی ناوچەکەمدا هاتووم بۆ ئێرە ، نەك لە پێناوی خۆمدا .. پاشان ئەوەی، کە هەوڵ ئەدەن پێشکەشی بکەن بەرتیلی بێ دەنگ بوونە

شەفیق پاشا : تۆ بەمە خەلاتی سولتانیی ئەدەیتە دواوە و ، خەلاتی ئەویش نادرێتە دواوە

بەدیعوززەمان : من ئەی دەمە دواوە ، تا سولتان زیز ببێ و بانگم بکات و ، ئەو کاتەش هەلم دەست ئەکەوێ تا راستیی پێ بلێم .

شەفیق پاشا : دەی سەرەنجامی باش نابێت .

بەدیعوززەمان : ئەگەر سەرەنجامەکەی ئەوەبێ بخرێمە ناو دەریاوە ، ئەوا دەریاکە بۆم ئەبێتە قەبرێکی فراوان و ، گەر لە سێدارەش بدرێم ، ئەوا لە ویژدانی ئوممەتی ئیسلامدا ئەژیم، بشزانن کاتێ هاتوومەتە ئەستەنبوڵ گیانم خستۆتە سەر لەپی دەستم، جا هەرچیتان پێ خۆشە پێم بکەن، من ئەزانم چیی ئەلێم، چونکە ئەمەوێ هاوولاتیانم ئاگادار بکەمەوە ، ئەمەش بۆ خزمەتی ئەو دەولەتەی، کە وام لە سایەیدا ، نەك لە پێناوی بە دەست هێنانی مووچەدا .. پاشان ئەو خزمەتەی، کە کەسێکی وەکو من بتوانێ بیکات ئەوەیە ئامۆژگاریی بە ئوممەت و بە دەولەت پێشکەش بکات، دیارە ئەم ئامۆژگارییەش کاتێك نرخی ئەبێت، کە بە چاکیی کاریگەریی هەبێت و ، کاتێکیش کاریگەریی چاکی ئەبێت، کە بە ئیخلاصەوە و دوور لە هەموو خلتەیەکی تەماع ئەنجام بدرێت و ، ئەمەش کاتێ دێتە دیی، کە بەبێ بەرامبەر و ، دوور لە سوودی کەسیی بێت، لەبەر ئەوە، کە من ئەو مووچەیە ئەدەمە دواوە ، چاوپۆشییم لێکراوە .

شەفیق پاشا: ئەو پێشنیارکردنەت بۆ بلاوکردنەوەی زانستەکان لە ناوچەکەتدا، ئێستا وا لە ژێر کۆلینەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا

بەدیعوززەمان : کەوابێ ، باسی زانستەکان بۆچ دوا خرا و ، بۆ مووچەکە پەلە کرا و ، لەسەر چ بناغەیەکیش ئەمە بەجێ هێنرا ؟ بۆچیی سوودی کەسیی پێش سوودیی گشتیی ئەخەن ؟

لەگەڵ ئەوەدا، کە مامۆستا نوورسیی بەم شێوە توند و تیژە وت و وێژی لەگەڵ وەزیردا کرد، و بە شێوەیەکی جەرگ بڕ رەخنەی لە حکومەت ئەگرت ، کەچیی ئازادیان کرد [٥٦]

بە ماوەیەکی کەم پێش جاردانی مەشرووطیەتی دووهەم لە ٢٣ ی تەمووزی ساڵی ١٩٠٨ زدا مامۆستا (بدیع الزمان) بەرەو شاری سلانیك کەوتە ڕێ کە ئەو کاتە بنکەی سەرەکیی چالاکیی کۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) نهێنیی و نەیاری حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم بوو، سەرۆکەکانی ئەو کۆمەڵەیە پەیوەندییان پێوەی کرد و بە تەما بوون رای کێشنە سەر بیر و بۆچوونەکانی خۆیان، چونکە ئەوان دروشمی (سەربەستیی و ، برایەتیی و ، یەکسانیی) یان بەرز کردبوویەوە و ، بیرو بۆچوونی مامۆستاش، کە بریتیی بوو لە شوورا و برایەتیی ئیسلامیی و عەدالەتی ئیسلامیی ، لەگەڵیانا تەریب بوو .

لەو سەردەمەدا مامۆستا (بدیع الزمان) تەئکیدی ئەکردە سەر مەبدەئی شوورا ، تا بە موسڵمانانی بگەیەنێ، کە شوورا لە ئیسلامدا زۆر گرنگە و ، یاسای حوکمی تاکە کەسیی لەلایەن بیریار و پارتەکانی خۆرئاواوە بە یاسای ئیسلام لە قەڵەم نەدرێ و ، خەلیفە سێبەری خوا نیە لەسەر زەوییدا .. خۆ دیارە ئەم بانگەوازەی مامۆستا بۆ شوورا لە زاناکانی تری جیا ئەکردەوە و ، لە هەمان کات دا لەوانە بوو، بکەوێتە بەر خەشم و قینی حکومەت .

---

[٥٦] سیرة ذاتیة : ٦٩ ـ ٨٠ ، رجل القدر : ٢٩ ـ ٣٦

لە شاری سلانیك ئەندامانی كۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) دەورەیان لـە (بـدیع الزمان) دا و پێیان خۆش بوو، پیاوێكی وەها ناودار پاڵیان پێوە بدات تا كەڵك لە ناوبانگیی وەربگرن، بەڵام هەرچەندە لە سەرەتاوە پشت گیریی لێ ئەكردن ، بـە سەربەخۆ مایەوە و بیروبۆچوونی خۆی تێكەڵ بە بیری ئەوان نەكرد

لـەو كاتانـەدا عـەمانۆئێل قەرەصـوو ، كـە جوولەكەیـەكی ناسـراو بـوو و، ئەندامێكی دیاری ماسۆنییەت بوو، و دەورێكی دیاریشی لە داماڵینی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمدا هەبوو ، هەوڵی دا چاوی بە مامۆستا نوورسیی بكەوێت، بەو نیازەوە كاری تێبكات و رای بكێشێ .. مامۆستا ئەو چاو پێ كەوتنەی پـێ خۆش بوو و ، رەزامەندییشی لەسەر نواند، كەچیی كابرای جوولەكە كۆبوونەوەكەی تێك دا و بە پەلە رای كرد و ، لە دەستی مامۆستا خۆی داماڵیی نەوەكو كاری تێ بكا كە هەستا ئەی وت : خەریك بوو ئەم پیاوە سەیرە بە قسەكانی موسڵمانم بكات ..

ئەوەبوو دواتر كۆمەڵەی (إتحاد وترقي) كە كاریان گرتە دەست و ، بیرو باوەری رزیوی بێ دینیی خۆیان ئاشكرا كرد ، دەستیان دایە تیرۆركردنی نەیارانیان و، لە سێ دارەدانیان، مامۆستا بەوپەری غیرەتەوە دژیان ئەوەستا و زوڵم و ستەمی ئەو ماوەیەی بۆ روون ئەكردنەوە

ئا لەو كاتەدا موفتیی وڵاتـی میصـر ، مامۆسـتا بوخـەیتی مـوطیعیـی [57] سەردانی ئەستەنبوڵ ئەكات ، كە زانایەكی بە ناوبانگ ئەبێت، هەنـدێك لایـان

---

[57] یەكێك لە گەورە فەقیهانی میصر بووە و ، لە شاری موطیعەی سەر بە پارێزگای ئەسیووطی صـەعیدی میصر لە دایك بووە، لە ئەزهەر خوێندنی تەواو كردووە و سـەرگەرمی دەرس وتنـەوە بـووە . سـاڵی ١٢٩٧ ك گوازراوەتەوە بۆ قەضای شەرعیی و ، پەیوەندییشی بە بەرێز (جمال الـدین) ی ئەفغانییەوە كردووە و ، پاشان لە ١٣٣٣ ك دا بۆتە موفتیی وڵاتی میصر هەتا ١٣٣٩ ك . چەند كتێبێكی بە نرخی هەن و ، ساڵی ١٣٥٤ ك كۆچی دوایی كردووە . (الأعلام : ٦ / ١٢٧٤)

وابوو شتێکی عەنتیکە ئەبێت، کە ئەگەر ئەم زانایە و (بدیع الزمان) بکەونە وت و وێژ و ، لەوانەیە ئەوەی، کە بە زانایانی ئەستەنبوڵ نەکرا ، کە بریتیی بوو لە بەزاندنی (بدیع الزمان) ، ئەم بتوانێ ئەنجامی بدات .. ئەم پێشنیارە خرایە بەردەم مامۆستای میصریی و ئەویش رەزامەندیی دەربریی .

رۆژێکیان لە قاوەخانەیەکی نزیکی مزگەوتی ئایاصۆفیا و ، دوای نوێژی عەسر، مامۆستای میصریی زانیی (بدیع الزمان) لەوێیە ، بە هەلی زانیی لەگەڵیا بکەوێتە وت و وێژ و ، لەبەردەم کۆمەڵە زانایەکدا ئەم پرسیارەی ئاراستەی (بدیع الزمان) کرد :

دەربارەی ئەو سەربەستییەی، کە لە دەوڵەتی عوثمانییدا هەیە و ، دەربارەی شارستانێتیی ئەورووپاش رات چییە ؟

(بدیع الزمان) وەڵامی دایەوە :

دەوڵەتی عوثمانیی بە دەوڵەتێکی ئەورپاییەوە ئاوسە و ، رۆژێك دێت، کە لێی ببێ و ، ئەورووپاش بە ئیسلامەوە ئاوسە و ، رۆژێك دێت، کە لێی ببێ ..

مامۆستای بەرێز وتی : منیش تەصدیقی ئەوە ئەکەم، کە ئەیڵێ .

پاشان بە زانایانی دەوروبەری وت : ئەم گەنجە بەرابەرکێی لەگەڵدا ناکرێ و ، ناشتوانم بی بەزێنم ..

ئەوەتا لە دایك بوونی یەکەمان دیی، کە بۆ دوورکەوتنەوە لە دین چارەکە صەدەیەك پێشی ئەورووپا کەوت .. بەڵام لە دایك بوونی دووهەم بە ئیزنی خوا دوای سیی ساڵ دەرئەکەوێت . لە خۆرهەڵاتیش و لە خۆرئاواش دەوڵەتێکی ئیسلامیی پەیدا ئەبێت .. [٥٨]

[٥٨] الملاحق ، ملحق أميرداغ : ٢ / ٣٨٦ . (سيرة ذاتية : ٨٤ ، ٨٧ ، رجل القدر : ٣٧ ـ ٣٨)

سێهەم : چالاکیی ئەو ماوەیەی

دوای ئیعلانی دەستووری دووهەم و ، ئازادکردنی رۆژنامەکان تا چییان پێ خۆشە بی نووسن ، هەرچیی و پەرچیی و ئاژاوەیەك بلاو بوویەوە، چیی ئەنووسرا لە سەرانسەری دەوڵەتی عوثمانییدا دەنگی ئەدایەوە .. هەر نووسەر و بیریارێك وەهای ئەزانی هەرچیی ئەو ئەی زانیێ راستییە و ، تەنها بەوەش خزمەت ئەکرێت.. لە راستییدا بەشێك لە نووسەران بە راستیی رۆشنبیر بوون، و بە دڵسۆزانە کاریان ئەکرد ، بەو هیوایەی نەخۆشییەکان بدۆزنەوە و ، دەرمانیان بۆ دیاریی بکەن، بەڵام بەشێکی تر بۆ بەرژەوەندیی خۆیی کاریان ئەکرد و ، بە لایانەوە ئاسایی بوو، خۆیان بە هەموو لایەك بفرۆشن ، بەو مەرجەی پارە و پووڵیان دەست بکەوێ، دیارە هەموو کۆمەڵێك لە هەردوو بەشەکەی تێدایە ، ئەوەندە هەیە ئەگەر ئەو کۆمەڵە زیندوو بێت دڵسۆزەکانی زۆر ئەبن و خۆ فرۆشانی دەگمەن ئەبن، بەڵام ئەگەر زۆربەیان ئاوی روویان تکا و شەرم و حەیا لەلایان باری کرد ، ئەوا دڵسۆزە پاکەکان غەریب و ئاوازە دەرئەچن .. لە هەمان کاتدا دەوڵەتە مل هورەکان وەك ئینگلیز و فەرەنسە و روسیا تەماعیان کردبووە دەوڵەتی عوثمانیی ، بۆیە پارەیەکی زۆریان بە خەرج ئەدا بەو مەرجەی ئەو دەوڵەتە لاواز بکەن و سەرەنجام بیخەن .. لەلایەکی ترەوە ماسۆنیەتیش دەوری خۆی بینیی و کۆمەڵەی (إتحاد وترقي) هێنایە سەر حوکم تا ئاواتەکانی خۆی بێنێتە دیی .

هەر لەم ماوەیەدا نووسین و بیری ئیلحادیی تەشەنەی کرد و ، نەمانی سوڵتان عەبدولحەمیدیان بە هەل زانیی، کە ساڵەهای ساڵ بوو پەرچی ئیلحادی ئەدایەوە و، ئاڵای کۆمەڵگای ئیسلامیی بەرز ئەکردەوە .. ئەو مولحیدانە چەند گۆڤار و کتێب و رۆژنامەیان دەرئەکرد

شایانی باسە، کە بیری ئیلحادیی لە خاکی ئیسلام دا نەش و نومای نەکردبوو ، بەڵکو وەك درەختێکی نامۆ لە ئەورووپا هەڵیان کێشا بوو، و هێنابوویان لە خاکی قورئان‌دا بینێژن . دیارە جگە لە گێلیی و خەواڵوویی موسـڵمانان هـیچ شـتێك پشت‌گیریی لە کاری وەها ناشەرعیی ناکات ..

لە هەموو دنیادا چ میللەتێك دەست لە میللەتی خۆی هەڵ ئـەگرێت و ، بـە دوژمنی ئەفرۆشێت ؟!

بۆیە بەرامبەر بەو نووسەرە خۆفرۆشـانە چـینێکی بـەرێز لـە نووسـەران پـێ گەیشت، کە بە شێوازێکی بەرز و پیرۆز راستییەکانیان ئەخستە پێش چـاوان و ، پێشکەشیان ئەکرد، لە هەموو ئەوانە بە ناوبانگ تر ئەحمەد حیلمیـی شـابەندەر زادە [59] و ، ئیسماعیل فەننیی بوو . [60]

دیارە مامۆستا (بدیع الزمان) لە هەموان زیاتر هەستی بە مەترسیی شەپۆلی ئیلحاد ئەکرد و ، لە هەموانیش زیاتر غیرەتی ئەجوولا ، بەڵام ئەم بە شێوەیەکی

---

[59] ئەحمەد حیلمیی شابەندەر زادە (١٨٦٥ ـ ١٩١٤) : لە فیلیبا لە دایك بووە و ، زانستە شەرعییەکانی لای موفتیی ئەو شارە خوێندووە و ، ئامادەییشی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە، سەری لە بەیرووت و میصر و فیزان داوە و لە ١٩٠٨ دا گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ و گۆڤارێکی حەفتانەی بە ناوی (الإتحاد الإسلامي) دەرکردووە ، بەڵام کۆمەڵەی (إتحاد وترقي) دایان خستووە ، ناچار لە گۆڤار و ڕۆژنامەی تردا نووسینەکانی بڵاو ئەکردنەوە، پاشان ڕۆژنامەیەك و چاپخانەیەك دائەمەزرێنێ و دەست ئەداتە هێرش بۆ سەر (إتحاد) یەکان و ئەوانیش دایان ئەخەن . پاشان لە ١٩١٢ دا گۆڤارێکی گاڵتەو گەپی حەفتانەی دەرئەکرد، لە کۆلێژی (فنون) دەرسی فەلسەفەی ئەوتەوە و ، چەند کتێبی نایابیشی نووسیوە لەبەر ئەوەی مامۆستا یەکێ لەوانەی، کە هێرشی ئەکردە سەر صەهیۆنیەت و ماسۆنییەت ، ژەهریان دەرخوارد دا و لە ساڵی ١٩١٤ وەفاتی کرد

[60] ئیسماعیل فەننیی (١٨٥٥ ـ ١٩٤٦) لە شارێکی بولغاریای ئێستا لە دایك بووە و ، سەرەتای خوێندنی لەوێ تەواو کردووە، لە تەمەنی بیست ساڵییدا دێتە ئەستەنبوڵ و لەوێ خوێندن تەواو ئەکات، زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی و فەرەنسیی و فارسیی بە چاکیی شارەزا بووە، سەرەڕای خوێندنەوەی زۆری و ، سەرەڕای ئەوەش، کـە شاعیر و مۆسیقارو ئاوازساز بووە

ئاسان و ناسك دەستی دایە بەرگریی لە ئیمان و ، بە نووسینە دڵ رفێنە پـر لـە کاریگەرییەکانی دەستی دایە پەرچ دانەوەی ئیلحاد ، بە شێوەیەك، کە ئەوانـەی خوێندەوارییان کەم بوو، لێی تێ بگەن و ، شـارەزا پایەبـەرزەکانیش کـەڵکی لێ وەربگرن ، بەڵام لەم ماوەیەدا نووسـراوەکانی لـە گۆڤـار و رۆژنامـەکاندا بـڵاو ئەکردەوە

ئەوەبوو (حسین جاهد یالچین) کە سەرنووسەری رۆژنامەی (طنین) و یـەکێ لە ئەندامە ناودارەکانی کۆمەڵەی (إتحـاد و ترقـي) بـوو ، دەسـتی دایـە بـڵاو کردنەوەی عەلمانیەت و دژایەتیی کردنـی ئیسـلام ، هـەروەك وەهـا بزانـێ، کـە ئیسلامیش وەك دینی مەسیحیەت وەهایە، دەری ئەبریی، کە خۆرئاوا دوای پشت هەڵکردنیان لە کەنیسە بەرەو پێشەوە چوون . [٦١]

مەردانە مامۆستا نوورسیی وەك شێری بێشە لێی دەرپەریی و ، بە مەقالەیەك پەرچی دایەوە، کە لە ئیسلامدا پیاوی دینیی نیە و ، کەس ناتوانێ خـۆی فـەرز بکات ، بەڵکو لە ئیسلامدا مامۆستای ئیرشاد و رێ نیشاندان هەن ، کە خۆیان بە جوانیی رەفتار بـە وتـەکانیان ئەکـەن و ، لـە هـەموو کەسـێك زیـاتر پابەنـدی فەرمانەکانی شەریعەتن .

---

[٦١] حسین جاهد یالچین (١٨٧٥ ـ ١٩٥٩) رۆژنامەنووس و رۆمان نووسێکی تورکییە و ، فـەرمان بـەر و مامۆستای ئینگلیزیی و فەرەنسیی بووە، پاشان دەستی داوەتە نووسینی مەقالە و چیرۆك و رۆمان، دوای کوودەتای ١٩٠٨ تێکەڵ بە سیاسەت بوو، و بە نوێنەری ئەستەنبووڵ هەڵ بژێررا و ، لە رێی رۆژنامەی (طنین) ەوە بەرگریی لە (إتحاد و ترقي) ئەکرد، کە دەوڵەتی عوثمانیی دۆڕا و (إتحاد) ی یەکانیش لە ١٩١٨دا کەوتن و نەفیی کران ، ئەویش نەفیی کرا بۆ دوورگەی (مالطە) . سێ ساڵ لەوێ مایەوە و فێری زمانی ئیتاڵیی بوو، و چەند کتێبێکی وەرگێڕان، بە نووسینەکانی دەورێکی وێران کاریی ئەبینی

لێرەدا (حسین جاهد) لـە وتـەكانی پەشـیمان بوویـەوە و دەری بریـی، كـە مەبەستی دژایەتیی نەبووە ، بەڵكو ئیمانی بەو بنچینانە هەیە كە (بدیع الزمان) باسی كردوون .

هەروەها ئەمیر محمد صباح الدین، كـە خوشـكەزای سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووهەم بووە، هەندێ پێشنیار پێشكەش ئەكات تـا چارەسـەری گیروگرفتـەكانی دەوڵەتی عوثـمانیی بكرێت ، كە بریتیی بوون لە بریاردان لەسەر لامەركەزیەت و حوكمیی زاتیی دان بە كەمینە نەتەوەیی و دینییەكانی دەوڵەت، بەلام مامۆستا (بدیع الزمـان) پەرچی ئەم رایەشی دایەوە و ، دەری بریی، كـە ئـەو نەخشـەیە بریتییە: لە پارچە پارچە كردنی دەوڵەتی عوثـمانیی و ، بە قازانجی دەوڵەتە تەماع كارە بێگانەكان دەرئەچێت ، بەڵكو چاك وەهایە كە بیر لە یەك بوونی موسڵمانان و هەوڵی جێبە جێ كردنی شەریعەت بدرێت ، چونكە ئیسلامی بێگەرد بە ئەحكامە پر عەدالەتەكانی مافی هەموو لایەك ئەپارێزێ و ، رەحمەتی خوایە بۆ هەمووان ، هەتا بۆ ناموسڵمانەكانیش ..

وەنەبێ مامۆستا (بدیع الزمان) تەنها بە مەقالـە نووسـین خـەریكی كـار و خزمەت بوو بێت ، بەڵكو لە هەر لایەك فیتنە و ئاژاوەیەك سەری هەڵ بدایە خێرا هەڵمەتی ئەدا و مەردانە قۆڵی لێ هەڵ ئەماڵیی هەتا ئاو بەسەر ئاگردا بكات و، نەهێڵێ تەشەنە بكات ..

ئەوەبوو لە یەكێ لە كۆبوونەوە جەماوەرییەكان دا، كە لەسەر شانۆی فەرەح لە ناوچەی شازادەباشیی ئەستەنبوڵ دا ئەنجام درا ، خەریك بوو، فیتنە و ئاژاوە ، لە نێوان پشتیوانانی كۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) و نەیارەكانیان دا ، بەرپا ببێ ، بگرە خەریك بوو خوێنی لێ بكەوێتەوە ، خێرا مامۆستا نوورسیی هەڵمەتی دا و چووە سەر سەكۆی شانۆكە و بە دەنگە زوڵاڵەكەی بانگی كردە ئامـادەبووان تـا هێـور ببنەوە و ، خۆیان بگرن و ، رێز لە را و بۆچوونی یەكتریی بگرن و ، دەریشی بریی،

کە میللەتێك دەستوور و پەرلەمانی ساز دابێ ، شوورەییە بۆی ئازادیی لە بەرامبەرەکەی زەوت بکات و مافی پێ شێل بکات و ، بیریشی خستنەوە، کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ بە سنگی فراوانەوە راوێژی لەگەڵ هاوەڵانی ئەکرد ئەوەبوو هێمنی کردنەوە و ، لە رشتنی خوێنی یەکتریی دەست کۆتای کردن .

هەروەها مامۆستا بە سەلیقە بێ وێنەکەی خۆی هەوڵ ئەدات حەماڵە کوردەکانی ئەستەنبوڵ واز لەو بریارەیان بهێنن، کە ئەوەبوو دەستیان لە کار کێشابوویەوە و ، خەریك بوو کاری خراپی لێ دەرچێ .

لە نۆهەم رۆژی مانگی رەمەزانی ساڵی ١٣٢٦ ك ، بەرامبەر بە نۆهەم رۆژی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ز دا نەمسا بریاری دا بۆسنە و هەرسك بخاتە سەر وڵاتەکەی ، ئەمەش بە بۆنەی ئەوەوە، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم رەحمەتی خوای لێ بێ دەسەڵاتی نەمابوو و ، هەندێ ئەفسەری گەنجی هیچ نەزان کاروباریان هەڵ ئەسووراند و، هیچ شارەزاییەکیان لە سیاسەت و کونج و کەلەبەرەکانی نەبوو.

بە بۆنەی ئەم بریارەوە لە دەوڵەتی عوثمانییدا بریار درا، کە پشت لە کەل و پەلی نەمسا بکرێت و هیچ کەس هیچیان لێ نەکرێت ، حەماڵەکانیش بریاریان دا ئەو کەل و پەلانە دانەگرن و باریان نەکەن، ئەمە پەرەی سەند و خەریك بوو، کار بکاتە سەر بازار و بازرگانیی ئەستەنبوڵ و ، حەماڵەکانیش لە سەرۆکەکانیان یاخیی بوون و ، لە هەندێ قاوەخانەدا و لە بنکەی سەرەکیی خۆیاندا کۆ ئەبوونەوە

جا مامۆستا حەکیمانە وتارێکی قەشەنگی بۆ دان و ، نەی هێشت پەرە بسێنێ و شتی خراپی لێ بکەوێتەوە ، هەتا پشکێنەری پۆلیسی گشتیی ئەستەنبوڵ سوپاس و پێ زانینی خۆی بە مامۆستا نوورسیی کرد

هەتا مامۆستا ساڵێك لەوەو بەر خەمی ئەو کوردانەی ئەستەنبوڵ ئەخوا و، ئەترسێت هەڵگرانی حیزبەکان سادەییان بە هەل بزانن و بیان خەڵەتێنن ، بۆیە

بەسەريان‌دا ئەگەڕێ و لە قاوەخانە و شوێنى كۆبوونەوەيان‌دا بەسەريان ئەكاتەوە و لە بارودۆخى ولاَت و سەربەستيى شەرعيى تێيان ئەگەيەنێت، هەتا ئەدات بە گوێيان‌دا، كە سولَتان پێويستە شوێن سوننەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ بكەوێت ئەوسا موسلَمانەكان گوێ رايەلَيى فەرمانى بكەن ، ئەگينا هەر كەس لە پێغەمبەر ﷺ ياخيى ببێ و ستەم لە خەلَكيى بكات حوكمى جەردەى هەيە ئەگەرچيى سولَتانيش بێت ..

هەروەها لە ٢٧ ى شوباطى ١٩٠٩ دا هەزاران قوتابيى زانستە شەرعييەكان لە ناوچەى بايەزيدى ئەستەنبولَدا كۆبوونەوە و ، دەستيان دايە دەربرينى نارەزايى بەرامبەر ئەو بريارەى، كە وەزارەتى جەنگ دەرى كردبوو بۆ ئەوەى قوتابيانى زانستە شەرعييەكان خزمەتى عەسكەريى ئەنجام بدەن ، كە لەوەو پێش چاوپۆشييان لێ ئەكرا ، بۆ ئەوەى سەرگەرمى خوێندن بێت، جا هەندێك بەو بيانووەوە خۆيان ئەكردە قوتابيى دينيى هەتا لە خزمەتى عەسكەريى رزگاريان ببێ، بەم بۆنەوە ژمارەى قوتابيان يەكجار زۆر بوو، و وەزارەتى جەنگيش بريارى دا تاقيى كردنەوەيەكيان بۆ ئەنجام بدات و ، ئەوەى دەرچوو چاوپۆشيى لێ بكرێ و، ئەوەش دەرنەچوو بكرێ بە سەرباز، بۆ ئەمە كاتى تاقيكردنەوە ديارىى كرا، بەلاَم ئەوەندە ماوەى نەبوو تا قوتابيان خۆيان ئامادە بكەن ، لەبەر ئەوە قوتابيان دەستيان دايە خۆ پيشان دان و خەريك بوو لەگەلَ هێزەكانى دەولَەت دا لێك بدەن، بەلاَم مامۆستا (بديع الزمان) بە پەلە خۆى گەياندە لاى ئەو قوتابيانە و وتارێكى گونجاوى بۆ دان، كە بووە مايەى هێور كردنەوەيان و ، نەهێشتنى توند و تيژيى و بلاَوەكردن بە خۆپيشان‌دانەكە بە هێمنيى و لەسەرخۆ ..[٦٢]

[٦٢] سيرة ذاتية : ٩٣ ـ ٩٤ ، رجل القدر : ٣٩ ـ ٤٣

چوارەم : کۆمەڵەی « الإتحاد المحمدی »

لە ڕۆژی ٥ ی نیسانی ١٩٠٩دا سوهەیل پاشا و ، موحەمـــەد صادق و ، فەریق ڕەضا پاشا و دەروێش وەحدەتیی لەگەڵ کەسانی تردا کۆمەڵەی (الإتحاد المحمدي) یان پێك هێنا و ، بە کۆبوونەوەیەکی دینیی قەڵەباڵغ لە شاری ئەستەنبوڵدا و لە مزگەوتی ئایا صۆفیا ئیعلانیان کرد، کە ئەستەنبوڵ ڕۆژی وەهای بە خۆیەوە نەدیی بوو .

دروست بوون و پێك هێنانی ئەم کۆمەڵەیە هەڵقولاوی غیرەت و مەردایەتیی ئیمان داران بوو، کە لە پایتەختی ئیسلام‌دا بە چاوی خۆیان دژایەتیی ئیسلامیان ئەبینیی و ، مارەکانی ئیلحادیش بلێسەی زمانیان ئەهات و ، بەبێ شەرم و حەیا دژایەتیی قورئان و فەرموودەیان ئەکرد

مامۆستا (بدیع الزمان) یش ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوو، و کە هات بە کۆمەڵێکی گەورەی قوتابیانی زانستە شەرعییەکان دەوری گیرا بوو، و وتارێکیشی پێشکەش کرد، کە نزیکەی دوو سەعاتی پێ چوو، و هانی موسڵمانانی بۆ ئەوە ئەدا، کە دەست بە ئیسلامەوە بگرن و ، دوژمنان خەریکن داو بۆ موسڵمانان ئەنێنەوە .

شایانی باسە دەروێش وەحدەتیی یەکێ بوو، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی یەك گرتنی موحەمـــەدیی و خاوەنی ڕۆژنامەی وولقان واتە گرکان بوو ، کە بە نووسینی توندوتیژ ناوبانگی دەرکردبوو .

وەحدەتیی لە بنەڕەتدا قوبروصیی بوو، و دوای ئیعلانی دەستووری دووهەم هاتبووە ئەستەنبوڵ و ، تەمەنیشی بیست ساڵان بوو، و ڕۆژنامەکەشی زمان حاڵی کۆمەڵەی موحەمـــەدیی بوو، جا هەرچەندە مامۆستا (بدیع الزمان) لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە نەبوو ، هەندێ مەقالەی لە ڕۆژنامەی گرکاندا بلاو

ئەکردەوە .. لەو مەقالانەدا داوای هێمنیی و یەكریزیی و وازهێنان لە کـردەوەی نالەباری ئەکرد و ڕێی ڕاستی پیشـان ئـەدا بـەڵکو لـە هەڵـە و هـەرزەیی دوور بکەوێتەوە، جارێکیان ئەم نامەی نووسیی :

بۆ برام دەروێش وەحدەتیی !

پێویستە ئەدیبان خۆیان بە ئەدەب برازێننەوە ، بە تایبەت ئەدەبی ئیسلامیی و، با ویژدانی دینییش پاسەوانی یاسای چاپ کراوەکان بێت ..

بەڵام وەحدەتیی ئەو ئامۆژگارییانەی نەبیستن و لەسەر ڕەوتی خـۆی بـەردەوام بوو، تا ئەوەبوو لە دوای ڕووداوی (٣١ ی مارت) گیرا و درا بە مەحکەمە و لە سێدارە درا

کە کۆمەڵەی (الإتـحاد الـمحمدي) دائەمەزرێت مامۆستا نوورسـیی ترسـی ئەوەی لێ ئەنیشێ، کە هەندێ نەزان کاری نەشیاو ئەنجام بدەن و ، لەسەر ئەو ناوە پیرۆزە بکەوێت و، کە پاڵیشی پێوە ئەدات لەلایـەن خۆیـەوە پـاڵ بـەو کۆمەڵـە نوورانییە گەورەوە ئەدات، کە موسڵمانان لە سەرانسـەری جیهـانی ئیسـلامییدا دروستیان کردووە و ، ژمارەی ئەندامەکانیشی لە(٣٠٠)سێ صەد ملیۆن کـەس زیاترە و، بریتییە لە بازنەیەك، کە پەیوەستە بە زنجیرەیەکی نوورانییەوە، کە لـە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا و لە بـاکوورەوە بـۆ باشـوور درێـژ بۆتـەوە و ، لایـەنی یەکێتیی و پەیوەندیی ئەندامەکانی تەوحیدی خوایە و ، سوێند و پەیمانیشی ئیمانە و ، ئەندامانیشی ئیماندارانی مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیین و ، تۆمارگـای ناوی ئەندامەکانیشی (لوح الـمحفوظ) ە و ، بـڵاو کـەرەوەی بـیر و فیکریشـی هـەموو کتێـب و ڕۆژنامەیـەکی ئیسـلامیین، کـە مەبەسـتیان بەرزکردنـەوەی فەرمایشتی خوایە و، شوێنی کۆبوونەوەکانیشی مزگـەوت و تەکیـە و قوتابخانـە

شەرعییەکانی سەرانسەری جیهانی ئیسلامیین و ، بنکەی سەرەکییشی هەردوو حەرەمی شەریفن..

دیارە کۆمەڵێك بەم ناونیشانانە بەرپا ببێت ، پێویستە سەرۆکەکەی فەخری کائینات ، حەزرەت (محمد المصطفى) بێت ﷺ و مەسلەك و پرۆگرامیشی بریتیی بێت لە چاوکردنی هەموو ئەندامێك لە رەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەری ئازیز ﷺ و ، زیندووکردنەوەی سوننەتی پاك و بێ گەرد و ، خۆشەویستیی ئیمان داران و ، پێشکەش کردنی ئامۆژگاریی بۆیان و ، یاسای ناوەندییش سوننەتی پاك و بێ گەرد بێت و ، دەستوور و یاسایشی فەرمان و قەدەغە شەرعییەکان بێت و ، شمشێر و چەکیشی دەلیل و بەڵگە قەناعەت پێ کەرەکان بێت ، چونکە هیدایەت دانی ئەورووپا بە قەناعەت ئەبێت نەك بە زۆر و ناچارکردن .. بە خۆشەویستیی ئەبێت نەك بە دژایەتیی و بەربەرەکانێ .. مەبەست و ئامانجیش بەرزکردنەوەی فەرمایشتی خوایە و ، رێژەی رەوشت و خواپەرستیی و کاروباری قیامەتیش لە شەریعەتدا ٩٩٪ لە صەدا نەوەد و نۆیە و ، رێژەی سیاسەتیش لە١٪ صەدا یەك زیاتر نیە و، مەبەستی ئێمەی موسڵمانیش بەرزکردنەوە گرێی ئادەمییەکانە بۆ پلە بەرزەکان و ، پێشکەوتنی ماددیش لەم سەردەمەدا یارمەتیی گەشەکردنی بانگی پیرۆز ئەدات .

بەم شێوەیە و بەم تێ گەیشتن و بۆچوونەوە مامۆستا نوورسیی پاڵ بەو کۆمەڵەیەوە ئەدات و ، خۆیشی بە بچووکترین ئەندامی لە قەڵەم ئەدات، کەواتە هەموو ئیمانداریك سەر بەو کۆمەڵەیە و ، جگە لە مولحید و بێ دینەکانیش هیچ کەس لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا نیە .

ئەمە بۆچوونی مامۆستا نوورسییە بۆ کاری ئیسلامیی .. ئیتر نابێت موسڵمانان بەش بەش بن و پارچە پارچە بن ، هەتا ئەگەر لە ژێر ناونیشانی جۆراو

جۆریش‌دا کار بکەن ، پێویستە ئەو خالآنەی سەرەوە لە یاد نەکرێن و ، موسڵمانان هەر بە یەك کۆمەڵە بزانرێن و ، کارکردنیان لە دژی یەکتریی شەرعیەتی نیە

کاتێك کە کۆمەڵەی (الإتحاد المحمدي) دامەزرێنرا ، لەلایەن ناحەزانیەوە هەندێ وەهم درانە پاڵی، ماموٚستا نوورسییش بە ژیرانە وەلآمی ئەو وەهمانەی دایەوە

لەو رۆژانەدا رۆژنامەکان کاریان بۆ رووخاندنی خوورەوشت ئەکرد و ، ورەو غیرەتی موسڵمانانیان ئەرووخاند ، بۆیە ماموٚستا نوورسییش وای بە چاك زانیی ئامۆژگارییان بکات و ، هەوڵیان لەگەڵ بدات تا رێز و ئیحترام بپارێزن . خۆیشی بە مەقالەی بەهێز رۆژنامەکانی ئەرازاندنەوە و ، دەری ئەبریی کە بە سەروماڵ بەرگریی لە شەریعەت ئەکات و ، هەموو ژیانی بۆ خزمەتی سوننەتی بێ گەرد تەرخان کردووە .[٦٣]

[٦٣] رجل القدر : ٤٤ ـ ٤٥ ، سيرة ذاتية : ٩٥ ـ ٩٦

پێنجەم : ڕووداوی ٣١ ی مارت

ڕووداوی ٣١ ی مارتی ساڵی ١٣٢٥ ی ڕۆمیی بەرامبەر بە ٢٢ ی ڕەبیعی یەکەمی ١٣٢٧ ی ك ، ١٣ ی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ ی زاینیی ، [٦٤] بریتیی بوو، لە یاخیبوونی سەربازانی ئەو هێزە سەربازییەی، کە لە لایەن (إتحاد) یەکانەوە لە شاری سلانیکەوە نێررابوو، بۆ ئەستەنبوڵ بۆ پاراستنی دەستوور و مەشرووطیەت .

ئەم یاخیی بوونە لە نیوەشەوی ١٣ / نیسانی ١٩٠٩ لە سەربازگەی (طاش قشلە) ڕووی دا ئەوەبوو سەربازەکان هەڵمەتیان دا و ئەفسەرەکانیان بەند کردن و ، خۆیشیان ڕژانە گۆرەپانی سوڵتان ئەحمەد و ، کە ڕۆژ بوویەوە دەستیان دایە گوللە تەقاندن بە هەوادا و ، ترس و لەرزێکی زۆریان پەخشان کرد، بە دەنگی بەرزیش هاواریان ئەکرد :

ـ شەریعەتمان ئەوێت .. شەریعەتمان ئەوێت .

پاشان نێرراویان ناردە لای سەربازگەکانی تر و داوایان لێکردن ئەوانیش بدەنە پاڵیان، ئەوەبوو هەندێ سەربازی تر پاڵیان پێوە دان ، سەرەرای هەندێ قوتابیی قوتابخانە دینییەکان و کەسانی صۆفیی و هەندێ کەسی تریش، کە چارەی (إتحاد و ترقي) یان نەئەویست، ئەم یاخیی بوونە یانزە ڕۆژی خایاند و چەند کەسێکیش گیانیان لە دەست دا

هەر، کە سوڵتان لەو یاخیبوونە ئاگادار بوو، سەرۆکی نووسەرانی خۆی ناردە لایان تا دڵخۆشیان بکات ، کەچیی یاخیی بووەکان داواکاریی تریان ڕاگەیاند ، کە ئەوەبوو داوایان ئەکرد (حسين حلمي پاشا) ی سەرەك وەزیر و ، (علي رضا

---

[٦٤] رجل القدر : ٥٧

پاشا) ی وەزیری جەنگ و ، (محمود مختار پاشا) ی فەرماندەی فیرقەی یەك و ، (أحمد رضا) ی سەرۆکی پەرلەمان لا ببرێن و ، (إتحاد)یەکان لە ولاّت نـەفیی بکرێن و ، ئەفسەرەکانی (ئالایلیی) کە خانەنشین کرابوون بگەرێنەوە سەر کار و، چاوپۆشییش لەوانە بکرێ، کە بەشداریی ئەم یاخیی بوونەیان کردووە

سـەربازەکان هـەوڵیان دا سـەرۆکی پەرلـەمان و رۆژنامـەنووس (حسین جاهد یالچین) کە دوو دوژمنیی سەرسەختی ئیسلام بوون، دەسـت گـیر بکەن و بیان کوژن، کەچیی خۆیان حەشار دابوو و دەست نەکەوتن ، بـەلاّم نـاظم پاشای وەزیری عەدل کوژرا ، چونکە سەربازەکان بە (أحمد رضا) یان زانیی و ، ئەمیر محمد أرسلانی نائیبی (لاذیقیە) ش کوژرا، کە وایان زانیی (حسین جاهد) ی دوژمن بە ئیسلامە، هەروەها کۆمەڵێك ئەفسەری دەرچووی کۆلێژی جەنگ بە دەستی سەربازەکان کـوژران چـونکە ئەوانـەیان بـە پاڵپشـتی (إتحـاد) یـەکان ئەژمارد

جا هەرچەندە سوڵتان سەرەك وەزیرانی لابرد و تەوفیق پاشای خستە جێگەی و، وەزیری جەنگ و فەرماندەی فیرقەی یەکی لەبەر داواکاریی سـەربازەکان لابـرد ، کەچیی یاخییبوونەکە کۆتایی نەهات .

ئەندامانی (إتحاد و ترقي) لە سلانیکەوە دەستیان دایە بروسـکە نـاردن بـۆ کۆشکی یەڵدز و ، سوڵتانیان بەوە تاوانبار ئەکرد، کە گوایا ئەم یاخییبوونە دەست کیسەی ئەوە و ، مەبەستی لە ناوبردنی دەستوور و ، کۆمەڵی (إتحـاد و ترقـي) یە، بۆ ئەمە بریار درا لە سلانیکەوە هێزێکی سەربازیی رەوانـە بکـرێ تـا ئـەو یاخییبوونە کپ بکاتەوە .. ئەم هێزە سەربازییە بە فەرماندایەتیی مەحموود پاشا رەوانەی ئەستەمبووڵ کرا ، تا دەسەلاّت بگێرێتەوە بۆ (إتحاد) یەکان، ئەوەبوو لـە ١٥ ی نیسـاندا کەوتـە رێ و ، لـە ٢٣ ی نیسـانی ١٩٠٩ دا گەیشـتە

ئەستەموولْ و دەستی بەسەردا گرت .. لە راستييدا ئەم سوپايە سوپايەكی نيزاميی توركيی نەبوو، بەلْكو سەرەرای هەندێ سەربازی تورك ، خەلْكی تری مەدەنيی لە بولغار و ئەلبانيی و جوولەكەی دژنەمەی سلانيكيشيان لەگەلْدا بوون، كە دوژمنی دەولْەتی عوثمانيی بوون و چەندين سالْ لەگەلْيا جەنگابوون ..[٦٥] ئەم سوپايە حوكمی عورفيی ئيعلان كرد و ، دادگايەكی عەسكەرييشی بۆ دادگاييكردنی لێ پرسراوانی ئەم رووداوە دامەزراند .

ئەم سوپايە زۆر بەهێز نەبوو ، بەلْكو سوپای پارێزەری كۆشكی سولْتان زۆر لەو بەهێزتر بوو ، كەچيی، كە سوپای حەرەكەی سلانيك ويستی سولْتان دابمالْێ ، سوپای كۆشك داوای لە سولْتان كرد، كە ماوەی بدرێ تا سوپای سلانيك لەناو بەرێت ، بەلاَم سولْتان رازيی نەبوو، لەسەر دامالْينی ئەو خوێن برژێت، ئيتر ئەوەبوو سوپای حەرەكە لە ٢٧ ی نيسانی ١٩٠٩ زدا بەرامبەر بە ٦ ی رەبيعی دووهەمی ١٣٢٧ ك سەعات (٣٢ : ١) ی زەواليی سولْتان دامالْرا و دەسەلاَت كەوتە دەست (إتحاد) يەكان، كە سولْتان رەشادی برای سولْتان عەبدولحەميديان كردە سولْتان ..

مامۆستا نوورسيی چەند دەقيقەيەك ئەو ياخيی بوونەی بينيی ، خێرا بۆی دەركەوت بەرەو ئەنجامێكی چاك ناروات، چونكە گوێڕايەلْيی فەرمان نەماوە و، ئامۆژگارييش كەلْكی نيە ، بۆيە دوای سێ دەقيقە شوێنی ياخيی بوونەكە چۆلْ ئەكات و بە پەلە خۆی ئەگەيەنێتە يەكێ لە گەرەكەكانی ئەستەنبولْ بە ناوی (باقر گوی) تا نەهێلْێ دۆستەكانی تێكەلْ بەو كارە بن و ، هەركەسی بديايە ئامۆژگاريی ئەكرد

---

٦٥ رجل القدر : ٤٥ ـ ٤٦

بۆ رۆژی دووهەم پرسیار لە هەندێ سەربازی گوێ رایەڵ ئەکات، کە چەند ئەفسەر پێکراون؟ ئەوانیش هەواڵی ئەدەنێ، کە تەنها چوار ئەفسەری ستەمکار پێکراون .[٦٦]

مامۆستا، کە دیتی وا گوێ رایەڵیی سەربازان لە جێی خۆیدا نیە ، زۆری پێ ناخۆش بوو ، بۆیە بە سەربازانی راگەیاند :

ئەی سەربازان ! ئەگەر ئەفسەرەکانتان بە یەك تاوان ستەم لە خۆیان بکەن ، ئەوا ئێوە بەم یاخیبوونەتان ستەم لە سیی ملیۆن عوثمانیی و سێصەد ملیۆن موسڵمان ئەکەن، چونکە شەرەف و رێزی عوثمانیەکان و عامەی موسڵمانان ، هەروەها بەختەوەریی و ئاڵای یەکێتییان ـ لە لایەکەوە ـ لەسەر گوێ رایەڵیی ئێوە وەستاوە

پاشان ئێوە داوای شەریعەت ئەکەن، کەچیی ئێوە بەم یاخیی بوونەتان پێچەوانەی شەریعەت ئەجووڵێنەوە [٦٧]

جا بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئەم رووداوە بە جوانیی دەر بکەوێت ، پێویستە ئەم حەوت خاڵە بەرچاو بگرین :

١ ـ لە ٩٠٪ صەدا نەوەدی ئەم راپەرینە دژی (إتحاد و ترقي) و دژی ستەم و ئیستیبدادیان بوو .

٢ ـ مەبەست لەم راپەرینە لابردنی ئەو وەزیرانە بوو لە نێو حیزبەکاندا وت و وێژیان لە سەر ئەکرا

---

[٦٦] سيرة ذاتية : ١٠٣ ـ ١٠٤

[٦٧] صيقل الإسلام ـ الحكمة العسكرية : ٤٤٨ .

٣ ـ رزگارکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی ستەم لێکراو ، تا لە خیلافەت دانەماڵرێ .

٤ ـ قەدەغەکردن و لابردنی ئەو بریار و ئاگادارییانەی کە لەگەڵ رەوشتی سەربازیی و رەوشتی دینیدا ناگونجێن .

٥ ـ بکوژی بەرێز (حسن فهمي) [٦٨] بدۆزرێتەوە ، ئەویش دوای ئەوەی، کە باسی کوشتنەکەی گەورە کرا

٦ ـ باسی ئەفسەرەکانی ئالایلیی ، [٦٩] کە لە خزمەتی سەربازیی دەرکرابوون، چارەسەر بکرێت و مافیان پێ شێل نەکرێت .

٧ ـ سنوورێك بۆ سەربەستیی دابنرێت ، ئەویش بە ئەحکام و رەوشتە شەرعییەکان ، تا کاری نابەجێ بە ناوی سەربەستییەوە ئەنجام نەدرێن، پاشان حەددە شەرعییەکان بە جوانیی جێبەجێ بکرێن . [٧٠]

مامۆستا نوورسیی رۆژی جومعە لەگەڵ چەند زانایەکی تردا ئەچن بۆ لای ئەو سەربازانەی کە لە وەزارەتی جەنگدا یاخیی بووبوون . ئەوەبوو بە چەند وتاری کاریگەر توانیی هەشت فەوج بهێنێتەوە سەر رێی گوێرایەڵیی، ئەمەش نموونەیەکە لە وتارەکانی :

ئەی سەربازە خواناسەکان ! شەرەف و کەرامەت و بەختەوەریی و هێمای یەك بوونی سیی ملیۆن عوثمانیی و ، سێ صەد ملیۆن موسڵمان ـ لە لایەکەوە ـ

---

[٦٨] حەسەن فەهمیی : رۆژنامەنووسێکی نەیاری کۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) بووە و ، لەسەر پردی (غلطە) بە دەستی ئەوان کوژراوە، جا کوشتنەکەی بووە هۆی رق هەڵسانی میللەت لەو کۆمەڵەیە.

[٦٩] بریتیی بوون لەو ئەفسەرانەی، کە لە پلەی سەربازییەوە بەرز بووبوونەوە ، واتە لە دەرچووانی کۆلێژی جەنگ نەبوون ..

[٧٠] صیقل الإسلام ـ الحكمة العسكرية : ٤٤٥

بەستراوە بە گوێڕایەڵیی ئێوەوە، ئەگەر ئەفسەرەکان بە تاوانێك ستەم لە خۆیان بکەن ، ئەوا ئێوە بەم یاخیی بوونەتان ستەم لە سێ صەد ملیۆن موسڵمان ئەکەن ، چونکە بەم یاخیی بوونەتان برایەتیی ئیسلامیی لەناو ئەبەن .

چاك بزانن ! دەوری سەرباز یەکجار مەزنە ، چونکە ئەو لە کارگە ئەچێت ، جا ئەگەر پێچکەیەکی ئەو کارگەیە لە کار کەوت ئەوا هەموو کارگەکە لە کار ئەکەوێت .. سەربازیش نابێ دەست لە کاری سیاسەت وەر بدەن ، ئینکیشارییەکان [٧١] چاکترین شاهێدن لەسەر ئەمە .. ئێوە داوای شەریعەت ئەکەن ، بەلاّم لە راستییدا ئێوە پێچەوانەی ئەجووڵێنەوە و چەپەڵیشی ئەکەن.[٧٢]

[٧١] ئینکیشاریی : یاسایەکی سەربازیی پیادە بووە، لە دەوڵەتی عوثمانیی دا، کە سوڵتان ئۆرخان دای مەزراندووە، لە سەرەتاوە خزمەتی چاکی پێشکەش بە دەوڵەت کردووە ، سوڵتان مەحموودی دووەم هەڵی وەشاندەوە و لە جێگەیدا یاسایەکی سەربازیی نوێی دامەزراند..(سيرة ذاتية : ١٠٦) .

[٧٢] صيقل الإسلام / الحكمة العسكرية : ٤٤٩

شەشەم : بۆ دادگای سەربازیی

مامۆستا نوورسییش یەکێك بوو، لەوانەی کە درا بەو دادگا سەربازییەی، کە خۆرشید پاشای دڵرەق سەرۆکی بوو .. [٧٣] ئەم دادگایە هەلێکی چاك بوو بۆ (إتحاد) یەکان ، تا بە بیانووی بەشدارییکردنی رووداوەکە ، یان کۆمەکییکردنی ئەوانەی، کە رووداوەکەیان بەرپا کرد ، خۆیان لە دوژمنەکانیان رزگار بکەن، شایانی باسە، کە (إتحاد) یەکان ئەم رووداوەیان کردە بیانوو بۆ لەکارخستنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ، هەرچەندە ئەو هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەو باسەوە نەبوو، لە هەمان کاتدا سوڵتان ئەوەندە خۆی بە پاك ئەزانیی داوای کرد لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بهێنن تا دەربکەوێت کێ تاوانبارە ، کەچیی (إتحاد) یەکان نەیانوێرا ئەو لیژنەیە پێك بهێنن ، نەوەکو سوڵتان بە پاك و بێ تاوان دەربچێت . [٧٤]

---

[٧٣] مامۆستا لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا بەند ئەکرێن و شەوێکیان خەو بە کاك ئەحمەدی شێخەوە ئەبینێت و مژدەی رزگاربوونیان ئەداتێ، مامۆستاش خەوەکە بۆ پیرەمێرد ئەگێرێتەوە و ، دوای ماوەیەك ئازاد ئەکرێن و ، بەو بۆنەوە پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە دیوانەکەیدا ل ١١٢ تۆمار کردووە :

کاك ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا — زۆر کەس بە سایەی تۆوە نان ئەخوا
لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ — هەر تۆی سەربەرزیی قەومەکەت ئەوێ
کە لە زیندانیان تێك خزاندبووین — سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چووبوویتە لای بدیع الزمان — مژدەت دابوویە بە ژیان وەمان
فەرموویووت ئێوە نامرن ئەمێنن — تا سەر ئازادیی گەلتان ئەبینن
خۆ من باوەڕم بەوە کردووە — بە وەسیەت ناوی ئەوەم بردووە
بەڵام وا ئەمرم بەو ئاواتەوە — بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە

[٧٤] رجل القدر : ٤٦

جا هەرچەندە (بديع الزمان) هيچ پەيوەندييەكی بەو رووداوەوە نەبوو ، بگرە بە پێچەوانەوە ، ئەو ئامۆژگاريی سەربازەكانی كرد تا رێز لە فەرمانی ئەفسەرەكانيان بگرن و ، پارێزگاريی لە هێمنيی و ئاسايش بكەن ،[٧٥] بەلاّم كۆمەڵەی (إتحاد) ئەو بابەتە توند و تيژانەيان لە ياد نەچوو بوون، كە مامۆستا لە رۆژنامەی (وولقان) دا دژی ئەوان بلاّوی ئەكردنەوە، لە هەمان كاتدا (إتحاد) يەكان كۆمەڵەی (إتحاد محمدي) يان هەڵ وەشاندەوە

كاتێك، كە (بديع الزمان) برا بۆ دادگا ، زياتر لە دە تەرمی لە سێدارە دراوەكان بە سێدارەكانەوە ، لە حەوشەی دادگای سەربازييدا هەڵواسرابوون ..

مامۆستا نوورسيی لە سەرخۆ و بە دامەزراوييەوە چووە هۆڵی دادگاوە تا بەرامبەر بە دەستەی دادگای سەربازيی بوەستێ، كە بە سەرۆكايەتيی (خورشيد پاشا) پێك هێنرا بوو، كە گەيشتە بەرەوە خورشيد پاشا بە تووڕەيی و گاڵتەپێ كردنەوە پرسيی :

تۆيش داوای (شەريعەت) ئەكەيت ؟ سەيركە ! هەركەس داوای بكات ، ئاوەها لە سێدارە ئەدرێت. (بە دەستيشی ئاماژەی بۆ تەرمی لە سێدارە دراوەكان كرد، كە لە پەنجەرەی دادگاوە ديار بوون) .

دوای ئەم هەڕەشەيە مامۆستا بە پێوە وەستا و ، لەبەردەم دادگادا بەرگرييەكی ئازايانەی قەشەنگی پێشكەش كرد، كە ئەمە هەندێكيەتی :

---

[٧٥] ئەو وتارەی لە رۆژنامەی (دينيی) دا، كە لە ئەستەنبووڵ دەرئەچوو ، ژمارە (١٠٧) ی رۆژی ١٧نيسانی ١٩٠٩ بلاّو كراوەتەوە (رجل القدر : ٥٧)

من داواكاری شەريعەتم ، لەبەر ئەوە هەموو شتێك بە ترازووی شەريعەت كێشانە ئەكەم، ئيسلاميش بە تەنيا ئوممەتی منە ، لەبەر ئەوەش هەموو شتێك بە تێروانينی ئيسلام هەڵ ئەسەنگێنم و سەيری ئەكەم .

لە كاتێكيش‌دا، كە من لەسەر لێواری جيهانی بەرزەخدا، كە پێی ئەڵێن (بەنديخانە) وەستاوم و ، لە وێستگەی لە سێدارەدان‌دا چاوەڕوانی ئەو شەمەندەفەرەم، كە بەرەو قيامەت هەڵم ئەگرێت ، ئەو بارودۆخە پڕ لە زوڵم و غەدرانە، كە لە كۆمەڵگای مرۆڤ دا ڕوو ئەدەن ، تاوان بار ئەكەم و ڕەخنەيان لێ ئەگرم، جا ڕووی وتارم بە تەنها لە ئێوە نيە ، بەڵكو بەرەو ڕووی هەموو ئادەميزادی ئەم چەرخەی ئاراستە ئەكەم ....

من بەوپەڕی تاسەمەندييەوە ئامادەی ڕۆيشتنم بۆ ئاخيرەت و ، ئامادەم لەگەڵ ئەو لە سێدارە دراوانەدا بچم بۆ ئەوێ، بەم نموونەيەش ئەوە بێننە بەرچاوتان، كە چەندە تاسەمەندم بۆی :

گوندنشينێك، كە شەيدای شتی سەير و سەمەرە بێت ، ئەگەر شتە سەير و سەمەرە و جوانەكانی ئەستەمبوڵی بەرگوێ كەوتبێ ، داخۆ ئەبێت چەندە تاسەمەنديی بينينيان بێت ؟

جا من ئێستا وەك ئەو گوندنشينە شەيدای ئەو قيامەتەم، كە پێشەنگای شتە سەير و سەمەرەكانە .

لەبەر ئەوە دوورخستنەوەم و نەفييكردنم بۆ ئەوێ بە سزادانم ناژمێررێت، بەڵام ئەگەر لە تواناتان‌دا ببێ و ، لێتان بێت سزا و ئازارم بدەن ، ئەوا ئازاری وێژدانييم بدەن، ئيتر لەوە كەمتر نە سزايە و نە ئازار ، بەڵكو فەخر و شانازييە .

لە سەردەمی ئيستبداد دا ئەم حكومەتە دژايەتيی عەقڵ و ژيريی ئەكرد، بەڵام ئێستا دوژمنايەتيی لەگەڵ هەموو ژيان‌دا ئەكات .. جا ئەگەر ئەوە شێوە

و مەنطیقی حکومەت بێت، دەبا بژیی شێتیی و ، دە با بژیی مردن و، دەبا بژیی دۆزەخی ماوا و مەنزڵی زاڵمانیش .

هیوادار بووم شوێنێکم بۆ ئامادە ببێت تا بیر و بۆچوونەکانمی تێدا دەر بخەم ، ئا ئەوەتا ئەم دادگا عورفییە بووە شوێنێکی چاك تا بیرو بۆچوونەکانمی لێوە پەخش بکەم .

لە ڕۆژانی سەرەتای لێکۆڵینەوەدا ، وەك لە کەسانی تریان پرسیی ، لە منیشیان پرسیی :

تۆیش داوای شەریعەتت ئەکرد؟!

منیش وتم : ئەگەر هەزار ڕۆحم ببوایە ، ئامادە بووم هەر هەموویان لە پێناوی حەقیقەتێك لە حەقیقەتەکانی شەریعەتدا بەخت بکەم .. چونکە شەریعەت هۆی بەختەوەرییە و ، عەداڵەتی پاڵفتەیە و ، ڕەوشت بەرزییشە .. ئەڵێم : شەریعەتی ڕاستەقینە ، نەك ئەوەی، کە یاخییبوان داوای ئەکەن .[٧٦]

ئەم بەرگرییەی مامۆستا دوو جار چاپ کرا .. لە کاتێکدا، کە چاوەڕوان ئەکرا ئەو دادگا ناهەموارە حوکمی ئیعدام دەر بکات ، کەچیی حوکمی بێ تاوانیی بۆ مامۆستا دەرکرد ، مامۆستاش لە بریی سوپاس کردنی دادگا بۆ ئەو بڕیارەی ، لە ناوچەی بایەزیدەوە ، کە دادگای لێبوو ، بەرەو ناوچەی سوڵتان ئەحمد کەوتە ڕێ و، خەڵکێکی زۆریش بە دوایەوە بوون، و بە دەنگی بەرز ئەیان وت : با دۆزەخ بۆ زاڵمان بژیت ، با دۆزەخ بۆ زاڵمان بژیت .[٧٧]

---

[٧٦] سیرة ذاتیة : ١٠٨ ، رجل القدر : ٤٧ ـ ٤٨

[٧٧] سیرة ذاتیة : ١٠٩

مامۆستا نوورسیی پێی خۆش بووە، هیچ شتێك نەبێتە بەربەستی سەربەستیی لە ژیانیدا ، بۆیە پێی خۆش نەبوو هیچ یاسایەك سنووری بۆ دابنێ ، مادام لە شەریعەت وەرنەگیرابێ .

ژیانی مامۆستا لەو ماوەیە لە ئەستەنبوڵدا تا رادەیەك ژیانێكی سیاسییانە بوو ، بەو نیازەی، كە لە رێگەی سیاسەتەوە خزمەت بە دین بكات، ئەوەبوو، كە بانگی ئازادیی بەرز كرایەوە ، ئەویش پشتیوانیی لێكرد و ، بە توندییش دژی زوڵم و لادانی كۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) وەستا و ، روو بە روو ئاگاداری ئەكردن، كە ئەو كارەی ئەوان دەست درێژییە بۆ سەر دین و ، دژایەتیی غیرەتی خوایە و، پشت هەڵكردنە لە شەریعەت ، كەواتە سەرەنجامێكی ناهەمواری ئەبێت !

دوای ئیعلانی دەستووریش مامۆستا پشتگیریی لە كۆمەڵەی (الإتحاد المحمدي) كرد، شایانی باسە، كە ئەو كۆمەڵەیە لە ماوەیەكی كەم دا پەرەی سەند، دوای بلاوكردنەوەی وتەیەكی مامۆستا (بدیع الزمان) ، پەنجا هەزار ئەندام پاڵیان پێوە دا

مامۆستا لە رۆژنامەكاندا و بە وتاردان مانا و مەبەستی راستەقینەی ئازادیی بۆ موسڵمانان روون ئەكردەوە ، تا خراپ تێ نەگەن و ، پێویستە ئەو ئازادییە لە سنووری شەرعدا بێت ئەگینا ئیستیبداد هەر بەردەوام ئەبێت ..[٧٨]

---

[٧٨] سیرة ذاتیة : ١١٠ ـ ١١١

حەوتەم : گەرانەوە بۆ وان

مامۆستا نوورسیی لە ئەستەنبوڵ زۆر نەمایەوە ، بەڵکو لـە سـاڵی ١٣٢٨ ك بەرامبەر بە ١٩١٠ ز دا لە ڕێی (باطوم) ەوە بەرەو وان گەرایەوە .. لە ڕێگادا بەلای شاری (تفلیس) دا تێ پەریی و ، لەوێ سـەرکەوتە سـەر گـردی (شـێخ صنعان) و لەو کاتەدا وت و وێژێك لەگەڵ پۆلیسێکی ڕووسییدا ئەنجام ئـەدات . مامۆستا خۆی ئەوەمان بۆ ئەگێرێتەوە :

دە ساڵ لەمەوبەر چووم بـۆ (تفلـیس) و سەرکەوتـمە سـەر گـردی (شـێخ صنعان) . لەوێ سەرنجی ئەو ناوەم ئەدا و ، لێی ورد ئەبوومـەوە . یـەکێك لـە پیاوانی پۆلیس لێم نزیك کەوتەوە و وتی :

ـ لە چیی ورد ئەبیتەوە ؟

+ نەخشەی قوتابخانەکەم ئەکێشم

ـ تۆ خەڵکی کوێیت ؟

+ خەڵکی بەدلیسم .

ـ خۆ ئێرە تەفلیسە !

+ بەدلیس و تەفلیس بران .

ـ مەبەستت چییە ؟

+ سێ نووری یەك لە دوای یەك لە ئاسیا ، لە جیهانی ئیسلامییدا ، سەریان هەڵداوە و ، لە لای ئێوەش سێ تاریکیی یەك لەسەر یەك سەر هەڵ ئەدەن و ، ئەم پەردە زاڵمانەیـەش ئـەدرێت و دێتـەوە یـەك و ، ئـەو کاتـەش دێـم بـۆ ئێـرە و قوتابخانەکەم دائەمەزرێنم .

ـ ئەی هوو ! لە هیوای زۆرت سەرسامم !!

+ منیش لە عەقڵی تۆ سەرسامم ! ئایا ئەگونجێ وەها بزانی، کە ئەم زسـتانە نابرێتەوە ؟ هەموو زستانێك بەهارێك و ، هەموو شەوێکیش ڕۆژێکی لە دوایە !

ـ موسڵمانەکان بەم لاو بەولادا بڵاوەیان کردووە

+ ڕۆیشتوون بۆ وەرگرتنی زانست، ئا ئەوەتا کاکی هیندیی، کە کوری لێهاتووی ئیسلامە لە دواناوەندیی ئینگلیزدا ئەخوێنێت .

ئا ئەوەتا کاکی میصرییش، کە کوری زیرەکی ئیسلامە لە قوتابخانەی کارگێریی سیاسیی ئینگلیزدا دەرس ئەخوێنێ ..

ئا ئەوەتا کاکی قەفقاسیی و تورکوستانییش، کە دوو کوری پاڵەوانی ئیسلامن لە قوتابخانەی جەنگیی رووس‌دا خەریکی ڕاهێنانن .. هتد .

جا کابرا ! ئەو کورە چاك و بەڕێزانە ، دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەیان ، هەر یەکەیان کاروباری کیشوەرێك لە کیشوەرەکان ئەگرێتە ئەستۆ و ، ئالاَی باوکی دادپەروەریان ، واتە ئیسلامی مەزن ، بەرز ئەکەنەوە تا لە بەرزاییەکانی کەمالاَت دا بشەکێتەوە ، تا نهێنیی حیکمەتی ئەزەلیی، کە بۆ نەوەی ئادەم بڕیار دراوە ، لە بەرامبەر هەموو کۆسپێك‌دا ، ئاشکرا بکات .[79]

مامۆستا نوورسیی، کە لە ساڵی ١٩١٠ دا گەیشتەوە وان دەستی دایە دەرسە کۆمەڵایەتیی و موحازەرە زانستیەکانی و ، لە نێوان عەشرەتەکانیش‌دا هات و چۆی ئەکرد تا لە ڕێی پرسیار و وەڵامەوە ڕێ نماییان بکات، ئەوەبوو لەو پرسیار و وەڵامانە کتێبی (مناظرات) بە زمانی تورکیی دەرچوو، پاشان وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبیی و ناوی نا (رجتة العوام)، شایانی باسە، کە (مناظرات) لە ساڵی ١٩١٣ دا و لە ئەستەنبوڵ چاپ کرا و ، چەند جارێکیش چاپ کردنەوەکەی دووبارە کرایەوە .[80]

---

[79] سيرة ذاتية : ١١١ ـ ١١٢ ، نقلاً عن صيقل الإسلام ـ الساعات : ٣٧١

[80] سيرة ذاتية : ١١٣ ، رجل القدر : ٥٠

هەشتەم : سەردانی شام

لە زستانی ١٩١١ ز ـ ١٣٢٧ ك مامۆستا سەردانی وڵاتی شامی کرد، کە ئەوەبوو خوشکەکەی و زاواکەی لەوێ بوون، لە دیمەشق و لە مزگەوتی ئومەوییدا، لەسەر داوای زانایان و کۆڵ نەدانیان ، مامۆستا بە زمانی عەرەبیی وتارێکی قەشەنگی پێشکەش کرد، کە ئەوەبوو خەڵکێکی یەکجار زۆر، کە ئەگەیشتە (١٠,٠٠٠)دە هەزار کەس و نزیکەی(١٠٠) صەد زانای پایەداریش لە ناویاندا بوون، ئەم وتارەی کرا بە نامیلکەیەك و لەژێر ناونیشانی (الخطبة الشامية) دا ، لە حەفتەیەكدا دوو جار چاپ کرا .. مامۆستا لە ساڵی ١٩٥١ دا بەم وتارەدا چوویەوە و ، دوای بژارکردنی و زیادکردنی هەندێ پەراوێز و برگە ، بە زمانی تورکیی دای رشتەوە

لەم وتارەدا مامۆستا شەش نەخۆشیی گرنگی دەست نیشان کرد، کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی موسڵمانان، کە ئەمانەن :

١ ـ ورەبەردان و دەست لە خۆ شۆردن .

٢ ـ نەمانی راستگۆیی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا

٣ ـ خۆشویستنی دوژمنایەتیی .

٤ ـ بێ ئاگایی لەو پەیوەندییە نوورانییانەی، کە ئیمانداران بە یەکەوە ئەبەستن .

٥ ـ پەرەسەندنی ئیستیبداد و پەرەسەندنی نەخۆشیی جۆراو جۆر .

٦ ـ بەرچاوگرتنی کەڵکی خۆیی بە تەنیا

پاشان دەستی دایە نواندنی دەرمان بۆ هەر یەکە لەو نەخۆشییانە، کە دیارە ئەو دەرمانانەی لە دەرمانخانەی قورئانی حەکیم هەڵ گۆزیوە و ئەبنە مایەی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە سەختانە [81]

---

[81] سيرة ذاتية : ١١٥ ـ ١١٦ ، رجل القدر : ٥٠ ـ ٥١

نۆهەم : بۆ ئەستەنبوڵ و هاوڕێیەتیی سوڵتان

دوای تەواوکردنی گەشتەکەی شامی، مامۆستا بدیع الزمان لە ڕێی بەیرووت ئەزمیرەوە گەڕایەوە ئەستەنبوڵ، هەرکە گەیشت ئاواتەکەی جارانی هاتەوە یاد و دەستی دایە پەیوەندیکردن بە لایەنە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئاواتە پیرۆزەی، کە بریتیی بوو، لە دامەزراندنی زانکۆی زەهرا تا زانستە شەرعییەکان و زانستە نوێکان پێکەوە شان بە شانی یەك بخوێنرێن، چونکە پێشکەوتنی موسڵمانان بەستراوە بە شارەزاییەکی چاکی دین و ، دەست خستنی زانستە نوێکان .

لە سەرەتای سەردەمی سەربەستییدا سوڵتان ڕەشادی برای سوڵتان عەبدولحەمید گەشتێکی بەرەو ڕۆم ئەیلیی دەست پێ کرد و ، مامۆستا نوورسییش بە نوێنەریی پارێزگاکانی کوردستان کەوتە گەڵی [82] لەو گەشتەدا دای بە گوێی سوڵتانیش و بە گوێی ئەو (إتحاد) یانەدا کە لەگەڵ سوڵتان هاتبوون، کە :

خۆرهەڵات پێویستییەکی زۆری بە زانکۆیەك لەو جۆرە هەیە ، چونکە کەوتۆتە ناوجەرگەی جیهانی ئیسلامییەوە، سوڵتانیش بەڵێنی چاکی دایە، بەڵام ئەوەبوو جەنگی نێوان دەوڵەتی عوثمانیی و بولقان رووی دا و ، ئەو شوێنەی، کە بۆ زانکۆ دیاریی کرا بوو داگیر کرا ، ئیتر مامۆستا داوای کرد ئەو پارەیەی، کە بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە ئاراستەی دامەزراندنی زانکۆیەك لە خۆرهەڵات بکرێت .. ئەمە ڕەزامەندیی لەسەر نوێنرا و ، سوڵتان ڕەشاد نۆزدە هەزار لیرەی زێری بۆ

---

[82] ئەم گەشتە لە حەوتەم ڕۆژی حوزەیران دەستی پێ کرد و تا ٢٦ ی حوزەیرانی ١٩١١ ی خایاند .

دامەزراندنی ئەو زانکۆیە بەخشیی و ، لـە ناوچـەی ئیرتمیـت ، لەسـەر کـەناری دەریاچەی وان بناغەی دارێژرا ، بەڵام هـەڵ گیرسـانی جـەنگی جیهـانیی یەکـەم نەیهێشت پرۆژەکە سەربگرێ ، بەڵکو تەفرەی کەوت . [٨٣]

[٨٣] الملاحق – قسطموني : ١٢٦

دەهەم : کتێبی (تعلیقات)

لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و لە سالّی ١٣٢٩ ك دا مامۆستا سەعید پەراوێزی لەسەر کتێبی (برهان گلنبوي) نووسیی و ، خۆشەویست ترین قوتابیی، کە لە هەموو قوتابیەکان زیاتر پابەندی دەرس بوو، و ناوی مەلا حەبیب [٨٤] بوو نووسییەوە، دوای ئەوە جەنگی جیهانیی یەکەم هەلّ گیرسا و ، مامۆستا نوورسیی و مەلا حەبیب پێکەوە لە شێوەی ئامۆژگاردا ، لەگەلّ فیرقەی (وان) رۆیشتن بۆ بەرەی جەنگ لە (أرضروم)، دوای سالّێك، کە گەرانەوە دیتیان وا شاری وان لەلایەن ئەرمەنەکانەوە داگیر کراوە ، ناچار کشانەوە بۆ فەرمانداریی (گواش) و ، لەوێ مەلا حەبیب شەهید کرا و ، مەلا عەبدولمەجیدی برای مامۆستا نوورسییش ، سالّەهای سالّ ، ئەو نامەیەی کە مەلا حەبیب نووسیی بووی لەم شار بۆ ئەو شار و ، لەم شارۆچکەش بۆ یەکێکی تر بردی هەتا ئەوەبوو لە سالّی ١٩٤٠دا لە شاری (ملاطیە) گیرسانەوە و ، لەوێ لە فەرمانداریی (اورگوب) بووە موفتیی

پەیامی (تعلیقات) بریتیی بوو لە پارچە کاغەز و مامۆستا عەبدولمەجید کۆی کردنەوە و تەجلیدی کردن ، بەو هیوایەی زەمانەیەك بێتە بەرەوە، کە سەر لە نوێ زانست و دین رۆژیان لێ بێتەوە و ، کەسانێکیش بێنە مەیدانەوە، هاو

---

[٨٤] مەلا حەبیب : قوتابیی مامۆستا نوورسیی بووە و ، نووسەری تایبەتیشی بووە ، کتێبی (إشارات الإعجاز) و پاشانیش (تعلیقات) و دانراوەکانی تری مامۆستای نووسییەوە و ، بە درێژایی تەمەنی لە خزمەتیا بوو ، هەتا ئەوەبوو لە جەنگی جیهانیی یەکەم دا شەهید بوو .

وێنەی ئەم پەیامانە بخوێننەوە ، ئەو کاتە نرخیان ئەزانرێ و ، ئەشزانرێ چ بیرێکی قووڵ و زیرەکییەکی بە برشتیان تێدایە، بەڵام ئەی هوو .. نە ئەو زەمانەیە دێتەوە و ، نە ئەو خوێنەرانەش دێنەوە مەیدان ، وەك مامۆستا عەبدلمەجید ئەڵێت .[85]

[85] سيرة ذاتية : ١١٨

یانزەهەم : رووداوی بەدلیس و ئەرمەن

رووداوی بەدلیس بریتییە لە یاخیی بوونی ئەو عەشرەتانەی، کە لە دەوروبەری شاری بەدلیس‌دا ئەژیان ، ئەمەش لە حوزەیرانی ساڵی ١٩١٣ دا و ، بە سەرۆکایەتیی شێخ سەلیم ، بە بۆنەی بێزاربوونیانەوە لە هەڵس‌وکەوتی ناشەرعیی هەندێ لە ئەفسەرەکانی سوپا، ئەوەبوو یاخیی بوونی خۆیانیان بریار دا و شاری بەدلیسیان بۆ ماوەی حەفتەیەك داگیر کرد .. خەریك بوو عەشرەتەکانی (بیت الشباب) یش بەشداریی ئەو یاخیی بوونە بکەن ، بەڵام مامۆستا نوورسیی بە پەلە خۆی گەیاندە لایان و ، هێوری کردنەوە و ، لە یاخیی بوون دووری خستنەوە (سەیری کتێبی المثنوي العربي النوري بکە)

جا هەندێك لە پیاوە دیندار و خاوەن تەقواکانی ئەو عەشرەتانەی، کە یاخیی بوون دێنە شاری وان بۆ خزمەتی مامۆستا و ئاگاداری ئەکەن، کە هەندێ لە فەرماندەکانی سوپا کاری دژ بە دین ئەنجام ئەدەن و ، ئەمانیش ئەیانەوێ یاخیی بوون ئەنجام بدەن لە دژیان و ، داواشیان لێ کرد ئەویش بەشداریی بکات لە گەڵیان، مامۆستاش بە حەکیمانە وەڵامیان ئەداتەوە :

ئەو کارە بێ دینییانە و ، ئەو خراپکارییانە هی وێنەی ئەو فەرماندانەیە و ، نابێت بخرێنە ئەستۆی سوپاوە، ئا لەم سوپا عوثمانییەدا لەوانەیە

(١٠٠,٠٠٠)سەد هەزار ئەولیای خوا هەبن ، بۆیە من ناتوانم شمشێر لە رووی ئەو سوپایەدا هەڵ بکێشم ، لەبەر ئەوە ناتوانم بەشدارییتان لەگەڵدا بکەم .[٨٦]

کە مامۆستا پشتیان ناگرێ بەجێی ئەهێڵن و ، دەست ئەدەنە چەکەکانیان و ، سەرەنجام رووداوی بەدلیس روو ئەدات بێ ئەوەی ئەنجامێکی بووبێ، دوای ماوەیەکی کەم جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵ گیرسا و ، سوپای دەوڵەتی عوثمانییش لە ژێر ئالای دین دا ، چووە مەیدانی جیهاد و ، سەدان هەزار شەهیدی بە پلەی ئەولیا گەیشتن و ، بە خوێنە گەشەکەیان بروانامەی ویلایەتیان مۆر کرد [٨٧]

دەربارەی رووداوی ئەرمەنیش ، مامۆستا سەعیدی کۆن لەگەڵ قوتابیەکانی دا پەیوەندییەکی یەکجار پتەویان هەبوو ، بە رادەی گیان فیداکردن و قوربانیی دان . بۆیە مامۆستا زۆر بە چاکیی ئەی توانیی پەرچی چەکدارە فیداکارەکانی ئەرمەن و طاشناق بداتەوە و لە سنووری خۆیان بیان وەستێنێ .. کە ئەوەبوو لە دەوروبەری وان و بەدلیس دا چالاکییان ئەنواند و ، هەوڵیان ئەدا دەست بۆ موسڵمانەکان درێژ بکەن .

دوای ماوەیەك تفەنگی ماوزەر پەیدا بوو و ، قوتابیەکانی مامۆستاش ئەو تفەنگەیان دەستی خۆیان خست و ، قوتابخانەکەیان کردە سەربازگە و ، کتێب و تفەنگ تێکەڵ بوو بوون، جارێکیان فەرماندەیەکی سەربازیی بە پلەی فەریق هات و ئەو دیمەنەی قوتابخانەکەی دیی و ، وتی : ئەمە قوتابخانەی دینیی نیە ، بەڵکو بنکەیەکی سەربازییە فەرمانیشی دا تفەنگەکان کۆ بکرێنەوە ، چونکە ترسی هەبوو وەك رووداوی بەدلیس یاخیی بوون، دروست ببێ . ئەوەبوو پانزە تفەنگیان

---

[٨٦] بۆ وەلام دانەوەی سەرۆك عەشرەتی تریش، کە ویستوویانە دژی موصطەفا کەمال شۆرش بەرپا بکەن ، مامۆستا هەمان رای بووە و ، زانیویە جگە لە رژانی خوێنی موسڵمانان کاری لەو جۆرە هیچ بەرهەمێکی نیە .

[٨٧] الشعاعات : ٤٢١

لە قوتابییەکانی مامۆستا سەند و ، دوای دوو مانگ جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵ گیرسا و ، مامۆستاش چوو تفەنگەکانی وەرگرتنەوە

جا چەکدارە ئەرمەنییەکان هەرچەندە در بوون نەیان ئەوێرا خۆیان لە قەرەی قوتابیەکانی مامۆستا بدەن ، هەتا ئەو کاتەش، کە مامۆستا و قوتابیەکانی چووبوونە سەر چیای ئەرەك، خەڵك سەریان لەمە سور ئەما و پرسیاریان لە هۆیەکەی ئەکرد و ، مامۆستایش بۆی روون ئەکردنەوە، کە پاڵەوانێتیی ئەرمەن بۆ دەست خستنی ژیانێکی دنیایی فانیی و ، دەست خستنی بەرژەوەندیەکی نەتەوەیی کاتیی و بچووکە و ، پارێزگاریی لە سەلامەتیی خۆیان ئەکەن، بەڵام قوتابیەکانی مامۆستا بۆ ژیانی نەمر و هەتا هەتایی هەوڵ ئەدەن و ، لە پێناوی دەست خستنی بەرژەوەندیە ئیجابیەکانی ئوممەتی ئیسلامی مەزن و پایەداردایە و ، لاشیان یەقینە، کە ئەجەل پێش و پاشی بۆ نیە ، لە بەر ئەمانە قوتابیەکانی مامۆستا سڵ لە ئەرمەن ناکەنەوە و ، ئامادەن ئەم ژیانە کورتەی دنیایان بکەنە قوربانیی بۆ دەست خستنی ژیانی هەتا هەتایی قیامەت و ، بۆ پاراستنی سەلامەتیی چەندین ملیار ئیمانداری خاوەن تەقوا ...[٨٨]

[٨٨] الشعاعات : ٥٦٨

دوانزەهەم : ئیعجازی قورئان لە خەوێکی راستدا

مامۆستا بۆمان ئەگێڕێتەوە :

پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم و ، لە کاتی هەڵگیرسانیشیدا ، لە خەوێکی راستدا ئەمەم دیی :

ئەبینم وام لە بن چیای (ئارارات) دا و هەر ئەوەندەم زانیی چیاکە بە شێوەیەکی ناهەموار تەقییەوە و ، تاشەبەردی گەورە گەورەی بە وێنەی چیاکانی بۆ هەموو لایەکی زەویی ئەهاویشت، منیش، کە ترس و لەرز دایگرتبوومەوە ، ئەبینم وا دایکم ـ رەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە نزیکمایە .. پێم وت : (دایە گیان ! نەترسیت ! فەرمانی خوایە ... ئەویش میهرەبان و دانایە) . کە من لەم حاڵەدا بووم ، پیاوێکی مەزنم لێ پەیدا بوو، و فەرمانی بەسەردا دام و وتی :

ـ ئیعجازی قورئان روون بکەرەوە

لە خەوەکە بێدار بوومەوە و تێگەیشتم، کە تەقینەوەیەکی گەورە روو ئەدات و، لە ئەنجامی ئەم تەقینەوە و ئاڵ و گۆڕە گەورەیەشەوە ئەو شوورایانە ئەرووخێن، کە دەوری قورئانی پیرۆزیان گرتووە و ، قورئان هێرشی ئەکرێتە سەر و ، ئەو کاتەش بەرگریی لە خۆی ئەکات و ، قەڵای مەحکەم و پۆڵایینیشی ئیعجازەکەی ئەبێت و، یەکێکی وەك منیش ، بۆ روون کردنەوەی جۆرێکی ئەو ئیعجازە، لەم زەمانەدا، کە زۆر لە سەرووی توانا و لێهاتنمەوە بێت ، دەست نیشان ئەکرێت، ئیتر تێ گەیشتم، کە من بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەستنیشان کراوم . [89]

---

[89] المكتوبات : ٤٧٥

مامۆستا عەبدولمەجیدی برای مامۆستا نوورسییش لە بیرەوەریەکانیدا باسی کردووە، کە لە کاتێکدا لەسەر بانی قوتابخانەی خورخور لە وان مامۆستا دەرسی تەفسیری پێ وتوون ، کەمێك پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم ئێوارەیەکیان خۆر بە تەواویی ئەگیرێت ، مامۆستا نوورسییش هەناسەیەکی قووڵ هەڵ ئەکێشێت و ئەڵێت : داخی بە جەرگم ، لافاوێکی قورس دێت و هەموومان را ئەماڵێ، هەروا دەرئەچێت دوای مانگێك جەنگ هەڵ ئەگیرسێت و ، بە ماوەیەکی کەم هەموو وڵات ئەگرێتەوە [٩٠]

[٩٠] ب / ٢٢٧ عن مذكرات عبدالمجيد : ١٧

فەرزی جیهاد

١٩١٦ ز ـ ١٣٣٤ ك

یەكەم : جەنگی جیهانیی یەكەم

لە ساڵی ١٩١٤دا مامۆستا بە شێوەی ئامۆژگار پەیوەندیی بە سوپای عوثمانییەوە کرد و ، لە ساڵی ١٩١٥ شدا تیپی فیداکارانی (أنصار) ی پێك هێنا و ، بەرەو بەرەی جەنگی قەفقاس بردنی .

شایانی باسە، کە لە ٣١ / ١٠ / ١٩١٤ دا رووسەکان خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵیان داگیر کرد و ، لە ١٥ / ١ / ١٩١٥ ش دا گێررانەوە دوا ، دوای ئەوەی کە شەصت هەزار سەربازی عوثمانیی شەهادەتیان وەرگرت، جارێکی تر و لە ١٢ / ١ / ١٩١٦دا رووسەکان ، بە سێ ئەوەندەی سوپای عوثمانییە وە ، بۆ داگیرکردنەوەی ناوچەکە هێرشیان هێنا و لە ١٦ / ٢ / ١٩١٦دا شاری (أرضروم) یان گرت ...

لە کاتی جەنگدا مامۆستا لەگەڵ مەلا حەبیبی قوتابییدا لە بەرەی پاسینلەرەوە بەرەو پێشەوە و بۆ سەر رووسەکان هەڵمەتیان ئەبرد .. تۆپی رووسەکان لە هەر دەقیقەیەك یان دوو دەقیقەدا سێ گوللە تۆپی بە سەریاندا ئەتەقاند، جارێکیان لە بەرزیی دوو مەترەوە سێ گوللە تۆپ بەسەریان دا تێ پەریین و ، سەربازە موسڵمانەکان، کە لە سەنگەرەکەدا خۆیان حەشار دابوو

پاشەکشەیان کرد ، کەچیی مامۆستا بۆ تاقیی کردنەوە رووی کردە مەلا حەبیب و وتی :

مەلا حەبیب ! ئەڵێی چیی ؟ لە گوللەتۆپی ئەو کافرانە خۆم حەشار نادەم . وتی : منیش وەهام، نە لێت دوا ئەکەم و نە لێیشت جیا ئەبمەوە دووهەم گوللە تۆپ لە نزیکیاندا دای بە زەوییدا ، مامۆستاش بە متمانەکردنەوە بە پارێزگاریی خوایی بۆیان بە مەلا حەبیبی وت : خێرا، کە با بۆ پێشەوە برۆین .. گوللە تۆپی کافران نامان کوژێت ، ئێمە هەرگیز بۆ هەڵاتن و دواکەوتن سەر شۆر ناکەین ..

هەروەها مامۆستا لە بەرەی پێشەوەی جەنگی بەدلیسدا بەشداریی ئەکات و، سێ گوللەی رووسەکان شوێنی کوشندەی لاشەی ئەپێکن و ، یەکێکیشیان شەرواڵەکەی کون ئەکات و لە نێوان هەردوو قاچیدا تێپەر ئەبێت، لەو کاتەدا مامۆستا دارای حاڵەتێکی رۆحیی وەها بەرز بووە، بێزی نەهاتووە دابەزێتە ناو سەنگەرەوە ، تا ئەوەبوو فەرماندەی سوپا گوڵ عەلیی و والیی مەمدووح لە دواوە هاوار ئەکەن : یا با خێرا بکشێتە دواوە یان دابەزێتە ناو سەنگەرەکەوە ! کەچیی مامۆستا باکی نابێت و ، لەو تەمەنە کەمەیدا خۆی نەئەپاراست ، بەو هیوایەی شەهیدیی دەست بکەوێت .[٩١]

دوای ئەوەی، کە مامۆستا نوورسیی وەك فەرماندەی تیپەکانی (ئەنصار) ، لە بەرەی جەنگی قەفقاسدا ، بە چاك ترین شێوە فەرزی جیهادی بەجێ هێنا ، بە رادەیەك، کە ئەنوەر پاشای فەرماندەی گشتیی و فەرماندەکانی تیپەکانیش ئەوپەری ستایشیان کرد و بە چاوی رێزەوە سەیریان ئەکرد .. دوای ئەوە بەرەو شاری وان کشایەوە چونکە سوپای رووسیی رووی لەو شارە نابوو .

---

[٩١] سيرة ذاتية : ١٢٣ ، رجل القدر : ٦٣ ـ ٦٤

پێش هەموو شتێك هەوڵیان دا شارەکە لە ژن و منداڵ چۆڵ بکەن تا نەکەونە بەر هێرشی رووسەکان ، بۆیە مامۆستا (بدیع الزمان) لەگەڵ کۆمەڵێك لە قوتابیەکانیدا بریاریان دا بچنە قەلاَّکەی شاری وانەوە و ، تا شەهیدیی بەرگریی لە شارەکە بکەن، لەو کاتەدا والیی و قائیم مەقام و خەڵکەکە و سوپا بەرەو بەدلیس کشانەوە و ، فەوجێك لە سوارچاکانی قازاقی رووسییش هێرشیان کردە سەر (وسطان) و ، مامۆستا و کەمێك لە قوتابیەکانی و نزیکەی چل سەربازێك ـ کە هێشتا نەکشابوونەوە ـ بەریان لەو فەوجە ئەگرت تا نەهێڵن ژن و منداڵەکان بکەونە دەست دوژمن و ، هەر هەموویان دەرباز بوون ..

جا بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵی رووسەکانەوە ، مامۆستا و قوتابیەکانی وەهایان دەرخست، کە ئەیانەوێ ئەو گردە بگرن، کە ئەنوارێت بەسەر قازاقدا ، بەمە وەها تێگەیشتن، کە کۆمەکییەکی سەربازیی زۆریان بۆ هاتووە ، بەو بۆنەوە نەهاتنە پێش و ، شارۆچکەی (وسطان) نەکەوتە دەست رووسەکان .

لە کاتی پشوودا مامۆستا ئەگەرایەوە ناو سەنگەرەکان و ، بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی بەلاوە بێت ، تەفسیری (إشارات الإعجاز) ی بە قوتابیی بەرێز و دڵسۆزی مەلا حەبیب ئەنووسییەوە، جاری وەهایش ئەبوو بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو ، یان لە پێشی پێشەوەی جەنگدا بوو و پێی ئەنووسیی ، تا ئەوەبوو بەشی هەرە زۆری ئەو تەفسیرە مەزنە تەواو بوو، ئەمەش لە ساڵی یەکەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بوو، و بە بۆنەی ئەو بارودۆخە سەختەی جەنگەوە ناچار بوو یەکجار بە کورتیی بی نووسێت ..

لە پێشەکیی ئەم تەفسیرەدا مامۆستا چەند ئاواتێك ئەخوازێت :

ئاوات ئەخوازێت خوای گەورە ئەم تەفسیرە بکاتە کەفارەتی گوناهەکانی و، خوا کۆمەڵە پیاوێك بگەیەنێت هەتا بە تەواویی لێی تێ بگەن .

هەروەها ئاوات ئەخوازێت، کە خوای گەورە کۆمەڵێکی ئیمان دار بنێرێ تا ئەم بەشە تەفسیرە و ، وتەکان و ، مەکتووبات ، بگرە هەموو پەیامەکانی نوور بکەنە سەرچاوە و تەفسیرێك لەو شێوەیە بنووسن .

کاتێکیش ئەم تەفسیرە کەوتە بەر چاوی ئەنوەر پاشای فەرماندەی گشتیی زۆر بە دڵی بوو، بە رادەیەك، کە کاتێك مامۆستا نوورسیی لە دیلیی رووسەکان گەڕایەوە خۆی چووە پێشوازیی و بەخێرهاتنەوەی لێکرد ، بە مەرجێك ئەمەی لەگەڵ کەس دا نەکرد بوو، و بڕیاریشی دا کاغەزی چاپ کردنی بۆ دابین بکات، تا ئەویش لە پاداشت و پایەداریی ئەو کارە مەزنەدا بەشی هەبێت، هەروەها غیرەت و هەوڵ و کۆششی مامۆستا لەو جەنگە ناهەموارەدا بە بەرز نرخێنرا [٩٢]

[٩٢] سیرة ذاتیة : ١٢٤ ـ ١٢٦ ، رجل القدر : ٦٤

دووهەم : هەوڵ و غیرەت

لە جەرگەی جەنگی خوێناوییدا و ، لەو شەوەدا، کە شاری بەدلیس لە لایەن دوژمنەوە گیرا ، نزیکەی چل قوتابیی مامۆستا پلەی شەهیدییان وەرگرت، بەڵام قوتابیی بەرێز مەلا حەبیب ، دوای ئەنجامدانی ئەرکێکی سەربازیی ، لەگەڵ خەلیل پاشا لە بەرەی وان دا ، لە شاری (وسطان) ، بە مانگێك پێش کەوتنی بەدلیس ، شەهید کرا

جا جەنگاوەرە ئەرمەنیەکان لە چەند ناوچەیەك دا فێر بووبوون، هەر کۆمەڵە منداڵێکی موسڵمانیان دەست بکەوتنایە سەریان ئەبرین، بەو بۆنەوە موسڵمانەکانیش تۆڵەیان ئەسەند و منداڵە ئەرمەنیەکانیان سەر ئەبرین .

ئەوەبوو جارێکیان هەزاران منداڵی ئەرمەن، لەو بەرەیەدا، کە مامۆستا نوورسیی لێبوو ، کەوتنە دەست موسڵمانەکان و ، مامۆستا فەرمانی بەسەر سەربازەکاندا دا و وتی :

- بە هیچ جۆرێك دەست بۆ، ئەو منداڵانە نەبەن .

پاشان هەر هەمووی بەردان بێ ئەوەی کەس لاقەیان بکات و ، گەرانەوە ناو کەس و کاریان کە لە پشتی سەنگەرەکانی رووسەوە بوون، بەم کارە جوانە مامۆستا سەرنجی ئەرمەنەکانی راکێشا و تێی گەیاندن کە موسڵمانان مەرد و پیاوچاکن

لە هەمان کات دا چەکدارە ئەرمەنیەکانیش، کە جاران بە کۆمەڵ منداڵی موسڵمانانیان سەر ئەبرین بەو رووداوە وازیان لە سەربرین هێنا و ، ئەیان وت : مەلا سەعید منداڵەکانی ئێمەی سەر نەبری و تەسلیمی کردنەوە ، ئێمەش لەگەڵ منداڵە موسڵمانەکان دا وەك ئەو ئەکەین، بەمە مامۆستا بووە، هۆی رزگاربوونی چەندین منداڵی بێ تاوانی هەردوولا

دوای ماوەيەك رووسەكان دەستيان بەسەر ناوچەی وان و مووش‌دا گرت و ، بە سێ فيرقەوە هێرشيان كردە سەر بەدليس، لە كاتی ئەو هێرشەدا مەمدووح بەگی واليی و ، گوڵ عەليی فەرماندە بە مامۆستايان وت :

ئێمە ناچارين بكشێينەوە ، چونكە تەنها فەوجێك سەربازمان لەگەڵدايە لەگەڵ نزيكەی دوو هەزار خۆبەخشی ژێر دەستتان، مامۆستا پێی وتن :

بەو مانايەی، كە ئەو خەڵكەی لە دەور و بەرمانەوە پەنايان بۆمان هێناوە و، دانيشتوانی بەدليس خۆيشی و ماڵ و سامانيان و منداڵەكانيان ئەكەونە ژێر دەستی ئەوان، كەواتە ئێمە ناچارين بەرهەڵستيان بكەين و ، هەتا مردن بەرگريی لە ناوچەكە بكەين ..

وتيان : سەربازەكان دوای كەوتنی مووش هەوڵ ئەدەن سيی تۆپ لە تۆپەكانمان بگوێزنەوە بۆ بەرەيەكی تری مووش ، جا ئەگەر بەو خۆبەخشانەی، كە لە گەڵتان توانيت ئەو تۆپانە رزگار بكەيت ، ئەوا ئەو كاتە ئەتوانين بۆ چەند رۆژێكی تر بەرگريی بكەين بۆ ئەوەی دانيشتوان رزگار بن ..

(بديع الزمان) بەڵێنی دا، كە يان ئەبێت بمرێت يان ئەبێت ئەو تۆپانەيان دەست بخاتەوە .. ئەوەبوو بە فەرمانداييەتيی(٣٠٠) سێ صەد خۆبەخشن شەو بەرەو نوورشين، كە تۆپەكان بۆ ئەوێ راكێشرابوون ، كەوتە رێ، لەولاوە هەواڵ دەرانی ئەوەيان بەناو سەربازە رووسەكانی قازاق‌دا ، كە پاسەوانی ئەو تۆپانە بوون، بڵاو كردەوە، كە فەرماندەی خۆبەخشەكان، كە بەرگريی لە بەدليس ئەكرد، بە خۆی و سێ هەزار لە سەربازەكانيەوە و ، لەگەڵ مووسا بەگی فەرماندەی بەناوبانگ بە خۆی و هەزار سەربازەوە دێن بۆ دەست خستنەوەی تۆپەكان، كە ئەم هەواڵە بڵاو بوويەوە فەرماندەی رووسەكان لە چوونە پێش وەستا و ، مامۆستاش سەربازە خۆبەخشەكانی بەسەر تۆپەكان‌دا دابەش كردن و بەرەو بەدليس رايان

کێشان ، هەتا خۆی و دوان لە هاوەڵانی دواتۆپیان راکێشا و دەربازیان کرد، بە بۆنەی ئەم تۆپانەوە بۆ ماوەی چەند رۆژێك سەرباز و خۆبەخشەکان توانییان دان بە خۆیان دا بگرن ، هەتا دانیشتوان هەر هەموو بە ماڵ و منداڵیانەوە رزگار بوون ..

ئەگێڕنەوە، کە چەکدارە ئەرمەنەکان لە پاراستنی نهێنییدا زۆر ئازا بوون ئەگەر چیی رووسەکان ئەیان وت : خۆبەخشەکانی (بدیع الزمان) لە ئازایەتییدا بەسەر چەکدارە ئەرمەنیەکاندا زاڵ بوون ، بە رادەیەك کە توانییان قازاق بهارن .

لەو جەنگەدا مامۆستا نەئەچووە ناو سەنگەرەوە ، بەڵکو لە پێشی پێشەوەدا مەعنەویاتی سەربازەکانی بەرز ئەکردەوە، جا لە کاتێکدا، کە بەسەر ئەسپەکەیەوە لە پێشی پێشەوەدا بوو، ئەوە بە دڵیا هات و ئامۆژگاریی دەروونی خۆی کرد، کە ئەگەر شەهید بوو، با شانازیی نەکات ، تا ئیخلاصەکەی کەچ نەبێت، دوای ئەوە بە پەلە گەڕایەوە ناو سەنگەرەکەی .

دوای رزگاربوونی والیی و گوڵ عەلیی فەرماندە و دانیشتوان ، کە ئەوەبوو بە شەودا کشانەوە ، (بدیع الزمان) لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێك خۆبەخشدا لە بەدلیس مانەوە تا ئەوانەش رزگار بکەن کە نەیانتوانی بوو، دەرچن، هەرکە دنیا تاریکی کرد فەوجێك سەربازی دوژمن بەرەو روویان هاتن و زۆرێك لەو خۆبەخشانەی، کە لەگەڵیا بوون، شەهید بوون، کە یەکێکیان عوبەیدی خوشکەزای بوو، و تەنها خۆی و چوار لە قوتابیەکانی توانییان بە شێوەیەکی لە عادەت بەدەر خۆیان دەرباز بکەن ..[٩٣]

---

[٩٣] سيرة ذاتية : ١٢٦ ـ ١٢٧ ، رجل القدر : ٦٤ ـ ٦٥

سێهەم : بەدیل‌گیران

دوای ئەوە مامۆستا کەوتە بارودۆخێکی یەکجار ئاڵۆزەوە ، بە رادەیەك، کە دەست نووسی یەکەمی (إشارات الإعجاز) بە دەستی دوژمن دررا و ، بە یەك جار مامۆستا چوار قازیفەی بەرکەوت، کە بە یەکێکیان زامدار بوو و ، قاچێکی شکا و ، بۆ ماوەی سیی و چوار سەعات لە ناو قور و لیتەدا مایەوە و، چاوەروانیی مەرگی ئەکرد و ، دوژمنیش ئابلووقەی دابوو، ئەمەش بە سامناك ترین و دژوارترین ساتی ژیانی مامۆستا ئەژمێررێت .

کە مامۆستا قاچی ئەشکێت قوتابیەکانی خێرا لە دەوری کۆئەبنەوە و، ئەیگەیەننە جۆگە ئاوێکی سەرگیراو ، چەند تفەنگێکیان ئەخەنە ئاوەکەوە تا قاچی بەسەریاندا درێژ بکات و ، کەمێك بحەسێتەوە، پاشان مامۆستا روویان تێ ئەکات و ، ئەڵێت : براکانم ! قەدەر بریاری داوە من بە دیل بگیرێم ، ئێوەش بۆ رزگاریی خۆتان چارەیەك بدۆزنەوە، هەر، کە ئەمەی دا بە گوێیاندا هەموو دەستیان دایە گریان و وتیان : مامۆستا گیان ! بۆ کوێ برۆین ؟ ئایا ئەبێت تۆ لەم بارودۆخەدا بیت و ئێمەش بە جێت بهێڵین ؟ ئایا شەرەف و غیرەتمان نەماوە ؟ ئەگەر ئەمرین و ، ئەگەر ئەمێنین هەر با لە خزمەتتدا بین .

سەرما یەکجار زۆر بوو .. بەفر دنیای داپۆشیی بوو، سێ رۆژ بوو هیچ خواردنێکیان نەخوارد بوو .. سەرەرای خەوزران و ، ترس و لەرز .. بریار درا یەکێك لە قوتابیەکان کە کەمێك زمانی رووسیی ئەزانیی بروا و رووسەکان لە شوێنەکەیان ئاگادار بکات، ئەوانیش هاتن و مامۆستایان بە زامداریی بە دیل گرت و ، بردیان و قوتابیەکانیشی لەگەڵیدا بوون، پاشان بردنیان بۆ وان ، جلفا،

تفلیس ، کیلوغریف ، قۆسترما، ئەوەبوو مامۆستا نزیکەی دوو ساڵ و نیو لەوێ دیل بوو، تا ئەوەبوو هەڵات و لە ساڵی ١٣٣٦ ك دا گەیشتەوە ئەستەنبوڵ .[٩٤]

دوای بەدیل‌گیرانی مامۆستا فەرماندە رووسییەکە بە شێوەیەکی جوان مەعامەلەی لەگەڵدا کرد و ، شکاویی قاچەکەیان چارەسەر کرد ، بەو هیوایەی دڵی نەرم بکەن و کەڵکی لێ وەربگرن، ئەوەبوو فەرماندە رووسییەکە ئەم پێشنیارەی پێشکەش کرد :

ـ تۆ فەرماندەیەکی ناسراویت ، بۆیە من وەهای بە چاك ئەبینم نامە بۆ عەشرەتە کوردەکان بنێریت تا چەکەکانیان بە دەستەوە بدەن ، ئەو کاتە ئەتوانین لە یەك تێ بگەین و ، رێکیش بکەوین تا بە پێی ئەوە لە زەویی و زارەکان بکشێینەوە و بەجێیان بهێڵین بۆتان .

مامۆستاش وەڵامی دایەوە :

ـ بەڵکو من وەهای بە چاك ئەبینم ئێوە چەك لە ئەرمەنیەکان کۆ بکەنەوە ، تا کە هاتنە ژێر رکێفمانەوە ، ئەو کاتە ئەتوانین لەگەڵتان رێك بکەوین .

بۆ ئەم پێشنیارەی مامۆستا فەرماندە رووسییەکە نارەزایی دەربریی و وتی :

ـ نزیکەی (٣٥) هەزار ئەرمەنیی چەك‌دار لە ناوچەی بەدلیس و مووش‌دا هەن و ، کۆکردنەوەی چەکەکانیان کارێکی رێك نەکەوتووە .

مامۆستایش وەڵامی دایەوە :

ـ لەگەڵ ئەوەدا، کە ئێمە ئەو هەموو سەربەستیەمان بە ئەرمەن دا ، کەچیی ئەوان ئەم هەمووە کارەساتە ناهەموارانەیان بەسەرماندا هێنا، ئەوەبوو دەستیان دایە سەربرینی گشتیی، کە هەتا منداڵانیش لێی دەرباز نەبوون ، ئێوەش ئێستا

---

[٩٤] سيرة ذاتية : ١٢٨ ، رجل القدر : ٦٦ ـ ٦٧

بە فروفێڵەکانتان ئەتانەوێ پاشماوەی دانیشتوان بە دەستی ئەو ئەرمەنیانە لەناو بەرن، منیش بە تۆ ئەڵێم : ئەگەر بە سەربازەکانت ئەم شاخ و دەشت و چەمانە پر بکەیت ، ئەوا ناتوانیت لە دەربەندی (دلك طاش) تێپەر بکەیت .

دوای ئەوەی ، فەرماندە رووسییەکە دەستی لەوە شۆرد، کە (بدیع الزمان) دەستیان لەگەڵ تێکەڵ بکات ، لەگەڵ دیلەکانی تردا رەوانەی ئۆردووگایەکی دیلەکانی کرد لە شاری کۆسترمای باکووری خۆرهەڵاتی رووسیا [٩٥]

لەو کاتەدا، کە مامۆستا لە رووسیا دیل بوو، بۆ ماوەی حەفتەیەك خۆرئاوا نەئەبوو و خەڵکەکەش ئەچوونە تەماشای ئەو دیمەنە سەرسورهێنەرە

مامۆستا لەو شوێنەدا لەگەڵ نەوەد ئەفسەری دیلدا لە یەك ژووری گەورەدا ئەژیان .. جار بە جار دەرسی پێ ئەوتن .

رۆژێکیان فەرماندە رووسییەکە هات و کە چاوی بەو دیمەنە کەوت وتی : ئەم کوردە فەرماندەی خۆبەخشەکانە و ، زۆرێکیش لە سەربازەکانمانی سەر بریوە ، ئێستە هاتووە لێرە دەرسی سیاسیی ئەڵێتەوە ، شتی وەها نابێت ، بە یەکجاریی قەدەغەی ئەکەم .

کەچیی دوای دوو رۆژ وتی : لەوە ئەچێت ، دەرسەکانتان سیاسیی نەبن ، بەڵکو دینیی و رەوشتیین ، کەواتە لەسەریان بەردەوام بە، ئەوەبوو رێی دەرس وتنەوەی داین ..

هەر لەو ئۆردووگایەدا ژوورێکیان بۆ بەجێهێنانی نوێژ بە جەماعەت کردە مزگەوت و ، مامۆستا نوورسیی ئیمامەتیی ئەکرد بێ ئەوەی رووسەکان

---

[٩٥] رجل القدر : ٦٧

قەدەغەیان بکەن، هەتا لە یەکیان دانەئەبرین و ، نامە ناردنیشیان لێ قەدەغە نەئەکردن .

هەموو جارێك مامۆستا ئامۆژگاریی ئەفسەرە دیلەکانی ئەکرد تا دەنگ بەرز نەکەنەوە و ، بە یەکتریيدا هەڵ نەشاخێن ، ئەوانیش رێزی زۆریان لەو ئەگرت .

جارێکیان دەنگە دەنگ دروست بوو، و دەستیان دایە دەمە دەمێ

مامۆستاش بۆ دامرکاندنەوەیان بە هەندێکی وت : بچن بۆ لای ئەو قرە قر و هاوار هاوارە و ، پشت گیریی ئەوەیان بکەن، کە لەسەر نارەوایە ، نەك ئەوەی، کە لەسەر رەوایە .. ئەوانیش رۆیشتن و کارەکەیان ئەنجام دا و ، قرە قرەکە کۆتایی پێ هات .

پاشان لە مامۆستا ئەپرسن، کە بۆچ ئەم کارە نارەوایەی پێیان ئەنجام دا ؟

مامۆستا تێیان ئەگەیەنێت، کە ئەوەی لەسەر رەوایە خاوەنی ئینصافیشە و ، لە پێناوی حەسانەوە و بەرژەوەندیی کەسانی تردا، کە یەکجار زۆرە دەست لە مافە هەندەکییەکەی خۆی هەڵ ئەگرێت، بەلاَم ئەوەی، کە لەسەر نارەوایە زۆر جار مەغروور و ئەنانییە و ، دەست لە هیچ شتێك هەڵ ناگرێت ، بەمە قرە قرەکە زیاد ئەکات .[96]

[96] الشعاعات : ٣٧٩

چوارەم : چاونەترسانی مامۆستا

کە مامۆستا بەدیل گیرا و رەوانەی گەورەترین ئۆردووگای دیلەکان کرا لە سیبریا ، رۆژێکیان نیکۆلا نیکۆلا فیچ بۆ پشکنین سەردانی ئەو ئۆردووگایە ئەکات و ، بۆ رێزلێنان لێی دیلەکان هەر هەموو لەبەری هەڵ ئەسن، بەڵام، کە لە بەردەم (بدیع الزمان) دا تێپەر ئەکات لە جێی خۆی جووڵە ناکات و بایەخیشی پێ نادات ، بە رادەیەك، کە سەرنجی فەرماندەی گشتیی رائەکێشێ و ، جارێکی تر و بە بیانوویەکی ترەوە لە بەردەمیا تێپەر ئەکاتەوە ، دیسان بایەخی پێ ناداتەوە بۆ جاری سێهەم لەبەر دەمیا ئەوەستێ و ، بە هۆی تەرجومانەوە ئەم وت و وێژە لە نێوانیاندا روو ئەدات :

- ئایا نەی ناسیم ؟

+ بەڵێ ئەی ناسم، نیکۆلا نیکۆلا فیچی خاڵۆی قەیصەر و ، فەرماندەی گشتیی بەرەی قەفقاسە .

- کەواتە بۆچ سووکایەتیی پێ کردم ؟

+ نەخێر ، داوای لێ بووردن ئەکەم، سووکایەتییم پێ نەکردووە، بەڵکو فەرمانی عەقیدەکەمم ئەنجام داوە .

- عەقیدە فەرمان بە چیی ئەدات ؟

+ من زانایەکی موسڵمانم و ئیمان لە دڵمدایە، جا ئەو کەسەی، کە ئیمان لە دڵیدا بێت چاکترە لەوەی کە لە دڵیا نەبێت، جا ئەگەر من بۆ رێزلێنان لەبەر ئەو هەڵسم ئەوا رێزی کەمم بۆ عەقیدەکەم داناوە، لەبەر ئەوە لەبەری هەڵ نەسام .

- کەواتە هەر بەوەی، کە سیفەتی بێ ئیمانیی بەسەرمدا بریی ئەوە سووکایەتیی بە خۆم و ، بە سوپاکەم و ، بە ئوممەتەکەم و ، بە قەیصەر کردووە دەبا هەر ئێستە دادگایەکی سەربازیی بۆ لێکۆڵینەوە لێی پێك بهێنرێت .

بە فەرمانی فەرماندەی گشتیی دادگای سەربازیی پێك هێنرا و ، لەولاوە ئەفسەرە تورك و ئەڵمان و نەمساوییەکان هاتنە لای (بدیع الزمان) و داوایان لێ کرد، کە داوای چاوپۆشیی لە فەرماندەی رووسیا بکات و عوزری بۆ بهێنێتەوە ئەویش وەڵامی دانەوە، کە پێی خۆشە گەشتێك بۆ قیامەت بکات و ، بچێتە خزمەتی پێغەمبەری بەرێز ﷺ و ، پێویستیی بە بلیتی سەفەری قیامەت هەیە و، ناتوانێت کارێك ئەنجام بدات، کە پێچەوانەی ئیمانەکەی بێت ..

بەم وەڵامەی مامۆستا هەموو بێ دەنگ بوون و ، چاوەروانی بریاری دادگا بوون .. دادگایش کاری خۆی ئەنجام دا و ، بریار بۆ لە سێدارەدانی (بدیع الزمان) دەرچوو ، ئەویش بە هۆی ماددەیەکەوە، کە بریتییە لە سووکایەتیی کردن بە قەیصەر و سوپای رووسیی .

دەستەیەك سەرباز و ئەفسەرێکی رووسیی ئامادە بوون هەتا مامۆستا بەرنە مەیدانی لە سێدارەدان .

تا لێرەدا مامۆستا هەڵ ئەستێ بۆ لای ئەفسەرەکە و ، بە روویەکی گەشەوە داوای تەنها پانزە دەقیقە مۆڵەت ئەکات هەتا ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات .

کە ماوەی ئەدەن دەست نوێژ ئەگرێت و دەست بە نوێژ ئەکات .

با هەموو دروست کراوانی خوا شاهێد بن ، وا خواناسێك لەبەر هێزی ئیمان و قووڵیی بیروباوەر لەبەردەم سێدارەدا بەسەری بەرزەوە وەستاوە و ، بە زمانی حاڵ ئەڵێت : **بێ باوەران ! سەنگی باڵە مێشوولەیەکتان بۆ دانانێم .. تازە بریارم داوە تەنها بۆ پەروەردگارم مل کەچ بکەم و سەر دابنەوێنم، بریارە و داومە و تا مردن ـ خوا کۆمەك بێت ـ کۆڵ نادەم .**

لەو کاتەدا خالۆی قەیصەر ئامادە بوو، و بە مامۆستای وت :

ـ داوای لێبوردنت لێ ئەکەم، وام ئەزانیی، کە ئێوە ئەو کارەتان بە مەبەستی سووکایەتی کردن پێم ئەنجام داوە ، بۆیە ئیجرائاتی یاسایيم بەرامبەرتان ئەنجام دا، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت، کە ئێوە ئەو کارە بە فەرمانی ئیمانەکەتان جێبەجێ ئەکەن و ، ئەوەی عەقیدەکەتان فەرمانتان پێ ئەکات ئەنجامی ئەدەن، لەبەر ئەوە بریاری حوکم دانم بەرامبەرتان بەتاڵ کردەوە، ئێوە شایانی هەموو ڕێز و پێ زانینێکن بە بۆنەی پیاوچاکیی و تەقواتانەوە، داوای لێ بووردن ئەکەم ، بێزارمان کردن و ، تکاشمان : (داوای لێبووردن ئەکەم) چەند جار دووبارە ئەکەمەوە .

ئەم ڕووداوە پر مەردایەتییە ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب گێراویەتەوە ، کە هاوەڵی مامۆستا بووە، و بە چاوی خۆی دیویەتی .[٩٧]

[٩٧] الشعاعات : ٥٧١ ـ ٥٧٢ ، ئەم باسە لە گۆڤاری (أهل السنة) کە لە ئەستەنبوڵ دەرچوو ، لە ١٥ / ١٠ ١٩٤٨ دا ، بە پێنووسی خاوەنی گۆڤارەکە پارێزەر (عبدالرحیم زابصو) بلاّوکراوەتەوە . سیرة ذاتیة : ١٣٠

پێنجەم : بە تەنیا لەسەر رووباری ڤۆلگا

مامۆستا نوورسیی باسی ژیانی ئەو ماوەیە ئەکات و ئەڵێت :

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ، لە شارێکی دووری باکووری خۆرهەڵاتی رووسیادا ، کە پێی ئەوترا (کۆسترما) دیل بووم .. لەوێ ، لەسەر لێواری (ڤۆلگا) ی بەناوبانگ مزگەوتێکی بچووکی تەتارەکان هەبوو .. منیش لە نێو ئەفسەرە دیلە هاوەڵەکانمدا بێزاریی سەری لێ دابووم ، بۆیە وام بە چاك زانیی گۆشەگیر بم .. بەڵام بەبێ ئیزن و مۆڵەت نەیان ئەهێشت بچمە دەرەوە .. پاشان بە زامنیی و کەفالەتی دانیشتوانی گەڕەکی تەتارەکان ماوەم درا لەو مزگەوتەدا بێنمەوە .. ئەوەبوو بە تەنیا تیایا ئەخەوتم و ، بەهاریش هاتە بەرەوە و، شەوگاری ئەو ناوچە دوورەش یەکجار درێژ بوو ..

زۆر جار لەو شەوە تاریك و ڕەشانەدا، کە خەم و خەفەتی ڕەشی غەریبییان لە خۆ پێچابوو ، خەوم ئەزڕا ، لە کاتێکدا لە جگە لە خورەی خەمناکی رووباری (ڤولگا) و ، چرکەی ناسکی دڵۆپی باران و ، بێ تاقەتیی لێك دابران، کە لە گڤەی باکانەوە ئەهات، هیچی تر نەئەبیسترا .. ئەمە هەر هەمووی ـ بە شێوەیەکی کاتیی ـ لە خەوی قووڵی بێ ئاگایی بێداری کردمەوە

جا هەرچەندە هێشتا خۆمم بە پیر لە قەڵەم نەئەدا ، بەڵام هەرکەس جەنگی جیهانیی ببینێ پیر ئەبێت ، چونکە بە ترس و لەرزی ڕۆژانی جەنگ منداڵان پیر ئەبوون ، هەروەك ئەو ڕۆژانە نهێنییەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزەیان ﴿ يَوْمًا يَجْعَلُ ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا ﴾ (المزمل : ١٧) لە خۆ گرتبێ و ، لەگەڵ ئەوەشدا، کە تەمەنم نزیکی چل ساڵیی بوو بوویەوە ، کەچیی خۆمم وەك تەمەن هەشتا ساڵێك ئەهاتە پێش چاو ..

لەو شەوگارە تاريك و درێژ و خەمبارانەدا و ، لەو دەورو بەرەدا، كە نوقمی خەم و خەفەتی غەريبييە و ، لەو واقيعە پڕ ئێش و ژانە سەختەم دا ، نائومێدييەكی قورس بەرامبەر بە ژيان و نيشتمانم تەپی كوتايە سەر سنگم، ئيتر هەرچيی ئاورم بە لای دەسەوسانيی و بێ كەسيی خۆمدا ئەدايەوە هەموو هيوا و ئومێدێكم ئەبڕان، بەلاّم لە قورئانی پيرۆزەوە كۆمەكييم بۆ هات ..

ئەوەبوو زمانم ﴿ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴾ (آل عمران : ١٧٣) ی دووپات ئەكردەوە و ، دڵيشم بە گريانەوە ئەی وت :

من غەريبم.. من تەنيام.. من لاوازم .. من دەسەوسانم .. هاواری ئەمانە داوای لێ بووردن ئەكەم .. دادی يارمەتييمە لە دەرگانەی تۆدا خودايە !

بەلاّم رۆحم، كە خۆشەويستانی دێرينی شارەكەمی هاتنەوە ياد و ، مردنی لەو غەريبييەدا هێنايە پێش چاو ، ئەوەبوو شيعرەكانی نيازيی ميصرييشی خوێندنەوە كە بە دوای دۆستدا ئەگەڕێن :

بەلای هەموو خەفەتێكی دونيادا گوزەرم كرد و،
بۆ بێ بەشيی دامە شەقەی باڵ ..
بە تاسەوە ئەفرييم و ،
لە هەموو ساتێكدا هاوارم ئەكرد :
دۆست .. ! دۆست .. !

بە هەر حاڵ .. (دەستەوسانيی) و (لاوازييم) لەو شەوگارە پرخەم و، درێژانەدا، كە بە لێك دابڕان و دڵ ناسكيی و ئاوارەيی تاريك بوو بوون ، بوونە دوو هۆی نزيك كەوتنەوە لە دەرگانەی رەحمەتی خوايی ، بوونە دوو تكاكاريش لە حزووری خوای گەورەدا، بە رادەيەك، كە من تا ئێستاش لەوە سەرسامم چۆن دوای چەند رۆژێكی كەم توانييم هەڵ بێم و ، بە شێوەيەكی چاوەڕوان نەكراويش ئەوەندە

ڕێگا ببرم، کە مەگەر بە ساڵێکی تەواو بە پێ ببڕێت و ، لە زمـانی ڕووسـییش شارەزا نەبووم .. بە ڕاستیی بە شێوەیەکی سـەیر و سەرسـوورهێنەر لـە دیلیـی ڕزگارم بوو، ئەمەش بە فەزڵی چاودێریی خوایی بوو، کە بە بۆنەی دەسەوسانیی و لاوازییمەوە فریام کـەوت و ، لـە ڕێـی (وارشـۆ) و (ڤیـەننا)وە گەیشـتمەوە ئەستەنبوڵ .. بەم جۆرە لەو دیلییە ئەوەندە بە ئاسانیی ڕزگارم بوو، کـە مایـەی سەرسامیی بوو ..

ئەوەبوو ئەو گەشتە درێژەی هەڵ هاتنم بەوپەڕی سووك و ئاسانییەوە تەواو کرد، کە ئازاترین و زیرەك ترین و لێ هاتووترینی ئەو کەسانەی، کە شـارەزای زمـانی ڕووسییشن نەیان ئەتوانی ئەنجامی بدەن ..[٩٨]

شەشەم : ئەندامی (دار الحکمە)

[٩٨] اللمعات : ٣٥٤ ، سيرة ذاتية : ١٣٠ ـ ١٣٣

مامۆستا نوورسیی لە نۆزدەی رەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٣٣٦ ك بەرامبەر بە هەشتی تەمووزی ساڵی ١٩١٨ ز گەیشتۆتەوە ئەستەنبوڵ و ، لەلایەن خەلیفە و، شێخولئیسلام و ، فەرماندەی گشتیی و ، قوتابیانی زانستە شەرعییەکانەوە بەوپەری رێز و ئیحترامەوە، کە شیاوی(بدیع الزمان) بێت، پێشوازیی لێ کرا[٩٩]

حکومەتی (إتحاد و ترقي) بە یەك دەنگیی رای وەها بوو کە مامۆستا نوورسیی سەرکەوتووترین کەسە تا دانایەتیی ئیسلامیی بە شێوەیەکی کاریگەر بە حەکیمانی ئەورووپا بگەیەنێت ،[١٠٠] ئەوەبوو لە ئەستەنبوڵ و ، لە (دار الحكمة الإسلامية) نزیکەی سێ ساڵ ، بۆ خزمەتی دین ، مایەوە [١٠١]

بەڵێ ، بەبێ رەزامەندیی خۆی لە (دار الحكمة) دامەزرا .. ئەوەبوو بە پێشنیاری وەزارەتی جەنگ لە ٢٦ / ٨ / ١٩١٨ ز دا ، واتە لە کۆتایی دووهەم مانگی گەڕانەوەی لە دیلیی ، بە مووچەیەکی مانگانە کە بریتیی بوو لە پەنجا لیرەی زێر دامەزرا، پاشان ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگ داوای لە مامۆستا (مووسا کاظم) ی (شیخ الإسلام) کرد تا داوا لە سوڵتان (وحید الدین خان) بکات تا پلەیەکی زانستییانەی بەرز بە (بدیع الزمان) ببەخشێ، سوڵتانیش لە ٩/ ٩ / ١٩١٨ دا رەزامەندیی لەسەر ئەوە نواند، بەڵام مامۆستا ، بە بۆنەی زەحمەت و مەینەتی دیلییەوە ، نەی ئەتوانی ئامادەی کۆبوونەوەکانی (دار الحكمة) ببێت ، ئەوەبوو چەند جارێك داوای کرد، کە لەو ئەندامێتییە دەست بەرداری بێن ، کەچیی داواکەی وەر نەئەگیرا ، سەرەنجام دەستی بە دەوام کرد ،[١٠٢]

---

[٩٩] اللمعات : ٣٥٤

[١٠٠] الشعات : ٥١٥

[١٠١] الكلمات : ٣٤٧

[١٠٢] لە حوزەیرانی ١٩١٩ ز دا دەستی بە دەوام کرد و، بە هەمووی دە مانگ چوار رۆژ کەمتر دەوامی کردووە .

بەلأم لە مووچەکەی تەنها ئەوەندەی وەرئەگرت کە بە ناچاریی پێی بژیت و ، پێی خۆش بوو وەك خەلکانی رەش و رووتی ناو کۆمەڵەکەی بژیت ، نەك چاو لە دەست بلاوەکان بکات، ئیتر ئەوەی، کە ئەمایەوە ئەیدایە دەست عەبدوررەحمانی برازای تا بۆی هەلّ بگرێت، بەلأم عەبدوررەحمان لەو پارەیەی خەرج ئەکرد بێ ئەوەی مامۆستا بزانێت، رۆژێکیان بەو خەرج کردنە ئەزانێت و نارەزایی دەرئەبرێت ، چونکە ئەو پارەیە هی ئوممەتی ئیسلامە و ، عەبدوررەحمان لە خەرج کردنی پارە ئەخات .

دوای ماوەیەك مامۆستا ئەو دوانزە پەیامەی، کە نووسیی بوونی چاپ ئەکات و چیی پارەی پاشەکەوتیان هەبوو ئەیدا بە چاپ کردن و ، پەیامەکان ـ جگە لەیەك دوو پەیامیان ـ بەبێ بەرامبەر بەسەر موسڵماناندا دابەش ئەکات . عەبدوررەحمان پرسیاری لێ ئەکات بۆچ پەیەمەکان نافرۆشێت تا پارەکە بێتەوە دەستیان ، تێی ئەگەیێنێ، کە ئەو مووچەیەی (دار الحکمة) تەنها بەشی گوزەرانیان بۆیان حەلاڵە و زیادەکەی پێویستە بگێرنەوە بۆ موسڵمانان ..[١٠٣]

بەمە ئەو مووچەیەی، کە مامۆستا لە (دارالحکمة) وەری گرتبوو ، بەشی زۆری گێرایەوە بۆ موسڵمانان ، کەمێکی نەبێ، کە بە نیازی ئەنجام دانی فەرزی حەج پاشەکەوتی کردبوو، ئەوەبوو مامۆستا ماوەی نەبوو بچێت بۆ حەج ، بەڵکو ئەو پارەیە ، هەرچەندە کەم بوو، بە بەرەکەتی قەناعەت و دەست پێوە گرتن، بەشی چەند ساڵێکی سەردەمی نەفیی کردنی کرد ، تا بەندەی خواناس دەست لە هیچ کەس پان نەکاتەوە

[١٠٣] تاریخ الحیاة

مامۆستا نزیکەی دوو ساڵ مووچەی لە (دار الحكمة) وەرگرت ، کە نەوەد لیرەی زێری لێ پاشەکەوت کرد بوو، و لە ساڵی ١٩٤٦ دا دای بە چاپ کەرانی پەیامەکانی نوور تا لە مەسرەفی کرینی کاغەز و چاپ و ڕۆنیۆدا بەشداریی بکات .[١٠٤]

عەبدوررەحمانی برازایشی، کە لەو کاتەدا لەگەڵ مامۆستادا ئەژیت نامەیەك بۆ عەبدولمەجیدی مامەی ئەنێرێت و ئەڵێت :

لە ڕەفتاری مامە (سەعید)م سەرسام بووم .. چیی ئاواتی دنیاییم هەبوون هەمووی دان بە بادا . حکومەت مووچەیەکی چاکی ئەداتێ و ، منیش هەرچیی لە مەسرەفی خۆمان ئەمایەوە پاشەکەوتم ئەکرد، چەند کتێبێکیشی دانابوون و ، جارێکیان بانگی کردم و وتی :

برۆ بەڕێوەبەری فلانە چاپخانەم بۆ بانگ بکە، منیش ڕۆیشتم و ، کاتێك، کە کتێبەکانی دا بە بەڕێوەبەرەکە پێمی وت : عەبدوررەحمان ! ئەو پارەیەی، کە پاشەکەوتت کردووە بی هێنە بۆم و ، بی دەرە خزمەتی بەڕێوەبەری بەڕێز، منیش کارەکەم ئەنجام دا، کە بەڕێوەبەر ڕۆیشت هەردوو چاوم لە فرمێسك پڕ بوون ، بەڵام من دڵ خۆشیی خۆمم ئەدایەوە و ئەم وت :

ئەم کتێبانە چاپ ئەکرێن و ئەفرۆشرێن و ، پارەکە ئەگەڕێتەوە دەستم و پاشەکەوتی ئەکەم، بەڵام ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژێك جارێکی تر ناردمی تا بەڕێوەبەرەکە بانگ بکەمەوە، ئەم جارەیان بە بەڕێوەبەری وت : تکام وەهایە لەسەر کتێبەکانم بنووسیت : بەبێ بەرامبەر بەسەر ئوممەتی ئیسلام دا دابەش ئەکرێن، کە بەڕێوەبەرەکە چووە دەرەوە هەستم کرد ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی، کە بەرامبەر بە مامەی گەورەم هەستم پێ ئەکرد نەما و ، نەشم توانیی خۆم بگرم و

[١٠٤] الملاحق ـ أميرداغ : ١ / ٢٣٧ ، المكتوبات : ٨٢ .

نەگرییێم، پێم وت : مامە گیان ! هەندێ پارەم پاشەکەوت کرد بوو تا ئەو خانووەمانی پێ تەعمیر بکەمەوە، کە جەنگ وێرانی کرد بوو ، بەلاّم ئێستا تۆ ئەو هیوایەمت لە ناو برد، ئایا شتی وەها ئەبێت ؟ مامەم زەردەخەنەیەکی کرد و وتی : کورەکەم ! عەبدوررەحمان گیان ! حکومەت مووچەیەکی زۆری پێمان ئەدا و، منیش جگە لە بەشی نەفسی خۆمان مافی ئەوەم نەبوو دەستی بۆ بەرم ، ئیتر هەرچیی لەوە زیاتر بێت ئەبێ بیگێرینەوە بۆ (بیت المال) ، بۆیە من ئەو پارە زیادەیەم گێرایەوە بۆ موسلّمانان ، بڕواشم وەها نیە، کە تۆ لەوە تێ بگەیت ، بەلاّم ئەوەش بزانە، کە ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوو، ئەوا لە هەر شوێنێکی ئەم نیشتمانەدا بێت خانوویەکت پێ ئەبەخشێ . (ش / ١٨٥ ـ ١٨٧ ، عن مجلة أهل السنة ٢ / ٤١ في ١ / ١١ / ١٩٤٨).

(دار الحكمة الإسلامية) سەر بە مەشیەخەی گشتیی ئیسلامیی دەوڵەتی عوثمانیی بووە و ، تەنها زانا پایەدارەکانی لە خۆ گرتوون ، وەك موحەمەد عاکیف و ،[١٠٥] ئیسماعیل حەققیی ئیزمیرلیی و ، حەمدیی ئەلمالیلیی و غەیری ئەوانیش ..[١٠٦]

حەوتەم : خەوێکی مانابەخش

---

[١٠٥] (١٨٧٣ ـ ١٩٣٦) شاعیری ئیسلام بووە لە تورکیا و ، سەرنووسەری گۆڤاری (الصراط المستقيم) و گۆڤاری (سبيل الرشاد) بووە، بۆ ئەندامی پەرلەمان لە ئەنقەرە هەڵ بژێرراوە

[١٠٦] مێژوونووس ئیسماعیل حەققیی ئەگێڕێتەوە، کە پرسیاری لە شێخولئیسلام موصطەفا صەبریی مامۆستای کردووە، کە لەبەر چ هۆیەك مامۆستا نوورسیی بۆتە ئەندامی (دار الحكمة) ؟ ئەویش وەلاّمی داوەتەوە کە نوورسیی یەکجار شارەزای زانستی فەرموودەی پێغەمبەر بووە ﷺ. (Aydınlar Konusuyor : ٣٠٢ لنجم الدين شاهين أر) ، سيرة ذاتية : ١٣٣ ـ ١٣٥

با بەر لەوەی باسی ئەو خەوەی مامۆستا نوورسیی بکەین ، ئەوە بڵێین، کە مامۆستا بە بارودۆخی نالەباری موسڵمانان زۆر خەفەتی ئەخوارد ، کاتێکیش، کە دەربارەی ئەو ئێش و ئازارانەی، کە ئەیچەشتن بە هۆی موصیبەت و تێك شکانی دەوڵەتی عوثمانییە وە پرسیاری لێ ئەکرا ، وەڵامی ئەدایەوە :

من ئەتوانم باری ئێش و ئازاری کەسیی خۆم هەڵ بگرم، بەڵام ئێش و ئازاری ئوممەتی ئیسلامیی هاریمی، من وەها هەست ئەکەم ئەو خەنجەرانەی، کە ئاراستەی جیهانی ئیسلامیی کراون ، یەکەم جار ئاراستەی دڵی من کراون . لەبەر ئەوە من بە دڵ تێك شکاو ئەبینن ، بەڵام بە ئیزنی خوا من نوورێك ئەبینم، کە ئەم رۆژە رەشانەمان لەیاد ئەباتەوە .[١٠٧]

ئەمەش خەوەکەیەتی : لە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەم و ، لەساڵی ١٩١٩دا مامۆستا نوورسیی لە حاڵەت و بارودۆخێکی یەکجار دژواردا ژیاوە ، ئەوەیش بە بۆنەی ئەو دەست لە خۆ شۆردنەی کە بە هۆی رووداوەکانی رۆژگارەوە گەیشتبووە چڵەپۆپە، لە ناو ئەو تاریکاییە چرو پرانەدا بە دوای نوورێك دا ئەگەرا ، سەرەنجام لە خەوێکی راستدا، کە بەخەبەربوونی راستەقینەیە، دەستی کەوت .

ئەو شەوە شەوی جومعە ئەبێت و مامۆستا ئەچێتە جیهانی (مثال) ە وە بەرێزێك دێتە لای و پێی ئەڵێت :

ـ کۆرێکی بەویقاری پر سام و هەیبەت ، بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی چارەنووسی جیهانی ئیسلامیی و ، زانینی ئەو بارودۆخەی، کە بەسەریدا هاتووە ، گیراوە و بانگت ئەکات .

---

[١٠٧] سیرة ذاتیة : ١٣٧

مامۆستاش ئەچێت و ، کۆڕێکی نوورانیی ئەبینێت کە پیاوچاکانی پێشیینە و، نوێنەرانی هەموو چەرخەکانی تێدا ئەبن، کە هێشتا لە دنیادا هاو وێنەی ئەوانەی نەدیی بوون .. مامۆستا سام و هەیبەتی کۆڕەکەی لێ ئەنیشێ و ، لەبەر ئەدەب و رێزلێنانی لە دەرگادا ئەوەستێ .

یەکێك لە دانیشتوان رووی تێ ئەکات و پێی ئەڵێت :

ـ ئەی پیاوی قەدەر ! .. ئەی پیاوی چەرخی نەگبەتیی و فیتنە و تیاچوون ! .. لەم باسەدا تۆش رای خۆت دەر بڕە ، چونکە ئەبێ رای تۆشی تیا بێت .

مامۆستا، کە لە دەرگاکەدا وەستا بوو ئەڵێت : پرسیارم لێبکەن تا منیش وەلام بدەمەوە

یەکێکیان ئەڵێت :

ـ سەرەنجامی ئەم تێك شکانە ـ کە بەسەر دەوڵەتی عوثمانییدا هاتووە ـ چۆن دێتە بەر چاوت و ، ئەگەر دەوڵەتی عوثمانیی سەر بکەوتایە بە تەما بوویت کاری بەرەو کوێ بڕوا ؟

مامۆستا لە وەلامدا دەری ئەبڕێ، کە مەرج نیە هەموو موصیبەت و لێ قەومانێك شەر و خراپە بێت ، بەڵکو جاری وەها ئەبێت، کە بەختەوەریی لە بەلا و نەگبەتییدا بێت و ، بەلایش لە بەختەوەرییدا کەواتە دەوڵەتی عوثمانیی، کە بۆ پارێزگاریی لە جیهانی ئیسلامیی فەرزی جیهادی خستبووە ئەستۆی خۆی و ، ئالای خەلافەتی بۆ بەرزکردنەوەی فەرمایشتی خوا هەڵ گرت بوو ، ئەو موصیبەتەی، کە هاتە رێی ، بە هۆی ئەو بەختەوەرییەوە، کە لە دوارۆژدا جیهانی ئیسلامیی ئەیگاتێ ، بۆی ئەبژێرێتەوە

ئەو موصیبەتە برایەتیی ئیسلامیی گەشە پێ کرد ، بە رادەیەك لە کاتێكدا، کە دەوڵەتی عوثمانیی لە ئێش و ئازاردا بوو ، جیهانی ئیسلامیی فرمێسکی هەڵ ئەرێژا. خۆ ئەگەر ئەورووپا ئازاری زیاتری بدانایە ئەوا جیهانی ئیسلامیی هاواری

ئەکرد خۆ ئەگەر بیست ملیۆن عوثمانیی تورك بمرن ئەوا سێ صەد ملیۆن موسڵمانی جیهان زیندوو ئەبنەوە، بەڵێ موسڵمانان بەم تێك شکانەی دەوڵەتی عوثمانیی بەختەوەرییەکی بە پەلەی تیاچوویان لە دەست دا ، بەلام بەختەوەرییەکی هەمیشەیی و بەردەوام چاوەروانییان ئەکات ، دیارە ئەمەش قازانجی موسڵمانانە .

دەنگێك لە کۆرەکەوە هات :

ـ روونی بکەرەوە ! ئەوەی ئەیلێیت چاك دەری بخە !

مامۆستا دەری بریی، کە ئەگەر دەوڵەتی عوثمانیی سەر بکەوتایە ئەوا چاوی لە دەوڵەتە کافرە مل هورەکان ئەکرد و ، دەستی ئەدایە داگیرکردن و زۆرداریی لەوان خراپتر ، هەرچەندە ئەو کارە لەگەڵ سروشتی جیهانی ئیسلامییدا نەگونجاوە و ، لەگەڵ بەرژەوەندیی موسڵمانان‌دا نیە و ، تەمەنیشی کورتە و زوو تیا ئەچێت . ئەو کاتە جیهانی ئیسلامیی بەرەو کارێکی نامۆ ئەبرا، کەواتە شارستانێتیی ئەوروپا، کە زیانەکانی یەکجار زۆرن و ، موسڵمانان جگە لە زەرەر و زیان هیچیان لێی نەدیوە و ، لە روانگەی شەرعەوە شتێکی نەویستراوە ، هەر ئەوەندەیە مرۆڤ چاو بکاتەوە ، ئیتر تیا ئەچێت و ئەرووخێت ..

یەکێك لە ئەندامانی کۆرەکە پرسیی :

ـ شەریعەت بۆچ ئەم شارستانیەتە ئەداتە دواوە ؟ [١٠٨]

مامۆستاش وەلام ئەداتەوە، کە ئەو شارستانیەتە لەسەر پێنج بنچینەی سەلبیی دامەزراوە :

یەکەم : خاڵی پشت پێ بەستنی هێزە ، کە کاری هێزیش دەست درێژییە

[١٠٨] مامۆستا روونی ئەکاتەوە، کە ئەم شارستانیەتە هەندێکی چاکە و هەندێکیشی خراپە، بەلام گەمژەکانی جیهانی ئیسلامیی ئەو خراپانەیان بە چاکە زانیی و ، موسڵمانانیان بەرەو هەڵ دێر برد و ، ئەوە بوو دوو جەنگی سەختی جیهانیی هەڵ گیرسان و ، سەرزەویی بووە، گۆمی خوێن و بە ملیۆنەها بەستەزمان ماڵ کاول و رەنجەرۆ بوون، بێ ئەوەی کەلکی بۆ مرۆڤ هەبێت، هیواداریین خوای گەورە ئیسلام بەهێز بکات تا سەرزەویی پاك بێتەوە و ، ئاشنایی باڵ بەسەر مرۆڤایەتییدا بکێشێت .

دووهەم : ئامانج و مەبەستی : کەڵك و قازانجی خۆیەتی و ، کاری ئەمەش پاڵ پالێنە

سێهەم : دەستووری ژیانی : بەرابەرکێ و زۆرانبازییە و ، کاری ئەمەش ناکۆکیی و دووبەرەکییە

چوارەم : پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان : رەگەزپەرستیی و نەتەوەگەریی سەلبییە، کە لەسەر حیسابی کەسانی تر گەشە ئەکات و ، کاری ئەمەش لێکدان و پێکدادانە

پێنجەم : خزمەت کردنی بۆ مرۆڤایەتیی خزمەت کردنێکی دڵرفێنە ، بەوەی، کە ئارەزووی بەرژەوەندیبازیی هەڵ ئەنێت و ، ئارەزوواتی نەفسی ئەمارە ئەورووژێنیّ و ، ئاواتەکانی بۆ ئاسان ئەکات . جا ئەم ئارەزووبازییە مرۆڤ لە پلەی مەلائیکەتییەوە ئەخاتە ناو چاڵی ئاژەڵیی و سەگێتییەوە ، بەمە بە شێوەیەکی مەعنەویی مرۆڤ مەسخ ئەبێت .

بەم کارە سەلبییەی ئەم شارستانیەتە لە ٨٠٪ صەدا هەشتای مرۆڤ بەدبەخت بوون، و لە ١٠٪ صەدا دەشیان کەوتوونەتە ناو بەختیارییەکی ساختەوە و ، لە ١٠٪ صەدا دەکەی تریش لە نێوان هەردوولادا سەرسام وەستاوە، بەمە بەختەوەریی ئەم شارستانیەتە بۆ چینێکی یەکجار کەمە، لەبەر ئەوە قورئانی پیرۆز لە هیچ شارستانیەتێك رازیی نابێت ئەگەر بەختەوەریی پەخشانی تێکرای مرۆڤ ، یان بەشی هەرەزۆری نەکات .

کە ئارەزواتی مرۆڤیش بەرەلا کران ، پێویستییەکانی لە چوار پێویستیی سەرەکییەوە زیادیان کرد بۆ صەد پێویستیی ئەمەش بۆتە هۆی هەژارکەوتنی مرۆڤ .. کەواتە پێویستە شەو و رۆژ هەوڵ بدا بۆ بەرامبەربوونەوە لەگەڵ مەسرەفە

پر لە ئیسرافەکان ، ئەمەش مرۆڤی ناچاری فروفێڵ و حەرام خواردن کردووە ، ئەمەش بووە هۆی رووخانی رەوشت .

جا لە کاتێك دا کە ئەم شارستانیەتە سامان و دەوڵەمەندیی بە کۆمەڵ و جۆری مرۆڤ ئەبەخشێ ، تاکە تاکەی مرۆڤەکان هەژار و رەوشت رووخاو دەرئەکات .

بەمە لە هیچ چەرخێك‌دا ئەوەندە بەدبەختیی و کلۆڵیی بەسەر مرۆڤ دا نەهاتووە

شایانی باسە کە تێگەیشتوانی جیهانی ئیسلامیی هەرگیز رازیی نابن هیدایەتی خوایی، کە لە شەریعەتە پاك و بێگەردەکەیدایە ، تێکەڵ بە فروفێڵ و رەوشت نزمییەکانی رۆمان و یۆنان بکەن، چونکە شەریعەت تایبەتمەندیی سەربەخۆیی و نەتوانەوە بە شوێن‌کەواتوانی پێشکەش ئەکات .

ئەندامانی کۆرەکە لە مامۆستا ئەپرسن :

ئەی ئەو شارستانیەتەی، کە لە شەریعەتدایە کامەیە ؟

مامۆستاش ئەڵێت : بەلاَم ئەو شارستانیەتەی، کە لە چوارچێوەی شەریعەتی پاك و بێگەردایە و ، شەریعەت فەرمانمان بەسەردا ئەدات تا هەوڵی بەرپاکردنی بدەین ، ئەوەیە کە بە رەواندنەوەی ئەم شارستانیەتەی ئێستا دەرئەکەوێت و ، چەندین بنچینەی ئیجابیی رێك و پێك لە جێی ئەو بنچینە کلۆرە گەندەڵە سەلبییانە دائەنێت .

بەڵێ ! خاڵی پشت پێ بەستنی شارستانێتیی شەریعەت : (حەق)ە لە بریی هێز، کاری حەقیش بریتییە لە، عەدالەت و هاوسەنگیی ، ئامانجیشی، رەوشت بەرزییە لە بریی کەڵك و قازانجی خۆی، رەوشت بەرزییش کاری بریتییە لە : خۆشەویستیی و کەمەندکێش کردن، لایەنی یەك بوون و ئەو پەیوەندییەش، کە کۆمەلاَنی مرۆڤ بە یەکەوە ئەبەستێت، پەیوەندیی دینیی و ، نیشتمانیی و ، پیشەییە لە بریی رەگەزپەرستیی، کاری ئەمەش بریتییە لە: برایەتییەکی پاك و

بێگەرد و ، ئاشتیی و تەبایی و ، بەرگریی لـە ولاَت لـە کـاتی دەسـت درێـژیی بێگانان‌دا، دەستووریشی لە ژیان‌دا، هاوکارییە لە بریی زۆرانبازیی و بەرابەرکێ، کاری هاوکارییش بریتییە: لە پاڵدان بە یەکەوە و یەك‌گرتن .

لە بریی هەوا و ئارەزوواتیش هیدایەت دائەنێت تا ببێتە دادوەر لەسـەر ئـەو خزمەتانەی، کە پێشکەشی مرۆڤ ئەکرێن و ، کاری هیدایـەتیش بریتییـە لـە : بەرزکردنەوەی مرۆڤایەتیی بۆ پلە بەرزەکانی کەمالاَت، جا کە هیدایەت سنوورێك بۆ هەوا و ئارەزووات دائەنێت و ، ئاواتە نەفسانییەکان لە ئاستێك‌دا ئەوەستێنێ ، رۆح بێخەم ئەکات و وەهای لێ ئەکات، کە بۆ پلە بەرزەکان بە تاسەوە بێت .

بەو مانایە کە ئێمە بە تێك شکانمان لـە جەنگـدا کەوتینـە شـوێن تـەوژمی دووهەم، کە بریتییە لە تەوژمی ستەم لێکراوان و جەماوەری خەڵك، جا ئەگـەر ستەم لێکراوان لە غەیری ئێمەدا لە ٨٠٪ صەدا هەشتایان پێك بهێنن ، ئەوا لە ناو موسـڵمانان‌دا لـە ٩٠٪ صـەدا نـەوەد ، بگـرە لـە ٩٥٪ صـەدا نـەوەد و پێـنج ئەبن .....

دەنگی تەصدیق لە کۆرەکەوە بەرز بوویەوە و وتیان :

بەڵێ ، هیوادار بن ، بەرزترین دەنگی کاریگەر لە ئاڵ و گۆڕییەکانی ئایندەدا بریتییە: لە دەنگی ئیسلام

یەکێکی تریشیان پرسیاری کرد :

بەلاَ و موصیبەت لە ئەنجامی تاوان‌دا دێت و ، پێشەکیی پاداشتە، جـا ئێـوە چیتان کردبوو هەتا قەدەری خوایی بریاری ئەم موصیبەتەی بۆتان دەرکرد، چونکە بەلاَ و موصیبەتی گشتیی بە هۆی هەڵەی زۆربەی خەڵکەکەوە بەسـەردا دێـت ؟ ئەی پاداشتی بە پەلەتان کامەیە ؟

مامۆستا نوورسیی ئەڵێت :

پێشەکیی سێ پایە لە پایەکانی ئیسلامان پشت گوێ خستن: نوێژ، و رۆژوو، و زەکات، ئەوەبوو بەدیهێنەری پاك و بێگەرد بۆ ئەنجامدانی پێنج فەرزەی نوێژ لە بیست و چوار سەعات‌دا داوای تەنها یەك سەعاتی لێمـان کـرد، کەچـیی ئێمـە

تەمەڵییمان کرد لە ئەنجامدانی، ئەویش بە راهێنانێکی قورس و هەمیشەیی بیست و چوار سەعاتیی بۆ ماوەی پێنج ساڵی سەرەمر پاداشتی داینەوە، واتە ناچاری بەجێهێنانی جۆرە نوێژێکی کردین، هەروەها خوای پاك و بێگەرد داوای لێ کردین بۆ بەزەیی هاتنەوە بە خۆمان دا لە ساڵێكدا مانگێك بەرۆژوو بین، کەچیی دڵمان نەهات خۆمان نارەحەت بکەین ، ئەویش بۆ ماوەی پێنج ساڵ ناچاری رۆژووگرتنی کردین ، بۆ کەففارەتی تاوانەکانمان .. هەروەها خوای پاك و بێگەرد داوای زەکاتی لێکردین ، کە بریتییە لە دەیەك یان چلیەکی ئەو سامانەی، کە پێمانی بەخشیوە، کەچیی ئێمە بەخیلییمان کرد و ستەممان کرد ، ئەویش ناچاری کردین زەکاتێکی کەڵەکە بوو لەسەرمان بدەین، (الجزاء من جنس العمل)

بەلام پاداشتی بەپەلەمان بریتییە لەوەی، کە خوای پاك و باڵادەست پێنج یەکی ئەم ئوممەتە تاوانبارەی ـ واتە چوار ملیۆنیان ـ بەرز کردەوە بۆ پلەی ویلایەت و ، پلەی شەهیدیی و پلەی موجاهیدانی پێ بەخشیین، ئیتر ئەوەبوو ئەو موصیبەتە گشتییەی، کە لە هەڵەی گشتییەوە بەسەردا هاتبوو تاوانەکانی رابوردووی لابردن .....[١٠٩]

هەشتەم : دانانی (الخطوات الست) و وەڵامی کەنیسە

لە ١٣ / ١١ / ١٩١٩دا پەنجا و پێنج کەشتیی جەنگیی کەشتیگەلی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ، بە پێی جەنگ وەستاندنی (مۆندرۆس) کە لە ٣٠ / ١٠ / ١٩١٨دا مۆر کرا بوو ، هاتنە ناو ئەستەنبوڵەوە ، کە بیست و دوو کەشتییان هی ئینگلتەرە و ، دوانزەیان هی فەرەنسا و ، حەڤدەیان هی ئیتالیا و ، چواریشیان

[١٠٩] سيرة ذاتية : ١٣٧ ـ ١٤٢

هی یۆنان بوون، ئەم کەشتییانە رووی تۆپەکانیان کردە کۆشکی خەلیفە، کە لە حوکمی دیل‌دا بوو، لە کۆشکی (دۆڵمە باخچە) دا و ، لە ١٨ / ٣ /١٩٢٠یش‌دا ئینگلیز ئەستەنبوڵیان داگیر کرد

ئا لەو کاتەدا کەمینە نامو‌سڵمانەکان هاتنە دەرەوە و دەستیان دایە چەپڵە و هەل هەلە بۆ سەربازە داگیرکەرەکان، ئەو نامو‌سڵمانە نامەردانە چەند صەدە بوو بەوپەری رێز و مافەوە لە سایەی دەوڵەتی عوثمانییدا ئەژیان بێ ئەوەی کەسێك بۆی بێت دەستیان بۆ ببات، کەچیی لەو رۆژەدا شادمانیی خۆیان دەرئەبریی و لە یادیان چوو بوو، کە ئەوانە لە ژیان و گوزەرانی چاك‌دا ئەژیان و ، زۆریان بە پلە و پایەی وەزیریی ئەگەیشتن و ، لە خزمەتی سەربازییش چاپۆشی‌یان لێ کرابوو .

لە ئیسپانیا مەسیحییەکان دەستیان دایە کوشت و بڕی جوولەکە و ، دوای کوژرانی دەیان هەزاریان ، جوولەکە ناچار بوون پەنا بەرنە خاکی دەوڵەتی عوثمانیی، چونکە لە هیچ وڵاتێك‌دا جێیان نەئەکرایەوە ، کە ئەو کاتە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیی بوو، رێی پێدان و هاتنە وڵاتەکەیەوە و ، ئەوپەری ماف و رێزیشی بۆ دانان .

ئەرمەنیش بە درێژایی مێژوو لە ژێر ستەم و جەوردا ناڵاندوویانە کاتێك، کە لە ژێر دەسەڵاتی مەجووسەکان‌دا بوون هەوڵیان دا بە زۆر بیان‌کەن بە مەجووسیی و ، کاتێکیش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بیزەنطی یەکان هەوڵیان دا بە زۆر بیان‌بەنە سەر مەزهەبی ئەرثۆذۆکسیی . ئیتر جگە لە سایەی دەوڵەتی ئومەویی و عەبباسیی و عوثمانیی‌دا هیچ سەربەستییەکی عەقیدەیی و ژیان و گوزەرانی خۆشیان نەبووە

کاتێکیش موحەممەد فاتح ئەستەنبوڵی فتح کرد سەربەستییەکی تەواوی بە ئەرمەن دا، کە لە هەمان کات‌دا هاودینەکانیان لە ژێر ستەمی رووسیادا ئەتلانەوە، کەچیی، کە دەوڵەتی عوثمانیی لاواز کەوت ، ئەرمەن بوونە داردەستی

دوژمنان بە تایبەت رووسیا، و دەستیان دایە ئاژاوە دروست کردن، کاتێکیش کە ئەستەنبوڵ لە لایەن کافرانەوە داگیر کرا ئەوان شادمانییان دەربڕیی .

هەروەها رۆمەکانیش ، لە سایەی دەوڵەتی عوثمانییدا ، ئەوپەری سەربەستییان هەبوو هەتا سوڵتان (محمد فاتح) چەند مافێکی جیاوازی بەوان دابوو تـا دینـی خۆیان بە سەربەستیی بپەرستن .

جوولەکە و ئەرمەن رژانە شەقامەکان و بە شەبقەکانیان ئاماژەی سەرکەوتنیان بۆ داگیرکەران ئەکرد و ، چەپڵەیان بۆ لێ ئەدان و گوڵ بارانیان ئەکردن ..

رۆمەکانیش ئالآی یۆنانیی بچووکیان هەڵ گـرت بـوو و ، هاواریـان ئـەکرد زیتۆ ... زیتۆ ، واتە بژیی ، بژیی .

لە ناو هاوار و گاڵەی ئەو ناموسڵمانە نامەردانەدا لە یەهوود و ئەرمەن و رۆم، فەرماندەی فەرەنسیی جەنەراڵ (فرانس دیپەرێس) بە شەقامی (بەگ ئۆغلـۆ) دا، بە فیز و دەمارێکەوە ، بەرەو بینای باڵیۆزخانەی فەرەنسیی کـەوتبووە رێ و سواری ئەسپێکی سپیی بوو بوو، و بە دەستی ئاماژەی بۆ پێشوازییکەران ئەکرد و لاسایی فەرماندە سەرکەوتووەکانی مێژووی ئەکردەوە و ، بێ شەرمانە بە سواریی ئەسپەکەیەوە ئالآی دەوڵەتی عوثمانیی شێلا

بەڵام موسڵمانەکان بە دڵێکی زامداری پر ئێش و ژانەوە سـەیری ئـەو دیمەنـە جەرگ‌بڕەیان ئەکرد، کە هەرگیز هەڵوێستی وەها بە بیریان‌دا نەهاتبوو و، هەرگیز چاوەروانی زەلیلیی وەهاشیان نەئەکرد .. فرمێسك لە چاویان‌دا قەتیس مابوو و، بەو هەموو ئێش و ژانەشەوە ئەتلانەوە

چەند رۆژێك دوای داگیرکردن هەواڵ بلاّو بوویەوە، کە دەسـەلآتی داگیرکـەران لەسەر ئەوە سوورە چەند زەنگێکی کلیسا بێنێت و لە مزگەوتی (ئایا صۆفیا) دا هەڵیان بواسێت .. هەواڵێکی دڵ تەزێن بوو، چونکە ئایا صۆفیا هێمای سەرکەوتن و هێمای فەتحی ئەستەنبوڵ بوو .. ئا لەو کاتەدا سوڵتان (وحیـد الـدین) بـەبێ

دەسەلاّت وەك دیلی بالّ بەستراو لە کۆشکەکەیدا کزی کردبوو، و لە بەردەم داگیرکەراندا جووڵەی نەئەکرد کەچیی، کە ئەو هەواڵەی بیست خۆی پێنەگیرا و نەیتوانی بێدەنگ بێت ، بەڵکو فەرمانی بەسەر یەکەیەکی سەربازیی لە پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆیدا دا هەتا برۆن بۆ مزگەوتی ئایا صۆفیا و، نەهێڵن کاری وەها ئەنجام بدرێت ، ئەگەرچیی تاقیان برراوەتەوە

کە داگیرکەران ئەم هەڵوێستەیان دیی ، وایان بە چاك زانیی لەو بریارە پەشیمان ببنەوە ، نەوەکو بزووتنەوەیەکی میلليی دروست ببێت و گرفتیان بۆ دروست بکات .

دوای داگیرکردنی ئەستەنبوڵ فەرمانادەی گشتیی سوپای ئینگلیز دەستی دایە دروست کردن و پەرەپێدانی ناکۆکیی لە نێوان موسڵمانەکاندا ، هەتا ئەوەبوو (شیخ الإسلام) و هەندێ زانای تری خەڵەتاند و وای لێ کردن دژی یەکتر بدوێن . هەروەها ناجۆریی نێوان کۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) و کۆمەڵەی (إئتلاف) ی[١١٠] زیاتر کرد تا بارودۆخ بۆ سەرکەوتنی یۆنان بەسەر تورکیادا لەبار بێت، ئا لەم کاتە ناسکەدا مامۆستا نوورسیی کتێبی (الخطوات الست) ی دژی ئینگلیز و

---

[١١٠] کە دەوڵەتی عوثمانیی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە بەردەم هێزی هاوپەیمانەکاندا تێك شکا ، سەرۆك و ناودارەکانی کۆمەڵەی (إتحاد و ترقي) بەرەو دەرەوەی ولات هەلاتن، کۆمەڵەی (إئتلاف) یش دوای جەنگی جیهانیی یەکەم وەك تەوژمێکی سیاسیی دەرکەوت، کە دژی (إتحاد) یەکان و نۆکەری ئینگلیز بوون .

یۆنان دائەنێت و ، ئەشرەف ئەدیب یش [١١١] چاپی ئـەکات و بـڵاوی ئەکاتـەوە بـەمـە نـەخشەی گڵاوی ئەو فەرماندە ئینگلیزییە پووچەڵ ئەکاتەوە . [١١٢]

هەرکە فەرماندە ئینگلیزییەکە هاتە ئەستەنبوڵەوە پەیامی (خطوات ستة) ی تەسلیم کرا ، کە هێرش ئەکاتە سەریان و ، بیرو بۆ چوونە هەڵەکانیان ئەداتە دواوە و غیرەت ئەخاتە بەردەم موسڵمانان، هەروەها لە چالاکیی (بدیع الزمان) ئاگادار کرا، کە چەندە دژی داگیرکەرانە

فەرماندەی ئینگلیز هاتە سەر ئەو بریارە، کە مامۆستا لەناو بەرێت ، بەڵام، کە ئاگادار کرا بریاری وەها رقی جـەماوەر هـەڵ ئەسـتێنێ و ، دەسـت ئەدەنـە دژایەتیی، لەو بریارە پاشگەز بوویەوە، بەڵام وازیان لێ نەهێنا

کە فەرماندەکانی ئەنقەرە هەواڵی کاریگەریی ئەو پەیامەیان زانیی و ، زانییان (بدیع الزمان) چۆن دەوری کاریگەری دژی داگیرکەران دیوە ، دوو جار بانگیـان کرد بۆ ئەنقەرە ، تا پاداشتی ئەو کارە مەردانانەی بدەنەوە، بەڵام مامۆستا وای بە چاك زانیی لە ئەستەنبوڵدا بمێنێتەوە، و نەچوو بە دەم بانگ کردنەکەیانەوە و، پێی وتن :

پێم خۆشە لەو شوێنەدا جیهاد بکەم، کە لە هەموو شوێنێك زیاتر مەترسـیی دارە، نەك لە سەنگەردا .. جا من وەهای ئەبینم، کە ئـەم شـوێنەم لـە ئـەنادۆڵ مەترسییدارترە [١١٣]

---

[١١١] یەکێك بوو، لە موسڵمانە بەغیرەتەکانی ئەو سەردەمە و ، سەرنووسەری گۆڤـاری (سـبیل الرشـاد) ی ئیسلامیی بووە . لە ل ٤٥٥ – ٤٥٨ ی (سیرة ذاتیـة) دا باسـێکی قەشـەنگی دەربـارەی مامۆسـتا نوورسـیی نووسیوە

[١١٢] لە تورکیا دوو حکومەت لەو کاتەدا دامەزرابوون، حکوومەتی عوثمانیی لە ئەسـتەنبووڵ، کـە لـە ژێـر دەسەڵاتی هاوپەیمانەکان دا بوو، بە تایبەت ئینگلترە و ، حکومەتێکی نیشتمانییش لە ئەنقەرە بە سـەرۆکایەتیی موصطفا کەمال .

نۆهەم : وەڵامی کەنیسە

کە ئەستەنبوڵ داگیر کرا و ، ئینگلیز تۆپەکانی لە گەرووی ئەستەنبوڵدا تێك شکاند ، لەو رۆژانەدا سەرۆکی قەشەکانی کەنیسەی ئینگلیکیی شەش [١١٤] پرسیاری ئاراستەی مەشیەخەی ئیسلامیی کرد ، لەو کاتەدا حەیدەریی زادە ئیبراهیم ئەفەندیی (شیخ الاسلام) بوو، و پرسیارەکانی ئاراستەی (دار الحکمة الإسلامیة) کرد و ، سەرەرای مامۆستا نوورسیی زانای تریش وەك تەفسیرکار ئیسماعیل حەققیی ئەزمیرلیی و شێخ عەبدولعەزیز چاویش بە درێژە وەڵامیان دایەوە

لەو کاتەدا مامۆستا نوورسییش ئەندامی (دار الحکمة) بوو و پرسیارەکانی ئاراستە کران هەتا بە(٦٠٠) شەش‌صەد وشە وەڵامیان بداتەوە

ئەویش لە وەڵامدا وتی : ئەم پرسیارانە نە بە شەش‌صەد وشە و ، نە بە شەش وشە و ، نە بە یەك وشە وەڵام نادرێنەوە ، بەڵکو وەڵامیان یەك تفە ..

چونکە کاتێك، کە ئەو دەوڵەتە ئاوەکانی ئێمەی داگیر کرد و ، دەستی نایە قورگمان وەك ئەبینن ، پێویستە تف بکرێتە ناوچاوی سەرۆکی قەشەکانیان بەرامبەر بەو پرسیارانەی، کە بە هەموو غرووریکەوە پرسیونی .

بۆیە مامۆستا فەرمانی دا تف بکرێتە ناوچاوی پیسی زاڵمان .. [١١٥]

ئەمانەش پرسیارەکانی بوون، کە مامۆستا نوورسیی وەڵامی دابوونەوە :

---

[١١٣] سیرة ذاتیة : ١٤٤

[١١٤] لە (الکلمات) دا ل٨٩٥ پرسیارەکان دەربارەی چوار شت کراون ، واتە چوار پرسیار بوون .

[١١٥] المکتوبات : ٥٣٨

پرسیاری یەکەم : دینی موحەمەد ﷺ چیە ؟
وەلاَم : قورئانی پیرۆزە، کە بنچینەی مەبەستی چەسپاندن و دامەزراندنی شەش پایەکەی ئیمان و ، قووڵ کردنەوەی پێنج پایەکانی ئیسلامە .
پرسیاری دووهەم : چیی بە فیکر و بە ژیان پیشکەش کردووە ؟
وەلاَم : یەکڕایی بە فیکر و ، راستڕەویی بە ژیان پێشکەش کردووە شاهیدیش لە سەر ئەوە فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ و ﴿ فَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَ ﴾ (هود : ١١٢) .
پرسیاری سێهەم : مل ملانێی ئەم چەرخە چۆن چارەسەر ئەکات ؟
وەلاَم : بە حەرام کردنی ریبا و ، فەرزکردنی زەکات ، شاهیدیش بۆ ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ﴾ (البقرة : ٢٧٥) و ﴿ يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ ﴾ (البقرة : ٧٦) ، و ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ (النور : ٥٦) .
پرسیاری چوارەم : ئیسلام چۆن ئەروانێتە ئاژاوە و پشێوییەکانی مرۆڤ ؟
وەلاَم : هەوڵ و کۆشش بناغەیە ، ئەگەرنا سامانی مرۆڤ لە دەستی زاڵماندا کۆ ئەبێتەوە و ، بەشی کەسی لێ نادەن، شاهێدیش فەرمایشتی خوای گەورەیە ﴿ وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ (النجم : ٣٩) . و ﴿ وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ (التوبة : ٣٤) [١١٦]

[١١٦] الكلمات : ٨٩٥ ، الشعاعات : ٤٧٤

لە دایك بوونی سەعیدی نوێ

یەکەم : هۆشیاریی ڕۆح و سەرکەوتنی دڵ

مامۆستا باسی ئەو قۆناغەی ژیانی ئەستەنبوڵ ئەکات :

((کە لە دیلیی گەرامەوە ، لەگەڵ ، (عەبدوررەحمان) ی برازامدا لە کۆشکێکی سەر لووتکەی (چاملَچە) لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێ بووبووین ئەگونجا ئەو ژیانەی، کە من بەسەرم برد لەلایەنی دنیاوە بۆ ئێمەمانان بە ژیانێکی نموونەیی لە قەڵەم بدرایە ، چونکە لە دیلیی رزگارم بوو بوو، و .. دەرگای هۆیەکانی بلاوکردنەوە لە (دار الحكمة الإسلامية) دا ، بە گوێرەی پیشە و ئەرکی زانستییانەی سەرشانم لەبەر دەممدا خرابوویە سەر پشت و .. شۆرەت و ناوبانگ و روولێنانی خەڵکییش بە رادەیەك دەورەیان لێ دابووم، کە من شایستەیان نەبووم و .. لە جوانترین ناوچەی ئەستەنبوڵدا (چاملَچە) نیشتەجێ بووبووم و .. هەموو شتێك بۆ من بە گوێرەی دڵ بوو، چونکە (عەبدوررەحمان) ی برازام ـ رەحمەتی خوای لێبێ ـ لە گەڵمدا بوو، کە لەگەڵ ئەوەشدا لەوپەری زیرەکیی و وریاییدا بوو، قوتابییەکی خۆبەختکەر و خزمەتگوزار و نووسەر بوو، هەتا من بە کوڕێکی مەعنەویی خۆمم ئەژمارد

لە کاتێکدا، کە وا هەستم ئەکرد من بەختیارترین مرۆڤم لە جیهاندا ، سەیرێکی ئاوێنەم کرد .. چەند تاڵە موویەکی سپییم لە سەر و ریشمدا بەدیی کردن .. ئەبینم وا ئەو بێدارییە رۆحییەی، کە لە دیلییەکەمدا لە مزگەوتەکەی

(کۆسترما) هەستم پیٚ کرد ، خەریکە سەر هەڵ ئەداتەوە . ئیتر منیش دەستم دایە سەنج‌دان و بە وردیی بیرکردنەوە لەو حاڵەتانە، کە بە دڵ وابەستەیان بوو بووم، و واشم ئەزانیی ئەوانە سەرچاوەی بەختیاریی دنیان .. جا هەر حاڵەتیٚك و هەر هۆیەك بە وردیی سەرنجم دابیٚ ، ئەوا بۆم دەرکەوتووە، کە هۆیەکی هیچ و پووچ و دەست برە ، کە شایستەی خۆ پیٚوە هەڵواسین و پەیوەندیی پیٚوەکردن نیە .. سەرەرای ئەوەش لەو ماوەیەدا لە دۆستیٚکی گیانیی بە گیانییمەوە ، کە لە بەوەفاترین دۆستەکانم ئەژمیٚررا و ، بە شیٚوەیەکی چاوەروانیی نەکراو ، بە جۆریٚك کە بە بیردا نەئەهات ، بیٚ وەفایی و ناکەسییەکم بۆ دەرکەوت .. ئەمە هەر هەمووی بووە هۆی بیٚزاربوونم و لەبەرچاوکەوتنی ژیانی دنیا ، ئەوەبوو بە خۆمم وت :

- تۆ بڵیٚی من یەکجار خەڵەتاو بم ، وا ئەبینم، کە زۆربەی خەڵك بە چاوی ئاوات پیٚخواستنەوە سەیری ئەو ژیانەمان ئەکەن، کە لە روانگەی راستییەوە شایستەی شیوەن و گریانە ؟ ئایا ئەو هەمووە خەڵکە شیٚت و لیٚوە بوون ؟ یان من خەریکم شیٚت ئەبم ، بەوەی، کە ئەو دونیاپەرستانەم بە شیٚت و لیٚوە دیٚتە بەرچاو؟! بە هەر حاڵ .. ئەو بیٚدارییە توندەی کە بە بینینی پیریی لە لام سەری هەڵ دا ، وای لیٚ کردم، کە پیٚش هەموو شتیٚك بەفەناچوونی ئەو شتانە ببینم، کە من پەیوەندییم پیٚیانەوە هەیە و تیاچوون و بەفەناچوونیان لیٚ چاوەروان ئەکریٚ ..

پاشان ئاورم بەلای نەفسی خۆمدا دایەوە ، ئەبینم لەوپەری دەسەوسانییدایە ! ئەوەبوو رۆحم ، کە داخوازیی هەمیشە مانەوە و بەفەناچوونی هەیە هاواریٚکی لیٚ بەرز بوویەوە و ، دەسەدامیٚنی شتە فانییەکانیش بوو، و وا وەهمی ئەبرد، کە هەمیشە ئەمیٚنیٚتەوە   هاواری لیٚ بەرز بوویەوە : ((مادەم من خۆم بە لاشە فانییم ، ئەبیٚ بە هیوای چ کەڵکیٚك بم لەو شتە فانییانە، و مادەم

دەستەوسانیشم ئەبێ چاوەڕوانی چیی بم لە دەستەوسانان ؟ کەواتە دەردی من دەرمانی تەنها لای خوای باقیی و سەرمەدیی، و لای خوای خاوەن دەسەڵات و ئەزەلییە)) . ئیتر دەستم دایە گەڕان و هەواڵ پرسین .. پێش هەموو شتێك بەو زانستانەدا چوومەوە، کە لەوبەر دەستم خستبوون و ، لە دووتوێیان‌دا بە دوای دڵ دانەوە و ئومێددا ئەگەڕان .. بەڵام ـ بە داخەوە ـ تا ئەو کاتەش شان بە شانی زانستە ئیسلامییەکان زانستە فەلسەفییەکانیشم وەرگرتبوون ، چونکە بە زەننی خۆم ـ کە زەننێکی یەکجار هەڵە بوو ـ وام دائەنا، کە ئەو زانستە فەلسەفییانە سەرچاوەی پێش کەوتن و کامڵ بوونن و تەوەرەی رۆشنبیریی و رووناك کەرەوەی بیر و فیکرن ، کەچیی ئەو مەسەلە فەلسەفییانە بوون، کە رۆحیان یەکجار چەپەڵ کرد ، بەڵکو بوونە کۆسپ لەبەردەم بەرزیی مەعنەوییم‌دا

بەڵێ ، کە من لەم حاڵەتەدا بووم ، هەر ئەوەندەم زانیی ، بە سۆز و فەزڵ و بەخشندەیی خوای باڵادەست و بەتوانا ، حیکمەتی پیرۆزی قورئان بە فریامەوە هات .. چڵك و چەپەڵیی ئەو مەسەلە فەلسەفییانەی شۆرد و ـ وەك لە زۆربەی پەیامەکان‌دا روون کراوەتەوە ـ رۆحی لێیان پاك کردەوە، چونکە ئەو تاریکاییە رۆحییەی کە لە زانستە فەلسەفییەکانەوە هەڵ قوڵاوە خەریك بوو، رۆحم نوقم بکات و لە نێو بوونەوەران‌دا ونی بکات، جا لەو مەسەلانەدا رووم لە هەر کوێ ئەکرد نە نوور و نە شۆڵەم نەئەبینی و ، نەشم ئەتوانیی پڕ بە سنگم هەناسە بدەم ، هەتا ئەو نوورە گەشاوەی تەوحید، کە لە قورئانی پیرۆزەوە بەرز ئەبوویەوە و ﴿ لا إله إلا هو ﴾ ی ئەخستە سەر زمان هات و ، ئەو تاریکاییەی لەت و پەت کرد و رەواندیەوە . ئەوەبوو بەوپەڕی ئاسوودەیی و دڵ متمانەییەوە سنگم کرایەوە و ، هەناسەم هەڵ مژیی .. بەڵام نەفس و شەیتان بە هۆی ئەو ئامۆژگاریی و دەرسانەوە، کە لەلای ئەهلی گومرایی و فەلسەفە وەریان گرتبوون هێرشێکی توند

و تيژيان كردە سەر عەقڵ و دڵم .. ئيتر لەم هێرشەدا بەرابەركێی دەروونيی سەری هەڵ دا ، تا ئەوەبوو ـ سوپاس و منەت بۆ خوا ـ بە سەركەوتن و بردنەوەی دڵ كۆتايی هات)) ..[١١٧]

دووەهەم : هەرەشەی پيریی و يادی مردن

دەربارەی پيرييش ئەڵێت :

((كاتێك، كە لە بەرەبەيانی پيرييدا ، لە خەوی شەوگاری لاوێتيی بێدار بوومەوە ، بە وردیی سەرنجی خۆمم دا ، ئەبينم وەك ئەوە وايە لە شوێنێكی بەرزەوە بەرەو گۆڕی قەبر بە پەلە هەنگاو هەڵ بگرم ، بەو شێوەی، كە نيازيی ميصريی[١١٨] وەسفی كردووە، كە ئەڵێت :

بناء العمر يذوي حجراً إثر حجر غافلاً يغط الروح وبناؤه قد اندثر[١١٩]

جا ئەو لاشەيەی، كە ماوای رۆحمە ، بە درێژايی رۆژگار يەك لە دوای يەك بەردەكانی داكەوتن و ، ئەو هيوايانەشم، كە بە توندیی منيان بە دنياوە بەستبوويەوە ، هەموو تێك شكان و پچر پچر بوون، بۆيە هەستم بە نزيك

---

[١١٧] پەيامی پيران : ٣١ ـ ٣٣

[١١٨] نيازيی ميصريی : شاعيرێكی توركيی صۆفييە . (١٦١٨ ـ ١٦٩٤) ، لە گوندێكی نزيكی (ملاطيە) لە دايك بووە، خوێندنی لە ئەزهەری شەريف تەواو كردووە ، لەبەر ئەوە نازناوی (ميصريی) لێ نراوە .. ديوانێكی شيعر و چەند دانراوێكی هەيە ، كە لەوانە : (رسالة الحسنين ، موائد العرفان و عوائد الإحسان، وهداية الإخوان) . لە قوتابخانە زانستييەكانی ئەستەنبووڵدا دەستی بە (ئيرشاد) كردووە . ـ وەرگێڕی عەرەبيی .

[١١٩] شاعير دەری ئەبڕێ كەوا بينای تەمەنی لە ڕووخاندايە و بەردەكانی يەكتر ئەڕووخێنن ، خۆيشی بێ ئاگايە و لە پرخەی خەودايە و وا بيناكەشی مەحو بوويەوە . ـ وەرگێڕ .

بوونەوەی کاتی لێکدابرانم لە خۆشەویست و دۆستانێکی لەژمارە نەهاتوو کرد و ، دەستم دایە گەران بە دوای تیماری ئەم زامە قووڵە مەعنەوییەدا، کە وەك دەر نەکەوێ ئومێدی ئەوەی لێ ناکرێ دەرمانێکی شیفابەخشی ببێت ! ئەوەبوو نەم توانیی چارەسەرییەکی بۆ بدۆزمەوە ، دیسان وەك نیازیی میصریی منیش وتم :

حكمة الإله تقضي فناء الجسد والقلب تواق إلى الأبد

لهف نفسي من بلاء وكمد حار لقمان في إيجاد الضمد [١٢٠]

کە من لەم حاڵەتەدا بووم ، لە پڕێکدا نووری پێغەمبەری بەرێز ﷺ ، کە رەحمەتی خوایە و بەسەر (عالمین) دا باریوە و ، نموونەی ئەو سۆزەیە، کە دەری ئەبڕێ و ، بانگەوازکەرە بۆ لای و ، زمانی ئەو رەحمەتەشە .. لە پڕێکدا شەفاعەتەکەشی و ، ئەو دیارییەش، کە بۆ هیدایەتی مرۆڤایەتیی هێنا ، بوونە دەرمانێکی شیفابەخش و دەوایەکی زۆر سەرکەوتوو بۆ ئەو دەردە قورسەی، کە وام ئەزانیی دەرمانی نیە و ، ئەو هیوابڕینە یەکجار رەشەش، کە دەوری دابووم گۆڕییان بۆ ئومێدێکی پڕنووری گەشاوە)) .. [١٢١]

((کاتێك، کە پێم نایە ناو دەرگای پیرییەوە ، تەندروستیی لەشیشم ، کە جڵەو بۆ غەفڵەت و بێئاگایی شل ئەکات و کۆمەکیی ئەکات ، شێوا بوو .. ئیتر ئەوەبوو پیریی و نەخۆشیی هەردووك لەسەر ئەوە یەکیان گرت، کە هێرش بکەنە سەرم و ، تا ئێستاش هەردووکیان پێکەوە جار لە دوای جار بە تەوقەسەرمدا ئەکێشن ، تا

---

[١٢٠] شاعیر دەری ئەبڕێ حیکمەتی پەروەردگار بەو جۆرەیە، کە لاشە فانیی بێ ، کەچیی دڵیش حەزی لە ژیانی هەمیشەیی و هەتا هەتاییە و ، دەروونیشی بە دەست بەڵا و خەم و خەفەتەوە تووشی نەخۆشییەکی وەها بووە، کە لوقمانی حەکیمیش لە دۆزینەوەی چارەسەریدا سەرسام بووە . ـ وەرگێڕ .

[١٢١] پەیامی پیران : ٥ ـ ٦

ئەوەبوو خەوی غەفڵەتیان لێم دوور خستەوە، منیش لە ماڵ و منداڵ و وێنـەیان هیچ شتێکم نەبوو تا بە دنیاوە پەیوەستم بکەن ، لەبەر ئەوە ئەبینم وا دەستهاتی تەو تەمەنەم، کە بە بێئاگایی لاوێتیی لە دەستم دا بریتییە لە: گوناه و تاوانەکان، ئیتر ئەوەبوو منیش بە شێوەی هاوارکردنەکەی (نیازیی میصریی) هاوارم کرد :

تەمەنم بە با چوو و ، هیچم لێی دەست نەکەوت ..
هاتم و رێگام گرتە بەر ، بەڵام
کاروان باری کرد و دوور کەوتەوە
منیش مامەوە
منی تەنیا و غەریب
دەستم بە گریان کرد
ویستم بە تەنیا و بە سەرگەردانیی رێ ببڕم و ،
چاوەکانیشم بووبوونە جۆگەڵەی فرمێسك و ،
سنگیشم بە تاسەوە ئەبرژا
ئیتر عەقڵم سەرسام ما !

ئەو کاتە لە غەریبییەکی سەختدا ئەتلامەوە .. ئەوەبوو بۆ لە دەست چوونی تەمەنم هەستم بە خەفەتێکی هیوابڕ و ، داخێکی پڕ لە پەشیمانیی و ، هەناسە ساردییەکی پڕ ژان کرد لە قووڵایی دڵمەوە هاوارم کـرد و داوای کۆمـەکیی و یارمەتیی و ، رووناکیی ئۆمێدم ئەکرد .. لە پرێـكدا قورئـانی پـیرۆزی خـاوەن موعجیزە کۆمەکیی بۆ ناردم و ، هات بە هانامەوە و دەرگای ئۆمێدێکی مەزنی لەبەر دەمم دا خستە سەر پشت و ، نوورێکی گەشاوەی هیوا و ئۆمێـدی وەهـای

پێشكەش كردم، كە بتوانىٚ چەند قات چەند قاتی بىٚ هيواييەكەم لەناو بەرێت و، بۆی بكرىٚ ئەو تاريكييە يەكجار رەشانەی دەوروبەرم برەوێنێتەوە)) .. [١٢٢]

((كاتێك، كە چەند تاڵە مووييەكی سەرم سپيی بوون، كە نيشانەی پيرييە و ، ترس و بيمی جەنگی جيهانی يەكەم و ئەو شوێنەوارە قووڵەی، كە ديل بـوونم لـە دەستی رووس دا كرديە سەر ژيانم ، خەوی بىٚ ئاگايی لاوييميان قورس تر كرد، دوا بە دوای ئەوەش كە لە ديليی گەرامەوە ئەستەنبووڵ چ لە لايەن خەليفەوە ، يـان (شيخ الاسلام) ەوە ، يان فەرمـاندەی گشتييەوە ، يان لە لايەن قوتابيانی زانستە شەرعييەكانەوە پێشوازييەكی گەرم و گورم لىٚ كرا و ، زياتر لەوەش كە من شايان بم رێزم لـێگيرا .. ئەمـە هـەموو ، سـەرەرای مەسـتيی و بـىٚ ئاگـايی لاويـی، حاڵەتێكی رۆحيی بۆ دروست كردم و ، ئەو خەوەشی زياتر لەلام قورس كـرد، بـە رادەيەك، كە وام ئەزانی دنيا هەميشەيی و باقييـە و ، خۆيشـم لـە حاڵـەتێكی سەيردا بينی، كە وەها باوەشم بە دنيادا كرد بوو هەروەك نەمرم .

ئا لەم كاتەدا ، رۆيشتم بۆ مزگەوتی بايەزيـد لـە ئەسـتەنبوڵ ، ئەمـەش لـە مانگی رەمەزانی پيرۆزدا بوو، تا لە دەمی قورئان خوێنـە خـاوەن ئيخلاصـەكان قورئانی پيرۆز ببيستم .. لە زمانی ئەو قورئان خوێنانەوە گوێم لەو فەرمايشـتە بەرزەی ئاسمان بوو، كە قورئانی خاوەن موعجيزە ، بەوپەری هێـز و تونديـيەوە ، دەربارەی مردن و نەمانی مرۆڤ و ، كار تەواوكردنی هەموو گيان دارێك و مردنی رايگەياند ، ئەوەش بە پێی دەقی ئايەتی پيرۆز : ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴾ (آل عمران : ١٨٥) .

---

[١٢٢] پەيامی پيران : ٧ ـ ٨ .

ئەم راگەیاندنە توند و بەهێزە لە پەردەی گوێمەوە تێپەری و هەموو چینە چر و ئەستوورەکانی خەو و بێئاگایی و مەستییمی بریی و لە قوڵایی ناوجەرگەی دڵمدا نیشتەجێ بوو ..

لە مزگەوت هاتمە دەرەوە و ، بۆ ماوەی چەند رۆژێك وەهام ئەزانی، کە گەردەلوولێکی گەورە لە سەرم دا گر ئەگرێت و ، ئەو خەوە قووڵەی، کە ماوەیەکی دوور و درێژە تیامدا جێگیر بووە، لە ناوی ئەبات، و خۆشم وەك کەشتییەك ئەهاتە پێش چاو، کە لە نێوان شەپۆلەکانی دەریادا سەرگەردان بوویێت و قیبلەنوماکەشی تێك چوو بێت .. دەروونیشم بە ئاگرێکی چەرە دووکەڵاویی هەڵ ئەقرچا و ، هەرچیی سەیری ئاوێنەشم ئەکرد ، مووە سپییەکان پێیان ئەوتم : وریا بە !!!

بەڵێ ، بە پەیدابوونی ئەو مووە سپییانە و وریا کردنەوەیان هەموو شتێکم لە لا رۆشن بوویەوە ، چونکە بۆم دەرکەوت ئەو لاوێتییەی، کە زۆرم ئەنازیی پێیدا ، بگرە شەیدای تام و چێژی بووم بووم ، پێم ئەڵێ : خواحافیز ! هەروەها ئەو ژیانی دنیایەی، کە من بەندی خۆشەویستیی بوو بووم بەرە بەرە دەستی بە کوژانەوە کرد، و ئەو دنیایەش، کە من دەستەدامێنی بوو بووم ، بگرە بۆی بەتاسەوە بووم و شەیداشی بوو بووم ، ئەبینم پێم ئەڵێ : خواحافیز !! خواحافیز !! بەمە تێی گەیاندم کە من لەم خانەی میوان دارییە کۆچ ئەکەم و ، بەم نزیکانەش بە جێی ئەهێڵم .. هەروەها ئەم بینی دنیا خۆیشی ئەڵێت : خواحافیز و ، خۆی ئامادەی کۆچ کردن ئەکات . ئەوەبوو هەمەکییەتیی و گشتگیریی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە : ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴾ ئەو مانایەی، کە وا تییدا لە رووی دڵمدا کرایەوە، کە ئەمەیە :

تێکرای مرۆڤایەتیی وەك یەك نەفس وەهان و ، ئەبێ بمرن تا سەر لە نوێ زیندوو بکرێنەوە .. هەروەها گۆی زەوییش نەفسێکە و هەر ئەبێ بمرێت و تیا

بچێت ، تا شێوەی هەمیشە مانەوە و وێنەی نەمریی وەرگرێت .. هەروەها دنیاش نەفسێکە و ئەمرێت و بەسەر ئەچێت تـا لـە شـێوەی (ئـاخیرەت) دا دروسـت ببێتەوە

بڕم لەو بارە کردەوە، کە منی تێدام ، ئەبینم :

ئەو لاوێتییەی، کە خولگەی چێژ و لەزەتەکانـە ، وا خەریکـە بـەرەو نـەمان ئەچێت و، شوێن بۆ ئەو پیرییە چۆڵ ئەکات، کە کانگای هەموو خەم و خەفەتێکە و، ئەم ژیانە پرشنگدار و گەشاوەیەش لە کۆچ کردن دایـە و ، مـەرگی تاریـك و ترسناکیش ـ بە رواڵەت ـ خۆی بۆ ئەوە ئامادە ئەکات، کە شوێنی ژیان بگرێتەوە

دنیاشم ئەبینی، کە خۆشەویست و شیرینە و بێ ئاگایان شەیدای بوون، و واش ئەزانرێ، کە هەمیشەییە ، ئەم بینی بە پەلە بەرەو نەمان ئەروات .. جا بۆ ئەوەی نوقمی ناو بێ ئاگایی ببم و ، خۆم بخەڵەتێنم رووم کرد بە لای چێژەکانی ئەو پایە و پلە بەرزە کۆمەڵایەتییانەوە کە لە ئەستەنبوڵدا دەستم کەوتن و ، نەفسم پێیـان خەڵەتا و، ئەوەندە خۆشیی دەربڕین و رێز و دڵ دانەوە و رووتـێ کـردن و دڵ پـێ خۆش بوونی خەڵکییان تێدا بوو، کە لە شان هەڵ گرتنی من زیاتر بوون .. ئەبینم هەموو ئەمانە تـا دەرگـای ئـەو قـەبرەی، کـە لێمـەوە نزیکـە دێـن و ، لـەوێ ئەکوژێنەوە

هەروەها ئەم بینی، کە ریایەکی رەزا قورس و ، خۆپەرستییەکی سارد و سر و، بێئاگاییەکی کاتیی لە ژێر ئەو پەردە رازاوەیەی ناو و ناوبانگییدا خۆی حەشار داوە، کە بەرزترین ئاواتی ئەهلی شۆرەت و شەیدایانیەتی .. ئیتر تێ گەیشتم، کە ئەم شتانەی هەتا ئێستا منیان خەڵەتاندووە هیچ دڵ خۆشییەکم پێ نابەخشـن و، شۆڵەیەکی نووریشم لێیانەوە دەست گیر نابێت .

جا بۆ ئەوەی لەو بێ ئاگاییەم جارێکی تر بەخەبەر بێم و بە یەکجاریی لێی بێدار ببمەوە ، گوێم لەو قورئان خوێنە بەرێزانەی مزگەوتی ((بایەزید)) گرت تا دەرسی ئاسمانیی قورئانی پیرۆز وەربگرم .. ئیتر ئەوەبوو مژدەکانی ئەو برایەتیە ئاسمانیەم لە دوو توێی پەروەردگارییە پیرۆزەکانی فەرمایشتی خوای گەورە ﴿ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ.. ﴾ . (البقرة : ٢٥) ەوە بیستن ..

ئەوەبوو بەو بەرەکەتەی کە لە قورئانی پیرۆزەوە دەستم کەوت ، بە دوای دڵ دانەوە و ئومێد و نووردا ئەگەرام ، ئەویش لەو کارانەدا، کە سەرم لێیان سوور ئەما و سەرسامیان کردبووم و ، هیوا برراو و بێ کەسیان خستبووم ، نەك لە هیچ کارێکی تردا جا هەزار و یەك شوکرانە بۆ بەدیهێنەری بەخشندەم، کە کۆمەکیی کردم تا هەر لە دەردەکەدا دەرمان بدۆزمەوە و ، لە تاریکیش‌دا رووناکیی ببینم و ، لە خودی ئازار و ترس و لەرزیش‌دا هەست بە دڵدانەوە بکەم .

یەکەم جار سەیرێکی ئەو روخسارەم کرد، کە هەموان ئەترسێنێ و ، دەرئەکەوێ کە زۆر سامناکە کە ئەویش روخساری ((مردن)) ە .. ئەوەبوو بە هۆی نووری قورئانی پیرۆزەوە بۆم دەرکەوت، کە روخساری راستەقینەی مردن بەش بە حاڵی ئیمان داران روخسارێکی گەشاوەی نوورانییە ، هەرچەندە رووی دەرەوەی تاریکە و، بە پەردەیەکی رەشی ناشیرینی سامناکیش داپۆشراوە .. جا لە زۆربەی پەیامەکان‌دا ئەم راستییەمان بە شێوەیەکی گومان بڕ چەسپاندووە و روون کردۆتەوە ، بە تایبەت لە ((وتەی هەشتەم)) و ((مەکتووبی بیستەم)) دا ، کە مردن لە ناودانی یەکجاریی و ، لێك دابرانی هەتا هەتایی نیە ، بەڵکو پێشەکیی و سەرەتا و دەست پێکردنی ژیانی هەتا هەتایی و ، کۆتایی هێنان و پشوودان و حەسانەوە و دەست هەڵ گرتنە لە ئەرك و مەینەتی کار و فەرمانبەریی ژیان و ، بریتییە لە شوێن گۆرین و ، هەروەها بە یەك گەیشتنەوەیە لەگەڵ ئەو دۆست و

خۆشەویستانەدا، کە بۆ جیهانی بەرزەخ کۆچیان کردووە .. ئا بەم شێوەیە .. بە وێنەی ئەم راستییانە روخساری جوانی گەشاوەی مردنم بینیی .. دیارە بە ترس و لەرزەوە سەیرم نەکرد ، بەڵکو ـ لە لایەنێکەوە ـ بە جۆرە تاسەمەندییەکەوە سەیرم کرد ، ئیتر ئەوەبوو لەو کاتەدا یەکێ لە نهێنییەکانی ((رابطة الموت)) م بۆ دەرکەوت، کە پەیڕەوانی تەریقەتەکانی (تصوف) بە جێی ئەهێنن ..

پاشان لە ((سەردەمی لاویی)) ورد بوومەوە ، ئەبینم بە نەمان و بەسەرچوونی، هەمووان خەمبار ئەکات و، واش لە هەمووان ئەکات، کە بۆی تاسەمەند بن و پێی دڵ خۆش بن و ، ئەو سەردەمەیە، کە بە غەفڵەت و تاوان کردنەوە بەسەر ئەچێ ئەوەبوو لاوێتیی منیش بەو شێوەیە بەسەر چوو! سەیرم کرد روخسارێکی زۆر ناشیرین ، بگرە مەست و سەرسام لە ژێر ئەو بەرگە رازاوە بریقەدارەدا دیارە ، کە بەسەریا کێشراوە خۆ ئەگەر پەیم بە راستیی لاویی بردایە ئەوا سەرانسەری ژیانی دنیام ، ئەگەرچیی صەد ساڵیش بژیامابایە ، ئەیگریاندم و خەم و خەفەتی پێ ئەچەشتم ، ئەویش بەرامبەر بە چەند ساڵێك، کە بە خۆشیی و پێکەنینەوە بەسەر ببرێت ، وەك ئەو شاعیرەی کە بەوپەری ئاه و حەسرەتەوە بۆ سەردەمی لاوێتیی خۆی ئەگریی و ئەڵێت :

ألا ليتَ الشبابُ يَعودُ يوماً فَأُخبِرُهُ بِما فَعَلَ المَشيبُ [١٢٣]

بەڵێ ، ئەو پیرانەی، کە لە نهێنیی و چیەتیی لاوێتیی نەگەیشتوون ، ئەوا وەك ئەم شاعیرە سەردەمی پیرییان بە داخ و خەفەت و گریە شیوەنەوە بۆ سەردەمی لاوێتییان بەسەر ئەبەن .. لە راستییشدا ئەگەر لێهاتوویی و گەشاوەیی تافی

[١٢٣] شاعیر هەناسە هەڵ ئەکێشێ و ئاوات ئەخوازێ، کە رۆژێ لە رۆژان سەردەمی لاوێتیی ئەگەڕایەوە هەتا شکاتی لە پیریی بکردایە، کە چیی پێ کردووە .

لاویی لە دڵی ئیمان دارێکی ئاسوودەی ژێری دڵ دامەزراوی بەویقاردا جێی خۆی بکاتەوە و ، وزە و هێزی لاوەکان روویـان لـە خواپەرسـتیی و کـردەوەی چـاك و بازرگانیی قیامەت بنرێت ، ئەوا ئەبنە گەورەترین هێزی خێر و چاکترین رێ بۆ ئەو بازرگانییە ، جوانترین و بگرە بەلەزەتترین هۆ بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان .

بەڵێ ، لە راستییدا بۆ کەسێك، کە ئەرکی موسڵمانانەی سەرشانی خۆی بزانێ و ، سەردەمی لاویی خراپ بەکار نـەهێنێ ، ئـەوا ئـەو سـەردەمە زۆر بـەنرخ و بەبەهایە و ، نیعمەتێکی خوایی مەزنە و ، کەیف و خۆشییەکی بەلەزەتە ، بەڵام لاوێتییەك، کە رەوشت جوانیی و ، داوێن پاکیی و تەقوای لەگەڵ دا بێت ، ئـەوا چەندین چەرمەسەریی سامناکی لە رێدا ئەبێت .. چونکە هەڵەشـەیی و هـەوا و ئارەزووەکانی ئەبنە مایەی لەدەستدانـی بەختـەوەریی هەمیشـەیی و ، ژیـانی قیامەتی ئەو کەسە و ، لەوانەیە ژیانی دنیاشی لە نـاو ببـەن و ، بـە درێـژایی تەمەنی پیریی و پەك کەوتەییشی ، بە هۆی چێژ و لەزەتی چەندساڵێکەوە ، ئێش و ئازارێکی پر خەفەتی دەرخوارد ئەدەن ..

جا لەبەر ئەوەی، کە سەردەمی لاویی زۆربەی خەڵکیی بێ زەرەر و زیان بەسەر نابرێت، ئەوا ئێمەی پیران لەسەرمان پێویستە شوکرانەیەکی زۆری خوا بکەین کەوا لە چەرمەسەریی و زەرەر و زیانی لاوێتیی رزگاری کردووین .. خۆ دیارە و گومانی تێدا نیە، کە لەزەتی لاوێتیی ، وەك هەموو شتێکی تر ، لـەناو ئەچـێت .. جـا ئەگەر سەردەمی لاوێتیی رووی لە خواپەرستیی بکرێـت و ، لـە پێنـاوی خێـر و چاکەدا بەخت بکرێت ، ئەوا بەروبوومێکی نـەبراوە و هـەتا هـەتایی پێشـکەش ئەکات و ، ئەش بێتە هۆی بەدەست هێنانی لاوێتییەکی هەمیشەیی و بەردەوام لە ژیانێکی هەتاهەتاییدا

پاشان سەیرێکی ئەم دنیایەم کرد، کـە زۆربـەی خـەڵکیی شـەیدای بـوون و ، گیرۆدەی داوی بوون ، بە هۆی نووری قورئانی پیرۆزەوە بۆم دەرکـەوت، کـە سـێ دنیای هەمەکیی هەن و ، چوون بە ناو یەکدا :

یەکەم : ئەو دنیایەیە، کە ئەروانێتە ناوە جوانـەکانی خـوا و ، ئاوێنـەی ئـەو ناوانەیە

دووهەم : ئەو دنیایەیە، کە ئەروانێتە قیامەت و ، کێڵگەیەتی .

سێهەم : ئەو دنیایەیە، کە ئەروانێتە دنیاویستان و ئەهلی گـومرایی و ، جـێ یاریی و گاڵتە و رابواردنی بێ ئاگایانە ..

هەروەها بۆم دەرکەوت کە هەر کەسێك لەم دنیادا دنیایەکی مەزن و تایبەتیی خۆی هەیە کەواتە ئەوەندە ژمارەی مرۆڤەکان دنیای بە ناو یەکدا چوو هەن .. بەڵام دنیای هەموو کەسێك بریتییە: لە ژیانە تایبەتییەکـەی خـۆی، ئـیتر هـەر کاتێك لاشەی کەسێك تێك شکا ئەوا دنیاکەشی ئەرووخێ و قیامەتی دەست پێ ئەکات جا لەبەر ئەوەی بێ ئاگایان بەو پەلە و ناخلۆفییە هەست بە رووخـانی دنیا تایبەتییەکەیان ناکەن، ئەوا شەیدای ئەبن و ، وا ئەزانن ئەو دنیا تایبەتییەی ئەوان وەك دنیا گشتییە دامەزراوەکەی دەوروبەریان وەهایە

منیش ورد بوومەوە و وتم : بێ گومان منیش دنیایەکی تایبەتیی خۆمم ـ بە وێنەی دنیای کەسانی تر ـ هەیە، کە بە خێرایی ئەرووخێ .. دەی کەواتە ئەم دنیا تایبەتییە لەم تەمەنە یەکجار کورتەمدا ، ئەبێ کەڵکی کامە بێ ؟ ئـەوەبوو بـە هۆی نووری قورئانی پیرۆزەوە بۆم دەرکەوت، کە ئەم دنیایە ـ بەش بە حاڵی منیش و غەیری منیش فرۆشگایەکی کاتیی و ، میوانخانەیەکە، کە هەموو رۆژێ خەڵك پۆل پۆل دێن و پۆل پۆل چۆڵی ئەکەن .. ئەم دنیایە بازارێکە بۆ بازرگانیی هات و چۆکەران لە سەرە رێیاندا بەرپا کراوە .. ئەم دنیایـە کتێبێکـی کـراوەی خـوای گەورەیە، کە نوێ ئەبێتەوە ، بەوەی، کە خوای گەورە بە حیکمەتی خۆی ئـەوەی بیەوێ تێیدا ئەی کوژێنێتەوە و ئەوەش بیەوێ ئەی هێڵێتەوە .. ئەم دنیایە هەموو

بەهارێکی نامەیەکی بە زێر هۆنراوەیە و ، هەموو هاوینێکیشی چامەیەکی هۆنراوەی قەشەنگە .. ئەم دنیایە چەندین ئاوێنەن، کە نوێ ئەبنەوە و درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی دروست کەری مەزن دەرئەخەن .. ئەم دنیایە کێڵگە و باخچەی نەمامەکانی قیامەتە و ، گوڵدانی سۆز و رەحمەتی خواییە .. ئەم دنیایە کارگەیەکی کاتییە بۆ ئامادەکردنی تابلۆ پەروەردگارییە هەمیشەییەکان، کە لە جیهانی هەمیشە مانەوە و نەمرییدا دەرئەکەون .. ئیتر سوپاسێکی زۆر و زەبەندەی خوای بەدیهێنەری بەخشندەم کرد وا دنیای بەم شێوەیە بەدیی هێناوە بەڵام ئەو مرۆڤەی، کە خۆشویستنی هەردوو رووە راستەقینە جوان و بەتامەکەی دنیای پێ بەخشرا بێ، کە دەروانێتە ناوە جوانەکانی خوا و دەروانێتە قیامەت، کاتێك، کە ئەو خۆشویستنەی لە جێی خۆیدا بەکار هێنا ، نیشانەکەی نەپێکا و کەوتە هەڵەوە .. ئەوەبوو رووی ئەو خۆشویستنەی لە رووە فانییە ناشیرینە بێ ئاگا و زیانبەخشەکەی دنیا نا ، تا کەوتە بەر بڕیاری فەرموودەی شەریف : ((حُبُّ الدُّنيا رَأسُ كُلِّ خَطِيئَةٍ)) .[١٢٤]

---

[١٢٤] نەفەرموێ : خۆش ویستنی دنیا بناغەی هەموو تاوانێکە، رواه البيهقي في الشعب بإسناد حسن إلى الحسن البصري رفعه مرسلاً ، وذكر الديلمي في الفردوس وتبعه ولده بلا سند عن علي رفعه ، قال إبن الفرس : الحديث ضعيف، ورواه البيهقي أيضاً في الزهد وأبونعيم من قول عيسى إبن مريم وآخرون يعدونه من كلام إبن مسعودأو جندب البجلي رضي الله عنهم ، أنظر تفصيله في كشف الخفاء ١٠٩٩ وتخريج الإحياء للعراقي والدرر المنتثرة ٩٧ وحلية الأولياء ٦ / ٣٨٨ والمشكاة ٥٢١٢٥ والأحاديث المشكلة ص١٢١ وأحاديث القصاص برقم ٧ وضعيف الجامع الصغير وزيادته ٢٦٨١ . پەیامی پیران : ١٨ ـ ٢٣

سێهەم : ڕێنمایی قورئانی پیرۆز

دەربارەی ئامۆژگاریی شێخی گەیلانییش ئەڵێت :

((دوای ئەوەی، کە لە دیلیی گەڕامەوە ، بە درێژایی ئەو دوو ساڵەی ژیانی ئەستەنبوڵم جارێکی تر غەفڵەت و بێ ئاگایی سەری تێ کردمەوە .. ئەوەبوو بار و تەوژمەکانی سیاسەت لەوە لایان دام، کە سەرنجێکی خۆم بگرم و ، مێشك و بیریشمیان پەرتەوازە کرد

ڕۆژێکیان، کە لە شوێنێکی بەرزی قەبرستانی ئەبوئەییووبی ئەنصارییدا ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ کە بەسەر دۆڵێکی قووڵدا ئەی ڕوانیی ، دانیشتبووم و ، سەرنجی ئاسۆکانی سەرکەلی دەوروبەری ئەستەنبوڵم ئەدا ، لە ناکاو دنیا تایبەتییەکەی خۆمم وەها هاتە پێش چاو، کە لە سەرەمەرگدا بێت ، بە ڕادەیەك کە ـ بە ئەندیشە ـ وەهام هەست ئەکرد، کە لە هەندێ لامەوە ڕۆحم ئەکێشرێت .. منیش وتم : تۆ بڵێی نووسراوەکانی سەر کێلی ئەم قەبرانە بۆ ئەم جۆرە ئەندیشەیە هانیان دابم ؟

چاوم لە دەرەوە و ئاسۆ دوورەکان کلا کرد و ، بە وردیی چاوم برییە قەبرستانەکە و، ئەوەبوو ئەمەم بە دڵدا هات : ((ئەم قەبرستانەی چواردەورت صەد ئەستەنبوڵی تێدایە ! بە واتا صەد جار ئەستەنبوڵی تێ هەڵ ڕێژراوە ، کەواتە تۆیش بە تەنیا لە حوکمی ئەو حاکمە بەتوانایە، کە هەر هەموو دانیشتوانی ئەستەنبوڵی لێرەدا هەڵ ڕێژاوە ، جیا ناکرێتەوە .. چار نیە و تۆیش وەك ئەوان ئەبێ کۆچ بکەیت .. !))

بەم خەیاڵە سامناکەوە قەبرستانەکەم بەجێ هێشت و ، چوومە ناو ئەو ژوورە بچکۆلەی مزگەوتی ئەبوئەییووبی ئەنصارییەوە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ کە لەوەو پێش جار لە دوای جار ئەچوومە ناویەوە و ، بە قووڵیی بیرم لە نەفسی خۆم

کردەوە، ئەبینم، من میوانم ! لە سیٚ رووەوە میـوانم ، هـەروەك مـن لـەم ژووره بچکۆلەدا میوانم ، ئەوا لە ئەستەنبولیٚشدا میوانم و ، بگره لە دنیـایشدا هـەر میوانم و بەجیٚیشی ئەهیٚلم و پیٚویستە میوانیش بیریٚك لـە ریٚ و سـەفەری خـۆی بکاتەوه

بەلیٚ ، هەروەك لەم ژوورەدا ئەچمە دەرەوە و بەجیٚی ئەهیٚلم ، ئەوا رۆژیٚك لـە رۆژان لە ئەستەنبولیٚش دەرئەچم و بەجیٚی ئەهیٚلم و ، هەروەها رۆژیٚکیش دیٚت، کە دنیا بەجیٚ بهیٚلم

بەم شیٚوەیە ، کە من لەم حالەدا بووم ، حالەتیٚکی پر ئیٚش و ژان و خەمبار و لیٚلیٚ دلّ و بیرمی داگیر کردن .. سەیریش نیـە، چونکە من چـەند خۆشەویسـتیٚکی کەم بەجیٚ ناهیٚلم و بەس ، بەلکو هەزارەها خۆشەویستیش لە ئەستەنبولدا بەجیٚ ئەهیٚلم ، بگره ئەستەنبولی خۆشەویستیش خۆی بە جیٚ ئـەهیٚلم و ، لـە صـەدان هەزار لە خۆشەویستانیش دائەبریٚم ، هەروەك ئەم دنیا جوانەش، کە پیٚی تـاقیی ئەکریٚینەوه بەجیٚ ئەهیٚلم ..

جاریٚکی تر سەرکەوتمەوه سەر هەمان بەرزاریی قەبرستانەکە و ، دانیشـتوانی ئەستەنبولم بە شیٚوەی جەنازە، کە بە پیٚوه بەریٚوه بچن بۆ دەرکەوتن ، هەروەك لە فیلمە سـینەماییەکاندا مـردووان لـە شـیٚوەی کەسـانیٚکی جـم و جـوولٚکـەردا دەرئەکەون .. ئەوەبوو منیش جار بـە جـار بـۆ پەنـد و ئامۆژگـاریی ئەچـوومە سەیریان ! خەیالم پیٚـی وتم : مـادەم بەشـیٚك لەمانـەی، کـە لـەم قەبرسـتانەدا نووستوون، ئـەگونجیٚ وەك ئەوانـەی فیلمـە سـینەماییەکان بـە جـم و جوولـەوه دەربکەون ، دەی وەها بیر بکـەرەوه کـە ئـەو خەلکـەش بـە حـەتمیی دیٚنـە نـاو قەبرستانەوه و ، هەر لە ئیٚستەوه وایان دابنیٚ، کە هاتوونەتە ناویەوه ..

لە کاتێکدا، کە لەم حاڵەتە خەمبارە پڕ ئێش و ژانەدا ئەتلامەوە ، لە ناکاو نوورێکی قورئانی حەکیم ، بە رابەریی شێخی گەیلانیی (قدس سره) ئەو حاڵەتە خەمبارەی هەڵ گێرایەوە و بە حاڵەتێکی شادمان و گەشاوەی ، خۆش و بەلەزەتی گۆڕیی، ئەوەبوو ئەو نوورەی، کە لە قورئانی پیرۆزەوە بۆم هات ئاگاداری کردم و ئەمەی خوارەوەی خستەوە یادم :

کاتێك، کە لە (کۆسترما) لە باکووری خۆرهەڵاتی رووسیا دیل بوویت لە ناو ئەفسەرە دیلەکاندا یەك دوو دۆستت هەبوون و ، بە حەتمیی ئەشتزانیی هەردووکیان ئەگەرێنەوە بۆ ئەستەنبوڵ، جا ئەگەر یەکێکیان تۆی سەرپشك بکردایە و بی وتایە ئایا ئەگەرێیتەوە بۆ ئەستەنبوڵ یان ئەتەوێ لێرە بمێنیتەوە ؟ بێ گومان ئەگەر تۆش تۆسقاڵێك ژیریت ببێ ، ئەوا بە خۆشیی و شادمانییەوە گەرانەوە بۆ ئەستەنبوڵ هەڵ ئەبژێریت ، چونکە لە نێوان هەزار و یەك خۆشەویستتدا ئێستە نۆصەد و نەوەد و نۆیان لە ئەستەنبوڵدان و ، جگە لە یەك دوو خۆشەویست کەست لێرە نیە و ، ئەوانیش بۆ ئەوێ کۆچ ئەکەن .. کەواتە گەرانەوە بۆ ئەستەنبوڵ بۆ کەسێکی وەك تۆ نابێ مایەی خەفەت و ئازار بێت .. ئا ئەوەتای گەراویتەوە ئەستەنبوڵ ، ئایا رازیی نەبوویت و شوکری خوات نەکرد ؟ وا لە وڵاتی دوژمنان و ، لە شەوە دوور و درێژە تاریکەکانی و ، لە زستانە سەخت و ساردەکەی رزگارت بوو، و گەرایتەوە ئەستەنبوڵی رازاوەی جوان ، کە ئەڵێی بەهەشتی سەرزەمینە ! بە هەمان شێوەش لە صەدا نەوەد و نۆی ئەوانەی، کە لە منداڵییەوە هەتا ئێستا خۆشت ویستوون کۆچیان کرد بۆ ئەو قەبرستانەی، کە بە سامناك و سەرسامت لێوە دەرئەکەوێ و ، جگە لە یەك دوانێکیان کەسیان لەم دنیادا نەماونەتەوە و ، ئەوانیش لە رۆشتندان بۆ ئەوێ .. کەواتە کۆچ کردنت لەم

دنیایە لێك دابران و لێك جویێ بوونەوە نیە ، بەڵکو پێ گەیشتنەوە و شادبوونەوەیە بەو ئازیز و خۆشەویستانە

بەڵێ ، ئەوانە ـ واتە رۆحە نەمرەکان ـ ماوا و مەنزڵە رووخاوەکەی ژێر زەوییان بەجێ هێشت و ، بەشێکیان خەریکی گەشتی ناو ئەستێرەکانن و، بەشێکی تریان لە ناو چینەکانی جیهانی بەرزەخدان ..

ئا بەم شێوەیە نووره قورئانییەکە ئەوەی خستەوە یادم .. هەر یەکە لە قورئانی پیرۆز و ئیمانیش بە شێوەیەکی گومان بڕ ئەم حەقیقەتەیان وەها چەسپاندووە، کە ئەگەر کەسێك دڵ و رۆحی خۆی لە دەست نەدابێ ، یان گومرایی نوقمی نەکردبێ، ئەوا وەك بە چاوی خۆی بیبینێ بڕوای پێ ئەکات .. چونکە ئەوەی، کە ئەم دنیایەی بە چەندین جۆری لوتفی خۆی، کە لە سنوور بەدەرن و ، بە چەندین شێوە ناز و نیعمەتی، کە لە ژمارە بەدەرن رازاندۆتەوە ، تا پەروەردگارییە بەخشندە و خاوەن سۆزەکەی پێیان دەربخات و ، تا پارێزگاریی هەتا لە شتە بچووکە زۆر هەندەکییەکان ـ بۆ نموونە تۆوەکان ـ بکات . ئا ئەو دروست کەرە بەخشندە و بەسۆزە ، پێویستە ـ بەڵکو بەڵگەنەویستە ـ ئەم مرۆڤە، کە بە لایەوە کامڵترین و بەرێزترین و کۆترین و گرنگ ترین و خۆشەویست ترین بەدیهێنراویەتی ، لە ناوی نادات و ، ـ وەك بە رواڵەت دەرئەکەوێ ـ بەبێ بەزەیی پێدا هاتنەوە و بەبێ ئەنجام بە فەنا و لەناوبردنی یەکجارەکیی نای فەوتێنێ و ، هەرگیز زایەی ناکات .. بەڵکو بەدیهێنەری بەسۆز ئەم بەدیهێنراوە خۆشەویستەی بە شێوەیەکی کاتیی

ئەخاتە ژێر ئەو گڵەوە، كە دەرگای رەحمەتی خۆیەتی ، تا لە ژیانێكی تردا بەرووبوومەكانی پێشكەش بكات ، وەك جوتیار تۆو ئەكاتە ناو زەوییەوە [١٢٥]

دوای ئەوە، كە ئەم ئاگادارییە قورئانییەم وەرگرت ، زیاتر لە ئەستەنبوڵ خۆی دڵم بەو قەبرستانە ئەكرایەوە و ، تەنیایی و گۆشەگیریم لە تێكەڵیی و هاودەمیی بە لاوە خۆشتر بوو، تا هاتمە سەر ئەوە، كە لە (صاري يرر) لەسەر كەناری بوسفۆر شوێنێك بۆ گۆشەگیریم پەیدا بكەم و ، شێخی گەیلانییش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بە هۆی كتێبی ((فتوح الغيب)) ەوە بووە مامۆستا و پزیشك و رابەرم و ، ئیمامی رەببانییش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بە هۆی كتێبی ((مكتوبات)) ەوە بووە مامۆستای دڵ دەرەوە و خاوەن سۆز و شەفەقەت بۆم .. ئیتر منیش بە پیربوونم و، خۆدامالینم و كشانەوەم لە ژیانی كۆمەڵایەتیی بە تەواویی رازیی و منەت بار بووم ، ئیتر ئەوەبوو لەسەر ئەوە سوپاسێكی زۆری خوام كرد)) .[١٢٦]

چوارەم : یەكلایی كردنەوەی قیبلە

لە ساڵی ١٣٣٩ك مامۆستا نوورسیی بە قەیرانێكی رۆحیی سەختدا تێ پەریی و ، تووشی دڵەراوكەیەكی سامناك و شڵەژاوییەكی فیكریی سەخت هات . جا بۆ دەربازبوون لەم هەڵوێستە پرمەترسییە داوای مەدەد و كۆمەكییەكی توندی لە شێخی گەیلانیی كرد .. ئەویش بە هیممەتیی و بە كتێبەكەی (فتوح الغيب) كۆمەكییەكی رۆحیی وەهای كرد، كە لەو قەیرانە دەرباز بێت .[١٢٧]

---

[١٢٥] ئەم حەقیقەتە بە شێوەیەكی گومان بڕ بە ڕێنەی بێگومانیی (دوو كەڕەت دوو ئەكاتە چوار) لە پەیامەكانی تردا چەسپاوە ، بە تایبەت لە وتەی دەهەم و وتەی بیست و نۆهەم دا . ـ دانەر .

[١٢٦] پەیامی پیران : ٢٧ ـ ٣٠

[١٢٧] اللمعة الثامنة .

ئەوەبوو بە تەفائول کتێبەکەی کردەوە ئەبینێ تیایا نووسراوە : تۆ وای لە (دار الحكمة) دا ، دوکتۆرێك پەیدا بکە هەتا دڵەکەت دەرمان بکات .[128] ئەویش بریار ئەدات کە شێخی گەیلانیی بکاتە تیمارکەری دڵەکەی و ، دەست ئەداتە خوێندنەوەی کتێبەکە ، کە ئەو کاتە کتێبی (فتوح الغيب) و (الفتح الرباني) پێکەوە چاپ کرابوون، هەرچەندە لێی ورد ئەبوویەوە وەها ئەچووە دڵیەوە، کە شێخ لەگەڵ ئەویەتی .. بە بێ رەحمانە غروور و ئەنانیەتی ریشەکەن ئەکرد و ، پەروەردەیەکی چاکی دەروونی بۆ ئەکرد ، بەڵام مامۆستا نوورسیی بەرگەی ئەو هەمووە زام و زۆخەی نەئەگرت ، لەبەر ئەوە تا نیوەی بۆ خوێندرایەوە و ، تا ماوەیەك لەسەری وەستا ، هەتا ئازاری زامەکانی نەما و چەندین لەزەتی رۆحیی سەیر لە جێیاندا بەجێ مان .

دوای ماوەیەك گەرایەوە سەر کتێبەکە و تەواوی کرد و کەڵك و سودێکی زۆری لێ وەرگرت .

پاشان رێی لە کتێبی مەکتووباتی ئیمام رەببانیی کەوت ، کە بە راستیی نوێخوازی هەزاری دووهەمی کۆچییە ، ئەویشی بە تەفائول کردەوە ، شتێکی سەیری تیایا بەرچاو کەوت .. ئەوەبوو لە دوو نامەدا لەفزی ((میرزا بدیع الزمان)) هاتبوو .. مامۆستا هەستی بەوە کرد، کە ئیمام رەببانیی راستەوخۆ لەگەڵ ئەویەتی ، چونکە باوکیشی ناوی میرزایە، جا ئەو نامانە هەردووکیان ئاراستەی ((میرزا بدیع الزمان)) کرابوون، مامۆستا یەکجار سەرسام ئەبێت ، هەروەك ئیمام رەببانیی ئامۆژگاریی تایبەتیی بکات ، بە تایبەت، کە لەو دوو

---

[128] برگەکە بەم شێوەیە : (يا عباد الله أنتم في دار الحكمة ، لابد من الواسطة ، أطلبوا من معبودكم طبيباً ، يطب أمراض قلوبكم ، و مداوياً يداويكم) . المجلس الثاني والستون ص ٢٤٥ من كتاب الفتح الرباني .

نامەيەدا و لە نامەی تريش‌دا (وحد القبلة) ی ئەكردە ئامۆژگاريی بۆی ، واتە شوێن يەك رابەر بكەوە و خۆت بە شتی ترەوە خەريك مەكە

ئەو كاتە مامۆستا لە مەبەستی (وحد القبلة) نەگەيشت ، چونكە كەڵكی لە گەيلانييش و رەببانييش وەرگرتبوو و ، دڵی نەئەهات دەستبەرداری يەكێكيان ببێت .. بەڵام ئەوەی خۆی بفرۆشێت بە خوا ، خوا فريای ئەكەوێت، جا لە كاتێك دا، كە مامۆستا لە سەرسامييەكی يەكجار زۆردا ئەتلايەوە ، خورپەيەكی رەحمانيی لەلايەن خوای گەورەوە هات بە دڵيدا و تێی گەياند كە :

سەرەتای هەموو رێبازەكان و ، سەرچەمەی هەموو جۆگەكان و ، خۆری ئەستێرە گەرۆكەكان قورئانی پيرۆزە، كەواتە خۆ يەك‌لايی كردنەوە بريتييە لە شوێن‌كەوتنی قورئانی پيرۆز .. چونكە قورئان بەرزترين ئيرشادكار و ، پيرۆزترين مامۆستايە .. ئەويش بە جوانيی رووی كردە قورئان و دەستی پێوە گرت و ، داوای كۆمەكيی لێ ئەخواست .. [129]

پێنجەم : دەست بەرداربوونی ژيانی كۆمەلايەتيی

هەروەها بۆمان باس ئەكات :

« دوای دەربازبوونم لە ديليی رووس لە جەنگی جيهانی يەكەم دا بۆ ماوەی سێ ساڵ ، بە نيازی خزمەت‌كردنی دين لە « دار الحكمة الاسلامية » دا ، لە ئەستەنبوڵ مامەوە . بەڵام بە رێنموونيی قورئانی پيرۆز و ، بە هيممەتی شێخی گەيلانيی و ، بە بێداربوونەوەم بە پيريی ، سەبارەت بە ژيانە كۆمەڵايەتييە دڵاراكەی هەڵ كرد .. ئيتر ئەو شەوق و تاسەمەندييەی كە پێی ئەوترێ : « دەردی

[129] سيرة ذاتية ١٦١ـ ١٦٢ ، ١٦٨

غەريبيی » هانی دام تا بگەڕێمەوە بۆ شارەكەم ، ئەوەبوو ئەم وت : مادەم هەر ئەمرم ، دەی كەواتە با لە شارەكەی خۆمدا بمرم » ..[١٣٠]

« بەڵێ ، بەم شێوەيە ، بە بۆنەی وردبوونەوە و سەرنج دانم لەو چەند تاڵە مووە سپيەی سەر و ريشم و ، لەو بێ وەفاييەی، كە لە دۆستە بەوەفا دڵسۆزەكەمەوە دەركەوت ، لەو ژيانە دڵارايەی ئەستەنبوڵ، كە لە رواڵەت دا پڕ لە لەزەت بوو ، بێزاريی رووی تێ كردم ، بە رادەيەك نەفسم دەستی دايە پشكنين و گەران بە دوای چێژی مەعنەويیدا لە بريی ئەو چێژانەی كە پێيانەوە دەست خەرۆ بوو بووم .. ئەوەبوو دەستم دايە گەران بە دوای نوور و دڵ دانەوەدا تا لەو پيرييەوە دەستم بكەوێ كە بە لای بێ ئاگايانەوە قورس و بێزاركەر و قيزەونە، جا سوپاس و منەت و هەزار و يەك شوكرانە بۆ خوای پاك و بێ گەرد وا يارمەتيی دام تا لە (لا إله إلا هو) و لە نووری تەوحيددا لە بريی ئەو چێژە دنياييانەی، كە هيچ راستييەك و هيچ لەزەتێكيان تێدا نيە ، بگرە خێريش لە دوائەنجامەكانيدا نيە ، ئەو چێژە ئيمانييە راستەقينە هەميشەييانەم دۆزينەوە .. هەروەها سوپاسی ئەكەم، كە يارمەتيی دام پيريم بە شتێكی ئێسك سووك بێتە بەرچاو و، بە گەرميی و رووناكييەكەی بحەوێمەوە ، بە پێچەوانەی ئەو قورسيی و سارد و سرييەوە، كە بێ ئاگايان ئەيبينن »[١٣١]

« لە سەرەتای پيريیمدا و ، بە بۆنەی حەزكردنمەوە لە گۆشەگيريی و كەنارگرتن لە خەڵكيی، رۆحم بە دوای ئاسوودەييەكدا ئەگەرا، كە لە تەنيايی و كەنارگيرييدا لەسەر گردی « يووشەع » ، كە بەسەر بوسفۆردا ئەی روانی ، دەستی بكەوێ .. رۆژێكيان، كە لەسەر ئەو گردە بەرزەوە سەرنجی ئاسۆی سەركەلم ئەدا ، بە هۆی ئاگاداركردنەوەی پيرييەوە تابلۆيەك لە تابلۆكانی تياچوون و لێك دابرانم بينيی، كە

[١٣٠] پەيامی پيران : ٤٥
[١٣١] پەيامی پيران : ٣٨

خەفەت و ناسكییان لیٚ دائەچۆڕیی .. ئـەوەبوو لەسـەر چـڵەپۆپەی لقـی چـل و پێنجەمینی تەمـەنمەوە چاوم گێڕا هەتا گەیشـتمە قـووڵایی چـینەكانی ژێـرەوەی تەمەنم ، ئەبینم وا لە هەر لقێك لەو لقانـەی ئەوێـدا ، لـە هـەموو سـاڵێكدا ، چەندین تەرمی لە ژمارە نەهاتوو هەن، كە هی خۆشەویستانم و دۆستانم و هەموو ئەوانە بوون، كە پەیوەندییان پێمەوە هەیە، ئیتر بۆ لێك دابـڕان و جیابوونـەوەی خۆشەویستان یەكجار دڵ تەنگ بووم و ، بـە وێنـەی گریـە و زاریـی « فضـولي البغدادي » لە كاتی جیابوونەوەی لە خۆشەویستانیدا ، منیش دەستم بە گۆرانیی كرد و ئەم وت :

كلما حنَّ الوصال عَذبٌ دمعي مادام الشهيق

ئەوەبوو، لە ناوەند ئەو هەناسە هەڵ كیشانە قووڵانـەدا بـە دوای دەروویـەكی ئومێد و، كلاورۆژنەیەكی نووردا ئەگەڕام ، تا دڵمی پیٚ خۆش بكەم ، لە پڕ نووری ئیمان بە قیامەت فریام كەوت و بە نـوورێكی گەشـاوە كۆمـەكیی كـردم .. بـە راستیی نوورێكی پیٚ بەخشییم، كە هەتا هەتایە ناكوژێتەوە و ، ئومێدێكیشی پیٚ بەخشییم، كە هەرگیز هیوا بڕاو نابێت » .[١٣٢]

١٣٢ پەیامی پیران : ٩ ـ ١٠

بەشی پێنجەم

لە ئانقەرەدا

کاتێك، کە مامۆستا نوورسیی لە سەعیدی کۆنەوە گۆڕرا بۆ سەعیدی نوێ ، ئەمەش لە سەرەتای پیرییدا و ، خۆشیی و زەردەخەنەکانی یەکەم گۆڕران بۆ شیوەن و گریانی دووهەم ، کاربەدەستانی ئانقەرە بانگیان کرد بۆ ئەوێ ، چونکە هێشتا حیسابی سەعیدی کۆنیان بۆ ئەکرد، مامۆستایش ڕۆیشت بۆ ئەوێ .[١٣٣]

ئەوەبوو موصطفا پاشا دوو بروسکەی نارد بۆ تەحسین بەگ، کە پێشتر والیی شاری (وان) بوو و ، دۆستی مامۆستا بوو، تا مامۆستا ئاگادار بکات و ، بچێت بۆ ئانقەرە ، تا لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامی (الخطوات الستە) پاداشتی بداتەوە

لەو کاتەدا سوپای ئیسلام بەسەر یۆناندا زاڵ بوو بوو، و موسڵمانان زۆر دڵ خۆش بوون ، بەڵام هەستی کرد لەناو ئەو ئیمانداران‌ەدا کۆمەڵێك زیندیق خەریکە پێ ئەگەن و ، بە فروفێڵ بیروباوەڕی گەنیویان تێکەڵ بە عەقیدەی موسڵمانان ئەکەن .. بۆ ئەمە مامۆستا خەفەتێکی زۆر ئەچێتە دڵیەوە و ، تێ ئەگا بە

---

[١٣٣] اللمعات : ٣٥١

راستیی داو و تەڵەکەیەکی زۆر لە ئارادایە بۆ دەستبرینی موسڵمانان و دژایەتیکردنی خۆیان و دینیان .. [١٣٤]

مامۆستا (بدیع ازمان) هەر بە منداڵیی و ، کاتێکیش، کە بەرەو ئانقەرە ئەرۆیشت بیری بەلای کارێکی یەکجار گرنگەوە بوو، کە بریتیی بوو: لە بەدەست هێنانی هۆشیارییەکی ئیسلامیی وەها، کە هەموو جیهانی ئیسلامیی بگرێتەوە کاتێك، کە لەگەڵ مامۆستایان و زانایانی کوردستاندا وت و وێژی ئەکرد ، ئەم بۆچوونەی بە جوانیی دەرئەکەوت و ، بە درێژایی تەمەنی پیرۆزیشی هەر بۆ ئەو کارە کۆششی ئەکرد .. هیوایشی وەها بوو، کە جاردانی دەستوور ببێتە مایەی خزمەت کردنی شەریعەت و ، هەر بەو نیازەشەوە وتاری ئەدا و ، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا باسی ئەنووسیی و راستەوخۆش دەری ئەبریی، کە دەنگی گەورە و زوڵاڵی دوارۆژ دەنگی قورئانی پیرۆز ئەبێت ..

بەلاَم ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانیی ـ کە دوای عەبباسییەکان بۆ ماوەی هەزار ساڵ خزمەت و پاراستنی ئیسلامی خستبووە سەرشانی خۆی ـ رووخا و ، کارێکی یەکجار گەورەشی کردە سەر جیهانی ئیسلامیی، ئەوەبوو دوژمنە داخ لە دڵەکان پایتەختی خیلافەتیان گرت و ، دەستیان دایە لە ریشە دەرهێنانی ئیسلام ، بەلاَم ئەوەبوو پەروەردگاری بەشەفەقەت کاری رزگارکردنی ئیمانی بە (بدیع الزمان) سپارد ، تا لە رۆژی سەخت و ناهەمواردا ئاڵای ئیمان بەرز بکاتەوە و رۆڵە دڵسۆزەکانی ئیسلام و تێکرای مرۆڤایەتیی بۆ بانگ بکاتەوە

کە هات بۆ ئانقەرە بە هیوا بوو لە کاربەدەستان شتێکی بۆ بەرژەوەندیی موسڵمانان دەست بکەوێت و ، ئەمەیش کۆمەکیی ئەوان بکات، جا هەروەك

---

[١٣٤] الشعاعات : ٤١٩ ـ ٤٢١ ، اللمعات : ٢٦٧

جەنگی ئازادیی، بە کۆمەکیی خوا، جەنگێکی ئیمانیی بوو بۆ دەرپەراندنی دوژمنان لە ولآتدا ، بە هەمان شێوە بە هیوا بوو، حکومەتی نویێ پشت بە قورئان ببەستێ و کاروباری ولآت بەو پێیە هەڵ بسووڕێنێ و ، هەوڵی یەکێتیی جیهانی ئیسلامیی بدات، بەلآم، کە گەیشتە ئانقەرە و ، لەلایەن لێ پرسراوانەوە چ پەرلەمانتار و چ وەزیران ـ و لەلایەن دانیشتوانەوە بە گەرمیی بەخێرهاتنی لێ کرا ، سەرنجی دا بایەخ بە دین نادرێت و ، دروشمە ئیسلامییەکان پشت گوێ خراون، بۆ ئەمە مامۆستا بە بەیانێك ئەندامانی پەرلەمانی ئامۆژگاریی کردن ، تا دەست بە خواپەرەستیی بکەن، بە تایبەت بەجێهێنانی نوێژ و ، بەیانەکەش جەنەراڵ کاظم قەرەبەکر بەسەر موصطفا کەمالدا خوێندیەوە

بەیانەکە کارێکی گەورەی کردە سەر ئەندامان و(٦٠) شەصتیان دەستیان بە نوێژ کرد و ، ناچاریش بوون ژووری نوێژکردنەکە بگۆڕن بە ژوورێکی گەورەتر .[١٣٥]

بەڵێ بەیانەکە بۆ پەرلەمانتاران خوێندرایەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بووە، هۆی بەرابەرکێیەك لەگەڵ موصطفا کەمالدا، کە ئەوەبوو لەبەردەم نزیکەی شەصت ئەندامدا بە مامۆستا نوورسیی وت :

ـ بێ گومان ئێمە پێویستییمان بە زانایەکی لێهاتووی وەك تۆ هەیە، جا ئێمە تۆمان بانگ کرد بۆ ئێرە بۆ کەڵك وەرگرتن لە را جوانەکانت و ، ئێوەش هاتن بە دەنگمانەوە ، کەچیی یەکەم کارێك کە ئەنجامتان دا بریتیی بوو لە نووسینی چەند شتێك دەربارەی نوێژ ، بەمە ناکۆکییتان خستە نێوانمانەوە .

مامۆستا زۆر بە جوانیی وەلآمی دایەوە ، پاشان بە توورەییەوە پەنجەی بۆ بەرز کردەوە و وتی :

---

[١٣٥] سیرة ذاتیة : ١٨٢ . دەقی بەیانەکەش لە سیرة ذاتیة ل ١٨٣ ـ ١٨٦دا تۆمار کراوە

ـ پاشا .. پاشا .. گەورەترین حەقیقەت لە ئیسلامدا ـ دوای ئیمان ـ بریتییە؛ لە نوێژ، و ئەوەش نوێژ بەجێ نەهێنێ خائینە و ، حوکمی خائینیش ئەدرێتە دواوە .

موصطەفا پاشا ناچار بوو، رقی خۆی بجوێتەوە و ، هەوڵی رازیکردنی مامۆستا بدات .[١٣٦]

موصطەفا کەمال پێشنیاری ئەوەی کرد، کە مامۆستا بە ئامۆژگاری گشتیی پارێزگاکانی خۆرهەلآت لە جێی شێخ سنووسیی ،[١٣٧] بە مووچەی سیی لیرە دابمەزرێنێ ، چونکە سنووسیی کوردیی نەئەزانیی، هەروەها پێشنیاری بۆ کرد تا بە شێوەی پەرلەمان تار و ، لە سەرۆکایەتیی کاروباری دینیی دای بمەزرێنێ ، سەرەرای ئەندامێتیی (دار الحکمة الإسلامیة) .

ئا لەم کاتەدا مامۆستا نوورسیی بە وردیی سەرنجی موصطەفا کەمالی دا و ، بۆی دەرکەوت، کە هەندێ هەواڵ دەربارەی دەججال و سوفیانیی لە تیشکی پێنجەمدا هاتوون، بەسەر ئەودا جێبەجێ ئەبن ، بۆیە ناچار بوو ئەو پۆستە گرنگانە بەجێ بهێڵێ و بگەرێتەوە دوا، چونکە قەناعەتی وەها بوو، کە لەگەڵ ئەودا هیچی پێ ناکرێ و ، بە هیچ شێوەیەك رێك ناکەون، ئیتر دەستی لە کاروباری دنیا و ، سیاسەت و ، ژیانی کۆمەلآیەتیی شۆرد و ، خۆی بۆ رزگارکردنی ئیمان یەك لایی کردەوە[١٣٨]

---

[١٣٦] الشعاعات : ٥٠٥ ، ٤٨٧

[١٣٧] شێخ سنووسیی : بە شێوەی ئامۆژگاری دینیی لە پارێزگاکانی خۆرهەلآت دا ، واتە کوردستانی تورکیا ، کاری کردووە و بۆ دەرکردنی فەتوای جیهاد دژی ئینگلیز لە کاتی داگیرکردنی تورکیادا دەوری کاریگەری هەبووە ..

[١٣٨] الشعاعات : ٤١٩ ـ ٤٢١

هەندێ فەرمانبەر پرسیاریان لە مامۆستا کرد، کە بۆچ ئەو پێشنیارانەی موصطفا کەمالی وەرنەگرتن ، تا ببوایەتە هۆی رزگارکردنی گیانی هەزارەها پیاو، کە لەو ناوچەیەدا لە کاتی شۆرشدا [١٣٩] تیا چوون، ئەمیش وەلامی دانەوە، کە لە جیاتیی رزگارکردنی بیست یان سیی ساڵی ژیانی دنیایی ئەو پیاوانە ، پەیامەکانی نوور بوونە هۆیەك بۆ رزگارکردنی ملیۆنەها ساڵی ژیانی قیامەتی صەدان هەزار لە هاوولاتیان، واتە هەزارەها کەرەت زیاتر ئەو زەرەریان بژاردۆتەوە، جا ئەگەر مامۆستا بە گوێی موصطفا کەمالی بکردایە ، ئەوا پەیامەکانی نوور نەئەنووسران .

هەتا جارێکیان لە بەندیخانەدا بە دۆستە بەرێزەکانی ئەڵێت :

ئەگەر ئەو کاربەدەستانەی، کە وان لە ئەنقەرە ، ئەوانەی، کە زللە توندەکانی پەیامەکانی نوور ئازاری پێ گەیاندوون ، حوکمی لە سێدارەدانم بۆ دەربکەن ، پاشان پەیامەکانی نوور توانییان ئیمانیان رزگار بکەن و ، خۆیشیان لە ئیعدامی هەمیشەیی رزگار بکەن ، ئەوا ئێوە بە شاهێد بن، کە من لە هەموو دڵێکمەوە چاوپۆشییان لێ ئەکەم . [١٤٠]

بەڵێ ، مامۆستا، موصطفا کەمالی ناسیی و بۆی دەرکەوت، کە بە رێبازی سیاسەت بەرهەڵستی ئەو جۆرانە ناکرێت، بەڵکو پێویستە بە نووری ئیعجازی قورئان چار بکرێن، لەبەر ئەوە هەموو پێشنیارەکانی دایە دواوە و لە ٢٥ / ٤ /

---

[١٣٩] لە پارێزگاکانی خۆرهەڵات دا چەند شۆرشێك بەرپا بوون، کە گرنگ ترینیان ئەو شۆرشە بوو، کە یەکێك لە شێخەکانی تەصەووف فەرماندەی بوو، کە ئەویش شێخ سەعیدی پیران (پالوییی) بوو دژی سیاسەتی بێ دینیی موصطفا کەمال ، کە لە ١٣ / ٢ / ١٩٢٥ دا هەڵ گیرسا و ، سەرەنجام شێخ سەعید و چل و حەوت لە هاوەڵانی لە ٢٩ / ٦ / ١٩٢٥ لە سێدارە دران و شۆرشەکەش کوژایەوە

[١٤٠] الشعاعات : ٣٤٣

١٩٢٣ دا ئانقـەرەی بـەجێ هێشـت و، کـاظم قەرەبـەکر و رەئـووف ئوربـای و هاوڕێنەیان لە فەرماندە ناسراوەکان خوا حافیزییان لێکـرد ، دوای ئـەوەی لێـی پارانەوە، کە ئانقەرە بەجێ نەهێڵێ ، کەچیی نەیتوانی بە گوێیان بکات، بەڵکو بە جوانیی وەڵامی دانەوە [١٤١]

[١٤١] سيرة ذاتية : ١٩٧ ، (ب ١ / ٥٠٥)

بەشی شەشەم

ژیانی گرتن و نەفیی کردن

یەکەم : گەڕانەوە بۆ وان

مامۆستا لە ئەنقەرە دڵی هەڵ کەنرا و ، بەرەو شاری وان گەڕایەوە، ئەوەتا خۆی باسی ئەوە ئەکات :

((لەوێش ، پێش هەموو شتێك چووم بۆ سەردانی قوتابخانەکەم، کە ((خور خور)) یان پێ ئەوت .. ئەبینم وا لە کاتی داگیرکردنی رووس‌دا ئەرمەنەکان قوتابخانەکەشیان بە وێنەی خانووەکانی شاری ((وان)) سوتاندووە سەرکەوتمە سەر قەڵا بە ناوبانگەکەی ((وان)) کە بریتییە لە تاشە بەردێکی زەبەلاح و قوتابخانەکەشم بە تەواوەتیی بەلا تەنیشتی قەڵاکەوە نووسا بوو، و تارمایی ئەو دۆستە راستەقینە و برا هاودەمانە لە قوتابیانی قوتابخانەکەم لەبەر چاوم دا تێ پەریان ئەکرد، کە نزیکەی حەوت ساڵ لەوەو پێش لێیان جوێ بووبوومەوە، ئەوەبوو دوا بە دوای ئەو لێ قەومانەم بەشێك لەو دۆستە خۆبەخت کەرانە بوونە شەهیدی راستەقینە و هەندێکی تریش شەهیدی مەعنەویی ، ئیتر خۆمم پێ نەگیرا و دامە پرمەی گریان .. سەرکەوتمە سەر لووتکەی قەڵاکە ، کە بە ئەندازەی هەردوو منارەکە بەرز بوو و ، قوتابخانەکەشم لەژێریدا بوو .. لەسەر قەڵاکە دانیشتم و خەریکی تێ فکرین بووم .. جا لەبەر ئەوەی، کە ئەندیشەم زۆر بەهێز بوو و ، هیچ شتێکیش نەبوو رێی بیرکردنەوەم لێ بگرێ و ، ئەو کاتەم لەبیر

بەرێتەوە، چونکە تاق و تەنيا بووم ، ئەوا بە ئەندێشە گەرامەوە بۆ نزيکەی هەشت ساڵ لەوەوبەر و ، بيرم لەو کاتە ئەکردەوە

ئەبينم ئاڵ و گۆڕێکی يەکجار زۆر لە ماوەی هەشت ساڵدا رووی داوە ، بە رادەيەك، کە هەر چەند چاوم ئەکردەوە وەهام ئەهاتە پێش چاو، کە چەرخێك بە خۆی و رووداوەکانيەوە پشتی هەڵ کردەوە و رۆيشتووە ، ئەبينم وا ناوجەرگەی ئەو شارەی، کە چوار دەوری قوتابخانەکەمی گرتووە ـ کە لە تەنيشتی قەڵاکەدا بوو ـ لەم سەريەوە بۆ ئەو سەری سووتێنراوە و بە تەواويی وێران کراوە .. بە سەرنجێکی پر داخ و خەفەتەوە سەيری ئەم ديمەنەم کرد .. هەستم بە جياوازييەکی يەکجار زۆر ئەکرد لە نێوان ئەوەی، کە ئەوسا تێيدا بوو، و ئەوەش، کە ئێستە ئەی بينم ، هەروەك(٢٠٠) دووصەد ساڵ بەسەر ئەم شارەدا تێپەری بێ .. زۆربەی دانيشتوانی ئەم خانووە رووخاوانە دۆستم بوون .. خۆشەويست و ئازيزم بوون .. ئەوەبوو بەشێکيان بە کۆچ کردن لە شارەکە مردن و ئێش و ئازاری ئەوەيان چەشت و ، ئەوانی تريشيان لەناو شارەکەدا تياچوون ، خوای گەورە هەموويان رەحمەت باران بکات ، ئەوەبوو خانووبەرەی موسڵمانەکان هەر هەمووی لە شارەکە رووخێنرا بوو و ، جگە لە گەرەکی ئەرمەنەکان هيچی لێ دەرنەچووبوو منيش ئێش بە قووڵايی دڵم گەيشت و خەفەتێکی زۆرم خوارد ، بە رادەيەك، کە ئەگەر هەزار چاوم ببوونايە ئەوا بە هەموويان بە خورەم فرمێسکم هەڵ ئەرشت ..

من وام ئەزانی بە گەرانەوەم بۆ شارەکەم لە غەريبيی رزگارم بووە ، کەچيی ـ بە داخەوە ـ هەر لە شارەکەم دا جەرگ برترين غەريبييم ديی .. ديتم وا صەدان لە قوتابيان و خۆشەويستانم ، ئەوانەی، کە پەيوەنديی رۆحييم لەگەڵيان دا هەبوو ـ وەك عەبدوررەحمان، کە لە ئومێدی دوانزەدا باسی کرا ـ دينم وان لە ژێر خاك و کەلاوە رووخاودا و ، خانووەکانيشيان تەنها شوێنەواريان ديارە، جا لەبەردەم ئەم

تابلۆ خەمبارەدا مانای ئەم برگەیەم بە جوانیی بۆ دەرکەوت، کە دەمێك بوو، لە یادم بوو، و بە تەواوییش لە ماناکەی تێ نەئەگەیشتم :

لولا مفارقةُ الأحبابِ ما وَجَدَت لها المنايا إلى أرواحنا سُبلاً [١٤٢]

واتە ئەوەی، کە زیاتر مرۆڤ لەناو ئەبات و ئەی فەوتێنێ جوێبوونەوەیە، لە خۆشەویستان ..

بەڵێ ، هیچ شتێك وەك ئەم رووداوە ئازاری نەداوم و نەشی گریاندووم .. خۆ ئەگەر لە قورئانی پیرۆز و لە ئیمانەوە کۆمەکییم بۆ نەهاتایە ، ئەوا ئەو خەم و خەفەت و پەژارانە بەس بوون بۆ گیان کێشانم .. هەر لە دێرین زەمانەوە وەها بووە کە شاعیران بە لای شوێنەواری مەنزڵی خۆشەویستەکانیاندا تێپەریان ئەکرد دەستیان بە گریان ئەکرد منیش ئەو تابلۆ خەمبارەی لێك دابرانم بە چاوی خۆم دیی، ئەوەبوو رۆح و دڵم لەگەڵ چاومدا بەوپەری خەمبارییەوە ، وەك کەسێك دوای (٢٠٠) دووصەد ساڵ بە لای مەنزڵ و شوێنەواری خۆشەویستانیدا تێپەر بکات ، دەستیان بە گریان کرد

ئا لەو کاتەدا لاپەرە ناسك و بەلەزەتەکانی ژیانم ، یەك لە دوای یەك ، بەوپەری رێك و پێکییەوە ، وەك دیمەنێکی فیلمە سینەماییەکان لە پێش چاو و ئەندیشەمدا تێپەریان ئەکرد .. ئەو ژیانە خۆشەی کە نزیکەی بیست ساڵ ، لەم شوێنانەدا ، کە ئاوەدان و دڵارا و پر لە کەیف و شادمانیی بوون، و ئێستە بوونەتە کەلاوە و وێرانە ، بە دەرس وتنەوە بە قوتابییە نەجیبەکانم بەسەر برد ماوەیەکی دوور و درێژم لە بەردەم ئەو تابلۆیانەی ژیانم دا بەسەر برد ، ئەوەبوو وام لێهات، کە سەرم

---

[١٤٢] واتە : ئەگەر خەفەتی جوێ بوونەوە لە خۆشەویستان نەبوایە ، مردن رێی نەئەبوو دەم بگەیەنێتە رۆحمان . ـ وەرگێر .

لە حاڵی ئەهلی دنیا سوور ئەما، کە چۆن خۆیان ئەخەڵەتێنن ، چونکە ئەم بارە بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست وای دەرئەخات، کە بێگومان دنیا فانییە و ، مرۆڤیش تیایدا رێبوار و میوانێکی کۆچ کردووە و هیچی تر، ئیتر بە هەردوو چاوم راستیی ئەو وتەیەی ئەهلی حەقیقەتم بۆ دەرکەوت کە ئەڵێ :

((دنیا غەددارە ، فێڵبازە ، فانییە ، پێی نەخەڵەتێن)) .

هەروەها بۆم دەرکەوت، کە مرۆڤ وەك پەیوەندیی بە لەش و بە ماڵەکەیەوە هەیە وەهاش پەیوەندیی بە شار و وڵات و بگرە دنیاکەشیەوە هەیە . جا لە کاتێك دا، کە دەم ویست بە هەردوو چاوم بۆ پیربوونم ـ بە حیسابی بوونی خۆم ـ بگریم ، ئەوا ئەم ویست بە دە چاو بدەمە پرمەی گریان ، نەك تەنها بۆ پیربوونی قوتابخانەکەم ، بەڵکو بۆ مردنیشی ، بگرە هەستم بەوە ئەکرد، کە پێویستە بە صەد چاو بۆ شارە شیرینەکەم بگریم، کە لە مردوو ئەچێ ..

لە فەرموودەی شەریفدا هاتووە، کە هەموو بەیانییەك مەلائیکەتێك جار ئەدات :

((لدوا للموت وابنوا للخراب)) . [١٤٣] من ئەم حەقیقەتەم ئەبیست، بەڵام بە چاو ئەم بیست نەك بە گوێ و ، هەروەك باری ئەو کاتەشم گریاندمی ، ئەوا ماوەی بیست ساڵیشە هەرچیی خەیاڵم ئەو حاڵەتەی دێتەوە یاد فرمێسك هەڵ ئەرێژێت ..

بەڵێ، رووخانی ئەو خانووانەی سەر لووتکەی قەڵاکە، کە هەزاران ساڵە ئاوەدان کراوەتەوە و ، پیربوونی شارەکەی ژێر قەڵاکە لە ماوەی هەشت ساڵدا ، بە

---

[١٤٣] ئەڵێت : لەدایك بن بۆ مردن و خانوو و بەرەش دروست بکەن بۆ رووخان   البيهقي في الشعب من حديث عن أبي هريرة والترمذي مرفوعاً ، أبونعيم في الحلية عن أبي ذر مرفوعاً ، وأحمد في الزهد عن عبد الواحد ، قال : قال عيسى عليه السلام ، فذكره (الدرر المنتثرة) وانظر كشف الخفاء (٢٠٤١) . ـ المترجم .

رادەیەك كە ئەڵێی هەشت صەد ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و ، مردنی قوتابخانەكەم ـ لە خوار قەڵاكەوە ـ كە جریوەی ژیانی لێ ئەهات و ، كۆگای خۆشەویستان بوو .. ئەمانە هەموو ئاماژە بۆ مردنی هەموو قوتابخانە دینییەكانی دەوڵەتی عوثمانیی ئەكەن و ، گەورەیی مەعنەویی تەرمە مەزنەكەشیان دەرئەخەن ، بە شێوەیەك قەڵاكە، كە تاشە بەردێكی رەقی یەك پارچە ، بوویـووە كێلـی قەبرەكـەیان .. هەروەها بۆم دەركەوت ئەو قوتابییانەم ـ رەحمەتی خوا لە هەموویان بێـت ـ كـە هەشت ساڵ لەمەوبەر ، لەو قوتابخانەیەدا لەگەڵمدا بوون و ، ئێستە لە قەبرەكانیان دا راكشاون ، وەهام بۆ دەركەوت، كە لە گەڵمدا ئـەگرین ، بگـرە خـانووە كـاول بووەكانی شارەكەش بەشداریی گریان و خەمبارییەكەم ئەكەن ، بەڵكو هەتا دیوارە رووخاو و بەردە پڕاوەكانیشیان ..

بەڵێ ، هەموو شتێكم وەها ئەهاتە پێش چاو كە ئەگریی و ، ئەو كاتە زانییم، كە من لەم شارەدا بەرگەی ئەم غەریبییە ناگرم، بۆیە بیرم كردەوە، كە یان ئەبێ منیش وەك ئەوان بچمە ناو قەبرەوە ، یان لە ئەشكەوتێكی ئەو شاخەدا كەنار بگرم و چاوەروانی ئەجەلم بم .. ئەوەبوو وتم: مادەم دنیا ئەم لێك دابران و لێك جویێ بوونەوانەی تێدایە، كە ئارامیان لەسەر ناگیرێ و ، بەرگرییان لێ ناكرێ و، بەم پلەیەش بە ئێش و ژان و جەرگ سووتێنن ، بێ گومان مردن لەم ژیانە چاكترە و، فەزڵیشی بەسەر ئەم بارودۆخانەدا ئەدرێت كە بەرگەیان لەسەر ناگیرێت لەبەر ئەمە رووم وەرگێڕا و چاوم بە هەر شەش لادا ئەگێڕا ئەوەبوو جگە لە تاریكییەكی رەش رەش هیچم نەبینی . چونكە ئەو بێ ئاگاییەی كە لەو دڵ گران بوونە سەختە و لەو كاریگەرییە قووڵەوە پەیدا بوو بوو، دنیای بە ترسناك و سامناك و چۆڵ و رووت هێنایە پێش چاوم هەروەك بیەوێ لە ناوم بەرێت رۆحیشم لەبەردەم بەلا و موسیبەتە بێ سنوورەكاندا، كە لە شێوەی دوژمنی داخ

لە دڵ دا بوون، بە دوای پاڵ پشتێك و پایەیەکی بەهێزدا ئەگەڕا هەروەها لەبەردەم ویست و ئارەزووە شاراوە بێ سنوورەکانیدا بۆ هەتاهەتایی بەردەوامن بە دوای کۆمەکیی و یارمەتیدا ئەگەڕا جا لە کاتێك دا کە ڕۆحم بۆ پاڵپشتێك ئەگەڕا و، بە دوای کۆمەکێك دا ئەگەڕا و ، چاوەڕوانی دڵدانەوە و لابردنی ئەو خەم و خەفەتانە بوو، کە لە لێك دابران و لێك جوێ بوونەوە بێ سنوورەکان و وێران کاریی و مەرگەساتە زۆر و زەبەندەکانەوە پەیدا بووبوون ، لە پڕێکدا حەقیقەتی یەك ئایەتی قورئانی پیرۆزی خاوەن موعجیزە،کە ئەم ئایەتە بوو : ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ۝ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ يُحْيِي وَيُمِيتُ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ . (الحديد : ١ ـ ٢) ، لەبەردەممدا بە ڕوونیی درەوشایەوە و ، لەو ئەندێشە پڕ ئێش و ژانە سامناکە ڕزگاری کردم و ، لە ئازاری لێك دابران و لێك جوێ بوونەوە دەربازی کردم و ، چاوم و بەسیرەتی کردنەوە منیش ئاوڕێکم بۆ لای ئەو بەروبوومانە دایەوە، کە بە درەختە بەردارەکانەوە شۆڕ بووبوونەوە و ، بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە سەیریان ئەکردم و پێیان ئەوتم « تەنها سەیری شوێنەوارە وێرانەکان مەکە خۆزگە سەیرێکی ئێمەشت بکردایە و، لێمان ورد ببوویتایەتەوە » .

بەڵێ ، حەقیقەتی ئەم ئایەتە پیرۆزە بە توندیی وریای ئەکردمەوە و وەبیری ئەهێنامەوە و ئەیفەرموو: بۆچ تا ئەم ڕادەیە کەوتنی نامیلکەیەکی ئاوەدان خەمبارت ئەکات، کە بە دەستی مرۆڤێکی میوان لەسەر لاپەرەیەکی زەوییە ڕەقەکەی « وان » بنیات نراوە ، تا ئەوەبوو شێوەی شارێکی ئاوەدانی گرتەخۆ ؟ بۆچ خەفەت ئەخۆی بۆ ئەو شارەی، کە کەوتە ناو ئەو لافاوە داماڵەرە ترسناکەوە، کە پێی ئەوترێ داگیرکردنی ڕووسیی، کە ئەوەبوو شوێنەواری نەهێشت و کوژاندیەوە ؟ سەرت هەڵ بڕە و خوای هێنەرەکایەی نەبووەکان و شێوە و وێنەکێش

ببینە، کە پەروەردگار و خاوەنی راستەقینەی هەموو شتێکە و ، کاروباریشی بە دەستی ئەوە و ، خێرا خێرا و بەبێ وچان و بەوپەری گرگرتن و دلاراییشەوە نووسینەکانی خوای پاك و بێ گەرد لەسەر لاپەرەی « وان » ئەنووسرێن و ، هۆی ئەو بارودۆخانەی رابردوو و ، ئەو گریان و شیوەنەش بۆ چۆڵ بوون، و وێران بوونی ئەو شوێنانەی، کە تۆ چاوت پێ کەوتن ، بێئاگابوونە لە خاوەنی راستەقینەیان و ، وەهەم بردنی مرۆڤە ـ بە هەڵە ـ کە گوایە خۆی خاوەنیانە و ، بیرنەکردنەوەشیەتی لەوە، کە رێبوار و میوانێکە و بەس ..

ئەوەبوو لەو بارودۆخە جەرگ سوتێنەرە و ، لەو بیرکردنەوە هەڵەیەوە دەرگایەکم بەرەو راستییەکی مەزن لێ خرایە سەر پشت، و نەفسیش ـ وەك ئەو ئاسنەی، کە ئەخرێتە ناو ئاگرەوە تا نەرم ببێ و شێوەیەکی تایبەتیی بەکەڵك وەربگرێت ـ خۆی ئامادەی وەرگرتنی ئەو راستییە کرد ، ئەویش بەوەی، کە ئەو حاڵەتە خەمبارە و ئەو بارودۆخە پر ئێش و ژانە بوونە ئاگرێکی گرگرتوو و نەفسی نەرم کرد و ، قورئانی پیرۆزیش بە روونیی و درەوشاوەیی تەواوەوە ، لە روانگەی حەقیقەتی ئەو ئایەتە ناوبراوەوە ، رێژنەی بەرەکەتی راستییە ئیمانییەکانی بۆ نەفس دەرخست ، بە رادەیەك، کە وای لێ کرد وەریان بگرێت و ملیان بۆ کەچ بکات » .[١٤٤]

دووهەم : وازهێنان لە سیاسەت

---

[١٤٤] پەیامی پیران : ٤٥ ـ ٤٨

لەو قۆناغەدا ڕووداوێك بەسەر مامۆستادا هات، کە شایانی سەرنج گرتن بوو، و خۆی بۆمان ئەگێڕێتەوە :

((ڕۆژێکیان پیاوێکم دیی، کە سەروسیمای لە هی زانایان ئەچوو، ناوی زانایەکی بەڕێزی بە خراپە ئەبرد، بە ڕادەیەك، کە گەیاندیە ئەوەی بە کافری لە قەڵەم بدات ، هەر لەبەر ئەوەی، کە لە چەند بابەتێکی سیاسییدا ڕایان جیاواز بوو، کەچیی هەر لە هەمان کاتدا دیتم ستایشی مونافیقێکی ئەکرد، کە لە بیروڕای سیاسییدا هاوبیر بوون ! بەم ڕووداوە تووشی لەرزینێکی توند بووم، و پەنام بە خوا گرت لەو بارودۆخەی، کە سیاسەتی تێ کەوتووە و وتم : ((أعوذ بالله من الشيطان والسياسة)) . ئیتر هەر لەو کاتەوە لە مەیدانی ژیانی سیاسیی کشامەوە)) [١٤٥]

لەم ماوەیەدا مامۆستا بیری لە ڕێگە چارەیەکی تر ئەکردەوە تا موسڵمانان شوێنی بکەون و خۆیان و دینەکەیانی پێ سەربەرز بکەن ، چونکە سیاسەت بە زیانبەخش دەرچوو .

لەوە ئەچێت ڕای هاتبێتە سەر ئەوە، کە دەستەیەکی زیرەك و وریا لە قوتابیەکانی پەروەردە بکات و خزمەتی ئیسلامیان پێبکات، ئەوەتا مەلا حەمید [١٤٦] کە یەکێك بووە لە قوتابیە دڵسۆزەکانی دەربارەی بۆچوونی مامۆستا لەو سەردەمەدا ئەگێڕێتەوە، کە مامۆستا ئاماژەی بۆ دوورگەی (آق دامار) [١٤٧] کردووە و وتوویە :

---

[١٤٥] المكتوبات : ٣٤٦

[١٤٦] مەلاحەمید : یەکێك بووە لەو قوتابیانەی، کە لەسەر کێوی ئەرەك و لە مزگەوتی نوورشین خزمەتی مامۆستایان کردووە . ئەوەندە بە دڵسۆزانە خزمەتی ئەکرد، بەرەکەتی خوایی بەسەردا ڕژا و ، زانایەکی وەهای لێ دەرچوو، کە ئاماژەی بۆ بکرێت ، بە مەرجێك لەوەو پێش خوێندن و نووسینی نەئەزانیی

[١٤٧] ئاق دامار : دوورگەیەکە لە ناو دەریاچەی واندا لە خۆرهەڵاتی تورکیا

((ئەگەر (١٠)دە ساڵ لەم دوورگەیەدا بمێنمەوە و پەنجا قوتابیی پەروەردە بکەم، ئەوا بەو پەنجا قوتابییە ئەمتوانی ئیسلام بە هەموو جیهاندا بلاو بکەمەوە)) .[١٤٨]

مەلا حەمید هەندێك بیرەوەریی ئەم قۆناغەی ژیانی مامۆستامان بۆ ئەگێڕێتەوە، کە ئەڵێت :

* کاتێك، کە بۆ نوێژ ئیقتیدام بە مامۆستاوە ئەکرد دڵم زۆر ئەکرایەوە و ، هەستانەوەشی بۆ نوێژ دڵی مرۆڤی لە سام و خشووع پر ئەکرد ئامۆژگارییشمانی ئەکرد، کە تەسبیحات و ئەذکار لە حوکمی ناوك و تۆوی نوێژدان و ، بە دەنگێکی پر لە سۆزی خەماویی ذیکر و تەسبیحی خوای ئەکرد کاتێك، کە ئەی وت : (سبحان الله .. سبحان الله) گوێمان لێ بوو، لە قووڵ ترین قووڵایی دڵیەوە لەسەر خۆ دەرئەهات .

من خۆم هەرگیز کەسێکم نەدیوە وەك مامۆستا بەم خشووع و خەمەوە نوێژ و تەسبیحات بکات ، هەرچەندە زۆرێك لە مامۆستا و زانایانم دیون .. کاتێکیش، کە ئەیوت : ((لا إله إلا الله)) و دەستی بە تەسبیحات ئەکرد و لەسەری بەردەوام ئەبوو، دەنگی لە هێز و توندییدا وەك دەنگی تۆپی لێ ئەهات، خۆ ئەگەر کەسێکی ئەهلی تەریقەتە صۆفییەکانی لەلادا بوایە حاڵی لێ ئەهات .[١٤٩]

* هەموو شەوێك بۆ شەونوێژ هەڵ ئەستا، هەندێ جار چاوم لێ بوو، کە نوێژی بەجێ ئەهێنا ، ئیتر نەم ئەتوانیی بخەوم، جا، کە ئەیبینیم وا بەخەبەرم ئەیوت :

---

[١٤٨] رجل القدر : ١٠٦ ـ ١٠٧

[١٤٩] ذکريات عن سعيد النورسي : ١٠

ـ مادام بەخەبەری هەستە وەرە لە دوعاکردندا بەشداریيم بکە، بەلاَم من نەم ئەزانیی هیچ دوعایەك بخوێنم، ئەویش پێمی ئەوت :

ـ من دوعا ئەکەم و تۆش بە دواما (ئامین) دووبارە بکەرەوە، من بە دوعاکەی یوونسی سەردارمان سەلامی لیٚ بێت ، و[١٥٠] بە دوعاکەی وەیسی قەرەنیی[١٥١] ئەپارێمەوە و بە هەردووکیان تەقە لە دەرگای رەحمەتی خوا ئەدەم، لە کاتی دوعا کردنەکەش دا هەندیٚ جار خەونووچکە ئەیبردم ، ئەویش سەیری ئەکردم و ئەیوت :

ـ منیش وەك تۆ وەها بووم .. تۆیش را دێیت .[١٥٢]

* کاتێك، کە لەگەلٚ مامۆستادا لە سەر کێوی ئەرەك بووین ، هەندیٚ پرسیارم ئامادە کردن بەو هیوایەی، کە وەلاَمەکەیان لای مامۆستا وەربگرم ، بەلاَم ئەوە بوو، لە کاتی قسەکردنیدا لە دانیشتنی ئاساییمان‌دا ، بەبیٚ پرسیارکردن وەلاَمی هەموو پرسیارەکانم وەرگرتن و ، تەنها پرسیارێکم ما وەلاَمی وەربگرم ، کە ئەویش پرسیار بوو، دەربارەی سەیرکردنی ئافرەتان، پرسیارەکە هەر ئەهات بە بیرم‌دا بیٚ ئەوەی دەری ببرم تا ئەبینم وا مامۆستا بە توندیی دای بە رانی خۆیدا و وتی :

ـ من لە کردەوە و هەلّس و کەوتەکانی سەعیدی کۆن رازیی نییم جگە لە سیٚ حالّەت، کە لێیان رازیی بووم ..[١٥٣]

---

[١٥٠] مەبەست لە ئایەتی پیرۆز ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ (الأنبياء : ٨٧) .

[١٥١] لە کتێبی (حزب أنوار الحقائق النورية) دا مامۆستا نوورسیی تۆماری کردووە، وەیس : خواناسێکی ناوداری تابیعییانە، خەلکی یەمەنە و ، فریای سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتووە ، بەلاَم بە خزمەتی نەگەیشتووە، دێتە مەدینە لای عومەر و پاشان لە کووفە نیشتەجیٚ ئەبێت .

[١٥٢] ذكريات عن سعيد النورسيي : ١١

پاشان ئەڵێت :

ـ هەموو حەفتەیەك جل و بەرگم ئەگۆڕیی و ، کامەیان زۆر جوان و رێك و پێك بوو ، بۆ ئەو رۆژانەی، کە لە ئەستەنبوڵی ژیان بریسکاوە و گەشاوە بەسەرم ئەبردن هەڵم ئەبژاردن، ئەچووم بۆ جوان‌ترین ناوچەی ئەستەنبوڵ ، بە رادەیەك، کە دۆستە زاناکانم سەرەنجی ئەم دیاردەیان دابوو و ، بەبێ ئاگاداریی یەکێکیان دیاریی کرد بوو بۆ چاودێریی هەڵس و کەوتم و ، ئامۆژگاریی‌یان کردبوو بە وردیی سەرنجی هەموو کردەوەکانم بدات . دوای سێ رۆژ لە چاودێرییم بە نهێنیی پێکەوە دانیشتین و پێیان وتم :

ـ سەعیدی برامان ! تۆ هەر کارێك ئەکەیت لەسەر حەقیت، تۆ رێی راستت گرتووە و ، خوا سەرکەوتووت ئەکات .

لەم قسەیە و لەم حوکمەیان سەرم سور ما، کە لە هۆیەکەی پرسیارم کرد وتیان :

ـ ئەوە سێ رۆژە ، بەبێ ئاگاداریت ، چاودێریت ئەکەین و ، لە هەموو ناوچەکانی ئەستەنبوڵدا سەرنجی رەفتارت ئەگرین ، نەمان دیی هیچ کارێکی پێچەوانەی ئیسلام ئەنجام بدەیت، بگرە سەرەنجمان دا تەنها سەرگەرمی کاری خۆتیت ، لەبەر ئەوە لە خوا ئەپارێینەوە لە کاروبارتدا سەرکەوتووت بکات،

بەڵێ ! براکانم ، هەروەك ئاگرێکی بچووك ، بگرە بێ بایەخ ، وەك دەنکە شقارتە دارستانێکی چڕوپڕی گەورە بەرە بەرە ئەسووتێنێ و شوێنەواری ناهێڵێت، هەروەها سەیرکردنی ئافرەت کەم کەم کردەوەی موسڵمان ئەسووتێنێ و ، ئەشترسم سەرەنجامەکەی خراپ بێت .

---

[١٥٣] مەبەستی ئەوەیە، کە نەزەری حەرام و درۆی نەکردووە و ، شتیشی لە خەڵك وەرنەگرتووە .

پاشان وتى :

ـ سەعيدى كۆن، كە لە هەرەتى لاويَتييدا و ، لە ناوجەرگەى ئەستەنبوڵدا بوو، بە دريَژايى(١٠)دە ساڵ ، سوپاس بۆ خوا ، تەنها جاريَكيش نەزەرى حەرامى نەكرد [١٥٤]

[١٥٤] ذكريات عن سعيد النورسي : ١٨ ـ ١٩ . رجل القدر : ١١٠ ـ ١١٢

سێهەم : شۆرشی شێخ سەعیدی پیران

لە باسی شۆرشی شێخ سەعیدی پیراندا مامۆستا یاسایەکی جوانمان بۆ خزمەت کردن پیشان ئەدات، کە ئەڵێت :

لەو کاتەدا، کە سەرگەرمی وانەوتنەوەی حەقیقەتەکانی قورئان بووم، بە قوتابیەکانم لە شاری (وان) ، رووداوەکانی شۆرشی شێخ سەعید کاربەدەستانی دەوڵەتی بێزار کردبوون، جا هەرچەندە ئەوانە لە هەموو کەسێك بە گومان بوون، کەچیی خراپەیان بەرامبەرم نەکرد و ، تا من لەسەر خزمەتی قورئان بەردەوام بووم، هیچ بیانوویەکیان دەست نەکەوت، بەڵام، کە لە دڵی خۆمدا وتم : چییم داوە لە کەسانی تر و ، بڕم تەنها لە خۆم کردەوە و، کشامەوە بۆ کێوی ئەرەك تا لە ئەشکەوتە وێرانەکانیدا گۆشەگیر ببم و ، قیامەتی خۆم رزگار بکەم، ئەبینم هاتنە سەرم و لەو ئەشکەوتەدا گرتیان و ، لە پارێزگایەکی خۆرهەڵاتەوە نەفییان کردم بۆ پارێزگایەکی خۆرئاوا .. بۆردوور .[155]

ئەمە دەرسێکی گەورەیە تا موسڵمانان بەردەوام خەریکی خزمەتی قورئان بن و ئاور بەلای هیچ بەرژەوەندییەكدا نەدەنەوە، باکیان لە هیچ نەبێت .. با خەمی هیدایەتی خەڵکیان لە دڵدا بێت و بەس، ئیتر خوای گەورە هەموو کارێکیان بۆ ئاسان ئەکات .

لە کاتێکدا کە مامۆستا لەسەر کێوی ئەرەك بوو، شۆرشی شێخ سەعید هەڵگیرسا و سەرانسەری پارێزگاکانی خۆرهەڵاتی گرتەوە، ئەوەبوو فەرمانەدەی شۆرشەکە پەیوەندیی بە مامۆستاوە کرد و ، داوای لێکرد بەشداریی شۆرش

---

[155] اللمعات : ٦٧

بکات، بەڵام مامۆستا نوورسیی ئەم کارەی بە شتێکی سەلبیی لە قەڵەم دا و نامەیەکی بۆ شێخ سەعید نووسیی، کە تیایا هاتبوو :

ئەو شۆڕشەی، کە ئێوە ئەنجامی ئەدەن وا ئەکات، کە برا برا بکوژێت و ، هیچ ئەنجامێکیشی نەبێت، جا ئوممەتی تورکیی ئاڵای ئیسلامی بەرز کردۆتەوە و ، لە پێناوی دینەکەیدا صەدان هەزار بگرە ملیۆنەها شەهیدی داوە ، سەرەرای پەروەردەکردنی ملیۆنەها ئەولیا ، لەبەر ئەوە نابێت شمشێر بە رووی نەوەکانی ئەو ئوممەتە پاڵەوانە قوربانیی دەرەی ئیسلامدا، ئوممەتی تورکیی ، رابکێشرێت و ، منیش بە روویاندا رای ناکێشم ..[١٥٦]

وا قوتابیی دڵسۆز مەلا حەمید، کە لە وان و لەسەر کێوی ئەرەك لە خزمەتی مامۆستادا بووە، ئەو وت و وێژە پر مانایەمان بۆ ئەگێرێتەوە، کە لە نێوان مامۆستا و حوسێن پاشای شێخی عەشیرەتی حەیدەراندا رووی دا، شایانی باسە، کە حوسەین پاشا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمەوە بە پلەی (میرئالای) دامەزرا بوو، ئەمەش کاتێك، کە سوڵتان لە عەشیرەتە کوردەکان هێزی حەمیدیی لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا دامەزراند . حوسەین پاشا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا سەرکەوتنی چاکی بەسەر هێزی رووس و ئەرمەندا بە دەست هێنا و ، زیانێکی زۆری لێ دان، بۆیە حکوومەتی (إتحاد و ترقي) و سوڵتان رەشادیش پلەیان بۆ (أمير اللواء) بەرز کردەوە، حوسەین پاشا یارمەتیی کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی لە خۆرهەڵاتی ولات و، لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا داوە، بە عەدالەت و رێزگرتن لە زانایان بە ناوبانگ بووە، لەگەڵ

---

[١٥٦] تأريخ الحياة . ئەم نامەیە لەگەڵ نووسراوە پارێزراوەکانی دادگای ئیستیقلال ، لە فایلی شێخ سەعیدی پیران دا پارێزراوە (ب / ٥٣١) .

مامۆستا نوورسییش‌دا پەیمانی برایەتیی قیامەتیان بەستووە، هەرچەندە حوسەین پاشا بەشداریی شۆرشی نەکرد، کەچیی لەگەڵ ئەوانی تردا نەفیی کرا بۆ قەیصەریی، بەلاّم ئەو ژیانەی پێ بەسەر نەبرا ، ناچار دوای دوو ساڵ رای کرد بۆ سووریا و ساڵێك لەوێ مایەوە ، هەتا پیاوێك بە ناوی (مدني) هات و قەناعەتی پێ کرد، کە بگەرێتەوە کوردستانی تورکیا، کە گوایە حکومەت عەفووی دەرکردووە بۆیان، کەچیی لە رێگادا، کە لەگەڵ دوو کورەکەیدا نوێژیان ئەکرد ، کابرا حسین پاشای کوشت، رەحمەتی لێ بێت .

مەلا حەمید ئەڵێت :

لەسەر کێوی ئەرەك لە پەرستگایەکی وێرانەدا لە خزمەتی مامۆستادا بووین، و رۆژێکیان حوسەین پاشا لەگەڵ دوو هاوەڵیدا هاتن بۆ سەردانی مامۆستا دوای ئەوەی، کە ئەسپەکانیان بەو درەختانەوە بەستەوە، کە لە دەرگای پەرستگا وێرانەکەدا هەبوون، چوونە ژوورەوە لای مامۆستا و بەوپەری ئەدەبەوە لە بەردەمیا چۆکیان دا و ، دەستیان ماچ کرد . حوسەین پاشا پیاوێکی بالأبەرزی خاوەن هەیبەت بوو و ، چەندین میدالیا و نیشانەی تایبەت بە پادشاکانی ئەو کاتەی بە خۆیەوە هەڵ واسیی بوو، دەستەسرێکی دەرهێنا، و نزیکەی نیو کیلۆ زێری تێدا بوو، و لە شوێنێك‌دا داینا

مامۆستا لێی پرسیی : ئەوە چییە ؟

وتی : گیانم بە قوربانت بێت ، ئەوە زەکاتی خۆمە و هێناومە بۆتان و ، لە سامانی پالّفتەی خۆم دەرم کردووە !

مامۆستا : لەوانەی دەوروبەرت ، لە خزمانت ، لە گوندەکەت کەست شك نەبرد وا هێناوتە بۆ ئێرە ؟

حوسەین پاشا : سەردارم ! خزمانم و ئەوانەی بە دەورم‌دان هەموو دەوڵەمەندن و ، هەژاریان لە ناودا نیە، منیش وام هاتە پێش چاو، کە ئێوە موستەحەققی ئەوەن .

مامۆستا : زەکات نابێت بگوازرێتەوە ، بۆچ هێناوتە بۆ ئێرە و ، ئەو هەموو گوند و دێهاتەت پەراندووە ؟

حوسەین پاشا : سەردارم ! تکا ئەکەم بە لایەنی کەمەوە چەند پارچە زێرێك وەربگرە و ، بەسەر ئەو قوتابیانەدا، کە لە گەڵتدان خەرجی بکە

مامۆستا : نەخێر ، شتی وەها نابێت .. من پێویستییم بە زەکات نیە .

بەم شێوەیە ئەو زەکاتەی گێرایەوە و وەری نەگرت، دوای کەمێك حوسەین پاشا رووی لە مامۆستا کرد و وتی : سەردارم ! بۆ کارێکی تایبەتیی راوێژێکم لە گەڵتان دا هەیە ، تکا ئەکەم فەرمان بدەی قوتابیەکان بچنە دەرەوە ، چونکە من ئەمەوێ باسێکی تایبەتییتان لەگەڵدا بکەم .

مامۆستا : ئەوە نابێت .. چونکە ئەوانە بەشێکن لە گیانم .. لێم جوێ نابنەوە .. چیت پێیە باسی بکە

حوسەین پاشا : سەردارم ! تکاکارم ئیزنمان بدەیت (لەگەڵ شێخ سەعیددا) یاخیی ببین ، بە راستیی ئێمە ئامادەین !

مامۆستا : بۆچ یاخیی ئەبن ؟ ئەگەر زەید و عەمر تاوانیان هەبێت ، ئەی غەیری ئەوان تاوانی چیە ؟ تەنها ئەوەیە، کە خوێنی موسڵمانان ئەرژێت .

حوسەین پاشا : رووسەکان بە هیلاکیان بردین و ، کوشتینیان و ، ماڵ و منداڵمانیان لە ناو برد ، بەڵام شەرەفمان پارێزراو بوو، و کەس بە خراپە دەستی بۆ نەبرد، بەڵام ئێستا دینمان لە مەترسییدایە و ، شەرەفمان خەریکە هەتك

بکرێت، جا ئیزنمان بدە هەتا یاخیی ببین ، چونکە سەربازە پیادەکان و سوارەکانمان لە ئامادەباشییدان .

دوای ئەوەی، کە حوسەین پاشا کارەکەی روون کردەوە و رووداوە پڕ ژانەکانی گێرانەوە و ، مامۆستاش سەری داخستبوو و نوقمی بیرکردنەوە بوو بوو ، مامۆستا سەری بەرز کردەوە و ، بە نەرم و نیانیی وتی : پاشا ! وەرە با راوێژ بە دیوانی ئەحمەدی جەزریی بکەین و ، بە تەفائولەوە بیکەینەوە ، ئایا جەزریی هەرچیی بڵێت قبووڵی ئەکەیت ؟

پاشا : بەڵێ .

مامۆستا دیوانەکەی لە گیرفانیدا دەرهێنا و بە تەفائولەوە کردیەوە ، ئەبینن ئەم دێرە شیعرە وا لەبەر دەمیاندا :

من زی بیف دیری فەتین ، قصدا کنیشتی هن دکن

نەي زی فانم نەي زی وانم من دري خمار بس

واتە : هەیانە لە رێی کەنیسەوە ئەگەڕێتەوە و دێتە سەر دینی ئیسلام و ، هەشیانە ئەگەڕێتەوە بۆ پەرستگای جوولەکە و ئەبێتە جوولەکە، بەلام من نە لەوانەم و نە لەوانەشم .

مامۆستا وتی : پاشا ! دیت ؟ ئێستا من نە لە ئێوەم و نە لە ئەوانیشم .

حوسەین پاشا : مامۆستا گیان ! ورەت رووخاندم و هیممەتت لاواز کردم . ئەگەر بگەڕێمەوە ناو عەشرەتەکەم ئەڵێن: پاشا ترسنۆك دەرچوو وا وازی لە یاخیی بوون هێنا

مامۆستا وتی : بەڵێ ، با بڵێن : ترسنۆك دەرچوو و ، نەیوێرا ، بەلام نەڵێن : خوێن رێژە

كە پاشا ويستی خواحافيزيی لە مامۆستا بكات ، مامۆستا سێ جار دووبارەی كردەوە و وتی : پاشا ! خوێن نەرێژی .. خوێن نەرێژی .. خوێن نەرێژی .

ئيتر ئەوەبوو، حوسەين پاشا گەرايەوە لای عەشرەتەكەی و چەكدارەكانی بلاّوە پێكرد ، بەمە لە ناوچەی واندا هيچ رووداوێك رووی نەدا (ب ١ / ٥٥٧) .

چوارەم : گرتن و دوورخستنەوەی

شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە ١٣ / ٢ / ١٩٢٥ ز هەڵگیرسا و ،[١٥٧] لە ١٥ / ٤ / ١٩٢٥ ز کوژێنرایەوە و ،[١٥٨] شێخ سەعید و چل و حەوت لە هاوەڵانیشی لە ٢٩ / ٦ / ١٩٢٥ لە شاری دیاربەکر لە سێدارە دران و ،[١٥٩]شێخ سەعید لە کاتی لە سێدارەداندا ئەوپەری دامەزراویی نواند ..

کە شۆرش هاتە سەر رووخان و کۆتایی پێهات حکوومەتی تورکیا دەستی دایە گرتنی هەموو سەرۆك عەشایر و ریش سپیی و کەسایەتییە ناودارەکانی پارێزگاکانی خۆرهەڵاتی تورکیا، کە یەکێك لەوانە پارێزگاری وان بوو ، ئەگەرچیی ئەو کەسانە دەستیشیان نەدابێتە شۆرش و لە دەوڵەت یاخیی نەبووبن و، رەوانەی خۆرئاوای ئەنادۆڵی کردن ، وەك بیەوێ ئەو کەسایەتییانە لە مەیدانی رووداوەکان دوور بخاتەوە ، تا هەڵ گەرانەوەی چەکدارانەی تر روو نەدات .

جا یەکێك لە قوتابییەکانی مامۆستا نوورسیی، کە ناوی (عەلیی چاویش) بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی ئەو ماوەیە نووسیویەتی :

((دوای ئەو زنجیرە گرتنانە پاگاندە وەها بڵاو بوویەوە کە حکوومەت نیەتی ئەوەی هەیە، کە مامۆستا نوورسییش بگرێت و دووری بخاتەوە ، لەبەر ئەوە هەندێ لە زانایان لەوانەی، کە دۆست و خۆشەویستی مامۆستا بوون ، بە تایبەت شێخ ئەنوەر تووشی دڵەراوکە بوو بوون بۆی و ، شێخ ئەنوەر ئەترسا مامۆستا نوورسیی تووشی ئازار ببێ ، لەبەر ئەوە بەردەوام و بە سووربوونەوە

---

[١٥٧] سيرة ذاتية : ١٨٧

[١٥٨] رجل القدر : ١٢٩

[١٥٩] رجل القدر : ١٢٩ ، سيرة ذاتية : ١٨٧

ئامۆژگارییمانی ئەکرد، کە پێویستە مامۆستا لە (وان) دەرچێت بۆ شوێنێکی هێمن . کاتێك کە لەو بارەوە زۆری دووبارە کردەوە ، پێم وت :

ـ گەورەم ! ئێمە ئەتوانین پارێزگاریی لە مامۆستا نوورسیی بکەین و پاسەوانیی بکەین ، ئەو تاقە کەسێکە ، بەلاَم چاکتر وەهایە تۆ خۆت بپارێزیت .

شێخ ئەنوەر توورە بوو، و وتی :

ـ هەزار شێخی وەك شێخ ئەنوەر پارچە نینۆکێکی مامۆستا ناژین ، ئەوە تۆ چۆن ئەوێری بەراورد لە نێوان مامۆستا نوورسیی و شێخ ئەنوەردا بکەیت ؟!

لەو کاتەدا من لە لادێ بووم ، جا، کە هەواڵی گرتنی شێخ مەعصوومی موفتیی شاری (وان) م بیست ، ترسی زیاترم لێ نیشت و ، زۆریشی پێ نەچوو چاوم لێ بوو ئەفسەرێك لەگەڵ سێ سەربازدا بەرەو بنکەی مامۆستا سەرکەوتنە سەر شاخەکە)) .[١٦٠]

هەروەها قوتابیی نموونەیی ، مامۆستا زوبەیر گوندۆز ئاڵب دەربارەی گرتنی مامۆستا لە بیرەوەرییەکانیدا ئەڵێت :

((مەفرەزە سەربازییەکە هەڵمەتی بردە سەر ئەو ئەشکەوتەی، کە مامۆستا (بدیع الزمان) بۆ خواپەرستیی تیایا گۆشەگیر بوو بوو، هەڵس و کەوتی فەرماندەی مەفرەزەکە بەرامبەر بە مامۆستا زۆر رەق و زبر بوو ، هەروەك بۆ گرتنی تاوانبارێك یان سەرۆکی دەستە جەردەیەك هاتبێ و ، بەرامبەر بوونەوەی مامۆستاش بەرامبەر بوونەوەیەکی بەهێز و ئازایانە بوو ، چونکە ئەی زانیی ئەجەل یەکێکە و ناگۆڕێت ئەگەرچیی هەموو دنیا لە دژی یەك بگرن، زۆر بە پەلە لەگەڵ خۆیاندا بردیان، کە ماوەیەك رۆشتن هەندێ قوتابیی مامۆستا و

[١٦٠] رجل القدر : ١١٨ ـ ١١٩

هەندێ لە دانیشتوانی ناوچەکە لێیان نزیك کەوتنەوە و ، بە زمانێکی تر قسەیان لەگەڵ مامۆستا کرد [١٦١] قوتابیەکان ئامادەیی خۆیان بۆ فراندنی مامۆستا بـۆ شوێنێکی تـر ، یـان فرانـدنی بـۆ دەرەوەی سـنوور ، بـۆ هـەر وڵاتێکـی تـری ئیسلامیی، دەربریی ، بەڵام مامۆستا قبوولّی نەکرد و ، پێی وتن، کە بە هەموو حەزێکی خۆیەوە لەگەڵ مەفرەزەکە ئەروات و ، سەربازەکانیش لە جێی قوتابیین بۆ ئەو و ، ئامۆژگاریی قوتابیەکانیش و خەڵکەکەیشی کرد، کـە بـەبێ دەنـگ بگەرێنەوە ماڵی خۆیان، تا لەو کاتەدا یەکێك لە قوتابیەکانی سـەرنجی دا، کـە پێڵاوەکانی مامۆستا شرن ، رۆیشت و جووتێك پێڵاوی نوێی بـۆ هێنـا ، بـەڵام مامۆستا ـ وەك عادەتی هەمیشەیی بۆ وەرنەگرتنی دیاریی ـ لەسەر ئەوە پێی داکوتا، کە ئەبێت پارەی پێڵاوەکانی بۆ بگێرێتەوە)) . [١٦٢]

بە شێوەی بروسکە دەنگ و باسی گرتنی مامۆستا بـڵاوەی کـرد و گەیشـتە دانیشتوانی شاری وان، ئەو هەواڵە بۆ ئەوان وەك هەورە تریشقە وەها بوو، بۆیـە خێرا هەزارەها پیاوی مەردیان هەڵمەتی دایە چەك و ، بریاریان دا بە هەر هێزێك بووە مامۆستا رزگار بکەن و بیفرێنن و دووری بخەنەوە بۆ شوێنێکی بێ وەی .

مەفرەزە سەربازییەکە مامۆستای هێنـابووە وان و چـاوەروان بـوو، هـەموو گیراوەکان لەوێ جەم بکەن و ئەوسا پێکەوە دووریان بخەنەوە

---

[١٦١] واتە بە زمانێك دواندیان ،کە ئەفسەرەکە و سەربازەکانی لێی تێ نەگەن، کە ئـەویش زمـانی بادینـانی ناوچەکە بوو .

[١٦٢] رجـل القدر : ١١٩ ، سيـرة ذاتيـة : ٢٠٨ ـ ٢٠٩ ، مـن مـذكرات زبيـر گـونـدوز آلب ، ب ١ / ٥٦٧ ، ش ٢٧٣ /

دانیشتوانی وان مامۆستایان لەوە ئاگادار کرد کە ئەیانەوێ رزگاری بکەن و ، ئامادەن هەموو مەترسییەك لەو پێناوەدا قبووڵ بکەن، بەڵام مامۆستا بە توندیی ئەوەی رەت کردەوە و پێی وتن :

((بە ویستی تەواومەوە بۆ باوەشی پر سۆزی ئوممەتی تورکیی ئەرۆم لە ئەنادۆڵ ... هیوای سەلامەتیی و بێ وەییتان بۆ ئەخوازم))[١٦٣]

بەم کارەی نەیهێشت جەنگ و هەرا لە نێوان حکومەت و دانیشتوان‌دا روو بدات و ، خوێن بە نارەوا برژێت .

کە هەموو ئەوانەی حکومەت ئەی ویست دووریان بخاتەوە دەست گیر کران و لە شاری وان کۆکرانەوە ، لە ٢٥ / ٢ / ١٩٢٥ لە وان دەرچوون، کە چەند صەد کەسێك ئەبوون ، لە پیاو و منداڵ و پیری پەك‌کەوتە ، هەر هەموو فرمێسکیان ئەرێژا و خواحافیزییان لە شار و نیشتمانەکەیان ئەکرد .. هەندێك سواری عەرەبانە بووبوون، کە ئەسپ رای ئەکێشان و ، هەندێکیش سواری عەرەبانەی خشۆك بوو بوون، کە ولاغ رای ئەکێشان و ، هەندێکیش سواری ولاغ بوون، و هەندێکیش بە پێ ئەو رێگا دوورەیان ، لەو زستانە سەختەدا ، لە نێو بەفرێکی زۆردا ئەبری و ، سەربازەکانیش هەر چوار دەورەی ئەو هەموو خەڵکەیان بە چەکەوە گرتبوو ..

ئەوەبوو دەستی چەپی مامۆستا نوورسییان بە زنجیرێکی ئاسن بەستبوو بە دەستی راستی شێخ مەعصوومی موفتیی (وان) ەوە

مامۆستا نوورسیی زۆر بە هێمنیی و لەسەرخۆ بەرێوە ئەچوو و ، کاری خۆی دابووە دەست خوا و پشت و پەنای تەنها هەر ئەو بوو، بێ ئەوەی بێزاریی دەر

---

[١٦٣] رجل القدر : ١١٩ – ١٢٠

بڕێ ، جاری وایش ئەبوو سواری یەکێك لە خشۆکەکان ئەبوو، بەڵام موفتیی، کە دوای چەند سەعاتێك لە ڕۆیشتن هەستی کرد وا پێستی دەستی بە زنجیرە ئاسنەکە داماڵراوە ، داوای لە سەربازە پاسەوانەکە کرد، کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە، کۆتەکەی بکاتەوە ، ئەویش لە وەڵامدا بە توندیی بە قۆناغی تفەنگەکەی دای لە شێخ مەعصووم و بە دەمدا خستیە ناو قوڕ و لیتەوە دیمەنێکی یەکجار دڵ تەزێن بوو .. مامۆستا نوورسییش قوڕەکەی بە دەم و چاویەوە ئەسریی و ، لە ئاوی کانیاوێك قوڕەکەی دائەشۆرد و ، ئامۆژگارییشی ئەکرد تا ئارام بگرێت ..

یەکێك لەو سەربازانەی، کە پاسەوانی ئەو کاروانە بوون و ناوی موصطەفا ئاغریلیی بوو، دەربارەی ئەم گەشتە ئەگێڕێتەوە، کە کاتێك لە شاری واندا خەریکی ئەنجامدانی خزمەتی عەسکەریی ئەبێت دەنگ و باسی مامۆستا نوورسیی ئەبیستێت و حەز ئەکات بی بینێت، جا کە ئەی کەنە پاسەوانی کاروانی دوورخراوەکان بە هەلی ئەزانێت تا بی بینێت .. ئەڵێت :

کە کاروانەکە کەوتە ڕێ وەرزی زستان بوو، و بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشیی بوو، و نزیکەی (٧٠ ـ ٨٠) عەرەبانەی خشۆك، کە ئەسپ یان گاجووت رایان ئەکێشان لەگەڵ کاروانەکەدا بوون، بەر لەوەی گەشتەکە دەست پێبکات دەست نوێژم گرت و خۆم ئامادە کرد بۆ نوێژ، فەرماندەکە منی کردە پاسەوانی عەرەبانە خشۆکەکەی (بدیع الزمان) ، بەڵام نەم ئەناسیی چونکە هێشتا نەم دیی بوو .. جا هەر چەندە خشۆکەکانی تر پڕ بوون لە کەل و پەل ، خشۆکەکەی

(بدیع الزمان) هیچ کەل و پەلێکی تێدا نەبوو و ،[١٦٤] خۆیشی بە تەنیا بـوو .. شاڵێکی سپیی ئەدا بەسەریدا ، پاشان مێزەرێکی درێژی ئەبەست و ، سمێڵێکـی پری هەبوون ، بەڵام بەبێ ریش ..

هاتم و لەگەڵیا سواری خشۆکەکەی بووم و ، هێشتا نازانم ئەمە مەلا سەعیدی مەشهوورە، بەناو سەفەرییەکان‌دا چاوم ئەگێڕا و ، لە خۆم ئەپرسیی: تۆ بڵێی لە کوێ بێت ؟ من بەدوای کەسێکی ریش‌داردا ئەگەرام، کە جبەیەکی لەبەر کردبێ بە شێوەی زانای دینیی، کە کاروانەکە کەوتە رێ سەرنجم دا وا دوو کەس جل و بەرگی زانایانیان لەبەردایە ، منیش لە خـۆمم ئەپرسـیی : تـۆ بڵێـی کامیـان سەعیدی کوردیی مەشهوور بێت ؟

بۆ ئێوارە گەیشتینە گوندێك، کە دانیشتوانی بە گـەورە و بچـوکەوە هاتنـە پێشوازییمان .. فەرماندەی گەشتەکە گیری خوارد بوو ، چونکە بیری ئـەکردەوە چۆن لەم گوندە کوردییەدا شەو بمێنێتەوە و ، بتوانێ پاسەوانیی ئەو خەڵکە بکات و نەهێڵێ کەسێکیان لێ را بکات ؟ نەئەکرا نەفیی کراوەکان بەسـەر ماڵـەکانی گوندەکەدا دابەش بکرێن، لە کۆتاییدا بریاری دا هەر هەموو لە شوێنێکدا جەم بکات تا پاسەوانییان ئاسان بێت، هەر وایش بوو، بەڵام کوردەکانی دانیشتوی گوندەکە پێشوازییەکی چاك و بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ کردین و ، وتیان ئەو خەڵکە میوانی ئەوان ئەبێت و ، ناهێڵن فەرماندە و سەربازەکان هیچ خواردنێك لێ بنێن ، چونکە ئەوان خواردنی نەفیی کراوەکانیش و سـەربازەکانیش ئامـادە ئەکەن .

---

[١٦٤] چونکە مامۆستا لەسەر کێوی ئەرەك دایان گرتە خوارەوە و خەریکی خواپەرستیی بوو، و هـیچ کـەل و پەلێکی نەبوو .

فەرماندە پێمی وت : ئەم ئێوارەیە لەگەڵ مامۆستا ئەبیت و شەویش لە گەڵیا ئەخەویت، تا ئەو کاتە نەمئەزانی ئەمە کێیە و ، ئەشترسام بە تەنیا نەتوانم چاودێریی بکەم ، بەلاّم فەرماندەکە دڵی بێ خەم کردم و وتی :

((تۆ ئەچیت لە گەڵیدا لە هیچ نەترسی .. هیچ شتێك روو نادات ، چونکە ئەوەندەی منداڵێك پاك و بێ تاوانە)) . پاشان هەواڵی دامێ، کە ئەمە مەلا سەعیدی کوردییە، کە ئەو کاتە ئەو نازناوەی لێنرا بوو .

چووین بۆ ژوورەکە، .. ژوورێکی بچکۆلە بوو، کە تەنها جێی خەوتنی دوو کەسی تێدا ئەبوویەوە، خەڵکی گوندەکەش بە دەورماندا ئەسووڕانەوە و بە هاتنمان پێ خۆشبوونیان دەرئەبریی لە هەموو لایەکەوە دەوریان دابووین ، هەروەك چاوەڕوانی ئاماژەیەکی (بدیع الزمان) بن ، بەلاّم (بدیع الزمان) رێی نەئەدان هیچ شتێك روو بدات، بۆ ئێوارە چەندین جۆری خواردنیان بۆمان هێنا، بەلاّم مامۆستا وتی من نەخۆشم ، لەبەر ئەوە دەستی بۆ خواردنەکە درێژ نەکرد، بەلاّم منی خوڵك کرد، پاشان نوێژی عیشامان کرد و ، دوای ئەوەش جێگەیەکیان بۆی راخست و ، لە نزیك دەرگاکەشدا جێگەیەکیان بۆ من راخست، ئەوەندەش گێژ و نەفام بووم گومانم بە دڵدا ئەهات و ئەم وت : ئەی ئەگەر شەو تفەنگەکەمی فراند و رۆیشت ؟ بەلاّم ئەو هیچ نیەتێکی وەهای نەبوو .. پیاوێکی مەزنی خاوەن هەیبەت و ویقار بوو .. بە هەموو جلەکانەوە لەسەر جێگەکەم راکشام ، بەلاّم ئەو نوێنەکەی پێچایەوە و ، پاڵی پێوە دا .. سەرم لێی سوور ما : بۆچ ناخەوێت ؟ نیەتی چیی بێت بیکات ؟ ئەوەندەی پێ نەچوو خەو زۆری بۆ هێنام و خەوم پیا کەوت ..

دوای ماوەیەك بە دەنگی جووڵەیەك بەخەبەر هاتم ، چاوم کردەوە ئەبینم وا فانۆسێکی زەیتی بە دەستەوەیە و چووە دەرەوە و ، لە حەوشەکەدا، کە بە بەفر

داپۆشرا بوو، دەست نوێژی گرت ، پاشان بۆ نوێژکردن بە پێوە وەستا و ، شەوەکەی بە نوێژ و خواپەرستیی بەسەر برد

کە زانیی من بەخەبەرم ئاوری دایەوە بۆ لام و پێمی وت :

((هێشتا کاتی زۆرت لەبەردەمدایە بۆ خەوتن .. ئێمە لەسەر مەزهەبی شافعیین و زوو لە خەو هەڵ ئەسین ، بەڵام ئێوە لەسەر مەزهەبی حەنەفیین و ، ئەتوانیی دوای ماوەیەکی تر نوێژ بەجێ بهێنی)) . بەڵام لە راستییدا زوو لە خەو هەڵ نەستا بوو، چونکە لە بنەرەتدا هەر نەخەوت بوو، منیش نەخەوتم بەڵکو هەستام و دەست نوێژم گرت و لەگەڵیا نوێژی فەجرم بەجێ هێنا

لە ژوورەکەدا زۆپایەك هەبوو .. مامۆستا هەستا و هەندێك ئاوی بەسەریەوە کوڵاند و ، زەمبیلەیەکی بچووکی پێ بوو ، هێلکەیەکی تیا دەرهێنا و کوڵاندی ..لەو کاتەوە کە لە شاری وان دەر چوو بووین چەندین سەعاتی دوور و درێژ بوو، کە ئەمە یەکەم جار بوو، مامۆستا لەو بەیانییە زووەدا خواردن بخوات ..

پاشان کەل و پەلی ریش تاشینی دەرهێنا و ریشی تاشیی ..

ناوی گوندەکەم لە بیر نەماوە .. بەردەوام لەو گوندانەی، کە لەسەر رێگامان بوون شەو ئەماینەوە، چاودێری مامۆستام ئەکرد ئەبینم بایەخی زۆر بە پاك و خاوێنیی و ریش تاشین و خواپەرستیی ئەدات .. خواردنی کەسیشی نەئەخوارد فەرماندەی گەشتەکەش (صائم بگ) رێزی زۆری لە مامۆستا ئەگرت ، بەڵام نەی ئەتوانیی بایەخی پێ بدات و بە تایبەتیی چاودێریی لێوە بکات ، چونکە لە خۆی ئەترسا

کاروانی نەفیی کراوان لە (وان) ەوە بە رێ کەوت و بە (ئەرجەش)دا تێپەرین و ، لەویشەوە بۆ (پاتنوس) کە چوار رۆژ لەوێ پشوویان دا و ، پاشان

رووی لە شاری ئـاغری نـا و ، رۆژێـك تیایـا مایـەوە، لەویشـەوە چـوون بـۆ (أرضروم) و ، حەفتەیەك تیایا مانەوە و ، پاشان بەرەو (طرابزون) رۆیشتن و، بیست رۆژی تیا مانەوە ، پاشان بە پاپۆر بـەرەو ئەسـتەنبوڵ رۆیشـتن و بـەهار گەیشتنە ئەوێ و، (٢٠ ـ ٢٥) رۆژ تیایا مانەوە [١٦٥]

شایانی باسە کە نەفیی کراوەکان جگە لە مامۆستا نوورسـیی و ، حوسـەین پاشا و ، شێخ مەعصووم هەر هەموویان لە ساڵی ١٩٢٨دا ، واتە دوای سێ ساڵ ئازاد کران و گەرانەوە بۆ شاری وان . [١٦٦]

مامۆستا گەیشتە ئەستەنبوڵ و ، لەوێ لەبـەر ئـەوەی، کـە پەیوەنـدیی بـە (دار الحکمة الإسلامیة) وە بوو، کە سەر بـە (المشـیخة الاسـلامیة) بـوو و ، ماوەیەك بۆ خزمەتی قورئان لەوێ کاری کرد بوو ، پرسیاری دەربارەی بارودۆخی (المشیخة الأسلامیة) کرد

وەڵامی زۆر خراپی وەرگرت .. وەڵامێك، کە رۆح و دڵ و فیکری هاتنە شۆکە و، گریانێکی تاڵیشیان کرد ئەو شوێنە پیرۆزە، کە بۆ صـەدان سـاڵ مایـەی پەخشان کردنی نوور و ئەنوار بوو ، کرابوویـە دواناوەنـدیی کچـان و ، شـوێنی بەرەڵایی، هەروەك دنیا بەسەریا برووخێت ، هیچی بۆ نەمایـەوە هەناسـە هـەڵ کێشان نەبێت .. ناچار کاری دایە دەست خوای بەدەسەڵات .. [١٦٧]

---

[١٦٥] رجل القدر : ١١٩ ـ ١٢٢ ، سيرة ذاتية : ٢٠٩

[١٦٦] رجل القدر : ١٢٩

[١٦٧] سيرة ذاتية : ٢٠٩ ـ ٢١٠

پاشان فەرمان دەرچوو تا بنێررێت بۆ شاری (بۆردوور)، ئەوەبوو لەگەڵ پاسەوان‌دا سواری کەشتیی کرا و ، بەرەو ئەزمیر و ، لەوێشەوە بۆ ئەنطالیا و ، لەوێشەوە بەرەو بۆردوور رەوانە کرا [١٦٨] ئەمەش لە ٢٩ / ٤ / ١٩٢٦ دا

کاربەدەستانی بۆردوور بە توندیی چاودێریی نەفییکراوەکانیان ئەکرد و ، نەفیی کراوەکان لە سەریان پێویست بوو هەموو ئێوارەیەك لەلای پۆلیس ئامادە بوونی خۆیان بسەلمێنن ، بەلاَم مامۆستا نوورسیی و قوتابیەکانی چاوپۆشییان لێ کرا ، چونکە خەریکی خزمەتی قورئان بوون .. هەتا والیی شار بەلای (فوزي پاشا) وە [١٦٩] شکاتی ئەم حاڵەتەی کردن و ئەویش ئامۆژگاریی والیی کرد تا رێز لە مامۆستا بگرن و ، دژی نەجووڵێنەوە! جا مامۆستا دەری ئەبرێت، کە کەراماتی خزمەتی قورئان بۆتە هۆی ئەوەی ئەو قسەیە دەرهەقیان بکات . [١٧٠]

لەو کاتەدا کە نەفیی کران، بەشێك لە سەرۆك عەشیرەتە نەفییکراوەکان لەگەڵ مامۆستادا بۆ بۆردوور داوایان لە مامۆستا کرد، کە زەکاتی ئەو پارەیەی، کە پێیان بوو، لێیان وەربگرێت ، تا مامۆستا تووشی دەست کورتیی نەبێت ، چونکە ئەیان زانیی ئەو پارەی کەمی پێیە، مامۆستا زەکاتەکەی دانە دواوە، و بەو سەرۆکە دەوڵەمەندانەی وت : هەرچەندە پارەکەی من یەکجار کەمە ، بەلاَم من دەست پێوەگرتنم هەیە و ، لەگەڵ قەناعەتیش راهاتووم، کەواتە من زۆر لە ئێوە دەوڵەمەندترم، بەمە ئەو داوا زۆرە و پێ لێ داکوتانەی ئەوانی دایە دواوە ئەوەبوو بەشێك لەوانەی، کە پارەیان بۆ مامۆستا ئەگرت ، دوای دوو ساڵ، بە

---

[١٦٨] رجل القدر : ١٢٢

[١٦٩] مەبەست لە مارشاڵ فەوزیی چاقماق بووە، کە لەو کاتەدا سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، و سەردانی بۆردووری کردووە

[١٧٠] سیرة ذاتیة : ٢١٠ ، رجل القدر : ١٢٣

بۆنەی ئەوەوە، کە دەستيان پێوە نەگرت ، بوون بە ژێـر قـەرزەوە ، بـەڵام پـارە کەمەکەی مامۆستا ، بەشی کرد و ، لەبەر موحتـاجيی ئـاوی رووی نـەتکا و، دەستی بۆ هيچ کەس پان نەکردەوە و ، ئەو ياسا جوانەی بە چاکيی پاراست، کە بۆ سەرانسەری ژيانی بړياری دابوو، کەوا هيچ لە هيچ کەس وەرنەگرێ .

ئەمە ياسايەکی هەميشەی خوای گەورەيە، کە ئەوانـەی تەمـەنيان ئەخەنـە خزمەتی دينی خواوە ، خوای گەورە بە هێز و قودرەتی خۆی چاوی مەرحەمەتی خۆی لێيان کلا ناکات و ، بە چاکيی چاودێرييان ئەکات . هەر کەسيش تەمەنی نەفرۆشێ بە خوا هەرچيی بکات هەر مايە پووچ ئەبێت ..

مامۆستا حەوت مانگ لەم شارەدا ئەمێنێتەوە و ، پـەيامی : (المدخل إلى النور) دائەنێت ، کە بريتييە: لە سيانزە دەرس لـە حەقيقەتـەکانی ئيمـان و ، دەروونی بەدخواز دەم کوت ئەکەن و ، بەرامبەر وەسـتانێکی سـەعيدی نـوێ و سەعيدی کۆنە .. [171]

لەو ماوەيەدا لە بۆردوور مامۆستا دڵی ئەچێتە سەر ئەوەی، کە هەوڵی رزگار کردنی خۆی و چاك کردنی قيامەتی بدات ، بۆيە بە شێوەيەکی کاتيی لە خزمەت کردنی قورئان سارد بوويەوە و ، لە ئەنجامدا زللەيەکی ميهرەبانيی بەر کەوت و ، بە پێچـەوانەی مەبەسـت و ئـاواتی خـۆی نـەفيی کـرا بـۆ شـوێنێکی تـر بـۆ ئيسپارتە [172]

لە ئيسپارتەش مامۆستا دەستی دايە خزمەتی قورئانی مەزن .. بەڵام دوای تێبەربوونی بيست رۆژ لەسەر خزمەتی قورئان لەلايەن هەندێ ترسنۆکەوە ئاگادار

---

[171] سيرة ذاتية : ٢١٠ – ٢١١ ، رجل القدر : ١٢٤
[172] سيرة ذاتية : ٢١١

کرا کە لەوانەیە کاربەدەستانی ئەو شارە ئەو کارەی ئەویان بە دڵ نەبێت ، بۆیـە وەها چاکە پەلە نەکات و لەسەرخۆ بێت، دیسان دەستی دایە خۆ چاك کـردن و بایەخ دان بە خۆی و ، بە دۆستانیشی راگەیاند، کـە هـات و چـۆی نەکـەن و ، دیسان لە مـەیدانی کارکردن بۆ ئیسـلام کشـایەوە و ، جـارێکی تـر زللـەی لێ درایەوە و ، بۆ شوێنی سێهەم ، بۆ بارلا نەفیی کرا [١٧٣]

---

[١٧٣] سيرة ذاتية : ٢١٢

بەشی حەوتەم

بارلا قوتابخانەی نووریی یەکەم

١ / مارت / ١٩٢٧ ـ ٢٥ / نیسان / ١٩٣٥

یەکەم : بەرەو بارلا

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٢ ، هەتا ١٩٤٠دا کۆمەڵە یاسا و بریارێـك بەسـەر گەلی تورکیادا سەپێنران بە هیوای ئەوەی بتوانن ئیسلام لە ریشە دەر بهێنن و ، شۆڵەی ئیمان لە دڵی ئەو میللەتە بەغیرەتەدا دەربهێنن، کە بـۆ مـاوەی شـەش سـەدە ئـاڵای ئیسـلامی بـەرز کـردەوە و ، لـەو مـاوە دوور و درێـژەدا بـووە پاسەوانێکی ئەمینی خۆبەخش بۆ بیروباوەری ئیسلام ..

دەرسی دین لە هەموو قوناغەکانی خوێندندا قەدەغە کرا

ژمارە و پیتە عەرەبییەکان بۆ نووسین گۆرران بۆ لاتینیی ..

بانگ و قامەتی شەرعیی بە زمانی عەرەبیی قەدەغە کران ..

هەوڵی ئەوە درا، کە قورئان تەرجەمە بکرێت بۆ تورکیی و ، هەوڵیش درا ئەو تەرجەمەیە لە نوێژدا بخوێنرێت ..

جاری عەلمانیەتی دەوڵەت درا .. واتە نابێت هیچ چالاکییەك بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام بنوێنرێت ..

چاپکردنی کتێبی ئیسلامیی یاساخ کرا

خەڵك ناچار کرا جل و بەرگی ئەورووپییانە بپۆشێت ، پیـاوان شـەبقە لەسـەر بکەن و ، ئافرەتانیش جلی سفوور و رووت .

دادگا دانران و ، ترس و لەرز برایە دڵی خەڵکەوە ، تا هیچ کەس نەوێرێ نارەزایی لە بارودۆخی وڵات دەربڕێ ..

چەندین زانای بەرێز لە سێدارە دران ..

چەندین زانای پایەدار وڵاتیان بەجێ هێشت .. [١٧٤]

خەڵکیی لە ترساندا قورئانیان ئەشاردەوە و ، نەیان ئەهێشت پیاوانی دەوڵەت ببینن .

رۆژنامەکان دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی بێ رەوشتیی و ، گاڵتەیان بە دین و ئیمان ئەکرد و ، کتێبی ئیلحادیی بڵاو بوونەوە

مامۆستای قوتابخانەکانیش هەوڵیان ئەدا دین و ئیمان لە دڵ و دەروونی قوتابیەکانیاندا بسرنەوە ، بەوەی، کە فەلسەفەی ماددییان ئەبردە مێشکیانەوە و، ئینکاریی خوا و پێغەمبەر و زیندووبوونەوەی قیامەتیان ئەکرد

دەوڵەتیش بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵی ئەدا پەیوەندیی میللەت بە دین و قورئانەوە بپچرێت، ئەوەبوو دەوڵەت بڕیاری دا موصحەفەکان لە ماڵان کۆ بکاتەوە و ، بیانسووتێنێ ، بەڵام، کە سەرنجیان دا ئەوە کارێکی گرانە ، هاتنە سەر ئەو بڕیارە، کە بەرەیەکی نوێ دوور لە قورئان و ئیمان پێ بگەیەنن .

---

[١٧٤] زۆرێك لە زانا و ئەدیبان وڵاتیان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی شەپقە لەسەر نەکەن ، هەر لەو کاتەدا لە چەند لایەکەوە شۆڕش بەرپا بوو دژی بڕیارەکانی دەوڵەت . لە ١٤ / ١١ / ١٩٢٥ لە سیواس و ، لە ٢٥ / ١١ لە أرضروم و ، لە ٢٧ / ١١ لە مرعش و ، لە ٢ / ١١ لە ریزە و هەمووشیان بە زۆر دامرکێنراونەتەوە . (ب / ٥٢٦) .
یەکێك لە جەلادەکان، کە ناوی (قارا علي) بوو بۆ رۆژنامەیەکی دەربڕیی، کە لە ماوەی دوانزە ساڵی رابردوودا بە دەستی خۆی(٥٢١٦)پێنج هەزار و دووصەد و شانزە کەسی لە سێدارە داوە (صۆن پۆسطە ، ٣ / ٣ / ١٩٣١)

نموونەیەکی دژایەتیی دەوڵەت بۆ ئیسلام و زانایان بریتیی بوو، لە داگرتنی مامۆستا نوورسیی لەسەر کێوی ئەرەك، کە بۆ خواپەرستیی کەناری گرتبوو و، نەفیی کردنی بۆ بارلا، کە شارۆچکەیەکی بچکۆلە بوو، لە شوێنێکی دوور و کەناردا ، تا هیچ کەس نەگاتە لای و ، باسی نەمێنێ و ، ئەو سەرچەمە زولاڵە وشك ببێت ..

بەڵام مامۆستا نوورسیی نەی‌هێشت ئەو پیلانەی دوژمنان سەربگرێت ، بەڵکو دەستی دایە خواپەرستیی و ، خزمەتی حەقیقەتەکانی قورئان .. نەی هێشت ساتێك لە ژیانی بە فیرۆ بڕوات .. ڕووی کردە قورئانی پیرۆز تا ئەویش فەیز و بەرەکەتی خۆی بۆ هەڵ برێژێ و دڵەکەی پڕ لە نووری ئیمان بات .. سەرەنجام کانیاوی پەیامەکانی نوور هەڵ قوڵا و ، بووە مایەی دەرمان کردنی دڵ و دەروونی مامۆستا خۆی و ، دەرمان‌کردنی دۆست و خۆشەویستانی، کە بە نهێنیی و بێ ئاگاداریی کاربەدەستان پەیامەکانی ئەگەیاندە دەستیان ..

بە مامۆستایەتیی قورئانی پیرۆز دەستی دایە کارکردن بۆ (ڕزگارکردنی ئیمان) ، تا لەو سەردەمە تاریك و ناهەموارەدا ببێتە هەڵ گری ڕووناکیی تا ئیمانی ئەو گەلە سەرگەردانە ڕزگار بکات، کە بە هەموو شێوەیەك نەخشەی گومراکردنی بۆ ئەکێشرا

کاری پیرۆز بە مامۆستا نوورسیی سپێررا ، تا لە بارلای خنجیلانەوە نووری ئیمان پەخشانی سەرانسەری وڵات بکرێت ..

ئیتر هەتا ئەوانی دوژمن بە دین سزا و ئازاری زیاتری مامۆستایان بدایە و، هەتا زیاتر تەنگیان پێ هەڵ بچنیایە و ، هەتا زیاتر ستەمیان لێ بکردایە، مامۆستا زیاتر غیرەتی ئەجوولا و ، چاکتر دەستی بە قورئانی پیرۆزەوە ئەگرت و، حەقیقەتەکانی قورئان و ئیمانیش زیاتر ئەگەشانەوە

ئەو سزا و ئازارانەی ،کە بە مامۆستا ئەچێژران گەرمیی و غیرەتێکی وەهایان بە کارەکە بەخشیی ، زۆربەی شارەکان بوونە قوتابخانەی نوور، و خزمەتەکە لە بارلادا بە تەنیا نەمایەوە

وایان ئەزانیی لە بارلادا بەندی ئەکەن و ، هیچ کارێکی بۆ ئەنجام نادرێت، کەچیی بارلا بووە کورسیی و مێزی دەرس خوێندن و نووری ئیمانی لێ بەرز ئەبوویەوە [١٧٥]

بەڵێ بریار درا مامۆستا نوورسیی لە ئیسپارتەوە بگوازرێتەوە بۆ بارلا ئەوەبوو هێنایانە ئەگریدیر هەتا لە رێی دەریاچەی ئەگریدیرەوە ، بە بەلەمی چارۆکەدار بگوازنەوە بۆ پەخشداریی بارلا، کە لەوبەری دەریاچەکەوە بوو ..

جا وا شەوکەت دەمیرئای ، ئەو سەربازەی، کە مامۆستا نوورسیی گەیاندە بارلا لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو گەشتەمان بۆ ئەکات :

((بەیانییەکیان لە ئەگریدیر بووم بانگیان کردم بۆ بنکەی شارەوانیی .. چووم بۆ ئەوێ ئەبینم وا قائیم مەقام و ، فەرماندەی جەندرمە لەگەڵ ئەندامانی دەستەی شارەوانیی و ، پیاوێکی میزەر بەسەریش لە گرێی چوارەمی تەمەنیدا، کە جبەیەکی لە بەردا بوو، و خاوەنی دیمەنێکی پر لە ویقار بوو وان لەوێ .

فەرماندەی جەندرمە پێمی وت :

ـ کورم ! گوێ بگرە لەسەرت پێویستە ئەم مامۆستایەمان، کە بە (بدیع الزمان) ناسراوە بەریت بۆ بارلا، ئەم فەرمانبەرییەت یەکجار گرنگە کاتێك، کە لەوێ تەسلیمی بە بنکەی پۆلیس ئەکەیت ، با لە سەر نووسراوە رەسمییەکان ئیمزا بکەن ، پاشان هەواڵمان بدەرێ .

---

[١٧٥] سيرة ذاتية : ٢١٦ ـ ٢١٨

وتم : زۆر چاکە گەورەم !
لەگەڵ مامۆستا کەوتمە ڕێ و ، لە ڕێگا پێم وت :
ـ مامۆستا گیان ! تۆ لە جێی باوکمی و ، ئەمــەش فــەرمانبەرییــە و دراوە بەسەرمدا ، هیوادارم لێم زویر نەبیت))
پاشان سەربازەکە وەسفی ئەو گەشتەی بەلەمەکە ئەکات و ئەڵێت :
((دنیا زۆر سارد بوو، چونکە وەرزی زستان بوو، و ئاوی دەریاچەکەش لێرە و لەوێ بەستبووی و ، یەکێك لە سەوڵ لێدەرانی بەلەمەکەش بە داردەستێکی درێژ سەهۆڵی بەردەمی بەلەمەکەی ئەشکاند و ، ڕێی بۆ بەلەمەکە ئەکردەوە
مامۆستا (بدیع الزمان) دەستی بە دابەش‌کردنــی هەنــدێ مێــوژ و هەنــدێ شیرینیی کرد بەسەرماندا من زۆر بە وردیــی ســەرنجیم ئــەدا .. ســەیرم کــرد پیاوێکی یەکجار هێمن بوو، و سەرنجی دەریاچەکە و چیاکانی دەوروبەرمانی ئەدا و لێیان ورد ئەبوویەوە
جا چونکە ڕۆژگار کورت بوو کاتی نوێژی عەسر زوو هاتە بەرەوە .. ویستی بە پێوە نوێژ بکات ، ئێمەش بەلەمەکەمان ڕوو کردە قیبلە گوێم لێی بوو وتی :
ـ الله أکبر !
لە هەموو ژیانمدا تەکبیرەی وەها بەســام و خشــوعم نەبیســتبوو .. هەســتم ئەکرد، کە مووی لاشەمان گرژ بوو .. جم و جووڵ و هەڵس و کەوتی لە هەڵس و کەوتی ئەو مامۆستایانە نەئەچوو، کە ئێمە ناسیبووغان ..
ئەوپەڕی هەوڵمان ئــەدا بەلەمەکــە ڕوو بــە قیبلــە بووەســتێ کاتێــك کــە مامۆستا لە نوێژەکەی بوویەوە ، ئاوری بۆ لامان دایەوە و وتی :
ـ سوپاستان ئەکەم ، براکانم ! ماندووم کردن !!

پیاوێکی خاوەن تەوازوع و رەوشت جوان بـوو .. ئـەوەبوو دوای دوو سـەعات گەیشتینە بەندەری بارلا و ، لەوێ چاوم بـە (برهـان) کـەوت ، کـە چـاودێری بەندەرەکە بوو و بانگم لێکرد : (وەرە کورم !) .. بە پەلە خۆی گەیاندە لامان و، منیش زەمیلە و کەل و پەلەکەی مامۆسـتام دا پێـی و خسـتمانە سـەر پشـتی ولاغ ..

لەو کاتەدا موحەممەدی خاوەنی بەلەمەکە دەستی دایە تفەنگەکەی (محافظ)، بە نیازی ئەوەی، کە باڵندەی (بەشق) راو بکات . بەلاّم (بدیع الزمـان) لـەوە قەدەغەی کرد و وتی :

بەهار نزیکە و ، ئەمە وەرزی هێلکەکردنی ئەم باڵندانەیە ، لەبەر ئـەوە لـەم کاتەدا راوکردن کارێکی چاك نیە ، من وەهای ئەبینم واز لەمە بهێنی .

بەمە لـە تەقـەکردن قەدەغـەی کـرد و ، باڵنـدەکان هـەڵ فـرین و ، بەسـەر سەرمانەوە ئەفرین .

تفەنگەکەم بە شانی چەپم دا هەڵ واسیی و ، دەستی چەپی مامۆستام گرت و ، لەسەر خۆ بە شاخەکەدا سەر کەوتین .

دوای نزیکەی سەعاتێك بەرێوە چوون گەیشتینە بارلا و ، ئەو باڵندانەش کە لە لێواری بەندەرەکەدا هەڵ فرین ، هـەر بەسـەر سـەرمانەوە بـوون و لێمـان جـوێ نەئەبوونەوە

کە چووینە بنکەی پۆلیس، کە نووسا بوو، بە مزگەوتەکەی بارلاوە و ، نـاوی (آق مسجد) بوو ، واتە مزگەوتی سپیی ، دەمەو ئێوارە بوو (بەحریی بابا) ی بەرێوەبەری ناحیە ، هەروەها لێ پرسراوی بنکەکە لەوێ بوون .. (بدیع الزمان) م تەسلیم کردن و ، داواشم کرد نووسراوەکانم بۆ ئیمزا بکـەن ، ئـەوانیش ئیمزایـان

کـرد .. ئـەو شـەوەمان لـەوێ بەسـەر بـرد و ، بـۆ بـەیانیی گەرامـەوە بـۆ (ئەگریدیر))) ..[١٧٦]

بەڵێ ماموٚستا نوورسیی لە ١/ ٣ / ١٩٢٧ دا [١٧٧] گەیشتە بارلا کە سەر بە پارێزگای ئیسپارتەیە و یەکەم شەوی لە بنکـەی پـۆلیس بەسـەر بـرد .. پاشـان خانوویەکی بچکۆلەیان بۆی ئامادە کرد، کە بریتیی بـوو لـە دوو ژوور، و ئـەی روانیی بەسەر لەوەڕگاکانی بارلا و ، باخ و باخاتەکانیـدا، کـە هـەتا دەریاچـەی ئەگریدیری سازگار درێژ ئەبوونەوە و ، سپیی چنارەکەش لـە بـەردەم خانوەکەیـدا بوو ..

دارتاشێك لە تەختە ژوورێکی بچکۆلەی سەرنەگیراوی دروست کرد و خستیانە نێوان لق و پۆپی درەختەکەوە ، ئیتر ئەوە بوو ماموٚستا زۆربەی کاتی لە بەهار و هاویندا ، کە خەریکی خواپەرستیی ئـەبوو ، لـەوێ بەسـەر ئـەبرد و ، زۆربـەی کاتیش هەتا بەرەبەیان خەریکی بیرکردنەوە و سەرنجدان بوو ..

ئیتر دانیشتوانی بارلا نەیانئەزانیی ماموٚستا کەی ئەخەوێت و ، کەیش لە خەو هەڵ ئەسێت ، چونکە هەر کەسێك لە هەر کاتێکی شەودا بەلای ئـەو درەختـەدا تێپەری بکردایە گوێی لە ذیکر و تەسبیحات و خواپەرستیی ماموٚستای خواناس بوو ..

ماموٚستا هەمیشە نەخۆش بوو، و کەمتر دەستی بۆ خواردن درێژ ئەکرد، بەڵکو ئەتوانین بڵێین سەرانسەری تەمەنی بە نیوە برسیی و نیـوە تێـر بەسـەر بـردووە،

---

[١٧٦] سيرة ذاتية : ٢١٨ ـ ٢١٩ ، رجل القدر : ١٢٤ ـ ١٢٦

[١٧٧] ئەمە بە پێی بۆچوونی بەرێز نجم الدين شاهين ار ، بەلاّم سەرچاوەکانی تر رایان وەهایە کە لە زستانی ١٩٢٦ دا گەیشتۆتە بارلا

چونکە لە شەو و رۆژێکی تەواودا تەنها قاپێکی بچووك لە شۆربا و ، چەند پارچە نانێکی ئەخوارد و ، ئەو خواردنەشی لە یەکێك لە دراوسێکانیەوە بۆ ئەهات و ، بە زۆر پارەکەشی ئەدانێ ، چونکە لە سەرانسەری ژیانیدا دروشمێکی هەڵ گرتبوو، کە بەبێ بەرامبەر هیچ شتێك لە هیچ کەسێك وەر نەگرێت ، بەڵکو پشتی بە خوا ئەبەست و ، دەستووری دەست پێوەگرتن و بەرەکەتی بەرچاو گرتبوو، کە ئەوەبوو لەوە و پێش هەندێ لیرەی بە نیازی ئەنجامدانی حەج پاشەکەوت کردبوو ..

کاربەدەستانی دەوڵەت هەمیشە چاویان لەسەر مامۆستا بوو و ، جاسووسیان لەسەر دانابوو ، بۆیە دانیشتوانی شارۆچکەکەش نەیان ئەوێرا لێی نزیك بکەونەوە و، قسەی لەگەڵدا بکەن .. زۆربەی کاتی لە ماڵەوە بەسەر ئەبرد و ، لە وەرزی بەهار و هاوینیشدا ئەچوو بۆ سەر کێوی (چام) ، لەوێ لەسەر لووتکەی چیاکە و لە نێو درەختەکاندا ، کەناری ئەگرت و خەریکی بیرکردنەوە و خواپەرستیی ئەبوو ..[178]

لە رۆژێکی هاویندا مامۆستا وەك جاران بەرەو کێوەکە لە ماڵ دەرچوو .. ئاسمان سایەقە بوو، و خۆریش هەڵات بوو .. هەر ئەوەندە بوو، کە گەیشتە سەر لووتکەی چیاکە ، خێرا هەوری رەش کەوتە ئاسمان و ، وەهای ئەگەیاند کە کاتی تاوە بارانێکی بەخور نزیکە .. هەر وایش بوو ، ئەوەندەی پێ نەچوو ئاسمان دەستی بە گرمە و چەخماخە کرد و ، باران بە خورم ئەهاتە خوارەوە . مامۆستاش لەسەر لووتکەی چیاکە بە تەنیا بوو، و هیچ پەناگایەکیش نەبوو تا خۆی لە ئاوی بارانی بەخورەم لا بدات جگە لەو درەختانەی، کە دادیان نەئەدا و بەس نەبوون، کە نەهێڵن تەر ببێ، دوای ماوەیەك بارانەکە کەم بوویەوە و ، وردە وردە ئەباریی ..

---

[178] سیرة ذاتیة : ٢١٩

ئیتر مامۆستا ئەو کەمییەی بە هەل زانیی و ، بە پەلە گەرایەوە بۆ ماڵ ، بەلاّم لە تەوقە سەریەوە هەتا پەنچەی پێی تەر بوو بوو .. لە رێگاش‌دا پێلاّوەکەی درِرا و، کە گەیشتەوە بارلا تاکی پێلاّوێکی بەدەستیەوە بوو و ، بە گۆرەوییە لە خوریی چنراوە سپییەکانیەوە بەناو قوردا بەرێوە ئەچوو ..

لەویّ ، لە نزیك کانیاوەکەدا کۆمەڵێك لە دانیشتوانی بارلا کۆ بوویوونەوە و قسەیان ئەکرد ، ئەو دیمەنە کاریگەرەیان دیی ..

دیمەنی زانای مەزنی خاوەن سام و هەیبەتی لە ولاّتی خۆی دوورخراوەی .. تاقانە ، کە لەلایەن هەموانەوە دابراوە ، وا پێلاّوە درِاوەکەی بە دەستەوە گرتووە و ، بە گۆرەوییەکانیەوە نیشتۆتە ناو قورەکەوە و ، چەمکی جل و بەرگەکەشی قوراویی بووە .. بیّ دەنگییەکی قورس باڵی بەسەر هەمواندا کێشا و، زۆریەیان دوو سۆز بەسەریاندا زاڵ بوو .. سۆزێك بۆ درێژکردنی دەستی یارمەتیی بۆ مامۆستا و ، سۆزێکیش ترسان لە پیاوانی دەوڵەت، کە هەمیشە چاودێریی مامۆستا ئەکەن، لە ئەنجامدا لەناو هەمواندا تاقە پیاوێك دەرئەپەرێت کە ناوی سولەیمان ئەبیّ و ، خۆی ئەگەیەنێتە لای و ، تاکە پێلاّوەکەی لە دەست وەرئەگرێت و ، لە حەوزەکەدا ئەی شوات ، پاشان ئەکەوێتە گەلی هەتا ئەگەنە ماڵەوە و ، لەگەڵیا سەر ئەکەوێت بۆ ژوورەکەی، بەمە سولەیمان کاروانچیی ئەبێتە یەکەم دۆستی و ، ئەبێتە قوتابیی و ، بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە بارلا خزمەتی ئەکات ، کە بە راستیی نموونەی راستگۆیی، و وەفا، و ئیخلاص ئەبێت و ، لە ساڵی ١٩٦٥ دا کۆچی دوایی ئەکات، رەحمەتی بە لێشاوی خوای بەسەردا بباریێت .[١٧٩]

---

[١٧٩] ذكريات عن سعيد النورسي لأسيد إحسان الصالحي : ٣٢ ، ش / ٢٧٧ ، رجل القدر : ١٦٨ ـ ١٦٩

مامۆستا هەرچیی لە بارلادا لە خزمەتی قورئان سارد ئەبوویەوە و ، ئاوری بە لای قیامەتی خۆیدا ئەدایەوە ، خوای گەورە یەکێك لە ئـەژدیهاکانی سیاسـەتی بەسەریا زاڵ ئەکرد، و یەکێك لە مونافیقەکان ئـەبووە کۆسـپی بـەردەمی ، بـە رادەیەك، کە ئامادەیە هەشتا رووداو لەو جۆرە دەربارەی ئەو هەشت ساڵەی بارلا بگێرێتەوە [١٨٠]

لەو سەردەمەدا ئیمانداران ستەمی زۆریان لێ ئەکرێت ، بە تایبەتیی مامۆستا سزا و ئازاری زۆری ئەدەن ، ئەوەبوو تەپیان کوتایـە سـەر ئـەو مزگەوتـەی، کـە مامۆستا و هەندێ دۆستی خۆیان تەعمیریان کرد بوو ، تا خواپەرستیی تێدا بکەن و ، بانگ و قامەتی عەرەبیی تیایا بە نهێنیی بەجێ بێنن . [١٨١]

مامۆستا سوپاسی خوا ئەکات، کە چەندین جۆری ستەم و ئازاردانی لەلایـەن زاڵمانەوە بەرامبەر کراوە، کەچیی خواوەندی بەسۆز ئەو نارەحەتییانەی گۆریون بۆ فەزڵ و سۆز و بەزەیی :

کاتێك، کە لەسەر کێوی ئەرەك لە ئەشکەوت دا ژیاوە و ، دەستی لە سیاسەت هەڵ گرتووە و ، خۆی لە دنیاگەریی داماڵیوە هەتا خەریکی کاروباری قیامـەتی بێت ، ئەهلی دنیا دێن و بەبێ ئەوەی تاوانێکی دەرهەق بە دەوڵەت ئەنجام دابـێ نەفیی ئەکەن بۆ خۆرئاوای وڵات .

بەڵام خوای بە سۆز و شەفەقەت و دانا ئەو نەفیی کردنە ئەکاتە رەحمەت بـۆی لەو کەنارگیرییەی سەر کێوی ئەرەك رزگاری ئەکات ، بەڵام چیاکانی بارلای ئەمین

---

[١٨٠] اللمعات : ٦٨
[١٨١] سیرة ذاتیة : ٢٢٠

و ئەمانی پێشکەش ئەکات تا بە دڵی خۆی ، بەوپەری ئیخلاصەوە خواپەرستیی بکات و ، بە دڵی خۆی خەریکی سەرنج دانی قورئانی پیرۆز بێت ..

کاتێکیش، کە لە رووسیا دیل بوو، نیازی کردبوو لە کۆتایی تەمەنیدا لە ئەشکەوتێك کەنار بگرێت ، بەڵام خواوەندی بەشەفەقەت لە بارلا ئەو ئاواتەی بۆ هێنایە دیی ، تا لاشەی لاوازی بەرگە بگرێ .

جا هەرچەندە کاربەدەستانی دەوڵەت هەموو نەفیی کراوەکانیان ئازاد کردن و ، تاوانبارانیان لە بەندیخانە کردنە دەرەوە ، بە ستەم مامۆستا نوورسییان ئازاد نەکرد .. بەڵام خوای گەورە ئەوەشی بۆ کردە نیعمەتێکی گەورە هەتا چاکتر بیخاتە خزمەتی قورئانەوە و ، خەریکی نووسینی بەرگی یەکەمی پەیامەکانی نوور بێت، کە بە ناوی (وتەکان ـ الکلمات) بلاوی کردنەوە، لەو شوێنە بێ دەنگەدا هێشتیەوە تا خزمەتی رێك و پێك پێشکەش بکات ..

هەروەها کاربەدەستان رێیان دا نەفیی کراوەکان لە شێخ و سەرۆك عەشرەتەکان لە قەزاکان و شارە گەورەکان دا بمێننەوە و ، ماوەشیان دا خزم و کەس و کاریان سەریان لێ بدەن ، کەچیی مامۆستایان نارد بۆ گوندێکی بچکۆلەی دوور و ، جگە لە یەك دوانێك نەیان ئەهێشت خزمانی و خەڵکی ناوچەی وان سەری لێ بدەن، ئەم لە خەڵك دابرانەش ، بە سۆزی خوا ، بووە مایەی روونیی مێشکی تا بە شتی هیچ و پووچەوە نەپەشۆکێت .

هەروەها نووسینی نامەیەك یان دوو نامەیان لە ماوەی دوو ساڵدا بە لاوە زۆر بوو ، هەتا هاتنی یەك دوو میوان بۆ لای لە ماوەی دە ، یان بیست رۆژ ، یان مانگێکدا پێ ناخۆش بوو، بە مەرجێك ئەوان بۆ پاداشتی قیامەت سەردانیان ئەکرد، خوای گەورە ئەم ستەمەی بۆ گێرا بە رەحمەت ، تا لەو سێ مانگە

پیرۆزەدا سەرگەرمی خوا پەرستییەکی وەها بێت، کە خێری خواپەرستیی نەوەد ساڵی پێشکەش بکات، سوپاس بۆ خوا [١٨٢]

لێرەدا مامۆستا خۆی باسێکی ئەو کاتەی ئەکات و ئەڵێت :

« کاتێك، کە لە شوێنی دوورخرانەوەکەمدا بووم ، لەو دیلییە پڕ ئازارەدا ، لەسەر لووتکەی چیای « چام » کە بەسەر لەوەڕگاکانی « بارلا » دا ئەڕوانیی ، بە تاقی تەنیا و دوور لە خەڵکیی ئەژیام .. ئا لەو گۆشەگیرییەمدا بۆ نوورێك ئەگەڕام، ئەوەبوو شەوێکیان ، لەو ژوورە بچکۆلە سەرنەگیراوەدا، کە لەسەر درەختێکی سنۆبەری بڵندی سەر لووتکەی ئەو بەرزاییە دروست کرابوو ، پیریی هەستی چەندین غەریبیی هەمە ڕەنگ و جۆرا و جۆر و تێکەڵ و پێکەڵم ئەخاتە دڵەوە ـ هەروەك لە مەکتووبی شەشەم دا بە ڕوونیی باس کراوە ـ ئەوەبوو لە کش و ماتیی ئەو شەوەدا، کە هیچ دەنگێك ـ جگە لە زایەڵەی خەمباری خشەی گەڵای دارەکان ـ نەدەبیسترا ، هەستم کرد، کە ئەو زایەڵە پڕ ئازارە کرۆکی هەست و سۆزمی پێکاوە و ، لە ناخی پیریی و غەریبییشمی داوە ، بۆیە پیریی بۆ ئاگادارکردنەوەم چپاندنی بە گوێمدا :

وا ڕۆژی ڕووناك گۆڕرا بەم قەبرە تاریکە و ، دنیاش کەفەنی ڕەشی خۆی پۆشیی، هەروەها ڕۆژی تەمەنت ئەگۆڕێ بە شەو و ، ڕۆژی دنیاش ئەگۆڕێ بە شەوی بەرزەخ و ، ڕۆژی هاوینی ژیانیش ئەگۆڕێ بە شەوی زستانی مردن .

ئەوەبوو نەفسم بە ئازارەوە وەڵامی دایەوە :

بەڵێ ، هەروەك من لێرەدا ئاوارەم و لە شار و نیشتمانم دوورەوە خراوم ، ئەوا لێك دابرانم لەو خۆشەویستە زۆرانەی درێژایی تەمەنم، کە خۆی لە پەنجا ساڵ

[١٨٢] المکتوبات : ٥٦ ـ ٥٧

ئەدات و ، جگە لە فرمێسك هەڵرشتنیش بە دوایانـا هیچـی تـرم لێ نایـەت ، ئاوارەییەکە بۆم، کە لە ئاوارەیی نیشتمانم بەلاوە زیاترە .. بە راستیی مـن لـەم شەوەدا هەست بە غەریبییەکی زیاتر خەماویی و پڕ لە ئازار ئەکەم ، لە غەریبیی سەر ئەم چیایەم، کە غەریبیی و خەم و خەفەت دەرئەبڕێ .. جا پیرییەکەم لـەوە ئاگادارم ئەکاتەوە، کە وادەی لێك دابرانی یەکجارەکییم لەم دنیایە و لە هەرچیی وا تێیدا نزیك بۆتەوە ، بۆیە لە نێو ئەم غەریبییەدا کە بە خەم داپۆشراوە و ، لە نێو ئەم خەمەش‌دا کە ئاوێتەی ئازارە ، دەستم دایە گەران بە دوای نوورێـك و ، شۆڵەی هیوایەك و ، دەرگای ئومێدێك‌دا .. ئەوەبوو خێرا « ئیمان بە خوا » بـە فریامەوە هات و ، پشـتی گـرتم و ، دڵکرانـەوە و هاودەنگییـەکی مـەزنی پـێ بەخشییم، کە ئەگەر ئێش و ئازار و تەنیاییەکەم چەندجار چـەندجارە ببوایەتـەوە ئەوا ئەو هاودەنگییە بۆ لە ناوبردنی بەس بوو ..

بەڵێ ، ئەی خوشك و برا پیرەکانم ! مادەم بەدیهێنەرێکی بەسـۆزمان هەیـە ، کەواتە هەرگیز ئێمە غەریبیی ناچێژین و ، مادەم خوای پاك و بێ گەردمان هەیە، کەواتە هەموو شتێکمان هەیە و ، مادەم ئەومان هەیە و مەلائیتەکانیشی هەن ، کەواتە ئەم دنیایە لە هاودەنگ و خاوەن هەستەکان چۆڵ نیە و ، ئەم چیا چـۆڵ و بیابانـە خاڵییانـەش هەرهـەمویان ئـاوەدانن و ، پـڕن لـە بەنـدەی خـوا .. لـە مەلائیکەتە بەڕێزەکان ..

بەڵێ ، نووری ئیمان بە خوای پاك و بێ گەرد و ، روانینە گەردوون لەبەر خوا، درەختەکان ، بگرە هەتا بەردەکانیش وایان لێ دێ، کە وەك دۆستی هاودەم بێنە پێش چاو ، ئیتر با بەندە خاوەن هەستەکانی خوا لەولاوە بووەسـتن، چـونکە ئـەو

دروست کەرانە ئەتوانن ـ بە زمانی حاڵ ـ بۆ دڵدانەوە و بێ تاقەتیی دەرکردنمان لەگەڵما بدوێن ..» [١٨٣]

هەروەها ئەڵێت :

« لە کاتێك دا، کە لە بەخشداریی (بارلا) ی سەر بە پارێزگای (ئیسپارتە) بە تەنیا و بێ یارمەتیدەر ئەژیام ، تاڵاوی دیلیی پڕ ئێش و ژانم ئەچەشت، کە پێی ئەوتری دوورخستنەوە (نفي) و ، تێکەڵیی خەڵکیشم لێ قەدەغە کرابوو، بگرە هەتا نامە گۆڕینەوەش لەگەڵ هەرکەس‌دا بێت ، سەرەرای نەخۆشیی و پیریی و غەریبییش .. کاتێك، کە لەم حاڵەتەدا ئەتلامەوە و ، خەم و خەفەتی تاڵم ئەچەشت، ئەبینم وا نوورێکی دڵ دەرەوە ، لە نهێنییە ناسکەکانی قورئانی پیرۆزەوە، و لە نوکتە وردەکانیەوە ئەدرەوشێتەوە .. وا خوای حەق و پاك و بێ گەرد بە سۆز و رەحمەتی تەواو و فراوانی خۆی پێمی ئەبەخشێ ... ئیتر منیش بەو نوورە ئەوپەری هەوڵم ئەدا تا ئەو حاڵەتە پڕ ئێش و ژان و خەفەتاوییە، کە تیایدا بووم لە بیری خۆمی بەرمەوە ، هەتا توانییم شارەکەم و خۆشەویستەکانم و خزمەکانیشم لە بیری خۆم بەرمەوە .. بەلام ـ ئای داخی بە جەرگم ـ بە هیچ شێوەیەك نەمتوانی یەکێکیان لە بیری خۆم بەرمەوە، کە ئەویش برازاکەم ، بگرە کورە مەعنەوییەکەم و ، قوتابییە دڵسۆز و دۆستە ئازاکەم ، (عبد الرحمن) بوو، خوای گەورە رەحمەت بارانی بکات، کە نزیکەی حەوت ساڵ ئەبوو لێم دابرابوو ، ئیتر نە من لە حاڵی ئەو ئاگادار بووم تا نامەی بۆ بنێرم و لەگەڵیا وت و وێژ بکەم، و پێکەوە هاوبەشی ئێش و ئازار بین و ، نە ئەویش شوێنی منی ئەزانی هەتا هەوڵی خزمەت کردن و دڵدانەوەم بدات .. بەڵێ ، من پێویستییەکی زۆرم

---

[١٨٣] اللمعات : ٣٤٩ ـ ٣٥٠

هەبوو ـ بە تايبەت لەم پيرييەمدا ـ بـە كەسـێكی وەك (عبـد الـرحمن) ، ئـەو فيداكارە راستگۆيە .. ئەوەبوو رۆژێكيان لە ناكاودا نامەيەكيان دايە دەستم ، كە هەڵم پچری بۆم دەركەوت كە ئەم نامەيە كەسێتيی (عبد الرحمن) بە تەواوەتيی دەرئەخات، بەشـێكی ئـەو نامەيـە لەگـەڵ بابەتـەكانی مـەكتووبی بيســت و حـەوتـەمدا [١٨٤] بلاّو كراوەتەوە و ئاشكرا سێ كەرامەتی تيا دەركەوتوون .. ئەو نامەيە زۆری گرياندم و تا ئێستاش هەر ئەمگريێنێ ، چـونكە (عبـد الـرحمن) بەوپەری راستگۆيی و لێبرانەوە لە نامەكەدا دەری خستبوو، كە بە تەواويی پشتی لە چێژ و لەزەتە دنياييەكان هەڵ كردووە و ، ئەوپەری ئاواتيشی ئەوەيە بگاتە لام و لەم پيرييەدا سەروكاريیم بكات ، هەروەك من ئەوم لە منداڵييـدا سـەروكاريی ئەكرد و ، بە قەڵەمە كارامەكەشی لە فەرمانبەريی و ئەركی راسـتەقينەی ئـەم دنيامدا، كە بلاّوكردنەوەی نهێنييەكانی قورئانی پيرۆزە، يارمەتييم بدات .. هەتا لە نامەكەيدا نووسيی بووی : نزيكەی سيی پەيامم بۆ بنێرە تا بە خۆم و كەسانی تريشەوە لە هەر يەكەيان سيی نوسخە بنووسينەوە

ئەم نامەيە بە هيوايەكی بەهێزی توندەوە بەستمی بە دنياوە ، ئەوەبوو لە دڵی خۆمدا وتم : ئەوەتا قوتابيی دڵسۆز و ئازا و ، خاوەنی زيرەكيی لە عادەت بـەدەر و، خاوەنی وەفای بێ گەرد و ، پەيوەنديی وەها پتەوم دۆزييەوە ، كە لـە وەفـا و پەيوەنديی كوری راسـتەقينە بـە باوكيـەوە زيـاتر بـن و ، بـە كۆمـەكيی خـوا سەروكاريی و خزمەتم دەكات ، بگرە هەتا بەم هيوايە ديلييە پر ئێش و ژانەكەم و

[١٨٤] واتە كتێبی (الملاحق في فقه دعوة النور) بەرگی حەوتەمی سەرجەمی پەيامـەكانی نـوور، نامەكـەی (عبدالرحمن) لە ل ٢٩ ـ ٣١ دا بلاّوكراوەتەوە .. وەرگێڕ .

نەبوونی یارمەتیی دەرم لە بیر چوونەوە ، بگرە هەتا غەریبیی و پیرییشم لە بیر چوونەوە !

ئەم نامەیە ئیمانێکی یەکجار بەهێز و درەوشاوەی لێ ئەباریی ، هەروەك عەبدوررەحمان کاتێك نووسیبێتی، کە چاوەروانی ئەجەلی خۆی بوویێ .. ئەوەبوو توانیبووی نوسخەیەکی چاپ کراوی وتەی دەهەم دەست خۆی بخات ، کە بە چاپم گەیاندبوو و باسی ئیمان بە قیامەت ئەکات .. ئەو پەیامە بوو بووە مەلهەمێکی شیفابەخش تا هەموو ئەو زامە مەعنەوییانە سارێژ بکات، کە حەوت ساڵی رەبەق گیرۆدەی دەستیان بوو بوو .

پاش تێپەربوونی نزیکەی دوو مانگ کە من لەو هیوایەدا ئەژیام و، چاوەروانی نامەیەکی تری بووم ، تا پێکەوە ژیانێکی دنیایی بەختەوەر بەرینە سەر، لە پرێك دا هەواڵی مردنیم بۆ هات .. ئای بە داخەوە .. ئای داخی بە جەرگم .. ئەم هەواڵە یەکجار توند رای تەکاندم بە رادەیەك، کە ئەمە پێنج ساڵە هێشتا کاریگەریی لەسەرم ماوە و ، خەفەتێکی زۆر و ، ئێش و ئازارێکی سەختی بۆ ئەو لێك دابرانە پر ئێش و ژانەی بۆ بەجێ هێشتم ، کە لە ئازاری دیلیی و ژان و ئازاری تەنیایی و غەریبیی و بێ کەسیی و ، ئازاری پیریی و نەخۆشیی، کە پێیانەوە ئەتلامەوە زیاتر بوو ..

جاران ئەم وت : بە مردنی دایکم نیوەی دنیا تایبەتییەکەم رووخا ، کەچیی وا بە مردنی عەبدوررەحمان نیوەکەی تریشی رووخا .. ئیتر کەواتە هیچ پەیوەندییەکم بە دنیاوە نەما .. بەڵێ ، ئەگەر عەبدوررەحمان لە دنیادا لەگەڵم دا بمابایەوە ، ئەوا ئەبووە تەوەرەیەك بۆ ئەنجام دانی فەرمانبەرییە قیامەتییەکەم لە دنیادا و، ئەبووە جێنشینێکی چاك بۆم و دوای خۆم جێی ئەگرتمەوە و ، ئەبووە دۆستێکی بەوەفا ، بگرە مایەی دڵ دانەوە و ئەبووە هاودەمم و ، ئەبوو زیرەکترین قوتابیی

پەیامەکانی نوور و ، ئەبووە ئەمین و دڵسۆز و پارێزگاریش بۆمان .. جا بە ڕاستیی تیاچوونێکی ئاوەها ـ بە حیسابی مرۆڤایەتیی ـ بۆ یەکێك وەك من تیاچوونێکی جەرگ سووتێن و پڕ ئێش و ئازارە .. جا لەگەڵ ئەوەش دا، کە چەندە لە توانام دا بوو، هەوڵم ئەدا تا ئارامم هەبێ و بەرگەی ئەو ئازارانە بگرم، کە پێیانەوە ئەتلامەوە ، کەچیی ڕەشەبایەکی یەکجار بەهێز خەریك بوو، هەموو گۆشەیەکی ڕۆحمی وێران ئەکرد . جا ئەگەر ئەو دڵ دانەوەیە نەبوایە کە لە نووری قورئانی پیرۆزەوە هەڵ ئەقوڵا و جار و بار فەیض و بەرەکەتی بەسەرمدا ئەباریی، ئەوا لە توانای کەسێکی وەك من دا نەبوو بەرگە بگرێ و دامەزراو بێت ..

هەر بەم خەفەت و ئێش و ئازارە خەمبارانەوە ، بە تاقی تەنیا بۆ چەم و دۆڵەکانی (بارلا) دەرئەچووم و ، بە چیاکانیدا هەڵ ئەگەرام و ، لە شوێنی چۆڵ و کەناردا دائەنیشتم و ، تابلۆکانی ژیانی پڕ بەختەوەریی و دیمەنە ناسکەکانی ، لەگەڵ قوتابییەکانم دا ـ وێنەی عەبدوررەحمان ـ بە سەرم بردبوون ، وەك فیلمی سینەما بە بەرچاومدا تێ ئەپەڕین جا هەرچیی ئەو تابلۆیانە بە ئەندێشەمدا ئەهاتن ، ئەوا هێزی بەرگرییمیان نەئەهێشت و ، دەست و پەلیان ئەشکاند ، سەرەڕای ئەو هەست ناسکیی و زوو کارتێکردنەی، کە هەڵقوڵاوی پیریی و غەریبیی بوون و تووشم بوو بوون .

بەڵام ئەوەبوو لە پڕێك دا نهێنیی ئایەتی پیرۆز : ﴿ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ (القصص : ٨٨) بە جوانیی لێمەوە دەرکەوت و هانی دام تا (یا باقي أنت الباقي ، یا باقي أنت الباقي) دووبارە بکەمەوە و ، بەمەیش دڵدانەوەی ڕاستەقینەم دەست کەوت ..

بەڵێ ! بە نهێنیی ئەم ئایەتە پیرۆزە و ، لە نێو ئەو چەم و دۆڵە چۆڵانەدا و ، لەگەڵ ئەو حاڵەتە پڕ ئێش و ژانەدا ، نەفسی خۆمم وەها هاتە پێش چاو، کە

بەسەر سەری سێ تەرمی گەورەوە بێت ، وەك لە پەيامی (پليكانەی سوننەت) دا ئاماژەم بۆ كردووە :

يەكەم : خۆمم بە كێلی قەبرێك هاتە پێش چاو، كە پەنجا و پێنج سەعيدی تێدا بوون و ، هەر لە ژيانی خۆم دا و بە درێژايی تەمەنم، كە پەنجا و پێنج ساڵ ئەبوو مردبوون و نێژرابوون .

دووهەم : خۆمم وەك گيان دارێكی زۆر بچووك ـ وەك مێرووله ـ ئەهاتە پێش چاو كە لەم چەرخەدا بژيی ، كە كێلی قەبری ئەو تەرمە گەورەيەيە، كە هی تێكرای ئادەمييەكانە ، ئەوانەی لە سەردەمی ئادەمەوە ـ سەلامی لێبێ ـ هەتا ئێستا لە قەبری رابوردوودا نێژراون ..

بەلاّم سێهەم : بە نهێنيی ئەم ئايەتە پيرۆزە ، هەروەك هەموو ساڵێك لەسەر رووی ئەم دنيايەدا دنيايەكی گەرۆك ئەمرێ ، ئەويش بە شێوەی مردنی مرۆڤ ، ئەوا مردنی ئەم دنيا گەورەيەش بە بەرجەستەيی بە ئەندێشەمدا هات . بەم شێوەيە مانای ئيشاريی ئايەتی پيرۆز : ﴿ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴾ (التوبة : ١٢٩) فريام كەوت و ، بە نوورێكيش، كە ناكوژێتەوە كۆمەكيی كردم ، ئيتر ئەوەبوو ئەو خەمبارييەی لە ناو برد، كە بە هۆی مردنی (عبد الرحمن) ە وە پێوەی ئەتلامەوە و ، سەرەخۆشيی و دڵدانەوەی راستەقينەشی پێشكەش كردم .

بەڵێ ، ئەم ئايەتە پيرۆزە فێری كردم، كە مادەم خوای پاك و بێ گەرد و بالأدەست هەيە ئەوا ئەو لە بريی هەموو شتێكە و ، مادەم باقييشە ئەوا بەندەكەی ئەوی بەسە ، چونكە تاقە درەوشانەوەيەكی نووری فراوان و گشت گيريشی ژيانێكی مەعنەوەيی، بەلاّم چۆن ژيانێك ، بەو سێ تەرمە ئەبەخشێ ، بە شێوەيەك، كە دەری بخات ئەمانە تەرم نين ، بەڵكو ئەوانەن، كە كاری سەرشان و

فەرمانبەریی ئەم سەر زەمینەیان تەواو کردووە و ، کۆچیان بۆ جیهانێکی تر کردووە

جا لەبەر ئەوەی، کە ئەم نهێنیی و حیکمەتەمان لە (لەمعەی سێهەم) دا روون کردۆتەوە ، وای ئەبینم لێرەدا پێویست بە روون کردنەوەی زیاتر ناکات، بەلاّم ئەوەندە هەیە ئەڵێم :

ئەوەی کە لەو حاڵەتە خەمبارە بە ئێش و ژانە رزگاری کردم دوو جار وتنەوەی (يا باقي أنت الباقي ، يا باقي أنت الباقي) م بوو کە مانای ئایەتی پیرۆز: ﴿ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ ﴾ ئەگەیەنێ و ، روون کردنەوەی ئەوەش بەم شێوە:

کاتێك کە بۆ یەکەم جار وتم : (يا باقي أنت الباقي) ، یەکسەر بە وێنەی نەشتەرگەرییەکان دەستی بە دەرمان کردن و چارەسەریی ئەو زامە مەعنەوییە لە ژمارە نەهاتووانە کرد کە لە ئەنجامی تیاچوونی دنیا و تیاچوونی ئەو خۆشەویستانەوە، کە تیایا بوون ـ وێنەی عەبدورڕەحمان ـ پەیدا بووبوون و ، لە ئەنجامی کرانەوەی گرێی ئەو پەیوەندییانەی، کە لە گەڵیانا پەیوەست بووم پەیدا بوو بوون .

بەلاّم بۆ جاری دووهەم رستەی (يا باقي أنت الباقي) بووە مەڵهەمێك بۆ ئەو هەمووە زامە مەعنەوییانە .. بووە دەرمانێکی شیفابەخش بۆیان، ئەمەش بە تێ رامان لەم مانایە :

کێ ئەروات با بروات ، چونکە خۆت باقییت و ، خۆشت بەسیت .. جا مادەم تۆ باقییت ئەوا درەوشانەوەیەك لە درەوشانەوەکانی سۆز و رەحمەتت بۆ هەموو شتێکی تیاچوو بەسە و .. مادەم تۆ هەیت ئەوا هەر کەسێك بە هۆی ئیمان هێنانەوە بە بوونت لە مانای ئەو تێ بگات کە لە پەنای تۆدایە و ، بە پێی ئەو لە پەنابوونەش دا ، ئەویش بە نهێنیی ئیسلام ، هەڵس و کەوت بکات ، ئەوا ئەو

کەسە هەموو شتێکی هەیە، کەواتە فەنا و تیاچوون ، هەروەها مــردن و عــەدەم پەردەی نوێکردنەوەن و ، هۆن بۆ هات و چۆکردن و گەران بە جۆرەها مەنزڵی جیا جیادا .. تا ئەوەبوو بەم بیرکردنەوەیە ئەو حاڵەتە رۆحییە جەرگ ســووتێنەرە پــر خەفەتە و ، ئەو حاڵەتە تاریکە سامناکە گۆران بۆ حاڵــەتێکی شــادمانی دڵارا و بەلەزەت و ، بۆ حاڵەتێکی نوورانیی خۆشەویست و دڵ کەرەوە، ئیتر زمان و دڵم، بگرە هەموو زەررەیەکی جەستەم بــە زمــانی حــاڵ (الحمــد الله) یــان دوویــارە ئەکردەوە [185]

---

[185] اللمعات : ٣٧٣ ـ ٣٧٧

دووهەم : نووسینی پەیامەکانی نوور

ماوەیەك بوو، مامۆستا سەردەمی سەعیدی کۆنی واز لیّ هێنابوو، و بە پێی بۆچوونی سەعیدی نویّ کاری ئەکرد و ، خزمەتی قورئانی ئەکرد جا، کە گەیشتە بارلا ، لەو شوێنە کش و ماتەدا دەستی دایە سەرنجدان و بیرکردنەوە لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان ، تا نوور و بەرەکەتیان لیّ هەڵ بگۆزیّ و ، بیان‌کاتە دەرمانی دەردی دڵی خۆیشی و دڵی هەموو موسڵمانێك تا ئاخر زەمان ..

ئەوەبوو لە بارلا پەیامی حەشری نووسیی ..

ڕۆژێکیان مامۆستا لەسەر لێواری هێمن و جوانی دەریاچەی ئەگریدیر بەڕێوە ئەچوو و ، لە ئاوە شینەکەی و ، لە قەدپاڵی سەوز و جوانی چیاکانی دەوروبەری دەریاچەکە ورد ئەبوویەوە و ، بیری لە مەسەلەی زیندووبوونەوە دوای مردن و ، ڕۆژی قیامەت و پاداشتی پاشەرۆژ ئەکردەوە، کە دەستە و تاقمە مولحیدەکان بە شتێکی نەسەلماو و پڕوپووچی لە قەڵەم ئەدەن، کە هیچ زانست و دەلیلێکی عەقلیی پشتی ناگرن، مامۆستا دڵی هاتە جۆش و نزیکەی چل جار ئایەتی پیرۆزی : ﴿ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ كَيْفَ يُحْيِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ۝٥٠ ﴾ (الروم : ٥٠) ی دووبارە کردەوە و ، لە لێواری دەریاچەکە ، بە دڵێکی گەرمەوە هات و چۆی ئەکرد ، هەتا ئەوەبوو دڵ و دەروونی لە مانای ئایەتەکە پڕ بوون و ، فەرمانی دا یەکێك لە قوتابییەکانی ئەو نوور و بەرەکەتە بنووسێت، کە بە دڵیا دێت و ، سەرەنجام پەیامی حەشری لیّ دەرچوو .

کە پەیامی حەشری نووسیی ، بەرەکەت کەوتە کاریەوە و ، لە بارلا (وتەکان)ی هەر هەموو لە وتەی یەکەمەوە هەتا سیی و سێهەم و ، مەکتووبات هەر هەموو لە مەکتووبی(١) یەکەمەوە هەتا(٣٣) سیی و سێهەم و بەشی زۆری

بريسكەكانيشی نووسيی و ، پاشماوەی بريسكەكانی لە ئيسپارتە لە ماوەی هەشت مانگدا تەواو كرد ..[١٨٦]

ئەوەی زۆر پێويستە، كە ئازيزان لە يادیان نەچێت ئەوەيە پەيامی حەشر يا وەك پەيامە زانستييەكان تەماشا نەكرێت ، چونكە مامۆستا نوورسيی، كە خۆی نووسيويەتی پەنجا جاری خوێندۆتەوە ! چونكە وەك رۆژانە پێويستمان بە نان و ئاو هەيە ، هەموو كاتێكيش پێويستمان بەو زانستە ئيمانييانە هەيە، كە لەم پەيامەدان [١٨٧]

دەربارەی چۆنيەتيی نووسينی پەيامەكانی نوور مامۆستا لە (الشعاعات : ٥٤٢) دا ئەڵێت :

((قەدەر بە نەفيی كردن لە شارێكەوە بردمی بۆ شارێكی تر .. لەم كاتەدا لە كرۆكی دڵمەوە چەند مانايەكی مەزن پەيدا بوون كە لە بەرەكەتی قورئانی پيرۆز هەڵ قوڵابوون منيش بەو كەسانەی كە لە دەوروبەرمدا بوون نووسينمەوە ، كە ئەو پەيامانە بوون، كە ناوی (پەيامەكانی نوور) يان لێ نرا .. بە راستيی لە نووری قورئانی پيرۆز هەڵ قوڵاون ، لەبەر ئەمە ئەم ناوە لە كرۆكی دڵمەوە هەڵ قوڵا .. جا من لە قەناعەتێكی تەواو و ، يەقينێكی براوەدام، كە ئەم پەيامانە لە بير و بۆچوونی من وەرنەگيراون ، بەڵكو ئيلهامێكی خواييە، كە خوای پاك و بێ گەرد لە نووری قورئانی پيرۆزەوە رژاندوويەتی بەسەر دڵمدا و ، فەر و پيرۆزييشيان پێشكەش بە هەر كەسێك كردووە، كە ئەيان‌نووسێتەوە ، چونكە من لام يەقينە،

---

[١٨٦] سيرة ذاتية : ٢٣٤

[١٨٧] سيرة ذاتية : ٢٣٥

که جگه بەم رێگایە ناتوانرێ پارێزگاریی لە ئیمانی کەسانی تر بکرێت، کەواتـە نابێت ئەو فەیز و بەرەکەتانە لەوانە قەدەغە بکرێت، کە بۆیان موحتاجن .

بەم شێوە دەستە ئەمینەکان بە نووسینەوە و بلاَوکردنەوە قۆستنیانەوە و ، لایان یەقین بوو، کە ئەمە رام هێنانێکی پەروەردگاریی و ، پالَ پێوەنانێکی خواییە بـۆ پاراستنی ئیمانی موسلْمانان و ، هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو رامکردنە و پالَ پێوەنانە خواییە قەدەغە بکات، ئیتر هەستم بە پێویستیی هەلّنانی هەرکەسێك کرد، کە لەم رێبازەدا کار بکات ، ئەمەش بۆ بەجێهێنانی ئەوەی، کـە دینەکـەم فـەرمانم بەسەردا ئەدات)) .

هەروەها بۆ هۆی ناونانیان ئەلْێت :

((هۆی ناونانی کۆمەلّەی وتەکان (کە سیی و سێ وتـەن) و ، مـەکتووبات (کە سیی و سێ مەکتووبن) و ، بریسکەکان (کە سیی و یەك بریســکەن) و ، تیشکەکان (کە سیانزە تیشکن) بە (پەیامەکانی نوور) ئەمەیە :

وشەی (نوور) بە درێژایی تەمەنم لە هەموو شوێنێکدا هاتۆتە بەردەمم وەك :

گوندەکەم ناوی : نوورسە و ..

دایکی خوا لێ خۆشبووشم ناوی : نووریەیە و ..

مامۆستای تەریقەتی نەقشبەندییشم : سەیید نوور موحەممەدە و ..

مامۆستای تەریقەتی قادرییشم : نوورەددینە و ..

مامۆستای قورئانیشم : نووریيە و .....

زۆربەی ئەو قوتابیانەشم، کە لەلام ئەمێننەوە ناویان نوورە و ..

زۆربەی ئەوەش، کە کتێبـەکانم روون ئەکاتـەوە و نوورانییـان ئـەکات نموونـە هێنانەوەی نووریيە و ..

یەکەم ئایەتی پیرۆزیش، کە بۆ مێشکم و دڵم بریسکایەوە و ، بیرمی پێوە سەرقاڵ بوو ئایەتی : ﴿ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَٰلَ لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾ ﴾ (النور : ٣٥) و ..

ئەمەش کە زیاتر گرفتەکانی ، بۆ زانینی حەقیقەتە ئیمانییەکان حەل کردووە، بریتییە لە ناوی پیرۆزی (النور) ی ناوە جوانەکانی خوای گەورە و ..

بە بۆنەی تاسەمەندیی زۆریشمەوە بۆ قورئان و ، یەک لایی کردنەوەی خزمەتم لە پێناویدا ، ئەوا ئیمامی تایبەتم سەردارمان عوثمانی کوری عەففانە خوا لێی رازیی بێت .[188]

مامۆستا هەست بە سێ کەرامەتی قورئانیی لە وتەکاندا ئەکات و ، قوتابیەکانیش بە هیممەت و هەوڵ و کۆششی بێ وچانیان کەرامەتێکی تر ئەخەنە پێش چاوان ، کە ئەمانەن :

یەکەم : پەیامەکان بە خێرایی و بە ئاسانیی ئەنووسران ، هەتا موعجیزاتی ئەحمەدیی لە ماوەی سێ رۆژدا و ، رۆژانە نزیکەی چوار سەعات لە نێو شاخ و باخ و باخاتەکاندا و بەبێ سەرچاوە ، نووسراوە

[188] الملاحق ـ ملحق بارلا : ٧١

پەيامی (من) کە بريتييە لە وتەی سيهەم مامۆستا نەخۆش بووە، و لە ماوەی پێنج يان شەش سەعاتدا نووسراوە

وتەی بيست و هەشتەم ، کە پەيامی بەهەشتە ، لە باخچەکەی سولەيماندا لە ماوەی سەعاتێك يان دوو سەعاتدا نووسراوە ، بە رادەيەك کە قوتابييەکان سەريان سور ئەمێنیٚ ..

دووهەم : ئاسان ئەنووسرانەوە و ، ئەو کەسەش هەستی بە خۆشيی و تاسەمەنديی ئەکرد و ، بە هێچ شێوەيەك بێزار نەئەبوو ..

سێهەم : ئاسان ئەخوێنرێنەوە و ، هەتا زياتريش دووبارە بکرێتەوە زياتر تاسەمەنديیان ئەکرێت .

کەرامەتی چوارەميش بريتييە لەوەی، کە خوسرەوی قوتابيی لە ماوەی مانگێكدا چواردە کتێب بە جوانيی و رێك و پێکيی ئەنووسێتەوە، کە يەکێکيان پەيامی پەنجەرەکان ئەبێت .[189]

مامۆستا زۆر بە رێزەوە سەيری پەيامەکانی نوور ئەکات، و ئەيشی دا بە گوێی هەمواندا، کە پەيامەکان مولکی ئەو نين ، بەڵکو مولکی قورئانن ، لەبەر ئەوە بە ئاشکرا دەری ئەبرێت، کە پەيامەکان چەند نمەيەکی سيفەتە بەرزەکانی قورئانی پيرۆزيان دەستگير بووە، جا پەيامەکان ئەشوبهێنیٚ بە هێشووە ترێ بەلەزەتەکان و ، خۆيشی بە قەدە رەق و تەقەکانی ئەو رەزانە[190]

[189] سيرة ذاتية : ٢٣٦ ـ ٢٣٧

[190] المكتوبات : ٤٧٦

هەروەها بەوپەری تەوازوعەوە دەری ئەبڕێت، کە ئەم نەی توانیوە حەقیقەتەکانی قورئان جوان بکات ، بگرە نەشیتوانیوە جوانییان دەر بخات ، بەڵام حەقیقەتە جوانەکانی قورئان توانیویانە رستەکانی پەیامەکان جوان بکەن .[١٩١]

یەکێك لە سیفەتە ناوازەکانی پەیامەکانی نوور، کە بە هیچ نووسراوێکی تر نەدرابێت ئەوەیە، کە هەموو حەقیقەتە ئیمانیی و قورئانییە گرنگەکانیان بە شێوەیەکی گەشاوە و گومانبر سەلماندووە، کە ئەمەش ئاماژەیەکی غەیبیی یەکجار بەهێز و ، چاودێرییەکی خواییە .

بۆ نموونە پیاوێکی زۆر بلیمەتی وەك ئیبن سینا دانی بە دەستەوسانیی خۆیدا ناوە بۆ تێ گەیشتن لە هەندێ حەقیقەتی ئیمانیی و قورئانیی ، وەك مەسەلەی حەشر ، کە دەری بریوە بە پێوەری عەقڵیی ناسەلمێ ، بەڵکو پێویستە بە شێوەی مەسەلەیەکی نەقڵیی بروای پێ بهێنرێ ، کەچیی پەیامی حەشر ، کە وتەی دەهەمە ، زۆر بە ئاسانیی منداڵ و عامەی خەڵك لەو حەقیقەتانە ئاگادار ئەکات ..

هەروەها مەسەلەکانی قەدەر و جوزئی ئیختیاریی، کە کەڵەزانای بەناوبانگ سەعدی تەفتازانیی بە پەنجا لاپەرە توانیویەتی بۆ زانا پایە بەرزەکانی روون بکاتەوە ، کەچیی پەیامەکانی نوور ، لە وتەی بیست و شەشەم و باسی دووهەمدا، لە دوو لاپەرەدا توانیویانە ئەو باسە بۆ عامەی خەڵکیش روون بکەنەوە

هەروەها مەسەلەی زۆری تر هەن، کە بەو شێوە روونە تەنها لە پەیامەکانی نووردا سەلمێنراون ، ئەمەش ئەوە دەر ئەخات، کە ئەم پەیامانە نووسینیان لە توانای مامۆستا نوورسییدا نیە، بەڵکو لە بەرەکەتی قورئان هەڵ گۆزراون .[١٩٢]

---

[١٩١] المكتوبات : ٤٧٧

سیفەتێکی تری پەیامەکان بریتییە لە ئاسان نووسینیان ، چونکە مامۆستا کاتی کەم بووە بۆ ورد بینیی و لێکۆڵینەوە ، لە کاتێکدا کە ئەو نووسینانە بە چەندین، کەڵەزانای لێهاتوو نەئەنووسران، دیارە ئەمەش چاودێرییەکی خواییە و، زۆربەی حەقیقەتەکان بە نموونە هێنانەوە ئەتوانن عامەی خەڵك تێ بگەیەنن .

هەتا بۆ پاكنووس و پیاچوونەوە هەستیان بە چاودێریی خوایی ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا چ مامۆستا و چ ئەو قوتابیانەی، کە یارمەتییان ئەدا هەستیان بە ئاسانیی ژیان و گوزەرانیان ئەکرد و ، هەستیان بە کۆمەکیی خوا ئەکرد، کە لەو خزمەتە نایابەدا بە کاری ئەهێنان، مامۆستاش سوپاسی خوای ئەکرد و ، ئەوەی بە فەزڵ و بەخشایشی پەروەردگاری لە قەڵەم ئەدا [193]

سیفەتێکی تریشیان بریتییە لەوەی، کە لە فەیلەسووفێکەوە بیگرە هەتا عەوامێك هیچ کەس رەخنەی لە پەیامەکان نەگرتووە ، ئەگەرچیی نوسخەی زۆریان لێ بلاو بۆتەوە و ، دەست خەڵکێکی زۆریش کەوتوون، و خەڵکێکی زۆریش کەڵکی لێیان وەرگرتووە و ، بەشێکیش لەو خەڵکە شەق و زللەیان خواردووە . [194]

سیفەتێکی تری پەیامەکان ئەوەیە، کە زۆر بە خێرایی ئەنووسران ، هەرچەندە مامۆستا نەخۆش بوایە ، یان لە بارودۆخی سەختدا بژیایە لە هەمان کاتدا پەیامەکان ئازاری کەسیان نەئەدا و ، نارەحەتیان نەئەکرد [195]

تایبەتمەندییەکی تری پەیامەکان ئەوەیە، کە زۆربەی زۆریان دەرمانی رۆحیی مامۆستا خۆی بوون، کە دوای نووسینیشیان پێشانی هەندێك لە دۆستانی ئەدان ،

---

[192] سيرة ذاتية : ٢٣٨ ـ ٢٣٩

[193] المكتوبات : ٤٨٥

[194] المكتوبات : ٤٨٣ .

[195] المكتوبات : ٤٨٤

ئەوانیش هەستیان ئەکرد، کە دەرمانی دەردە رۆحیی و دەروونییەکانی ئەم سەردەمەن .[١٩٦]

سیفەتێکی تریشیان ئەوەیە پەیامەکان بە تایبەت (وتەکان) کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەر دڵ و دەروون هەیە ، بە رادەیەك، کە دێڕێکیان ئەوەندەی لاپەرەیەك و، لاپەرەیەکیان ئەوەندەی کتێبێکی تەواو کاریگەریی هەیە، ئەمەش بە بۆنەی ئیعجازی قورئانی پیرۆزەوە

هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە لە سەردەمە رابوردووەکاندا بنچینە ئیمانییەکان توند و بەهێز بوون، و نووسینی خواناسەکان ئەگەرچیی بیێ بەڵگەش بوایە لەلایەن موسڵمانانەوە کەڵکی لێ وەرئەگیرا ، بەڵام لەم چەرخانەی دواوەدا گومرایی و ئیلحاد بە ناوی زانستەوە دەستیان بۆ بنچینەکان و پایەکانی ئیمان درێژ کرد و، نەخۆشییەکی سەخت تووشی دڵ و دەروونی مرۆڤەکان بوو، بۆیە ئەم چەرخە پێویستیی بە دەرمانی یەکجار بەهێز و کاریگەر هەیە

جا خوای خاوەن شەفەقەت بۆ چارەسەریی گومرایی ئەم چەرخە نالەبارە ، پەیامەکانی کردە دیاریی قورئان بۆ ئەم چەرخە و ، تەوفیقی مامۆستای دا بۆ نووسینیان ، بە تایبەت بە نموونە هێنانەوە، کە گەشاوەترین و روون ترین موعجیزەی قورئانە ، تا مامۆستا لەو بارودۆخە نالەبارەیدا بتوانێ بە چاك ترین شێوە خزمەتی قورئان بکات و ، ئەو راستییانەی، کە زۆر دوورن بە نموونە هێنانەوە نزیکیان بخاتەوە و ، ئەوانەش، کە پەرش و بڵاون یەکیان بخاتەوە و ، ئەوانەش، کە بەرز و بڵندن بە ئاسانیی بیان گاتێ و ، دەربارەی حەقیقەتەکانی غەیب و بنچینەکانی ئیسلامیش بگاتە یەقینی ئیمانیی ، بۆیە خەیاڵ و وەهم و

---

[١٩٦] المكتوبات : ٤٨٥

عەقڵ ناچاری خۆبەدەستەوەدان بوون، بگرە نەفس و هەوا ، هەتا شەیتان ناچاری چەك فڕێدان بوون، جا مامۆستا ئەم هەموو كاریگەرییە ئەگێڕتەوە بۆ قورئانی پیرۆز و ، بەشی خۆی هەر ئەوەندە دائەنێ، كە لە كاتی داماویی و دەستەوسانییدا لە خوا پاراوەتەوە تا دەرمانی دەردەكانی لە قورئانەوە دەستگیر ببێ بۆیە دەری ئەبرێت كە دەرد و نەخۆشییەكان لەوەوەن و ، دەرمانیش لە قورئانی پیرۆزەوەیە [١٩٧]

[١٩٧] المكتوبات : ٤٨٦ ـ ٤٨٧

سێهەم : نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی پەیامەکان

نووسین و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوور شتێکی ناوازە بوو ، کە تا ئێستا هیچ زانایەك یان نوێخوازێك بەو شێوەیە بەرهەمی ڕەنج و تەقەلای خۆی بۆ موسڵمانان نەنووسیوە، پێش هەموو شتێك مامۆستا زۆر کەم پەیامەکانی ئەنووسییەوە ، چونکە دەست خەتی زۆر ناخۆش بووە و ، نەی توانیوە بە خێرایی بنووسێت، بەمە زۆربەی پەیامەکان لە کاتی کەف و کوڵی دڵ و دەروونیدا نووسران ، بەوەی، کە فەرمانی بەسەر هەندێك لە قوتابیەکانیدا ئەدا تا ئەم بڵێ و، ئەوانیش بنووسن، پاشان نوسخە ئەسڵییەکە ئەدرا بە قوتابیان تا نوسخەی زۆری لەسەر بنووسنەوە و ، پاشان نووسراوەکان هەر هەموو بهێنرێنەوە بۆ مامۆستا هەتا یەك بە یەك پیایانا بچێتەوە و ، هەر هەڵەیەکیان تێدا بێت ڕاستی بکاتەوە .

ئیتر مامۆستا لە کاتی نووسیندا جگە لە قورئانی پیرۆز هیچ سەرچاوەیەکی تری بەلاوە نەبووە ، بەڵام ئەوەبوو خوای گەورە زیرەکییەکی بێ وێنەی پێبەخشیبوو..

بەرێز عەبدوڵلا چاویش (١٨٩٥ ـ ١٩٦٠) ، کە یەکێکە لە شەیدایانی دێرینی پەیامەکان ، باسی چۆنیەتیی ئەنجام دانی خزمەتی پەیامەکان ئەکات ، کە دوای خۆرئاوا بوون گوندی (ئیسلام) ی بەجێ ئەهێشت و ، دەستی ئەدایە جانتاکەی، کە ئەو پەیامانەی تێدا بوون، کە حافیظ عەلیی نووسیبوونیەوە و، سەرانسەری شەو لە نێوان چیا و دۆڵەکاندا بە پێ ئەڕۆیشت هەتا لەگەڵ فەجردا ئەگەیشتە بارلا و سەیری ئەکرد وا مامۆستا چاوەڕوانیی ئەکات و ، بەوپەری شادمانییەوە پێشوازیی لێ ئەکرد و ، پێکەوە نوێژی بەیانییان بەجێ ئەهێنا پاشان عەبدوڵلا لێی ئەخەوت و ، بۆ ڕۆژی دووهەم دەست نووسەکانی لە مامۆستا

وەرنەگرتن و ، شەو بارلای بەجێ ئەهێشت و ، بەرەو گوندی ئیسلام ئەکەوتەوە ڕێ، تا نووسراوەکان بداتە دەست حافیظ عەلیی .[١٩٨]

بۆ ماوەی بیست ساڵ پەیامەکان بەو شێوەیە ئەنووسرانەوە ، تا ئەوەبوو بۆ یەکەم جار بە ڕۆنیۆ چاپ کران ، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٥٦ ز بە چاپی ئاسایی چاپ نەکران ، جگە لە پەیامی حەشر کە بە هۆی قوتابیەکەوە لە ئەستەنبوڵ بە نهێنیی بە چاپ گەیەنرا .[١٩٩]

لەو کاتەدا پیتە عەرەبییەکان گۆرا بوون بە پیتی لاتینیی و ، چاپ کردن و بڵاوکردنەوە پێیان قەدەغە کرا بوو، و چاپخانەکانیان داخرا بوون ، ئیتر تاکە ڕێگای بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی مامۆستای نەفییکراو و چاودێریکراو بریتیی بوو، لە نووسینەوە بە دەست و بە نهێنیی .

دیسان عەبدوڵلا چاویش بۆمان ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

ڕۆژێکیان هاتم بۆ لای مامۆستا ، ئەبینم حافیظ عەلیی و ژمارەیەك قوتابیی وان لە لای، مامۆستا دەستی کرد بە دابەش کردنی چەند جوزئێك لە قورئانی پیرۆز بە سەریاندا تا بی نووسنەوە ، لەگەڵ پیشاندانی چۆنیەتی نووسینەوە، جا لەبەر ئەوەی، کە من ئوممیی بووم و خوێندنەوە و نووسینم نەئەزانیی ، هەستام بۆ چا لێنان بۆیان تا بەشداریی پاداشتیان بکەم، بەڵام هەر، کە چایەکەم هێنا تا دابەشی بکەم بەسەریاندا ، مامۆستا هەستا و چایەکەی لێم وەرگرت و ، دەستی بە دابەش‌کردنی کرد و ، منیش شەرمەزار بووم ، چونکە چۆن ئەبێت مامۆستا

---

[١٩٨] ذكريات عن سعيد النورسي : ٣٣
[١٩٩] سيرة ذاتية : ٢٤٥

خۆی چا بەسەر قوتابیەکانیدا دابەش بکات ، بەلاَم بە بۆنـەی پێداگرتنیـەوە بـێ دەنگ بووم .. پاشان مامۆستا فەرمووی :

نووسینەوەی چەند جوزئێکی قورئانی پیرۆز و ، هەوڵ دانتان لە پێناوی خوادا، لەلایەن ئەو خوایەوە وەرگیراوە، کە لەم بارودۆخەدا ئەتان بینێ و ، مەلائیکەتـە بەرێزەکانیشی وێنەتان ئەگرن، چا لەبەر ئەوەش، کە من خزمەتکاری قورئـانی پیرۆزم پێویستە خزمەتتان بکەم، ئەوەبوو ئـەوان خـەریکی نووسـینەوە بـوون و مامۆستاش چایەکەی بەسەریاندا دابەش کرد [٢٠٠]

بەرە بەرە قوتابیانی پەیامەکان پەرەیان سەند ، بۆیە پەیامەکانیش ئەگەیشتنە گوند و شارۆچکە نزیکەکانی بارلا و ، دەستە پاکەکان ئەیان گواسـتنەوە و ، بـە نهێنیی ئەخوێنرانەوە، دوای ماوەیـەکیش گەیشـتنە شـارە دوورەکـان و ، دڵ و دەروونە تینوەکانی نوور و هیدایەت پێیان رۆشن ئەبوونەوە

قوتابیە دڵسۆزەکان ، بە ژن و پیاوەوە ، بە کـور و کچـەوە ، بـە هـەزارانیان دەستیان دایە نووسینەوەی پەیامەکانی نوور .. بە دڵ و بە گیان .. بە شەو و بە رۆژ خەریکی نووسینەوە بوون، هەتا هی وا هەبوو لەو نووسەرانە حەوت ساڵ لە ماڵ دەرنەچوو بوو ، سەرگەرمی نووسینەوە بوو، بە بێ مانـدوو بـوون و کـۆڵ دان .. هەر تەنها لـە گونـدی (سـاو) ی نزیـك بـە ئیسـپارتەدا هـەزار کـەس سەرگەرمی نووسینەوە بوون .[٢٠١]

---

[٢٠٠] ذكريات عن سعيد النورسي : ٣٣
[٢٠١] سيرة ذاتية : ٢٤٦

لەم هەڵمەتە رۆشنبیرییەدا ئافرەتانیش دەوری چاکیان بینیی : ئەوانەیان، کە نووسینیان ئەزانیی ئەوە خەریکی نووسینەوە بوون ، بەلاّم نەخوێندەوارەکانیان لەسەر شێوەی وێنەکێشانی پیت و وشەکان ئەیاننووسینەوە

هەندێك ئافرەتیش هاتنە خزمەتی مامۆستا و وتیان :

مامۆستا گیان ! بریارمان داوە ئێمە خۆمان ئەرکی رۆژانەی مێردەکانمان ئەنجام بدەین ، تا ئەوان بە یەکجاریی دەستیان بەتاڵ بێت بۆ نووسینەوەی پەیامەکانی نوور، و ئێمەش لە پاداشتی خزمەتدا بەشدار بین .[٢٠٢]

مامۆستا نوورسیی ماوەی هەشت ساڵ و نیو لەم شارۆچکەیەدا مایەوە و ، خوای گەورە ویستی وەها بوو، شارۆچکەی بارلای جوانکیلە لە دامێنی چیاکانی تۆرۆس‌دا ببێتە بنکە و قوتابخانەی یەکەمی بانگەوازی پەیامەکانی نوور،ئەمەش بۆمان دەرئەخات، کە خاوەن غیرەتان لە هەموو بارودۆخ و هەل و مەرجێکدا لەسەر پێشکەش کردنی خزمەتی خۆیان بەردەوام ئەبن و ، هیچ تەگەرە و کۆسپێك ناتوانێت لە کاریان بخات .. بە دڵسۆزانە کار ئەکەن و ، گوێیان لە دژایەتیی و ناهەقیی نیە .. چەندە مافیان پێ شێل بکرێت ، ئەوان لەسەر خزمەت و ئەرکی خۆیان بەردەوام ئەبن .. گرنگ ئەوەیە خوا رازیی بکەن .

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٢ دا لەلایەن دەوڵەتەوە بریاری قەدەغەکردنی بانگی شەرعیی درا ، واتە بانگ بە عەرەبیی نەدرێت بەڵکو بە تورکیی ، ئەم بریارەش هەتا ساڵی ١٩٥٠ بەردەوام بوو، کە ئەوەبوو حکومەتی عەدنان مەندەریس بانگی گێرایەوە بۆ دۆخی شەرعیی خۆی .

---

[٢٠٢] سیرة ذاتیة : ٢٤٧

ئەم بریارە بەلای گەلی تورکیی موسڵمانەوە کارێکی یەکجار گران بوو ، بەڵام دەسەڵات چییە ؟

لەو کاتەدا مامۆستا هات و چۆی مزگەوتێکی بچکۆلەی ئەکرد لە بارلادا کە خۆی تەعمیری کردبوو .. لەوێ پێش‌نوێژیی بۆ هەندێ نوێژکەری لادێیی ئەکرد ئەوەبوو هەواڵ گەیشتە بەرێز جەمالی بەرێوەبەری پەخشداریی بارلا کە نوێژکەرانی ئەم مزگەوتە لەناو مزگەوتەکەدا بانگی شەرعیی ئەدەن، بۆ ئەوەی ئەم کارە قاچاخە بگرێت ، بەرێوەبەری پەخشداریی کەمینێکی دانا تا ئەو کەسەی کە بانگ ئەڵێت بیگرێت .

ئەوەبوو لە نوێژی فەجردا نوێژکەرانیان گرتن و لە سەرما و سۆڵەی سەختی زستاندا و بە پێ ، کە رێگاکەش بە بەفر داپۆشرا بوو ، بردنیان بۆ فەرمانداریی ئەگریدیر .

ئەوەتا بانگ وێژی مزگەوتەکە ، بەرێز شەمسیی کۆنش لە بیرەوەرییەکانیدا ئەگێرێتەوە و ئەڵێت :

لەسەر بانگ چەندە ئازاریان داین ، کاتێك کە بانگێکیان بە زمانی تورکیی بۆمان داهێنا ؟!

ئەڵێت : رۆژێکیان دایان بەسەر مزگەوتەکەی مامۆستا سەعیدی نوورسییدا و، من و عەبدوڵلا چاویش و ، موصطەفا چاویش و سولەیمان و عەلییان گرتن و ، ئەوانی تریان دەرکردنە دەرەوە . بە پێ و بەسەر بەفردا بردینیان بۆ شاری ئەگریدیر و ، لەوێ بەندیان کردین و ، هەر هەموو خەڵکەکەیان لە دواندنمان قەدەغە کرد رۆژێکیان هێنامیانە بەردەم (مدعي عام) و ، ئەفسەرێکی لە پلەی عەمید و عەقیددا بەلاوە بوو، پێمیان وت :

وەك بیستومانە (١٢٥)صەد و بیست و پێنج لیرەی زێرت داوە بەو پیاوە کوردە (مەبەستی مامۆستایە) ، جا بەو پارەیە چەند تەقەمەنییان کریی ؟!

وتم : حکومەتی تورکیی وەك کەشتییەك وەهایە و ، تۆ چاکتر ئەزانیت چــیی دێتە ناوی و چییشی لێ دەرئەچێت، مامۆستا نە تۆپی هەیە و نە تفەنگ ، بەڵکو ئەو ئەیەوێ دڵ ئارامیی و تەبایی بلاّو بکاتەوە

لێمی پرسیی : ئایا منداڵت هەن ؟

وتم : بەڵێ

وتی : ئەگەر راست نەکەیت و ، حەقیقەت نەڵێیت ، ئەوا سێدارە چاوەروانتە!

وتم : ئەم پیاوە خزمەت‌کاری قورئانە ، چیی بکات لە تۆپ و تفەنگ ؟ تفەنگ و تۆپی ئەو تەنها قورئانە

کە دادگا دانرا ، حاکم لێمی پرسیی : کێ بە عەرەبیی بانگی دا ؟!

بریارم دا خۆم وەها دەربخەم، کە هیچ نابیستم ، بۆیە بەبێ وەلاّم جووڵەم لە خۆم بریی ، وەك پرسیارەکەم نەبیستبێ .

حاکم ئاوری دایەوە بۆ لام و پرسیی : ئایا ناوت سولەیمانە ؟

وتم : لەبەر ئەوەی، کە زستان بوو ، رۆژێك زووتر هاتم .

حاکم وتی : پێتم وت : ناوت چییە ؟

وتم : گەورەم لە خان خەوتم .

حاکم یەکجار توورە بوو ، بۆیە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و هاواری کـــرد: ئەم پیسە بکەنە دەرەوە [٢٠٣]

---

[٢٠٣] رجل القدر : ١٧٦ ـ ١٧٧

بەندیخانەی ئەسکی شەهر

قوتابخانەی یووسفیی یەکەم

٢٥ / نیسان / ١٩٣٥ ـ ٢٧ / مارت / ١٩٣٦

لە ناوەراستی هاوینی ١٩٣٤دا مامۆستا نوورسیی لە بارلاوە ، بە سواریی عەرەبانەیەك، کە ئەسپ رای ئەکیشا ، گوازرایەوە بۆ شاری ئیسپارتە [٢٠٤]

دوژمنانی ئیسلام ، کە هەمیشە بۆ ئەهلی ئیمان لە سەنگەردان و ، خەریکی پیلان گێرانن دژی خواناسان ، کە سەرنجی گەشە و پەرەسەندنی پەیامەکانی نوریان دا و ، هەستیان کرد وا دڵە پاکەکان باوەشی خۆشەویستییان بۆ بانگەوازی ئیمان کردۆتەوە ، کەوتنە تەڵەنانەوە تا مامۆستا نوورسیی و قوتابییەکانی تاوانبار بکەن، کە گوایا کۆمەڵەیەکی نهێنیی دژی دەوڵەتیان دامەزراندووە ، تا بەو بۆنەوە حکوومەت دەستگیریان بکات .

ئەوەبوو لە ٢٥ ی نیسانی ساڵی ١٩٣٥ دا مامۆستا و قوتابییەکانی قۆڵ بەست کران و ، رەوانەی ئەسکی شەهر کران تا لەوێ بدرێن بە دادگا .. (١٢٠)صەد و بیست قوتابیی لەگەڵ مامۆستادا کۆت کرایە دەستیان و بە سواریی لۆریی گەیەنرانە بەندیخانەی ئەسکی شەهر و ، رێگای نێوان ئیسپارتە و ئافیوونیش بە

---

[٢٠٤] رجل القدر : ١٨٠

سەربازی چەکدار تەنرا و ، سەربازێکی زۆریـان کـردە پاسـەوانی بنکـەی والیـی ئیسپارتە نەوەکو هەڵمەت ببرێتە سەری .

سەرۆکی ئەو مەفرەزەیە بەرێز (رۆحیی) بوو، کـە بـەزەیی بـە مامۆسـتا و قوتابیەکانیدا ئەهاتەوە ، بۆیە فەرمانی دا کۆتەکانیان لە دەست بکەنەوە .. ئەم پیاوە دوای تێگەیشتن بووە، دۆستی قوتابیانی نوور .[٢٠٥]

لە رۆژی ٢٧ ی نیسانیش‌دا شـوکری قایـا وەزیـری نـاوخۆ خـۆی و سـەرۆکی جەندرمە ، لەگەڵ چەند مەفرەزەیەك سەربازدا هاتن بۆ ئیسپارتە و ، عیصـمەت ئینۆنۆی سەرەك وەزیرانیش بەو بۆنەوە سەردانی پارێزگاکانی خۆرهەلاتی کـرد ، نەوەکو بە هۆی گرتنی مامۆستاوە شۆرشیان تیا بـەرپا ببـێ ، چـونکە دوژمنـە شاراوەکانی دین ئەوەیان بلاو کردبۆوە، کە (بدیع الزمان) و قوتابیەکانی ئەدرێن لە سێدارە ، تا ترس و لەرز بچێتە دڵی خەڵکەوە و ، نەوێرن لە قوتابخانەی ئیمان نزیك بکەونەوە، بە مەرجێك مامۆستا نوورسـیی بـە هـیچ شـێوەیەك کـارێکی سەلبیی دژی دەوڵەت ئەنجام نەئەدا ، بۆیە لەگەڵ ئەو هەمووە زوڵم و ناهەقییەی، کە دەرهەق بە خۆی و قوتابیەکانی ئەنجام ئەدرا ، هیچ کارێکی دژایەتیی و تۆڵە سەندن رووی نەدا بەڵکو بەرامبەر بەوە ئەوان کاری چاك و کەڵك بەخشیان لێ ئەوەشایەوە تـا ئیمـان بـەلای خەڵکـەوە خۆشەویسـت بکرێـت و ، خـەڵك بـۆی دەربکەوێ، کە ئیمـان‌دار هـیچ زیـانێکی لێ چـاوەڕێ ناکرێـت و ، خراپکـاریی بەرهەمی ئیلحاد و بێ دینییە !

مامۆستا و قوتابیانی خرانە بەندیـخانەوە و ، ئەوپەری سزا و ئازاریان ئەدرا، بەلام مامۆستا لەسەر ئیرشاد و ئامۆژگاریی بـەردەوام بـوو ، تـا ئـەوەبوو ، بـە

---

[٢٠٥] رجل القدر : ١٨٠ ، سيرة ذاتية : ٢٥١

كۆمەكيی خوا ، زۆرێك لە بەندييەكان تەوبەيان كرد و ، روويان كردە خواپەرستيی ..[٢٠٦]

ماڵی يەكە يەكەی قوتابيان پشكێنرا و چيی پەيامی نووريان تێدا بوو كۆ كرانەوە ، بەلاّم دەوڵەت هيچ بابەتێكی تاوان باركردنی قوتابيانی دەست نەكەوت، لەگەڵ ئەوەش‌دا دادگا پانزە مانگ بەنديی بۆ مامۆستا بريار دا و ، (١٥)پانزە لە قوتابيەكانيش هەر يەكە شەش مانگ بەنديی و ، ئەوانی تريان بەردران ، كە(١١٥) سەد و پانزە كەس بوون، بڕياری دادگای جەزای گەورەی ئەسكی شەهر ژمارە (١٢١) لە ١٩ / ٨ / ١٩٣٩ بووە و ، تەصديقی دادگای تەمييزی يەكەميش ژمارە (٢١١١) لە ١٢ / ١٠ / ١٩٣٥ بووە . (ب ٢ / ٨٣٢) .[٢٠٧]

لەو بەنديخانەيەدا مامۆستا و قوتابيەكانی سزای زۆريان چەشت ، ئەوەبوو بۆ ماوەی دوانزە رۆژ بێ خواردن مانەوە و ، نەشيان هێشت قوتابيان دەست بە ئاو بگەيەنن ، بۆيە ناچار بوون لە قوژبنێكی قاوشەكەيان‌دا چاڵێك هەڵ بكەنن و بيكەنە ئاودەست .[٢٠٨]

مامۆستا خرايە بەنديخانەيەكی تاكە كەسييەوە ، تا سزا و ئازاری زياتر بچەژێت ، كەچيی مامۆستا دەستی دايە خواپەرستيی و ، نووسينی پەيامەكانی نوور .. ئەوەبوو بريسكەی بيست و هەشتەم و ، بيست و نۆهەم و ، سيهەم و ، پاشان تيشكی يەكەم و دووهەمی نووسيی و ، هەوڵيشی ئەدا بە هەر شێوەيەك بووە ئامۆژگاريی بۆ قوتابيەكانی بنێرێت هەتا دان بە خۆيان‌دا بگرن و ، بەرگەی

---

[٢٠٦] سيرة ذاتية : ٢٥١ ـ ٢٥٢ ، رجل القدر : ١٨٠ ـ ١٨١ ، الشعاعات : ٥١٨

[٢٠٧] سيرة ذاتية : ٢٥٢

[٢٠٨] الرجل القدر: ١٨١

سزا و ئازار بگرن و ، هەمیشە دڵیان لای خوا بێت و ، بە نیـەتێکی خالیصـەوە پەنای بۆ بەرن، هەروەها ئەو پەیامانەی، کە ئەینووسین ئەی خستنە سەر پارچە کاغەزی بچووك و ، لە ناو پاکەتی شقارتەدا هەڵی ئەگرتن ، تا کاتێك کە دەستی بە ئاو ئەگەیاند ، یان سەرتاش ئەهاتە لای ئەو نووسـینانەی ئەگەیانـدە دەسـت قوتابیەکانی و ، ئەوانیش بە پەلە نوسخەیان لە بەر ئەگرتنـەوە و ، بـە نهێنیـی رەوانەی دەرەوەیان ئەکردن ..

کاربەدەستانی دەوڵەت نەیانئەزانیی چۆن بەربەسـت لەبـەردەم بڵاوبوونـەوەی پەیامەکاندا دروست بکەن ، بۆیە وەك مشکی دەرمان خواردوویان لێ هاتبوو و، بە راست و بە چەپدا ئەگەران بۆ پەیامەکان ، بـە هیـوای ئـەوەی مامۆسـتا و قوتابیانی تاوانبار دەرکەن .

ئەوەبوو لە پشکنینێکدا لەناو پەیامەکانی نووردا کتێبێکیان دۆزییەوە کە بە دەست لەسەری نووسرابوو (تایبەتە بە رەمەزان) .

کەوتنە پرسیار : داخۆ ئەم رەمەزانە کێ بێت ؟ لە کوێ ئەژیی و ، لە کوێ کار ئەکات ؟ ئەی چۆن تا ئێستا دەست گیر نەکراوە ؟ بێ گومان کەسێکی بەناوبانگە وا ناوی لەسەر کتێبێك نووسراوە ، کەچیی قوتابیانی نوور دان بەوەدا نانێن، کـە ئەیناسن . کەواتە دیارترین یارمەتیدەری سەعیدی نوورسییە !

بۆ ئەمە دەوڵەت بریاری دا چیی شارۆچکە و گوندی ئەو ناوچەیە هەن بە وردیی بیانپشکنن بە دوای رەمەزان ناودا

دوای گەرانێکی زۆر لادێییەکی بەستەزمانی سادە و نەخوێندەواریان دۆزییەوە، کە ناوی رەمەزان بوو .. ئەو هەژارە دەستگیر ئەکەن و ، بە کۆت و زنجیرەوە و، بە پاسەوانییەکی توندەوە رەوانەی بەندیخانەی ئەسکی شەهری ئەکەن، هەرچـەندە

چەند جار سوێندی بۆ خواردن، کە ئەو نەخوێندەوارە و ، لە ژیانیا هیچ پەیامێکی نووری نەدیوە و ، چاویشی بە (بدیع الزمان) نەکەوتووە .

چەند سوێندی خوارد و ، چەندیش پارایەوە بێ هوودە بوو .. دوو مانگی رەبەق لە بەندیخانەدا مایەوە ، هەتا ئەوەبوو یەکێك لە لێپرسراوان لە کتێبەکە کۆڵییەوە، سەیری کرد ئەم کتێبە دەربارەی ئاداب و حیکمەتی ڕۆژووی مانگی رەمەزان باس ئەکات .[٢٠٩]

مامۆستا و قوتابیەکانی بە چەند ماددەیەك تاوانبار کرا بوون، کە ئەمانەن :

ماددەی یەکەم : دەنگ و باس بلاّو بووبوویەوە، کە نیازی ئەوە کراوە ئاسایشی وڵات تێك بدرێت ، ئەویش لە رێی بەکارهێنانی دینەوە ، بە بیانووی گێرانەوەی دەسەلاّتی شەریعەت .

مامۆستا ئەو هەواڵە ئەداتە دواوە و ، بۆ هەموانی دەرئەبرێت، کە ئەوان سەرگەرمی زانستە ئیمانیەکانن و ، بە هیچ شێوەیەك ئاور بەلای شتی ترەوە نادەنەوە، ئەوان تەنها رەزامەندیی خوایان مەبەستە، هەروەها ئەیدات بە گوێیان دا، کە ئەو پیاوێکە چووە بە ساڵدا و ، چاوەڕوانی سەفەری قیامەتە و ، بە تەمای ژیانی فانیی نیە ، چونکە لە لای یەقینە، کە ئەمرێت و ئەچێتە ناو قەبری تەنگ و تاریکەوە، بۆ ئەمە پەیامەکانی نوور بە چارەسەر ئەزانێت تا قەبری چاڵی عەدەم و نەمان بگۆرێت بۆ دەرگای بەهەشت و ، هەرکەسیش ژیر بێت تەنها بۆ ئەو ئامانجە بەرزە خۆی ماندوو ئەکات .

---

[٢٠٩] رجل القدر : ١٨١ ـ ١٨٢

مامۆستا کاربەدەستان ئاگادار ئەکات، کە ئەوپەری بێ ویژدانییە پەیامەکانی نوور مافی خۆیان پێیان نەدرێت و ، وەها سەیر بکرێن، کە بۆ مەبەستی سیاسیی بەکار ئەهێنرێن .

ماددەی دووهەم : لە کۆتایی هەندێ پەیامدا، وەك موعجیزاتی ئەحمەدیی ، ئیمزای هەندێ لە قوتابیان بەرچاو ئەکەوێت و ، ئەوە ئەگەیەنێت، کە ئیمزای ئەندامانی کۆمەڵەیەك یان دەروێشانی تەریقەت بن !

مامۆستا لە وەڵامی ئەمەدا کاربەدەستان ئاگادار ئەکات، کە ئەو خاوەن ئیمزایانە هیچ تاوانێکیان نیە ، چونکە ئەوانە پیاوی قیامەتن، هەتا یەکێك لەو بەرێزانە برایەکی موسڵمانی یەکجار خاوێن و رەوشت بەرز بووە ، کە موقەددەمی خانەنشین ، خوا لێ خۆش بوو بەرێز عاصیم بووە، کاتێك، کە لە ئیسپارتە بۆ پرس و جواب بانگی ئەکەن ، بۆی دەرئەکەوێت، کە ئەگەر راستیی بڵێت زیان بە مامۆستاکەی ئەگات و ، گەر درۆیش بکات تەمەنی دوور و درێژی پرشەرەفی سەربازیی خۆی لەکەدار ئەکات ، بۆیە لە خوا پارایەوە، کە گیانی بکێشێت .

ئەوەبوو خوای پەروەردگاریش دۆعاکەی لێ وەرگرت و هەر لەو کاتەدا گیانی کێشا و ، پلەی شەهیدی راست و دروستیی دەست گیر بوو .

لەم رووداوەشدا کەراماتێکی پەیامەکانی نوورمان بۆ دەرئەکەوێ، کە هەرکەس بەشداریی دەرسی پەیامەکان بکات ، گیانی بە ئاسانیی ئەکێشرێت .

ماددەی سێهەم : پەیامەکان بوونەتە کۆسپی بەردەمی ئازادیی و ، ئاسایشی گشتیی تێك ئەدەن ، چونکە بەبێ رەزامەندیی دەوڵەت بلاو بوونەتەوە و ، بوونەتە هۆی بەهێزبوونی هەستی ئیمانیی .

لە وەڵامدا مامۆستا دەری ئەبرێت، کە پەیامەکانی نوور مایەی پەخشان کردنی نوور و رووناکین و ، رووناکییش هیچ زیانێکی لێ ناکەوێتەوە ، چونکە ئەمە

سیانزە ساڵە دەستبەرداری سیاسەت بووە، و خەریکە حەقیقەتە پیرۆزەکانی ئیمان ئەچەسپێنێ ، کە بنچینەی هەردوو ژیانی دنیا و قیامەتن و ، لە ٩٩٪ صەدا نەوەد و نۆی ئەم میللەتە موبارەکە موسڵمانە ، دوای خوێندنەوەی پەیامەکان شاهیدیی ئەدات، کە بە کەڵکن و هیچ زیانێکیان پێوە نەبینراوە

هەروەها ئەیدا بە گوێیاندا، کە پەیامەکان مایەی چەسپاندنی ئەمن و ئاسایشی وڵاتن و ، سەرچاوەی هەموو رەوشت و سیفەتێکی بەرزن و ، بێ ئیمانیی مایەی ئاژاوەیە

هەروەها ئەیهێنێتەوە یادیان، کە سیی ساڵ لەوە و بەر وەزیری موستەعمەراتی بەریطانیی دەری بریوە، کە ئەوانی ئەورووپایی ناتوانن بە تەواویی حوکمی موسڵمانان بکەن هەتا قورئان بە دەستیانەوە بێت ، بۆیە پێویستە لە ناوی بەرن و موسڵمانانی لێ دوور بخەنەوە

جا وتەی ئەم پیاوە مامۆستا نوورسیی دائەچڵەکێنێ و ، وریای ئەکاتەوە، کە چ پیلانێك دژی موسڵمانان ئەکێشرێت، بۆیە قۆڵی مەردایەتیی لێ هەڵ ئەماڵێ و، بریار ئەدات خۆی بۆ خزمەتی قورئان یەك لایی بکاتەوە و ، دوای جیهادی نەفسی خۆی رووی جیهادی ئەکاتە فەیلەسووفە گومراکانی ئەورووپا ، تا ئەوەبوو بەرەکەتی قورئان گەیشتە فریای و ، پەیامەکانی نووری نووسیی ، تا دەمکوتی ئەو مولحیدانە بکات .

ماددەی چوارەم : هەواڵ ئەدرێت، کە مامۆستا دەرسی تەریقەت ئەڵێتەوە ، کە ئەمەش بەلای دەوڵەتەوە کارێکی یاساغە

مامۆستایش ئەوە روون ئەکاتەوە، کە ئەو خەریکی راستییەکانی ئیمانە و ، ئەم سەردەمە بە سەردەمی تەریقەت نازانێت، چونکە زۆر خەڵك ئەچێتە

بەهەشتەوە بەبێ شوێن کەوتنی تەريقەت ، بەڵام بەبێ ئيمان هيچ کـەس ناچـێتە بەهەشتەوە.[٢١٠]

جا هەروەك مامۆستا بەوە تاوانبار ئەکرا، کە کۆمەڵەی نهێنيی پێك هێناوە، يەخەشيان ئەگرت، کە پارە لـە کـوێ دێـنن بـۆ بـەڕێوەبردنی ئـەو کۆمەڵەيـە؟ مامۆستاش وەڵامی ئەدانەوە، کە ئەو دەستی لە سياسەت شۆردووە و ، پەنای بە خوا گرتووە لە شەيتان و لە سياسەت و ، ئەوە دە ساڵيشە وا لە ئيسپارتەدا و، بە وردیی چاودێريی ئەکرێت ، بێ ئەوەی خەريکی سياسەت بێت .

هەروەها لە ڕێگای ئيمانەوە بە لە٩٩٪ صـەدا نـەوەد و نـۆی هاوولاتيانـەوە پەيوەنديی ئيمانيی ئـەبێت، کەچـيی لـە ڕێـی دروسـت کردنـی (کۆمەڵـە) وە پەيوەنديی تەنها بە چەند کەسێکی کەمەوە ئەبێت .

مامۆستا دەری ئەبڕێ، کە بە دڵ گەلی تورکيی خۆش ويستووە ، چونکە ئەوە گەلێکە بەر ستايشی قورئان کەوتووە و ، ئەميش بە شـاهێديی هـەزار تـورکيی ئەوەندەی هەزار تورکيی هەڵگری بيری نەتەوايەتيی خزمەتی بەو گەلە کردووە و ، خۆی حەزی کردووە لەو غەريبييەدا و لەناو ئەو گەنجە خوێن گەرمانەدا بمێنێتەوە روونيشی ئەکاتەوە، کە ئەو بە پارەيەکی يەکجار کەم ژيانی گوزەراندووە و دەستی لە کەس پان نەکردۆتەوە ، بە ڕادەيەك کە ڕۆژێکی بە چل پارە بەسەر بردووە و ، حەوت ساڵيش عەبايەکی پۆشيوە، کە لە حەفتا جێگاوە پينە کراوە.[٢١١]

کاربەدەستان بيانوويەکی تريان بە مامۆستا ئـەگرت، کـە بريتيـی بـوو، لـە موحاسەبەکردنی لەسەر لانەبردنی کڵاو و مێزەرەکەی و ، لە سەر نەکردنی شەبقە،

[٢١٠] سيرة ذاتية : ٢٥٣ ـ ٢٦٠

[٢١١] سيرة ذاتية : ٢٦١ ـ ٢٦٢

ئەويش وەلامی ئەدانەوە، كە ئەو ياسايە ئەم ناگرێتەوە چونكە ئەم لە ژيانی گۆشەگيرييدا ئەژيت .[٢١٢]

پاشان داوا لە كاربەدەستان ئەكات، كە لە خۆی و پەيامەكانی بگەرێن ، چونكە هێزێك پشت گيريی پەيامەكان ئەكات، كە بە هيچ شێوەيەك بەوان چار ناكرێت .. دەی با ئيتر سزا و ئازاری قوتابييە بێ تاوانەكان نەدەن ، نەوەكو خەشم و قينی خوای بەدەسەلات بجووڵێت و بەلا و گرانيی و دەرد و دا بەسەر ولات دا ببارێن .

دوای ئەوەش داوای گێرانەوەی ئەو پەيامانەی ئەكات، كە دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتوون، كە بايی هەزار ليرە زياتر ئەبن ، چونكە هيچ رستەيەكی نەگونجاويان لە خۆ نەگرتووە و ، لە مەسەلە ئيمانييەكان و لە ئيعجازی قورئان ئەدوێن و ، باسی بيرەوەريی سەردەمی پيری خۆی ئەكەن .[٢١٣]

مامۆستا بە چيرۆكێك بە كاربەدەستانی رائەگەيەنێت، كە مادەم كاربەدەستان دەعوايان لەسەری هەيە ئەو مافی خوراوە و ، كەسێك نيە بەرگريی لێ بكات . ئەمەش چيرۆكەكەيە :

لە دێرين زەماندا سوڵتانێك تووشی دەردێك ئەبێت، كە جگە بە خوێنی منداڵێك بە هيچ شتێك چارەسەر ناكرێت . ئەوەبوو باوكێك بە پارە كورەكەی هێنا بۆ سەربرين و ، حاكميش فەتوای بۆ دا

[٢١٢] سيرة ذاتية : ٢٦٩ ـ ٢٧٠
[٢١٣] سيرة ذاتية : ٢٧٠

بۆ ئەم سەربرینە کۆرێك گیرا و منداڵەکەشیان هێنایە بەردەم کۆرەکە منداڵەکە، کە زانیی سەری ئەبرن ، لە جیاتیی شیوەن و هاوار و پارانەوە تا لێی بگەرێن ، دایە قاقای پێکەنین ..

بە سەرسورمانەوە لێیان پرسیی :

ـ بۆچ داد و هاوار ناکەیت ، لە بریی پێکەنین ؟

وەلامی دایەوە : ئەگەر مرۆڤ تووشی لێقەومانێك ببیٚ ، یەکەم کەسێك، کە ئەو هاواری بۆ بەرێت باوکیەتی ، پاشان بۆ لای حاکم ، پاشان بۆ لای سولتان، ئەوەتا باوکم ئەم فرۆشیٚ تا سەرم ببرن و ، حاکمیش بریاری کوشتنمی دەرکردووە و، سولتانیش چاوەروانی خوێنەکەمە، جا حاڵ و هەڵوێستی وەها سەیر و نامۆ و ناشیرین و قیزەون، کە تا ئێستا شتی وەها نەبینراوە ، هەر شایانی پێکەنینە.

مامۆستا روو ئەکاتە شوکریی قایای وەزیری ناوخۆ و پێی را ئەگەیەنێت، کە ئەویش وەك ئەو منداڵە بیٚ چارەیەی لیٚ قەوماوە، لە کاتێکدا، کە ئەو بە تەمایە بارودۆخی گوزەرانی بباتە بەردەم والیی شار، کە نوێنەری حکومەتە ، پاشان بۆ لای عەدالەتی مەحکەمە، پاشان بۆ لای وەزیری ناوخۆ ، تا لەو ستەمە ئاگادار بکرێن، کە مامۆستا و قوتابییەکانی روو بە رووی بوونەتەوە و ، لە ژێر چنگی زاڵمان دەریان بهێنن ، ئەبینن وەزیری ناوخۆش تووشی غروور و لە خۆبایی بوون بووە و ، بە بەڵگەی هیچ و پووچ ئەیەویٚ لەناویان بەرێت .

دادی خۆی لە دەستی شوکریی قایا ئەباتە بەردەم شوکریی قایای وەزیری ناوخۆ !! [٢١٤]

---

[٢١٤] سيرة ذاتية : ٢٧١ ـ ٢٧٢

سەرەنجام دادگا لە ١٩ / ٨ / ١٩٣٥دا حوکمی دەرکرد، کە بریتیی بوو، لە بەندکردنی بۆ ماوەی یانزە مانگ لە سزای بڵاوکردنەوەی پەیامی (باڵاپۆشیی) دا [٢١٥]

لە ساڵی ١٩٣٥دا و لەو کاتەدا، کە مامۆستا توندی بەندیخانەی ئەسکی شەهر کرابوو (مدعي عام) ی دادگای جەزای گەورە لە ئەسکی شەهر ئەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێکیان مامۆستا نوورسیی لە بازاردا ئەبینێ، سەرسام ئەبێت و راستەوخۆ پەیوەندیی بە بەڕێوەبەری بەندیخانەوە ئەکات و بە هەڕەشەوە پێی ئەڵێت :

چۆن ڕێتان بە (بدیع الزمان) داوە دەرچێت بۆ بازار ، من بە چاوی خۆم لە بازاردا دیم ؟

بەڕێوەبەریش وەڵامی ئەداتەوە : ببوورن ، گەورەم ! (بدیع الزمان) لە بەندیخانەدایە و ، ئەشتوانن بفەرموون بێن بۆ بینینی لە بەندی تاکە کەسییدا

(مدعي عام) دێت و پێکەوە لەگەڵ بەڕێوەبەردا سەردانی بەندیخانە ئەکەن و، ئەبینن مامۆستا وا لەوێ ..

ئەم دەنگ و باسە لە نێوان حاکمەکاندا بڵاوە ئەکات و خەڵکیی بە کەرامەتی مامۆستای لە قەڵەم ئەدەن .

هەر لەو جۆرە بەڕێوەبەری بەندیخانەی ئەسکی شەهر ڕووداوێکی تر ئەگێڕێتەوە، کە جارێکیان دەنگی (بدیع الزمان) ی بەرگوێ ئەکەوێت و ، داوا ئەکات لە بەندیخانە دەرچێت بۆ ئەنجام دانی نوێژی جومعە لە مزگەوتی (ئاق جامع)، لە کاتی نوێژدا سەر لە زیندانەکەی مامۆستا ئەدات و ، سەیر ئەکات

[٢١٥] سيرة ذاتية : ٢٥٢ ، رجل القدر : ١٨٥

(بديع الزمان) ی لیَ نيه و ، پاسەوانەكان لە جێی خۆيانن و ، دەرگاكانيش قوفلّ دراون ..

بەرێوەبەر بە پەلە ئەچێت بۆ مزگەوتی ناوبراو و ، ئەبينیَ وا مامۆستا لە لای راستی ريزی يەكەمی مزگەوتدايە، دوای نوێژ ئەگەرێت بە دوايدا و نايدۆزێتەوە، بە پەلە ئەگەڕێتەوە بەنديخانە و ، ئەبينیَ وا (الله أكبر) ئـەلێت و ئەچـێت بـە سەجدەدا

رووداوی تريش لەو جۆرە چەندين جار روويان داوە، كە مامۆستا لە بەنديخانەی دەنيزلييدا بووە، لە نوێژی فەجردا بەشداريی نوێژی جەماعەتی كردووە .

جا ئەم هەوالأنە كاربەدەستانی حكومـەت ئـەيان گێرانـەوە، كـە دژايـەتيی مامۆستايان ئەكرد [216]

جا مامۆستا نوورسيی پێی خۆش بووە ئەم رووداوانە لە خۆی دوور بخاتەوە و ، بە كەرامەتی پەيامەكانی نووريان لە قەڵەم بدات .

دەربارەی كەرامەتيش بەرێز (كمال طان أر) ئەمەمان بۆ ئەگێرتەوە و ئەڵێت :

قوتابيی دوا قۆناغی كۆلێـژی ياسـا بـووم .. ئەبوايـە سـەرمان لـە دادگـا و بەنديخانەكان بدايە .. رۆژێكيان بۆ سەردانی مامۆستا چووم بۆ بەنديخانەی ئەسكی شەهر .. كـە چـوومە ژوورەوە لای ئـەبينم لەسـەر بەرماڵەكـەی دانيشـتووە و، خەريكی خوێندنی ويردی دوای نوێژە .. دەستيم ماچ كرد و ، پێم وت :

ـ مامۆستاكەم ! ئەڵێن كەراماتی غەيبيی زۆرتان پێوە ئەبينرێن ، كەچيی من هيچ حاڵەتێكی لەعادەت بەدەرم پێتانەوە نەديوە، جا ئەگـەر بـە راسـتيی ئـەو

[216] تاريخ حياة الأستاذ ـ حياة أسكي شهر .

حاڵەتانە هەن ، ئەوا لەبەر دەممدا دەریان بخەن ! بۆ نموونە با تەسبیحەکەتان بچێت بەرێوە

مامۆستا زەردەخەنەیەکی کرد و ، ئەم چیرۆکەشی بۆ باس کردم هەتا کارەکە روون بکاتەوە :

ـ پیاوێك کورێکی ئەبێت و یەکجار خۆشی ئەوێت ، چونکە تەنها ئەو کورەی هەبوو .. رۆژێکیان لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ دووکانی دورر و گەوهەر تا هەندێ دیاریی بەنرخی لە ئەڵماس و گەوهەر ، بە پێی حەزی کورە خۆشەویستەکەی ، بۆی بکرێت ، هەتا بیسەلمێنێ، کە یەکجار خۆشی ئەوێت .

دووکان دارەکە سەقفی دووکانەکەی بە میزەڵانی رەنگا و رەنگ رازاندبۆوە ، تا سەرنجی کریارەکان رابکێشێت، کاتێك منداڵەکە چووە ناو دووکانەکەوە، کە بە میزەڵانەکان رازابۆوە ، رەنگە دڵ رفێنەکانیان سەرنجیان راکێشا و بە گریانەوە وتی :

ـ بابە ! ئەمەوێ ئەو میزەڵانانەم بۆ بکریت .. میزەڵانم ئەوێت .

ـ کۆرپە خۆشەویستەکەم ! من گەوهەری بەنرخ و ، ئەڵماسی گران بەهات بۆ ئەکرم . کەچیی منداڵەکە هەر لەسەر داواکردنی میزەڵانەکان سوور بوو .

دوای ئەوەی، کە مامۆستا نموونەکەی تەواو کرد ، وتی :

ـ براکەم ! من شاگرد و خزمەت کارم لە دووکانی گەوهەری قورئانی پیرۆزدا، نەك فرۆشیاری میزەڵانی رەنگا و رەنگ .. لە دووکانەکەمدا میزەڵان نافرۆشم و، دووکان و بازاری منیش تەنها ئەڵماسی نەمری قورئانی پیرۆزی تێدایە ! جا، براکەم ، من سەرگەرمی جاردانم بۆ نووری قورئان .

ئيتر لە مەبەستی مامۆستا تێ گەيشتم و ، هەستم بە هەڵەی خۆم كرد .[٢١٧]
مامۆستا، كە لە ئەسكی شەهر بەند ئەكرێت، پەيوەنديی بە قوتابيەكانيەوە ئەكات و ، بە نامە ئامۆژگارييان بۆ ئەنێرێت ، تا لەسەر كاری پيرۆزيان بەردەوام بن و ، پروپاگاندەی ناحەزان كاريان تێ نەكات .
رۆژێكيان ، كە جەژنی كۆماريی بوو، مامۆستا لەبەردەم پەنجەرەی بەنديخانەكەی ئەسكی شەهردا، كە بەسەر قوتابخانەيەكی دواناوەنديی كچاندا ئەی رِوانی ، دائەنيشێت .. سەير ئەكات وا قوتابييە كچەكان بە بۆنەی جەژنی كۆمارييەوە ، لە گۆرەپان و حەوشەی قوتابخانەكەدا خەريكی ياريی و هەڵ پەركێ و سەماكردنن، لە ناكاو حاڵی ئەو كچە گەنجانە لەسەر شاشەيەكی مەعنەويی دێتە بەرچاوی مامۆستا، كە دوای پەنجا ساڵ چييان بەسەر دێت، ئەوە دێتە بەرچاوی، كە نزيكەی (٥٠)پەنجا لەو كچانە لە كۆی(٦٠)شەصت قوتابيی ئەمرن و ، لاشەيان ئەبێتەوە بە گڵ و ، لەناو قەبردا سزا ئەدرێن و ، دە قوتابييشيان ئەبنە پيرەژنی ناشيرين و ، تەمەنيان ئەگاتە حەفتا و هەشتا ساڵيی، كە دەم و چاويان ناشيرين ئەبێت و ، جوانييان لە دەست ئەدەن و ، لە ئەنجامی قێز و بێز و سووك سەيركردنی كەسانی دەوروبەريان هەست بە ئێش و ئازار ئەكەن و ، لە ژيانی خۆيان بێزار ئەبن ، چونكە لە كاتی گەنجييان‌دا داوێن پاكيی خۆيانيان نەپاراستووە !
كە مامۆستا ئەم ديمەنەی دێتە بەرچاو بەزەيی بە حاڵيان‌دا دێتەوە، و دڵی دێتە كوڵ بۆيان ، بە گەرميی بۆيان ئەگريی ، بە رادەيەك كە سەرنجی هەندێ لە

---

[٢١٧] ذكريات عن سعيد النورسي : ٣٧

هاورێيانى بەندیخانە رائەکێشێ و ، ئەوانيش بە پەلە دێن بە دەميەوە و ، لە هۆى ئەم گريانەى پرسيارى لێ ئەکەن .

ئـەميش داوايـان لێ ئـەكات، كـە ئێسـتا وازى لێ بهێـنن و ، لێـى دوور بكەونەوە .[٢١٨]

ئەمە دڵ و دەروونى ئيماندارە .. بەزەيى بە لێقەوماواندا دێتەوە .. بۆ حاڵى سـەرگەردان و گومرايـان فرمێسـك هـەڵ ئەرێـژێت .. حـەز ناكـات مرۆڤـەكان سەرلێشێواو و بەدبەخت بن و ، سەرەنجاميش ببنە خۆراكى ئاگرى دۆزەخ ..

هەر لە بەندیخانەى ئەسكى شەهردا مامۆستا تيشكى يەكەمى نووسـيى، كـە بريتييە لە ماناى ئيشاريى سيى و سێ ئايەتى قورئانى پـيرۆز، كـە ئامـاژە بـۆ پايەداريى پەيامەكانى نوور ئەكەن .

هەروەها ئەم پەيامانەشى نووسيى: بريسكەى بيست و حەوتەم، كە مامۆستا لە بەردەم دادگاى ئەسكى شـەهردا بـەرگريى لـە خۆى و پەيامـەكانى ئـەكات و، بريسكەى بيست و هەشتەم، كە نامەى دڵدانەوەن بۆ براكانى لـە بەندیخانـەدا و، بريسكەى بيست و نۆهەم، كە بە عـەرەبيى نووسيويەتى و ، بريسكەى سيهەم، كە شەرحى شەش ناوى پيرۆزى (الإسم الأعظم) ئەكات : (الفرد ، الحي ، القيـوم، الحكم ، العدل ، القدوس) و ، تيشكى دووهەم كە تەوحيد ئەسەلمێنێ و، ماناكانى (قل هو الله أحد) روون ئەكاتەوە ..[٢١٩]

---

[٢١٨] الشعاعات : ٢٤٧
[٢١٩] سيرة ذاتية : ٣٠١

بەشی نۆهەم

نەفیی کردن بۆ قەسطەموونیی

قوتابخانەی نووریی دووهەم

١٩٣٦ ـ ١٩٤٣ ز

مامۆستا لە ئەسکی شەهر ساڵێك بەند کرا و ، دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە نەفیی کرا بۆ قەسطەموونیی، کە ئەبوا حکومەت دەستی لە یەقەی بەردایە و ئازادی بکردایە تا لە هەر کوێ پێی خۆشە نیشتەجێ ببوایە

بەڵێ لە ٢٧ / ٣ / ١٩٣٦ دا بەبێ هیچ بەڵگەیەکی قانوونیی نەفیی کرا بۆ شاری قەسطەموونیی .

سەرەتا کە گەیشتە ئەوێ ، بۆ ماوەی سێ مانگ لە بنکەی پۆلیس مایەوە ئەوەبوو لە هەموو لایەکەوە ، بەو پیرییە خەم و خەفەت و دەست لە خۆ بەردان روویان تێ کرد ، بەڵام خوای خاوەنی سۆز و شەفەقەت دەرووی لە مامۆستای بێ ناز کردەوە .. ئەوەبوو ئەو پۆلیسانەی، کە لەو بنکەیەدا لێ پرسراوی بوون ، بوونە دۆستی دڵسۆز و بەوەفا بۆی ، بە رادەیەك، کە هەر کاتێك حەزی لە پیاسە بکردایە ئازادیان ئەکرد تا بە دەوری شاردا بسووڕێتەوە و ، بە دڵ و بە گیان خزمەتیشیان ئەکرد و ، سەرەرای ئەوەش کە ناچاریان نەئەکرد شەبقە لەسەر بکات .

دەربارەی ژيانی ئەو سێ مانگە کە لە بنکەی پۆليس‌دا مايەوە ، وا بەڕێز ئەمين چايەر[٢٢٠] کە نازناوی (چايچيی) بەسەردا بڕرا بوو لە بيرەوەرييەکانيدا بۆمان ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

ڕۆژێکيان چاوم بە پياوێك کەوت، کە سيمای ويقار و زانايەتيی پێوە بەدیی ئەکرا، بەرەو ڕووی ڕۆيشتم و دوای ئەوەی، کە سەلامم لێ کرد، پرسيارم لێ کرد:

- خەڵکی کوێيت ؟ وەڵامی دامەوە :

- لێم نزيك مەکەوە ، چونکە پياوانی پۆليس چاودێريیم ئەکەن ، ئەترسم ئازارت لێيانەوە پێ بگات .

ئەم بەيەك‌گەيشتنە ئەوەندە ڕاستگۆيی و ئيخلاصی تێدا بوو، کە ڕام بکێشێ بۆ لای و، لە هەموو کون و قوژبنێکی شاردا بەدوايدا بگەڕێم ، تا ئەوەبوو، لە بنکەی پۆليسی ناو بازاردا دۆزيمەوە و ، پاشان بۆم دەرکەوت کە جارجار سەر ئەکەوێتە سەر قەڵاکەی قەسطەموونيی و ، پۆليسێکيش دوای ئەکەوێت .

ڕۆژێکيان پۆليسێك هاتە لام و بانگی کردم بۆ سەر قەڵاکە، کە مامۆستا لەوێ بوو، کە بە يەك گەيشتين بە پۆليسەکەی وت: براکەم ! ئەم پياوە يەکێکە لە ناسراوانم ، خۆزگە ماوەمانت بدايە پێکەوە قسە بکەين، پۆليسەکە لێمان دوور کەوتەوە و ، مامۆستاش دەستی بە باس‌کردنی بارودۆخی ژيانی سەختی خۆی و تەن‌نادروستيی خۆی بە بۆنەی ئەوەوە، کە ژەهر کرابووە خواردنەکەيەوە، بۆ کردم ، پاشان وتی: پێويستييم بە هەندێ شەکر و چای و ئەو جۆرە شتانە هەيە و، وتيشی :

---

[٢٢٠] ئەمين چايەر : يەکێك بووە لە پياوماقوولانی عەشرەتە کوردەکان، کە نەفيی کراوە بۆ قەسطەموونيی . کۆشەيەکی بچووکی دروست کردووە تا چای تێدا بفرۆشێت، کە مامۆستای ناسيی بووە دۆستێکی خزمەت گوزاری قورئان و ، زۆربەی کات لە خزمەتی مامۆستادا بووە، پاشان لە بەنديخانەی دەنيزليی لەگەڵيا بەند ئەکرێت و ، لە ساڵی ١٩٦٧يش‌دا لە شاری وان کۆچی دوايی ئەکات ..

- ئەوان ناهێڵن هیچ کەس چاوی پێم بکەوێت، جا من ئەمەوێ بە (مفوض)ەکە بڵێم کە نیازم کردووە نوێنەکەم بفرۆشم ، تا ئەو فرۆشتنە ببێتە هۆیەك بۆ پەیوەندیی نێوان من و تۆ تا ئەم گرفتە چارەسەر ئەکرێت .

ئەوەبوو مامۆستا دەستی بە گیرفانیا کرد و ، سێ لیرەی زێری دەرهێنا و ، خستیە ناو دەستمەوە و وتی :

- ئەم لیرە زێرانە هی رۆژانی جەنگی جیهانیی یەکەمن و ، چەندین ساڵە هەڵم گرتوون ، بیان گرە و ، بە پێی پێویستییم بۆم خەرج بکە .

پێم وت :

- من حاڵ و گوزەرانم باشە و پێویستییم بە پارەی تۆ نیە ، واتە بە پارەی خۆم شتەکانت بۆ ئەکرم، وەڵامی دامەوە :

- بەبێ بەرامبەر لە هیچ کەسێك شت وەرناگرم .

لیرە زێرەکانم هەڵ گرتن و چووم لە بازاردا یەکێکیانم بە پارەی ئێستا گۆرییەوە، بۆ رۆژی دووهەم (مفوض)ەکە بانگی کردم و وتی: ئەو مامۆستایە ئەیەوێ نوێنەکانی بفرۆشێت ، جا ئایا تۆ ئەی کریی ؟ وتم : بەڵێ .

پاشان وتی : چۆن و لە کوێ ئەم پیاوە ئەناسیت ؟

وەڵامم دایەوە: یەکێکە لە ناسراوە پێشووەکانم، کە جاران یەکترمان زۆر ئەدیی.

دوای ئەوەی، کە بۆ کرینی نوێنەکان رەزامەندیيم دەربریی ، پۆلیسەکە بردمی بۆ بنکەی پۆلیس ، تا چاوم بە مامۆستا بکەوێت، کە لە نهۆمی دووهەم دا بوو .. چاوم بە نوێنەکان کەوت و ، دام نا بایی بیست و پێنج لیرە ببێت و ، جارێکی تر دامەوە بە کرێ بە مامۆستا و وتم :

- بەو مەرجەی کرێی نوێنەکان رۆژانە وەربگرم .

بەم شێوەیە ، بە هۆی ئەم نوێنانەوە و ، بە بیانووی کرێ وەرگرتنەوە ، رۆژانە ئەچووم بۆ بنکەی پۆلیس و ، هەرچیی مامۆستا پێویستی بوایە بۆم ئەبرد[٢٢١]

دوای بەسەرچوونی سێ مانگەکە لەبەردەم بنکەی پۆلیس‌دا خانوویەکیان بۆ مامۆستا بە کرێ گرت تا بەردەوام خۆی و میوانەکانی لە ژێر چاودێرییدا بن . مامۆستا ئەمماڵەی بە قوتابخانەی نووریی دووهەم لە قەڵەم داوە ، کە بریتیی بوو لە دوو نهۆم و ، نهۆمی خوارەوەی ئەمباری سووتەمەنیی بوو، و نهۆمی سەرەوەش لە دوو ژوور پێك هاتبوو و ، کرێی ئەم خانووە مامۆستا نوورسیی خۆی ئەیدا مامۆستا حەوت ساڵی لەم خانووەدا بەسەر برد، کە لە تەختە دروست کرابوو و ، کۆمەڵە پەیامێکی زۆری تیا نووسیی، کە یەکێکیان بریتیی بوو، لە (الآیة الکبری) .[٢٢٢]

وەك مامۆستا لەم قوتابخانە نوێیەدا سەرگەرمی دانانی پەیامەکان بوو ، خوای گەورە چەند قوتابییەکی پاك و دڵسۆزی بۆ نارد تا لەو کارە پیرۆزەیدا کۆمەکیی بکەن کە ئەمانە ناودارەکانیانن :

---

[٢٢١] ذکریات عن سعید النورسي : ٤٦

[٢٢٢] هەروەها ئەم پەیامانەشی لە قەسطەموونیی نووسیی :

أ ـ تیشکی سێهەم، کە پەیامی (مناجاة) ە

ب ـ تیشکی چوارەم، کە پەیامی (حسبیة) یە

ج ـ تیشکی پێنجەم، کە باسی هاتنی ئاخرزەمان و دەججال ئەکات .

د ـ تیشکی شەشەم، کە مانای تەشەهود و صەڵەوات ئەکات .

و ـ تیشکی نۆهەم، کە هاتنی رۆژی حەشر ئەسەلمێنێ .

ز ، ح ، ط ـ پاك نووسی تیشکی یەکەم و دووهەم و ، رێك و پێك کردنی پەیامی (حزب الأکبر النوري) کە پوختەی بریسکەی بیست و نۆهەمە . (سیرة ذاتیة : ٣٢٠) .

فەیضیی ، ئەمین ، حیلمیی ، صادق ، نەظیف ، صلاح الدین، ئەمانە ، جگە لە ئەمین چایەر ، دوو ساڵ دوای هاتنی مامۆستا بۆ قەسطەموونیی ، واتە لە ١٩٣٨دا ، دەستیان دایە خزمەتی پەیامەکان، بەڵام ئەمین چایەر لە سەرەتاوە مامۆستای ناسیی وەك لە پێشەوە باس کرا [٢٢٣]

لەو ساڵانەدا، کە ڕۆژی بێ دینیی بوو، ناوی خوای باڵادەست لە بیری خەڵکیی ڕابووییەوە و ، بەرەی تازە دوور لە دین و ڕەوشت پێ ئەگەیشت .. هەر هەموان لەبەردەم لافاوی ئیلحاددا دۆش دامابوون ..

وا بەڕێز (عبد الله یگن) لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو ڕۆژانە ئەکات و ئەڵێت :

لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٠ ـ ١٩٤١دا لە پۆلی دووهەمی ناوەندییدا بووم، و لە ئامادەیی قەسطەموونیی ئەمخوێند، دوای بیستنی هەواڵی مامۆستا لە هەندێ لەوانەی، کە سەردانیان ئەکردین ، کە یەکێکیان ئەو پیاوە بوو خانووی بە کرێ بە مامۆستا دابوو ، زۆر حەزم ئەکرد بە خزمەتی مامۆستا بگەم و سەردانی بکەم، پوختەی ئەوەی کە لە بارەیەوە بیستبووم ئەوەبوو، کە زانایەکی گەورەیە و، دیاریی و پێشکەشیی وەرناگرێت و ، ڕێگە بە هەموو کەسیش نادات سەردانی بکات

ڕۆژێکیان لە کاتی پشووی نێوان دەرسی قوتابخانەدا باسەکەم لای ڕەفعەتی هاوەڵم درکاندو وتم : لە شارەکەماندا زانایەکی گەورە هەیە، ئەویش وتی: من ئەیناسم ،ماڵەکەی لە بەردەم ماڵی ئێمەدایە و ، کەسێکی یەکجار ناوازەیە.. پێکەوە ئەچین بۆ لای ، چونکە من جار بە جار سەردانی ئەکەم .

---

[٢٢٣] سيرة ذاتية : ٣٠٢ ، رجل القدر : ١٨٧ ـ ١٨٨

زۆری پێ نەچوو ، لە کاتێکی گونجاودا سەردانمان کرد .. تەقەمان لە دەرگا دا و، سەرکەوتین بۆ نهۆمی سەرەوە و ، چووینە ژووری دەستە راست و ، یەکەم جار رەفعەت دەستی ماچ کرد و پاشان منیش و دانیشتین .. لەسەر شوێنێکی بەرز، کە لە قەرەوێڵە ئەچوو دانیشتبوو و ، هەتا ئەژنۆی بە لێفە داپۆشیبوو و ، بۆ دواوە پاڵی دابوویەوە و ، کتێبێکی بە دەستەوە گرتبوو و ، قژیشی هەتا نەرمی گوێچکەی بەردابوویەوە

لە کاتێکدا، کە بەسەر چاویلکەکانیەوە سەیری ئەکردین پێمانی وت : یا خوا بەخێر بێن ! پاشان دەربارەی من پرسیاری لە هاوەڵەکەم کرد، ئەویش وتی: هاوەڵی قوتابخانەمە، پرسیاری ناومی لێ کردم و ، لە گەڵمانا زۆر بە مەرحەمەت بوو و ، دەستی کرد بە باسی ئیسلام و ، جوانیی ئیمان و ، باسی مردن و قیامەتیشی کرد ماوەیەك لە خزمەتیا ماینەوە ، پاشان بەجێمان هێشت .

پاشان رۆژێکی تریش سەردانیم کرد خاوەنی تەوازوعێکی زۆر و ، دڵێکی گەورە بوو، کاریگەریی خراپی ئەو فیکر و بیرانەی، کە دژی دین بوون و ، هەندێ مامۆستا لە قوتابخانەدا برەویان پێ ئەدان ، مەگەر بچوومایەتە خزمەتی مامۆستا ئەوسا لە دڵ و دەروونم دوور ئەکەوتەوە، ئیتر، کە لە سەردانی ئەگەڕامەوە دڵم لە ئارامیی و هیوا پڕ ئەبوویەوە ..

لە یەکێك لە سەردانەکانیشمدا پێم وت :

مامۆستاکانمان هەرگیز باسی خوامان بۆ ناکەن ، تکاتان لێ ئەکەم بەدیهێنەرمانمان پێ بناسێنن .

ئەوەبوو دەربارەی ئەو بابەتە دەستی بە شییکردنەوەیەکی تێر و تەسەل کرد[٢٢٤]

مامۆستا بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە قەسطەموونیی مایەوە و ، بەردەوام خەریکی نامە نووسین بوو، و هەموو ڕێگایەکی بەکار ئەهێنا هەتا دەنگی بگاتە لایان و پەیامی نووریان بۆ بنێرێت .. شایانی باسە، کە موسڵمانی وەها هەبووە بە تەنها هەزار نوسخەی لە پەیامەکان نووسیوەتەوە، هی واش هەبووە بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ماڵ دەرنەچووە و ، بەردەوام خەریکی نووسینەوەی پەیامەکان بووە، تا ئەوەبوو(٦٠٠,٠٠٠) شەش صەد هەزار نوسخەیان لێ نووسرایەوە و ، بە نهێنیی بەسەر گوند و شارۆچکەکاندا دابەشیان ئەکردن ، بەمە کۆمەڵێك پیاوی بەغیرەت کەوتنە کارکردن تا لە سەرانسەری تورکیادا پەیامەکان بە خەڵك بگەیەنرێن و وڵاتیان پێ ڕووناك بکرێتەوە

ژمارەی ئەو نامانەی ،کە مامۆستا لە قەسطەموونییەوە ناردنی بۆ قوتابییەکانی لە ئیسپارتە و شارەکانی تر گەیشتە (٢٧٥) نامە ، کە هەیان بوو گشتیی بوو هەشیان بوو، تایبەتیی بوو . (ب : ٢ / ٨٤٤) .[٢٢٥]

لە یەکێك لەو نامانەدا مامۆستا گرنگیی خزمەتی پەیامەکانی نوور ئەخاتە پێش چاوی موسڵمانان .. دەری ئەبرێت، کە گرنگترین فەرمانبەریی بۆ ئەو کەسانەی، کە پابەندی پەیامەکانی نوورن بریتییە لە نووسینەوەیان و بڵاو کردنەوەیان، جا هەر کەس لەو خزمەتەدا بەشدار بێت ئەوە ئەبێتە قوتابیی پەیامەکان و ، لە کردەوەی چاکی مامۆستاش بەشدار ئەبێت و ، لە خێری نزا و

---

[٢٢٤] رجل القدر : ١٨٨ ـ ١٨٩

[٢٢٥] سيرة ذاتية : ٣٠٦

پارانەوەکانی مامۆستای دەست گیر ئەبێت ، کە لە بیست و چوار سەعاتدا(١٠٠) صەد جار زیاتر پێیان ئەپارێتەوە ، ئیتر با بەشداریی کردنی لە کردەوەی چاکی خوشك و برایانیدا لەولاوە بوەستێ .

سەرەرای ئەوەش ئەو قوتابییەی، کە خەریکی نووسینەوە و بلاّوکردنەوەی پەیامەکان بێت ، بە چوار روو چوار جۆرە عیبادەتی وەرگێراوی بۆ ئەنووسرێت :

ئیمانی بەهێز ئەبێت .. هەولّ ئەدا ئیمانی کەسانی تریش لە تیاچوون سەرفراز بکات .. بیرکردنەوەی ئیمانیی دەست گیر ئەبێت ، کە هەندێك جار وەك عیبادەتی سالّێکە و ، کەسانی تریشی بۆ هان ئەدات و .. لە کردەوەی چاکی مامۆستا نوورسییدا بەشدار ئەبێت ، چونکە ئەو خۆی خەتی خۆش نیە و ئەو نەهامەتییانەی، کە یەخەی مامۆستا ئەگرن ، یەخەی ئەمیش ئەگرن .[٢٢٦]

مامۆستا نوورسیی لە قەسطەموونیی سەرگەرمی دانانی پەیامەکانی نوور و ، وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانە بوو، کە لە قوتابیەکانیەوە ، یان لە کەسانی ترەوە ئاراستەی ئەکران ، هەموو جارێکیش بۆ گەران خۆی ئەگەیاندە باخە نزیکەکان و، چەندین سەعاتی رۆژەکانی لەسەر چیا نزیکەکان بەسەر ئەبرد ، وەك چیای (قەرەداغ) و چیای (حاجی بەیرام) ، یان سەرئەکەوتە سەر قەلاّ مێژووییەکەی قەسطەموونیی و ، لەوێ چەندین سەعاتی بە خواپەرستیی و سەرنج دان ، یان بە هەلّگیریی پەیامەکانی نوور بەسەر ئەبرد

بەرێز یوونس چاویش باسی رۆژێکی مامۆستا نوورسیی ئەکات، کە سەر ئەکەوێتە سەر قەلاّکە و ، ئەلّێت :

---

[٢٢٦] الملاحق ـ ملحق قسطموني : ١١٤

رۆژێکیان بەیانیی زوو ، وەك هەموو جارێك (بدیع الزمان) سەرکەوتە سەر قەلاکە و ، لەسەر قوللە بەرزەکە، کە بەسەر شاردا ئەروانێت ، دانیشت و ، دەستی بە کاری خۆی کرد و ، هەردوو قاچیشی شۆر کردبوونەوە

لەو کاتەدا لە شەقامی شارەکەدا و ، لە خوارووی قوللەکەوە پیاوێکی سەرخۆش دەرکەوت، کە ئەو شەوەی بە عەرەق خواردنەوە بەسەر بردبوو و ، بەرەو شوێنی کاری خراپ ئەرۆیشت، کەچیی هەر، کە ئەو سەرخۆشە گەیشتە ئەو شوێنەی، کە مامۆستا بە سەریدا ئەی روانیی ، لە جێی خۆی وشك بوو و ، نە ئەی توانیی هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت و ، نە بۆ دواوە

بەلاَم (بدیع الزمان) بەوپەری شەفەقەت و سۆزەوە سەیری کرد و ، سەلامی لێکرد ، پاشان پێی وت :

ـ براکەم ! بگەرێرەوە .. بگەرێرەوە ! نەچیت بۆ ئەوێ .. بگەرێرەوە بۆ ماڵەوە و، خۆت بشۆ و بگەرێرەوە بۆ لای خوا و ، دەست بە نوێژ بکە .

بە سەرسامیی و سەرسورمانەوە سەرخۆشەکە سەیری مامۆستای کرد و، نەی ئەزانیی چیی بکات، پاشان دەستی دایە گریان و ، بەدوای خۆیدا گەرایەوە و، بە خور فرمێسکیشی هەڵ ئەرێژا و ، رووی لە گەرماو نا و ، خۆی شۆرد و، تەوبەی کرد و ، گەرایەوە ماڵەوە لای ماڵ و منداڵی و ، لەو رەفتارە خراپانەی رزگاری بوو ..

بەرێز (یوونس چاویش) ئەوەش زیاد ئەکات، کە ئەو پۆلیسەی چاودێریی مامۆستای خرابوویە ئەستۆ، کە چاوی لە رووداوەکە ئەبێت ، تێ ناگات چیی

ڕووی داوە، بۆیە بە پەلە ئەچێت بە دوای سەرخۆشە گریاوەکەدا و کاکۆڵی ئەگرێت و ، پێی ئەڵێت :

- پێم بڵێ ! پێم بڵێ ! ئەو کوردە چیی پێ وتیت ؟! [٢٢٧]

لەو ساڵانەدا، کە مامۆستا لە قەسطەموونیی بوو ، (مەدحەت ئاڵتی ئـۆق) یش لەوێ والیی بوو، لێ پرسراوێکی دڵ ڕەق بوو و ، ڕقی زۆریشی لە مامۆستا بوو ، بۆیە بۆ هەلێك ئەگەڕا شەری پێ بفرۆشێ و ئازاری بدات، جا مامۆستاش جل و بەرگی جارانی سەردەمی دەوڵەتی عوثمانیی لەبەردا بوو، و بە پێی یاسای نوێی وڵات ئەو جل و بەرگە لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە یاساغ کرا بوو، بەو پێیە جل و بەرگی عوثمانیی بۆ پیاوان و بەرگی حەیای ئافرەتان قەدەغە کرابوون و، ڕووتیی بۆ ئافرەتان و بەرگی ئەورووپا و لەسەرکردنی شەپقە بۆ پیاوان سەپێنرابوو .. بۆیە ڕۆژێکیان والیی فەرمانی دا مامۆستا دەستگیر بکرێت و ، ببرێت بۆ لای.

ئەم دەنگ و باسە بڵاوەی کرد و ، خەڵك چاوەڕوانی ئـەکرد داخـۆ چـیی ڕوو بدات، بە تایبەت فەرمانبەرانی دەوڵەت، کە پێش هەموو کەس لە فەرمانەکەی والیی ئاگادار بوون ، ئەوانیش چاوەڕوان بوون بزانن هەڵوێستی شێری نـاو بێشـە چۆنە و ، لەگەڵ والییدا چیی ئەکات ؟!

یەکێك لە فەرمانبەرەکانی ئەو شارە ، کە نـاوی "نیـازیی قـاراتکیی" بـوو باسەکە ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

مامۆستا نوورسیی هێنرا و برایە ژوورەوە لای والیی .. لەو کاتەدا دەرگاکە بە تەواویی دانەخرا بوو ، بۆیە دەنگی مامۆستامان بیست، کە بە توورەییەوە ئـەی وت :

---

[٢٢٧] رجل القدر : ١٩١ ـ ١٩٢

ـ مەدحەت ! گوێ بگرە ! ئەو مردنەی، کە ئێوە لێی ئەترسن تەنها پەردەیەکی تەنك لە نێوان ئێمە و ئەودا هەیە و ، هەرکە ئەو پەردەیەمان دریی ئیتر ئێمە لە هیچ شتێك ناترسین، جا ئەگەر لادانێکمان هەیە ئەوا یاسامان بەسەردا جێ بەجێ بکە و هەرچییشت لە دەست دێ دریغیی مەکە

دەم و چاوی والیی زەرد هەڵ گەرا و ، بە پەنجەی لەرزۆکەوە دەستی بۆ زەنگی سەرمێزەکە درێژ کرد و ، چەند پۆلیسێکی بانگ کرد و ، فەرمانی بەسەردا دان مامۆستا بەرنەوە بۆماڵەوە .[٢٢٨]

لە قەسطەموونیی هەندێ لە قوتابییەکانی مامۆستا سەریان لێ ئەدا و هەندێ کاری پێویستیان بۆ ئەنجام ئەدا ، کە یەکێك لەوانە بەرێز ئەمین چایەر بوو، کە لە وەرزی زستاندا بەیانیی زوو ئەچوو زۆپاکەی بۆ دائەگیرساند، وا هەندێ لە بیرەوەرییەکانی ئەو کاتەمان بۆ ئەگێرێتەوە :

سەر لە بەیانیی زوو ئەچووم بۆ لای و زۆپاکەیم بۆ دائەگیرساند .. رۆژێکیان وەك رۆژانی تر چووم بۆ لای .. رۆژێکی یەکجار سارد بوو و بێ ئەوەی بە خۆم بزانم نزیکەی دوو سەعات پێش بانگی بەیانیی چووم بۆ لای .. ئەبینم مامۆستا لەسەر بەرماڵەکەی دانیشتووە و ، خەریکی خواپەرستییە . لەبەر شۆڵەی کزی مۆمدا و، لە سەرمایەکی یەکجار سەختدا ، بە دەنگێکی خەماوییەوە و ، بە گەرم و گوڕییەوە خەریکی تکا و پارانەوە بوو .. منیش وەستام و بۆ ماوەی سەعات و نیوێك سەیری ئەو دیمەنە پیرۆزەم ئەکرد و ، لەبەر سام و هەیبەتیش هەڵ ئەلەرزیم و، هەموو گیانم مووچورکەی پیادا ئەهات، لە دواجاردا لە دوورەوە دەنگی

[٢٢٨] رجل القدر : ١٩٢ ـ ١٩٣

بانگمان بەرگوێ کەوت، بەڵام بانگەکە بانگی ئەو سەردەمە بوو، (واتە بانگی شەرعیی نەبوو ، بەڵکو تەرجەمە تورکییەکەی بوو) .

ئاوڕی دایەوە بۆ لام و وتی :

ـ ئەمین ! .. هەڵەیەکی گەورەت ئەنجام دا .. من سوێند ئەخۆم چەند کاتێکم هەن، کە بە هیچ شێوەیەك ڕێ بە کەس نادەم بێتە ژوورەوە لام . هەڵەیەکی گەورەت کرد جارێکی تر ئەوە دووبارە نەکەیتەوە و ، زوو و ، پێش بانگ نەیەیت .

پێم وت : داوای لێ بووردنت لێ ئەکەم ، گەورەم ! هیوادارم چاوپۆشییم لێ بکەیت . کاتم لێ تێك چوو ، بە ڕاستیی ڕووناکیی مانگەشەوەکە خەڵەتاندمی .. لەمڕۆ بە دواوە پێش بانگ نایەم بۆ لات .[٢٢٩]

لەم کاتەدا مامۆستا زۆر دڵی بە قوتابیەکانی خۆش ئەبێت ، چونکە ئەگاتە ئەو قەناعەتە، کە ئەتوانن جێی مامۆستاکەیان بگرنەوە و ، ئەگەر دنیا بەجێ بهێڵێ هیچ داخێکی بە دڵدا ناچێت ، بگرە مەرگ بە دۆستێك سەیر ئەکات ، چونکە هەتا قوتابییەکانی لە ژیاندا بن و ، بەردەوامیی بە خزمەتەکەی بدەن ، خۆی بە زیندوو ئەزانێت ، بۆیە بەبێ ترس و دڵەراوکە و شڵەژان چاوەڕوانی ئەجەلی خۆیەتی .

پاشان داوا ئەکات، کە بۆ هەتا هەتایی خوا لێیان ڕازیی بێت .

هەروەها مامۆستا دەری ئەبرێت، کە قوتابیانی پەیامەکانی نوور لەو ناوچانەدا گەیشتوونەتە قەناعەتی تەواو و ، ئەشتوانن سوێند بخۆن، کە هەر کاتێك سەرگەرمی خزمەتی نوور بن ژیان و گوزەرانیان بەرەکەتی تێ ئەکەوێت و، ژیانیان

---

[٢٢٩] رجل القدر : ١٩٣

ئاسان ئەبێت و ، دڵ و دەروونیان گوشاد ئەبێت و ، لە شادمانییدا نوقم ئەبن.. هەروەها مامۆستا خۆیشی هەستی بەو لەزەتە ئیمانییە کردووە ، بە رادەیەك، کە نەفسی ئەمارە و شەیتانەکەشی لەبەردەم هێزی ئیمان‌دا سەرسام ئەبن !![٢٣٠]

مامۆستا بە نامە پەیوەندیی بە براکانیەوە ئەکرد و ئامۆژگاریی پێویستی پێشکەش ئەکردن هەتا بە جوان‌ترین شێوە خزمەتی پەیامەکان بکەن، لە یەکێك لەو نامانەدا، کە بۆ موحەممەد فەیضیی[٢٣١] ناردووە ، ئاگاداری ئەکات، کە پێویستیی بە تەقوا و ئیخلاص هەیە هەتا ببێتە هاوتای پاڵەوانەکانی ئیسپارتە و، بتوانێ خزمەتی قورئان بکات .. ئەوەتا ئەڵێت :

((فەیضیی برام !

ئەگەر پێت خۆشە لە پاڵەوانەکانی پارێزگای ئیسپارتە بچی ، ئەوا لەسەرت پێویستە بە تەواوەتیی وەك ئەوان وابی ..

لە بەندیخانەدا شێخێکی مەزن و رابەرێکی لەسەر خۆ و خاوەن جازیبیەتی ئەولیایانی تەریقەتی نەقشبەندییمان ـ رەحمەتی خوای لێبێ ـ لەگەڵدا بوو .. ئەم شێخە بۆ ماوەی چوار مانگ لەگەڵ نزیکەی (٦٠)شەصت قوتابیی نووردا دانیشت و تێکەڵیی کردن و گەلێ قسە و وت و وێژی دڵرفێنی لەگەڵ کردن بە نیازی ئەوەی بۆ سەر تەریقەتیان رابکێشێ، کەچیی جگە لە یەکێکیان ـ ئەویش بە شێوەیەکی کاتیی ـ نەی توانیی کەسیان رابکێشێتە لای خۆی .. بەڵام ئەوانی تریان هیچ

---

[٢٣٠] ملحق قسطموني : ١١٣

[٢٣١] موحەممەد فەیضیی لە ساڵی ١٩١٢ دا لە قەسطەموونیی لە دایك بووە .. بۆ ماوەی شەش ساڵ لە قەسطەموونیی لە خزمەتی مامۆستادا بوو و ، ساڵی ١٩٤٣ لە دەنیزلیی و ، ساڵی ١٩٤٨ یش لە ئافیوون لەگەڵ مامۆستادا بەند کراوە .. پیاوێکی خاوەن تەقوا و شارەزا لە دین بووە، لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە ، رەحمەتی بەلێشاوی خوای بەسەردا برژێ .. (سيرة ذاتية : ٣٠٨) .

پێویستییەکیان پێی نەبوو، هەرچەندە وەلییەکی پیاو چاك بوو ، چونکە ئەو خزمەتە ئیمانییە، کە پەیامەکانی نوور پێشکەشی ئەوانیان ئەکرد سەر و زیادیان بوو، و دڵیان پێی ئەکرایەوە، ئەوەبوو ئەو پاڵەوانانە بە دڵی هۆشیاریان تێ گەیشتن و بە بەصیرەتی نوورانییان ئەم راستییەیان بینیی کە :

خزمەتی پەیامەکانی نوور بریتییە: لە رزگارکردنی ئیمان ، بەڵام تەریقەت و مەشیەخەت پلە و پایەی ویلایەت دەست مرۆڤ ئەخەن .. رزگارکردنی ئیمانی تاقە کەسێکیش لە چنگی گومرایی گەلێ گرنگتر و پاداشتەکەشی یەکجار زۆرترە لە بەرزکردنەوەی دە ئیماندار بۆ پلەی ویلایەت، چونکە ئیمان بەوەی، کە بەختەوەریی هەمیشەیی پێشکەش بە مرۆڤ ئەکات ئەوا مولکێکی لە هەموو زەویی فراوانتری بۆ مسۆگەر ئەکات، بەڵام ویلایەت بەهەشتی ئیمان دار فراوانتر و گەشاوەتر ئەکات ، جا هەروەك بەرزکردنەوەی پلەی مرۆڤێکی ئاسایی بۆ پلەی پادشایی گەورەترە لە بەرزکردنەوەی دە سەرباز بۆ پلەی فەرماندە ، هەروەها پاداشتی رزگارکردنی ئیمانی تاقە مرۆڤێکیش گەورەتر و زۆرترە لەوەی دە کەس بۆ پلەی ئەولیای پیاوچاك بەرز بکرێنەوە

ئا ئەم نهێنییە وردە بوو، کە دڵە وریاکانی براکانی ئیسپارتەت بینیبوویان ، ئەگەرچیی عەقڵی هەندێکیان پەی پێ نەبردبوو .. لەبەر ئەوە دۆستایەتیی کەسێکی لاوازی گوناهباری وەك منیان گەلێك پێ باشتر بوو، لە دۆستایەتیی چەندەها ئەولیای گەورە گەورە ، بگرە موجتەهیدانیش گەر دەست بکەون .

جا لەسەر بناغەی ئەم راستییە :

ئەگەر قوطبێك لە ئەولیاکان یان شێخێکی گەورەی وەك گەیلانیی هات بۆ ئەم شارە و پێتی وت : (لە ماوەی (١٠)دە رۆژدا بە پلەی ویلایەتت ئەگەیەنم) و

تۆیش شوێنی کەوتیت و وازت لە پەیامەکانی نوور هێنا ، ئەوا ناتوانیت دۆستایەتیی پاڵەوانەکانی ئیسپارتە بکەیت !)) .[٢٣٢]

مامۆستا بە باسێکی ناوکرۆکی دڵی خۆی غیرەت ئەخاتە بەر قوتابییەکانی تا بە هیچ شێوەیەك دەست لە خزمەتی پەیامەکانی نوور هەڵ نەگرن و ، دڵیان سارد نەبێتەوە

دەری ئەبرێت، کە بە نزیکەی هەزار تاقیکاریی قەناعەتی تەواوی کردووە، کە هەر رۆژێك خزمەتی پەیامەکان بکات ، بە پێی پلەی ئەو خزمەتە هەست بە ئاسوودەیی و بارسووکیی و شادمانیی و بەرەکەت ئەکات لە دڵ و لاشە و مێشك و ژیان و گوزەرانیدا، هەروەها زۆرێك لە براکانیشی لە شوێن و جێگای جۆر بە جۆردا ئەو هەستەیان کردووە و ، مامۆستاش بیروباوەری وەها بووە، کە ژیان و گوزەرانی بەو بۆنەوە بووە و ، ئەش گێرێتەوە، کە لە ئیمام شافیعییەوە خوا لێی رازیی بێت گێرراوەتەوە، کە فەرموویە: من زامنی رزقی ئەو قوتابییەم، کە بە خالیصیی دوای زانست کەوتووە ، چونکە بەرەکەت و فراوانیی لە رزقیاندا هەیە.

جا خۆ دیارە قوتابیانی پەیامەکانی نووریش ئەوەیان سەلماندووە، کە بە راستیی هەڵگری سیفەتی قوتابیی زانستن لەم سەردەمەدا، بۆیە لەسەر قوتابیان پێویستە دان بە خۆیاندا بگرن و ، واز لەو خزمەتە مەزنە نەهێنن ئەگەرچیی لەگەڵ گرانیی و برسێتیی رووبەروو بوونەتەوە .. بگرە لەسەریان پێویستە سوپاسێکی زۆری پەروەردگار بکەن وا بوونەتە هەڵگری ئەم خزمەتە مەزنە و ، قەناعەت بە کەم دەستیی و گوزەران تاڵیی بکەن تا لە خزمەتی پەیامەکان بێ بەش نەبن .[٢٣٣]

---

[٢٣٢] الملاحق ، ملحق قسطموني : ١٣٢
[٢٣٣] الملاحق ، ملحق قسطموني : ٢٠١

هەر لـە قـەسطەمـوونیی چـەند جارێـك لەلایـەن کاربەدەسـتانی ئاسایشـی حکومەتەوە هەوڵ درا ژەهر دەرخـواردی مامۆسـتا بـدرێت، ئـەوەبوو ژەهریـان ئەکردە ناو خۆراکەوە بۆی ، یان سیخورێکیان ئەناردە لای هەتا میوەی ژەهراویی پیٚ بدرێت .

جارێکیان مامۆستا ـ وەك جـارانی تـر ـ بـە سـواریی ئەسـپێکی خـوازراوی ناسراوێکی بەرەو چیا نزیکەکان رۆیشت ، هەتا بـە برینـی رێگـای زۆر مانـدوو نەبێت، لەویٚ لەسەر شاخ پیاوێك لە مامۆسـتا نزیـك ئەکەوێتـەوە، کـە زووتـر مامۆستا ناسیی بووی ، بەڵام نەی زانیی بوو، بە کریٚ گیراوی دەوڵەتە و ، هەندیٚ خۆراکی ژەهراویی دەرخوارد ئەدات ..

دوای ماوەیەك مامۆستا هەست بە ئـازار ئـەکات و ، ئەیـەویٚ بگەرێتـەوە ، کەچیی بەسەر پشتی ئەسـپەکەوە ئەکەوێتـە خـوارەوە و ، بـە دەسـت ئـازارەوە ئەتلێتەوە و ، ئەسپەکەش بە تەنیا ئەگەرێتەوە ناو شار .

کە یەکێك لە قوتابییەکانی دیی وا ئەسپەکە بەبیٚ مامۆستا گەراوەتەوە ، بـە پەلە بەرەو شاخەکە کەوتە ریٚ و قوتابیەکە یارمەتیی مامۆستای دا و پێکەوە گەرانەوە دوا و ، لەسەر نوێنەکەی رای کشاند و ، چەند رۆژێك هەروا بە نەخۆشیی مایەوە ، تا لە ئەنجامدا خوا شیفای بۆ نارد [٢٣٤]

دەوڵەت بە هەموو شێوەیەك تەنگی بە مامۆستا هـەڵ ئەچـنی و ، بـەردەوام کاربەدەستان هەڵمەتیان ئەبردە سەر ماڵی مامۆستا و قوتابیەکانی و دەستیان بە پشکنین ئەکرد

[٢٣٤] ذکريات عن سعيد النورسي : ٦٨ ـ ٦٩

بەرێز ئەمین ئەڵێت : پەیامەکانی نوور و نامەی ئاساییشمان لە گەنجینەی دار و تەختەدا و لە ژێر سووتەمەنییدا ئەشاردنەوە، ئەوەبوو جارێکیان توانییان دەست بەسەر هەموو ئەو نامانەدا بگرن، کە بۆ مامۆستا هاتبوون .. دایان بەسەر ماڵەکەدا و ، بە وردیی خەریکی پشکنیینمان بوو، بە رادەیەك، کە پشتی سەعاتەکەیان لادا و سەیری ناوەوەیان کرد ، پاشان من و بەحریی برام و موحەممەد فەوزییان برد بۆ پۆلیسخانەکە و ، تەنگیان پێمان هەڵ چنی و ، پێمانیان ئەوت :

ـ ئێوە کۆمەڵەیەکی نهێنیتان پێك هێناوە، پێمان بڵێن : پەیوەندیی بە کێوە ئەکەن ؟ پاشان هەر یەکەمانیان خستە ژوورێکی سەربەخۆوە و بەندیان کردین .

موحەممەد فەوزیی بە بەرێوەبەری پۆلیسخانەکەی وت :

ـ جەنابی بەرێوەبەر ! مەبەستی پەیامەکانی نوور بریتییە لە روون کردنەوەی راستییەکانی قیامەت ، ئیتر ئێمە بایەخ بە کاروباری دنیا نادەین، ئەگەر پێیشت خۆش بێت چەند برگەیەکتان بۆ ئەخوێنمەوە

دەربارەی راستییەکانی ئیمان و راستییەکانی قورئان دەست بە خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور ئەکات، بەرێوەبەریش ماوەیەك گوێی بۆ ئەگرێت ، پاشان بە تووڕەییەوە بێ دەنگی ئەکات و پێی ئەڵێت :

ـ بیروبۆچوونی منیش ژەهراویی ئەکەن ، بێ دەنگ بە

لە کاتی پشکنینی ماڵەکانماندا هەندێ پارە لە سندوقێکی ماڵەکەی مندا دۆزرایەوە بایەخێکی گەورەیان بە مەسەلەی ئەو پارەیە دا و ، لەسەری تەنگی زۆریان پێمان هەڵ چنی ، بە تایبەتیی (عوني دۆغان) ی والیی ، کە پرسیاری لێمان ئەکرد :

ـ ئەم پارەیەتان لە کوێ بوو ؟ بێ گومان ئەم پارەیە پارەی کۆمەڵە نهێنییەکەیە

پێم وت :

ـ کاتێك، کە لە شارەکەی خۆمەوە هاتم بۆ ئێرە ، ئەم پارەیەم هەبوو ، چونکە من لێپرسراوی بەخێوکردنی نزیکەی (١٥) کەسم، بێ گومان ئەوەندە کەسیش پێویستییان بە دوو هەزار لیرە ئەبێت، پاشان ئێوە ئەتوانن لە قائیم مەقامی شارەکەم (ئاهەلت) دەربارەی باری دارایم پرسیار بکەن .

کە دییان هیچ بەڵگەیەکیان لە دژمان بە دەستەوە نیە و ، ئێمە هیچ تاوانێك یان گوناهێکمان ئەنجام نەداوە ، کەوتنە بایەخ دان بە مەسەلەی ئەو پارەیە، کە بریتیی بوو لە دوو هەزار لیرە [٢٣٥]

بۆ چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی پەیامەکان و زیادکردنی ژمارەی قوتابیانی نوور ، وا ئەم بیرەوەرییانەی بەرێز (صلاح الدین) چەلەبیی ، کە لەو ماوەیەدا مامۆستای ناسیوە و خەڵکی ئینەبۆڵیی بووە ، ئەخەینە بەرچاوی خوێنەری بەرێز، کە ئەنووسێت :

باوکم چوو بۆ قەسطەموونیی و ، کە گەرایەوە پەیامی (حسبنا الله ونعم الوکیل) ی پێ بوو، کە تیشکی چوارەمە، ئەوەبوو نوسخەیەکی لەبەر نووسییەوە، ئەوسا دای بە من و ، دوای ئەوەی، کە ناونیشانی شوێنی مامۆستا و چۆنیەتیی دۆزینەوەی بۆ باس کردم ناردمی بۆ قەسطەموونیی .

کە گەیشتمە قەسطەموونیی ، گەرام بە دوای بەرێز ئەمین چایەردا ، کە پیاوێکی عەشرەتی کورەسین بوو، لە خۆرهەڵاتی وڵات و ، لە نزیك مزگەوتی (نصر الله) دا چایخانەیەکی ئەگێرا و ، هەروەها گەرام بە دوای بەرێز ئەحمەد

[٢٣٥] رجل القدر : ١٩٤ ـ ١٩٥

قووزووی کوری حاجیی طـاهیریدا، کە لە رێــی ئەوانــەوە ئـەمتـوانیی مامۆســتا بدۆزمەوە

لەگەڵ (صلاح الدین) ی کوری بەرێز ئەحمەد قووزوودا بەرەو ماڵی مامۆستا کەوتینە رێ، مـامۆستا لە ماڵەوە نـەبوو ، بـەڵکو چـوو بـوو، بـۆ سـەر چـیای (قەرەداغ) ، (صلاح الدین) ئامادەیی دەربریی، کە بێت لەگەڵمدا بۆ ئەوێ ، بەڵام لەبەر ئەوەی، کە منداڵێکی بچووك بوو، ئەوەم دایە دواوە و ، داوام لێ کرد ناونیشانی رێگاکەم بۆ هەڵ بدات، سەرکەوتمە سەر ئەو شاخەی، کە سەعاتێك لە شارەوە دوور بوو .. لەوێ لەسەر بەرزاییەکی شاخەکە و لە ژێر درەختێکی بەرزدا پیاوێك نوێژی ئەکرد و پۆشاکێکی یەکجار سپیی لە بەردا بوو، لە دڵـی خـۆمدا وتم : بێ گومان ئەمە خۆیەتی .. لێی نزیك کەوتمەوە و سەلامم لێکرد، بە سەری ئیشارەتی بۆ کردم، کە دانیشە، منیش دانیشتم .. بە دەنگێکی خەمبارەوە لـە خوا ئەپارایەوە و ، بۆ سەلامەتیی مرۆڤایەتیی و ، بـۆ ئاسـایش و بەختـەوەریی جیهانی ئیسلامیی لە دنیا و لە قیامەتدا دوعای ئـەکرد .. دوای تـەواوبوونی دوعاکەی وتم : ئامین، پاشان ئەو کتێبەی لەگەڵ خۆم هێنابووم دامە دەستی

پـێم وت : بـەخێر هاتیـت ، براکـەم ! هیـوادارم چـاوەروانیی بکـەیت هـەتا هەڵەگیریی ئەم پەیامە بکەم .

هەڵەگیرییەکە نزیکەی نیو سەعاتی خایاند بۆ یەکەم جار بـە وردیـی سـەرنجم دا .. بەوپەری بایەخ پێدانەوە خەریکی هەڵەگیریی پەیامەکە بوو .. هەڵـەگیریی هەر ناتەواوییەکی ئەکرد، کە لە پیت و وشەکان ، یان هەر ناتەواوییەك، کـە لـە خاڵەکاندا هەبێت ، پاشان ئاوری دایەوە بۆ لام وەك بپرسـێت : مـا شـاء الله .. دەست خەتت چەندە خۆشە ! ئەگەر پەیامێکت بدەمێ ئایا لەبەری ئەنووسیتەوە ؟

كە پێم وت : من بە هەموو شادمانییەكەوە ئەو كارە ئەنجام ئەدەم ، ناميلكەی (وتە بچووكەكان) ی لە (وتەی يەكەم) ەوە هەتا (وتەی نۆهەم) دا پێم . هەروەها (وتەی يانزەهەم) و (وتەی دوانزەهەم) ی نارد بۆ باوكم بۆ لەبەر نووسينەوەی و ئەی وت :

ـ ئەگەر توانيی بينووسيتەوە با بينووسيتەوە پاشان بينێرێ بۆم بۆ هەڵەگيريی . گرنگ ئەوەيە نووسينەكە بە تەواويی وەك ئەسڵەكە بێت .

بەم شێوەيە پەيامەكانی نوور هاتنە ئينەبۆڵيی .. ئەوەبوو دوای ئەو كاتە صەدان پێنووس لەم شارۆچكەيەدا دەستيان دايە نووسينەوەی پەيامەكانی نوور.

لە نێوان نووسەرەوانی پەيامەكانی نووردا بەرێزان ، نافيذ و ، ئيبراهيم و، عيززەت و ، ضياء و ، عوثمان و ، صاليح و ، عومەر و ، .. غەيری ئەوانم لە يادن .. پێنووسی ئەو بەرێزانە ، وەك چاپخانە ، بەبێ ماندوو بوون ، بە درێژايی پێنج ساڵ كاريان كرد هەروەها پۆستەچيی نوور لە نێوان ئينەبۆڵيی و قەسطەموونيی و ، لە نێوان ئينەبۆڵيی و شارەكانی تری ئەنادۆڵدا كەوتنە كار، كە ناودارەكانيان رەجەب ديلەك و ئەحمەد گور ئۆغلۆ و داگيرمانجيی ئۆغلۆ بوون ..

لە كاتێكدا كە چالاكيی بەم شێوەيە بەبێ پچران بەردەوام بوو ، لە يەكێك لە نووسينگەكانی ئەستەنبوڵدا چاوم بە ئامێرێكی رۆنيۆ كەوت .. ئەم ئامێرە توانای چاپ كردنی صەد لاپەرەی لە يەك دەقيقەدا هەبوو، ساتێك دوودڵ نەبووم، ئەوەبوو كريم و ، هێنامەوە بۆ شارەكەم ئينەبۆڵيی، لەوێ دەستم بە چاپ كردنی چەند نوسخەيەك لە پەيامی (آية الكبرى) كرد ، كە بريتيی بوو لە تيشكی حەوتەم، كە نوسخەی يەكەمم نارد بۆ مامۆستا زۆر پێی شادمان بوو، و ئەم دوعايەشی لە دوا لاپەرەيدا نووسيی :

(پەروەردگارم ! بەرێز نەظیف [٢٣٦] و هاوکارانی ـ ئەوانەی، کە بە یەك جار ٥٠٠ نوسخەیان نووسییەوە ـ بە بەهەشتی فیردەوس بگەیەنە) . [٢٣٧]

مامۆستا عەبدوڵڵا یەگەنیش لە بیرەوەرییەکانیدا باسی بارودۆخی ئەو سەردەمە ئەکات و ئەڵێت :

لە بەهاری ١٩٤٣دا پشووی بەهار نزیك بوویەوە .. ڕۆیشتین بۆ سەردانی مامۆستا .. چەند دەرسێکی ئیمانیی بەنرخی پێ وتین ، پاشان وتەیەکی ئاراستە کردین، کە هەرگیز لە بیرم ناچێت . وتی :

ـ براکانم ! ماوەیەکی زۆرم بەسەردا تێپەڕیوە بێ ئەوەی لە هیچ شوێنێکدا لە هەشت ساڵ زیاتر بمێنمەوە ، جا وا ئێستا هەشت ساڵ بەسەر هاتنمدا بۆ ئێرە تێپەڕیوە ، لەبەر ئەوە یان ئەمساڵ من ئەمرم ، یان ئەگوێزرێمەوە بۆ شوێنێکی تر .. لەبەر ئەوە لەوانەیە جارێکی تر بە یەك نەگەینەوە و ، ڕۆژێکیش دێت، کە قوتابیانی نوور بە هەموو لایەکدا بڵاوە ئەکەن ، جا ئێوە لە یەکتر جوێ نەبنەوە و، دەست بەرداری پەیامەکانی نووریش نەبن .

بەم وتەیەی مامۆستا هەستم بە خەفەتێکی قووڵ کرد، کە خەمبارییە زۆرەکەیمی دیی پێمی وت :

ـ نەشلەژێیت و خەمباریش نەبیت ! .. إن شاء الله بە یەك ئەگەینەوە

دوای سێ مانگ پشوو تەواو بوو ، لەبەر ئەوە لە (ئاراج) ەوە [٢٣٨] گەڕامەوە بۆ قوتابخانە لە قەسطەموونیی، حەزم لە سەردانی بوو .. ئەوەبوو زانیم، کە یەکێ لە قوتابیەکانی، کە بەرێز ئەمین چایەر بوو ، ئاگادار کردووە و پێی وتووە :

---

[٢٣٦] مەبەست نەظیف چەلەبییە، کە باوکی خاوەنی ئەم بیرەوەرییانە کاك صلاح الدین چەلەبییە .

[٢٣٧] رجال القدر : ١٩٥ ـ ١٩٦

ـ کاربەدەستان چاودێرییم ئەکەن ، بۆیە وای بە چاك ئەبینم هیچ کەس سەردانم نەکات .

لەبەر ئەمە نەمان توانیی سەری لێ بدەین .

رۆژێکیان ، لە کاتی پشووی نێوان دەرسەکاندا ، لە دواناوەندیی قەسطەموونیی زانییم مامۆستایان دەست گیر کردووە و سواری عەرەبانەیەکیان کردووە، کە ئەسپ رای ئەکێشا، سەبەتەیەك، کە لە پەلکی دارخورما چنرا بوو ، لەگەڵ کتلییەکی ئاو و ، کەل و پەلێکی سادەی چالێناندا لە تەنیشتیدا بوو .. عەرەبانەکە وەستا و ، ئەویش دابەزیی .. رەئیس عورەفایەکی پۆلیس لەگەڵ چەند پۆلیسێکدا لە تەنیشتیدا بوون خێرا خەڵکێکی زۆر لە دەوری جەم بوون .. کڵاوێکی رەشی بەسەرەوە بوو، و جبەیەکی درێژی رەشیشی لەبەردا بوو .. لەو سەردەمەدا کارێکی موستەحیل بوو کەسێك بەو جل و بەرگەوە بگەرێت ، بە تایبەتیی لەگەڵ پۆلیسدا

کاتێك، کە قوتابیەکان بایەخ پێدان و سەرنج دانی منیان بۆ وێنەکەی مامۆستا دیی دەستیان کرد بە گاڵتەکردن لەگەڵمدا و وتیان :

ـ ئەمە موریدی (بديع الزمان) ە

ئا لەو کاتەدا زەنگ لێی دا و ، چووینە پۆلەکانمانەوە [٢٣٩]

لە ساڵی ١٩٤٣دا دەوڵەت زیاتر تەنگی بە مامۆستا نوورسیی و قوتابیەکانی هەڵ چنیی .. ئەوەبوو لە ٣١ ی ئابی ١٩٤٣دا پۆلیس دایان بەسەر ماڵی مامۆستادا و کون و قوژبنیان پشکنیی و ، جگە لە چەند پەیامێکی نوور، کە

---

[٢٣٨] لەوە ئەچێت ناوی گوندەکەی بێت .

[٢٣٩] رجل القدر : ١٩٦ ـ ١٩٧

باسی ئیمان و رەوشتیان ئەکرد و ، جگە لە چەند نامەیەکی نێوان خۆی و قوتابیی و ناسراوانی هیچیان نەدۆزییەوە .

بۆ دووهەم جار لە ١٨ ی ئەیلوولی هەمان ساڵ دا ، کە لە (١٠)دە رۆژەی کۆتای رەمەزانی پیرۆزدا بوو ، دایانەوە بەسەریا و زۆر بە وردیی ماڵەکەیان پشکنیی، کەچیی وەك جاری پێشوو هەر تەنها پەیامی نووریان دۆزییەوە ..

بۆ جاری سێهەم دوای دوو رۆژ فەرمانی گرتنی مامۆستایان دەرکرد ، واتە لە ٢٠ ی ئەیلوولدا رەوانەی ئەنقەرە کرا

گرتنی ئەم جارەی مامۆستا لەسەر هەمان تاوانە پێشووەکان بوو، کە بریتیی بوون لە : پێكهێنانی کۆمەڵەیەکی نهێنیی و ، هەڵنانی جەماوەر دژی حکومەتی عەلمانیی و ، هەوڵدان بۆ رووخاندنی رژێمی حوکم و ، برینی سیفەتی دەججال بەسەر موصطەفا کەمالدا

وا بەرێز (ضیاء دیلك) یش بیرەوەریەکانی دەربارەی گواستنەوەی مامۆستا نوورسیی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

سواری پاس بووم تا بگەمە شوێنی فەرمانبەرییەکەم لە شاری ئیلگاز ئەوەبوو لە ئەلووك باش لەلایەن پۆلیس و ژاندرمەوە ئوتومبێلەکە وەستێنرا ، کە ئەوەبوو سێ کورسیی دواوەی تەرخان کردبوو بۆ مامۆستا نوورسیی .

کاتێك، کە ئوتومبێلەکە کەوتە رێ تەندروستیی مامۆستا تێك چوو ، کە ئەو کاتە پیرەمێردێك بوو لە تەمەنی حەفتا ساڵییدا، کاتێکیش، کە مامۆستا وتی: (مادەم ئەوان بە تاوانبارێکی سیاسییم لە قەڵەم ئەدەن ، ئەوا لە سەریان پێویست بوو بۆ گواستنەوەم ئوتومبێلێکی تەکسییم بۆ تەرخان بکەن) ، ئەو سەربازەی، کە لە تەنیشتمدا دانیشتبوو لە جێی خۆی هەستا و بە مامۆستای وت : (مامۆستا گیان ! فەرموو ، لە جێگەکەی مندا دانیشە)، بەم شێوەیە سەربازەکە و

مامۆستا جیٚ گۆرکێیان کرد   من ئەترسام ، لەبەر ئەوە نەم ئەتوانیی بایەخ بە مامۆستا نوورسیی بدەم ، یان دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەم .

کە مامۆستا لە تەنیشتمدا دانیشت پرسیاری ناومی لیٚ کردم و ، کە پێم وت ناوم (ضیاء دیلك) ە ، وتی : ضیائی دۆستمان تۆیت ؟ ئایا هاتووی لـە بریـی دانیشتوانی قەسطەمـوونیی خواحـافیزییم لیٚ بکـەیت ؟ پاشـان ئـاوری بـۆ لای (صفوت) ی سەرباز دایەوە ، کە پاسەوانی بوو، و لە دوایەوە دانیشتبوو و پێی وت : صەفوەت ! کاتێك، کە داتان بەسەر ماڵەکەمدا ، من چ ئایەتێکی قورئانی پیرۆزم ئەخوێند ؟ پاشان پارچە کاغەزێکی داوا کرد و ئەو ئایەتەی بۆ نووسییم ، پاشان کاغەزەکەی دایە دەست صەفوەت و ئەو ئایەتەی پیشان دا، کە ئایـەتی :

﴿ وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٤٨﴾ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡهُ وَإِدۡبَٰرَ ٱلنُّجُومِ ﴿٤٩﴾ ﴾ (الطور : ٤٨ ـ ٤٩)

پاشان ئاوری دایەوە بۆ لام و وتی :

ـ ضـیاء ! مژدە بە دۆستەکانت بدە و ، پێیان بڵیٚ : خەمیان نـەبێت ، بریـار دەرناچێت بۆ تاوانبارکردنمان ، یان هودنەیە ، یان رێك کەوتن .

ئەوەبوو لە رێی منەوە سەلام و هەندیٚ هەواڵی بۆ دۆستانی ئەنارد، کـە بەنـد کرابوون ، بە مەرجێك من هێشتا بەند نەکرابووم .

پاشان وتی :

ـ هیـوادارم داوا لـە کـاکی شـۆفێر بکـەن ـ ئەگـەر رازیـی ئـەبێت ـ بـا ئوتومبێلەکەی بوەستێنیٚ ، هەندیٚ ئامۆژگارییم پێیە بۆ ئەو برایانەی، کە لێرەدان، چونکە لە دیندا زۆرکاریی نیە

شۆفێر ئوتومبێلی وەستاند و ، مامۆستایش ئاوری بـۆ لای دانیشـتوانی نـاو ئوتومـبێلەکە دایەوە و وتی :

ئەمشەو ئیحتمالی زۆرە شەوی قەدر بێت ، پاداشتی خوێندنی قورئان لە رۆژانی ئاساییدا دە چاکەیە بۆ هەر پیتێك و ، لە رۆژانی مانگی رەمەزاندا پاداشت ئەبێتە هەزار چاکە ، بەلاّم لە شەوی قەدردا پاداشت(٣٠,٠٠٠) سیی هەزار چاکەیە، ئەگەر پێتان بڵێم پێنج لیرەی زێرتان دەست ئەکەوێت ئەگەر فلاّنە کار بکەن ، ئایا ئێوە حەز ئەکەن ئەو لیرانەتان دەست بکەون ؟

نەفەرەکان وەلاّمیان دایەوە : بەڵێ ، حەزمان لێیەتی، پێی وتن :

ئێوە لە بەختکردنی هەموو توانا و هەموو هێزێکتاندا بۆ دەست خستنی پێنج لیرەی زێر لەم دنیا بەفەناچووەدا هیچ درێغییەك ناکەن ، دەی ئایا حەز ناکەن هەندێ توێشوو هەڵ بگرن بۆ ژیانی هەمیشەیی و نەمرییتان .

کاتێك، کە نەفەرەکان وەلاّمیان دایەوە : بەڵێ حەزمان لێیەتی ، پێی وتن :

کەواتە ، ئەگەر هەموو موسڵمانێك لێرە سێ جار سوورەتی (الإخلاص) و ، یەك جار سوورەتی (الفاتحة) و (آیة الکرسي) بخوێنێ ئەوا هەندێ توێشووی بۆ ژیانی هەمیشەیی پاشەکەوت کردووە

شۆفێرەکە و نەفەرەکان وتیان : خوا لێت رازیی بێت مامۆستا گیان .

دوای کەمێك کاتی بەربانگ هات و ئوتومبێلەکە لەبەردەم کانیاوێکی سەوزەلاّنەکانی ئیلگازدا، کە بە جوانیی و رازاوەیی بەناوبانگن ، وەستا بۆ خواردنی نانی ئێوارە ، لەوێ ئەو خواردنەی، کە شارەوانیی نادبووی بۆ مامۆستا لەگەڵ ئەو خواردنەی، کە پێم بوو، گۆڕیمانەوە .. بەربانگمان کردەوە و ، لەوێ ماینەوە هەتا نوێژی عیشا و پێکەوە نوێژمان کرد ، ئیتر لەوێ لە مامۆستا جیا بوومەوە و ، بەرەو کارەکەم رۆیشتم ، بەلاّم دوای ماوەیەك منیشیان گرت و بردمیان بۆ دەنیزلیی، کاتێك، کە گەیشتمە دەنیزلیی هێشتا مامۆستایان بۆ

ئەهێنا بوو .. لەوێ لە بەندیخانەی دەنیزلیی بە گەرمیی لێیــان ئەپرسـیم : ئایـا مامۆستات بینیی ؟

ئەو کاتە ئەو ئایەتەم هاتەوە یاد، کە مامۆستا لە رێگای ئیلگـازدا و لـەناو ئوتومبێلەکەدا بۆی خوێندمەوە تا بی نووسم، لـە گیرفـانمدا دەرم هێنـا و بـۆم خوێندنەوە، دوای ئەوە ئەوەی لە رێگـادا رووی دا بـۆم گێرانــەوە، دۆسـتان بـە بیستنی ئەمە مژدەیان وەرگرت و زۆرێك شادمان بوون و دەروونیان حەسایەوە

مامۆستا گەیشتە ئەنقەرە و ، لە ئوتێلێكدا دابەزیی و ، بریار وا بـوو، دوای چاوپێکەوتنی والیی ئەنقەرە لەسەر گەشتەکەی بەردەوام بێت .

(صلاح الدین) چەلەبیی، کە یەکێکە لە قوتابیانی نوور و بەر ئەو بەندکردنەی ئەنقەرەش کەوتووە ، باسی ئەو کاتە ئەکات :

لەم کاتانەدا رەئیس عورەفا ناجیی هات و بە هەڵ چوونێکەوە ، وەك هەواڵێکی ناخۆشیی گەورە بڵاو بکاتەوە ، وتی :

مامۆستا (بدیع الزمان) یان لە قەسطەموونییەوە هێناوە و ، ئەمشەوی لـە ئـوتێلێکی ناوچـەی (جـانقری قـاپی) بەسـەر بـردووە و ، خزمــەت گـوزارانی ئوتێلەکەیان گۆریون بە پۆلیس ، هەروەها پۆلیسێکیان لە بەرگی شاگرددا خستۆتە خزمەتیەوە

دوای کەمێك بانگیان کـردم بـۆ ژووری بەرێوەبـەری لقـی یەکـەم .. چـوومە ژوورەوە مامۆستا دانیشتبوو .. چەمامەوە بەسەر دەستیدا و ماچـم کـرد دەستی گەرم بوو .. دەستیم لە دەستمدا هێشتەوە و زۆریش نـەخۆش و مانـدوو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا رووی وتاری کردە بەرێوەبەر و وتی :

ئەمانە رۆڵەی ئیماندار و قوربانیی دەرن بۆ ئەم نیشتمانە، هەرگیز نـاگونجێ ئاسایش تێك بدەن، بە پێچەوانەوە ئەمان پارێزگاریی ئەمن و ئاسایش ئەکەن .

پاشان ئاوری دایەوە بۆ لام و وتی : نەترسیت .[٢٤٠]

مامۆستا لە گەڵ (١٢٦)سەد و بیست و شەش قوتابیی نووردا، کە لە شارە جۆر بە جۆرەکانەوە ، بە بیانووی دۆزینەوەی تیشکی پێنجەم، کە باسی دەججال و سوفیانیی ئەکات ، کۆ کرابوونەوە ، گەیەنرانە ئەنقەرە[٢٤١]

هەر، کە والیی ئەو کاتەی ئەنقەرە نەوزاد طان دۆغان هەواڵی گەیشتنی مامۆستا نوورسیی بیست ، ناردی بە دوایدا، دەنگ و باسێکی یەکجار زۆری لە بارەیەوە بیستبوو، ئەم پیاوە چۆن پیاوێکە وا لە ماڵ دەرناچێ و ، سیخور و هەواڵدەر وان بە دەوریدا ، کەچیی لەگەڵ ئەوەش‌دا کاری کردۆتە سەر هەموو تورکیا ؟! ئەم پیاوە چۆن توانیویەتی بەرامبەر بە دەوڵەت بووەستێ و جل و بەرگێك بپۆشێت، کە پێچەوانەی یاسای دەوڵەتە ؟ والیی هاتە سەر ئەو بڕیارە، کە ئەبێت سنوورێك بۆ ئەم باروودۆخە دابنرێت و ، نوورسیی ناچاری جل و بەرگ گۆڕین بکرێت ..

مامۆستا نوورسیی لەگەڵ پاسەوان‌دا هێنرایە بارەگای والیی و ، برایە ژوورەوە

لەو کاتەدا بەڕێز (صلاح الدين) چەلەبیی لەوێ ئامادە بوو، و ئاگاداری ئەو هەڵوێستە بوو ، ئەڵێت :

لە یەکێك لە دوا رۆژەکانی مانگی رەمەزانی پیرۆزدا، کە رۆژێکی گەرم بوو من بەرۆژوو بووم و ، لەبەردەم ژوورەکەی والیی بەڕێز نەوزاد دا وەستابووم .. مامۆستا (بدیع الزمان) ئامادە کرا و ، برایە ژوورەکەی والیی و ، دەرگا داخرا .. دەنگەکان ئەوەندە بەرز و توند بوون ، لە ژوورەکە ئەهاتنە دەرەوە ،

[٢٤٠] رجل القدر : ١٩٧ ـ ٢٠٠

[٢٤١] سيرة ذاتية : ٣٢٤

پاشان دەنگی زەنگێك بەرز بوویەوە و ، دەرگەوان چووە ژوورەوە ، پاشان هاتە دەرەوە، لەو کاتەدا (بدیع الزمان) بە توورەییەوە بە والیی ئەوت :

من لە جێی باوباپیرانتم .. من بە گۆشەگیریی ئەژیم .. لەبەر ئەوە یاسای (بەرگ و بالا) بەسەر گۆشەگیراندا جێ بەجێ ناکرێت .. من لە ماڵ دەرناچم ، بەڵکو ئێوە ناچاری دەرچوونم ئەکەن، دەی خوا بدا بە تەوقی سەرتدا [٢٤٢]

لەم کاتەدا .دەرگەوان گەرایەوە و شەبقەیەکی بێ نرخی بە دەستەوە بوو و چۆوە ژوورەکەی والیی [٢٤٣] دوای ئەوە چەند کاربەدەستێك لە قاتی سەرەوە هاتن و ، هەندێ نووسراویان دا بە دەست پۆلیسەکانەوە، دوای ئەوە (بدیع الزمان) هاتە دەرەوە و ئەی وت :

ـ مەترسە ئەی صلاح الدین .. مەترسە .. مەترسە .. بە خوات ئەسپێرم ..

پاشان هاتە دەرەوە و ، چەند پۆلیسێك دەوریان گرتبوو، بە پێی ریوایەتەکەی مامۆستا زوبەیر گۆندۆز ئاڵپیش مامۆستا (بدیع الزمان) بە نەوزاد طان دۆغان ئەڵێت :

ئەم مێزەرەیە لە سەرم داناماڵرێ بە لێکردنەوەی سەرم نەبێت .[٢٤٤]
کەی مرۆڤ بە شتی وەها تاوان بار ئەکرێت ؟
یان کەی ئەمە تاوانە ، مرۆڤ بیەوێ چ پۆشاکێك بپۆشێت ؟!

---

[٢٤٢] ئەم والییە دڵ ڕەقە بە مەرگی ناسایی نەمرد ، بەڵکو لە ٩ی تەمووزی ١٩٤٦دا گوللەیەکی نا بە تەوقەسەری خۆیەوە و خۆی کوشت ، شایانی باسە، کە بە شێوەی گشتیی مامۆستا نوورسیی دوعای شەڕی لە دەوڵەت و کاربەدەستانی تورکیا نەکردووە ، ئەگەرچیی ماوەی(٣٥) سیی و پێنج ساڵ نەیان هێشت پشوویەك بدات .

[٢٤٣] وا دەر ئەکەوێت، کە والیی ئەیەوێت بەم شەبقەیە مامۆستا ناچاری جل و بەرگ گۆڕین بکات .

[٢٤٤] رجل القدر : ٢٠٠ ـ ٢٠١ . مامۆستا نوورسیی خۆیشی ئەگێڕێتەوە، بەڕێز نەوزاد ، والیی ئەنقەرە ویستی دەست کاری بەرگ و بالام بکات ، بەلام ئەوەبوو لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوت و ، بەوەش، کە خۆی کوشتەوە بە دەستی خۆی سزای خۆی وەرگرت . (ب ٢ / ٩٨٥ ، عن ملف دنیزلي مخطوط) .

بەشی دەهەم

بەندیخانەی دەنیزلیی

قوتابخانەی یووسفیی دووهەم

٢٠ / ئەیلوول / ١٩٤٣ ـ ١٥ / حوزەیران / ١٩٤٤

پۆلیسەکان لەلای والیی ئەنقەرە هاتنە دەرەوە و مامۆستا نوورسییشیان لەگەڵدا بوو و ، روویان بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری ئەنقەرە نا ، تا مامۆستا بەرن بۆ ئیسپارتە و ، لەوێیشەوە رەوانەی شاری دەنیزلیی بکەن و ، بیشیگەیەننە بەندیخانەکەی .

مامۆستا بە تەنیا لەم بەندیخانەیەدا بەند نەکرابوو، بەڵکو کۆمەڵێك لە قوتابیانی نووریش دەستگیر کرابوون .. ئەمانە لە شاری ئیسپارتە و قەسطەموونیی بە تایبەت و لە شارەکانی تریشەوە کۆ کرابوونەوە، کە ژمارەیان (١٢٦) قوتابیی بوو .

بەندیخانەی دەنیزلیی بینایەکی شێدار بوو، لە دەرەوەی شار ، کە پەنجەرەکانی بچووك بوون و هۆڵەکانی هەوای پاکیان تیا دەست نەئەکەوت .. چەند ژوورێکیان لە هۆڵی تاوانە گەورەکان بۆ قوتابیانی نوور تەرخان کرابوو و ، تێیان خزێنرابوون .

ئەو بەندیخانەیە یەکجار نارەحەت و دڵ تەنگ بوو، بەڵام خوای گەورە دوو شتی رەخساندبوو تا دڵ تەنگیی و ئازاری قوتابیان برەوێنتەوە :

یەکەمیان قوتابیان هەواڵیان زانیی،کە مامۆستا وا لێیانەوە نزیکە و پێکەوە بەند کراون .

دووهەمیان ئەم بەندکردنە بـووە هـۆ بـۆ ئـەوەی قوتابیـان یـەکتر بناسـن و، دۆستایەتیی و برایەتییان بەهێز ببێت، ئیتر ئەوەبوو زۆری پـێ نەچـوو لەلایـەن مامۆستاکەیانەوە سەلامیان بۆ هات :

ـ یاخوا بەخێر بێن .

بەم بەخێرهاتنە قوتابیان دڵ و دەروونیان فێنك بوونەوە

کاربەدەستانی بەندیخانە ، لـە سـەرووی هەموویانـەوە شـەوقیی بەرێوەبـەری بەندیخانە و ، یارمەتیدەری (مـدعي عـام) جـەمیل سـویلماز ، بەندییـەکانیان ئاگادار کردبوون، کە بەندکراوێکی مەترسییداری بیروباوەر خوار و خێچ ئەهێنرێتە ئەم بەندیخانەیە ، وریا بـن قسـەی لەگـەڵ نەکـەن .. کەچـیی زۆری پـێ نەچـوو کاربەدەستان تووشی سەرسورمان بوون .. سەرنجی دیاردەیەکی نامۆیان دا .. ئەو بەندییە تاوانبارانەی، کە پاسەوانەکانی بەندیخانە لێیان ئەترسان و لێیـان نزیـك نەئەکەوتنەوە تەوبەیان کرد و گەرانەوە بۆ لای خوا و ، لەگەڵ قوتابیـانی نـووردا دەستیان بە نوێژ کرد، لە هەموویان بەناوبانگ‌تر پیاوێك بوو بە ناوی (سلیمان خونکار) کە گەنجێکی پێکەوتوو بوو، و هەموان لێی ئەترسان و ، لەسـەر پیـاو کوشتن (٢٤)بیست و چوار ساڵ حوکم درا بوو .. بۆ ئەم تەوبەکارانە قوتابییەکانی مامۆستا ئەڵقەی دەرس خوێندن و قورئان لەبەرکردنیان دانا .. هەتا ئەوانەش، کە پیاویان کوشتبوو دەستیان دایە قورئان لەبەرکردن و ، پێش‌نوێژییان بۆ نوێژکەران ئەکرد [٢٤٥]

---

[٢٤٥] رجل القدر : ٢٠٥ . نزیکەی (٢٠٠)دووصەد بەندیی تەوبەیان کرد ، ئەمەش لە ماوەی سێ مانگ یـان زیاتردا هەتا پیاوێکیان سێ کەسی کوشتبوو ، کەچیی دوای گەڕانەوەی بۆ لای خوا نەی ئەوێرا بچوکترین گیان لەبەر بکوژێت، بەڵکو ئەندامێکی بەسۆزی لێ دەرچوو . فەرمانبەرە لێپرسراوەکان سەریان سوور ئەما .. ئەم جەردە و پیاوکوژانە چۆن گۆڕان ؟ هەتا گەنجێکی بەندیی بەر لەوەی بڕیاری دادگا وەربگرێت ، بە ئاشکرا وتبووی :

ئەو تاوانەی درابوویە پاڵ مامۆستا و قوتابیەکانی هەمان تاوانی جارانی پێشوو بوو، کە گوایە خەریکە کۆمەڵەیەکی نهێنیی دروست ئەکات و ، خەریکە میللەت لە دژی جومهووریی عەلمانیی هەڵ ئەنێت ، بەو نیازەوە کـە رژێـم بڕووخێنـێ و، سەرەرای ئەوەش، کە موصطەفا کەمالی بە دەججال و سوفیانیی ناو بردووە..

دەربارەی تۆمەت بارکردنی بۆ پێكهێنانی کۆمەڵەی نهێنیی ئەڵێت :

بەڵێ ، ئێمە کۆمەڵەین .. ئەو کۆمەڵەیەی، کە لە هەموو چەرخێكدا سێ صەد و پەنجا ملیۆن ئەندامی هەیە، جا ئەمانە جەخت لەسەر رێز و ئیحترامی تەواو و، پەیوەندیی و پەیوەستی راسـتگۆیانەیان بـە بنـەماکانی ئـەو کۆمەڵـە پـیرۆزەوە ئەکەنەوە ، ئەویش بە بەجێهێنانی نوێژ رۆژانە پێنج جار و ، لە درێژکردنی دەستی کۆمەکیی و یارمەتییدا بۆ یەکتریش پێش برکێ ئەکەن ، ئیترسا بـە پارانـەوەی کەسیی بێت لە پاش ملەدا ، یان بە دەست کەوتە رۆحییە فرەکانیان بێت ، ئەویش بە دەستووری فەرمایشتی خوای بالآدەست :

﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ .

بەم شێوەیە ئێمە لەو کۆمەڵە پیرۆزە مەزنەدا ئەندامین .

بەلآم فەرمانبەرییمان لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەیەدا بریتییە لە :

یەکەم : تەبلیغ کردنی ئەو حەقیقەتە ئیمانییانەی، کە لە قورئـانی پـیرۆزدا هەن بە خوازیارانی حەق و ئیمان بە راستترین و پاكترین شێوە ..

ئەگەر قوتابیانی نوور لە بەندیخانە بێننەوە ئێمەش حوکمی خۆمان ئەدەین و خۆمان تاوانبار ئەکەین تا لەگەڵیان بێنینەوە و ، قوتابێتییان بکەین و ، بە رێنماییەکانیان خۆمان چاك بکەین و ، وەك ئـەوانمان لێ بێـت، (سـیرة ذاتیة : ٣٣٠) .

دووەم : رزگارکردنی خۆمان لە تیاچوونی هەمیشەیی و ، لە بەندیخانەی تاکەکەسیی هەتاهەتایی ..

بەلاّم ئەو کۆمەڵە دنیاییانەی، کە لەسەر فروفێڵ و گزیکاریی سیاسەت دامەزراون ، ئێمە دوور و نزیك پەیوەندیمان پێیانەوە نیە، هەروەها پەیوەندییشمان بەوەوە نیە، کە پێی تاوانبار کراوین، کە گوایە سەر بە کۆمەڵە نهێنییەکان بین. ئەمە درۆیەکی هەڵ بەستراوە نە ئەصلی هەیە نە سەنەد و ، بە هیچ شێوەیەکیش پەیوەندیی بە راستییەوە نیە ، چونکە دەروونی بەرزی ئێمە خۆی لەوە بە بەرزتر ئەگرێت، کە سەر بەو جۆرە کۆمەڵانە بین و ، بە یەکجاریی لە هەموو شێوازێکی ئەو بەسەربوونە خۆی دوور ئەگرێت . [٢٤٦]

کە مامۆستایان کردە بەندیخانەوە بۆ ماوەی دوو رۆژ لەبەردەم ئاودەستەکانی بەندیخانەدا شوێنیان بۆ تەرخان کرد هەتا تیایا بمێنێتەوە، پاشان لە ژوورێکی بچکۆلەدا، کە بە نارەحەت جێی نوێنێکی تێدا ئەبوویەوە، بە تەنیا بەندیان کرد ژوورێکی بچووکی شێدار بوو، کە هەواکەی بۆنی کردبوو و ، بە پێی شاهێدیی یەکێ لە قوتابییەکانی لە ئەشکەوتێکی بچکۆلە ئەچوو ..

دیارە بەندیخانەکە لە دادگاوە دوور بووە و ، لە رۆژانی دادگاییکردندا دەستی مامۆستا بە ئاسن ئەبەسترا بە دەستی یەکێ لە قوتابییەکانیەوە و، ئەکەوتە پێشی کاروانێکەوە، کە لە حەفتا کەس پێك هاتبوو و ، کۆمەڵێك سەربازی چەك بە دەستیش دەوریان گرتبوون .

کاروانەکە لە بەندیخانەوە ، لە دەرەوەی شارەوە ، رێی ئەگرتە بەر و ، لە رێگا بەلای قەبرستانێکی کۆندا تێ ئەپەریی .. مامۆستا ئەوەستا و هەردوو دەستی ـ

---

[٢٤٦] رجل القدر : ٢٠٨ ، نقلاً عن رسائل النور لا تنطفيء : ٤٣ ـ ٤٤

کە کۆت کرابوون ـ بەرز ئەکردنەوە بۆ ئاسمان و ، بـۆ مردوانـی ئـەو قەبرسـتانە دوعای ئەکرد و ، بەندییەکانی تریش لە دوایەوە ئەوەستان و ، ئەوانیش دەستیان بەرز ئەکردەوە و ، دوعایان ئەکرد

کە کاروانەکە ئەگەیشتە شار و ، بە شەقامەکەدا بەرەو دادگا ئەکەوتـە ڕێ ، خەڵکی شارەکە ، بە ژن و پیاو و منداڵەوە لە هەردوو لای شەقامەکەدا ئەوەستان و، چاویان لە دیمەنی دڵ تەزێن ئەبوو .. هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو تا ئەو داماوانە رزگار بکەن .. ئەوەندەیان لێ ئەهات بە دەست سەلام لەو زانا بە ساڵا چـووە و، ئەو گەنجە خوێن گەرمانە بکەن، کە بەبێ تاوان بەرەو دادگا درابوونە بەر .[247]

مامۆستا سەرەرای بەندکردنی خـۆی ، خەفـەتێکی زۆری بـۆ تـووش بـوون و بەندکردنی براکانی ئەخوارد ، لەولاشەوە کاری نوور بلاّوەی نەئەکرد و ، پیریی و نەخۆشییش سەریان لێ دابوو، ئەمانە هەر هەموو کاریـان کردبـووە سـەر دڵ و دەروونی و بێزاریان کردبوو، کەچیی چاودێریی پەروەردگار فریای کەوت و ، ئەو بەندیخانە ناهەموارەی بۆ گۆریی بە قوتابخانەیەکی نووریی .. لە هـەمان کـاتدا پەیامەکانی نـوور ، بـە هیمـەتی پاڵەوانـەکانی قوتابخانـەی زەهـرا ، کەوتنـە بلاّوبوونەوە و پەرەسەندن، چونکە ئەو بەرێزانە بە قەڵەمە کارامە ئەڵماسییەکانیان دەستیان دایە نووسینەوەی پەیامەکان، ئەوەبوو پاڵەوانی نوور لە ماوەیەکی کەم دا، کە لە چوار مانگ تێپەری نەئەکرد ، بیست نوسخەی لـە هـەردوو پـەیامی (بەری درەختی ئیمـان) و (بـەرگریی ـ دفـاع) نووسـییەوە ، هەرچـەندە لـە بارودۆخێکی سەختدا ئەژیان .. شایانی باسە، کە ئەم نوسخانە بوونە هۆی دەست خستنی فتووحات لە ناو بەندیخانە و ، دەرەوەیشیدا ، بە رادەیـەك، کـە هـەموو

[247] رجل القدر : ٢٠٦

زەرەر و زیانەکان گۆران بۆ سوود و قازانج و ، ماتەمینیی و خەفەت باریی گۆران بۆ شادمانیی و ، ئایەتی پیرۆزیی : ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ ﴾ (البقرة : ٢١٦) جارێکی تر یەکێ لە نهێنییەکانی نواند [٢٤٨]

لەو کاتەدا دەوڵەت لە هەندێ فەرمانبەری سادە لیژنەیەکی پێك هێنا کە گوایە ئەمانە شارەزان ، تا لە پەیامەکانی نوور بکۆڵنەوە و ، بزانن ئایا لە مەسەلە سیاسییەکان ئەدوێن یان نەء ، ئەوەبوو چەند پەیامیان دەست کەوتبوو هەموویان خستە بەر دەستی لیژنەکە [٢٤٩]

ئەم لیژنەیە راپۆرتێکی رووکەشیان نووسیی، کە پری بوو لە هەڵە و ، بەو بۆنەوە بەیانێکی رەق و توند لە دژی مامۆستا و قوتابیەکانی بڵاو کرایەوە و ، وەزیری پەروەردەش هێرشێکی توندی کردە سەریان ، بە رادەیەك کە هەندێ داوایان لە دەوڵەت ئەکرد بەندکراوەکان بدرێن لە سێدارە

کە مامۆستا نوورسیی ئەو هەواڵەی بیست یەکجار پێی ناخۆش بوو و توورەش بوو ، چونکە ئەندامانی ئەو لیژنەیە نەفام بوون و ، ئەو توانایەیان نیە تا لەو مەسئەلەیەدا حوکم بدەن ، بۆیە نارەزایی دەربریی، کە ئەوانە خاوەنی هیچ جۆرە پسپۆرییەك نین و ، ناتوانن لە پەیامەکانی نوور بکۆڵنەوە، بۆ ئەمە داوای کرد لیژنەیەکی زانستییانەی بالا لە رۆشنبیرانی ئەنقەرە پێك بهێنرێت ، بگرە با لە ئەورووپاوە فەیلەسووفان بانگ بکرێن ، تا هەرچیی مەسەلەیەکی دژە یاسا لەو

---

[٢٤٨] سيرة ذاتية : ٣٢٧ ـ ٣٢٨

[٢٤٩] رجل القدر : ٢٠٧

پەیامانەدا هەیە بخرێتە روو و ، ئەو کاتەش مامۆستا بە توندترین سزا رازیی ئەبێت .[٢٥٠]

ئەوەبوو دەوڵەت ئەم داوایەی وەرگرت و ، لە ئەنقەرەی پایتەخت لیژنەیەکی پێك هێنا ، کە زانا و مامۆستا و پسپۆری گەورە تیایا بەشدار بوون، ئەمانە دەستیان دایە لێکۆڵینەوەی پەیامەکان و سەرنج دانی ئەو نامانەش، کە مامۆستا ئەیناردن بۆ قوتابیەکانی، کە لێبوونەوە راپۆرتیان پێشکەش بە دەوڵەت کرد و، دەریان بریی، کە لە پەیامەکانی نووردا هیچ چالاکییەکی سیاسیی نیە و، مامۆستاش هەوڵی پێك هێنانی کۆمەڵەی نهێنیی یان تەریقەتی صۆفیگەریی نەداوە ، بەڵکو نووسراوەکانی هەر هەموو باسی ئیمان ئەکەن و ، تەفسیری قورئانی پیرۆزن .[٢٥١]

کە راپۆرتەکە درایە دەستەی دادگا و ، دادگاش گوێی بۆ بەرگرییەکەی مامۆستا گرت ، دادگا لەسەر بێ تاوانیی مامۆستا و قوتابیەکانی قەناعەتی کرد و، بە یەك‌دەنگیی لە ١٦ / ٦ / ١٩٤٤دا ، لە ژێر ژمارە ١٣٦ / ١٩٩ بریاری بێ تاوانییانی دەرکرد و ، دادگای تەمییزیش بە یەك‌دەنگیی تەصدیقی ئەو بریارەیان لە ٣٠ / ١٢ / ١٩٤٤دا کرد و ، پەیامەکانی نووریان گێرایەوە بۆ خاوەنەکانیان ..

[٢٥٠] نوورەدین گۆبجۆی مامۆستای فەلسەفە لە ئەستەنبوڵ ئەڵێت : دادگای جەزای گەورەی دەنیزلیی پەیامەکانی مامۆستا نوورسیی دایە دەست لیژنەیەکی شارەزایان، کە لە دوو مامۆستای دواناوەندیی پێك هاتبوو . یەکێکیان مامۆستای ئەدەبی تورکیی و ، ئەوی تریشیان مامۆستای مێژوو بوون و ، هەردووکیشیان مولحید بوون و، هیچ دینێکیان نەبوو .. (سيرة ذاتية : ٣٢٨) .

[٢٥١] رجل القدر : ٢٠٧ ، سيرة ذاتية : ٣٢٨

مامۆستا نوورسیی لەگەڵ هەندێك لە قوتابییەكانیدا لە بەندیخانەی دەنیزلیی نۆ مانگ بەند كران، كە لەوێش هەوڵ درا ژەهری دەرخوارد بدەن ، بەلاّم خوای بالاّدەست گەیشتە فریای و لەو پیلانەش دەربازی كرد [٢٥٢]

لەو بەندیخانەیەدا مامۆستا پەیامی (میوە ـ بەری درەختی ئیمان) ی نووسیی ، ئەمەش لە ماوەی دوو حەفتەدا .. ئەم پەیامە ئامانج و بناغە و مەبەستەكانی پەیامەكانی نوور بە كورتیی ئەخاتە روو و ، بریتییشە لە پەیامی بەرگریكردن لە پەیامەكانی نوور .

مامۆستا ئەوەندە دڵی بە نووسینی ئەم پەیامە كراوەتەوە ، هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتە، كە ئەگەر تەنگ و چەڵەمە و نارەحەتییەكانی بەندیخانە ببنە صەد ئەوەندەش ، ئەوا ئەم پەیامە چەند قاتی ئەوە فەرمانبەریی ئەنجام داوە ، چونكە پەیامێكی یەكجار بەكارە بۆ پێشكەش كردنی ئیمان هەتا بە مل پێچیكەران .[٢٥٣]

مامۆستا روو ئەكاتە ناحەزانی و پێیان ئەڵێت : هەی بەدبەختان ! ئەی ئەوانەی دەستتان خستۆتە قورگمەوە ! چیی ئەكەن بی كەن و ، چیش بریار ئەدەن بریاری لەسەر بدەن ، بە راستیی كردەوەكەتان بێ بایەخە و ، هەموو ئەو بەلاّ و موصیبەتانەش، كە ئەی هێنن بەسەرماندا ئاسان و هیچن ، بەڵكو هەموویان بۆ ئێمە چاودێریی و سۆزی پالّفتەی خوایین ..

---

[٢٥٢] رجل القدر : ٢٠٧

[٢٥٣] مامۆستا جگە لە بەری درەختی ئیمان هەندێك پەیامی تری نووسیوە، كە ئەمانەن :

١ - تیشكی دوانزەهەم، كە بریتییە: لە كۆمەڵە بەرگرییەكی لە دادگای دەنیزلیدا

٢- تیشكی سیانزەهەم، كە بریتییە: لە نامەی دڵ دانەوە و بۆ قوتابیانی نووری ناردوون .

٣- نامەی ئامۆژگاریی، كە ناردوونی بۆ قوتابیەكانی و ، ژمارەشیان (١٢٠) نامەیە . (ب ٢ / ١١١٤) .

پەیامی بەری درەختی ئیمان هەشت مەسەلەی پێشەوەی لە ساڵی ١٩٤٣ دا نووسرا ، بەلاّم مەسەلەی نۆهەم لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤دا نووسرا . (ب ٢ / ١٠٢٣) .

بەم دەربرینە دڵخۆشیی تەواوی دەستگیر ئەبوو ..[٢٥٤]

بەڵێ مامۆستا و قوتابیەکانی چاوەروان بوون لەلایەن لیژنەی شارەزاکانی ئەنقەرەوە رەخنەیان لێ بگیرێت ، کەچیی لە راپۆرتەکەیاندا ئەوپەری رێز و پایەدارییان بۆ پەیامەکانی نوور دەربریی .. ئەوەبوو لە ناو پێنج سندوقدا کە، لە پەیامەکان پر بوون تەنها چەند هەڵەیەکیان دۆزییەوە کە، لە (١٠)دە هەڵە تێپەریان نەئەکرد ، هەرچەندە مامۆستا لەبەردەم دادگادا سەلماندی، کە ئەوانە هەڵە نین، بەڵکو حەقیقەتن و ، ئەندامانی لیژنەکە خۆیان هەڵەن و ، مامۆستا روونیشی کردەوە، کە ئەو راپۆرتەیان، کە لە پێنج پەرە کاغەز پێك هاتبوو نزیکەی دە هەڵەی تێدایە، بەمە مامۆستا و قوتابیەکانی هەستیان بە چاودێریی خوایی ئەکرد و، بۆشیان دەرکەوت، کە ئەندامانی لیژنەکە حەزیان لە دۆسایەتییە و ، بە قەطعییش چەسپا، کە حەقیقەتەکانی پەیامەکانی نوور ، بە فەزڵی خوا ، بەسەریاندا زاڵ بوون، بە رشادەیەك، کە دەستیان بە خوێندنەوەیان کرد و ، وەك مورشیدێکی رۆحیی سوودیان لێیان وەرگرت و ، ئەو دائیرە فراوانانە وەك چەند قوتابخانەیەکی نوورییان لێ هات و ، زۆرێك لە سەرگەردان و سەرلێ شێواوانیان رزگار کرد و، ئیمانیان بەهێز کردن ، بەمەش مامۆستا و قوتابیانی چەند قاتی ئەو تەنگانە و نارەحەتییە شادمان بوون .[٢٥٥]

---

[٢٥٤] الملاحق ، ملحق أميرداغ : ٢٣٨

[٢٥٥] سيرة ذاتية : اللمعات : ٤٠٥

لە بەندیخانەدا "حافیظ عەلیی "پاڵەوانی نوور نەخۆش کەوت .. ئەم مامۆستا بەرێزە لاشەی لاواز بوو و بەرگەی بەندییخانەی شێداری نەگرت و نەخۆش کەوت و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد .[٢٥٦]

مامۆستا نامەیەکی بۆ "حافیظ عەلیی" نووسیی و ، تیایدا ئامۆژگاریی کرد، کە بایەخ بە نەخۆشییەکەی نەدات و ، دوعاشی بۆ کرد، کە خوای گەورە شیفای بۆ بنێرێت .. ئەوەشی پێگەیاند، کە سەعاتێك خواپەرستیی ناو بەندیخانە ئەوەندەی دوانزە سەعات خێری هەیە و ، ئەم نەخۆشکەوتنەشی بریتییە: لە هەڵ گرتنی هەندێ لە ئازار و نەخۆشیی مامۆستاکەی .

لە لایەکی ترەوە مامۆستا نوورسیی دەری ئەبرێت، کە دوژمنە شارراوەکانی ژەهر ئەکەنە ناو خواردنەوە بۆی و ، حافیظ عەلییش لەو خواردنە ئەخوات و ، بەو بۆنەوە ئەیبەن بۆ خەستەخانە و ، پاشان کۆچ بۆ جیهانی بەرزەخ ئەکات و، مامۆستا و قوتابیەکانیشی شیوەنێکی گەرم و گوری بۆ ئەکەن .

بەر لەوەی مامۆستا و قوتابیەکانی بخرێنە بەندیخانەوە ، لەسەر قەڵاکەی قەسطەموونیی ، چەندین جار هاوار ئەکات: براکانم ! گۆشت مەخەنە بەردەم ئەسپ و ، گیاش مەخەنە بەردەم شێر .. لەو کاتەدا حافیظ عەلیی لە شوێنێکدا بوو، کە حەوت رۆژ رێگا دوور بوو و ، بە شێوەیەکی مەعنەویی ئەو ئامۆژگارییەی مامۆستا ئەبیستێت و ، هەر ئەو کاتە نامە بۆ مامۆستا ئەنێرێت و ئەڵێت : بەڵێ ، مامۆستا گیان ! یەکێك لە کەرامات و ، تایبەتمەندییەکانی پەیامەکانی نوور ئەوەیە، کە گۆشت بە ئەسپ و ، گیاش بە شێر نادەن ، بەڵکو گیا بە ئەسپ و ، گۆشتیش بە شێر ئەدەن ..

---

[٢٥٦] رجل القدر : ٢٠٦

دوای حەوت رۆژ نامەکەیان بە دەست ئەگات و ، کە لێکی ئەدەنەوە ئـەبینن حافیظ عەلیی لەو کاتەدا ئەم رستەیەی نووسیوە، کە مامۆستاش بەسەر چیاکەی قەسطەموونییەوە دووبارەی ئەکردەوە

مامۆستا لە چەند لایەکەوە خەم و خەفەت سەری لێ دابـوو، کۆچـی دوایـی پاڵەوانی نوور حافـیظ عەلیی و .. هەوڵ دانی دوژمـنان تا لە بەر چاوی دەوڵـەت تاوانبار بکرێت و سزایان پێ بچەژن و .. رەوانەکردنی خۆیشی بۆ خەستەخانە بە بۆنەی نەخۆش کەوتنیەوە بە ژەهر دەرخوارددان ، کەچیی لەم بارودۆخە سەختەدا کۆمەکیی و چاودێریی خوایی فریایان ئەکەوێت و ، بە بۆنەی دوعای پـاك و بـێ گەردی براکانیانەوە لە مەترسیی ژەهر پێ دانەکەش رزگاریان ئەبێت ..

مامۆستا ئەوەش باس ئەکات، کە دوژمنەکانیان چوونەتە سەر ئەو رایە، کـە دەرکردنی قوتابیانی نوور لە بەندیخانە کارێکی پێویستە لـە ترسـی ئـەوەی، کـە پەیامەکان بە شێوەیەکی فراوان لە نێوان بەندییەکاندا بلاوەیان کردووە و، ئەمەش بۆتە هۆی تەوبەکردنی ئەو بەندکراوانە

دوای شەهیدبوونی حافـیظ عەلیی مامۆستا نوورسیی نامەیەکی سەرەخۆشیی نارد بۆ قوتابیان تا سەرەخۆشیی لە خۆی و لە قوتابیان و لـە پەیامـەکانی نـوور بکات و ، پیرۆزباییش لە حافیظ عەلیی شەهید و ، قەبرستانی دەنیزلیی ئەکات، چونکە برای ئازیزی شەهید بە جوانیی لە مەبەستی پەیامی بەری درەختی ئیمان گەیشتبوو و ، مژدەش ئەدات، کە حافیظ عەلیی لاشەکەی بە تەنیا لە قەبرەکەیدا بەجێ هێشتووە و ، خۆی وەك مەلائیکەت سەرکەوتووە بۆ لای ئەستێرەکان و بۆ جیهانی رۆحەکان ، تا بگاتـە پلـەی (عـین الـیقین) و (حـق الـیقین) و ، دوای تەواوکردنی ئەرکی سەرشانیشی بە چاك ترین شێوە ، پشوویەك بدات .

پاشان مامۆستا دوعایەکی زۆری بۆ ئەکات و ، فەرمانیش ئەدات قوتابیان لە دوعاکانیاندا بۆی بپارێنەوە

مامۆستا سوپاس و ستایشێکی زۆری خوا ئەکات، کە ئەوانی گەیاندۆتە پلەی بەرزی قوتابیانی زانستە شەرعییەکان و کردەوە مەزنەکانیان ، لەم کات و شوێنە سەیرەدا .. دەریشی ئەبرێ، کە حافیظ عەلیی لە قەبرەکەیشیدا هەر خەریکی خزمەتکردنی پەیامەکانی نوورە ، وەك لە دنیادا خەریك بوو و ، دوای شەهید بوونیشی بە شێوازی شەهیدان ژیان بەسەر ئەبات .

هەروەها مامۆستا دوعا بۆ موحەممەد زوهدیی و حافیظ موحەممەدیش ئەکات هەتا خوای گەورە بۆ خزمەتی قورئان رامیان بکات و تا رۆژی قیامەت سەرگەرمی ئەو کارە پیرۆزە بن ..[٢٥٧]

یەکێك لەو تاوانانەی، کە درابووە پاڵ مامۆستا ئەوەبوو، کە دژی دەوڵەتی کۆمارییە مامۆستاش ئەم تاوانە ئەداتە دواوە و ئەڵێت :

مێژووی ژیانم، کە لەبەر دەستتاندایە ، چاکترین بەڵگەیە، کە من کۆمارییەکی دیندار بووم بەر لەوەی ئێوە لە دایك بن ، جگە لە سەرۆکی دادگای بەتەمەن .

بە کورتیی مەسەلەکە بریتییە لەوەی، کە من ـ وەك ئێستەش وەهام ـ پیاوێکی کەنارگیر بووم و ، لە ژێر بنمیچێکی چۆڵدا ئەژیام، ئەو خواردنەش، کە پێم ئەدرا بریتیی بوو: لە شۆربا (ی ساوەر) و نان، جا دەنگە گەنمی ناو شۆرباکەم بەسەر مێرووڵەکاندا دابەش ئەکرد و ، خۆم نانەکەم بە ئاوی شۆرباکەوە ئەخوارد، هەندێك لەوانەی، کە ئەو کارەیان بیستبوو لە دانایەتیی ئەوە پرسیاریان کرد، و منیش وەڵامم دانەوە، کە ئەو مێرووڵانە یاسایی و کۆماریین و ، بە بۆنەی

---

[٢٥٧] الشعاعات : ٣٨٤ ـ ٣٨٥

ئەوەشەوە دەنگە گەنمەکانم بەسەریاندا دابەش کرد ، چونکە ئەوانە یاسا و ڕێك و پێکییان خۆش ئەویست، ئەوانیش بەرهەڵستم ئەوەستان و ئـەیان وت: تـۆ بـەم کارەت پێچەوانەی پێشینە پیاوچاکەکان ئەجووڵێیتەوە، منیش وەڵامم ئەدانەوە : بە خوای حەق هەموو خەلیفەیەك لە خەلیفە راشیدەکان خوا لێیـان رازیـی بێـت خەلیفە بووە، و لە هەمان کاتیشدا سـەرۆك کۆمـار بـووە، بـۆ نـموونە: ئایـا صددیقی ئەکبەر خوا لێی رازیی بێت دەرهەق بە دە کەسـە مـژدە پێدراوەکـە و، هاوەڵە بەرێزەکانیش هەر هەموویان لە جێی سەرۆك کۆمـار نـەبووە ؟ هـەروەها خەلیفە راشیدەکانی تریش .. بەڵام ئەو دەوڵەتە کۆمارییە تەنها ناوی رووت ، یان شێوازێکی بێ کرۆك نەبوو . بەڵکو بە تەواویی بە پێچـەوانەوە ، ئـەوان سـەرۆك کۆماری دینداری ماناداری بوون ، کە لە دوو توێیدا ماناکانی حەق و عەدالەت و سەربەستیی شەرعیی بەوپەری لێهاتنەوە لە خۆ گرتبوو ..

دوای ئەوە مامۆستا روو ئەکاتە (مدعي عام) و ئەندامە بەرێزەکانی دادگـا و، ئەیدا بە گوێیاندا، کە بە پێچەوانەی بیروبۆچوونێك تاوانباری ئەکەن، کە پەنجا ساڵ لەوەوبەر باوەری پێی هەبووە، بۆشیان روون ئەکاتـەوە، کـە ئـەو کۆمـاریی عەلمانیەتەی لە گۆرێدایە ئەم وەهای لێ تێ ئەگات، کە ئەبێت بێ لایـەن بێـت . واتە وەك ئازادیی تـەواوی بـە مولحیـدان و سـەفیهان داوە ، بـە پێـی ئـازادیی بیروبۆچوون ، وەهاش ئازادیی بە خواناسان و ئەهلی تەقوا بدات .

بۆشیان روون ئەکاتەوە، کە ئەوە بیست و پێنج ساڵە ئەو لە کۆمەڵگا دابراوە و، نازانێت یاسای کۆماریی بەرەو کوێ چووە، جا ئەگەر ئـەو دەوڵەتـە کۆمارییـە سەربەستیی لەوانە زەوت ئەکات، کە خەریکی خزمەتی ئیمان و ئاخیرەتن و ، بە نارەوا موحاسەبەیان ئەکات و ، ماوە ئەدات ئیلحاد و بێ دینیی پەرە بسـێنێ ، ئەوا ئەو بە دەنگی بەرز ئاشکرای ئەکات و ئەی دا بە گوێی هەمواندا کە :

ئەگەر هەزار رۆحی بن ، ئەوا ئامادەیە هەر هەموویان بکاتـە قوربـانیی لـە پێناوی ئیمان و ، ئاخیرەتدا!! جا چیی پێ ئەکەن با بیکەن و ، چۆنی حوکم ئەدەن با بیدەن و دوا وتەی ئەمەیە (حسبنا الله ونعم الوكيل) !

هەروەها ئەیدا بە گوێیاندا، کە ئەگەر بە نارەوا حوکمی لـە سـێدارەدان یـان کاری قورسی هەتاهەتایی بەسەردا بدەن ، ئەوا ئەو هیچـی لێ نایـەت ، بـەڵکو بەرەو جیهانی نوور و بەختەوەریی ئەکەوێتە رێ ..

پاشان رووی وتاری ئەکاتە دوژمنە شارراوەکانیان، کە بـە هـەموو شـێوەیەك ئەیانەوێ خزمەتکارانی ئیمان لە ناو بەرن و گومرایی و بێ دینیی پەرە پێ بدەن و، تێیان ئەگەیەنێت، کە رۆژێك دێت ئەوان بۆ هەتاهەتایی لە سێدارە بـدرێن و، بگەن بە بەندیخانەی تاکەکەسیی هەتاهەتایی و ، بەبێ هیچ گومانێك بە توندترین و سەختترین شێوە تۆڵەیان لێ بکاتەوە بۆیە باکی لە هـیچ نیـە و ئامادەیـە گیانی ببەخشێت .

ناحەزانی مامۆستا تـاوانێکی تـری ئەخەنـە پـاڵ، کـە ئـەویش بریتییـە لـە بەکارهێنانی هێز بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و حوکم .

تێیان ئەگەیەنێت، کە ئەو شەفەقەت و بەزەیی و حەق و چاکەویستییەی، کە لە پەیامەکانی نووردایـە ، رێ بـە شـوێنکـەوتوانیان نـادەن دەسـت بخەنـە کـاری سیاسەتەوە ، چونکە بێ تاوانی زۆر لەو پێناوەدا تووشی موسیبەت و کارەسـاتی ناخۆش ئەبن، چونکە ئەم چەرخە چەرخی ئەنانیـەت و رەگەزپەرسـتیی و زوڵـم و زۆری سەربازییە، کە بە جەنگی جیهانیی دووهەم فەراهەم هاتووە، هەروەها لـە ئەنجامی گومرایی و لادان لە رێی راست دڵەکان وەك بەرد رەق بوون، ئەمانـەش بوونەتە هۆی بەرپابوونی زوڵم و ستەم ، ئەمەش رێ بە ئەهلی حەق نادات بە زۆر

مافی خۆيان وەربگرنەوە ، چونكە بیٚ تاوانی زۆر لە بەين ئەچیٚ و ، هيچ كات ئەهلی حەق لەو ريٚگەيەوە بە ئاوات ناگەن ..

خۆ ئەگەر ياسای تۆڵەسەندن بە بەرامبەر جيٚبەجیٚ بكەن، كە ياسايەكی زاڵمانەيە ، ئەوا لە تۆڵەی دوو كەسی خراپ‌دا بيست سيی بەستەزمانی بیٚ‌تاوان پيٚوە ئەبن ، ئەو كاتەش بە ناوی حەق و عەدالەتەوە زوڵميٚكی گەورە ئەكريٚت و، ئەمەش يەكيٚكە لەو هۆيانەی كە مامۆستايان لە سياسەت دوور خستۆتەوە.

دوای ئەوە دەری ئەبريٚت، كە مادەم هەموو شتيٚك فانيی و كاتييە و، مەرگيش نامريٚت و ، دەرگای قەبريش دەمی والآ كردووە و ، داناخريٚت و ، لەوانەيە زەحمەت و نارەحەتيی بگۆرريٚت بە رەحمەت و خۆشيی ، كەواتە وا چاكە بیٚ دەنگ بن و ، پشت بە خوا ببەستن و ، لە تەنگانەدا خۆيان بە ئارام گرتن برازيٚننەوە و، لە خۆشييش‌دا بە سوپاس كردن ..

دەريشی ئەبريٚت، كە پيٚويست ناكات كاربەدەستان و سياسەت مەداران و پياوانی هەڵسووريٚنەری كاروباری دەوڵەت و پاسەوانان و خەم خۆرانی ولآت خۆيان بە مامۆستا و قوتابيەكانيەوە بپەشۆكيٚنن .. چونكە لەوانەيە هەندیٚ لە زينديقە بیٚ دينە شارراوەكان بە فروفيٚڵی شەيتانييان هەندیٚ لە كاربەدەستان لە دژيان هەڵ بنيٚن، دوای ئەوە بەڵيٚن ئەدا، كە قوتابييانی نوور پشت بە خوا و بە هيٚزی قورئان تيٚك ناشكيٚن ، ئەگەرچيی دوژمنان سەرانسەری دنيا بكەنە سەربازی خۆيان و ئەوانی خواناس بە هيچ شيٚوەيەك جڵەو بۆ ئەو موڵحيد و زينديق و پاشگەزبووانە شل ناكەن ..[٢٥٨]

[٢٥٨] رجل القدر : ٢٠٨ ـ ٢١١

پاشان مامۆستا بەرگریی لە پەیامەکانی نوور ئەکات و ، گرنگییان دەرئەخات و ، رشوونیشی ئەکاتەوە، کە قوتابییەکانی بێ تاوانن ، کە ئەڵێت :

هیچ کەس مافی ئەوەی نیە ، بە هۆی هەڵەی شەخسیی منەوە ، یان هەڵــەی هەندێ لە برایانمەوە ، هێرش بکاتە سەر پەیامەکانی نوور ، چونکە پەیامــەکانی نوور پاڵیان بە قورئانەوە داوە و ، بەهێزترین پەیوەندییشــیان پێــوەی هەیــە و ، قورئانیش راستەوخۆ بەستراوە بە عەرشی ئەعظەمــەوە ، جــا کــێ ئــەتوانێ لــە سنووری خۆی بترازێ و دەستی بۆ ئەوێ درێژ بکات ، بــۆ ئــەوەی ئــەو گوریســە ئەستوورانە بکاتەوە ؟

پەیامەکانی نوور، کە بەسەر دەستیدا بەرەکەتی ماددیی و مەعنەویی بۆ ئەم نیشتمانە بەدیی هاتووە و ، چەندین خزمەتی لە رادەبەدەری وەهای پێشکەش پێی کردووە، کە بە هیچ پێوانەیەکی ماددیی مەزەندە ناکرێ .. ئەم پەیامانە ناگونجێ لە هەڵە شەخسیی و لادانە مرۆییەکانی ئێمە بەرپرسیار بن، بەڵام ئەگــەر هــەر کۆڵتان نەدا و ، ئەو هەڵانەتان خستنە ئەستۆی ئەوان و لەسەر ئەوە سوور بــوون، کە تاوانەکە بخەنە گەردنی ئەوان ، ئەوا با چاك بزانن، کە ئــەوە چــەندین زیــانی ماددیی و مەعنەویی بەم وڵاتە ئەگەیەنێت ، کە بە ئاسانیی لە ناو نابرێن، یــان بەر لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەیان ناگیرێت، بەڵام ئەو پیلانە ناپاکانەی، کە بە نهێنیی نەخشەیان بۆ ئەکێشرێت و ، بە هۆی کۆمەڵێك پیاوخراپەوە لە دوژمنــە شاراوەکانمان و ، بە شەیتانێتیی دەستەیەك لە زیندیقە داخ لە دڵەکان تەگبیریان بۆ ئەکرێت و بەرێوە ئەبرێن ، ئەوانە ـ إن شاء الله ـ دۆران بەشیانە، قوتابیانی نوور هەرگیز لەگەڵ غەیری خۆیاندا پێوانە ناکرێت ، چونکە بە ئاسانیی بڵاوەیان پــێ ناکرێت ، یان هەوڵی ئەوەیان لەگەڵ نادرێت، کە لە بانگەوازەکەیان واز بهێنن .. ئەوان ژێر ناکەون و .. بە کۆمەکیی و پارێزگاریی خوا نابەزێن .

لەبەر ئەوەش نەبوایە، کە قورئان لە بەرگریی ماددیی قەدەغـەی کـردووین ، ئەوە بەس نەبوو ناوی ئەو قوتابیانە ـ کە وەك دەماری خوێن بەری گەل وەهان و ، ڕەزامەندیی گەورە و بچووکیان بە دەست هێناوە و ، لە هەموو شوێنێکیش‌دا هەن ـ تێکەڵ بە ڕووداوی هەندەکیی بێ ئەنجام بـبن ، وەك ڕووداوی شـێخ سـەعید و، ڕووداوی (منمن) بۆ نموونە . بگرە ئەگەر تووشی ستەمی قورس بـوون ، یـان ـ خوا نەخواستە ـ مەینەتێکی توند یەخەی پێ گرتن و ، بە ناچاریی دەستیان دایە بەرگریی لە خۆ ، ئـەوا ئـەو زیندیقانـەی خۆیـان حەشـار داوە و ، هاوکۆمەکـە مونافیقەکان و غەیری ئەوانیش بەبێ گومان هەزار جار پەشیمان ئەبنەوە .

کورتەی باس : مادەم ئێمە دەست لە کاروباری ئەهلی دنیا وەرنادەین ، ئـەوا ڕاست‌تر و چاك‌تر وەهایە کە ئەوانیش لەلایـەن خۆیانـەوە دەسـت لـە کاروبـاری قیامەتیی و ، خزمەتی ئیمانیی ئێمە وەر نەدەن ..[٢٥٩]

هەروەها مامۆستا ئەڵێت :

ئەشڵێن : ئەوە بیست ساڵە بۆچیی تاقە جارێك شەبقەکەمان لەسەر ناکەیت و، بۆچیی تاقە جارێکیش سەرت بۆ دادگاکەمان ڕووت ناکەیت ، لەگەڵ ئەوەدا، کە حەڤدە ملیۆن کەس لەگەڵ لەبەرکردنی جل و بەرگ‌دا ڕاهاتوون ؟

منیش ئەڵێم : حەڤدە ملیۆن نین و ، حەوت ملیۆنیش نین ، بـەڵکو کـەمێکی یەکجار کەمیش نین ئەوانەی بە ویست و هەڵبژاردنی خۆیان ئەو جل و بەرگـەیان پۆشیوە و ، جگە لە کۆمەڵێك گەلحۆ کـە بـەدوای ڕەوشـتە سـووك و ڕسـواکانی ئەورووپادا هەناسە برکێیان پێ کەوتووە

---

[٢٥٩] رجل القدر : ٢١١ ـ ٢١٢

پیاوێکی وەك من ، کە ماوەی بیست و پێنج ساڵە وازم لە ژیانی کۆمەڵایەتیی هێناوە ، لەمەدا پێی ناوترێت سەرپێچیکارە یان ڤیرسیچمەیە، وەهاش دابنێین ئەمە ڤیرسیچمەییە، جا مادەم "موصطەفا کەمال" خۆی نەی توانیوە ئەو ڤیرسیچمەییە بشکێنێ و ، دوو دادگا و ، حکومەتی سێ پارێزگاش نەیان توانی کارم تێ بکەن ، ئیتر ئێوە چین تا لەم گاڵتەجارییەدا کات بەسەر بەرن ؟

لە بەشێکی تری بەرگرییەکەیدا ئەڵێت :

ئەمە راستییە و ، ئێمەش بە هەموو هێزێکەوە ئەڵێین :

ئەی ئەوانەی، کە دینی خۆتان بە دنیا فرۆشتووە .. هەی بەدبەختان ! چیتان لە دەست دێت درێغیی مەکەن .. سەرەنجام دنیا ئەبێتە نەگبەتیی بۆتان .. ئەم بانگەوازە پیرۆزە ملیۆنەها پاڵەوان خۆیان کردۆتە قوربانی و ، ئێمەش ئامادەین گیانمان بکەینە قوربانیی .. ئێمە پێمان چاکترە هەزار جار لەم بەندیخانەدا بمێنینەوە، نەك چاومان لە دەست درێژی بێت بکرێتە سەر حەیا و شەرەف، لە سایەی ئەم زۆردارییەدا ناتوانرێ بوترێ : سەربەستیی هەیە .. سەربەستیی زانست، یان سەربەستیی ویژدان ، یان سەربەستیی دەربڕین ، یان سەربەستیی دین .. بۆ سەربەستی خوازان تەنها ئەوە ماوەتەوە، کە بمرن ، یان لە بەندیخانەکاندا بمێننەوە و ، خۆیان بدەنە پەنای خوای گەورە و بڵێن : (حسبنا الله ونعم الوكيل) .

ئەو داوایەی، کە لەسەر پەیامەکانی نوور تۆمار کراوە ، کارێکی شەخسیی و، شتێکی ساکار نیە ، هەتا لە شانی کەم بکرێتەوە، ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە ئومەت و نیشتمان و دەوڵەتەوە هەیە و ، پەیوەندییشی بە ئومەتی ئیسلامەوە هەیە و ، سەرانسەری جیهانی ئیسلامیی بەوپەری گرنگیی پێدانەوە لەم مەسەلەیە ئەکۆڵێتەوە

ئێمە ئاشکرای ئەکەین، کە ئێمە سەر بەو کۆمەڵە ئیسلامییەین، کە زیاتر لە سێ صەد ملیۆن موسڵمانی تێدایە، کەواتە ئێمە کۆمەڵی خواین و ، کۆمەڵە برای هاوکارین و ، خزمەتکاری قورئان و ، سەرباز و کۆمەڵی خواین .

بەرێزان ! سەرۆکی دادگا !

ئێوە، کە ئەم حوکمانە بەسەر پەیامەکانی نوور و قوتابییەکانیدا ئەدەن و ، واز لە کوفر و ئیلحاد ئەهێنن و ، هەولێش ئەدەن، کە حەقیقەتە قورئانیی و ئیمانییەکان لەبەر چاوی مرۆڤ دا بشارنەوە و ، بەمەش ئەتانەوێ ئەو رێگایە دابخەن ، کە ملیۆنەها بەڵکو صەدەها ملیۆن موسڵمانی لێوە تێپەریون و ، بە بەختەوەریی هەتاهەتایی راستەقینە گەیشتوون ، ئێوە جگە لە رق و قین و سووک تەماشاکردنیان بۆتان هیچتان دەست ناکەوێت .

زیندیقان و مونافیقان ئێوەیان لە خشتە بردوون و ، داویشیانە بە تەوقەسەری حەق و عەدالەتدا و ، دەوڵەتیشیان لە کاری راستەقینەی خۆی لاداوە و ، بە چەند کارێکی بێ کەڵکەوە پەشۆکاندوویانە و ، لە ئیستیبداد کۆماریی و ، لە پاشگەزبوونەوە رژێم و ، لە نەفامیی و سەفاهەت شارستانیەت و ، لە زوڵم و زۆر یاسایان بەرپا کردووە ، بەمەش ناپاکییان بەرامبەر بە نیشتمانیان کرد و ، بە جۆرێك لێیان داوە کە بێگانە نەی ئەتوانیی وەها لێی بدات .[٢٦٠]

بەڵێ ، دادگا بریاری بێ تاوانیی مامۆستا نوورسیی و هەر هەموو قوتابییەکانی لە هەموو تۆمەتێك دەرکرد و ، دادگای تەمییزیش بە یەك دەنگیی تەصدیقی ئەو بریاری بێ تاوانییەی کرد ، کەچیی لەگەڵ ئەوەش دا کاربەدەستان مامۆستایان ئازاد نەکرد ، بەڵکو فەرمان بە لێ پرسراوان درا، کە بیبەن بۆ میوانخانەیەك و

---

[٢٦٠] رجل القدر : ٢١٢ ـ ٢١٣

لەوێ بەندی بکەن و ، چاوەڕوانی تەعلیماتی نوێ بن دەربارەی ئەو لە ئەنقەرەی پایەختەوە پێیان بگات .. [٢٦١]

ئەوەبوو لە ئوتێل شەهر لە شاری دەنیزلیی نزیکەی دوو مانگ مایەوە ، بەڵام قوتابیان ئازاد کران و هەر یەکە گەڕایەوە ماڵی خۆی و ، ئەو کتێبانەش کە دەستیان بەسەردا گیرابوو گێڕرانەوە بۆ خاوەنەکانیان .

بڕیاری دادگا، کە بە یەکدەنگیی بێ تاوانیی مامۆستا و قوتابیانی ئەگەیاند ژمارە ١٩٩ / ١٣٦ لە ١٦ / ٦ / ١٩٤٤دا بوو بەڵام بڕیاری تەصدیق کردنی دادگای تەمییز ژمارە ٣٠٠٠٥ / ٢١٩٣ بوو لە ٣٠ / ١٢ / ١٩٤٤ عەدەدی ٢٠١٩ [٢٦٢]

دوای کۆتایی هاتنی دادگای کردن و ، دەرچوونی بڕیاری بێ تاوانیی قوتابیان، بەندییەکانی تر هەستیان کرد وا برا رابەرەکانیان بەجێیان ئەهێڵن ، هەندێك لەو بەندییانەش چەند ساڵێك حوکم درا بوون و هەندێکیش سەرانسەری ژیانیان، بە راستیی دیمەنێکی کاریگەر بوو .. فرمێسك بە خوڕ لە چاوی بەندییەکان ئەهاتە خوارەوە، کە جاران دڵیان ئەوەندە رەق بوو هیچ سۆز و بەزەییەکی تێدا نەبوو.. بەڵام ئێستا بە وێنەی دڵی منداڵی پاك و بێ تاوان ئەوانیش دڵیان نەرم بوو بوو و، بە گریانەوە ئەیانوت :

ـ ئێمە نە خوامان ئەناسی و نە پێغەمبەر .. ئێوە رێی راستتان پیشانمان دا جا هەرچیی بکەین ئەوا نە ئەتوانین پاداشتی مامۆستا نوورسیی بدەینەوە و سوپاسی بکەین ، نە هی ئێوە

---

[٢٦١] رجل القدر : ٢١٣
[٢٦٢] سيرة ذاتية : ٣٥٤

بەڵێ قوتابیانی نوور هەر هەموو لە بەندیخانە ئازاد بوون و هاتنە دەرەوە، جگە لە یەکێکیان کە ئەویش حافیظ عەلیی بوو و ، لە ناو بەندیخانەدا بە هۆی ژەهـر پێ دانەوە و ، بە هۆی ئەوەوە لاشەی لاوازی بەرگەی شێداریی بەندیخانەی نەگرت بە شەهیدیی سەری نایەوە [٢٦٣]

بەندییەکان بە دڵێکی شکستەوە خواحافیزییان لە قوتابیانی مامۆستا کرد و، یەکجار بێ تاقەت بوون .. ساڵانی دوور و درێژی بەندیخانە بەبێ ئەوان چۆن بەسەر بەرن ؟ بەڵام مامۆستا مژدەی بۆ ناردن، کە با دڵ گران و خەم بار نـەبن چـونکە حکوومەتێکی نوێ دێتە سەر حوکم و چاوپۆشیی لە هەموو بەندکراوان ئەکات و، إن شاء الله ئەو کاتە لە بەندیخانە دەر ئەچن ..

هەروایش بوو ، مامۆستا چاکی پێکا بوو ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٠دا پارتی دیموکراتیی لە هەڵبژاردنەکان دا سەرکەوت و چاوپۆشیی لە بەندییەکان کرد و هەر هەموو ئازاد بوون .[٢٦٤]

دوای دوو مانگ لە بەندکردنی مامۆستا لە میوانخانەی شەهر لە دەنیزلیی ، لە ئەنقەرەی پایتەختەوە تەعلیمات هات، کە نەفیی بکرێت بۆ شاری ئـەمیرداغ، کە قەزایەکە لە قەزاکانی پارێزگای ئافیوون، ئەوەبوو لـە مـانگی ئـابی سـاڵی ١٩٤٤دا سەفەری کرد و ، بۆ ماوەی دوو حەفتە لە میوانخانەیەکدا مایەوە هەتا ژوورێکی بۆ بە کرێ بگیرێت، کە خۆی کرێکەی ئەدا، بەمە لاپەرەیـەکی ژیـانی مامۆستا تەواو بوو، و لاپەرەیەکی نوێ دەستی پێ کرد [٢٦٥]

---

[٢٦٣] سیرة ذاتیة : ٢٤٩ ، رجل القدر : ٢٠٦

[٢٦٤] رجل القدر : ٢٠٦

[٢٦٥] رجل القدر : ٢١٤ ، سیرة ذاتیة : ٣٥٥

کاتێك، کە مامۆستا نوورسیی لە بەندیخانەدا بوو، نامەی بۆ براکانی و قوتابیە بەوەفاکانی ئەنووسیی و ، دڵخۆشیی ئەدانەوە تا وورەیان بەرز بێت و، بەرگەی ئەو ستەمە بگرن کە بەرامبەریان ئەنجام ئەدرێت پیرۆزبایی شەوی قەدر و جەژنی رەمەزانی لێ ئەکردن .. هەروەها تێی ئەگەیاندن، کە قوتابیانی نوور بە کەمترین نارەحەتیی و ئێش و ئازار گەورەترین کار و ئەرکی پیرۆز ئەنجام ئەدەن، کە ئەمەش فەزڵ و بەخشایشی خوای گەورەیە چونکە کوفری موتڵەق پەرەی سەندووە و ، تا بە کافریی نەچنە قەبرەکەیانەوە .. دیارە ئەمەش پێویستە بەوپەری تاسەمەندیی و سوپاس گوزاریی و ئارامەوە ئەنجام بدرێت ..[٢٦٦]

لە نامەیەکیشیدا قوتابیان لە فێڵوفری زیندیق و مونافیقان ئاگادار ئەکاتەوە، کە ئەیانەوێ بەو هۆکارانەی، کە تەریقەتی نەقشبەندیی و تەریقەتەکانی تریان پێ شکست هێنا ، پەیامەکانی نووریش لەناو بەرن ، ئەویش بە پەرتەوازەکردنی قوتابیان و ، نەهێشتنی خۆشەویستیی نێوانیان .. بەڵام رێبازی پەیامەکان لەسەر ئیخلاصی تەواو دارێژراوە و ، بە یەکجاریی ئەنانیەتیش وازی لێ هێنراوە و، قوتابیان چاویان بریوەتە سۆز و بەزەیی پەروەردگار و ، بە دوای لەزەت و چێژە قیامەتییەکاندا ئەگەرێن و ، بۆشیان دەرکەوتووە، کە لەزەتی پاڵفتەی دنیاییش هەر لە ئیماندایە، کەواتە بەو ئاسانییە پەیامەکان لەناو نابرێن و ، دوژمنان هەر ماندووبوونیان بۆ ئەمێنێتەوە[٢٦٧]

لە نامەیەکیشیدا مژدە ئەدات بە قوتابییە دامەزراوەکان، کە لە تاقیی کردنەوەی هەردوو قوتابخانە یووسفییەکەدا ، بەندیخانەی ئەسکی شەهر و دەنیزلیی

---

[٢٦٦] سیرة ذاتیة : ٣٤٦ ـ ٣٤٧

[٢٦٧] سیرة ذاتیة : ٣٤٨

، سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و ، وازیان لە دەرسی ئیمان نەهێنا، مژدەیان پێ ئەدات، کە مەلائیکەت و رۆحانیی و ، ئەهلی حەقیقەت و بەرەی داهاتوو پیرۆزبایی خزمەتی بێ هاوتایان لێ ئەکەن .. بۆیە پێویستە براکان چاویان لە یەکتر بێت و دڵخۆشیی یەکتر بدەنەوە و ، پشتیوان و کۆمەك بن بۆ یەکتریی، مژدەشیان ئەداتێ، کە رۆژێك جبەکەی شێخ مەولانا خالیدیان [٢٦٨] بۆ ئەنێرێت، کە تەمەنی(١٢٠)صەد و بیست ساڵە و ، شێخ بۆ مامۆستای ناردووە هەتا لەبەری بکات، واتە شێخ مەولانا خالید ئیجازەی خزمەتی قورئان و ئیمانی بە مامۆستا نوورسیی داوە و ، ئەمانەتی خزمەتی دینی پێ سپاردووە، ئەی نێرێت تا قوتابیەکانیش لەبەری بکەن .. [٢٦٩]

مامۆستا لە نامەیەکی تردا مژدە بە برا بەوەفا خۆشەویستەکانی ئەدات، کە مادەم بە مەبەستی پاداشتی قیامەت دەستیان بە رێبازی پەیامەکانی نوورەوە گرتووە و ، جۆرە خواپەرستییەکیش ئەنجام ئەدەن ، ئەوا بێ گومان هەر سەعاتێکی تەمەن بەسەربردنیان لەو بارودۆخە سەختەدا لە حوکمی خواپەرستیی

---

[٢٦٨] مەولانا خالید : ئەبولبەهاء ، ضیائوددینە، کە بە مەولانا خالیدی شارەزووریی بەناوبانگە (١١٩٠ ـ ١٢٤٢ ك) . نوێخوازی سەردەمی خۆیەتی و ، یەکێکە لە ئیمامەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی ، کە لە زانست و تەقوادا پێشی زانایانی چەرخەکەی داوەتەوە و ، زۆرێك لە ئەولیایانی پەروەردە کردووە .. لە لای عەبدوللای دەهلەویی دەرسی خوێندووە و ، لە شام کۆچی دوایی کردووە، ئەو جبەیەی کەوتە دەستی خاتوو ئاسیا و هەڵی گرت و پاراستی هەتا ئەوەبوو بە هەدیە دای بە یەکێك لە قوتابیانی نوور لە ئیسپارتە ، تا ئەویش بە هەدیە تەسلیمی مامۆستا نوورسیی بکات، کە ئەویش هەتا کۆچی دوایی کرد پاراستی .

شایانی باسە، کە ئەم جبەیە ئێستا وا لە لای بەرێز مامۆستا عەبدولقادر بادلیی لە شاری ئۆرفە و ، کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ دا سەردانی تورکیامان کرد خوا بە قسمەتی ئێمەشی کرد بە لەبەرکردنی ئەو جبەیە شەرەفمەند بین ، هەرچەندە بە ئاسانیی بۆ هەموو کەسێك مۆڵەتی لەبەرکردن نادرێت .

[٢٦٩] الشعاعات : ٣٦٠

بیست سەعات‌دا ئەبێت و ، ئەو (٢٠)بیست سەعاتەش کارکردن بۆ خزمەتی قورئان و ئیمان، چونکە بریتییە: لە جیهادی مەعنەویی ، ئەوەندەی (١٠٠)صەد سەعات گرنگ ئەبن و، ئەو (١٠٠)صەد سەعاتەش ، کە بە گەیشتن بە موجاهیدی راستەقینە لە برایانی بەرێز ـ کە هەر یەکەیان ئەوەندەی صەد کەس گرنگن ـ و ، بەستنی پەیمانی برایەتیی لەگەڵیان و ، داواکردنی کۆمەکیی لێیان و ، کۆمەکیی کردنیان و، بەردەوام بوون لە گەڵیانا لەسەر خزمەتی ئیمان بەوپەری ئیخلاص و دامەزراوییەوە و ، کەڵك وەرگرتن لە رەفتارە جوانەکانیان و ، دەست خستنی پلەی قوتابێتیی لە قوتابخانەی زەهراء دا ، پێویست بە سوپاس و ، دان بەخۆداگرتن ئەکات تا بەرگەی هەموو کۆسپ و نارەحەتییەك بگرن و ، بیریش لەو هەموو کەڵکانە بکەنەوە، کە باس کران.[٢٧٠]

دوای ئەوەی قوتابییەکان لە بەندیخانە ئازاد کران و ، هەر یەکەیان بەرەو ناوچە و مەنزڵی خۆی گەرایەوە و ، مامۆستایان لە میوان‌خانەی شەهر لە دەنیزلیی بۆ دوو مانگ هیشتەوە ، رۆژێکیان مامۆستا لەسەر نهۆمی سەرەوەی میوانخانەی شەهر دانیشتبوو سەرنجی ئەو سپیی چنارانەی دەوروبەری خۆی ئەدا، کە لە باخچە رازاوەکان‌دا بوون ، سەرنجی دا ئەو درەختانە بە جم و جووڵەکەیان زۆر شادمانن و ، بە خۆیان و لق و گەڵاکانیانەوە بە شنەی شەماڵ سەمایان ئەکرد، وەهای بە بیردا هات، کە ئەوانیش وان لە ئەڵقەی ذیکری خۆیان‌دا و، تەسبیحاتی پەروەردگار ئەکەن .

جم وجووڵی ناسکی درەختەکان پێکەوە کاری کردە سەر دڵ و دەروونی مامۆستا و ، هەستی بە ماتەمینیی و خەفەت ئەکرد لە دوورکەوتنەوە و

---

[٢٧٠] الشعاعات : ٣٦٥

جیابوونەوەی لە برا قوتابیەکانی .. تا لەم کاتە خەفەتاوییەدا لەبەر تەنیایی ، لە ناکاو دیمەنی پاییز و زستانی دێتە یاد، کە گەڵای ئەو درەختە جوانانە ئەوەرێت و جوانیی و قەشەنگیی بەسەر ئەچێت و مامۆستا بۆ ئەو دیمەنە و بۆ هەموو زیندەوەرانی تر ئازار بە دڵی ئەگات و ، هەردوو چاوی پر لە فرمێسك ئەبن و، خەم و خەفەتێکی زۆر سەری لێ ئەدەن ..

کە مامۆستا لەم حاڵەتەدا ئەبێت ئەو نوورەی، کە حەقیقەتی موحەممەدیی ﷺ پێشەکەشی ئەکات ـ وەك بە هانای هەموو ئیمانداریکەوە دێت و فریای ئەکەوێت ـ بە هانای ئەویشەوە دێت و ، ئەو هەمووە خەم و خەفەتانە، کە سنووریان نیە ئەگۆڕێت بۆ خۆشیی و شادمانییەکی بێ سنوور ، بە رادەیەك، کە ئەوپەری منەت باریی دەربخات بۆ حەقیقەتی موحەممەدیی، کە تیشکێك لە نووره زۆر و زەبەندەکانی گەیشتە فریای و رزگاری کرد و دڵخۆشیی تەواوی دایەوە [٢٧١]

---

[٢٧١] الشعاعات : ٣١٥

بەشی یانزەهەم

نەفیی کردن بۆ ئەمیرداغ

قوتابخانەی نووریی سێهەم

مامۆستا بە تاقی تەنیا و کاربەدەستانیش بە هێز و دەسەلاتی حکومەتێکەوە لە زۆرانبازییدا بوون .. دەوڵەتێك بە هەموو توانا و لێهاتنیەوە دژایەتیی پیرە پیاوێکی غەریب و نەخۆش و بێ کەس و بێ خزمەتی ئەکرد ، بێ ئەوەی ئەو بەستەزمانە تاوانێك ، یان خراپەیەکی ئەنجام دابێ .. تەنها بیری لە رزگارکردنی ئیمان ئەکردەوە ئاواتەخواز بوو دوژمنانیشی بتوانن ئیمانی خۆیان رزگار بکەن .. بەڵکو بە ئاگری دۆزەخ نەسووتێن ..

مامۆستا چەند جارێك درا بە دادگا و بێ تاوان دەرچوو .. دادگای تەمییزیش هەر بێ تاوانی دەرکرد ، کەچیی دەوڵەتەکەی ئەو رۆژەی تورکیا هەموو یاسایەکی خستە ژێر پێی و ، هەموو ویژدانێکی پشت گوێ خست و ، بریاری دا مامۆستا نەفیی بکات بۆ ئەمیرداغ و ، لەوێ دەست بەسەر بێت .

لە عەسری رۆژێکی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٤دا مامۆستا نوورسیی بە هۆی ئوتومبێلێکەوە گەیەنرایە پۆلیسخانەکەی ئەمیرداغ و لەوێ تەسلیم کرا

کاربەدەستان بریاریان دا خانوویەکی گونجاوی بۆ پەیدا بکەن تا بە ئاسانیی بە شەو و بە رۆژ چاودێریی بکەن ، واتە ئەبێت لە پۆلیسخانەکەوە نزیك بێت .

کاربەدەستی پۆلیسخانەکە پۆلیسێکی بانگ کرد کە ناوی ئیبراهیم مەنکووەرلیی بوو، و فەرمانی بەسەردا دا لە بەردەم پۆلیسخانەکەدا ماڵێك بە کرێ بگرێ بۆ مامۆستا نوورسیی .

ئیبراهیم یەکێك بوو، لەو ژاندرمانەی، کە لەو ناوچەیەدا بوون و ، جار لە دوای جار لە شوێنێکەوە ئەگوازرایەوە بۆ شوێنێکی تر ، تا ئەوەبوو گەیشتە ئەمیرداغ . دوای یەك دوو حەفتە فەرمانده‌ی دەستەکەی بانگی ئەکات و، ئەویش ئەچێت بۆ لای ، ئەبینێ پیاوێك بە جل و بەرگی عوثمانییەوە ، بە جبە و مێزەرەوە قنج لە لای سەرۆکی پۆلیس‌دا وەستاوە

فەرماندەکەی وتی : وەرە ! وەرە ! ئەوە تۆ لە کوێیت ؟

ئیبراهیم ئەڵێت : من لێرەم .. إن شاء الله خێرە .. ئایا هیچ شتێك رووی داوە؟

فەرمانده ئاماژەی بۆ ئەو پیاوەی تەنیشتی کرد :

ئەمە ئەناسیت ؟

ئیبراهیم ئەڵێت : کاتێك ئەو پیاوەم بە جل و بەرگی عوثمانییەوە ، بە جبە و مێزەرەیەکەوە بینیی ، ناوی زانا بەناوبانگەکەم بە بیردا هات ، بەڵام باسم نەکرد

وتم : کێیە ؟

فەرمانده وتی : (بدیع الزمان) ە

هاوارم کرد : چیی ؟ پاشان چەمیمەوە بەسەر هەردوو دەستی (بدیع الزمان) دا هەتا ماچیان بکەم .. کەواتە ئەمە زانا بەناوبانگەکەیە لە بەردەممدا هەمووان سەیری منیان ئەکرد

فەرمانده وتی : پێویستە خانوویەك بۆ مامۆستا سەعیدی نوورسیی بە کرێ بگرین ، جا تۆ ئەم کارە ئەنجام ئەدەیت ، چونکە ناسراوت زۆرن .

هەروەها وتی: بەڵام پێویستە خانووەکە لەبەردەم پۆلیس‌خانەدا بێت .

لەبەردەم پۆلیس‌خانەکەدا بینایەك هەبوو، کە نهۆمی ژێرەوەی دووکان بوو و ، نهۆمی سەرەوەش ماڵی پیاوێك بوو بە ناوی (حسن باقرچیی)، خانووەکە دانرابوو بدرێت بە کرێ .. حەسەنی خاوەن ماڵ بە شەو و بە رۆژ سەرگەرمی عەرەق خواردنەوە بوو و ، جار بە جار منیش لە گەڵیا ئەم خواردەوە .. لەسەر عەرەق خواردنەوە وەها راهاتبوو، کە هەرگیز نەی ئەتوانی دەستی لێ هەڵ بگرێت و، لە بنەرەتیش‌دا خەڵکی طەرابزوون بوو .

چووم بۆ بازار و ، رووم لە دووکانی حەسەن نا، و پێم وت : وەستا حەسەن ! نهۆمی سەرەوە بدە بە کرێ تا مامۆستا بێتە ناوی .[٢٧٢]

وتی : براکەم ! من پیاوێکی سەرخۆشم و ، ئەویش زانای دینە ، چۆن لەگەڵیا ئەگونجێم ؟

حەسەن هەرچەندە سەرخۆش بوو، بەڵام راستی ئەوت، عەرەق خۆرێك و مەلایەك پێکەوە ناژین .

ئیبراهیم ئەڵێت : وەهام بە بیردا هات، کە مامۆستا پیاما هەڵ ئەشاخێت و ئەڵێت :

(بۆچیی داوای خانووت لەو پیاوە سەرخۆشە کردووە ؟) .

دوای کەمێك چووم بۆ لای مامۆستا و باسەکەم بۆ گێرایەوە و پێم وت : خانووەکە هەیە ، بەڵام خاوەنەکەی عەرەق خۆرێکی سەرخۆشە، ئیتر هەواڵم نەدایێ، کە خۆیشم سەرخۆش ئەبم و هاوەڵی عەرەق خواردنەوەی ئەوم .

---

[٢٧٢] نهۆمی سەرەوە هەمووی بە کرێ ناگرێت بۆ مامۆستا ، بەڵکو حەسەنی خاوەنی ماڵی خۆیشی لەوێ نەبێت

کاتێك، کە پێم وت : خاوەن ماڵەکە سەرخۆشە ، بە تەمابووم مامۆستا توورە ببێت ، کەچیی توورە نەبوو ، هەروەك هەستی توورەبوونی نەبێت ..

پێمی وت : قەی ناکا براکەم .. با سەرخۆش بێت .

خێرا هەواڵەکەم گەیاندە لای حەسەن و پێم وت : وا خانووەکەمان بە کرێ گرت .

هەر ئەو ئێوارەیە مامۆستا گواستیەوە بۆ ناو ئەو خانووە، کاتێك، کە ئەڵێم گواستمانەوە بۆ ناوی ، ئەوەی ئێمە گواستمانەوە بۆ ئەوێ بریتیی بوو: لە چەند شتێکی یەکجار سادە ، وەك سەبەتەی نان و مەسینەی دەست نوێژ ، ئیتر وەك خەڵکی تری ئەهلی دنیا کەل و پەلی نەبوو ..

حەسەن لەوێ چاوەڕوانمان بوو .. مامۆستا کەوتە قسە لەگەڵیا :

ـ وەستا حەسەن ! وەرە بۆ ئێرە

حەسەن لەوپەری خەجاڵەتییدا هات بۆ لای و وتی :

ـ بەڵێ ، مامۆستا گیان !

ـ ئایا عەرەق ئەخۆیتەوە ؟

ـ بەڵێ گەورەم .. بەیانیی و ئێوارە ئەی خۆمەوە

مامۆستا دەستی بەرز کردەوە و خستیە سەر پشتی حەسەن و سێ جار دەستی بە پشتیا هێنا و وتی :

ـ ئادەی کورەکەم .. بە ئیزنی خوا لەمە ڕزگارت ئەبێت .

ئەو پیاوەی، کە بەیانیان و ئێواران دەستی لە عەرەق خواردنەوە هەڵ نەئەگرت، نوێژی فەجری ئەو ڕۆژەی لەگەڵ مامۆستادا بەجێ هێنا و ، دوای ئەوە ئیتر بە هیچ شێوەیەك تامی عەرەقی نەکرد ، بەڵکو لەسەر نوێژکردن لەگەڵ مامۆستادا بەردەوام بوو .. ئای، کە جێی سەرسورمانە ! ئەو حەسەنەی، کە دەربارەی دین یان

نوێژ هیچی نەئەزانیی چۆن بەو جۆرە گۆڕرا !! هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەئـەهات، لەبەر ئەوە مامۆستام بەلاوە زۆر گەورە بوو .[٢٧٣]

مامۆستا باسی ئەو ژوورەی ئەکات، کە لە ئەمیرداغدا بـە دەسـت بەسـەریی تیایا ئەژیا و ، لەلایەن کاربەدەستانەوە چاودێریی ئەکرا ، بە رادەیەك نارەحـەت ئەبێت، ئاوات ئەخوازێت، کە خۆزگە هەر لە بەندیخانەکەی دەنیزلییدا بوایە ، یان مردن و چوون بۆ ناو قەبر لەوە چاکترە ، هەتا دەری ئەبرێت، کە رۆژێکی ئەو جۆرە ژیانە ئەوەندەی مانگێکی بەندیخانەی تاکەکەسیی سزا و ئازاری ئەدات ، چـونکە لەو زستانە سەختەدا و لە تەمەنی پیرییدا و لەوپـەری لاوازیـی و کـەم هێزییـدا هەموو خزمەتێکیان لێ قەدەغە کردووە ، سەرەرای ئەوەی، کە نزیکـەی بیسـت ساڵە ئەمە حاڵ و گوزەرانیەتی .[٢٧٤]

مامۆستا لە زۆر شوێنی پەیامەکاندا دەری ئەبرێ، کە رێکخراوەیەکی نهێنیی دژایەتیی ئەم ئەکات و ، ترس و لەرزی بردۆتە ناو دڵی بەشێك لە فەرمانبـەرانی دەوڵەتەوە تا لێی بترسن و ، بە کەسێکی مەترسـیداری لـە قەڵـەم بـدەن، جـا دەریشی ئەبرێت، کە هەر کاریگەرییـەك لـە گۆڕێـدا بێـت ئـەوە لـە بەرەکـەتی قورئانەوەیە و بەس .. هەر خێر و بەرەکەتێکیش لە پەیامەکانەوە دەست گیر ببێت بۆ ئاسوودەیی میللەت و پایەداریی نیشتمانە و ، پەیامەکان نابنە مایەی زیان بۆ هیچ کەسێك .. هەتا ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر لە بەندییە تاوانبارەکان بە تێکەڵیی قوتابییانی نوور تەوبەیان کرد و ، روویان کردە خوا و ، بە چاکیی دەسـتیان دایـە

---

[٢٧٣] رجل القدر : ٢١٤ ـ ٢١٧

[٢٧٤] سيرة ذاتية : ٣٥٧ ، رجل القدر : ٢١٨

خواپەرستیی، هەتا ئەوەبوو بەڕێوەبەری بەندیخانە دەری بڕیی، کە بەندیخانەکەیان بۆتە قوتابخانەیەکی پەروەردەیی .[٢٧٥]

مامۆستا بۆ دەوڵەتی روون ئەکاتەوە، کە هەموو مافێکی مرۆڤانەی پێ شێل کراوە و ، ئەمەش ئەوپەری زوڵم و ستەمە، کە لە میللەت ئەکرێت، چونکە پەیامەکانی نوور مایەی قازانجن بۆ ئوممەتی ئیسلام و ، هەتا پاگەندە دژی خۆی و پەیامەکانی بکرێت میللەت چاکتر باوەشی خۆشەویستیی بۆ نووری قورئان ئەکاتەوە

هەروایش بوو، ئەوەبوو لە ئەمیرداغدا بنەماڵەی چالیشقان بە گەورە و بچووکیانەوە بوونە خزمەتگوزاری مامۆستا و بە هەموو شێوەیەك چاودێرییان ئەکرد و ، باکیان لە هەڵوێستی دەوڵەت نەبوو ، ئەگەرچیی پاسەوانی دەوڵەت ساتێك دەرگای ماڵەکەی مامۆستای بەجێ نەئەهێشت .[٢٧٦]

لە راستییدا مامۆستا لە هەموو شوێنەکاندا ستەمی لێ ئەکرا ، بەڵام ئەو سزا و ئازارەی، کە لە ئەمیرداغدا ئەی چەشت وێنەی نەبوو .. چونکە ئەوەبوو لە ماوەی بیست ساڵدا ، بەر لەوەی بێتە ئەمیرداغ ، سەری لە کاربەدەستان نەئەدا و، جگە لە تاقە جارێك بانگ نەکرا بۆ لای والیی ، کەچیی لە سێ ساڵ و نیوی ئەمیرداغدا پانزە جار لە لایەن کاربەدەستانەوە بانگ کرا و ، لەو ماوەیەشدا یەك لە دوای یەك سکالای ئەخستە بەردەم لێ پرسراوان و ، ئەو ستەمەی باس ئەکرد، کە لێی ئەکرا .. جارێك بۆ وەزیری ناوخۆ و ، جارێك بۆ بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش و ، جارێك بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی ئافیوون و ، جارێك بۆ سەرۆکی

---

[٢٧٥] سيرة ذاتية : ٣٥٨

[٢٧٦] سيرة ذاتية : ٣٥٨ ـ ٣٥٩

ئەنجومەنی ئوممەت و ، جارێك بۆ كاربەدەستانی ئانقەرە و ، جارێـك بـۆ سـەرۆك كۆمار و ، جارێك بـۆ (مـدعي عـام) و ، جـارێكیش بـۆ دادوەری تـەحقیقیی ئەمیراغ .[277]

لە كاتی گونجاودا مامۆستا هات و چۆی مزگەوتی ئەكرد ، كەچیی ئەفسـەری ئاسایش بە رەسمیی پێی را ئەگەیەنێت، كە نابێت هات و چۆی مزگەوت بكـات، ئەویش بریار ئەدات، كە نەچێت .[278]

بە پێی دانپیانانی پزیشكی دەوڵەتیی لە ئەمیرداغ كە دكتۆر (طاهر بارچن) بوو ، هەوڵ دراوە مامۆستا دەرمان خوارد بكرێت، ئـەوەبوو دەسـتێكی چـەپەڵ ژەهری كردە ناو خۆراكەوە بۆی و ، مامۆستای تەمەن لـە حـەفتا سـاڵیی زیـاتر حەفتەیەكی تەواو بە دەست ئێش و ئازارەوە ئەتلایەوە ، تا خوای گەورە بە سۆز و بەزەیی خۆی شیفای بۆ نارد، ئەم كارە لەلایەن یەكێ لە پاسـەوانەكانەوە ئـەنجام دراو ، كاربەدەستانیش ئاگاداربوون و ویستیان زانای خواناس لـە كـۆڵی خۆیـان بكەنەوە، لە ماوەی ئەو حەفتەیەدا مامۆستا شتێكی ئەوتۆی پێ نەخورا، بەڵكو بەردەوام خەریكی خوێندنی ویردەكـان بـوو، بـە تایبـەت (الجوشـن الكـبیر) و (الأوراد القدسـیة) ی شاهی نەقشبەند، ئەم ژەهر دەرخوارددانە سێ جار ئەنجام درا ، بەڵام سێهەمیان زۆر توند بوو ، بە رادەیەك، كە مامۆستا كەوتە جێگاوە و، جگە لە نوێژە فەرزەكان هیچی تری پێ ئەنجام نەدرا

دوان لەو قوتابیانەی، كە سەروكاریی مامۆستایان ئەكرد ئەگێرنەوە، كـە لـە یەكێ لە رۆژانی ئەو نەخۆشییەیدا ، لە كاتی فەجردا ، لەسەر نوێنەكانی خۆی رێك

---

[277] سيرة ذاتية : ٣٥٩ (ب ٢ / ١٢٠٦) .
[278] سيرة ذاتية : ٣٥٩ ، رجل القدر : ٢١٧

ئەكات و ، بە چاوی نووقـاوەوە و بـە دەنگێكـی يـەكجار نـزم بـۆ سـەركەوتنی بانگەوازی نوور و سەلامەتيی و بێ وەيی قوتابيانی نوور لە خوا ئەپارێتەوە ، ئيتر دوای ئەوە بێ هۆش ئەكەوێت و ئەكەوێتە جێگاوە [٢٧٩]

مامۆستا پێويستيی بە هەوای پاك ئەبوو ، بۆيە لە هاوين و بەهاردا ئەچـووە دەرەوە بۆ ناو باخ و باخاتـە نزيـك و دەشـت و دەرە سـەوزەكان و ، پۆليسـێكی چاودێريش دوای ئەكەوت ، بۆ ئەوەی لە هەموو جم و جۆوڵێكی ئاگادار بن، هەتا جارێكيان گوللەيەكيان لە دواوە تێ گرت ، بەلاّم نەپێكرا

كاربەدەستان بە شێوەيەكی تريش سزا و ئازاری مامۆستايان ئەدا ، ئەويش بە بيانووگرتن دەربارەی ئەو جل و بەرگەی، كە لە بەريدا بوو .. ئەيانويست جـل و بەرگی عوثـمانيی دابكەنێت و مێزەرەكـەی سـەری لابـەرێت و ، جـل و بـەرگی ئەورووپيی لەبەر بكات و شەبقەی گاورانيش لەسەر بكات، هەتا دوو جار لەسـەر ئەوە بانگ كراوەتە دادگا و فەرمانی بەسەردا دراوە جـل و بـەرگی نـوێ لەبـەر

[٢٧٩] سيرة ذاتية : ٣٥٩ ـ ٣٦٠ ، رجل القـدر : ٢١٧ . دەوڵەت لە زۆربەی شوێنەكاندا هەوڵی داوە مامۆستا دەرمان خوارد بكات، كە ئەمە هەوڵەكانيەتی :

١ ـ لە ئانقەرە ، لە ساڵی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣ ، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بە دەرزيی .

٢ ـ لە بەندیخانەی ئەسكی شەهر ساڵی ١٩٣٥

٣ ، ٤ ، ٥ ـ لە قەسطەموونيی ساڵی ١٩٣٦ ـ ١٩٤٣

٦ ، ٧ ، ٨ ـ لە بەندیخانەی دەنيزليی ساڵی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٤ كە ئەوەبوو لە ژەهر پێدانی سێهەم دا حـافـيظ عەليی شەهيد بوو .

٩ ، ١٠ ، ١١ ـ لە ئەميرداغ ساڵی ١٩٤٥ ـ ١٩٤٦ كە ئەوەبوو لە ژەهرپێدانی سێهەمدا حەسەن فـەيضـيی شەهيد بوو . (ب ٢ / ١١١٩) ، سيرة ذاتية : ٣٦٠

بکات، کەچیی مامۆستا ئەو فەرمانەی ئەدایــە دواوە و ئەگەڕایــەوە ژوورەکــەی خۆی .[٢٨٠]

لەگەڵ ئەو هەموو سزا و ئازارەدا خوای گەورە دڵی مامۆستای ئەدایەوە ، هەتا وره بەر نەدات و لەسەر کاری پیرۆزی بەردەوام بێت ..

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٦دا ئامێری ڕۆنیۆ بۆ چاپ‌کـردن هاتـە تورکیـاوە و ، قوتابیانی نووریش مەردانە هەڵمەتیان دا و ، ئامێرێکیان کریی و لە ئیسپارتە و ئینۆبۆلییدا قوتابیان چالاکانە دەستیان بە چاپ‌کردنی پەیامەکان کرد و ، هەوڵیان دا بیان‌گەیەننە زۆربەی گوند و شـارەکانی تورکیـا .. ئـەو ئـامێرە بـە جارێـك (٥٠٠)پێنج صەد نوسخەی لە پەیامەکان چاپ ئەکرد و ، مامۆستاش ئەم کارەی بە فتووحاتی خوایی ئەزانیی، کە پێشکەش بە پەیامـەکانی نـووری کـردووە و ، هەزار و یەك جار سوپاسی خوای ئەکرد[٢٨١]

ئەوەندە توند و تیژیی و ستەم دەرهەق بە مامۆستا بەکار هێنرا ، ناچـار بـوو نامەیەك بۆ بەڕێوەبـەری گشـتیی هێـزی ئاسایشـی نـاخۆی پارێزگـای ئـافیوون بنوسێت،کە شارۆچکەی ئەمیرداغ سەر بەو پارێزگایەیە، لە نامەکەیدا ئەنووسێت :

نازانم بۆ گوێ بەو موعامەلە نایاسایی و بێ ویژدانییە نادەیت، کە من پیرەی گیرۆدە بووم و ، هەتا ئێستا هاوشێوەی ئەوە نەبینراوە ، بۆ نموونە : کە ئەمەوێت بچم بۆ مزگەوت ، ئەویش لەو کاتانەدا، کە خەریکە چۆڵ بێت تا پاداشتی نوێژی جەماعەتم لەگەڵ چەند کەسێکی کەمدا دەست گیر ببێت ، ئەوا فەرمان دەرئەچێت و بە شێوەیەکی قەطعیی چوون بۆ مزگەوتم لێ قەدەغە ئەکات .. چ یاسایەك ئەم

---

[٢٨٠] سيرة ذاتية : ٣٦٠ ، رجل القدر : ٢١٧

[٢٨١] سيرة ذاتية : ٣٦٠

موعامەلە دەرهەق بە كەسێك رێ پێ ئەدات، كە بە دەست غەريبيی و نەخۆشيی و پيريی و دەستكورتييەوە بنالێنێ ؟! ئەوە چ بەرژەوەندييەكی تيايە؟! پاشان دۆستايەتيی چەند كەسێك، كە لە چەند كاروبارێكی پێويستمدا يارمەتييم ئەدەن چيی تيايە ، كە من ـ هەر وەك لە بەنديخانەی تاكەكەسييدا بم ـ لە ژوورێكی سارد و لە بارودۆخێكی غەريبايەتيی و نەخۆشيی و هەژاريی و پيرييدا ئەژيم ؟ چ ياسايەك ئەوە قەدەغە ئەكات ؟! چ ياسايەك پەيوەندی كردنم بە كەسێك يان دوو كەسەوە لێ قەدەغە ئەكات ، كە پێيان خۆشە هەندێ خزمەت گوزاريی پێويستم بۆ جێبەجێ بكەن ، كە خۆم ناتوانم جێ بەجێيان بكەم؟![٢٨٢]

كاربەدەستان هەوڵيان ئەدا هەموو ئازاديی و سەربەستييەك لە مامۆستا زەوت بكەن ، بەلاّم هەتا ئەهات خەڵكەكە مامۆستايان خۆش ئەويست و ، بە دڵ و بە گيان كەڵكيان لە نووسينەكانی وەرئەگرت .. چەندە دەوڵەت دژايەتيی مامۆستای ئەكرد ، لەوە زياتر مامۆستا لە دڵی خەڵكيیدا جێی خۆی كردبۆوە، ئەگەرچيی هەندێك لە ترسی دەوڵەت ئەو خۆشويستنەيان دەرنەئەبريی .

بۆ نموونە : دەوڵەمەندێكی شاری ئەميرداغ، كە بازرگانی فەرش بوو ئوتومبێلێكی خستە خزمەتی مامۆستاوە هەتا بی گەيەنێتە كێڵگە و باخەكانی دەوروبەری ئەميرداغ ، كە ئەگەر بە پێ بۆيان بچوايە چەند سەعاتێكی پێ ئەچوو و، ديارە ئەو هەموو رێگايە بۆ پياوێكی تەمەن حەفتا ساڵيی بە نارەحەت ئەبررێت .

كاربەدەستان بەم رەفتارەی ئەو موسڵمانە دەوڵەمەندە تووڕە بوون .. ئەوەبوو گرتيان و دايان بە دادگا و لەوێ پرسياريان لێكرد :

---

[٢٨٢] رجل القدر : ٢١٧ ـ ٢١٨

ـ ئایا ئەو ئوتومبێلەت پێشکەشی کردووە ؟
ـ بەڵێ ، ئەو ئوتومبێلەم پێشکەشی کردووە   خۆ ئەگەر تۆ توانییت بچیتە دڵمەوە و خۆشم ویستی ، ئەوا من ئامادەم فرۆکەیەکت بۆ بکرم ! بگرە من ئامادەم سامانەکەم هەر هەمووی لە پێناوتا خەرج بکەم ..[٢٨٣]

نەك هەر خەڵکەکە ، بەڵکو کارمەندانی دەوڵەتیش ، بە تایبەت ئەو پۆلیسانەی، کە تێکەڵیی مامۆستایان ئەکرد ، بە پیاوێکی موبارەکیان ئەزانی ، بۆیە لە قووڵایی دڵیاندا خۆشیان ئەویست ، ئەگەرچیی دانرابوون چاودێریی بکەن .

لە پێشەوە باسی ئیبراهیمی پۆلیسمان کرد، کە خانووی بەکرێ گرت بۆ مامۆستا .. ئەو پۆلیسە لە کۆتایی سەردەمی مانەوەی مامۆستادا لە ئەمیرداغ لە بیرەوەرییەکانیدا ، کە مامۆستا رەوانەی دادگای ئافیوون ئەکرێت ، ئەڵێت :

چاوەروان ئەکرا مامۆستا بدرێت بە دادگا ، لەبەر ئەوە جەماوەرێکی زۆر لە هەموو کون و قوژبنێکەوە هاتبوون بۆ ئافیوون .. شەقام و کۆڵانەکان ، بە وێنەری رۆژی مەحشەر ، پر بوون لە خەڵك   مامۆستاش ، هەروەك پیاوکوژێکی خوێن رێژ بێت و ، دەیان کەسی کوشتبێت ، ئەبرا بۆ دادگا   منیش تا ئەو کاتە لە خزمەتدا بووم .. لە ناکاودا لەگەڵ مامۆستا نوورسییدا رووبەروو بوومەوە و ، خێرا سەلامی سەربازییانەم بۆ کرد .. ئا لەو کاتەدا یارمەتییدەری هێزی ئەسپ سواران تێپەری کرد .. هەر کە دیمی سەلامم لە مامۆستا کرد قیڕاندی :
ـ سەربازان ! ئەو پۆلیسە بگرن !

---

[٢٨٣] رجل القدر : ٢١٩

گرتـــمیان و ، بردمیـــان بـــۆ ژووری فەرمانـــدە .. یارمەتییـــدەر دەســـتی بـــە گێرانەوەی باسەکە کرد و وتی :

ـ ئەم پۆلیسە سەلامی لە (بدیع الزمان) کرد

فەرمانده لە یاریدەدەرەکەی زۆر خراپتر بوو .. هەرکـە ئـەوەی بیسـت ، وەك شێت هەڵ چوو و ، خەریك بوو مووی خۆی هەڵ ئەکێشا و ، پێمی وت :

ـ ئایا راستە سەلامت لە (بدیع الزمان) کردووە ؟

وتم : بۆچ من کەسێکی کافرم و دینم نیە ؟ من موسڵمانم ..

وەك شێت قیراندی : درێژی بکەن بۆ فەلاقە

درێژیان کردم بۆ فەلاقە کردن ..

هەرچی داریان لە قاچم ئەدا هاوارم ئەکرد :

ـ مادەم سەلامم لە مامۆستا کردووە و قسەم لە گەڵیا کردووە ، چیتان پـێ خۆشە بیکەن .

بەم قسانە زیاتر رقیان ئەجووی و هاواریان ئەکرد :

ـ کەسێکی سەربازیی بۆی نیە سەلام لە مامۆستا بکات .

منیش وەڵامم دانەوە: بەڵکو بۆی هەیە .. بۆچ ئێوە کەسێکی سـەربازیی بـە چیی ئەزانن ؟ ئایا موسڵمان نیە ؟

دوای لێدانەکەش بۆ ماوەی حەفتەیەك بەندیان کردم .[٢٨٤]

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٧دا حکومەت لە پارێزگای ئافیوونـەوە سـێ پۆلیسـی نهێنیی ، بە ناوی کرێکاری کارەباوە ناردن بۆ ئـەمیرداغ ، کـە عەبـدوررەحمان و حەسەن و صاڵحیان ناوبوو ، بـە نیـازی ئـەوەی دەربـارەی مامۆسـتا نوورسـیی سیخوریی بکەن، جا جگە لە فەرمانداری ئەمیرداغ و فەرماندەی ژاندرمە هیچ کەس بە حاڵی ئەمانەی نەئەزانیی

---

[٢٨٤] رجل القدر : ٢١٩ ـ ٢٢٠

پۆلیسەکان بە دەوری ماڵەکەی مامۆستادا ئەخولانەوە و هات و چۆیان ئەکرد، گوایە ئەیانەوێ گیروگرفتی کارەبای ئەو ناوچەیە چارەسەر بکەن، دوای چەند سەعاتێك لە چاودێریی لە قاوەخانەیەکی بەردەم ماڵەکەی مامۆستادا دانیشتن و خۆیان وەها پیشان دا کە خەریکی قوماركردن و چا خواردنەوە بن ..

دوای ماوەیەکی کەم یەکێك لە قوتابیانی نوور ، کە بەرێز جایلان چالیشقان بوو، هاتەلایان و ، سەلامی لێ کردن و ، پێی راگەیاندن، کە مامۆستا (بدیع الزمان) بانگیان ئەکات تا سەرێکی لێ بدەن لە ماڵەکەیدا

پۆلیسە هەواڵ دەرەکان واقیان ور ما و ، بە سەرسورمانەوە سەیری یەکترییان ئەکرد ، پاشان یەکێکیان بە جایلانی وت : (بدیع الزمان) کێیە ؟

وەلآمی دایەوە : وا لەو خانووەدا نیشتەجێ بووە، کە لە بەرامبەری قاوەخانەکەدایە، بانگتان ئەکات و پێی خۆشە چاوی پێتان بکەوێت ..

عەبدوررەحمانی سەرۆکی پۆلیسەکان وای بە چاك زانیی ئەم پێشنیارە نەدەنە دواوە، ئەوەبوو حەسەنی هاوەڵی بە تەنیا نارد بۆ لای مامۆستا

حەسەن چووە ژوورەوە لای مامۆستا و ، ئەویش بەخێرهاتنی کرد و، دەربارەی فەرمانبەرییەکەی پرسیاری لێ کرد و ، حەسەنیش تێی گەیاند، کە کرێکاری کارەبایە

مامۆستا دەربارەی حەقیقەتە ئیمانیی و رەوشتییەکان، کە لە پەیامەکانی نووردا هەن دەستی بە باسێکی نایاب کرد و تێی گەیاند، کە ئەم مانایانە چاودێرێکی مەعنەویی لە دڵ و دەروونی مرۆڤ دا پێ ئەگەیەنێت، کەواتە پەیامەکانی نوور رۆڵێکی گرنگیان هەیە بۆ پەخش کردنی ئەمن و ئاسایش لە سەرانسەری ولآتدا

پۆلیسە نهێنییەکە سەری لەم فەرمایشتانەی مامۆستا سور ئەما و ، ئەوە ئەهات بە دڵیدا، کە ئایا مامۆستا نوورسیی لە سروشتی کارەکەیان ئاگادارە ؟ جا کێ ئاگاداری کردبێت ؟ هەرچۆن بوو حەسەن بە فەرمایشتەکانی مامۆستا کاری تێ کرا و ، کە گەڕایەوە لای هاوەڵانی ئەوانیشی ئاگادار کرد [٢٨٥]

لە ماوەی مانەوەی مامۆستا لە ئەمیرداغ، کە سێ ساڵ و نیوی خایاند چەند پەیامێکی دانا وەك :

١ ـ مەسەلەی یانزەهەمینی پەیامی بەری درەختی ئیمان، کە دەربارەی بەرووبوومی ئیمان بە مەلائیکەت ، ساڵی ١٩٤٥

٢ ـ ئۆمێدی چواردەهەم لە بریسکەی بیست و شەشەم، کە بریتییە: لە سەرنج و تێ رامانەکانی لە ئایەتی پیرۆزی ﴿ حَسبُنَا اللهُ وَنِعمَ الْوَكِيلُ ﴾ .

٣ ـ ئۆمێدی شانزەهەم لە بریسکەی بیست و شەشەم دەربارەی نەفیکردنی بۆ قەسطەموونیی و ڕووداوەکانی دواتر .

٤ ـ نزیکەی (٢٥٠) پەیامی ئامۆژگاریی بۆ قوتابیەکانی .

٥ ـ پەیامێك دەربارەی دووبارەبوونەوەی فەرمایشتەکانی قورئان ، کە ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٢دا مامۆستا بەرگوێی کەوت، کە زیندیقێکی بێ دین دڵ پیسیی خۆی ئاشکرا کردووە و دەستی داوەتە تەرجەمەی قورئانی پیرۆز بۆ سووك کردنی قورئان، بەڵام بە کۆمەکیی خوا پەیامەکانی نوور توانییان ئەو نەخشە گڵاوە لەبار ببەن ، چونکە دەسەڵات داران ویستبوویان لەسەر خەڵکەکەی فەرز بکەن لە نوێژدا ئەو تەرجەمەیە بخوێنرێت .. [٢٨٦]

مامۆستا بوو بووە خۆشەویستی هەمووان .. لە هەموو لایەکەوە خەڵك ڕووی لە ئەمیرداغ ئەنا بە هیوای چاو پێ کەوتن و بەخزمەت گەیشتنی مامۆستا ، بەڵام

---

[٢٨٥] رجل القدر: ٢٢٠ ـ ٢٢١

[٢٨٦] سيرة ذاتية : ٣٦٣

کەمێکیان بۆیان رێك ئەکەوت سەردانی بکەن ، چونکە دەوڵەت زۆر بــە تونــدیی چاودێریی مامۆستای ئەکرد، ئەوانەی، کە بە خزمەتی ئەگەیشتن مامۆستا بە پێی ئاســتی خۆیــان ئــەی دوانــدن و ، دەربــارەی مەســەلە ئیمانییــەکان لەگــەڵیان

[287] سیرة ذاتیة : ٣٦٤

بەشی دوانزەهەم

لە بەندیخانەی ئافیوون دا

قوتابخانەی یووسفیی سێهەم

٢٨ / ١ / ١٩٤٨ ـ ٢٠ / ٩ / ١٩٤٩

لەگەڵ ئەوەدا، کە دەسەلاتداران مامۆستا و قوتابیی و میوانەکانی مامۆستایان خستبوونە ژێر چاودێرییەوە و ، نەیان ئەویست پەیامەکان دەوری خۆیان ببینن ، کەچیی بە چاوی خۆیان کاریگەریی و پەرەسەندنی پەیامەکانیان ئەدیی و ، ئەیانزانیی لە سەرانسەری تورکیادا بلاوەیان کردووە و ، خەڵکێکی دیندار باوەشی خۆشەویستیی بۆ کردوونەتەوە ، بە تایبەت دوای دەرچوونی بریاری بێ تاوانیی بۆیان لە دادگای دەنیزلییەوە کاربەدەستان کەوتنە بیری ئەوە، کە پێویستە کارێکی وەها ئەنجام بدەن چالاکیی و پەرەسەندنی پەیامەکان بوەستێنن، چونکە لق و پۆپیان بۆ هەموو گوند و شار و شارۆچکەیەك هاویشتووە و ، هەموو چینەکانی گەلی موسڵمان بە سەرباز و کارمەند و قوتابیی و بازرگان و کاسپ کارەوە سەرگەرمی خوێندنەوەیانن و ، خەریکن خۆیان پێ یان پەروەردە ئەکەن .

ئەوەی، کە زیاتر رقی کاربەدەستانی هەڵ ئەساند ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەیە بوو، کە ئەو چالاکییە قورئانییە بە دەستی ئەهێنا، بێ ئەوەی تاقە قوتابییەك دەست بداتە کارێکی نایاسایی هەتا دەوڵەتیش بیانووی دەست بکەوێت و لێیان بدات.. بۆ ئەو هەموو پەرەسەندنە تاقە کەسێکیان گوللەیەکی نەتەقاند ، یان ئاژاوەیەکی بەرپا نەکرد ، یان رێ پێوانێکی نەکرد ، یان کۆمەڵەیەکی سیاسیی پێك نەهێنا.. دەوڵەت لە هەلێك ئەگەرا تا ئەو بەرێزانە تاوانبار بکات ، بەلام

مامۆستا نەخشەیەکی وەها جوانی بۆ کارەکەی کێشا بوو، ماوەی نەئەدا خۆی و قوتابیانی هەڵەیان لە دەست دەربچێت، ئەوپەری غیرەتیان ئەکێشا و دانیان بە خۆیاندا ئەگرت و ، هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەئەدا ..[٢٨٨]

دوژمنانی پەیامەکانی نوور، کە ئەو سەرکەوتنەیان بە پەیامەکانەوە ئەدیی، دڵیان بەرگەی نەئەگرت ، بۆیە هەندێ لە کاربەدەستانی دەوڵەتیان لە دژیان هەڵ نا .. ئەوەبوو جارێکی تر ژیان قورس و نارەحەت بوویەوە ، بەڵام خوای خاوەن سۆز گەیشتە فریای مامۆستا و قوتابیەکانی .. ئەوەبوو کاربەدەستان بەوپەری شەوق و تاسەمەندییەوە ، دەستیان دایە خوێندنەوەی پەیامەکان و ، کەڵکێکی چاکیان لێیان وەرگرت و ، زۆر بە چاکیی دڵیان بۆ ئامۆژگارییەکانیان نەرم بوو .. بەمە بازنەی قوتابخانەکانی نوور فروان تر بوو، چونکە لە جیاتیی رەخنە گرتن کەوتنە ستایشی پەیامەکان ..

ئەمەش صەد قاتی زیانە ماددییەکان کەڵك و سوودی بۆ پەیامەکان هەبوو و، بووە مایەی رەوینەوەی خەم و خەفەتی مامۆستا و قوتابیەکانی ..

دوای ماوەیەکی کەم موونافیقەکان کەوتنەوە پیلان گێران .. ئەوەبوو دەوڵەتیان لە دژی مامۆستا خۆی هەڵ نا ، کە گوایە ئەم پیاوە لە ساڵانی رابوردوودا دەستی لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ کردووە و ، مەترسیی لێ ئەکرێت، بەم بۆنەوە حکومەت دەستی دایە گرتن و تەنگ پێ هەڵ چنینی قوتابیان و ، دەست بەسەردا گرتنی پەیامەکان، بەمە جارێکی تر چالاکیی قوتابیانی نوور وەستایەوە

هەرچەندە هەندێ کاربەدەست و کارمەندی حکومەت هەوڵیان ئەدا کەسایەتیی مامۆستا تێك بشکێنن ، بەڵام هەر هەوڵێکیان دا بێ هوودە بوو، و سەرشۆریی

---

[٢٨٨] رجل القدر : ٢٢١ ـ ٢٢٢

نەبێت هیچیان دەست نەکەوت و ، نەشیان توانیی قەناعەت بە هیچ کەس بکەن .. لەگەڵ ئەوەش‌دا مامۆستایان بۆ ماوەی دوو رۆژ بە بیانووی هیچ و پووچەوە خستە بەندەوە .. بە تەنیا خستیانە هۆڵێکی گەورەوە، کە جێی شەست(٦٠) کەسی تێدا ئەبوویەوە ، کە دنیا وەك زەمهەریر سارد بوو و ، بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشیی بوو .. بە مەرجێ مامۆستا بە بۆنەی لاوازیی و پیرییەوە بەرگەی ئەو سەرمایەی نەئەگرت ، چونکە ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئەمیرداغ بەردەوام ئاگری ئەکردەوە و ، رۆژانە چەند جارێکیش زۆپاکەی هەڵ ئەکرد[289]

دەوڵەت هەوڵی زۆری دا تاوان بۆ مامۆستا و قوتابیەکانی بدۆزێتەوە ، کەچیی هیچی دەست نەکەوت ، ناچار پەنای بردەوە بەر تاوانە پێشووەکان، کە بریتیی بوون لەم تاوانانە :

١ ـ پێك‌هێنانی کۆمەڵەیەکی سیاسیی .

٢ ـ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی دژ بە رژێمی کاربەدەست ..

٣ ـ دواکەوتنی مەبەستێکی سیاسیی دیاریکراو ..

٤ ـ برینی سیفەتی دەججالی سوفیانیی بەسەر موصطەفا کەمال‌دا

جا بۆیە ئەو پاگەندانە بە ناو خەڵك‌دا بڵاو ئەکرانەوە ، تا دەوڵەت بۆی هەبێ دەستیان بۆ بەرێت و بەندیان بکات .

ئەوەبوو دەوڵەت مامۆستا و پانزە قوتابیی لە ئەمیرداغ دەست گیر کردن و بەرەو دادگای جەزای گەورەی ئافیوون رەوانە کران و ، لە پارێزگاکانی تریش ژمارەیەك لە قوتابیانی نوور گیران و ئەوانیش رەوانەی لای مامۆستا کران و

---

[289] سیرة ذاتیة : ٣٨٣ ـ ٣٨٤ ، رجل القدر : ٢٢٢ ـ ٢٢٣

ژمارەی هەر هەموویان ئەگەیشتە (٤٨)چل و هەشت کەس و ، هەر هەموویان لە ٢٣ / ١ / ١٩٤٨ خرانە بەندیخانەوە [٢٩٠]

دوای لێکۆڵینەوەی رەسمیی، کە یەکجار توند بو، هیچ ماددەیەکیان دەست نەکەوت تا تاوانباریان بکەن ، کەچیی بە قەناعەتی حاکم دادگا بریاری دا مامۆستا نوورسیی بیست مانگ بەند بکرێت و ، زانایەکی بەرێزیش هەژدە مانگ و، (٢٢)بیست و دوو قوتابییش هەر یەکە شەش مانگ و ئەوانی تریش لە ٦ / ١٢/ ١٩٤٨ دا ئازاد کران .

بەرامبەر بەم بریارە کوێرانەیە مامۆستا و قوتابیەکانی رەخنەیان گرت تا دادگای تەمییز بریار بدات، بەڵام دادگا جارێکی تر دەستی بە لێکۆڵینەوەی بێ تاوانەکان کرد و ، قوتابیانیش داوایان لە دادگای ئافیوون کرد، تا بریارەکەی دادگای تەمییز جێبەجێ بکات، بەڵام دادگا ئەوەندە خۆی خلافاند هەتا مامۆستا و قوتابیەکانی حوکمە ناهەقییەکەیان بەسەر برد ، هەرچەندە بێ تاوانیش دەرچوون بوون !

دواجار لە ٢٠ / ٩ / ١٩٤٩دا مامۆستا بەر درا ، بەڵام کاربەدەستانی بەندیخانە لە کاتی ئاساییدا بەریان نەدا، کە سەعات 10:00دەی سەر لە بەیانییە. نەوەکو خەڵکێکی زۆر لە دۆستانی مامۆستا لەبەردەم بەندیخانەدا کۆببنەوە و، خۆشەویستیی ئەو پیشان بدەن ، بۆیە لەگەڵ ژمارەیەك لە قوتابیانی و لەگەڵ دوو

---

[٢٩٠] سیرة ذاتیة : ٣٨٤ ، بەڵام لە (رجل القدر) دا ل ٢٢٢ هاتووە، کە لە پارێزگاکانی ئیسپارتە و ، دەنیزلیی ونایدن و ، قەستەموونیی و ، ئینەبۆلیی و ، ئافیوون دا(٥٤) پەنجا و چوار قوتابیی گیراون و لە ژێر پاسەوانییەکی توندا و لە سەرما و سۆڵەی زستان دا رەوانەی بەندیخانەی ئافیوون کراون .

پۆلیس دا لە کاتی بەرەبەیان دا بەر دران و ، مامۆستا برایە خانوویەکەوە، کە بۆی ئامادە کرابوو .[٢٩١]

لەو کاتەدا دەسەلاتی ولات کەوتە دەست پارتی دیموکرات و ، ئەویش چاوپۆشیی گشتیی راگەیاند، بەلام دەستەی دادگای ئافیوون پەیامەکانی نووری ئازاد نەکردن، بەلکو لەسەر بریاری دەست بەسەردا گرتن بەردەوام بوو، بەلام دادگای تەمییز بریاری دادگای ئافیوونی دایە دواوە و ، دادگای ئافیوونیش ناچار بوو دەست لەو بریارە هەلّ بگرێت و پەیامەکان ئازاد بکات، بەلام دادگای تەمییز داوای لە سەرۆکایەتیی کاروباری دینیی کرد، کە وردبینیی پەیامەکان بکەن و، ئەویش تەقریرێکی چاکی دەربارەیان نووسیی، بەلام ئازادکردنی یەکجارییان تا سالّی ١٩٥٦ی خایاند، ئەوەبوو دادگای ئافیوون بە یەك دەنگیی بریاری بێ تاوانیی پەیامەکانی دا و ، پەیامەکان بە ئازادیی چاپ و پەخش ئەکران .

مامۆستا نوورسیی لە بەندیخانەی ئافیووندا سزا و ئازارێکی بێ سنووری چەشت، کە سزای رۆژێکی ئەو بەندیخانەیە بەرامبەر بە سزای مانگێکی بەندیخانەی دەنیزلیی بوو، لەم بەندیخانەیەش دا هەولّ درا مامۆستا دەرمان خوارد بکەن، ئەوەبوو لە بەندیخانە و دەست بەسەرییەکانی پێشەوە یانزە جار هەولّ درا دەرمانی ژەهراویی دەرخوارد بدرێت، لەم بەندیخانەش دا سێ جار هەولّی ژەهرپێدانی درا، و مامۆستا بۆ چەند رۆژێك توانای شت خواردنی نەبوو .. لە هەمان کاتدا کاربەدەستان رێیان نەئەدا کەسێك خزمەتی بکات و یارمەتیی بدات ، ئەویش

---

٢٩١ سيرة ذاتية : ٣٨٤ ، رجل القدر : ٢٣٤

پیرێکی بە ساڵا چوو بوو .. هەر جارێکیش، کە لەو هۆڵە گەورەیەدا سەرمای ئەبوو ، تای بە توندیی ئەگرت و ، کەسێکیش نەبوو چاودێرییەکی بکات . [٢٩٢]

کاربەدەستان هەمیشە ئەگەران بە دوای سەرەداوێکدا هەتا مامۆستا و قوتابیەکانی پێ تاوانبار بکەن ، ئیتر نە شەرم و نە حەیایان بەلاوە نەمابوو:

بۆ نموونە :

لە ماوەی یەك مانگدا ئەو سیخورانەی، کە چاودێریی مامۆستایان ئەکرد هیچ بەڵگەیەکیان دەست نەکەوتبوو، بۆیە چوون تەقریرێکی ساختەیان بەم شێوەیە پر کردەوە : ((خزمەت کارەکەی سەعید چووە لە دووکان عەرەقی بۆ کڕیوە)) . ماوەیەکی زۆر ئەگەڕێن بەڵکو کەسێکیان دەست بکەوێت ئیمزای بکات،کەسیان دەست ناکەوێت جگە لە کەسێکی غەریبی سەرخۆش ، بە هەرەشەوە داوای لێ ئەکەن تەقریرەکە ئیمزا بکات، ئەویش بە سەرخۆشیەوە ئەڵێت : ((أستغفر الله، کێ ئەتوانێ ئیمزای تەقریری وەها بکات و تەصدیقی درۆی وەها سەیر بکات؟)) . ناچار ئەی دڕێنن .

نموونەیەکی تریش :

مامۆستا بە بۆنەی نەخۆشییەوە پێویستیی بە هەڵمژینی هەوای پاك ئەبێت ، بۆ ئەمە پیاوێك، کە مامۆستا نەی ناسیوە ئەسپ و عەرەبانەیەکی ئەداتە لا ، تا گەشتێکی یەك دوو سەعاتیی پێ بکات و بچێت بۆ دەرەوەی شار ، مامۆستاش بەڵێن بە خاوەن عەرەبانەکە ئەدات، کە لە کرێیدا بایی پەنجا لیرە کتێبی بداتێ، تا لە یاساکەی خۆی دەر نەچێت و ، نەچێتە ژێر هیچ منەتێکەوە، بۆ ئەم کارە بێ زیانە دایەرەی پۆلیس و ، داد و ، ئەمنی ناوخۆ و ، هەتا پارێزگاریش زیاتر لە

---

[٢٩٢] سيرة ذاتية : ٣٨٤ ـ ٣٨٥ ، رجل القدر : ٢٢٣

پەنجا جار پرسیویانە، کە ئەم ئەسپ و عەرەبانەیە هی کێن ؟ هەر وەك کارێکی سیاسیی مەترسییدار رووی دابێت و ، ئەمن و ئاسایشی ولات کەوتبێتە مەترسییەوە، بۆ بن بر کردنی ئەو پرسیارە ، پیاوێك ئەڵێت، کە ئەسپەکە هی ئەوە و ، یەکێکی تریش ئەڵێت عەرەبانەکە هی ئەوە و ، فەرمان بۆ گرتنی هەردووکیان دەرچوو و برانە بەندیخانە لای مامۆستا نوورسیی !! [٢٩٣]

وا یەکێك لە قوتابیەکانیشی لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی بەندیخانەی ئافیوون ئەڵێت :

« لە هەموو شتێك گرنگتر، کە لە بەندیخانەدا پێوەی سەرقاڵ بووین نووسینەوەی پەیامەکانی نوور بوو، هەر کاتێك، کە نزیکی ئەو هۆڵە ئەبووینەوە، کە مامۆستای تێدا بوو دەنگێکمان ئەبیست، کە وەك دەنگی هەنگ بوو .. ئەوە دەنگی مامۆستا بوو، کە خەریکی خوێندنی ویرد و ذیکر و دوعا و نزاکان بوو .. لە هەر سەعاتێکی شەویشدا، کە سەرنجی ژوورەکەیان ئەدا چراکەی داگیرسا بوو و، دەنگیشی بەرگوێمان ئەکەوت، کە ذیکری خوای ئەکرد

هەمیشە مامۆستامان لە یاد بوو، و هەموو کاتێکیش لە هەل ئەگەڕاین تا سەردانی بکەین و ، دەستی ماچ بکەین و داوای دوعای خێری لێ بکەین ، بەلام پاسەوانەکان ئەم جۆرە سەردانانەیان قەدەغە ئەکرد و ، دەستیان ئەدایە لێدان و ئیهانەکردنمان و ئەیان وت: ئێوەش دوای ئەم کابرایە کەوتوون ؟

لەم بەندیخانەیەدا تیشکی پانزەهەم (الحجة الزهراء) نووسرا و ، لە کاتی نووسیندا لەبەردەم پەنجەرەکەی مامۆستاوە تێپەرمان ئەکرد، کە مامۆستا چاوی پێمان ئەکەوت پاکەتە شقارتەی بۆمان هەڵ ئەدا ، کە پارچە کاغەزی بچووکی تێ

---

٢٩٣ سيرة ذاتية : ٣٨٦ ـ ٣٨٧

خستبوو و ، خۆی لەسەری نووسیی بوون . ئێمەش ئەو پارچە کاغەزانەمان ئەهێنا و خێرا ئەمان‌نووسینەوە

خەریك بووم بە لای کاك جایلان چالیشقانەوە فێری نووسینی پیتە قورئانییەکان (پیتە عەرەبییەکان) ئەبووم . کاتێکیش، کە پاسەوانەکان چاویان پێمان ئەکەوت وا ئەنووسین ، هەوڵیان ئەدا بمان‌ترسێنن و ، هەرەشەمان لێ بکەن و، ئیهانـەمان بکەن ، بەڵام، کە بە خزمەتی مامۆستا ئەگەیشتم ئەیفەرموو:

ـ نەترسیت ... خوای گەورە بە سۆزی خۆی تۆی ناردووە بۆ ئێرە .. تۆ یەکجار خاوەن بەختیت و ، لەسەرت پێویستە زۆر سوپاسی خوا بکەیت .

فەرمایشتەکەی خەم و خەفەتێکی زۆری لە کۆڵمان ئەکردەوە و ئەی ڕەواندەوە . ئێمەش بە شەو و بە ڕۆژ سەرگەرمی نووسینەوە بووین، مامۆستاش هەڵەگیریی ئەوەی ئەکرد، کە ئێمە ئەمان‌نووسییەوە و دوعاشی بۆ ئەکردین ....

ئێمە بە هـەموو جـۆرە بیانوویـەك چـاوەڕوانی هـەلێك بـووین بـۆ سـەردانی مامۆستا .. بە بیانووی چوون بۆ لای سەرتاش، کە ژوورەکەی بەرامبەر ژوورەکەی مامۆستا بوو ، ئەمان توانیی سەردانی بکەین .[٢٩٤]

کاربەدەستان لە ئازاردانی مامۆستا و قوتابیەکانی دەست کۆتـا نـەبوون و ، مامۆستاش خەریکی خواپەرستیی و دانانی پەیامـەکان بـوو، و قوتابیـەکانیش سـەرگەرمی نووسـینەوە و لێکۆڵینـەوەی پەیامـەکانی نـوور و ، ڕێنمـایکردنی بەندییەکان بوون ..

بەڵێ ، لەم بەندیخانەیەش دا زۆرێك لە تاوان باران تەوبەیان کرد ، کە هی وایان هەبوو بە بۆنەی تاوانی کوشتنەوە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچـوو بـوو، وەك

٢٩٤رجل القدر : ٢٢٣ ـ ٢٢٤

بەندیی طاهیر کە نازناوی قەصابی لێ نرابوو، و بەندییەکان لێی ئەترسان، لەبەر ئەوەی لاشەیەکی کەتەی بەهێزی هەبوو دەست و پێی کۆت و زنجیر کرابوون .. لەبەر ئەوەش، کە بەندییەکان لێی ئەترسان هەرچیی بوتایە بە گوێیان ئەکرد و هیچ کەس بە پێچەوانەی ویستی ئەو نەئەجوولایەوە، سەیر لەوەدابوو، کە ئەم پیاوە تاوان بارە هەر بە یەك سەردانی لە مامۆستا لە ژوورەکەی خۆیدا بە تەواویی گۆررا ، بە شێوەك کە هەموو بەندیی و پاسەوان و لێ پرسراوەکان پێی سەرسام بوون، بووە مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ و نوێژەکانی لە کاتی خۆیاندا ئەنجام ئەدا و ، قسەی کەمی ئەکرد و ، قوتابیانی نووریشی خۆش ئەویستن ..[٢٩٥]

کاربەدەستان بەندیخانەکەیان کردبووە گۆرستان ، بەوەی ترس و لەرزێکی زۆریان بردبووە دڵی بەندییەکانەوە و ، بۆ هەلێك ئەگەران سزایان بدەن .

ئەوەبوو لەسەر ئەوەی، کە بەندییەك لە پەنجەرەی ژوورەکەی مامۆستاوە سەلامی لە مامۆستا کردبوو زۆر بە توندیی لێیان دابوو .

کاتێکیش، کە مامۆستا زوبێر گۆندۆز ئاڵب هەلی دەست کەوتبوو بچێتە ژوورەکەی مامۆستاوە تا هەندێ پێویستیی بۆ جێبەجێ بکات ، گرتبوویان و هێنابوویان بۆ ژووری ئەشکەنجە و لەوێ لەسەر زەوییەکە درێژیان کردبوو و بە دار فەلاقەی ژێر پێیان کردبوو، هەرچیی دارەکە بەر پێی ئەکەوت هاواری ئەکرد :

ـ لێی دە ! لێی دە ! با بژیت دۆزەخ بۆ ستەم کاران ! با بژیت دۆزەخ بۆ ستەم کاران ![٢٩٦]

---

[٢٩٥] رجل القدر : ٢٢٣ ـ ٢٢٤ ..

[٢٩٦] رجل القدر : ٢٢٥

جارێکیان موحەممەد کایهانی بەڕێوەبەری بەندیخانەی ئافیوون لە ڕۆژی جەژنی سەربەخۆیی تورکیادا ویستی داوێك بۆ مامۆستا نوورسیی بنێتەوە، فەرمانی دا ئالآیەکی تورکیی لە هۆڵەکەیدا دابکوترێت، هەرچیی لەوە مامۆستا نوورسیی نارەزایی لە ئالآکە دەر ئەبرێت ، یان ئەیدرێنێت چونکە پیاوێکە کۆنەپەرستە، ئەو کاتە ئەتوانێت تاوانباری بکات ، بەوەی، کە بە سووك سەیری ئالآی تورکیای کردووە و ، ئەمەش سووکایەتییە بە ئوممەتی تورکیی .

بەڵام مامۆستا بە ژیرانەی خۆی نەی هێشت ئەو داوەی، کە بەڕێوەبەر بۆ ئەوی نابوویەوە سەر بگرێت ، ئەوەبوو بۆی نووسیی :

بەڕێوەبەری بەرێز ! لەسەر داکوتانی ئالآیەك بە بۆنەی جەژنی سەربەخۆییەوە سوپاست ئەکەم، دیارە حکومەتی ئەنقەرە دەرکی بەوە کردووە، کە چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەم (شەش هەنگاو) لە ئەستەنبوڵدا (لە کاتی بزووتنەوەی میللییدا) دژی ئینگلیز و دژی یۆنان هاوتای کاریگەریی یەك فیرقەی تەواوی سەربازیی بووە ، بۆیە موصطەفا کەمال بە جفرە دوو نامەی ناردن، کە داوای ئەکرد لە ئەنقەرە ئامادە بم ، هەتا خەڵاتم پێ بدات ، هەتا ئەوەبوو وتبووی: (ئێمە پێویستمان بەم زانا پاڵەوانە هەیە) .

کەواتە مافی خۆمە وێنەی ئەم ئالآیە لە هۆڵەکەمدا دابکوترێت، بەمە بەڕێوەبەری بەندیخانە لووتی شکا [٢٩٧]

بەر لەوەی مامۆستا بزانێ (مدعي عام) لە مەحزەری تاوان بارکردنەکەیدا دەربارەی تێك دانی ئاسایشی وڵات چیی لەسەر نووسیوە ، وت و وێژێك لەگەڵ (مدعي عام) دا ئەکات و پێی ئەڵێت :

---

٢٩٧ رجل القدر : ٢٢٥

دوێنێ غەیبەتم کردیت ، ئەوەبوو بەو پۆلیسەم وت، کە لـە بریـی بەڕێوەبـەری بەندیخانە لێمی پرسییەوە : « خوا لەناوم بەرێت (سێ جار) ئەگەر زیاتر لە هەزار بەڕێوەبەری ئاسایش و هەزار (مدعي عام) خزمەتی ئاسایشی گشتیی ئەم وڵاتەم نەکردبێت » ..[298]

بە بۆنەی ئەوەوە، کە کاربەدەستان لەو زستانە سەختەدا ئازاری ئـەدەن و لـەو تەمەنە زۆرەدا بۆ ئەم شار و بۆ ئەو شار ئەیگوازنەوە و ، لـە شـوێنێکی سـارد و سردا بەندی ئەکەن، کە بە هیچ شێوەیەك مافی ئادەمیانەی بەرچاو نەگیرابێت، کە بە راستیی یەکجار توورە ئەبێت ، کەچیی باسی چاودێریی خوایی ئەکات کە چۆن دڵی ئاگادار کراوەتەوە و ، دەرسێکی ئیمانیی جوانی پێشکەش کراوە ، تا ئەوە بۆ خۆی و بۆ هەموو ئیمانداری بکاتە ئامۆژگاریی ..

لەوە ئاگادار ئەکرێت، کە ئەوانەی ستەمی لێ ئەکەن با پێی نارەحەت نەبێت، چونکە قەدەری خواییش ـ کە عەدالەتێکی رێك و پێکە ـ بەشـی گـەورەی خـۆی هەیە، کە ئەو ستەمکارانە بەسەریدا زاڵ ئەکات و ، کە بریاریش دراوە رزقی لـە بەندیخانەدا بێت ، ئەبێت لەوێ بە نسیبی ببێت .. کەواتە پێویستە بۆ ئەو بەشـە گەورەیە رەزامەندیی تەواو بنوێنێت ..

هەروەها دانایەتیی و سۆز و بەزەیی پەروەردگاریش بەشـێکی زۆری لـەوەدا هەیە تا ئەوان بگەنە بەندیخانە و ، ببنە مایەی هیدایـەتی چـەندین تـاوانبـاری بەندیخانە و ، هیوا و دڵدانەوەیان پێشکەش بکەن ، بەمەش قوتابیان پاداشتێکی زۆریان دەستگیر ببێ، لەبەر ئەمە پێویستە هەزارەها جار سوپاس و شـوکرانەی خوا بکەن بەرامبەر بەو بەشە گەورەیە ، ئەویش بە ئارام گرتن ..

---

[298] سيرة ذاتية : ٣٨٧

هەروەها بەندەی ئیمان دار بەشی دەروونی خۆیشی لە کارەکەدا هەیە ، چونکە خاوەنی کەم و کورتیی و هەڵەی زۆرە و ، پێویستە ئەم لایەنەش بەرچاو بگیرێت، ئەویش بە تەوبە و پەشیمانیی و گەڕانەوە بۆ لای خوا ئەبێت و ، لۆمەی دەروون بکرێت، کە شایانی ئەم زللەیە

هەروەها هەندێ کارمەندی ساویلکە و ترسنۆکی خەڵەتاویش، کە بە فێڵ و تەڵەکەی دوژمنە شارراوەکان ستەم لە ئیمان داران ئەکەن ، ئەوانیش بەشی خۆیان هەیە ، بەڵام ئەوەتا پەیامەکانی نوور تۆڵەی خۆیان لەو موونافیقانە کردەوە، بەوەی، کە زللەی مەعنەویی کاریگەریان لێ دان .

دوایین بەشیش بەشی ئەو فەرمانبەرانەیە، کە لە کارەکەدان، جا لەبەر ئەوەی، کە لە لایەنی ئیمانەوە ، بیانەوێ و نەیانەوێ ، کەڵك وەرئەگرن ، کاتێك کە بە نیەتی رەخنەگرتنەوە سەرنجی پەیامەکان ئەدەن ، ئەوا ئەوانە چاوپۆشییان لێ ئەکرێت .

بەم ئاگادارکردنەوە مەعنەوییە مامۆستا بڕیاری دا بەوپەری ئارام و شوکرانەوە بە بەندیخانە رازیی بێت ، کە بریتییە لە قوتابخانەیەکی یووسفیی نوێ .. [٢٩٩]

هەروەها دەری ئەبڕێت، کە ئەو لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵییدایە و، پەیوەندیی بە دنیاوە نەماوە و ، زۆربەی خۆشەویستانی کۆچیان بۆ قیامەت کردووە، جا ژمارەیەکی زۆری پەیامەکان و ، زۆرێك لە خوشك و برایانی ئیمان داری خەریکن حەقیقەتەکانی ئیمان بڵاو ئەکەنەوە، هەروەها دەری ئەبڕێت، کە مردن صەد جار لەو بەندیخانەیە چاکترە و ، بەندیخانەکەش صەد ئەوەندەی ژیانی دەرەوە چاکتر و بەکەڵکترە ، چونکە لە بەندیخانەدا وا لەگەڵ صەدەها بەندکراودا و

[٢٩٩] سيرة ذاتية : ٣٨٧ ـ ٣٨٨

، بە ناچاریی بەرامبەر بە ستەمی کاربەدەستانی بەندیخانە پێکەوە دان بە خۆیان دا ئەگرن، سەرەرای ئەو سۆز و بەزەییەی، کە بەرامبەر بە پیر و نەخۆشەکان لەلایەن مرۆڤە پاکەکانەوە دەرئەبرڕێت، بۆیە بە بەندکردن رازیی ئەبێت .[٣٠٠]

کاتێکیش، کە برا بۆ دادگای سێهەم ـ واتە دادگای ئافیوون ـ ، لە دەرەوەی دادگا ، لەبەر لاوازیی و پیریی و نەخۆشیی توانای نەبوو بە پێوە بوەستێت ، بۆیە لەسەر کورسییەك دانیشت، لەناکاو حاکم هات و مامۆستای دیی وا دانیشتووە، بۆیە بە توورەیی و ئیهانەکردنەوە وتی : ئەمە بۆچ بە پێوە چاوەروانیی ناکات ؟

بەم بێڕەحمییە مامۆستا دڵی دێتەوە یەك ، بەڵام، کە ئاور ئەداتەوە خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانان ئەبینێ، کە بەوپەری دڵسۆزییەوە و ، بە چاوێکی پر لە فرمێسك و ، بە دڵێکی پر لە شەفەقەتەوە وەستاون و ، هیچ هێزێك ناتوانێ بڵاوەیان پێ بکات ، دڵی ئەگەشێتەوە و ، بەو بۆنەوە دوو حەقیقەت دێن بە دڵیدا :

حەقیقەتی یەکەم : دوژمنە شاراوەکانی مامۆستا و پەیامەکانی نوور قەناعەتیان بە هەندێ کارمەندی بێئاگا کردبوو ، هەتا دژایەتیی مامۆستا بکەن تا کەسایەتیی ئەو لەبەر چاوی خەڵکیی بخەن ، بەو هیوایەی کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەر دەم فتووحاتی پەیامەکانی نوور، بەرامبەر بەم سووکایەتیی کردنە خوای گەورە کەسانێکی زۆری کردبووە دۆستی خزمەتی ئیمان ، بۆیە چاودێریی خوایی سەرنجی مامۆستای بۆ لای ئەوانە راکێشا ، تا سەیریان بکات چۆن بوونەتە پشتیوانی دڵسۆز و خەم خۆری خزمەتەکەی .

---

[٣٠٠] سيرة ذاتية : ٣٨٨

لە کاتێکیش‌دا، کە مامۆستا وەڵامی پرسیارەکانی حاکمی تەحقیقی ئەدایەوە هەزار کەسێك لە پشتی پەنجەرەوە سەیریان ئەکرد و ، دۆستایەتیی خۆیان دەرئەبریی ، هەتا پۆلیس نەیان ئەتوانیی بڵاوەیان پێ بکەن، ئەمەش بووە هۆی دڵخۆش‌کردنی مامۆستا بەم دۆستە راستەقینانە .

حەقیقەتی دووهەم : بەرامبەر بە سووکایەتیی کردن بە قوتابیانی نوور، کە گوایا ئاسایشی وڵات تێك ئەدەن و ، دوورخستنەوەی خەڵکیی لە خزمەتی ئیمان، رۆڵەکانی بەرەی داهاتوو پێشوازییەکی گەرم لە خزمەتی ئیمان ئەکەن ، چونکە بۆیان دەرئەکەوێت، کە شوێن‌کەوتوانی پەیامەکان بە دڵ و بە گیان پارێزگارییان لە ئاسایشی وڵات کردووە و ، دوژمنە شاراوەکانیان ، بە تایبەت شیووعییەت، ئاژاوە و پشێویی پەرە پێ ئەدەن، بەمە قوتابیانی پەیامەکان بە هۆی ئیمانی تەحقیقییەوە لە ماوەیەکی زۆردا و لە سەرانسەری وڵاتدا رووداوێکیان لە دەست دەر نەچووە، کە ببێتە مایەی تێك‌دانی ئاسایش، هەتا هەندێ ئەفسەری خاوەن ویژدانی سێ ویلایەت دەریان بریی کە قوتابییانی نوور ئەفسەری مەعنەوین بۆ ئاسایشی وڵات و ، چاکترین یارمەتیدەری دەوڵەتن ، چونکە بە خوێندنەوەی پەیامەکان و دەست خستنی ئیمانی تەحقیقیی پاسەوانێکی مەعنەویی لە بیر و هەستیدا دائەمەزرێنێت .[٣٠١]

لە یەکێ لە دانیشتنەکانی دادگای ئافیوون‌دا ، ئەوەندە درێژەی کێشا هەتا کاتی نوێژی مەغریب هاتە بەرەوە،مامۆستا لە شوێنی خۆی هەستا و وتی : من نوێژ بەجێ ئەهێنم .

---

٣٠١ اللمعات : ٣٩٥ ـ ٤٠٠ ، سيرة ذاتية : ٣٨٨ ـ ٣٨٩

حاکم ئەی ویست دادگا بەردەوام بێت بۆیە وتی : ئەتوانیی بە قەزا بی گێڕیتەوە

مامۆستا وەڵامی دایەوە : بە قەزا گێرانەوە جائیز نیە .. من نوێژ بەجێ ئەهێنم .

پاشان رووی کردە دادگا و دای بە گوێیاندا :

ـ ئێمە بۆ ئەمە هاتووینەتە ئێرە هەتا بەرگریی لە مافی نوێژ بکەین ، چونکە لەوە زیاتر تاوانێکی دیکەمان نیە

دوای ئەوە دادگای بەجێ هێشت و ، فەرمانبەری بەندیخانەش لەگەڵیا رۆیشت و ، لە ژووری قەڵەمی دادگا نوێژی بەجێ هێنا

لە دوادانیشتنی دادگادا داوا لە مامۆستا کرا، کە ئەگەر شتێکی هەبێت و بیڵێت ، ئەویش وتی :

ـ ئەگەر تاوانێك لە ئارادا هەبێت ئەوە پەیوەندیی بە منەوە هەیە و ، براکانی ترم تاوانیان نیە، ئێمە خزمەتکاری قورئان و ، پاسەوانیی مەعنەویی ئەمن و ئاسایشین .[٣٠٢]

کاتێکیش، کە دادگا گوێی بۆ شاهێدیی سێ هەواڵ دەرەکە گرت ، کە نێررابوون بۆ ئەمیرداغ تا چاودێریی کاری مامۆستا نوورسیی بکەن ، حاکم سەرسام بوو ، چونکە قسەکانیان ئەوەی ئەگەیاند، کە مامۆستا زانیویەتی بۆ چیی هاتوون و ، هەستی کردووە، کە ئەوانە کاریان سیخورییە ، نەك چاك کردنی کارەبا .. سەریان لەوە سور ئەما، کە مامۆستا چۆنی پێ زانیون ؟ بۆ ئەمە حاکم

---

[٣٠٢] رجل القدر : ٢٢٦

پرسیاری لە مامۆستا کرد کە چۆن بەم کارەی زانیوە ، مامۆستاش وەڵامی دایەوە، کە لە خەودا ئاگادار کراوە .[٣٠٣]

مامۆستا لە دادگادا بەرگرییەکی پیاوانە لە خۆی و لە کارەکەی ئەکات، کاتێك، کە ئەیانەوێ بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نهێنیی تاوان باری بکەن ، کە گوایا ئەیەوێ دژی رژێمی وڵات کار بکات ..

دەری ئەبرێت، کە بەڵێ ئەوان کۆمەڵەن ، بەڵام کۆمەڵەیەکی بێ زیان .. هەموو مەبەستێکیان بریتییە لە رزگارکردنی خۆیان و جەماوەری هاووڵاتیانیان لە سزای قیامەت و ، رزگارکردنیان لە ئاژاوە و سەرگەردانیی و ، بە حەقیقەتەکانی پەیامەکانی نوور شوورایەکی پۆڵایین بە دەوری خۆیاندا دروست بکەن هەتا بتوانن بەرهەڵستی هێرشە ستەم کارانەکەی مولحید و زیندیقان بکەن .

پاشان ئەیدا بە گوێیاندا، کە هەر سزایەکی بۆ بریار ئەدەن ئەو هیچ باکێکی نیە ، چونکە ئەو وا لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵییدا و ، نزیکی دەرگای قەبر بۆتەوە و ، بەوپەری بەختەوەرییشی لە قەڵەم ئەدا کە ئەگەر ئەم یەك دوو ساڵەی، کە لە تەمەنی ماوە و ، ژیانێکی بێتاوان و مەزلوومانەیە ، خوا بۆی بگۆڕێت بە پلەی شەهیدیی، پاشان لە لایشی یەقینە و هیچ گومانێکی لە دڵدا نیە، کە مردن بۆ یەکێکی وەك ئەو بریتییە لە مۆڵەت دان و ئازادکردن ، بەڵکو بریتییە لە بلیتی گەیشتن بە جیهانی دڵئارامیی و بەختەوەریی و ، لە پەیامەکانی نووریش‌دا هەزارەها سەلماندن بۆ ئەوە هەیە، لە سێدارەدانیش بۆ کەسانێکی وەك ئەو ئەوپەری بەختەوەرییە ، چونکە ئەوە کلیلی رەحمەتە و هەلێکی چاکیشە بۆ گەیشتن بە جیهانی هەمیشە مانەوە و نەمریی .

---

[٣٠٣] رجل القدر : ٢٢٦

پاشان روو ئەکاتە دوژمنە شارراوەکانی، کە بە نارەوا سزایان ئەدەن و حکومەت لە دژیان هەڵ ئەنێن ، ئەیدا بە گوێیاندا، کە لە سێدارەدانی راستەقینەی ئەبەدیی چاوەروانی ئەوانە و ، بە چەند قاتیش موسڵمانان تۆڵەی خۆیان وەرئەگرنەوە [٣٠٤]

مامۆستا لە لایەن (مدعي عام) ەوە تاوانێکی تریش ئەخرێتە ئەستۆی، کە ئەویش بریتییە لەوەی، کە مامۆستا نوورسیی موصطەفا کەمالی شوبهاندووە بە دەججال، مامۆستا پەرچی ئەو تاوان بارکردنە ئەداتەوە :

(مدعي عام) یەك دوو مەسەلەی تیشکی پێنجەم [٣٠٥] بەسەر سەرۆکێکدا جێبەجێ ئەکات کە مردووە و کاری بەسەر چووە ، هەتا ئەوە بکاتە بیانووی ئەوە هێرش بکاتە سەرمان و بە تاوانبار لە قەڵەممان بدات .

مامۆستا دەری ئەبرێت، کە ئەو باسانەی، کە ئەو نووسیوینی بە تایبەت باسی کەس ناکەن ، بەڵکو بە گشتیی باسەکە دەر ئەبرن .. کەواتە هیچ مانایەکی نیە هۆی هیچ و پووچ بتاشرێن بۆ تاوانبارکردنی قوتابیانی نوور و سزادانیان .. ئەوەندە هەیە مامۆستا چەند فەرموودەیەکی شەریفی شەرح کردوون و ، لە دادگاکانی تردا وەڵامی داوەتەوە

دەریشی ئەبرێت، کە ئەو سەرۆکە بۆ نۆکەریی کافران مزگەوتی ئایاصۆفیای گۆریوە بۆ مۆزەخانە و ، بنکەی مەشیەخەی گشتیی موسڵمانانیشی گۆریوە بۆ دواناوەندیی کچان و ، هیچ کات موسڵمانان بە بریاری وەها رازیی نابن ..

---

[٣٠٤] رجل القدر : ٢٢٦ ـ ٢٢٧

[٣٠٥] تیشکی پێنجەم هەر هەمووی باسی دەججال و فیتنەی ئاخرزەمان ئەکات و ، سیفەتەکانی دەججالیش بەسەر (مصطفی کمال) و دار و دەستەکەیدا ئەچەسپێ .

هەروەها دەری ئەبڕێت، کە سزا و ئازاری ئەو ڕۆژانەی دواوە یەکجار سەخت بووە و، بە تەواویی بێزار بووە و ، بۆ ڕزگاربوونیش لەو ژیانە تاڵە دوو ڕێگا هەن : یان بەندیخانە ، یان قەبر ..

پاشان تاوانی سەر بە کۆمەڵەبوونی قوتابیانی نوور ئەداتە دواوە و ، ئەیشی سەلمێنێ، کە ئەوانەی ئەو تاوانە ئەخەنە دوایان ئاژاوەچیین و ، بۆ بەرژەوەندیی دوژمنانی موسڵمانان کار ئەکەن . بەڵکو لە هەموو دادگاکاندا بێتاوان دەرچوون، جگە لە دادگای ئەسکی شەهر، کە بەندیی ساڵێك بۆ مامۆستا و ، بەندیی شەش مانگیش بۆ پانزە قوتابیی لە کۆی (١٢٠) قوتابیی بڕیوە .[٣٠٦]

لە شوێنێکی تردا بەرگریی لە پەیامەکان ئەکات و دەری ئەبڕێ، کە هیچ کەس توانای نیە بەرابەرکێ لەگەڵ پەیامەکاندا بکات ، ئیتر با هیچ کەس خۆی ماندوو نەکات ، چونکە زانایان لەوە ئاگادارن، کە پەیامەکان ڕاستییەکانی قورئان و ئیمان ئەسەلمێنن و ، بەهێزترین سەلماندنیان لە قورئانەوە دەستگیر بووە، و لەبەر ئەوەش، کە ئەم پەیامانە خزمەتکاری قورئانن و ، تەفسیرێکی ناوازەیشن بۆی ، ئەوا گەشاوەترین حەقیقەت و چەسپاوترین سەلماندنیان لە خۆ گرتووە و ، بە موعجیزەیەکی مەعنەویی قورئانیش بۆ ئەم چەرخە لە قەڵەم ئەدرێن و، بەربەستێکی سەختیشن لەبەردەم ئەو مەترسییانەدا، کە ڕوو لەم ئوممەت و نیشتمانە ئەکەن .

کەواتە ئەم پەیامانە خزمەت پێشکەش ئەکەن و قوتابییەکانیش بە دڵ و بە گیان خۆشیان و کەسانی تریش پێیان پەروەردە ئەکەن، کەواتە لەسەر دەوڵەت و دەسەڵات پێویستە کۆمەکیی قوتابیان بکەن بۆ گەیاندنی دەرمانی پەیامەکان بە

---

[٣٠٦] رجل القدر : ٢٢٧ ـ ٢٢٩

هەموو گۆشەیەکی سەرزەویی ، نەك بیان‌ترسێنن و کۆسپ لەبەردەمیاندا ساز بکەن و ، هەروەك دەست ناخەنە کاری گۆڤار و رۆژنامە و کتێبی مولحیدەکانەوە، کە ولات بەرەو هەلدێر ئەبەن ، هەق وایە دەستیش نەخەنە کاری پەیامەکانەوە، کە کاری کارمەندی دلسۆزی ئاسایش ئەنجام ئەدەن و ، رەوشتە سووکەکان لە کۆمەلگا دوور ئەخەنەوە .[٣٠٧]

هەر لەو بەرگریەیدا ئامۆژگاریی کاربەدەستان ئەکات هەتا واز لە پەیامەکان بهێنن و دژایەتییان نەکەن ، چونکە پەیامەکان قورئان پالپشتیانە و ، کۆمەکیی و پشتگیریی لەوەوە وەرئەگرن ، بۆیە بە هیچ کەس چار ناکرێن و ، هەرکەسیش هەولێ بدا رووناکییان بکوژێنێتەوە ئەوە زیانی بە گەل و ولاتەکەی گەیاندووە، ئەگینا ئەوان ناکوژێنەوە، بەلکو ئەچن بۆ شوێنێکی تر و ئەوێ رووناك ئەکەنەوە خۆ ئەگەر هەر کۆلیان نەدا و بەرامبەر بە پەیامەکان وەستان، مامۆستا بەلێنیان ئەداتێ، کە ئەگەر ئەوەندەی ژمارەی تالە مووی سەری گیانی هەبن و ، هەموو رۆژێك یەکێکیان بکێشن ، ئەوا هەرگیز ئەو سەرەی، کە نەذری کردووە خزمەتی حەقیقەتە قورئانییەکانی پێ بکات ، لەبەردەم زەندەقە و کوفری موطلەق دا نای چەمێنێتەوە و ، هەرگیز دەست بەرداری خزمەتی نوور نابێت.

مامۆستا ئەوەش روون ئەکاتەوە، کە مادەم حکومەت بە بۆنەی ئازادیی ویژدانەوە رێ لە مولحیدان ناگرێت ، هەق وایە رێش لەوانە نەگرێت، کە کەناریان گرتووە و خەریکی خواپەرستیین، دیارە لە هەموو سەرزەوییشدا هیچ میللەتێك

---

[٣٠٧] رسائل النور لا تنطفئ ، ترجمة عاصم الحسيني .

بەبێ دین ناژی و ، موسڵمانانیش هەزارساڵێکە سەرگەرمی خواپەرستیی و خۆ پەروەردە کردنن و ، تەقوا و صەلاحەتیش بە دەرمانی دەردی میللەت ئەزانن .[٣٠٨]

کاربەدەستان تاوانێکی تر ئەدەنە پاڵ مامۆستا کە گوایە شانازیی بە خۆیەوە ئەکات ، ئەویش ئەوە بە جوانیی روون ئەکاتەوە کە هیچ کات حەزی لە ناوبانگ و شوهرەت نەبووە و ، چەندین جاریش بە قوتابیە دڵسۆزەکانیدا هەڵ شاخیوە لەسەر ئەوەی، کە رێزی زیادیان لێ گرتووە و ، خۆی بە شایانی ئەوە نەزانیوە .

جارێکی تر ئەهلی دنیا ئاگادار ئەکاتەوە، کە با خۆیان ماندوو نەکەن و دژایەتیی لەگەڵ پەیامەکان و قوتابیەکانیاندا ، چونکە ئەم قوتابیانە رۆڵەی بەئەمەکیی ئەم میللەتە موسڵمانەن، کە بە درێژایی مێژوو خوێنی پەنجا ملیۆن شەهیدی پێشکەش بە ئیسلام کردووە و ، بەرگریی لێکردووە، کەواتە ناتوانن قوتابیان پەرتەوازە بکەن چونکە، بە دڵ و بە گیان باوەشیان بۆ پەیامەکان کردۆتەوە

هەر لە هۆڵی دادگادا مامۆستا نوورسیی بە سەری بەرزەوە بریارێکی ناوازە دەر ئەکات و ، ئەوپەری خۆنەویستیی دەرئەبرێ و ، بۆ هەموانی ئەسەلمێنێ، کە ئاواتی ئەوەیە دوژمنەکانیشی لە سزای دۆزەخ سەرفراز بن .. بریاری دا، کە بە دڵ و بە گیان ئامادەیە چاوپۆشیی لەو کارمەندانە بکات، کە خەریکی رەخنەگرتن و هەڵ سەنگاندنی پەیامەکانی نوورن ، ئەگەر فەرمانی لەسێدارەدانی ئەویش دەربکەن ، بەو مەرجەی کەڵك لە پەیامەکان وەر بگرن و ئیمانیان پێیان بەهێز

---

[٣٠٨] رجل القدر : ٢٢٩ ـ ٢٣١

بکەن، کەواتە ئەم خزمەتە ئیمانییە بۆ هەموانە و جیاوازیی لە نێـوان دۆسـت و دوژمن‌دا نیە [٣٠٩]

دەربارەی ژیانی لە ئەمیرداغ و ئافیوون‌دا ، مامۆستا بە پێنووسـی خـۆی لـە پەیامی پیران‌دا ئەنووسێت :

« پاشان لەو کاتەدا، کە من زۆر پێویستییم بە حەسانەوە و گوێ نەدان بە خەم و خەفەتی دنیـا هـەبوو و دەبـوا بـە یـەکجاریی لـە سـەرما بـەدوور بوومایـە، دوورخستنەوەم لەلایەن ئەمانەوە و ، گواستنەوەم لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کە لە توانام‌ا نەبێت ـ بە تایبەت لەم سـەرما و سـۆڵەیەدا ـ ، پاشـان بەنـدکردنم و تەنگ پێ هەڵچنینم بەدەر لە توانـای خـۆم و بـە شـێوەیەك، کـە هەسـت بـە کینەیەکی شاراوە و کارێکی دەست قەست بکرێت .. ئەمە هەر هـەمووی قـین و بێزارییەکی نائاسایی بەرامبەر بەوانە لە دڵم‌دا دروسـت کـرد، بـەڵام عینایـەتی خوایی بە فریامەوە هات و ، دڵمی لەم مانایە ئاگادار کرد.

« قەدەری خوایی ـ کە یەك پارچە عەدالەتە ـ دەستێکی یەکجار بـاڵای لـەو ستەمە ئاشکرایەدا هەیە، کە ئەو مرۆڤانە لێتی ئەکەن و ، ئەو رزق و رۆزیەشت، کە لەناو بەندیخانەدا بۆت تەرخسان کراوە بانگی کردوویت بۆ ناو بەندیخانە ، دەی کەواتە لەسەرت پێویستە بەرامبەر بەو بەشەی قەدەر رەزامەندیی و تەسلیم بوون بنوێنی ..

هەروەها حیکمەت و رەحمەتی پەروەردگاریش بەشـێکی زۆریـان هەیـە ، وەك گەیاندنی نوور و هیدایەت و بەخشینی هیوا بە دڵی بەندییەکان و دڵ دانەوەیان و،

---

٣٠٩ رجل القدر : ٢٣٢ ـ ٢٣٣

پاشان دەست خستنی پاداشتیش بۆ ئێوە، لەبەر ئەوە پێویستە ، بەرامبەر بەم بەختە چاکە ، ـ لەرێی ئارام گرتنەوە ـ هەزاران سوپاس و شوکرانەی خوا بکەن.

هەروەها نەفسیشت بەشی خۆی هەیە ، چونکە چەندین کەم و کوریی هەیە، جا پێویستە بەرامبەر بەم بەشەش ئیستیغفار و تەوبە و گەرانەوە بۆ لای خوا ئەنجام بدرێ و ، لۆمەی نەفسیش بکرێت، کە خۆی شایستەی ئەم زللەیە بووە

هەروەها هەندێ فەرمانبەری ساویلکە و ترسنۆك و خەڵەتاو ، کە بە فروفێڵی دوژمنە شارراوەکان ئەو ستەمانەیان پێ ئەنجام ئەدرێ ، ئەوانیش بەشی خۆیانیان هەیە و ، پەیامەکانی نووریش بە تەواویی تۆڵەیان لەو مونافیقانە سەند بۆت ، بەوەی، کە زللەی مەعنەویی سەرسامکەری لێ وەشاندن . دە با ئەو زللانە هەر بەشیان بن ..

بەڵام دوابەش بەشی ئەو فەرمانبەرانەیە، کە هۆی راستەقینەی (ئەم کارەساتانە) بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی، کە ئەوانە لە کاتی سەرنج‌دان و خوێندنەوەی پەیامەکانی نووردا، بە نیازی رەخنە و توانجەوە ـ بیانەوێ یان نەیانەوێ ـ بە حەتمیی لەلایەنی ئیمانییەوە کەڵکیان وەرگرتووە ، ئەوا بە پێی دەستووری ﴿ والكاظمين الغيظ والعافين عن الناس ﴾ لێبووردن و چاوپۆشیی لێیان کارێکی دلێرانە و بەنەجابەتە

دوای ئەوەی، کە ئەم وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەم وەرگرت ، کە هەر هەمووی حەق و حەقیقەتە ، بریارم دا لەم قوتابخانە یووسفییە نوێیەدا بە ئارام و شوکرانە و شادمانییەوە بێنمەوە، بگرە هەتا بریارم دا یارمەتیی و کۆمەکیی ئەوانە بکەم، کە خراپەم بەرامبەر ئەکەن و دژایەتییم ئەکەن ، تا بە کەم و کورییەکی بێ زیان تەمێی نەفسم بکەم .

پاشان کەسێکی وەك، مـن، کـە لـە تەمـەنی حـەفتا و پێـنج سـاڵییدایە و، پەیوەندییشی بە دنیاوە بریوە و ، خۆشەویستانیشی لە حەفتا کەس‌دا تەنها پێنج کەسیان لە دنیادا ماون و ، حەفتا هەزار نوسخەی پەیامەکانی نووریش بەوپەڕی سەربەستییەوە ئـەرکی نـووریی سەرشـانی ئـەنجام ئـەدەن و ، ئەوەنـدەش بـرا و ئەوەندەش میرات گری هەن، کە فەرمان بەریی ئیمـان بـە هـەزاران زمـان ، لـە جیاتیی تاقە زمانێك ئەنجام بدەن .. کەواتە قەبر بۆ کەسێکی وەك من صەد جار لەم بەندیخانەیە چاکتر و زیاترە ، سەرەرای ئـەوەش، کـە ئـەم بەندیخانەیـە صـەد ئەوەندەی سەربەستیی کۆت و زنجیرکراوی دەرەوەش و ، ژیانی ژێر فەرمان سەپاندن و دەسەڵاتی کەسانی تریش کەڵك و حەسانەوەی زیاترە ، چونکە پیاو بە ناچاریی و لەگەڵ صەدەها بەندییدا بەرگەی فەرمان سەپاندنی هەندێ لێپرسراو بـە حـوکمی فەرمانبەرییەکان ، وەك بەرێوەبەر و سەرۆکی پاسەوانەکان دەگرێت ، ئیتر دڵدانەوە و رێزێکی برایانەی لە دۆستە زۆرەکانی دەور و بەریەوە دەست ئەکەوێت، کەچیی لە دەرەوەی بەندیخانە ئەبێ خۆی بە تەنیا بەرگەی دەسەڵاتی صەدان فەرمانبەر و لێپرسراو بگرێت .

هەروەها میهرەبانیی ئیسلامەتیی و فیطرەتی مرۆڤایەتیی هەوڵ ئەدەن سۆز و بەزەیی بەرامبەر بە پیران بنوێنن ، بە تایبەت ئەوانەی لـەم حاڵەتـەدان ، بەمـە نارەحەتیی و ئازاری بەندیخانەش ئەگۆرن بۆ سۆز و بـەزەیی ، لەبـەر ئەمـە هـەر هەمووی بە بەندیخانە رازیی بووم .

کاتێکیش، کە هێنرامە ئەم دادگا سێهەمە ، لەبەر ئـەوەی، کـە هەسـتم بـە ماندووبوون و نارەحەتیی ئەکرد کاتێ بە پێوە بوەستامایە ، بەبۆنـەی لاوازیـی و پیریی و نەخۆشیی سەختمەوە ، ئـەوەبوو لـە دەرەوەی دەرگـای دادگـادا لەسـەر

کورسییەك دانیشتم .. لە پڕێكدا حاكم هات و بە توورەیی و تێكەڵ بە سووك و كەم نرخ سەیر كردنەوە وتی: بۆچ ئەمە بە پێوە چاوەڕوانی ناكات ؟!

بۆ نەمانی ڕەحم و سۆز بەرامبەر بە پیران لە ناخی دڵمەوە توورە بووم .. كە ئاورم دایەوە ئەبینم وا كۆمەڵێكی زۆری موسڵمانان لە دەورمان جەمیان خواردووە و بە چاوێكی پڕ لە میهرەبانییەوە و ، بە دڵێكی پڕ لە سۆز و برایەتییەوە سەیرمان ئەكەن ، بە ڕادەیەك، كە هیچ كەس نەی ئەتوانی دەریان بكات و دووریان بخاتەوە لێرەدا ئەم دوو حەقیقەتە بە دڵمدا هاتن :

یەكەم :

دوژمنەكانم و ، دوژمنە شارراوەكانی نوور قەناعەتیان بە هەندێ فەرمان بەری بێئاگا كردووە و ، ئەم هەڵسوكەوتە سووك كەرانەیان پێ ئەنجام ئەدەن ، تا لەبەر چاوی خەڵكیدا من بشكێنن و ، ئەو خەڵكە لەوە لا پێ بدەن، كە هەرگیز من حەزی پێ ناكەم، كە بریتییە لە ڕوولێنان و بە دەمەوە هاتنی خەڵكیی ، ئەمەش بەو نیازەوە، كە گوایا بەوە ئەتوانن دیوارێكی سەخت لەبەردەم شاڵاوی فتووحاتی نووردا دروست بكەن، جا بەرامبەر بەو سووك سەیركردنەی، كە تاقە پیاوێك دەری بریی ، عینایەتی خوایی بە ڕێزلێنانێكەوە بۆ ئەو خزمەتە ئیمانییەی، كە پەیامەكان و قوتابیانی نوور پێشكەشی ئەكەن ڕوومی بەرەو ئەو ((صەد)) كەسە وەرگێڕا و فەرمووی : ((سەیری ئەوانە بكە ، كە بە دڵێكی پڕ لە میهرەبانیی و خەمباریی و دڵپێخۆش بوون و پەیوەندیی پتەوەوە ، بە بۆنەی ئەو خزمەتانەوە ، هاتوونەتە پێشوازییتان))

بگرە هەتا لە ڕۆژی دووهەمدا ، كاتێك، كە وەڵامی پرسیارەكانی حاكمی تەحقیقم ئەدایەوە ، هەزار كەس لە گۆرەپانەكەی بەرامبەر بە پەنجەرەكانی بارەگادا كۆ بووبوونەوە ، شێوەی ڕوخساریان حاڵەتی ئەوانی دەرئەبریی و ئەیوت: ((ئەوانە

سەخڵەت مەکەن)) ، لەبەر پەیوەندیی پتەویشیان پێمانەوە ، پۆلیس نەیان توانیی بڵاوەیان پێ بکەن، ئا لەو کاتەدا ئەمەم بە دڵدا هات :

((ئەو خەڵکە ، لەم کاتە ناهەموارەدا ، بەدوای دڵدانەوەیەکی تەواو و، نوورێکی نەکوژاوە و ، ئیمانێکی دامەزراو و ، مژدەیەکی راستدا بە بەختەوەریی هەمیشەیی ئەگەڕێن .. بگرە بە فیطرەیان بە دوایاندا ئەگەڕێن .. جا ئەوەشیان بەرگوێ کەوتووە، کە ئەوەی ئەوان بە دوایدا ئەگەڕێن بە راستیی لە پەیامەکانی نووردا هەیە ، لەبەر ئەوە ئەم رێز و تەقدیرەی، کە بۆ شەخصی من ـ کە هیچ بایەخێکی نیە ـ دایئەنێن ، کە لە توانا و سنووری من بەدەرە ، لە روانگەی ئەوەوەیە، کە من خزمەتکارێکی ئیمانم .. خوا بکات خزمەتێکم بۆ ئیمان دابێ)) .

حەقیقەتی دووهەم :

ئەمەم بە دڵدا هات : بەرامبەر بە بێ رێز و سووک سەیرکردنمان بە بیانووی شێواندنی ئاسایشی گشتیی و ، بەرامبەر بە دوورخستنەوەی خەڵکیی لێمان ئەویش بە هەڵس و کەوتی نزم، کە چەند کەسێکی کەمی فریو دراو ئەنجامی ئەدەن ..لە بەرامبەر ئەمانەوە لەلایەن ئەهلی حەقیقەت و رۆڵەکانی بەرەی داهاتووەوە پێشوازییەکی گەرم و رێزێکی شایان بە ئێوەمانانتان لێ ئەگیرێت، بەڵێ ، لە کاتێکدا، کە ئاژاوە و تۆقاندن، کە پەردەی شیوعییەتیان لە خۆ پێچاوە چالاکییان لە زیاد بوونایە بۆ شێواندنی ئاسایشی گشتیی ، قوتابیانی نوور ئەو بەربادکردنە سامناکە ، بە هێزی ئیمانی تەحقیقیی ، لە سەرانسەری وڵاتدا دەوەستێنن و تێکی ئەشکێنن و ، بەوپەری گورج و گۆڵییەوە هەوڵ ئەدەن ئاسایش و یاسا لە بریی ترس و ئاژاوە جێگیر بکەن و ، لە ماوەی بیست ساڵی رابوردووش دا هیچ رووداوێك دەربارەی شێواندنی ئاسایشەوە لەسەریان تۆمار نەکراوە ،

هەرچەندە قوتابیانی نوور زۆرن و لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوەیان کردووە .. هەتا لە پارێزگادا و ، لە چوار پارێزگای پەیوەندییداردا ، هیچ ئەفسەرێکی لێپرسراو رووداوێکی نەدیوە و تۆمار نەکردووە ، بگرە هەندێ ئەفسەری خاوەن ویژدانی سێ پارێزگا وتیان : ((قوتابیانی نوور ئەفسەری مەعنەویی ئاسایشی وڵاتن و ، لە پاراستنی ئاسایش و یاسادا یارمەتییمان ئەدەن ، بەوەی، کە ئیمانی تەحقیقیی لە بیری هەر کەسێکدا، کە پەیامەکانی نوور بخوێنێتەوە پاسەوانێك و چاودێرێك لەسەری دائەنێن و ، بەمەش هەوڵی پاراستنی ئاسایشی گشتیی ئەدەن)) .

بەندیخانەی دەنیزلییش نموونەیەکی روون و چاکە بۆ ئەم وتەیە .. هەر ئەوەندە بوو، کە قوتابیانی نوور و پەیامی ((میوە)) ـ کە بۆ بەندییەکان نووسرا بوو ـ چوونە بەندیخانەوە ، ئەوەبوو زیاتر لە (٢٠٠) دووصەد بەندیی تەوبەیان کرد و دەستیان دایە گوێڕایەڵیی و چاکەخوازیی ، ئەمەش لە ماوەی سێ مانگ یان زیاتردا، هەتا یەکێك لەوانەی، کە لە سێ کەس زیاتری کوشتبوون دەستی لە کوشتنی ئەسپێش ئەگێرایەوە، هەر بەوەشەوە نەوەستا، کە ئەندامێکی بێ زیان بێت ، بەڵکو بووە ئەندامێکی بەکەڵکی بەسۆز بۆ وڵات .

ئەوەبوو فەرمانبەرە لێپرسراوەکان بە سەرسامیی و دڵ پێخۆش بوونەوە سەیری ئەم بارودۆخەیان ئەکرد ، هەتا هەندێ لە گەنجەکان بەر لەوەی بریاری دادگا وەر بگرن دەریان بریی، کە : ((ئەگەر قوتابیانی نوور لە بەندیخانەدا بمێننەوە ، ئەوا کارێك ئەکەین، کە خۆمان تاوانبار بکەین بۆ ئەوەی حوکم بدرێین تا لەگەڵیانا بمێنینەوە و ببینە قوتابیی ئەوان و بە رێنماییەکانیان خۆمان چاك بکەین و وەك ئەوانمان لێ بێت)) جا ئەوانەی، کە قوتابیانی نوور بە شێواندنی ئاسایش تاوان بار ئەکەن و ئەمانیش ئەمە تایبەتمەندیی و سیفەتیانە ، بێگومان ئەوانە بە شێوەیەکی جەرگ بر خۆیان تووشی هەڵە کردووە ، یان خەڵەتاون ، یان لە پێناوی

ئاژاوە و تۆقاندن دا کاربەدەستانی حکومەت ـ بە خۆیان بزانن یا نەزانن ـ ئەخەڵەتێن ، لەبەر ئەوە هەوڵی لەناو بردنمان ئەدەن و سزامان دەرخوارد ئەدەن ..

ئێمەش بەوانە ئەڵێین :

((مادەم مردن لەناو ناچێت و دەرگای قەبریش داناخرێت و ، کاروانەکانی مرۆڤایەتییش بەوپەری پەلەوە لەم میوانخانەی دنیایەدا لە چاو ون ئەبن و ئەکەونە ئەودیوی ئاسۆوە .. کەواتە چار نیە و بەم نزیکانە لێك ئەبرێین و ، ئێوەش لەسەر ستەمەکەتان سزایەکی سەخت ئەچێژن و ، بە لایەنی کەمەوە ئەو مەرگەی کە بە لای ستەم لێکراوانی ئەهلی ئیمانەوە بریتییە لە پشوودان لە مەینەتی دنیا ئەبێتە لەناودانێکی هەمیشەیی بۆتان و ، ئەو چێژە فانییانەش، کە پێیان دەست خەرۆ بوون و وا ئەزانن خۆتان بە هەتا هەتایی لە دنیادا ئەمێننەوە، ئەگۆرێن بە ئێش و ئازاری بەردەوامی پرژانی هەتا هەتایی ..

حەقیقەتی ئیسلام، کە ئەم ئوممەتە دین دارە بە خوێنی صەدان ملیۆن شەهیدی، کە لە پلەی ئەولیادان و ، بە شمشێری پاڵەوانە موجاهیدەکانی دەست خۆی خست و پارێزگاریی لێوە کرد ـ بە داخەوە ـ ئەمرۆ ئەو حەقیقەتە هەندێ جار دوژمنە مونافیقە شاراوەکانمان ناوی ((تەریقەتی صۆفێتیی)) لێ ئەنێن و ، وەهاشی دەرئەخەن، کە تەریقەتی صۆفێتیی، کە بریتییە لە تاقە تیشکێکی ئەو خۆرە درەوشاوەیە ، خۆرەکە خۆیەتی ، تا هەندێ فەرمانبەری ساویلکەی پێ هەڵبنێن و، ناوی ((تەریقەتی صۆفێتیی)) یان ((کۆمەڵەیەکی سیاسیی)) بەسەر ئەو قوتابیانەی پەیامەکانی نووردا دەربرن، کە بەوپەری لێبڕان و چالاکییەوە ، بۆ دەرخستنی حەقیقەتی قورئان و حەقیقەتەکانی ئیمان ، کۆشش ئەکەن ، کە جگە لە ناشیرین کردنمان و هەڵنانی کاربەدەستان لە د ژمان هیچ مەبەستێکی تریان

نیە، جا ئێمە ئەو وتەیەمان بەوانیش و بەوانەش، کە گوێیان لێ ڕائەگرن ئەڵێین، کە لەبەردەم دادگا دادپەروەرەکەی دەنیزلییدا وتمان :

((ئەو حەقیقەتە پیرۆزەی، کە ملیۆنەها سەر بوونەتە قوربانی ، با سەری ئێمەش بە قوربانی بێت .. خۆ ئەگەر ئاگری هەموو دنیا لەسەر سەرمان بکەنەوە، ئەوا ئەو سەرانەمان، کە خۆیان کردۆتە قوربانی حەقیقەتی قورئانیی، بە کۆمەکیی خوا ، دانانەوێنرێن و جڵەوی کاروباریان نادەنە دەست زەندەقە و ، دەست لە ئەرکی پیرۆزی سەر شانیان هەڵ ناگرن)) .[٣١٠]

مامۆستا بە نارەوا حوکم درا و ، بەبێتاوان تاوانبار کرا ، لەگەڵ ئەوەشدا، کە خۆی خەتی ناخۆش بوو و ، نەخۆشیش بوو ، نەیان هێشت کەسێك یارمەتیی بدات و وەڵامی بۆ بنووسێت ، ناچار شکاتی بردە بەردەم دادگای تەمییز و بە (١٠) دە خاڵ گرنگترینی ئەو بەڵا و موسیبەتانەی خستە بەردەمیان، کە لە ماوەی(٢٣) بیست و سێ ساڵی ڕابوردوودا ڕووبەڕووی بوونەوە، کە بە کورتە ئەمانەن :

یەکەم : لە بەندیخانە و دادگای ئافیووندا ستەمێکی زۆری لێ کراوە، بۆ نموونە : لە دادگادا سێ جار لائیحەی تاوانبارکردنی مامۆستا خوێندراوەتەوە و هەر جارێکیش دوو سەعاتی پێ چووە .. سەرەڕای ئەوەش، کە پڕ بووە لە درۆ و بوختان ، مامۆستا داوای پێنج یان دە دەقیقەی کردووە مۆڵەتی بدەن تا وەڵام بداتەوە ، کەچیی ماوەیان نەداوە، مامۆستا خۆی هەشتا و یەك هەڵەی لەو لائیحەیە ژماردووە، کە بریتیی بووە لە پانزە لاپەرە .

دووهەم : کە مامۆستا تەفسیری کۆمەڵە ئایەتێك دەربارەی حیجاب و، میرات و ، ذیکری خوا و ، فرەژنیی ئەکات ، بەو کارەی تاوانباری ئەکەن.

---

[٣١٠] پەیامی پیران : ٦٦ ـ ٧١

سێهەم : یەکێکی تر لە تاوانەکانی، کە لە سەری سزایان دا بریتیی بوو: لە تێك دانی ئاسایشی وڵات ، بە مەرجێك مامۆستا و قوتابیەکانی بە هیچ شێوەیەك نەبوونەتە هۆی تێك دانی ئاسایش و ، هیچ کردەوەیەکی نایاسابییان لە دەست دەر نەچووە

چوارەم : لەسەر نەکردنی شەپقەشیان بە هۆیەکی گرنگ لە قەڵەم دا بۆ تاوان بارکردنی ، بە رادەیەك، کە نەیان هێشت بەرگریی لە خۆی بکات .

پێنجەم : پەیامەکانی نوور، کە بوونەتە مایەی هیدایەتی هەزاران کەس و ، ئیمانیان پێ رزگار بووە ، لە هیچ و خۆڕایی دەستیان بە سەردا ئەگیرا

شەشەم : هەندێ لە قوتابیەکانی ظەننی چاکیان بە مامۆستا بووە و ، بە کەسێکی دین دار و موبارەکیان زانیوە ، بگرە هەندێ پلە و پایەی مەعنەوییان پێ بەخشیوە ، ئەمەش لە روانگەی ئەو خێر و بەرەکەتەوە، کە بە خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور دەستیان کەوتووە .. جا کاربەدەستان ئەمە ئەکەنە بیانوو بۆ تاوانبارکردن و سزادانی .

حەوتەم : هەرچەندە دادگای دەنیزلیی و ، دادگای تاوانە گەورەکانی ئەنقەرە و، دادگاکانی تەمییز بە کۆی دەنگ بریاری بێ تاوانیی مامۆستایان دەرکرد ، کەچیی کاربەدەستان لە سزادان و بەندکردنی دەست کۆتا نەبوون ، بەڵکو بە درۆ و بوختان هەوڵیان ئەدا تاوانباری بکەن .

هەشتەم : پەیامی تیشکی پێنجەم دوو ساڵ لەبەردەستی دادگای دەنیزلیی و ئەنقەرەدا بوو، پاشان گێررایەوە بۆ مامۆستا و ، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەشی درا ئیتر مامۆستاش رێی دا قوتابیەکانی بڵاوی بکەنەوە، کەچیی کاربەدەستان هەر خەریکی تاوانبارکردنی مامۆستا بوون، لەسەر ئەو پەیامە ..

نۆهەم و دەهەم : دوو خاڵی گرنگن و مامۆستا حەز ناکات بڵاویان بکاتەوە[٣١١]

له بەندیخانەی ئافیوون دا مامۆستا ئەم پەیامانەی نووسیین :

١ ـ پەیامی (الحجة الزهراء)

٢ ـ ئومێدی پانزەهەمی لەمعەی بیست و شەشەم ، واتە پەیامی پیران.

٣ ـ تیشکی چواردەهەم، کە بریتییە لە نامەی ئامۆژگاریی و رێ نیشان دان بۆ قوتابییە دڵسۆزەکانی، کە ژمارەیان ئەگاتە (١٩١) صەد و نەوەد و یەك نامە لەگەڵ (٢١) بیست و یەك بەرگریی .

٤ ـ مەقامی دووهەمی وتەی سیانزەهەم، کە بریتییە: لە کۆمەڵە نامەیەکی بەندیخانەی ئافیوون، کە ئاراستەی گەنجان و بەندکراوان کراون ، دواتر لە رابەری لاواندا کۆ کرانەوە

شایانی باسە، کە کۆی نووسینەکانی مامۆستا نوورسیی لە بەندیخانەی ئافیوون دا ئەگاتە (٥٠٠) پێنج صەد لاپەرە و ، کۆی هەموو نووسینەکانیشی تا کۆتایی بەندیخانەی ئافیوون ئەگاتە (٥٠٠٠) پێنج هەزار لاپەرە (ب٣ / ١٣٠٥) .[٣١٢]

بەرێز مامۆستا بایرام یۆکسێل، کە یەکێکە لە قوتابییە ناسراوەکانی مامۆستا و جێ متمانەی مامۆستا بووە، باسی چۆنیەتیی نووسینی پەیامەکانی نوورمان بۆ ئەکات، کە کاری سەرەکیی و هەمیشەیی قوتابیانی نوور بریتیی بووە: لە نووسینەوەی پەیامەکان .

---

[٣١١] سيرة ذاتية : ٤٠٧ ـ ٤١٦

[٣١٢] سيرة ذاتية : ٤٣٢

کاتێك، کە قوتابیە بەندییەکان نزیکی ژوورەکەی مامۆستا ئەکەوتنەوە ، شەو بوایە و ڕۆژ بوایە دەنگی دوعا و نوێژ و ذیکـر و تەسـبیحاتی مامۆسـتایان وەك دەنگی هەنگ ئەبیست .

قوتابیەکانیش بە نهێنیی چاودێریی کارەکانی مامۆستایان ئەکرد، ئەوەبوو لە شەوێکی درەنگ‌دا سەرنجی ژوورەکەی مامۆستایان ئەدا ئەبینن چراکەی بە کزیی هەڵ کردووە و ، خۆیشی سەرگەرمی ذیکر و دوعاکردنە .. ئا لەو کاتانەی ژیانی بەندیخانەی ئافیوون‌دا مامۆستا تیشکی پانزەهەمینی نووسیی، کە ناوی (الحجـة الزهراء) ە لە کاتی دانانی ئەو پەیامەدا بـەینا و بـەین قوتابیـەکان لـە ژێـر پەنجەرەی ژوورەکەی مامۆستادا تێپەریان ئەکرد ، کە چاوی پێیان ئەکەوت پاکەتە شقارتەی بۆ فڕێ ئەدان، کە هەندێك لە تیشکی پانزەهـەمی خسـتبووە نـاوی و، ئـەوانیش دانەیەکیان لە بەری ئەنووسییەوە و ، بەم شـێوەیەش ئـەیان پاراسـت. [٣١٣]
(ص / ٣ / ٣٢)

---

[٣١٣] سيرة ذاتية : ٤٣٢

بەشی سیانزەهەم

ساڵەکانی کۆتایی لە ئیسپارتە

ساڵی ١٩٥٠ ز :

مامۆستا و قوتابیەکانی ئەو ماوەیەی، کە بۆیان دیاریی کرابوو لە بەندیخانەی ئافیوون بەسەریان برد و لە ٢٠ / ٩ / ١٩٤٩ دا ئازاد کران ، بەڵام نەیانهێشت مامۆستا نوورسیی ئافیوون بەجێ بهێڵێ هەتا ٢ / ١٢ / ١٩٤٩ ، ئەوەبوو لەو رۆژەدا بە یاوەریی پۆلیسێك رەوانەی ئەمیرداغ کرا و ، لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ بە زۆر نیشتەجێ کرا

مامۆستا نوورسیی لەم ماوەیەدا نامەی پیرۆزبایی بۆ قوتابیەکانی ئەنارد و ، بە هۆی قوتابیی دڵسۆز و گوێڕایەڵیەوە ، مامۆستا موصطەفا صونگور ، نوسخەیەکی بژارکراوی لە سەرجەمی پەیامەکانی نووری نارد بۆ سەرۆکی کاروباری دینیی [٣١٤] هەروەها نامەیەکی رێك و پێکی دۆستانەش بۆ سەرۆکی کاروباری دینیی ئەنێرێت ، کە تیایا رەزامەندیی لە هەڵوێستی ئەو مامۆستایانە دەرئەبرێت، کە بە روخصەی شەرعیی کار ئەکەن و ، لەو رێگاوە خزمەت بە دین ئەکەن، مامۆستا داوا لە سەرۆکی کاروباری دینیی ئەکات، کە سیی نوسخە لە سەرجەمی پەیامەکان بە رۆنیۆ وێنە بگرێتەوە و ، دابەشیان بکات بەسەر لقەکانی سەرۆکایەتیی کاروباری دینییدا لە سەرانسەری وڵاتدا .. ئەوەش ئەنووسێت، کە

---

[٣١٤] سيرة ذاتية : ٤٣٥

خزمەت کردنی پەیامەکانی نوور و بڵاوکردنەوەیان ئەرکی سەر شانی قوتابخانەی شەرعییە و ، سەرۆکایەتییش بناغە و سەرۆك و قوتابیی قوتابخانەی شەرعییە، کەواتە پەیامەکان موڵکی راستەقینەی ئەوانە، مامۆستا داوای چاپکردنی ئەو نوسخە قورئانەش ئەکات، کە (توافقات) روون ئەکاتەوە [٣١٥]

دوای گەیاندنی نامەکە مامۆستا صونگور بە نامەیەك مامۆستا نوورسیی ئاگادار ئەکات، کە بەرێز ئەحمەد حەمدیی سەرۆکی دیوانی کاروباری دینیی بەوپەری شادمانییەوە دیارییەکەی وەرگرت و بەڵێنی چاپکردنیشی دا [٣١٦]

لە ساڵی ١٩٥٠ دا هەڵبژاردن کرا ، بۆ ئەمە پارتی گەلی کۆماریی دەستی دایە دڵراکێشانی خەڵك بەو هیوایەی دەنگی بۆ بدرێت، ئەوەبوو بەڵێنی کردنەوەی قوتابخانەی لەبەرکردنی قورئان و ، تەکبیرەی جەژن بە زمانی عەرەبیی و، کردنەوەی کۆلێژی شەریعەت لە ئانقەرە دا ، بەڵام میللەت بەو شتانە دڵخۆش نەبوو و ، دژایەتیی ئەو پارتەی بۆ دین هەر لە یاد بوو، بۆیە لەو هەڵبژاردنەدا زۆرینەی دەنگەکان بە پارتی دیموکراتیی دران و ، ئەو پارتە ٣٩٦ دەنگی بەرامبەر بە ٦٨ دەنگی پارتی گەلی کۆماریی هێنا و ، لە ١٦ / ٥ / ١٩٥٠ دا حوکمی وڵاتی گرتە دەست و چەند کارێکی جوانی بەرامبەر بە دینی ئیسلام ئەنجام دا وەك :

١ ـ لە ١٦ / ٦ / ١٩٥٠ دا بانگدان کرایەوە بە عەرەبیی .

٢ ـ لە ١٤ / ٧ / ١٩٥٠ دا قانوونی چاوپۆشیی گشتیی دەرچوو .

---

[٣١٥] سيرة ذاتية : ٤٣٥ ـ ٤٣٦

[٣١٦] الملاحق ، ملحق أميرداغ : ٢ / ٣٢٧

٣ ـ لە ٥ / ٨ / ١٩٥٠ دا یاساغیی لەسەر رادیۆی قورئانی پیرۆز و بەرنامە دینییەکان هەڵگیرا

٤ ـ لە ٢١ / ١٠ / ١٩٥٠ دا دەرسی دین لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە رەسمیی مۆڵەتی پێ درا

٥ ـ لە ١٠ / ٨ / ١٩٥٢ دا پەمانگاکانی دێهاتەکان داخران ، چونکە دەرسی ئیلحادییان تیا ئەخوێنرا

٦ ـ دەرسی دین بە رەسمیی لە ١٣ / ٩ / ١٩٥٦ دا بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان ماوەی پێ درا

لە دوای دەرچوونی پارتی دیموکراسیی لە هەڵبژاردنەکاندا مامۆستا نوورسیی بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ جەلال بایاری سەرۆك کۆمار نارد ، بەو هیوایەی، کە خوا پشتیان بگرێت و بۆ خزمەتی ئیسلام سەرکەوتوویان بکات .[٣١٧]

جا مامۆستا ئەم بروسکەیە بە زوبەیر گوندۆز تالبی قوتابیی ئەنووسێت و، پاشان ئاور ئەداتەوە بۆ لای و لێی ئەپرسێت :

ئایا ئەزانیت ئەم بروسکەی پیرۆزباییە بۆچ ئەنێرم ؟

مامۆستا زوبەیر بێدەنگ ئەبێت و ، مامۆستا نوورسییش بۆی روون ئەکاتەوە :

کۆمارییەکان بە دیموکراتییەکان ئەڵێن : راستە سەعید لەگەڵ ئێمەدا نیە، هەروەها لەگەڵ ئێوەش دا نیە ، بەڵکو مەبەستێکی تری بەرچاو گرتووە، ئیتر بەم وتەیە ئەیان خەڵەتێنن و ، وایان لێ ئەکەن هێزی دەوڵەت دژی دینداران و ، دژی قوتابیانی نوور بە کار بهێنن، بەڵام هەر، کە دیموکراتییەکان ئەم بروسکەی

[٣١٧] سیرة ذاتیة : ٤٣٧ ، رجل القدر : ٢٥١

پیرۆزباییەیان وەرگرت پێیان ئەڵێن : سەعید دۆستی ئێمەیە، ئیتر ئەو کاتە هێزی دەوڵەت بۆ غەیری رێی راستی خۆی بەکار ناهێنرێت . (ش / ٣٨٢) .

کە بروسکەکە گەیشتە دەست سەرۆك کۆمار وەڵامی بروسکەکەی بۆ مامۆستا ناردەوە و ، سوپاسێکی بێ پایانیشی کرد [٣١٨]

هەر لەم ساڵەدا ، ساڵی ١٩٥٠ ، حکومەتی نوێی تورکیا ، بە هەوڵ و کۆششی عەدنان مەندەریسی سەرۆك وەزیران ، بریاری دا، کە بانگی موحەممەدیی بە شێوە شەرعییەکەی ، واتە بە زمانی عەرەبیی ، پەخش بکرێت ، دوای ئەوەی، کە لە ساڵی ١٩٢٨ ەوە قەدەغە کرابوو، هەتا ئەوەبوو لەلایەن صەدان گەنجی رۆشنبیرەوە بروسکەی دەست خۆشیی بۆ سەرۆك وەزیران نێردرا [٣١٩]

ساڵی ١٩٥١ :

لەم ساڵەدا مامۆستا نوورسیی نوسخەیەك لە دەست نووسی پەیامی (ذو الفقار) ی پێشکەش بە پاپا کرد و ، ڤاتیکانیش بە رێزەوە بروسکەی دەست خۆشیی بۆ مامۆستا ناردەوە [٣٢٠]

هەر لەم ساڵەدا مامۆستا نامەیەکی بۆ ئانقەرە بۆ سەرۆك کۆمار و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران نارد و تیایا روونی کردەوە، کە قوتابیانی نوور لە سیاسەت کەناریان گرتووە و ، نایانەوێ دین بکەنە داردەستی سیاسەت و ، مەبەستیان

[٣١٨] سيرة ذاتية : ٤٣٧ ـ ٤٣٨ ، رجل القدر : ٢٥٢

[٣١٩] سيرة ذاتية : ٤٣٨

[٣٢٠] الملاحق ، ملحق أميرداغ : ٢ / ٣٤٦ ، رجل القدر : ٢٥٢ ـ ٢٥٣

تەنها رەزامەندیی خوایە و ، هەرگیز دین ناکەنە داردەستی سیاسەت یان دەسەلاّت یان دنیا هەر هەمووی .[٣٢١]

دوای ئەوەی مامۆستا نوورسیی دوو ساڵی لە ئەمیرداغ بەسەر برد ، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥١ دا بەرەو ئەسکی شەهر کەوتە رێ و ، لەوێ لە ئوتێلی یەڵـدزدا نزیکـەی مـانگ و نیوێـك جـێگیر بـوو، و نامەیـەکی دوور و درێژیشـی بـۆ قوتابیەکانی نووسیی .[٣٢٢]

ساڵی ١٩٥٢ :

دوای ئەوە مامۆستا لە کۆتایی ساڵی ١٩٥١دا بەرەو ئیسـپارتە کەوتـە رێ و حەفتا رۆژی تێدا مایەوە، لەوێ بە قوتابیەکانی گەیشت و ، رۆژانی رابوردوویان ئەهێنایەوە یاد

لەو رۆژانەدا هەندێ لە قوتابیانی زانکۆ لە ئەستەنبووڵ پەیامی رابەری لاوانیان بە پیتی لاتینیی بە چاپ گەیاند، لەسەر ئەمە دەعوا لەسەر مامۆستا نووسـرا، کە گوایە پێچەوانەی مادەی (١٦٣) ی دەستووری تورکیی جووڵاوەتـەوە ، کـە هەموو چالاکییەك یاساغ ئەکات، کە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەت بێت لەسەر بنەمای دینی ئیسلام .

مامۆستا بانگ کرا بۆ ئەستەنبووڵ هەتا بیرێتە بەردەم دادگای جەزای گەورە. ئەوەبوو رۆژی ٢٢ / ١ / ١٩٥٢ بۆ لێکۆڵینەوە لەو دەعوایە دیاریی کرا.

---

[٣٢١] الملاحق ، ملحق أميرداغ : ٢ / ٣٣٣ ـ ٣٣٤

[٣٢٢] سيرة ذاتية : ٤٤١ ، رجل القدر : ٢٥٣

مامۆستا لە ١٥ / ١ / ١٩٥٢دا بەرەو ئەستەنبووڵ کەوتە ڕێ، مامۆستا (٢٧) بیست و حەوت ساڵ لەوەو پێش سەردانی ئەستەنبوڵی کردبوو ، بۆیە خەڵکێکی زۆر بۆ سەردانی بەرەو ئوتێلی ئاق شەهر و ، پاشانیش ئوتێلی (رشادیة) کەوتنە ڕێ .

لە ڕۆژی ٢٢ / ١ دا دادگا بەسترا و ، مامۆستاش ـ کە صەدان لە قوتابیانی نوور دەوریان دابوو ـ هات بۆ دادگا، هۆڵی دادگا لە خەڵك پڕ بوو بوو، هەر هەمووان چاوەڕوانی ئەنجامی دادگا بوون ، بە تاسەوە بوون، بزانن زانای خواناس لەبەردەم دادگادا هەڵوێستی چۆن ئەبێت !! بەڵێ ڕێ ڕەوان و شەقامەکان پڕبوون لە خەڵك ..

مامۆستا لە شوێنی تاوانباراندا دانیشت .. (مدعي عام) یش دەستی بە خوێندنەوەی تەقریری ئەو خەبیرانە کرد کە وردبینیی پەیامی ڕابەری لاوانیان پێ سپێررا بوو ..

مامۆستا دادگایی کرا .. خەبیرەکانیش ئەوەیان دەربڕیی بوو، کە دانەری ئەو پەیامە هەوڵ ئەدات فیکرەی دین بڵاوە پێ بکات و ، ئەیەوێ نەخشەیەکی تایبەت بۆ گەنجەکان بکێشێت و ، داوایش لە ئافرەتان ئەکات خۆیان داپۆشن و بە جل و بەرگی سفوورانەوە لە ماڵ دەرنەچن، هەروەها داوای خوێندنی دەرسی دین ئەکات، کەواتە ئەیەوێت دەوڵەتێك لەسەر بنەما دینییەکان دابمەزرێنێت، دوای ئەوەی، کە (مدعي عام) تەقریری تاوانبارکردنەکەی خوێندەوە ، مامۆستا (بدیع الزمان) یش وەڵامی دانەوە [٣٢٣]

---

[٣٢٣] سیرة ذاتیة : ٤٤٤ ـ ٤٤٥

مامۆستا بە وردیی ستەم و دەست درێژییەکانی حکومەتەکانی تورکیا ئەخاتە بەرچاو لە ماوەی (٢٨)بیست و هەشت ساڵدا [٣٢٤]

بەم شێوەیە دانیشتنی یەکەمی دادگا کۆتایی پێ هات ، بەو هیوایەی، کە لە ١٩ی شوباطدا دانیشتنی دووهەم ساز بکرێت .[٣٢٥]

لە کاتی دیاریکراودا دانیشتنی دووهەمی دادگا ساز کرا ، بەڵام ئەونەدە قەڵەباڵغ بوو بە پۆلیسیش چار نەئەکران .

دادگا سەرنجی دا لەو حاڵەتەدا کاری بدیع الزمان جێبەجێ ناکرێ ، بۆیە سەرۆکی دادگا داوای لە خەڵکەکە کرد ماوە بدەن تا دادگا کاری خۆی ئەنجام بدات .

بەم داوایە خەڵکەکە کشانە دواوە و ، دادگاش دەستی بە کاری خۆی کرد، ئەوەبوو خاوەنی چاپخانەکەیان بانگ کرد و ، گوێش بۆ شاهێدیی پۆلیس گیرا، مامۆستاش رەخنەی لە تەقریری خەبیرەکان پێشکەش بە دادگا کرد، کە کاتی نوێژی عەسر هاتە کایەوە ، مامۆستا داوای کرد مۆڵەتی بدەن نوێژ بکات ، دادگا داواکەی جێبەجێ کرد ، ئەوەبوو سەرۆکی دادگا کۆتایی بە دانیشتنی دووهەمی ئەو دادگایە هێنا

دانیشتنی سێهەمیش لە ٥ / ٣ / ١٩٥٢دا ئەنجام درا .. ئەمجارە حکومەت سەدان پۆلیسی هێنا بۆ پاراستنی دادگا

---

[٣٢٤] سيرة ذاتية : ٤٤٦ ـ ٤٤٨

[٣٢٥] سيرة ذاتية : ٤٤٨

سەرەتا دادگا گوێی بۆ شاهێدیی ئەو قوتابییەی زانکۆ گرت، کە پەیامەکـەی چاپ کردبوو، پاشان پارێزەرەکانی مامۆستا بەرگرییان لە مامۆستا کرد و پەرچی ئەو تاوانانەیان دایەوە، کە خرابوونە ئەستۆی مامۆستا .[٣٢٦]

یەکێك لەو پارێزەرانە ناوی مەهری حەلاو بوو و ، یەکێکی تریان سـني الـدين باشاق و ، یەکێکی تریان عەبدوررەحمان شەرەف لاچ ..

لە کۆتایدا سەرۆکی دادگا رووی کردە مامۆستا و لێی پرسیی :

ـ سەرەرای ئەوەی وتت ، شتی تر هەیە پێت خۆش بێت بیلێی ؟

ـ تکام وایە ماوەم بدەن وشەیەك زیاد بکەم .

ـ فەرموون .

ـ من شایانی ئەو ستایشە نیم، کە وەکیلە بەرێزەکانم بۆمیان کرد ، چونکە من تەنها خزمەتکارێکی دەستەوسانی قورئـان و ئیمـانم، جگـە لەمـە هیچـم نیـە بیلێم .[٣٢٧]

بەم شێوەیە دادگا کۆتایی بە کارەکانی هێنا و ، دوای راوێژیش دەستەی دادگا بە یەك دەنگیی بریاری بێ تاوانیی مامۆستای ئاشکرا کرد و ، قوتابیەکانی زانکۆ و خەڵکیی ئامادەی هۆڵی دادگاش چەپڵەیەکی توندیان بۆ ئەو بریارە لێ دا ..[٣٢٨]

لە هەمان کاتدا نووسەرە ئیسلامییەکان لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەستیان دایە نووسین لەسەر کارەکانی مامۆستا نوورسیی و چالاکیی قوتابیانی نوور ، وەك مامۆستا ئەشرەف ئەدیب، کە لە گۆڤاری (سبيل الرشاد) ی بەرگی پێنجـەمی

---

[٣٢٦] سيرة ذاتية : ٤٤٨ ـ ٤٤٩ ، رجل القدر : ٢٥٨ ـ ٢٦٠

[٣٢٧] سيرة ذاتية : ٤٤٩ ـ ٤٥٤ ، رجل القدر : ٢٦٠

[٣٢٨] سيرة ذاتية : ٤٥٤ ، رجل القدر : ٢٦٠

ژمارە (١١٩) ی ساڵی ١٩٥٢دا باسێكی لە ژێر ناونیشانی (دوای دابرانێكـی دوور و درێژ) دا لەسەر مامۆستا نووسـیی بـوو، و [٣٢٩] وەك ئـەدیبی شـاعیر عوثمان یۆكسێل، كە رۆژنامـەنووس و نووسـەرێكی بەجـەرگ بـوو، و گۆڤـاری (الفدائي) دژی عەلمانییەكان دەركرد، هەر ئەوەندە بوو، یەك دوو ژمارەی لـەو گۆڤارەی دەركرد ، لەبەر توندیی بابەتەكانی رەوانەی بەندیخانە كرا و ، لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٧ ـ ١٩٦٢) تەنها (٣٣) سیی و سێ ژمارەی لێ دەرچـوو، لـە ساڵی (١٩٦٥ ـ ١٩٦٩) بە ئەندامی پەرلـەمان هەڵبـژێررا و ، لـە ١٠ / ٩ / ١٩٨٣ و لە تەمەنی (٦٦) شەصت و شەش ساڵیدا كۆچی دوایی كـردووە، ئـەم بەرێزەش لەسەر مامۆستا نوورسیی و قوتابیەكانی باسێكی زۆر جوانیی نووسیی بەو هیوایەی رۆڵەی موسڵمانان لە بانگی مامۆستا تێ بگات . [٣٣٠]

ساڵی ١٩٥٣ :

دوای بێ تاوان دەرچوونی مامۆستا نوورسیی لە دادگای ئەستەنبووڵ گەرایەوە بۆ ئەمیرداغ، لە رۆژێكی مانگی رەمەزانی پیرۆزدا مامۆستا ویسـتی لـە مـاڵ دەربچێت و بە كێڵگەكانی دەوروبەری شاردا بگەرێت .. خێرا عەریفێكی پۆلیس و سێ پۆلیس دوای كەوتن .. نەیانهێشت مامۆستا گەرانەكەی تەواو بكات ، رێیان پێ گرت و ، داوایان لێ كرد شەپقە لەسەر بكات، كە بە گوێی نەكردن بردیان بۆ بنكەی پـۆلیس و ، ئـەویش لـەوێ شـكاتی لـەو موعامەلـە ناشـیرینە كـرد و، پێشنیارێكیشی بۆ وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆ لە ئانقەرە نارد و ، ئەو كردەوە

---

[٣٢٩] سيرة ذاتية : ٤٥٥ ـ ٤٥٨

[٣٣٠] سيرة ذاتية : ٤٥٨ ـ ٤٥٩

ناشیرینانەی تاوانبار کرد ، هەروەها نوسخەیەکیشی نارد بۆ یەکێك لە قوتابیەکانی لە ئانقەرە هەتا بە دوایدا برۆن .

لە ئانقەرەش هەندێ لە قوتابیانی مامۆستا بریاریان دا نوسخەیەك لەو پێشنیارە بنێرن بۆ رۆژنامەیەکی ئیسلامیی، کە لە صامسۆن بە ناوی جیهادی گەورەوە دەرئەچوو و ، لەوێ بڵاو کرایەوە

لەو کاتەدا رووداوی رۆژنامەنووسی ناسراو ئەحمەد ئەمین یالْمان [٣٣١] رووی دا، کە ئەوەبوو گەنجێکی موسڵمان هەوڵی دا بیکوژێت و ، چەند گوللەیەکی پێوە نا، بەڵام شوێنی کاریگەریی نەگرت و بۆی نەکوژرا

هەموو ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی، کە دژی ئیسلام بوون، ئەم رووداوەیان کردە بیانوو بۆ دووان لە ئیسلام و دژایەتیی کردنی، بە جارێك کەوتنە هێرش کردنە سەر لایەنە ئیسلامییەکان ، بە رادەیەك، کە حزبی حاکمیش دەستە پاچە وەستا بوو، و چاری بارودۆخەکەی پێ نەئەکرا، تا ئەوەبوو فەرمانی داخستنی هەموو گۆڤار و رۆژنامەیەکی ئیسلامیی دەرچوو و ، هەموو ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی، کە کاریان تیا ئەکردن بەند کران .

---

[٣٣١] رۆژنامەنووسێکی جوولەکەی دۆنەمە بوو، ئەو جوولەکانە بە رواڵەت موسڵمان ببووبوون و ، بە نهێنیی لەسەر دینی جوولەکە مابوونەوە و ، خاوەنی لێهاتن و توانای ئابووریی و سیاسیی بەهێز بوون ، بۆیە دەوری وێران کاریی زۆریان لە تورکیادا ئەبینیی، ئەو رۆژنامەنووسە لە جوولەکەکانی تر زیاتر دوژمنایەتیی ئیسلامی دەرئەخست ، هەندێ داواکاریی هەبوون، کە دژی موسڵمانان بوون ، وەك داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی لە تورکیا و ، وەك داواکردنی ئەوەی، کە ئەمریکا بە هێزی سەربازیی دەست بەسەر تورکیادا بگرێت لەبەر ئەوەی تورکیا خۆی توانای نیە کاروباری خۆی هەڵبسوورێنێت، هەروەها سەرنووسەری رۆژنامەی (طان) بوو .

لەم هەڵمەتەدا بەڕێوەبەری لێپرسراوی ڕۆژنامەی (گەورەترین جیهاد) و مامۆستا موصطفا صونگور گیران و بران بۆ دادگای شاری صامسۆن و ، لەوێ دادگا حوکمی دان ، بەڵام لە دادگای تەمییز بریاری بێتاوانییان بۆ دەرچوو .

نەیارانی ئیسلام هەستیان کردبوو، کە قوتابیانی نوور لە زیادکردندان ، بۆیە لە بیانوو بوون، نزیکەی (٦٠٠) شەش صەد قوتابیی نوور حوکم بدەن ، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان دەست نەئەکەوت .

دواجار لە شاری صامسۆن دەعوایەك لە دژی مامۆستا بدیع الزمان تۆمار کرا، ئەویش لەسەر بڵاوکردنەوەی مەقالەیەك لە ڕۆژنامەی گەورەترین جیهاد دا لەژێر ناونیشانی گەورەترین سەلماندن، داوا کرا مامۆستا ئامادەی دادگای صامسۆن بێت ، بەڵام مامۆستا سەرەرای پیریی نەخۆشیش بوو، بۆیە لە خەستەخانەی ئەمیرداغ و ئەسکی شەهر پشتگیریی لێ کرا کە توانای سەفەری نیە ، کەچیی دادگای صامسۆن پێی لێ داگرت، کە هەر ئەبێت ئامادە بێت ..

مامۆستا ناچار بوو، بەرەو ئەستەنبووڵ بکەوێتە رێ و لەوێشەوە بۆ صامسۆن . مامۆستا نزیکەی سێ مانگ لە ئەستەنبووڵ مایەوە، کە زیاتر لە ماڵی قوتابیی بەرێزی موحەممەد فرنجیی ئەمایەوە

شایانی باسە کە لەو ساڵەدا ، ساڵی ١٩٥٣ ، ئەستەنبووڵ خۆی بۆ ئاهەنگی تێپەربوونی (٥٠٠) پێنج صەد ساڵ بەسەر فەتح کردنیدا ئامادە ئەکرد، ئەوەبوو ئاهەنگێکی پر شکۆیان بۆ ئەنجام دا و ، مامۆستاش بۆ ئەو ئاهەنگە بانگ کرا و، لەوێ لەو ئاهەنگەدا چاوی بە پەتریرکی رۆم ((ئاشنۆ کراس)) کەوت و ئەم وت و وێژەیان کرد :

مامۆستا : ئەگونجێ لە ڕۆژی قيامەتدا ئەهلی نەجات بن ئەگەر ئيمان بە دينی نەصرانيی حەق بهێنن بەو مەرجەی دان بە پێغەمبەرايەتيی سەردارمان موحەممەد ﷺ و قورئانی پیرۆزدا بنێن، کە کتێبێکە لای خواوە هاتووە .

ئاشنۆ : من دان بەوەدا ئەنێم .

مامۆستا : چاکە ، جا ئايا ئەمە لەبەردەم سەرۆکە ڕۆحانييەکانی تردا ئاشکرا ئەکەن ؟

ئاشنۆ : بەڵێ ، من ئەوە ئەڵێم ، بەڵام ئەوان وەری ناگرن . (ش / ٤٠٥).

لەو کاتانەدا خۆرهەڵات ناسێکی ئينگليزيی سەردانی ئەستەنبوڵی کرد و، دەربارەی حەوت ئاسمانەکە وتارێکی دا کە گوايە ئەوە ڕاست نيە، بۆ سبەينێ قوتابيانی نوور ئەو تەفسيرەی مامۆستايان لە شێوەی بڵاوکراوەيەکدا پەخش کرد، کە دەربارەی حەوت ئاسمانەکە لە (إشارات الإعجاز) دا بڵاوی کريبووەوە، کاتێك، کە خۆرهەڵات ناسەکە لەو باسە ئاگادار بوو وتارەکەی ئەو ڕۆژەی کورت کردەوە و ، دەستی لێ هەڵگرت، کە بە تەما بوو پێنج ڕۆژ بخايەنێت و ، بێدەنگ ئەستەنبوڵی بەجێ هێشت . (محمد فرنجي ، سۆن شاهێدلەر : ٤ / ٣٥٦) .

کە مامۆستا گەيشتە ئەستەنبووڵ نەخۆشييەکەی زيادی کرد و ، توانای سەفەری نەما، ئەوەبوو لە دەستەی تەندروستيی ئەستەنبووڵ تەقريرێکی وەر گرت و ناردی بۆ دادگا

ئەم تەقريرە پشتگيريی لە مامۆستا ئەکرد، کە نە لە وشکايی و نە لە دەريا و نە لە ئاسمانەوە توانای سەفەری نيە ، کەچيی (مدعي عام) هەر پێی لێ

دائەگرت بۆ ئامادە بوون، سەرەنجام دادگا بڕیاری دا، کـە دادگـای ئەسـتەنبووڵ دادگایی مامۆستا بکات .[٣٣٢]

ئەوەبوو دادگای ئەستەنبووڵ دادگایی کرد و بڕیاری بێ تاوانیشی بۆ دەرکرد

سەردانی بارلا :

مامۆستا نزیکەی سێ مانگ لە ئەستەنبووڵ مایەوە ، پاشان سۆزی بـۆ ئـەو شارانە جووڵا، کە هەر یەکەیان ماوەیەك تەمەنی تیا بەسەر بردبوو .

لە پێشەوە سەردانی ئەمیرداغی کرد ، پاشان بەرەو ئەسکی شەهر کەوتە رێ و، لەوێشەوە چوو بۆ ئیسپارتە و هەشـتا رۆژی تێـدا مایـەوە .. لەوێشـەوە لەگـەڵ کۆمەڵێك لە قوتابیەکانی بەرەو بارلای خۆشەویست کەوتنە رێ .. ئەو شارەی، کە یەکەم قوتابخانەی پەیام و قوتابیانی نـوور، تـا لـەوێوە بـڵاوە بکـەن و ، شـار و شارۆچکە و گوندەکان بە نووری ئیمان رۆشن بکەنـەوە .. بـەڵێ ، بـارلا یەکـەم بنکەی پەیامەکان بوو ..

مامۆستا (٢٧) بیست و حەوت ساڵ لەوەو پێش بە نەفیکراویی هێنرایە بارلای کەنار تا لەوێ لەبیر بچوێتەوە .. تا ناوی بکوژێتەوە کەچیی سۆزی پەروەردگار بەرامبەر بە بەندەی موخلیص جووڵا و ، بەرەکـەتی خسـتە کاریـەوە و ، لـەوێ بەشێکی گرنگی پەیامەکانی نووسـیی ، بـە تایبـەت وتـەکان و مـەکتووبات و بریسکەکان .. خوا ویستی وەها بوو دوای هەشت نۆ ساڵ بەندەی ملکەچی بـارلا بەجێ بهێڵێ و ئەم شار و ئەو شار و ، ئەم بەندیخانە و ئەو بەندیخانەی پێ بکـرێ

[٣٣٢] سيرة ذاتية : ٤٥٩ ـ ٤٦١ ، رجل القدر : ٢٦١ ـ ٢٦٤

هەتا ئـەمرۆ .. ئـەمرۆش وا دڵـی گـری گرتـووە بـۆ سـەردانی ئـەو شارۆچـکە خنجیلانەیە و ، پێی خۆشە سەردانێکی دۆستە خۆشەویستەکانی بکات .

ئەو رۆژە بە تاقی تەنیا رەوانەی بارلا کرا ، کەچیی وا ئەمرۆ لەگەڵ دەستەیەك لە قوتابیەکانی، کە نوور لە چاویاندا ئەدرەوشـێتەوە ، گەراوەتـەوە بـۆ بـارلای خۆشەویست .. نەك هەر ئەم دەستەیە ، بەڵکو صـەدان هـەزار گـەنجی وڵات بـە نووری ئیمان بەختەوەر بوون و شار و گوندەکانیان بە رەوشتی جوان رازاندۆتەوە

خەڵکی بارلا هەواڵی هاتنی مامۆستایان بیست .. بە ژن و پیاو و ، منداڵ و گەنجەوە هاتنە پێشوازیی مامۆستای ئازیزیان و ، منداڵـەکانیش بازیـان ئـەدا و ئەیان وت :

ـ مامۆستا هات .. مامۆستا هات ..

خۆ دیارە ئەو منداڵانە مامۆستای بەرێزیان نەدیی بوو ، بەڵکو لە دایك و باوك و کەسوکاریان بیستبوویان، کە چۆن مامۆستایەکە !!

لە کاتێکدا، کە مامۆستا بەرەو ئەو خانووە ئەرۆیشت، کە هەشت ساڵ تیایـا مابۆوە و ، یەکەم قوتابخانەی نوور بـوو ، لەبـەردەم مـاڵی قوتـابیی دێرینیـدا ، موصطەفا چاویش تێپەری کرد .. ئەو قوتابییە دڵسۆزەی، کە لە نێو لق و گـەڵای سوورە چنارەکەی بەر ماڵەکەیدا ژوورە سەرنەگیراوەکەی بۆ دروست کرد ، تـا لـە هاویندا شەوانە لەوێ خەریکی خواپەرستیی و تێ رامان بێت ..

کە لەبەردەم ماڵی ئەو بەرێزەدا تێپەری کرد ، سەرنجی دا قوفڵێکی گەورە لـە دەرگای ماڵەکەی دراوە .. ئەوەبوو قوتابییە بەوەفاکەی لە ساڵی ١٩٣٧ دا کۆچی دوایی کردبوو و ، کە مامۆستا لە بارلا دەرچوو بوو ئیتر یەکتریان نەبینی بـۆوە . مامۆسـتا خۆی پێ نەگیرا ، فرمێسکەکانی بە خور هاتنە خوارەوە و ، کوڵمی تەر بوون .

لەوێ تێپەریی و گەیشتە بـەردەم مـاڵـە پێشـوەکەی .. گەیشـتە لای یەکـەم قوتابخانەکەی و ، درەختە خۆشەویستەکەی بەردەم ماڵەکـەش قـنج لەبـەردەمیا

وەستا بوو ، هەروەك ئەویش بەخێر هاتنەوەی ئازیزی تامەزرۆی بکات و، بێتاقەتیی خۆی بۆ ئازیز و خواپەرستیی و ذیکر و ویردەکانی دەر بخات .. دڵی ئەکولاّ .. ئەم درەختە خۆشەویستە هاودەمی هەشت نۆ ساڵی بووە و ، بە زستان و بە هاویندا هاوبەشی ویرد و ئەورادەکانی بووە .. دڵی هاتە جۆش .. داوای لە قوتابیەکانی و لە خەڵکی بارلاش کرد ماوەیەك بە تەنیا بەجێی بهێڵن .

کە ئەوان کشانە دواوە ، مامۆستا لە درەختەکە چووە پێشەوە .. لە دۆستی تەنیایی و بێکەسیی هەشت نۆ ساڵی چووە پێشەوە .. بە تاسەوە باوەشی پێدا کرد .. دڵی پر بوو و ، فرمێسکەکانی بە خور لە چاوی ئەهاتنە خوارەوە .. تێر تێر گریا .. لە راستییدا ئەم درەختە وەك ئەندامێکی لاشەی مامۆستای لێ هاتبوو .. پارچەیەکی ژیانی بوو .. شەوانێکی زۆر و زەبەندە لەناو ژوورە لە تەختە دروست کراوەکەدا و لە نێوان لق و گەڵاکانیدا خەریکی شەونوێژ و ذیکری خوا بوو .. یان خەریکی دانانی پەیامەکانی نوور بوو، و گوێیشی لە دەنگی باڵندەکان و گەڵاکان بوو .. ئەمە بە هاویندا .. بە زستانیشدا شەوانێکی دوور و درێژ لە ژوورەکەیدا بە تاقی تەنیا خەو لە چاوی ئەتۆرا و ، جگە لە دەنگی لق و پۆپی درەختەکە، کە رەشەبا لێی ئەدا هاودەمێکی نەبوو جاروبارێش دەنگی دڵۆپەی باران ئەهاتە گوێی .. بە راستیی درەختەکە تاقەتی زستان و هاوینی ئەو بوو لە تەنیایی و بێ هاودەمییدا .. هاورێی بێکەسیی و بێنازیی بوو ..

وا ئێستاش ، دوای بیست ساڵ لە دووریی و دابران ، مامۆستا گەراوەتەوە لای دۆستی دێرینی و باوەشی خۆشەویستیی بۆ ئەکاتەوە و ، بە کوڵ فرمێسکی خۆشەویستیی بۆ هەڵ ئەرێژێ ..

دوای تاسە شکانی لە درەختەکە سەرکەوتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی و نزیکەی دوو سەعات تیایدا بە تەنیا مایەوە، لە ژوورەکەیدا بیرەوەرییەکانی ئەهاتنە یاد و ئەگریا .. شەوان و رۆژانێکی زۆریشی لەم ژوورەدا بەسەر بردبوو .. قوتابیەکانی و

خەڵکەکەش لە دەرەوە گوێیان لە گریانی مامۆستا بوو، لە ژوورەکەبدا ، ئەوانیش دڵیان پڕ ئەبوو ..

پاشان کەوتە هەواڵ پرسینی خەڵکەکە و ، ئەوانیش بە گەرمیی بەخێرهاتنیان لێ کرد .. هەندێك لە دۆستانی کۆچیان بۆ قیامەت کردبوو .. هەندێکیش بەردەوام خەریکی خزمەت بوون ..

کاربەدەستان مامۆستایان هەڵدایە ئەم شوێنە دوورە هەتا ئاسەواری خۆی و دینەکەی نەمێنێ ، کەچیی لە بارلادا بە گەرمیی سەری کردە خواپەرستیی و، دەستیشی دایە نووسینی پەیامەکان ، تا ببنە هۆی رزگارکردنی ئیمانی ئەوانەی، کە بە ئیخلاصەوە ئەیان خوێندەوە [٣٣٣]

ساڵی ١٩٥٦ :

دادگای ئافیوون پەیامەکان بێ تاوان دەرئەکات :

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٨ دا دادگای ئافیوون لیژنەیەکی لە شارەزایان پێك هێنا بۆ وردبینیی کردنی پەیامەکانی نوور، و دەربرینی رای خۆیان لەسەریان، کە ئایا دژایەتیی یاسای تورکیی ئەکەن ؟

ئەم دادگاییە هەشت ساڵی پێچوو ، ئەوسا لە ١١ / ٩ / ١٩٥٦ دا ، بە پشت بەستن بەو تەقریرەی، کە لەلایەن لیژنەی شارەزایانەوە لە ٢٥ / ٥ / ١٩٥٦ دەرچووبوو ، دادگا بریاری دا، کە ئەم پەیامانە پێچەوانەی یاسای تورکیی نین و، هیچ شتێکی یاساغیان تێدا نیە .[٣٣٤]

---

[٣٣٣] سيرة ذاتية : ٤٦٤ ـ ٤٦٦ ، رجل القدر : ٢٦٤ ـ ٢٦٥

[٣٣٤] سيرة ذاتية : ٤٦٦ ، رجل القدر : ٢٦٥ ـ ٢٦٦

چاپكردنى پەيامەكان :

كـە دادگـاى ئـافيوون بريـارى بێتـاوانيى پەيامـەكانى دا ، مانـاى وا بـوو پەيامەكان هيچ تاوانێكيان لەسەر نيە و ، مامۆسـتا و قوتابيـانى ئـەتوانن بـە سەربەستيى چاپيان بكەن و بلاويان بكەنەوە، قوتابيان بە پەلە دەستيان دايە چاپ كردنى پەيامەكان، لە ئەستەنبوڵ و ئانقەرە و صامسۆن و ئەنطاليا چـاپخانەكان كەوتنە چاپكردنى پەيامەكان، بەر لـەوەش، كـە مەلزەمـەكان چـاپ بكـرێن، مامۆستا خۆى پيايانا ئەچووەوە .. بەم چاپكردنە مامۆستا زۆر شادمان بوو بۆيە ئەى وت :

« ئەمە جەژنى پەيامەكانى نوورە، من چاوەروانيى وەها رۆژێكم ئەكرد ، بە راستيى ئەركى سەرشانى من كۆتايى پێ هات و ، بەم زوانە كۆچ ئەكەم » .

مامۆستا بۆ هەر كارێك لە ماڵ دەرچوايە خێـرا ئەگەرايـەوە ماڵـەوە و ، بـە قوتابيەكانى ئەوت : « ئێستە مەلزەمەكان گەيشتوون .. نابێت دەست بەرداريان بين چاوەروانمان بن ، ئەبێت هەر ئێستە بگەرێينەوە » . (ش/ ٤١٣) .[٣٣٥]

ساڵى ١٩٥٧ و هەڵبژاردنەكان :

لەم ساڵەدا هەڵبـژاردنى گشـتيى لـە توركيـادا ئـەنجام درا، كـە دوو حيزبـى سەرەكيى ديموكراتيى و گەلى كۆماريى بەرامبەر يەك وەستا بوون، جا حيزبـى ديموكراتيى هەرچەندە حيزبێكى ئيسلاميى نەبو، بەلام چونكە دژايـەتيى لەگـەڵ ئيسلام دۆستەكاندا نەئەكرد ، بگرە ئازاديى لە ولاتدا دامەزرانـدبوو ، لايەنـە ئيسلاميەكان دەنگيان بۆ ئەو ئـەدا بـەڵێ مامۆسـتا نوورسـييش حيزبێكـى

٣٣٥ سيرة ذاتية : ٤٦٦ ، رجل القدر : ٢٦٦

سیاسیی دانەمەزراندبوو و ، هیچ چالاکییەکی سیاسیی ئەنجام نەئەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا دەنگ بۆ حیزبی دیموکراتیی بدات ، تا حیزبی گەلی کۆماریی دەسەڵات وەرنەگرێتەوە، هەرواش بوو، چوو بۆ دەنگدان و ، دەنگیشی بۆ حیزبی دیموکرات دا . (ش/ ٤١٦) .[٣٣٦]

دوارۆژەکانی تەمەنی :

لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکانی لە شاری ئسپارتە مایەوە و ، جار بە جارێکیش سەردانی بارلا و ئەمیرداغی ئەکرد و ، لەبەر ئەوەش، کە تەمەنی زۆر بوو، زۆربەی کات لە جێگادا بوو .

بە کەمیی ئەی توانیی چاوی بە دۆستانی بکەوێت ، بۆیە نەیئەتوانیی چاوی بە دۆستانی بکەوێت ، بۆیە نەی ئەتوانیی پێشوازیی لە صەدان میوانی بکات ، بەڵکو ئەی وت :

((خوێندنەوەی پەیامەکانی نوورصەد ئەوەندەی قسەکردن لەگەڵ مـن چاکترە)) .

قوتابیەکان لە تەندروستیی مامۆستا ئاگادار بوون ، بۆیە هەتا داوای نەکردنایە نەئەچوونە ژوورەوە لای، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا لە جیهان و هەواڵەکانی دانەبرابوو، ئەوەبوو قوتابیەکانی دیاریی کردبوو تا لە هەواڵی گرنگی رۆژنامەکان ئاگاداری بکات .. هەروەها بایەخی بە چاپکردنی پەیامەکان و ، دادگایی زۆر و زەبەندەی قوتابیان ئەدا[٣٣٧]

---

[٣٣٦] سيرة ذاتية : ٤٦٧ ، رجل القدر : ٢٦٦ ـ ٢٦٧

[٣٣٧] سيرة ذاتية : ٤٦٧ ، رجل القدر : ٢٦٧

مەسەلەی ئانقەرە :

لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٨ دا هەموو ئەو قوتابیانـە گیران، کـە لـە خزمـەتی مامۆستادا بوون و ، ئەوانەش، کە لە ئانقەرە و ئەستانبووڵ و ئیسپارتە خەریکی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوور بوون ، ئەوەبوو بەکر بەرقی[٣٣٨] پارێزەری موسڵمان بۆ بەرگریکردن لە پەیامەکان و قوتابیان هاتە پێش، ئەم پارێزەرە پێش هـەموو شتێك سەردانی بەندیخانەی ئانقەرەی کرد و لەگەڵ قوتابیانی نووری ئەو بەندیخانەیە کۆبۆوە و پێی وتن :

ـ پێم‌خۆشە دەربارەی مەسەلەیەك، کە تایبەتە بە ئێوەوە راتـان وەر بگـرم .. ئایا پێتان خۆشە بە زووترین کات هەوڵی بەردانتان بدەم ، یان حەز ئەکەن بەرگریی لە بانگەوازەکەتان بکەم و روونی بکەمەوە ، بەبێ گوێدان بە مەسەلەی بـەردانی ئێوە؟

قوتابیان هەر هەموو پێکەوە وەڵامیان دایەوە:

ـ تکات لێ ئەکەین هەموو هەوڵێکت بۆ روون‌کردنـەوە و دەرخسـتنی بانگـە پیرۆزەکەمان بخە گەر ، چونکە ئێمە رازیین چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا بێنینەوە (ش/٢٦١) .

ئەم پارێزەرە هەستی کرد ئەم بەندکراوانە مرۆڤێکـی ئاسـایی نـین ، ئەمانـە سەروماڵیان بۆ خزمەتی بانگەکەیان نەزر کردووە، بۆیە بە ناسینی ئەم قوتابیانە لە بەرزیی و پیرۆزیی بانگەکەشیان شارەزا بوو، ئیتر بریـاری دا لـە دادگـا زۆر و

---

٣٣٨ بەکر بەرق لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایك بووە و ، لە ١٤ / ٦ / ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە، خۆی نەزر کردووە بۆ خزمەت و بەرگریی لە قوتابیانی نوور، کە زیاتر لە هەزار دەعوادا بە سەرکەوتوانە بەرگریی لە قوتابیانی سەرانسەری تورکیا کردووە .. لە رۆژنامەکان دا نووسینی زۆری هەیە و ، بە دەیان دانراویشی هەیە .

زەبەندەکانی وڵاتدا بەرگریی لە قوتابیانی نوور بکات .. خوای گەورە لێی رازیی بێت .[٣٣٩]

سەردانی خواحافیزیی :

مامۆستا نوورسیی لە دوارۆژانی تەمەنیدا دەستی دایە زنجیرە سەردانێك، وەك بیەوێ خواحافیزیی لە قوتابیەکانی بکات .

ئەوەبوو لە ١٩ / ١٢ / ١٩٥٩دا بەرەو ئانقەرە کەوتە رێ و ، لەوێشەوە بۆ ئەمیرداغ و پاشان بۆ قۆنیا و ، لەوێشەوە دیسان بۆ ئانقەرە و ، پاشان بۆ ئاستانبووڵ کە لە ١ / ١ / ١٩٦٠دا گەیشت و ، دوو رۆژ لەوێ مایەوە ، پاشان جارێکی تر لە ٣ / ١ / ١٩٦٠ دا گەرایەوە ئانقەرە و ، دوا وانەی ئیمانیی بە قوتابیەکانی ئەوێی وتەوە، لەوێ نوێنەری رۆژنامەی (تایمز) ی لەندەنیی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیی لەگەڵدا کرد و ، لە رۆژنامەی (ینی صباح) لە ٦ / ١دا و ، لە رۆژنامەی (دنیا) لە ٨ / ١ / ١٩٦٠ دا بڵاو کرایەوە [٣٤٠]

پاشان مامۆستا گەرایەوە بۆ قۆنیا و لەوێشەوە ، لە هەمان رۆژدا ، بەرەو ئیسپارتە کەوتە رێ .

دوژمنانی ئیسلام بەم سەردانە یەك لەسەر یەکانە ترسیان لێ نیشت ، بۆیە رۆژنامەکانیان دەستیان دایە هێرشێکی توند بۆ سەر مامۆستا نوورسیی ، بەو هیوایەی رای گشتیی لە دژی هەڵ بنێن ، ئەمەش بە هەڵ بەستنی کۆمەڵێك درۆ و دەلەسە ، هەروەك مامۆستای پیر و نەخۆش ئاژاوەیەکی ترسناکیی لە ژێر سەردا

---

[٣٣٩] سیرة ذاتیة : ٤٦٧ ـ ٤٦٨ ، رجل القدر : ٢٦٨

[٣٤٠] (ب ٣ / ١٦٢١) .

بێت، بۆیە کە لە ١١ / ١ / ١٩٦٠دا گەڕایەوە ئانقەرە حکومەت تەبلیغی کرد، کە وا چاکە لە ئەمیرداغ نیشتەجێ ببێت، هەروایش بوو، مامۆستا گەڕایەوە ئەمیرداغ ، بەڵام داوای لە حکومەت کرد، کە مۆڵەتی بدات مانگێك لە ئەمیرداغ و یەکێکیش لە ئیسپارتە بمێنێتەوە

لە ٢٠ / ١ / ١٩٦٠دا مامۆستا لە ئەمیرداغەوە بەرەو ئیسپارتە ڕۆیشت و ، کە ماوەیەکی لەوێ بەسەر برد بەرەو ئافیوون کەوتە ڕێ و ، لەوێش تەنها ڕۆژێك مایەوە ، ئیتر بەرەو ئەمیرداغ گەڕایەوە .[٣٤١]

[٣٤١] سیرة ذاتیة : ٤٦٨ ، رجل القدر : ٢٧٩ ـ ٢٨٠

بەشی چواردەهەم

دوا نەخۆشیی و کۆچی دوایی

رۆژ و مانگ و ساڵەکان تێپەرین و مانگی مارتی ١٩٦٠ هاتە بەرەوە .. رۆژی ١٨ / ٣ / ١٩٦٠ جومعە بوو .. مامۆستا نەخۆشییەکەی توندتر بوو .. لە رۆژی شەممەی ١٩ / ٣ / ١٩٦٠دا مامۆستا بەرەو ئیسپارتە ئەکەوێتە رێ و دوای نوێژی عەسر ئەگاتە بەرەوە .. بەر لە گەیشتنی پۆلیس سەر لە قوتابیەکان ئەدات و ، ئەڵێت :

ـ مامۆستا لە ئەمیرداغ دەرچووە .

ئەوانیش ئەڵێن :

ـ نەهاتووە بۆ لای ئێمە

دوای ئەم پرسیارە بە سەعاتێك مامۆستا بە ئوتومبێل گەیشت، کە قوتابیەکان هۆڕێنی ئوتومبێلەکە ئەبیستن دێنە خوارەوە و ، دەرگای گەراجەکە ئەکەنەوە و ، ئوتومبێلەکە ئەچێتە ژوورەوە و ، دەرگاکان دائەخەن، مامۆستا لە کوشنەکەی دواوە بەسەر پشتدا راکشا بوو، و نەخۆشییەکەی یەکجار سەخت بووبوو .. قوتابیەکان مامۆستا بە باوەش هەڵ ئەگرن هەتا لەناو ئوتومبێلەکەدا دەری بهێنن، کە بە پلیکانەکاندا سەر ئەکەون ئەیانەوێ لە کۆڵی بکەن ، مامۆستا رازیی نابێت ، ناچار مامۆستا بایرام یۆکسێل و مامۆستا طاهیریی

ئەچنە ژێر باڵی هەتا ئەیگەیەننە ژوورەکە و ، لە شوێنی خۆی دای ئەنیشـێنن ، پاشان لەسەر نوێنەکەی رائەکشێت .

پلەی گەرمای یەکجار بەرز بوو ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك نەیان ئەتوانیی دەست بەرداری بن ، هەتا ئەبوا بە نۆبە نوێژ بکەن تا چاویان لێی بێت .

چوار قوتابیی لای مامۆستا بوون، کە بایرام و زوبەیر و حوسنیی و طاهیریـی بوون، شەوێکیان لە نیوە شەودا، کە بایرام و زوبەیر پێکەوە ئێشکیان ئەگرت ، یەکێکیان دەستی مامۆستای تەر ئەکرد و ، ئەوی تریشیان هـەردوو قاچـی تـەر ئەکرد، مامۆستا سەیرێکی بایرامی کرد و ، وتی :

- ئەرۆین .

بایرام وەڵامی دایەوە :

- بەڵێ ، مامۆستا گیان ! ئەرۆین ، بەڵام بۆ کوێ ؟

- بۆ (ئۆرفە) .. بۆ (دیاربەکر) ..

وتەکەی دووبارە کردەوە : ئەرۆین .

کە بایرام پرسیی : مامۆستا گیان ! بۆ کوێ ؟

- بۆ (ئۆرفە) .

مامۆستا زوبەیر بە براکانی وت : لەوانەیە لەژێر کاریگەریی ئەو تایەدا وەها بڵێت، کە تووشی ئەبێت .

لە دەوروبەری سەعات دووی دوای نیوەشەودا مامۆستا ئەو وتەیـەی دووبـارە ئەکردەوە :

- بەیانیی زوو ئەچین بۆ (ئۆرفە) .

ئەوەبوو جەختی لەسەر (ئۆرفە) ئەکردەوە .

پاشان مامۆستا طاهیریی و حوسنیی دێن تا ئیشکی سەرەی خۆیان بگرن و ، مامۆستا زوبەیر و بایرامیش بچن پارشێو بکەن ، چونکە لە دە رۆژی کۆتایی رەمەزانی پیرۆزدا بوون .. مامۆستاش مامۆستا حوسنیی ئاگادار ئەکات و ئەڵێت :

- خۆتان ئامادەی رۆیشتن بۆ ئۆرفە بکەن .

ئەویش مامۆستا ئاگادار ئەکات، کە تایەی ئوتومبێلەکە بە کەڵکی سەفەر نایەن .

مامۆستا دووبارەی ئەکاتەوە :

- هەرچەندی تێ بچێت هەر ئەچین بۆ ئۆرفە .. ئەگەر بە (٢٠٠) دووصەد لیرەش بووە، ئوتومبێلێك بە کرێ بگرن، ئەگەر پێویست بکات جبەکەشم ئەفرۆشم .

قوتابیان ئوتومبێلەکە ئامادە ئەکەن .. بایرام سەیر ئەکات تایەی ئوتومبێلەکە بە کەڵك نایەن و ، لەو کاتەش‌دا تایەی تازەیان دەست ناکەون .

قوتابیان خەریکی ئامادەکردنی ئوتومبێلەکە بوون لەولاوە مامۆستا طاهیریی دێتە یارمەتییان، چونکە مامۆستا ناردبووی تا دەست بجووڵێنن .

ئوتومبێل ئامادە کرا و ، مامۆستا نوورسییش خۆی ئامادەی سەفەر کردبوو . مامۆستا بایرامیش چاوەروانی فەرمانی مامۆستا بوو، تا ئەویش لەگەڵیان سەفەر بکات، چونکە مامۆستا زوبەیر هەر ئێوارە ئاواتی خواستبوو :

- خۆزگە کاك بایرامیش لەگەڵمانا ئەبوو و ، لە رێگادا یارمەتییمانی بدایە .. لەوانەیە بەبێ ئەو تووشی نارەحەتیی ببین .

بۆ ئەمە کاتێك، کە مامۆستا لە دەرگا دێتە دەرەوە زوبەیر لە طاهیریی ئەپرسێت :

- ئایا بایرامیش دێت ؟
مامۆستا وەڵام ئەداتەوە :
- بەڵێ ، ئەویش لەگەڵمان ئەبێت .
مامۆستا لە کوشنی دواوەی ئوتومبێلەکە لەسەر فەرشێك پاڵ ئەخەن و ، زوبەیر و بایرامیش لە پێشەوە سەر ئەکەون .
ئەمە لە ٢٠ / ٣ / ١٩٦٠دا و لە سەعات (٩) نۆی سەر لە بەیانییدا بوو، لەو کاتەدا دوو پۆلیس لە شەقامەکەدا چاودێریی قوتابیانیان ئەکرد .. رادیۆش فەرمانی بڵاو کردەوە، کە بدیع الزمان پێویستە لە ئسپارتە یان لە ئەمیرداغ بمێنێتەوە
بەر لەوەی بکەونە رێ ، خاتوو فەطینەی خاوەن خانوو هات بۆ لای ئوتومبێلەکە و ، مامۆستاش خواحافیزیی لەگەڵدا کرد، وتی :
- خوشکەکەم ! بە خواتان ئەسپێرم، هیوادارم دوعامان بۆ بکەن ، من زۆر نەخۆشم .
مامۆستا بە خەم و خەفەتێکی زۆرەوە خواحافیزیی ئەکرد، چونکە کاتی دابران و لێك جوێ بوونەوە بوو .. چاوی خاتوو فەطینەش لە فرمێسك پر بوو بوون و ، بە مامۆستا طاهیریی ئەڵێت :
- بەخوا بۆ سەفەری ئەم جارەی مامۆستا دڵم لە مشتمدایە . بەدوای ئارامگاکەیدا - واتە قەبرەکەیدا - ئەگەڕێت .
بەر لەوەی دەرچن ئامۆژگاریی مامۆستا طاهیریی ئەکەن، کە بچێت بخەوێت و ، دەرگاش بۆ هیچ کەس نەکاتەوە، دوای ماوەیەك پۆلیس دێن و لە خاوەنی خانووەکە ئەپرسن، ئەوە نازانیت مامۆستا کەی دەرچووە و ، بۆ کوێش چووە ؟
ئەویش وەڵامیان ئەداتەوە :

- بۆچ من پاسەوانم ؟ ئێوە نەزانن ، من چۆن بزانم ؟

کە ئسپارتەیان بە جێ هێشت باران بە خورەم دەباریی .. قوتابییەکانیش لە فروفێڵی والیی قۆنیا زۆر ئەترسان ، چونکە بێ پێچ و پەنا بۆ رۆژنامەکانی دەربریی بوو :

- رەگ و ریشەی قوتابیانی نوور دەر ئەهێنم، ئەوانیش ناچار بوون بە درێژایی رێگا هەر (آية الكرسي) بخوێنن ، بە نیازی ئەوەی، کە خوا لە شەری والیی رزگاریان بکات .

کە ئەگەنە ئەگریدیر باران توند ئەبارێت ، بە جۆرێك، کە تاقە پۆلیسێك بە دەرەوە نابێت و ، هەر هەموو لەبەر بارانی بەخورەم ئەچنە ژوورەوە ، بە رادەیەك، کە مامۆستا و قوتابیەکانی لەبەر دەم بنکەی پۆلیسەوە تێپەر ئەکەن و کەسیش نایان بینێت، بەم شێوەیە لە شار دەرچوون، تابلۆی ژمارەی ئوتومبێلەکەش بە قور دائەپۆشن تا پێیان نەزانن .

کە لە "قەرە ئاجاغ" دەرچوون تەندروستیی مامۆستا باش بوو ، بۆیە لە ئوتومبێلەکە دابەزیی و دەست نوێژی تازە کردەوە، دوای چەند کیلۆمەترێك رێگا بریین لەسەر کانیاوێك دائەبەزن و ، لەوێ لەسەر بەردێك مامۆستا نوێژ بەجێ ئەهێنێ .

دوای ئەوە ئەکەونە رێ و ، لەبەر ئەوەی بگەنە شاری قۆنیا مامۆستا کۆتایی بە ذیکر و ئەورادەکانی دێنێت و ، لەسەر کوشنەکەی دواوە رێك دائەنیشێت ... بەلاّم هەرکە ئەگەنە باخچەکانی (مرام) لە قەراغی قۆنیا جارێکی تر نەخۆشییەکەی توند ئەبێتەوە و ، لە قسەکردن ئەکەوێت، ئەچنە ناو شارەوە و ، زەیتوون و پەنیر ئەکرن بۆ بەربانگ و مامۆستا پارەکەی ئەدات و ئەڵێت :

- کورەکانم ! من زۆر نەخۆشم ، ئێوە لە بریی من بخۆن .

بە یارمەتیی و فەزڵی خوای گەورە ـ سوپاس بۆ خوا ـ هیچ کەس لـە شـاردا بگرە لە شارەکانی دوای قۆنیاش‌دا ، چاوی پێیان نەکەوت .

بەر لەوەی بگەنە ئارگولیی مامۆستا لە جێی خۆیـدا دانیشـت و ، هـەردوو دەستیشی درێژ ئەکات و گوێی بایرام و زوبەیر ئەگرێت و پێیان ئەڵێت :

ــ کورەکانم ! هـەرگیز نەترسـن، پەیامـەکانی نـوور پشـتی مولحیـدان و شـیووعییانی شـکاندووە، و بـە ئیزنــی خــوا هەمیشــە پەیامــەکانی نــوور سەرکەوتوو ئەبن .

چەند جارێك ئەم وتەیەی دووبارە کردەوە، بەڵام دەنگـی ئەوەنـدە نـزم بـوو، خەریك بوو نەی بیستن ، پاشان وتی :

((ئەوانە لێم تێ نەگەیشتن ، ئەوانە لێم تێ نەگەیشتن ، ئەوانە لێم تێ نەگەیشتن .. ئەوانە ویستیان بە تێکەڵیی سیاسەت چەپەڵم بکەن)) .

لە ئوتومبێلەکە دابەزین بۆ بەجێهێنانی نوێژی عەسر ، بەڵام مامۆستا لە ناو ئوتومبێلەکەدا مایەوە و لەوێ نوێژی بەجێ هێنا

کە کاتی نوێژی مەغریب هاتە بەرەوە گەیشتنە ئولو قشلە مامۆستا نورسیی وتی :

ـ شتێك خواردن بکرین ؟

بایرام و زوبەیر دابەزین و، لـە چێشـتخانەکـە کـەمێك برنجیـان کریـی و ، ویستیان خواردن ئامادە بکەن ، بەڵام ئەو تەباخەی کە پێیان بوو، بە کەڵکی ئەو کارە نەئەهات ، بۆیە بایرام لە پاسەوانەکە پارایەوە تا تەباخەکەی خۆی بە کـرێ پێیان بدات ، چونکە پیاوێکی بەساڵاچووی نەخۆشیان پێیە

دەست ئەکەن بە خواردن ئامادەکردن و ، مامۆستا زوبەیر لەگـەڵ مامۆسـتا نوورسییدا لە ناو ئوتومبێلەکەدا مانـەوە ، کـەمێك کـەرە و هێلکـەیان لەگـەڵ

هەندێك ماستدا بۆ مامۆستا دانا .. مامۆستا کەوچکێکی لێ گرت تا بیخاتە دەمی ، کەچیی نەی توانیی بیخوات ، بە هۆی گیرانی قورگیەوە .

شەو بە لای (أطنە) دا پاشان بەلای (جیحان) دا تێپەرین و لە قەراغی جیحاندا نوێژی عیشایان بەجێ هێنا .. پاشان مامۆستا حوسنیی راکشا بۆ ئەوەی سەعاتێك بخەوێت ، چونکە بەردەوام لە ئوتومبیلەکە ئەخوریی، لە کاتی پارشێودا ئەگەنە شاری عوثمانیە و لەوێ لا ئەدەن تا بەنزین وەربگرن و پارشێویش بکەن، بەلاّم مامۆستا نەی توانی هیچ بخوات، پاشان بەرێ ئەکەون و لە نزیك (ألمان پناری) نوێژی فەجر بەجێ ئەهێنن ، بەلاّم مامۆستا لە ناو ئوتومبیلەکەدا ئەمێنێتەوە، ئەو ناوچەیە جاران ناوی گاورداغی یانێ چیای کافر بووە، بەلاّم ئێستە ناو نراوە نووورداغی واتە چیای نوور ..

کە دنیا رۆشن بوو، ئەگەنە غازی عینتاب و لەوێ لە چێشتخانەدا کەمێك شۆربا ئەکرن و، هەوالّی رێی (نزیب) ئەپرسن ، چونکە بەفر و باران بە خورەم ئەباریی و ، رێگاش مەترسییدار بوو، و ئوتومبیلی زۆریش لە رێگا لایان دابوو و پەکیان کەوتبوو، بەلاّم ئوتومبیلەکەی ئەوان ـ لە خوا بە زیاد بێت ـ بە تیژیی ئەرۆیشت ، سوپاس بۆ خوا نە تایە و نە مەکینەی لە کار نەکەوتن .

نزیکەی سەعات یانزە گەیشتنە ئۆرفە و ، مامۆستا حوسنیی چاك شارەزای شەقامەکانی ئۆرفە بوو .. ئەگەنە مزگەوتی (قاضي أوغلو) کە مامۆستا عەبدوڵلاّ یەگەن لەوێ ئەبێت، لە نزیك مزگەوتەکەدا ئوتومبیلەکە ئەوەستێنن و، مامۆستا زوبەیر ئەچێتە ژوورەوە تا مامۆستا عەبدوڵلاّ لە هاتنی مامۆستا نوورسیی ئاگادار بکات، لەو کاتەدا مامۆستا وتی :

ـ با خێرا برۆین کاتمان نیە چاوەروانیی بکەین .

کاک زوبەیر لەگەڵ کاک عەبدوڵلا بە پەلە گەرانەوە لای ئوتومبێلەکە و، داوایان لە کاک عەبدوڵلا کرد تا ئوتێلێکی پاکیان پیشان بدات ، ئەویش ئوتێلی ئیپک پالاسی پیشان دان .

پێکەوە مامۆستا هەڵ ئەگرن و سەری ئەخەن بۆ نهۆمی سێهەم ژووری ژمارە (٢٧) و لەسەر نوێنەکەی پالی ئەخەن تا کەمێك بحەسێتەوە ، چونکە سەفەرەکەیان زۆر درێژ بوو .

دانیشتوانی ئۆرفەش سەرگەرمی قورئان خوێندن و خەتم کردن بوون ، چونکە موسڵمانان لە دە شەوی کۆتایی رەمەزان‌دا بوون، هەر، کە هەواڵیان زانیی وا مامۆستا نوورسیی هاتۆتە شارەکەیانەوە ، بە پەلە خۆیان گەیاندە ئوتێلەکە و ، زۆرێکیش گلەییان لە قوتابیان کرد وا پێشتر هەواڵی هاتنی مامۆستایان نەداوە، هەتا بەر لە گەیشتنی خۆیان ئامادە بکردایە و بچوونایەتە پێشوازیی .

موسڵمانان لە هەموو لایەکەوە هەواڵیان زانیی و هاتنە خزمەتی مامۆستا نوورسیی مامۆستا زوبەیر لە دەرگای ژوورەکەی مامۆستادا دانیشتبوو و خەڵکەکەی یەك لە دوای یەك ئەکردنە ژوورەوە، بایرامیش دەستی مامۆستای گرتبوو و خەڵکەکەش ماچیان ئەکرد و ، مامۆستاش سەری ئەوانی ماچ ئەکرد هەر کۆمەڵێك ئەهاتنە ژوورەوە مامۆستا حەزی نەئەکرد برۆن ، کەچیی بایرام لە موسڵمانان ئەپارایەوە تا لە ژوورەکە بچنە دەرەوە هەتا کەسانی تریش بێنە خزمەتی ، ئەوانیش ئەیان وت:

ـ نابینی مامۆستا ئەوەی پیێ خۆش نیە ؟

قوتابیەکان سەریان لە مامۆستا سور ما بوو، چونکە لەوەو پێش بەو شێوەیان نەدیی بوو، مامۆستا چ لە ئیسپارتەش و چ لە ئەمیرداغیش نەی ئەهێشت هیچ کەس لەلای بمێنێتەوە، هەتا کاتێك لە ئیسپارتە ئەبن و، مامۆستا نەخۆش

ئەکەوێت ، بایرام لە مامۆستا ئەپرسێت، کە ئایا براکان لەم نەخۆشییەی ئاگادار بکەن ؟

مامۆستاش ئەڵێت : نەءلە غەیری ئێوە کەس نەیەت بۆ لام .

کەچیی لە ئۆرفە کەسی جواب نەئەکرد ، بەڵکو یەکە یەکە ئەیگوشین بە سنگیا، ئەوەبوو خەڵکی شار ، هەموو چین و توێژێك ، هەر هەموو هاتن بۆ سەردانی و ، مامۆستاش هیچ کەسیانی نەئەگێرایەوە و ، دانی بە خۆیدا ئەگرت و، بە هیچ شێوەیەك نەئەحەسایەوە ، بگرە تامی خەوی نەئەکرد، هەروەها قوتابیانیش هیچ کامیان ماوەی خەوتنی نەبوو .

کە زوبەیر نۆبەتی تەواو بوو، بایرام لەبەر دەرگا دانیشت و ، لەو کاتەدا دوو پۆلیس هاتن و یەکێکیان وتی :

ـ ئامادە بن بۆ رۆیشتن ! شۆفێرەکە کوانێ ؟

ـ مامۆستا یەکجار نەخۆشە .

پاشان پانزە پۆلیسی تر هاتن و وتیان :

ـ هەر ئێستە ئامادە بن ! هەر ئێستە ئەرۆن بۆ ئیسپارتە

بایرام پێیان ئەڵێت :

ـ فەرمانەکە بە مامۆستا ئەگەیەنم .

بایرام ئەچێتە ژوورەوە لای مامۆستا و هەواڵی ئەداتێ و مامۆستاش ماوەیان ئەدات بێنە ژورەوە، ئەڵێن :

ـ گەرانەوەتان بۆ ئیسپارتە فەرمانێکە لە وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووە

مامۆستاش پێی وتن :

ـ سەیرە من هاتووم بۆ ئێرە تا تیایا بمرم ، لەوانەشە بمرم ، ئەوەتا ئێوەش حاڵم ئەبینن ، دەی بەرگرییم لێ بکەن .

یەکێکیان وتی :

ـ ئێمە لە ژێر فەرمانی حکومەتداین ، چی بکەین ؟

پاشان حوسنیی و ئوتومبێلەکەیان هێنانە بەردەم ئوتێلەکە ، تا مامۆستا هەڵ بگرێ، کە خەڵکی شار ئەمەیان بیست لەبەردەم دەرگای ئوتێلەکـە کۆبوونـەوە لەولاوە خاوەنی ئوتێلەکەش بەسەر پلیکانەکانەوە بەسەر پۆلیسەکەدا نەرانـدی و وتی :

ـ ئەوە میوانی منە .. چۆن ئەبێت لێمی بستێنن ؟

خەڵکی ئۆرفە دڵیان گری گرتبوو .. زۆر داخیان لێ ئەهات میوانی بێ تاوان و بەساڵا چوو و نەخۆش دەرفەتی پێ نەدرێت چەند رۆژێك بحەسێتەوە .. خەڵکەکە بە دەنگی بەرز نارەزایی لەو کارە بێ مانایە دەرئەبریی .. کەی راستە پیرێکی بەساڵا چوو و، خاوەنی خزمەت ، دەوڵەت مۆڵەتی نەدا ، بمێنێتەوە ، بـە مـەرجێك لـە سەرەمەرگدا بێت ؟

خەڵکەکە وەها نارەحەت بوون نەیانئەهێشت هێزی پۆلیس سـەرکەوێتە سـەر ئوتێلەکە و ، لە شۆفێرەکەش پارانەوە تا ئوتومبێلەکەی مامۆسـتا لـە دەرگـای ئوتێلەکە دوور بخاتەوە، ئەویش دووری خستەوە و ، خەڵکەکەش کـەمێك هێـور بوونەوە و ، دەستیان بە سەردانی مامۆستا کردەوە

دوای ئەوە کارمەند و پۆلیس و سەرباز و ئەفسەران و ئەندامانی حیـزب هـەر هەموو هاتن بۆ سەردانی مامۆستا

پۆلیس لەسەر بریاری خۆیان سوور بوون، کە ئەبێ مامۆسـتا ئۆرفـە بـە جـێ بهێڵێت و ، داوایان کرد خۆیان چاویان بە مامۆستا بکەوێت تا ئاگاداری بکەن، کە ئەوە فەرمانی کاربەدەستانی سەرەوەیە و ، چار نیە پێویستە ئۆرفە بەجێ بهێڵن .

ئەوەبوو وتیان :

ـ ئەگەر بە ئوتومبێلەکەی خۆتان ئۆرفە بەجێ نەهێڵن ، ئەوا خۆمان بە ئوتومبێلی فریاکەوتن رەوانەتان ئەکەین .

قوتابیانیش وەڵامیان دانەوە، کە مامۆستا یەکجار نەخۆشە و ، بەرگە ناگرێت جارێکی تر ئەو هەموو رێگایە ببرێت و بگەڕێتەوە دوا ، سەرەرای ئەوەش، کە ئەوان ناتوانن دەست لە کاری وەر بدەن ، بە تایبەت ئەم حاڵەتەی، کە لە مردنەوە یەکجار نزیکە .

پۆلیسێکیان وتی :

ـ کارەکە برراوەتەوە و ، دەستکاریی ناکرێت .. فەرمانی وەزارەتە، جا مامۆستاکەتان چۆن هاتۆتە ئەم شارە ، وەهاش ئەتوانێ بگەڕێتەوە، هەر ئێستا لە ئۆرفە دەرچن .

قوتابیەکان وتیان :

ئێمە دەست لە کاری مامۆستا وەر نادەین ، وەرن ئێوە خۆتان با چاوتان پێی بکەوێت و ، چیتان ئەوێ پێی رابگەیەنن ، جا ئەگەر پێمانی وت : برۆین ، ئێمە ئەرۆین، چونکە ئێمە هەرگیز قسەی نادەینە دواوە و ، ناشگونجێ ئەوەی ئێوە ئەیڵێن بەوی رابگەیەنین .

پۆلیس چاویان پەریبە تەوقی سەریان و وتیان :

ـ ئەمە چییە ؟ ناتوانن شتێکی ئاسایی پێ بڵێن ؟

ـ بەڵێ ! ئێمە هیچ بەو ناڵێین و ، هەرچیش ئەو بیڵێت بە وردیی جێ بەجێی ئەکەین .

وتیان : ئێمەش بە هەمان شێوە پابەندی فەرمانە رەسمییەکانین، پێویستە لە ماوەی دوو سەعاتدا ئۆرفە بەجێ بهێڵن و بگەڕێتەوە بۆ ئیسپارتە .

کە دانیشتوانی ئۆرفە دەنگ و باسی دەرکردنی مامۆستایان بیست ، نزیکەی (٦٠٠٠) شەش هەزار کەس لە بەردەم ئوتێلەکەدا جەم بوون، لەو کاتەدا قوتابیەکانیش چوون بۆ خەستەخانە تا سەرۆکی تەندروستیی لە حاڵی مامۆستا ئاگادار بکەن ، کەوا بەو نەخۆشییە توانای سەفەری نیە و ، داوایان کرد خۆی بچێت فەحصی مامۆستا بکات .

دکتۆر هات و فەحصی مامۆستای کرد ، پاشان ئاوری بۆ لای قوتابیەکان دایەوە و وتی :

ـ چۆن وێراوتانە مامۆستا بهێنن بۆ ئێرە ؟ پلەی گەرمای یەکجار بەرزە و ، لە حاڵێکدایە ناگونجێت بە هیچ شێوەیەك بجووڵێنرێت، وەرن لەگەڵمدا هەتا تەقریری لیژنەی پزیشکانتان پێ بدەم، کە نابێت لە جێی خۆی بجوڵێنرێت .

دوای نوێژی مەغریب بایرام بە یەکجاریی هێزی لێ بررا بوو، چونکە بە پێوە زۆر وەستا بوو، و ماوەیەکیش بوو، نەخەوتبوو، و یەکجار ماندوش بوو ، بۆیە بە زوبەیر ئەڵێت :

ـ من زۆر ماندووم ، بە پێوە وەستانم هێزی لێ بریوم، ئەویش وتی :

ـ برۆ لە ژوورەکەدا بخەوە .

بایرام چوو بۆ ماوەی دوو سەعاتێك خەوت ، پاشان زوبەیر دێت بۆ لای و ئەڵێت :

ـ براکەم منیش ئارامم لا نەما ، ئەمە هەفتەیەکە بە هیچ شێوەیەك چاوم نەناوە بە یەكدا

بایرامیش ئەڵێت : وەرە با بیکەین بە نۆبە .

نوێژی عیشا ئەکەن و ، کاك زوبەیر ئەخەوێت، ئیتر بایرام و حوسنیی لای مامۆستا ئەمێنن، پاشان کاك حوسنی ئەڵێت :

ـ ئەوەندە وەستاوم و نەخەوتووم هەردوو پێم ئازارم ئەدەن .. ئەمەوێت کەمێك بحەسێمەوە .

بایرام ئەڵێت :

من ئێستا ماندوو نیم ، برۆ تۆیش بخەوە

بەمە بە تەنیا بایرام لای مامۆستا ئەمێنێتەوە

هەر بەیانیی زوو مامۆستا داوای پارچەیەك بەفری کردبوو ، چونکە تاکەی یەکجار بەرز بوو، کەچیی دەستیان نەکەوتبوو، بەڵام، کە ئێوارە بەسەردا دێت چەند دۆستێك دێن بۆ لایان، کە بەفریان دەست کەوتبوو . بایرام ئەڵێت :

ـ مامۆستا گیان ! بەفریان دەست کەتووە

ئاماژەی کرد کە نامەوێت، دیسان پرسیی :

مامۆستا گیان ! چا ئامادە بکەم ؟

ئاماژەی کرد، کە ئەویشم ناوێت .

کە سەعات گەیشتە (٢:٣٠)دوو و نیوی شەو لێوی مامۆستا وشك ئەبوونەوە و ، بایرامیش بە دەستەسرێك تەری ئەکردن، رازیی نەبوو بایرام دای بپۆشێت . بایرام شتێکی دا بە رووی چراکەدا هەتا مامۆستا بێزار نەکات ..

بایرام هەردوو قۆڵی رێك ئەکرد ، بایرامی گوشیی بە خۆیدا ، پاشان دەستی خستە سەر سنگیی و لێی خەوت .

بایرام زۆپاکە دائەگیرسێنێت و ، وا ئەزانێت مامۆستا خەوتووە و ، بە تەماش ئەبێت براکانی تر هەستن و پێکەوە پارشێو بکەن و ، مامۆستاش بۆ پارشێو بەخەبەر بێت .. ئیتر نەی ئەزانی مامۆستا کۆچی دوایی کردووە و بەرەو بارەگای حەق گەراوەتەوە

کاتی پارشێو لای دا و تێپەریی .. کاك حوسنیی و کاك عەبدوڵڵا هاتن و وتیان :

ـ ئێمە زۆر خەوتووین، بایرامیش ئەڵێت :

ـ من ئەچم بۆ ژوورەکەی ئەو دیو، و لەوێ نوێژی فەجر بەجێ ئەهێنم ، دەنگە دەنگ نەکەن ، مامۆستا خەوتووە .

بایرام چوو بەلای نوێژەکەیەوە و ، ذیکر و ویردی رۆژانە ئەخوێنێت لەگەڵ جوزئێك قورئاندا ، پاشان، کە ئەیەوێ چاو بە یەکدا بنێت ، براکان دێن و ئەڵێن :

ـ برا گیان ! مامۆستا ناجوولێت .

ـ مامۆستا خەوتووە ، هەڵی مەستێنن .

جارێکی تر دێنەوە لای و ئەڵێن :

ـ مامۆستا بە هیچ شێوەیەك ناجوولێت .

پێکەوە ئەچن بۆ ژوورەکەی مامۆستا و ، زوبەیر لەلای سەریەوە دائەنیشێت و، ئەو چوارەکەش سەیری ئەکەن و ، مامۆستاش هیچ نیشانەیەکی زیندوێتیی پێوە دیار نیە ، بەلام پلەی گەرمای ئاسایی بوو .. براکان شلەژان .. زوبەیر وتی :

ـ زۆر جار مامۆستا ئەم حاڵەتانەی لێ دووبارە ئەبنەوە

خەم و خەفەت دایگرتنەوە .. تەنها خۆیان بوون .. لەو کاتەدا مامۆستا زوبەیر وتی :

ـ پیاوێك هەیە لەم جۆرە کارانە شارەزایە و ناوی (عمر أفندي واعظ)ە

پیاوەیان پەیدا کرد و هات، کە حاڵەتی مامۆستا نوورسیی بینیی وتی :

ـ ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴾ ، براکانم مامۆستا وەفاتی کردووە

بایرام ئەڵێت :

ـ بە هیچ شێوەیەك بروام بە وەفات‌كردنی مامۆستا نەبوو ، چونكە كە لە ساڵی ١٩٤٩ دا لە بەندیخانەی ئافیووندا بـووین ژەهریـان دەرخـواردی مامۆسـتا دا، ئەوەبوو زمانی سوور بوویەوە و ، ئێمـەش بـەبێ وەسـتان بـۆ حـاڵی مامۆسـتا ئەگریان، لەو كاتەدا كاك ئەحمەد فەیضیی ، ڕەحمەتی خوای لێبێت ، وتی :

ـ منداڵینە ! بۆچ ئەگرین ؟ مامۆستا تەمەنی درێژە !

بایرام ئەو قسەی كاك ئەحمەد فەیضیی هاتەوە یاد و ، دڵخۆشیی خۆی ئەدایەوە و ئەی وت : تۆ بڵێی تەمەنی مامۆستا درێژ بێت ؟

قوتابیان بە پەلە هەواڵیان دا بە پارێزگاكان .

مامۆستایان بە قوماشێكی لۆكەی تەنك داپۆشیی .. دوای كـەمێك خـاوەنی ئوتێلەكە هات .. كە سەیری مامۆستای كرد و ، بۆی دەركەوت وەفاتی كـردووە دەستی ئەكێشا بە ئەژنۆیدا و هاواری ئەكرد

دوای ئەوە بەڕێوەبەری ئاسایشیش هات و لە هۆی شڵەژاویی خاوەن ئوتێلەكـە پرسیاری كرد .. ئەویش وەڵامی دایەوە :

ـ بدیع الزمان وەفاتی كردووە .

ـ بە راستیی وەفاتی كردووە ؟

ـ بەڵێ !

پۆلیسەكان لە بەردەمی ئوتێلەكە كشانەوە دوا .. پزیشكی تایبەتیش هات تا تەئكیدی وەفات كردنی بكات ، وتی :

ـ ألله ، ألله .. پلەی گەرمای یەكجار بەرزە ، ئایا ئاوێنەتان لە لایە ؟

ئاوێنەكەی بەسەر دەمی مامۆستاوە گرت و ، بۆی دەركەوت بە هیچ شێوەیەك هەناسە نادات .. پاشان وتی :

ـ بەڵێ ، وەفاتی کردووە ! بەڵام لە مردووش ناچێت، من گومانم لـە مردنـی هەیە و ، رام نیە خێرا بینێژن .

پاشان تەقریری بۆ کاربەدەستان نووسیی .

دوای ئەوە قاضـیی میراتیش هات و ، مەزەندەی میراتی مامۆستای کرد، کە بریتیی بوو لە : سەعاتێك و ، بەرماڵێك و ، مێزەرێك و ، جبەیەك .. هـەمووی دایە دەست عەبدولمەجیدی برای .

هەزارەها کەس لە دانیشتوانی ئۆرفە رژانە بەردەم دەرگای ئوتێلەکە و ، ئـەم هەواڵە جەرگ برەشیان بە پارێزگاکانی تر گەیاند

دوای نوێژی نیوەرۆ جەنازەکـەی مامۆسـتا لـە ئوتێلـەوە بـۆ شـۆردن بـەرەو (دەرگا) برا ئەوەبوو لەبەر قەڵەباڵغیی بە دوو سەعات زیاتر ئەوسا گەیشتن .. دانیشتوانی ئۆرفە دووکانەکانیان داخست .. کە تەرمەکەی مامۆستایان برد بایرام و حوسنیی بوورانەوە

عەبدوڵلا یەگەنیش رووی تێکردن :

ـ ئایا ئێوە منداڵن ؟ هۆشتان بە خۆتاندا بێتەوە !

کە گەیشتنە دەرگا ، تا لەوێ مامۆستا بشۆررێت ، ئەوەندە قەڵەباڵغ بوو بـە نارەحەت کەسێك ئەچووە ژوورەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا قوتابیان چوونە ژوورەوە و ، لەوێ مامۆستایان شۆرد .. شایانی باسە، کە مامۆستایەکی ناسراوی ئۆرفـە بـە ناوی مەلا حەمید ئەفەندیی مامۆستای شۆرد .[٣٤٢]

---

[٣٤٢] مەلا حەمید ئەفەندیی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

لە مزگەوتی (قاضي ئۆغلۆ) نیعتیکافم کردبوو ، لە خەوم دا مامۆستام بینیی کە پێمی وت :

ـ ئامادەی جەنازەکەم ببە و ، بیشم شۆ ، چونکە من ئەمرم .

برایان : بایرام و ، زوبەیر و ، حوسنیی و ، عەبدوللا و ، خوللوصیی مامۆستایان شورد

دوای شۆردن تەرمی پیرۆز برا بۆ ئولوجامیع تا لەوێ قورئانی پیرۆز لەسەری خەتم بکرێت، جەنازەکە ئەو شەوە لە مزگەوت مایەوە

کە رۆژ بوویەوە ئۆرفە زۆر قەلەبالغ بوو، چونکە لە سەرانسەری تورکیاوە خەلك رووی لە ئورفە نابوو .. ئەو شەوەش هەتا بەیانیی قورئان خەتم کرا و پاداشتەکەی پێشکەشی رۆحی مامۆستا کرا

ئەوەندە خەلك جەم بوو بوو، بە بیریان‌دا نەئەهات، کە بتوانن ئەو رۆژە بینێژن، بۆ ئەمەش والیی بانگی کردە قوتابیانی مامۆستا و تکای لێکردن، کە لە بریی رۆژی جومعە ، هەر ئەو رۆژە دوای عەسر مامۆستا بنێژن ، چونکە قەلەبالغەکە لە سنوور دەرچووە

هەر لەو کاتەدا جار درا، کە دوای نوێژی عەسری پێنج شەممە نوێژی جەنازە بەجێ ئەهێنرێت، والیی و سەرۆکی شارەوانیی ئامادە بوون و نوێژی جەنازە ئەنجام درا

لە کاتی شۆردنی مامۆستادا دیاردەیەکی سەیر روویدا، کە ئەوەبوو بارانێکی ورد ئەباریی و ، خەلکەکەش بە چاوی خۆیان ژمارەیەکی زۆر بالندەی سەیری جۆرا و جۆر و نەخشینیان بە ئاسمانەوە دیی .

پێم وت : مامۆستا گیان ! جائیز نیە کەسێك ئیعتیکافی کردبێت لێی دەرچێت ! من چیی بکەم ؟

وتی : سەیری لاپەڕە ئەوەندە بکە لە کتێبی (ملتقى الأبحر) لەوێ جائیزیی ئەو کارە ئەبینیی .

کە لە خەو هەستام ، هێشتا خەو بەری نەدابووم ، بە پەلە دەستم دایە کتێبی ناوبراو و ، ئەو لاپەڕەیەم کردەوە ، ئەبینم هەر ئەوەیە، کە مامۆستا وتوویەتی .. بەمە شەرەفمەندیی شۆردنیم دەست کەوت . (ش / ٤٥١) .

زۆر کەس فریای ناشتنی جەنازەکە نەکەوت ، کە یەکێك لەوانە قوتابیی دڵسۆز کاك جایلان بوو ، کە خەفەتێکی زۆری خوارد بۆ دواکەوتنی لە ناشتنی مامۆستای ئازیز و ، وتی :

ـ ساڵانێکی دوور و درێژ خزمەتی مامۆستام کرد ، کەچیی وا بە داخەوە ئەمرۆ ئامادەی وەفات کردنی نەبووم !! [٣٤٣]

هەتا دوای مردنیشی :

لە ٢٧ / ٥ / ١٩٦٠ دا کوودەتایەکی سەربازیی لە تورکیا رووی دا و ، حیزبی دیموکراتیی لەسەر کار لابرا و ، ئەندامانی حکومەتیش دران بە دادگای دەستوور و، سەرەنجام حوکمی لە سێدارەدان بۆ سەرۆك وەزیر عەدنان مەندەریس و دوان لە وەزیرەکانی دەرچوو و ، مادەی جۆرا و جۆریش بۆ حوکمدانی وەزیر و کاربەدەستانی تریشی دەرچوو، دەسەڵاتی تازە دژایەتیی هەموو لایەنە ئیسلامییەکانیشی ئەکرد، بە تایبەت قوتابیانی نوور .

ئەوەبوو پێنج مانگ دوای وەفاتی مامۆستا نوورسیی مامۆستا عەبدولمەجیدی برای بانگ کرا بۆ دیوانی والیی لە شاری قۆنیا، سەیری کرد وا سێ ژەنەراڵ لەلای والیی دانیشتوون، یەکێکیان رووی وتاری ئەکاتە مامۆستا عەبدولمەجید :

ـ لەلاتان شاراوە نیە، کە ئێمە لە بارودۆخێکی سەختدا ئەژین و ، زیارەت کەرانی قەبری براکەشتان لە پارێزگاکانەوە رۆژ بە رۆژ زیاد ئەکەن، جا ئێمە ئەمانەوێ ـ بە کۆمەکیی ئێوە ـ لاشەکەی بگوێزینەوە بۆ ناوەراستی ئەنادۆڵ . تکا ئەکەین ئەم داواکارییە ئیمزا بکەن .

---

[٣٤٣] سيرة ذاتية : ٤٧٦ ـ ٤٨٦ ، رجل القدر : ٢٨٠ ـ ٢٩٠

پارچە کاغەزێکیان لێ نزیك خستەوە، کە بە ناوی ئەوەوە ئەوە داوا کرا بوو .. دوای خوێندنەوەی ئەڵێت : بەڵام من ئەمەم داوا نەکردووە

تکاتان لێ ئەکەم لێی بگەڕێن بەلایەنی کەمەوە با لە قەبرەکەیدا بحەوێتەوە .. کەچیی کاربەدەستەکان لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون و دەریان بریی، کە پێویستە کارەکە ئەنجام بدرێت .

دوای ئیمزاکردن لەگەڵ مامۆستا عەبدولمەجیددا بەرەو فرۆکەخانە ئەکەونە رێ و لەوێ فرۆکەیەکی سەربازیی هەڵیان ئەگرێت بۆ ئۆرفە و ، لەوێ لە سەعات(٣) سێی شەودا ئەچن بۆ سەر قەبری مامۆستا نوورسیی .. دوو تابووت و چەند سەربازێك لە حەوشەکەی مزگەوتدا بوون .. پزیشکە سەربازییەکە لە مامۆستا عەبدولمەجید نزیك کەوتەوە و پێی وت :

ـ خەمت نەبێت ، ئەیگوازینەوە بۆ ئەنادۆڵ، مامۆستا دەست بە گریان ئەکات و ، پزیشکەکەش فەرمان بەسەر سەربازەکاندا ئەدات تا قەبرەکە بڕووخێنن، ئەوانیش لە ترسی خوا نەیانئەوێرا لێی بچنە پێش .

پزیشکەکە وتی : ئێمە فەرمانمان بەسەردا دراوە و جگە لە جێبەجێ کردنیش چارەیەکمان نیە، سەربازەکان دەستیان بە رووخاندنی قەبرەکە کرد و تابووتەکەیان دەرهێنا کە تابووتەکە ئەکەنەوە ، مامۆستا عەبدولمەجید لە دڵی خۆیدا ئەڵێت : ئێستا ئێسقانی برا خۆشەویستەکەم بوون بە خۆڵ، کەچیی، کە دەست لە کفنەکە ئەدات وەهای بەبیردا دێت، کە مامۆستا دوێنێ مردووە، کفنەکە وەك خۆی مابوویەوە، بەڵام لەلای سەریەوە کەمێك زەرد بوو بوو و ، پەڵەیەکی تەریش لەسەر شێوەی دڵۆپە ئاوێکی پێوە بوو .

کە پزیشکەکە دەم و چاوی مامۆستای لادا ، عەبدولمەجیدی برای سەیری کرد ئەبینیٚ وەك زەردەخەنە بکات وەهایە .. بە باوەش مامۆستا هەڵئەگرن و ئەیخەنە ناو تابووتەکەی ترەوە و ، ئەیبەن بۆ فرۆکەخانە

شەقامەکان لە خەڵکیی چۆڵ بوون ، کەچیی پر بوون لە سەربازی چەکدار و ، هات و چۆی ناو شاریش قەدەغە کرابوو ..

مامۆستا عەبدولمەجید لەناو فرۆکەکەدا لە تەنیشت جەنازەکەی مامۆستای برایدا دانیشت و ، خەم و خەفەتیش خەریك بوو جەرگی ببڕێت .. فرمێسکیش لە چاوەکانی بە خور ئەهاتنە خوارەوە

فرۆکەکە بەرەو ئافیوون رۆیشت و ، لەوێوە جەنازەکەیان بە ئوتومبێلێکی فریاکەوتن گواستەوە بۆ ئیسپارتە و ، لە شوێنێك، کە تا ئێستاش نەزانراوە ، مامۆستایان ناشت .. (ش / ٤٣٧) .

خوای گەورە بە سۆزی بەلێشاوی ئاواتی مامۆستا نوورسیی هێنایە دیی تا قەبرەکەی نەبێتە هۆی سەرلێشێوانی هەندێك، ئەوەبوو، کە ئامۆژگاریی قوتابیەکانی کردبوو تا شوێنی قەبرەکەی تەنها یەك دوو قوتابیی بی زانن، جا پرسیاری لیٚ ئەکەن، کە حیکمەتی چیە سەردانی قەبرەکەی یاساغ ئەکات ، لەگەڵ ئەوەدا، کە سەردانی قەبر پاداشتی زۆری هەیە

مامۆستاش وەڵامیان ئەداتەوە، کە لەم چەرخەدا بە هۆی ئەنانیەت و خۆخۆش ویستنەوە غەفڵەت بەسەر دڵەکاندا زاڵ بووە و ، ئەمەش پاڵ بە خەڵکییەوە ئەنێت تا بایەخ بە پایە و پلەی مردووەکە و ناوبانگی بدەن ، هەروەك فیرعەونەکان تەقدیس ئەکران، ئیتر رەزامەندیی خوا لەم سەردانەدا لەبیر ئەچوێتەوە، جا مامۆستا ئامۆژگاریی قوتابیەکانی ئەکات، کە شوێنی قەبرەکەی پیشانی کەس

نەدەن ، ، چونکە هەر کەسێك لە هەر شوێنێکی ئەم زەوییەدا بێت و فاتیحەیەك بخوێنێت پاداشتەکەی ئەگات بەو کەسەی، کە بۆی رەوانە ئەکات ..[٣٤٤]

رەحمەتی بە لێشاوی پەروەردگار لەسەر

گیانی مامۆستا نوورسیی و

هەموو ئەوانەی، کە بە ئیخلاصەوە خزمەتی

پەیامەکانی نووریان کردووە

[٣٤٤] ملحق أميرداغ / ٢ (توركيى) .

ناوەڕۆك

پێشەکی ٥
بەشی یەکەم ٨
لەدایك بوون و پێگەیشتنی ٨
بەشی دووهەم ٥٩
بۆ باوەشی ئەستەنبوڵ ٥٩
یەکەم : وەڵامی هەموو پرسیارێك ٥٩
دووهەم : چاوکەوتن بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ٦٥
سێهەم : چالاکیی ئەو ماوەیەی ٧٦
چوارەم : کۆمەڵەی ((الإتحاد المحمدی)) ٨٢
پێنجەم : ڕووداوی ٣١ ی مارت ٨٦
شەشەم : بۆ دادگای سەربازیی ٩٢
حەوتەم : گەڕانەوە بۆ وان ٩٧
هەشتەم : سەردانی شام ٩٩
نۆهەم : بۆ ئەستەنبوڵ و هاوڕێیەتیی سوڵتان ١٠٠
دەهەم : کتێبی (تعلیقات) ١٠٢
یانزەهەم : ڕووداوی بەدلیس و ئەرمەن ١٠٤
دوانزەهەم : ئیعجازی قورئان لە خەوێکی ڕاست دا ١٠٧
بەشی سێهەم ١٠٩
فەرزی جیهاد ١٠٩
یەکەم : جەنگی جیهانیی یەکەم ١٠٩
دووهەم : هەوڵ و غیرەت ١١٣
سێهەم : بەدیل گیران ١١٦

چوارەم : چاونەترسانی مامۆستا.................................... ١٢٠
پێنجەم : بە تەنیا لەسەر رووباری ڤۆلگا.......................... ١٢٣
شەشەم : ئەندامی (دار الحکمە)...................................... ١٢٥
حەوتەم : خەوێکی مانابەخش.. ١٢٩
هەشتەم : دانانی (الخکوات الست) و وەلآمی کەنیسە ١٣٦
نۆهەم : وەلآمی کەنیسە ١٤١
بەشی چوارەم... ١٤٣
لە دایك بوونی سەعیدی نوێ.. ١٤٣
یەکەم : هۆشیاریی رۆح و سەرکەوتنی دڵ ١٤٣
دووهەم : هەرەشەی پیریی و یادی مردن............................ ١٤٦
سێهەم : رێنمایی قورئانی پیرۆز ١٥٧
چوارەم : یەکلایی کردنەوەی قیبلە.................................... ١٦١
پێنجەم : دەست بەرداربوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی ١٦٣
بەشی پێنجەم... ١٦٦
لە ئانـقـەرەدا... ١٦٦
بەشی شەشەم... ١٧٢
ژیانی گرتن و نەفیی کردن ١٧٢
یەکەم : گەرانەوە بۆ وان ١٧٢
دووهەم : وازهێنان لە سیاسەت ١٧٨
سێهەم : شۆرشی شێخ سەعیدی پیران................................ ١٨٤
چوارەم : گرتن و دوورخستنەوەی..................................... ١٩٠
بەشی حەوتەم... ٢٠٢
بارلا : قوتابخانەی نووریی یەکەم ٢٠٢
یەکەم : بەرەو بارلا.. ٢٠٢

دووهەم : نووسینی پەیامەکانی نوور ٢٢٢
سێهەم : نووسینەوە و بلاوکردنەوەی پەیامەکان ٢٣١
بەشی هەشتەم ٢٣٧
بەندیخانەی ئەسکی شەهر.. ٢٣٧
قوتابخانەی یووسفیی یەکەم ٢٣٧
بەشی نۆهەم ٢٥٢
نەفیی کردن بۆ قەسگەمموونیی...................................... ٢٥٢
قوتابخانەی نووریی دووهەم ٢٥٢
بەندیخانەی دەنیزلیی.. ٢٨٠
قوتابخانەی یووسفیی دووهەم.. ٢٨٠
بەشی یانزەهەم.. ٣٠٥
نەفیی کردن بۆ ئەمیرداغ.. ٣٠٥
قوتابخانەی نووریی سێهەم ٣٠٥
بەشی دوانزەهەم.. ٣٢٠
لە بەندیخانەی ئافیوون دا ٣٢٠
قوتابخانەی یووسفیی سێهەم ٣٢٠
بەشی سیانزەهەم.. ٣٥١
ساڵەکانی کۆتایی لە ئیسپارتە...................................... ٣٥١
بەشی چواردەهەم ٣٧٢
دوا نەخۆشیی و کۆچی دوایی....................................... ٣٧٢

وێنەکان



زانای گەورەی موسڵمانان ، تەفسیرکەری قورئان ، دانەری پەیامەکانی نوور بدیع الزمان مامۆستا سەعیدی نوورسیی



مامۆستا سەعیدی نوورسیی لە ساڵی 1918 دا لە دیلیی رووسیا خۆی رزگار ئەکات و لەوکاتەدا کە بە ئەڵمانیادا تێ ئەپەڕێ ، لە لایەن ئەڵمانەکانەوە ئەم وێنەیەی گیراوە

مامۆستا نوورسیی لە ساڵی 1952 لە
ئەستەنبووڵ لەسەر مەزاری سوڵتان
موحەممەدی فاتیح خەریکی دوعا کردنە

مامۆستا نوورسیی لە ساڵی 1959 دا ئەچێت بۆ ئانقەرە و ئەم وێنەیەی لە دەرگای ئەو ئوتێلەدا گیراوە کە تیایا ماوەتەوە

وێنەکان



کەڵە زانا و موجاهیدی ئیمان و قورئان ، بدیع الزمان سەعیدی نوورسیی ، کە بە تیشکی قورئان صەدەی بیستەمی رووناک کردەوە و ، بوە هۆی بەختەوەر بوونی ملیۆنەها کەسیش لە دنیاو لە قیامەت دا

مامۆستا نوورسیی و عەبدوڕڕەحمانی برازای لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەستەنبووڵ

وێنەی مزگەوتەکەی کۆستڕما لە رووسیا ، کە تا ئێستاش هەر ماوە و ، مامۆستا نوورسییش دوو ساڵ بە دیلیی لەوێ ماوەتەوە

رەحمەتیی (بایرام یوکسەل) پەیامەکان ئەخوێنێتەوە

وێنەکان

وێنەی ئەو گومەزییەی کە بەسەر گردۆلکەیەکەوەیە لە شارۆچکەی تیللۆی سەر بە شاری سیعرد ، کە مامۆستا نوورسیی 3 مانگ تیایا ماوەتەوە و فەرهەنگی (المحیط) ی تا پیتی (سین) لەبەر کردوە . لێرەدا بووە مامۆستا بۆی دەرکەوتوە کە مێروولە خاوەنی یاسای کۆمارین لە ژیانیان دا ، بۆیە دەنکە ساوەرەکانی ناو شۆرباکەی داوە بە مێروولەکان خۆی نانی گوشیوەتە ناو ئاوی شۆرباکەوە .



شاهێدیی (دار الحكمة الاسلامية) ی دەوڵەتی عوثمانیی بۆ بەخشینی
بەرزترین نمرەی زانستیی بە مامۆستا نوورسیی

ئەم درەختی قەترانەش لەسەر چیای جامە و، پێنج سەعات لە بارلاوە دوورە و ، مامۆستا بۆ بیرکردنەوە چۆتە سەری

وێنەکان

مامۆستا نوورسیی هەشت ساڵ لە بارلا لەم خانووەدا ماوەتەوە و ئەمەش بە یەکەم قوتابخانەی نووریی لە قەڵەم ئەدرێت و هەندێك لە پەیامەکانیش لەسەر ئەو درەختی سپی چنارە نووسراون و ، شوێنی خواپەرستیی و نزاو پاڕانەوەی بووە

وێنەکان



مامۆستا نوورسیی لەسەر چیای چام لەسەر ئەم درەختە ماوەتەوە بۆ ئەنجام دانی خوا پەرستیی و ، مەکتووبەکانی سەرەتاییشی لێرە نووسیوە

وێنەکان

وێنەی بەندیخانەی ئەسکی شەهر کە مامۆستا تیایا ماوەتەوە ، لەگەڵ وێنەی قوتابخانە ئامادەییەکەی بەرامبەر بەندیخانە

وێنەی ئەو ماڵەی بارلا کە مامۆستا تیایا ماوەتەوە و ، بۆتە مایەی دەست خستنی ئەنواری قورئانیی و فیوضاتی خوایی

وێنەکان

بەڕێز (مەلا حەمید ئەکینجی) نموونەی ئیخلاص و شەفەقەت و تەوازوع بوو کە خزمەتی مامۆستا بدیع الزمان ی بە دڵسۆزانەوە کردووە لە ئەشکەوتی کێوی ئەرەك و هەم لە مزگەوتی نورشینی وان دا . بیرەوەرییە پڕ لە پەندەکانیشی لە کتێبی (چەند چەمکێ بیرەوەریی سەبارەت بە مامۆستا سەعیدی نوورسیی / چەمکی یەکەم) دا تۆمار کراون

هەندێ قوتابی مامۆستا لە بارلادا و لە بەردەم ماڵەکەی مامۆستا نوورسیی و لە پەنای سێی چنارە مبارەکەکەدا .

وێنەکان

حاجی حافیز محمد ئاڤشار خەڵکی گوندی (ساو) ی قەزای (ئسپارتە)یە و، لە ساڵی 1947 دوە تا وەفات کردنی خزمەتی پەیامەکانی نووری کردووە و ئەو زاتەیە کە توانی پەیامەکان بە ڕێنووسی عەرەبی (بە پەنهانیی) بە هەزار کەسی ئەو گوندە بنووسێتەوە



بەڕێز (محمد طاهیری موتلو) کە بۆ ماوەی 42 ساڵ و
تا دوا هەناسەی برایەکی راستگۆ و خالیص و فیداکاری
خزمەتی پەیامەکانی نوور و مامۆستا نوورسیی کردووە

وێنەکان



برای بەڕێزمان (خلوصی یەحیاگیل) کە قارەمانی ئیخلاص و هەمیشە لە چینی پێشەوەی قوتابی یە دڵسۆزەکانی مامۆستا نوورسیی بووە و ، مامۆستاش هەردەم بە واریسی ڕاستەقینەم گفتوگۆی لەگەڵ کردووە و ، بە پرسیارە ئیمانیەکانی کە لە پاش خوێندنەوەی کتێبی (وتەکان) بوونە گەڵاڵەی دروست بوونی مەکتوبات .

ڕەئفەت باروتچی قوتابییەکی ڕاستگۆ و جیددیی و صەمیمیی مامۆستا بدیع الزمان بووە و بە هۆی پرسیارە زانستییەکانەوە هەندێ پەیام نوسراون و ، لە بەندیخانەکانی ئەسکی شەهر و دەنیزلیی و ئافیۆن دا لەگەڵ مامۆستا دا پێکەوە بەند بوون و نووسەرەوەی پێشینی پەیامەکان و قوتابییە کەمینەکانە .

سێ قوتابی مامۆستا کە لە بەندیخانەدا ئەم وێنەیان بۆ یادگاریی گرتووە و
ئەوانیش لە راستەوە مصطفی قولی ئونلو ، محمد طاهیری موتلو ،
(حافیظ عەلیی خەڵکی ئیسماعیل کۆی) کە لە ساڵی 1944 دا
لە بەندیخانەی دەنیزلی لە بری مامۆستا دەرمان خوارد کراو شەهید بوو

ساڵی 1958 ز لە (ئیزمیر) مەحکەمەی سزای گەورە و قورس دەربارەی پەیامەکانی نوور هەندێ قوتابیی نوور لە قەفەزدان و هەندێکیش لە دەرەوە

محمد فەیزی پەموکچی هەشت ساڵ خزمەتی مامۆستای کردووە و دەرسی لێ وەرگرتووە و بەو فەیزانەی کە لە مامۆستای وەرگرتبوون لە زانستی مەعاریف دا گەشەی کردووە و بە هۆی تەقوا و خواپەرستیی و چاکسازیی و فیداکاریی و فەراسەتیەوە کەسێتیەکی نایاب و دەگمەنی لێ پەیدا بووە . لە بەندیخانەکانی دەنیزلیی و ئافیۆن دا لەگەڵ مامۆستادا پێکەوە بوون و ئەشکەنجەیان چەشتووە و ، تا ساڵی 1990 یش ماڵەکەی خۆی هەڵبژاردووە بۆ بەخش کردنی نوور و فیوزاتەکان

وێنەكان

ئەم وێنەیە لە ساڵی 1958 ز گیراوە كە هەندێ قوتابیی نوور و
پارێزەرەكانیان پێكەوە لە كاتی دەرچوونیان لە بەندیخانەی ئەنقەرەدا

هەندێ قوتابیی نوور كە بە هۆی پەیامەكانی نوورەوە لە دادگای قونیا
لەگەڵ پارێزەرەكانیان دا پێكەوە دەرئەچن .

وێنەکان

مامۆستا (سەعید ئۆزدەمیر) بەهۆی بڵاوکردنەوەی
پەیامەکانی نوورەوە لە مەدرەسەی یوسفیەی ئەنقەرەدا

بەهۆی پەیامەکانی نوورەوە ، هەردوو مامۆستا (مصطفی صونگور و سەعید ئۆزدەمیر) کە پێکەوە کەلەپچە کراون لە بەندیخانەی (میرسین) ەوە بەرەو دادگا ئەبرێن .

وێنەکان

مامۆستا نوورسیی لە دوا کاتەکانی ژیانی دا تا وەفات کردنی ئەم قارەمانانەی نوور بە راستگۆیی و فیداکاریی و ئیخلاصەوە خزمەتیان کردووە ، ئەمانیش لە راستەوە :

(مصطفی صونگور ، عبدالله یەگن ، بایرام یوکسەل ، حسنی بایرام)

وێنەکان

ئەم ئۆتۆمبیلی شۆفرلێتە لە ساڵی 1953 ز یەوە لە لایەن قوتابیەکانەوە بۆ مامۆستا نوورسیی داین کراوە و ، لەو کاتەوە شارەکانی ئسپارتە و ئەمیرداغ و ئەسکی شەهر و ئەستەنبوڵ و دوا مەنزڵیشی کە ئورفەیە پێی گەڕاوە و ، بۆ هەر شوێنێکیش کە پێی ڕۆشتووە کرێی داوە ز دوای وەفاتیشی تەسلیمی مامۆستا سەعید ئۆزدەمیر کراوە و ، ئەم ئۆتۆمبیلە لە ئەنقەرە تا 34 ساڵ لە خزمەتی بڵاوکردنەوەی نووردا بووە

مامۆستا (عبدالله یەگن) سەرقاڵی خزمەتە .

کاك (زوبێر گیونوردوزالپ) کە لە دوا کاتەکانی ژیانی مامۆستادا تا دوا هەناسەی لە خزمەتی دا بوون و ، زاتێکی گەورە و چەسپاو و بە غیرەت و نموونەی وەفا و ئیخلاص و فیداکاریی بوود . تا سالی 1967 کە وەفاتی کردووە سەرپەرشتیاری قوتابیانی نووری کردووە

وێنەکان

لە ڕاستەوە (مصطفى صونگور ، طاهيري موتلو ، عبدالله يەگن) کە تا کۆتایی ژیانی مامۆستا نوورسیی بە ڕاستیی لە خزمەتی دا بوون و ، خەریکی خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور بوون

لە 23 ی مارتی 1960 دا مامۆستا نووریی لە ئۆرفە وەفاتی کردو ئەم قەبرەیان لە مەڕمەڕ بۆ دروست کرد .. (111) ڕۆژ تیای دابوو ، پاشان حکومەت کودەتای بەسەردا کراو ، ئەم قەبرە تێک دراو ، تەرمی مامۆستاش بە یارمەتی (مامۆستا عبدالمجید)ی برای بەرەو شوێنێکی نەزانراو برا .. ئیدی لەوێ ئەسپەردە کرا لە لایەن چەند قوتابییەکی تایبەتیی مامۆستاوە کە ئەمەش تەوافوقی ئەو وەسیەتەی خۆی بوو (هەزاران ڕەحمەتی خوای لێ بێ)

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

کورتە ژیانی پاڵەوانێکی نوێ‌خوازیی ئەم سەردەمەی ئیسلامە، کە سەراپای تەمەنی لە خواپەرستیی و خزمەتی ئیسلام دا بەسەر بردووە، تا دڵەکەی زاخاو بدات و ، لە ئەنجام‌دا بکاتە بیر و نەخشەیەکی ناوازە بۆ خزمەت کردن و تێگەیاندنی موسڵمانانی چەرخی نوێ ، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ڕەببانیی لە دینی خوا بگەن و ، بشتوانن بە ڕاستیی خزمەتی بکەن و ، بە بانگەوازی دڵسۆزیی و خۆشەویستیی ، بە کۆمەکیی خوا ، مرۆڤایەتیی سەرفرازی هەردوو جیهان ببێت .

سۆز
کتێبخـانەی
کتێبخانەی سۆز

التفسير
نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن